# زەمزەمەی زوڵاڵ



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری
*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**
* * *

ناوونیشان:
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# زەمزەمەی زوڵاڵ

سەرجەمی بەرهەمەکانی

## سوارە ئێلخانی زادە

کۆکردنەوە و ڕێکخستنی

**عەبدولخالق یەعقووبی**



ناو کتێب: زەمزەمەی زوڵاڵ - سەرجەمی بەرهەمەکانی سوارە ئێلخانی زادە
کۆکردنەوە و ڕێکخستنی: عەبدولخالق یەعقووبی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٥٨٨
دەرهێنانی هونەری ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
دەرهێنانی بەرگ: حەمید ڕەزا ئازموودە
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی لە هەولێر ژمارە (٥٥٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

# ڕوونکردنەوەیەک

لە مێژبوو بە ئاواتەوە بووم ڕۆژێک بێت و سەر لەبەری شێعر و وتار و پەخشانەکانی سوارەی ئیلخانیزادە لە دوو تویێی کتێبێکدا کۆبکەمەوە و بیخەمە بەرچاوی خوێنەرانی تامەزرۆی ئەدەبیاتی ڕەسەن و لە هەمان کاتدا مۆدێرنی کوردی. سوارە کە بەڕاستی کۆڵەکەیەکی گەورە و گرینگی ئەدەبیاتی هاوچەرخی کوردی و پێشەنگی بزاڤی نوێخوازی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە، لە ڕێگای بەرهەمەکانییەوە، سەرباری تەمەنی کەم و ژیانی پڕ چەرمەسەری، سەلماندوویەتی کە شایانی ئەوەیە شوێنێکی شیاوی لە خەزنەخانەی کولتوور و ڕۆشنبیریی کوردی پێ بدرێت، ئەوەشمان لەبیر بێت کە سەرلەبەری ئەم بەرهەمانە لە ڕەشترین ڕۆژگاری دیکتاتۆری و ملهوریی ڕژێمی پاشایەتی ئێراندا نووسراون، کەچی پڕن لە نەفەسی جوانی و ژیانەوە و کۆڵنەدان، و لێورێژن لە ڕۆحی توێژینەوە و وردەکاری و زانستی بوون.

لێرەدا جێی خۆیەتی پڕ بەدڵ سپاسی سەر لەبەری ئەو کەسانە بکەم کە پێشتر بۆ کۆکردنەوە و پاراستن و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی سوارە ماندوو بوون. بێگومان هەوڵەکانی ئەوان هەلی وەشانی «زەمزەمەی زوڵاڵ» یان ڕەخساندووە، دیارە لە سەرووی هەمووشیانەوە، برا گەورەی کاک سوار، حاجی عومەر ئاغای ئێلخانییە، کە دەزانم چەندە دڵسۆزانە یارمەتی دام و پشتی گرتم تا لەم کارەدا ئەوەندەی دەکرێ و دەشێ ڕەنج بەخەسار نەبم. دیارە ئەم کتێبە بۆی هەیە دیسان بەو بابەت و بەرهەمانەی سوارە کە بەهەر هۆیەک وەدەست من نەکەوتوون پڕ و پاڕاوتر بکرێ و لە داهاتوو و لە چاپی نوێدا بکەونە بەرچاوی خوێنەران، هەر بۆیە لەو کەسانەی بەرهەمی تری کاک سواریان لا هەیە داواکارم یارمەتیدەری ئەم هەوڵە بن و پشتی بگرن.

عەبدولخالق یەعقووبی – بۆکان
yaghoobi 74 @yahoo. com
جۆزەردانی ١٣٨٦ – جونی ٢٠٠٧

# تاپۆ و بوومەلێڵ

# ژیانی نووسەر

سوارە‌ی ئێلخانی زادە کوڕی ئەحمەد ئاغای ئێلخانی زادە لە هۆز و عێلی دێبوکرییە لە ساڵی ١٣١٦ی هەتاوی لە ئاوایی «تورجان» لە دایک بوو، هێشتا شیرەخۆرە بوو کە بابی «تورجانی بەقەرەگوێز» سەودا پێ کرد. سوارە خوێندنی سەرەتایی لە لای مامۆستای تایبەت لە –قەرەگوێز – تەواو کرد، بۆ خوێندنی ناوەندی هاتە بۆکان. لە جەنگەی خوێندنیدا تووشی نەخۆشی قاچ ئێشە هات و سێ ساڵی ڕەبەق لەسەر گازەرای پشتی دەجێیەدا کەوت و هەموو لەشی بەدەستووری حەکیم لە گێچەوە پێچرا؛ دوای هەستانەوە لەو نەخۆشییە سەخت و بڕست بڕە ئەژنۆی لاقێکی نەدەنوشتاوە و گۆچانی بەدەستەوە گرت؛ بەو حاڵە خوێندنی ناوەندی لە بۆکان دەس پێ کردەوە و لە تەوریز تەواوی کرد و لە زانکۆی تاران لیسانسی حقووقی قەزایی وەرگرت.

سوارە لە تاران لەگەڵ گۆڤاری «سُخَن» و چەند گۆڤارێکی ئەدەبی دەسی کرد بەهاوکاری و نووسین و شیعر کوتن. چەند ساڵ دواتر لە بەشی کوردی ڕادیۆ تاران بەئەندام وەرگیرا و پەرەی بەنووسین و کاری ئەدەبی دا. پەخشانەکانی لە ڕادیۆ بڵاودەبوونەوە بەڵام شیعرەکانی کە بۆنێکی تریان لێ دەهات ئاشکرا نەدەکران.

سوارە ئاڵوگۆڕێکی گەورەی بەسەر شێعردا هێنا و پایە و بناغەی شێوازێکی تایبەت و نوێی لە کوردستانی ئێران داڕشت کە لە شێعرەکانیا هیچ چەشنە لاساکردنەوەیەک بەرچاو نەدەهات بەقەولی مامۆستا «شێرکۆ بێکەس» «بەئاوازێکی عەسری ترەوە لە شاعیرانی پێش خۆی چریکاندی». کۆمەڵە شیعرەکانی بەناوی «خەوە بەردینە» بەهیممەتی کاک «ئەحمەدی قازی» و خوالێخۆشبوو کاک «مارفی ئاغایی» لە لایەن «ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی – ئینتشاراتی سەلاحەددینی ئەیووبی» لە ورمێ تا ئێستا دووجار چاپەکەی تازە کراوەتەوە. سوارە بەدیوانێکی شێعری چکۆلەوە هاتە مەیدانی کەڵەپیاوانی ئەدەب و زانستی کورد.



بەشارەزاییەکی زیاتر بەسەر زمانی فارسییا. هاتە ڕیزی ئەم زانا گەورانەی گەلی کورد کە ناوی فەرزانەیان لێ نان و لە ساڵی ١٣٧٥ لە شاری سنە کۆنگرەیان بۆ گیرا. بەداخەوە مەرگ مۆڵەتی نەدا کە شوێن و قۆناخی ئەدەبی کوردی بەرزتر لە ئێستا بکا و بیگەیەنێتە لووتکەی بەرامبەر بەهەموو پلەکانی ئەدەبی دنیا و لە ساڵی ١٣٥٤هـ – لە شاری تاران کاتێک لە «جامی جەم» دەهاتە دەرەوە بەرەو ماڵ بێتەوە یەکێک لە هاوکارانی بەشۆخی یا بە... ماشێنی لێ دا و دوای چەند ڕۆژ لە نەخۆشخانە کەوتن کۆچی دوایی کرد.

سوارە نووسەرێکی بەدەسەڵات بەزمانی کوردی و فارسی بوو، بەهەردوو زمانەکە نووسراوەی هەیە. هیوادارین بەرەو دوا نووسراوەکانی بڵاو بکرێنەوە و ببنە هۆی دەوڵەمەندتر کردنی نەسری کوردی.

عومەر ئێلخانی

بەناوی خودای گەورە

# پێشەکی

پاییزی ساڵی ١٣٧٠ی هەتاوی، لە شاری بۆکان خودالێخۆشبوو مارفی ئاغایی و چەند کەسێکی تر لە بەرپرسانی «ئینتشاراتی سەلاحەددینی ئەیووبی» و بەڕێز کاک فەتاحی ئەمیری دیدەنێکیان لێ کردم و دوای باس و خواسێکی زۆر هاتنە سەر مەسەلەی چاپی ئەسەرەکانی سوارە و قەولیان دا هەر ئەسەرێکیان بدەینێ بەزوویی چاپ بکرێ و بڵاوی کەنەوە. کاک مارف هەر لەو مەجلیسەدا دەستی دا قەڵەم و کاغەز و چەند پرسیارێکی لە بابەت چلۆنایەتی ژیانی ئاسایی و تایبەتمەندییەکانی سوارە لێ کردم و جوابم داوە.

هەروەها لەمێژ بوو دۆست و ئاشناکانی خۆم و هۆگرانی سوارە هەڵیانپێچابووم بۆ کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی شیعر و پەخشانەکانی. منیش لێرە و لەوێ وەحەول و دەول کەوتم و ڕامئەسپاردە لای هەر کەسێک کە پێم شک هاتبا ڕێی دەچێتێ ئەسەرێکی سوارەی لە لا بێت بەڵکو وەکۆیان کەم و لە چاپیان بدەم.

بۆ خۆم بەشێکی زۆرم لە کۆمەڵە شیعر و دەقی پەخشانەکانی لە لا بوو و لەو حەیس و بەیسەشدا برای خۆشەویست و وەرگێڕی ڕێزدار کاک «موحەممەدی بەهرەوەر» و نووسەر و لێکۆڵەری هێژا کاک «ئەحمەدی شەریفی» و هەستیاری ئازیز کاک «مەلا عومەری خوسرەوی» کە هەرسێکیان خۆیان زەمانێک هاوکار و ئاشنای سوارە بوون لە ڕادیۆ، هەر کام بەشێک لە بەرنامەکانی «تاپۆ و بوومەلێڵ»یان بەلای خۆیانەوە ڕاگرتبوو و پاش ئاگاداری لە دەس بەکاربوونم بۆ چاپ، زۆر بەدڵاوایی و خۆشییەوە دەقەکانیان وێ دام و جێی خۆیەتی سوپاسیان بکەم. هەروەها بەپێویستی دەزانم سپاسی شاعیر و نووسەری خۆشەویست و هێژا کاک سەلاحەددینی عەڕەبی بکەم کە لە کۆکردنەوە و دۆزینەوەی دەقەکانا یارمەتی دام و ئەرکی پێداچوونەوە و ڕاستە و پاستەکردنی کتێبەکەی زۆر بەگەرمی وەئەستۆ گرت.



چەند مانگێک دوای ئەو دیدارە کە باسم کرد، کۆمەڵە شیعرەکان و ئەوەندەی لە «تاپۆ و بوومەلێڵ»ەکان لە لام بوون، ناردم بۆ ورمێ بۆ چاپکردنیان، بەو هومێدە کە بەڵکو لەو ڕێگایەوە خزمەتێکم بە«نیشتمان و فەرهەنگی» سوارە و «سوارە» و فەرهەنگ و نیشتمانی کردبێت و مەڵحەمێکم خستبێتە سەر زامی دەروونی دەردئاژن و وردە فرمێسکی گەرمم بەدەم هەناسەی ساردەوە هەڵوەراندبێ و سکاڵایەکم بۆ ڕوحی کلۆڵی خۆم پاش مەرگی سوارە کردبێت.

زۆری پێ نەچوو دیوانەکەی بەناوی خەوە بەردینە هاتە دەرێ و دوا مانگێک تاقە نوسخەیەکی نەماوە، بەڵام پەخشانەکە لەو ناوەندە قەتیس ما.

لەسەر خواستی دۆست و ئاشنایان لەبەرئەوە کە من شارەزاتر بووم بەژیانی سوارە، ژیاننامەیەکی سوارەم نووسی بۆ دیوانەکەی.

مارفی خوالێخۆشبوو قەولی دا لە چاپی پەخشانەکاندا خۆی سەرپەرشتی بکا کە جوان و ڕازاوە بێتە دەرێ و هەر خۆشی پێشەکی بۆ بنووسێ و داواشی لە من کرد کە دەگەڵ نووسراوەکەی خۆی ئەو وتووێژەی – کە لە هەوەڵەوە باسم کرد لەگەڵ من کرابوو – بڵاو ببێتەوە؛ کە من ئەو دەم ڕازی نەبووم، چونکە پێم وابوو هەر ئەو پێشەکییەیە کە لە «خەوە بەردینە»دا چاپ بووە؛ بەڵام ئێستاکە مارف ماڵاوایی یەکجاری لێ کردووین و دیداری قیامەتیش گەلێک دوورە، دڵم هەڵینەگرت یادێک لە شۆڕەسواری مەیدانی ئەدەب، شاعیر و نووسەری گەنج، نەونەمامی باخی کوردستان، مارفی ئاغایی لە ناو کتێبی شەنگەسواری ئەدەب و زانای فەرزانە سوارەی ئێلخانی زادە نەکەم.

ئەوە دووهەمین نووسینمە لەسەر کتێب کە هەردووکیانم بەدڵی پڕ لە دەرد و کوڵ نووسیوە. مارف یەکێک لە هۆگرانی ڕاستەقینەی سوارە بوو، شاعیر بوو، نووسەر بوو، لە موساحەبە لەگەڵ پیاوە گەورە ئەدیب و زاناکانی کورد لێزان بوو، تا بڵێی ڕەزا سووک و خوێن شیرین و جوانچاک بوو؛ «ئەک گڵە کوێر بی!» لە کوردستانی ئەمدیو و ئەودیو لە ناو شاعیران و نووسەرانی بەناوبانگی کورد ناسراو بوو.

**مارف** زۆری زەحمەت بەئەسەرەکانی سوارەوە کێشا و بەدەوروبەریاندا هات، بەڵام بەداخەوە ئاگر و گڕی مەسەلەی چاپ لە ساڵی حەفتاڕا هەر هات لە ساردبوونەوە و

کوژانەوەدا بوو؛ هەر جارێک کە لە چاپی کتێبەکەم دەپرسی، «ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی» بەبیانووی بێ پووڵی بێ دەنگیان دەکردم.

ساڵی ١٣٧٦ کە مارف بەتەما بوو بەدەزگای کامپیوتێر بیاننووسێتەوە و ئامادەی چاپیان بکا، داخی داخانم کۆچی بێ وادەی مۆڵەتی نەدا و کتێبیش هەروەک دۆستانی تازیەبار و ڕەشپۆش بوون و دڵ بەسۆ و شتەکەش هاتەوە سەر «حوڵلەمەرەسێ».

نازانم وایە یان نا، بەڵام پێم وایە لە کوردەواریدا نەبێ، لە هیچ کوێی دیکەی دنیایە وا نییە کە شاعیر و نووسەر دەبێ بۆ خۆی ئەرکی چاپی کتێبەکەی وەئەستۆ بگرێ و بەهەزار قەرز و قۆڵە شان بداتە بەر ئەو کارە قورس و گرانە و زیاتر واش هەڵدەکەوێ کە شاعیر یا نووسەر لە باری ماڵییەوە توانای چاپی ئەسەرەکەی خۆی نییە، بەناشکوری نەبێ ئەوەش هەر بەشێکە لە فەرهەنگی ئێمەی کورد.

دیسانەوە چوومە ماڵی فکرەوە کە ڕێگایەکی بدۆزمەوە بۆ چاپی کتێبەکە، کە خوداوڕاستان مرۆڤێکی فەرهەنگی و ئەدیب و ئەدەب خۆشەویست، بەناوی بەڕێز کاک **حاتەم عەلی موورادی** پەیدا بوو، لەسەر داوای خۆی ئەرکی چاپی گرتە ئەستۆ و ئەو گەوهەرەی کردە دیاری بۆ خەزێنەی فەرهەنگ و زانستی گەلەکەی. لە خودای مەزن داوا دەکەین چۆن چاکە ئەوەی بێتە ڕێگا و لەو خزمەتە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییانەدا سەرکەوتوو بێت.

**تاپۆ و بوومەلێڵ** سەردێڕی زنجیرە بەرنامەیەکی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی بوون کە لە ساڵانی پەنجادا سوارە دەستی کرد بەنووسین و بڵاوکردنەوەیان لە بەشی کوردی ڕادیۆ تاران و لە ماوەیەکی کورتدا توانی لایەنگرانی هەڵبژاردە و گوێگری تاسەبار پەیدا بکا و ببێتە نوقڵی کۆڕ و مەجلیسان. لە ناو ئەو بەرنامانەدا کە زۆربەیان ئەرکی لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبین، پەخشانی دڵگر و کورتە چیرۆکی سەرکەوتووشی تێدایە.

زمان و شێوەی داڕشتنی نووسراوەکان کە خۆی قۆڵێکی سەربەخۆیە لە ئەدەبدا، من خۆی لە قەرە نادەم و بەوتەی مامۆستایەکی فارس زمانی زانستگەی تاران کە دەڵێ «پێشەکی نووس نابێ حەول بدا هیچ چەشنە لێکدانەوە و ناساندنێک لەسەر



کتێبەکە بنووسێ، بەڵکو تەنیا ئەبێ نووسەری کتێب لە هەر بارێکەوە بناسێنێ و لە خوێنەر گەڕێ خۆی بیخوێنێتەوە و داوەری لەسەر بکا»، جا منیش بەگوێی مامۆستا لەوە زیاتر باسی کتێبەکە ناکەم، بەڵکو خودا یار بێ لە داهاتوودا کەسانێکی زانا و شارەزا لەسەری بنووسن و چلۆنایەتی شوێن دانانی نووسەرانی پێشوو لەسەر سوارە و تەئسیری سوارە لەسەر شاعیران و نووسەرانی هاوزەمان و دوای خۆی تەواوتر هەلاجی کەن و ئاسۆی نەسری کوردی ڕوونتر کەنەوە.

با بێینە سەر باسی سوارە:

سوارەی ئێلخانی زادە کە هەموو شاعیر و نووسەرەکان بەکاک سوارە ناوی ئەبەن، هەروەک چۆن شاعیرێکی پایە بەرز و خاوەن شێوازێکی سەربەخۆ بوو و ئاڵوگۆڕێکی گرینگی بەسەر شیعری کوردیدا لە کوردستانی ئێران هێنا، ئاواش بەسەر شیعری فارسیدا زاڵ بوو، لە نووسینی پەخشانی فارسی و کوردیدا مامۆستا و بەدەسەڵات بوو. لە پێشەکی دیوانەکەیدا کە سوارە کێیە و کوڕی کێیە و چۆن و لە کوێ خوێندوویەتی و لە کوێ لە دایک بووە و چۆن ژیایەوە و تایبەتمەندییەکانی کام بوون، تا ساڵ و ڕۆژی کۆچی دوایی بەوردی باس کراوە و ئیتر نیازێک نابینم باسی بکرێتەوە و بەهێنانی موساحەبەیەکی شاعیری بەناوبانگی کورد شێرکۆ بێکەس – کە ئەلحەق بێکەس نییە و شیعرە جوان و بەرزەکانی کەسوکاری ئەون و لە ژمارەی ٦٨ی گۆڤاری سروەدا بڵاو کراوەتەوە، کۆتایی بەم نووسینە دێنم.

لێی دەپرسن: «باری گشتی شیعری کوردی لە کوردستانی ئێراندا چۆن هەڵدەسەنگێنی؟» دەوەڵامدا دەڵێ: «من پێم وایە لە وەفایی شاعیرەوە کە شاگردێکی قوتابخانە گەورەکەی نالی بووە، هەتا ئەگاتە سەر هەژار و هێمن، شیعری کوردی لە کوردستانی ئێراندا هەر دووبارەکردنەوە و لاساییکردنەوەی بەردەوامی ئەو قوتابخانەیە بووە. هەژار و هێمن لە شاعیرانی پێش خۆیان بەهرەوەرتر بوون، ناو بەناویش وەک هونەری شیعر لە هەندێ کۆت و پێوەندی تەقلیدی یاخیبوون...

لە خەریتەی شیعری تازەی کوردستانی ئێراندا سوارەی ئێلخانی زادە ڕێگەیەکی نوێتر و بەهرەی ئەزموونێکی تازەتر بوو، بەئاوازێکی عەسری ترەوە چریکاندی،

سـەرھەڵدانێکی سـەرنج ڕاکێش بوو، بەلای منەوە گـرنگترین خـاسـیـەتی شـیـعـری سواره لەوەدایە دەنگدانەوەی کەسی دی نەبوو، سێبەری ئەم و ئەو نەبوو، خۆی خۆی بوو.»

بەڵێ، بەڕاسـتی سـواره نزیک بە سی سـاڵ لەمـەوبەر کـە نووسـینی کـوردی – بەتایبـەت لە کوردسـتـانی ئێـراندا – زۆر کـەمـڕەنگ و بێ برەو و شـاراوە بوو، قـۆڵی هەڵمـاڵی و لە مـاوەیەکی کـورتا توانی بەرزترین شـوێنەواری ئـەدەبی بخـوڵقـێنێ و دەتوانم بڵێم، ئەو نەسرانەش پتر دەنگی ڕاستەوخۆی خۆی بوون و ئێوەش نازانم.

خوێنەری خۆشەویست و بەڕێز!

ئەو مـەبەسـتانەی کـە ئێـسـتـا لە بەردەست دایە، هێندێک جـار بەشـێوەی کـورت بڕاونەتەوە و بەبەرنامەیەک سـەروبەریان پێکهاتووە، وەختی واشـە چەند بەرنامەیەکی ڕادوێی بۆ تەرخـان کـراوە و باسـەکان بەدرێژی مـەودایان دراوەتێ. بەهەرحـاڵ ئـەگـەر هات و تووشی مـەبەستی وا هـاتی کـە تەکولۆیان تێ کەوتووە و ئی واشـیان هـەبێ کـە کـەمـوکـووڕی لاپـەڕەیان هـەبێ، ئـەوە دەگـەڕێتـەوە سـەر وەدەس نەکـەوتنـی تەواوی دەقـەکـان، یانی دەتوانین بەداخـەوە بڵێین ئەوەی ئێـسـتـا چاپ کـراوە لە سێ بەشـان بەشێکە. هیواداریـن بەبڵاوبوونەوەی ئەو کتێبە، هـەر کـەس لە هـەر کـوێ دەقـی تر، یا دەقی تەواوتر و نوسـخـەی سـەحـیـحـتری لایە، بۆمـان بەڕێ بکا کـە هـەم لـە چاپی داهـاتوودا بەشـانازییەوە کەڵکی لێ وەرگرین و هـەم زۆریش مەمنوون دەبین.

عومەری ئێلخانی

زستانی ساڵی ١٣٧٧

## پاش پێشەکی

من ئەڵێم
هەتا هەتایە دەوری جوانییە
ئەمڕۆ گەر هەتاو کەسیرەیە، نەماوە ئاگر و گڕی
مێرگی ئاسمان بەسووتمانی هەوری لۆکەیی نەزۆک
پڕ لە خاڵ و قۆپەنە!
جەنگەڵێ کە جێژوانی پۆلە پۆڕی باڕییە
جێگە مۆڵی کەمتیار و گورگ و ڕێوییە!
شۆڕەبی کە بۆتە داری چاکی بێ نەشە و شنە
زەلکە گەر تەیاری تیر و قۆشەنە
خۆشەویستەکەم!
لە پەنجەرەی نیوە تاکی بوومەلێڵەوە
چاوی من لە دیمەنی کچی بەیانییە!
لە حەنجەرەی زەمانەوە
گوێم لە زەمزەمەی زوڵاڵی خیزە وردەکانی کانییە!

هیوایەک پەری ئاسا باڵ دەنگێوێ و لە مەڵبەندی ویشک و قاقڕی ناهومێدییا دەنیشێ و بەخوناوکەی نارە ناری بەهاری ئاوپڕیشکێنی گوڵی ژاکاوی ژیان دەکا.

گوێ بەبیستنی ئەو زمزمە زوڵاڵ و نوێیە دەلاوێتەوە و ڕوح بەلێکدانەوە و تەعبیری شەپۆلی ئەو مۆسیقایە بەرەو سەما دەچێ و دەرەوشانەوەی لە ئەستێران تێدەپەڕێ...

ئەوە تەوەری سەرەکی بیری باریکی شاعیر و نووسەری هەڵکەوتەی سەردەم، کاک سوارەیە.

وتەی کاکە سوار بۆ من هەمیشە چەشنی ڕەهۆڵێک وایە کە لە زیندانی بێ ڕۆچنی



خەمی هەبوون و دەردی نەبووندا بەرەو سنووری نوور و بوون دەکشێ. هەر بەڕاستی ئەوەندەم شەو و ڕۆژ پێ تێکخستوونەوە، لێم بوونە بیرەوەریی نەمری ژیانم و سەربەندی گشتی وتەکانم.

دڵ کامە هەواری پێ خۆشە کاک سوارە لەوێ ڕەشماڵی خۆی هەڵدەدا و بەزمانی شیرن و پاراو میوانداری دەکا و نەقڵ و نەزیلەی دنیای کۆنە و نوێ دەگێڕێتەوە. لێرەدا بەرامەی سەرخۆبوونی مرۆڤ تۆمار بەتۆمار وڵات دەتەنێتەوە و ترووسکەی بیری ئازاد خۆ دەردەخا و بەرگێڕەوەی بۆ نییە.

نەسری کوردی خەریکە کەسایەتی پەیدا دەکا و کەوتۆتە سەر ڕاستە ڕێیان. ئەم کتێبە درێژەی ئەو قۆناخە شکۆدارەیە و بەدەستی هەڵکەوتەیەک لە بەرەی مامۆستایان: هەژار، هێمن، قزڵجی، زەبیحی و شوکور مستەفا بەهێزتر دەکرێ. بەلای منەوە برینی ئەو ڕێگایە لە لایەن کاک سوارەوە کارێکی یەگجار گرینگ و بەرچاوە، بۆ؟ چونکە چاپ و بڵاوکرانەوەی چاپەمەنی بەزمانی کوردی لە ئێراندا بەدەگمەن بوو؛ ئەوەی بەوردی و بەپارێزەوە کاری لەسەر دەکرا و تین و گوڕێکی وەبەر هەناوی ئەدەب دەنا، زیاتر دەسنووس و تاق تاقە کتێبی دەستاودەست گەڕاوی سنوور پەڕاندووی گەرمێن بوون و هیچی دیکە. بەڵام تێکەڵاوی نزیکی کاک سوارە لەگەڵ کۆڕ و کۆمەڵی ڕۆشنبیری کورد و پلەی بنەماڵەیی لەو بارودۆخەدا توانیویانە باڵی بەسەر بکێشن و هەلی بۆ بڕەخسێنن. جا بۆ درێژەی مەنتیقی باسەکە پێویستە لێرەدا ئیشارە بۆ ڕووداوێکی زۆر گرینگ لە مێژووی ئێرانا بکرێ کە بە«شۆڕشی سپی» نێودێر کراوە. ئەم پێشهاتە کە دەگەڕێتەوە سەر گەڵاڵەی ڕیفۆرمێک بوو لە کۆمەڵی داخراو و نیمچە دەرەبەگی وڵاتا و بەبڕوای زۆربەی پسپۆڕان لە پێشکەوتی کۆمەڵا دەورێکی مەزنی بینیوە.

هەڵبەت بەر لەوەی ئەو ئاڵوگۆڕە بەشێوەی ئاشکرا بێتە ئاراوە، لە ژێرەوە جێگا و ڕێگای بۆ خۆش دەکرا. بۆ وێنە لە ساڵی «١٣٣٨»ی هەتاویدا مانگنامەی «کوردستان» بەزمانی کوردی لە تاران هاتە چاپ کران و سوارەش یەکێک بوو لە هاوکارانی، کە بەداخەوە تەنیا چەند ساڵی تەمەن کرد.

هەر لەو سەروبەندەدا بەشی کوردی ڕادیۆ کرماشان کرایەوە و بوو بەدرێژەی

بەڕەسمی نووسین و خوێندنەوەی کوردی؛ هەڵبەت تەنیا لەم چوارچێوەیەدا. زۆربەی نووسەران و هاوکارانی مانگنامەی «کوردستان» بوونە کارگێڕ و هاوکاری ڕادیۆ کرماشان.

بەکورتی مەودای سالانی چلی هەتاوی کە سوارە تووشی زیندان و گرتن هات و دوای ماوەیەک ئازاد کرا، هەر دەسبەرداری کاری ئەدەبی نەبوو؛ تا ئەو جێیەی کە توانی شوێنەواری بەنرخی «تاپۆ و بوومەلێڵ» بخولقێنێ و لە ڕادیۆوە بلاو کاتەوە...

حەقیقەت ئەوەیە چونکە تاپۆ و بوومەلێڵ تەنیا باسێک و دوو باس نییە و پتر لە شێست بەرنامەی سەربەخۆیە و لە چەند سالاندا نووسراوە، ڕادەربڕین و لێکدانەوەی ورد گەلێک ئەستەم دەکا و لکی زۆر لێ دەبنەوە و بێتوو بکەوینە ئەو لێڕەوارە چڕە، دەرکەوتنمان ئەوەندە ئەخایەنێ کە وەڕەزی لە دوو دەبێ و لە پێشا باسی تەوەرەی سەرەکی هەڵوێستی نووسەر کرا و بەهەڵەی دەزانم شەقڵی بیرم بخەمە سەر دەقی بۆچوون و ڕوانگەی سوارە و ئۆگران.

ئادەمیزاد بوونەوەرێکی ڕەمزاوییە، جاری وایە دڵی خۆشە، خۆشی بۆ دێت و ڕوون دەبینێ، لە بازنەی شادیدا هەڵدەسووڕێ، هەستی دەبزوێ و بەژیانەوە دەخافڵێ؛ هەلی وایە خەمناکە، هەموو شتێک لە بەرچاوی تەم گرتوویە و قاپۆڕی ژیان بەزیندان دەشوبهێنێ؛ ئینجەل لە مابەینی هەرکیاندایە، لە تەنکەبیران لادەدا و قووڵ دەبێتەوە، بۆیە لە چیرۆکی «شەڕگە»دا بەلێکدانەوەیەکی عالمانە شەڕ وەلادەنێ و دەسکە گوڵی ئاشتی و پێکهاتن دەکاتە دیاری؛ پێکهاتنێک لەسەر بناغەی مرۆڤایەتی و خۆشەویستی ئادەمیزاد.

وەک ڕوونە گێڕانەوەی نێوەڕۆکی زۆربەی چیرۆکەکان لە زمان یەکەم کەسی تاکەوەیە و دەتوانم بڵێم خوێنەر زۆر چاک بەدوای خۆیدا دەکێشێ. فۆرمی چیرۆک، تەنز، پەخشان، لێکدانەوە و ناساندنی کەسایەتێکان برێ لە قەلافەتی ئەدەبی فارسی نیزیکن، بەلام جیاوازییان زۆرە. بەرچاوترین جیاوازی سوارە لەگەڵ ئەدیبانی سەردەمی خۆی ئەوەیە کە سەرەڕای زاڵبوون بەسەر فەرهەنگی ڕەسەن و زمانی فۆلکلۆر و زگماکیدا، بەبوونی چێشکەیەکی (زەوقی) سەربەخۆ و هەڵکەوتە، نووسراوەکانیشی وەکو شیعرەکانی پڕن لە وێنەی جوان و خەیاڵ ورووژێن و



وردەکاری زیرەکانە و کەمتر وایە ناوەڕۆکی نووسراوەکانی گرێ نەدرابن بەمەبەستێکی گرینگی بەرزی گەلی بێ دەرەتان. کاکە سوار ئەویندارێکی لە جۆشە و هەموو شتێک لە جوانی و خۆشەویستییا دەبینێ. یانی مەلی جوانی پەرەستی ڕوحی لەوپەڕی ناڕەحەتی و کڵۆڵیشدا، سەرەڕای بڕوا بەئەوینی ئاسمانی، هێشتا نەیتوانیوە خۆی لە داوی ئەوینی زەوینی تیژ تێپەڕ ڕزگار کا و هەتا جێیەک چۆتە پێش کە لۆمەی کراوە!؟

بەڕای من سەرجەمی بابەتەکانی ئەو کتێبە دەتوانێ گەلێک قوژبنی تاریک و ونی ڕوحی ئەوسای کۆمەڵی کوردەواری، بەتایبەت توێژی ڕووناکبیر و خوێندەوار و چۆنیەتی هەڵوێست و ویستی بەرەنگاری و ملکەچی وەدەر بخا. واتە مەودایەک کە لە نێوان نووسەرانی ئاوارەی کوردستانی ڕۆژهەلات و هەڵسوکەوت و هەڵوێستی خەڵکا بەدی دەکرا، بەبلاوبوونەوەی ئەو کتێبە چاکتر دەردەکەوێ و مەیدان بۆ لێدوان و شیکردنەوە فرەوانتر دەبێتەوە.

خوێندەواری دەلال!

بەڕێز «حاجی عومەراغای ئێلخانی» بەدرێژی باسی بەسەرهاتی کتێبەکەی کردووە و من خۆی لێ دەبوێرم، بەلام پێم خۆشە لەم مەبەستانەی خوارەوە ئاگادار بن:

١– ئەگەر وشەیەک لەسەر باوی ڕێنووسی ڕابردوو بووە، بەپێی پێویست هاتۆتە سەر ڕێنووسی ئێستا و تاق و واز هەڵەی تێدا ڕاست کراوەتەوە.

٢– ئەو دەقانەی بەخەت و دەنگی کاک سوارە نەبوون، زۆر وردەکارییان لەسەر کراوە و بریتین لە:

– دوو هەوارگە.
– «نووری» شاعیری خەم.
– «سەججادی»، «گۆران» ناناسێ.
– «مەحموودی» بەشوێن مامۆستا «گۆران»ەوە.
– «گۆران» و جوانی.
– کەی کێشەی نێوان کۆن و نوێ ئەبڕێتەوە؟

– بەهاری دڵداری.

– دیمەنی بەفر و زستان.

– خەڵکی شاری ئەوینم.

– ڕووناک.

– تراژیدی «سەیدەوان».

دیارە بێتوو لە داهاتوودا نوسخەی حاشا هەڵنەگرتر پەیدا بن، ئۆباڵیان بۆ دەکێشم.

٣– تەواوی ئەو شیعرانەی نووسەر کەڵکی لێ وەرگرتوون، لەگەڵ دەقە هەرە باشەکان لەبەر یەکم ڕۆناون و پێم وایە گرێیان لێ براوە.

٤– دەقەکان لەسەر بنەمای پێوەندی و مێژووی نووسران یان بڵاوبوونەوەیان یام بەدڵخواز ڕیز کراون.

٥– تەواوی ئەو ناوانەی بەسەر نووسراوەکانەوە هەن – بێجگە لەو ناوانەی خوارەوە – من بۆم هەڵبژاردوون.

– دوو هەوارگە.

– کەویار.

– بەهاری دڵداری.

– دیمەنی بەفر و زستان.

– خەڵکی شاری ئەوینم.

– ڕووناک.

– نومایشنامەی «سەیدەوان».

سەلاحەددینی عەڕەبی

١٣٧٧/١٢/١٧

## دوو هەوارگە

لە هەوارگەی یەکەمی بەرنامەکەماندا دەچینە سەیری گوڵزارێکی بێ خەزان و باخێکی جوان و ڕازاوە بەگوڵاڵە و ڕێحان؛ تێراو و پاراو لە سەرچاوەی تەبعێکی ڕەوان و یان جیهانێکی ڕووناک و ڕەنگین کە پڕە لە سەفا و سەیری کاڵای پڕ لە نەخش و نیگاری عیشق و ئەوین؛ پارچە هۆنراوەیەکی تەنراو بەتانوپۆی خۆشەویستی دوو دڵداری نەخشین کراو بەتاری ڕەنگاوڕەنگی وەفاداری، دەسکردی زانا و هەستیاری شیرین وتاری کورد خوالێخۆشبوو مەلا مەحموودی مفتی (بێخود).

بێخود لەم پارچەیەدا بەدڵێکی پڕ لە ئاه و ناڵەوە مەحرووومی و بێبەشی خۆی لە دیداری ئازیز و نازداری دەرئەبڕێ و بەزبانێکی هەستیارانە و بەیانێکی ڕەوانی عاشقانە لە چاوگەی تەبع و نرخێکی بەهێز و نوکتەسەنجەوە دیمەنێ لە حاڵات و پەرێشانی و پەردەیێ لە سینەی پڕ لە ئاه و فوغانی خۆی لە هەر سات و کاتێکی تاریکی و ناکامی و ناهومێدی لە ژیانی دەرئەخا، کە چۆن پەژارەی دڵداری شەوی لێ کردووە بەڕۆژی بەدبەختی و ڕۆژی لێ کردووە بەشەوی ڕەشی پڕ لە سەختی.

لە دولبەر گفتوگۆیێکم نەبیست، ئەی سینە ئەفغانێ
لە لێوی پێکەنینێکم نەدی، ئەی دیدە گریانێ
دەسم ناگاتە شووشەی گەردنی مینایی، ئەی ساقی
دەمم ناگاتە چاوی، ئەی عەرەق خۆرینە فینجانێ
پەرێشانم، لە ڕووی ئەو شۆخە لاچۆ ساتێ ئەی پەرچەم
دڵم بەینێکە زۆر تاریکە، ئەی شەو ماهی تابانێ
گەهێ زامداری تیغی ناز و خەمزەم، چارێ ئەی جەڕڕاح
گەهێ بیماری چاوم، ئەی ڕەئیسی سیحە دەرمانێ



بەشەو شێواوی زوڵفی عەنبەرم، ئیمدادێ ئەی سومبوڵ
بەڕۆژ چەوتاوی باڵای دولبەرم، ئەی سەرو جەولانێ
لە شەوقی ماهی ڕووی ئەو شۆخە توخودا پەرتەوێ ئەی ڕۆژ
بەیادی چاکی سینەی، ئەی سەحەر سادەی گریبانێ
بەتاو هات لەشکری غەم، سا لە خۆڕۆیشتنێ ئەی دڵ
منالی زۆرە شاری سینە، ئەی مەجنوون بیابانێ
زەلیلم، بگرە دەستم، کەوتووم، سا ڕەحمێ ئەی گەردوون
فەقیرم، نامرادم، بێ نەوام ئەی مونعیم ئیحسانێ
وەکوو بێخود لەمەولا بگرە بۆ خۆت ڕێگەیێ ئەی پێ
لەمەولای خۆت بوێ تۆش چەشنی ئەو، ئەی دەست دامانێ

کاروانی ئێمە لە گوڵزاری بێ خەزانی مامۆستا بێخودەوە بەرەو لووتکەی بەرز و باسەفای هونەر و هونەروانی سەوزەزاری تەڕ و زیندوو بەشیعرە جوانەکانی «نالی» – مامۆستای ڕاستەقینەی زانین و کەماڵ، سەرتۆپی ناسک خەیاڵان و وێژەوانانی ئەدەب و هونەری کوردی – وەڕێ دەکەوێ و هەوارگەی دووهەمی ئەم بەرنامەیە بەپارچە هەڵبەستێکی بەستراو بەڕایەڵ و پۆی هاوریشمینی وڵات دۆستی و ئەوینداریییەوە ئەڕازێنینەوە.

ئەمجار لە گوڵستانی بەعەتر و بۆن خۆشی ئەم هەوارگەیە داوێن پڕ ئەکەین لە گوڵاڵە سوورە و هەڵاڵە و سونبول و ئەگەڕێینەوە بۆ ناو هەڤاڵ و دۆستەکانمان.

نالی لەم شیعرەدا سکاڵای دووری لە مەوتەن و خۆشەویستانی ڕائەگەیەنێ. بەدڵێکی پڕ لە سۆز و گودازەوە هەزاران ئاخۆ و پرسیار ئەکا؛ ئایا زرووف و مەجال هەیە بۆ هاتنەوە ناو باوەشی شارەکەی و عازیزەکانی؟ ناهومێد و دڵسارد ئەڵێ بڵێی لەسەر زمانان مابم و یا لە ناو دڵاندا یاد ئەکرێم؟ ئەتوانم بێمەوە، یا ئەبێ تا حەشرم ئەکەن، هەر لە دیاری غوربەتدا بژیم؟

شەرحی دووری و سۆزی بەدبەختی و دەربەدەری، دەردی ئاوارەیی و سەرلێشێواوی، بێبەشی لە بزەی لێوی خۆشەویست و ناسیاوان، دڵی پڕ هەست و ناسکی ئەکاتە ئاو و بەچاویا تێئەپەڕێ.

ئەوەند بێ هومێد و تووڕەیە، ئەوەندە ترساوە و ڕۆژانی ڕەشی دیوە؛ بە«باد» ئەڵێ بە چپە و نهێنی بە یارەکەم، بە یارە دڵڕەقەکەم بڵێ کە سوودی دووری من بۆ ئەوە و بەس.

نالی کە ئەم پارچە هەڵبەستە لە ناخی دڵیەوە هەڵقوڵیوە، بەڕاستی شاکاری ئەوین و خۆشەویستی خوڵقاندووە؛ تابلۆی جوان و نەخشین؛ یانی ئەم هۆنراوە، پەڕاوی بەبایەخ و بەنرخ لە دەربڕینی هەستی دەروون، یانی ئەم پارچەیە کە هەر دڵێک ئەکا بەدڵۆپ دڵۆپی ئاو و بەچاوا ئەیهێنێتە خوارەوە.

ناڵەی گەرووسۆزی دڵ، ئەم شیعرە بەرز و بەرز ئەکاتەوە تا ئەیگەیەنێتە گومبەدی کەیوان و سەوز و ساف لە بانی عەڕشی شیعری کوردی ئەدرەوشێتەوە و ترووسکە دەدا .

جا ئەمەش چەند شیعرێک لە قەسیدە بەناوبانگەکەی نالی:

قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور
ئەی پەیکی شارەزا بەهەموو شاری «شارەزوور»
ئەی لوتفەکەت خەفیی و هەواخواه و هەمدەمە!
وەی سروەکەت بەشاڕەتی سەرگۆشەیی حوزوور!
گاهێ دەبی بەرەوح و دەکەی باوەشێنی دڵ
گاهێ دەبی بەدەم دەدەمێنی دەمی غورور
سووتا ڕەواقی خانەیی سەبرم، دڵ و دەروون
نەیماوە غەیری گۆشەیی زیکرێکی یا سەبوور
هەم هەم عەنانی ئاهم و هەم هەم ریکابی ئەشک
ڕەحمێ بەم ئاه و ئەشکە بکە، هەستە بێ قوسوور
ئەمجا مەوەستە تا دەگەییە عەینی «سەرچنار»
ئاوێکە پڕ لە نار و چنار و گوڵ و چنوور
چەشمێکە میسلی خۆر لە سەد جێ، بەڕۆشنی
فەورانی نووری سافە لەسەر بەردی وەک بلوور



یا عەکسی ئاسمانە لە ئاوێنەدا کەوا
ئەستێرەکانی ڕابکشێن وەک شەهابی نوور
یا چەشمەساری خاتری پڕ فەیز و عاترە
یا ئاوی ڕۆحبەخشە کەوا دێ لە کێوی توور
داخڵ مەبە بەعەنبەری سارایی «خاک و خۆڵ»
تاکوو نەکەی بەخاکی «سولەیمانی» یا عوبوور
شارێکی عەدل و لە جێگێکی گۆڕ و نەرم
بۆ دەفعی چاوەزارە دەڵێن شاری شارەزوور
خاکی میزاجی عەنبەرە، داری ڕەواجی عوود
بەردی خەڕاجی گەوهەرە، جۆباری عەینی نوور
شامی هەموو نەهار و فسوولی هەموو بەهار
تۆزی هەموو عەبیر و بوخاری هەموو بخوور
ئەهلێکی وای هەیە کە هەموو ئەهلی دانشن
هەم نازمی عوقوودن و هەم نازیری ئوموور
سەیرێ بکە لە بەرد و لە داری مەحەللەکان
دەورێ بدە بەپرسش و تەفتیش و خوار و ژوور
ئاخۆ دەروونی شەق نەبووە «پردی سەر شەقام»؟!
پیر و فوتادە تەن نەبووە داری «پیرمەسوور»؟!
«سەیوان» نەزیری گومبەزی کەیوانە سەوز و ساف
یاخۆ بووە بەدائیرەیی ئەنجومی قوبوور
ئێستەش مەکانی ئاسکە، ئەو «کانی ئاسکان»؟
یاخۆ بووە بەمەلعەبەیی گورگ و لوورە لوور؟
ئاخۆ دەروونی ڕوونە گوڕەی ماوە «تانجەڕۆ»؟
یاخۆ ئەسیری خاکە بە لێڵی ئەکا عوبوور؟
زارم وەکوو خیلال و نەحیفم وەکوو خەیاڵ!
ئایا دەکەومە زار و بەدڵدا دەکەم خوتوور؟

لەم شەرحی دەردی غوربەتە، لەم سۆزی هیجرەتە
دڵ وەختە بێ بە ئاو و بە چاوا بکا عوبوور!
ئایا مەجالی هاتنە لەم بەینە بێمەوە
یا مەسڵەحەت تەوەققوفە تا یەومی نەفخی سوور؟
حاڵی بکە بەخوفیە: کە ئەی یاری سەنگدڵ
«نالی» لە شەوقی تۆیە دەنێرێ سەلامی دوور



## ئەوین

سەلام لە گوێگری بەڕێزی بەرنامەی تاپۆ؛ قسەی دڵداری و ئەوین هەرگیز نابڕێتەوە. وا دیارە کاتێ گڵی ئادەمیزادیان خۆش ئەکرد، ئاوی ئەوینیان لێ پڕژاند یا کڵی ئادەمیزادیان بەئاگری ئەوین هەڵگیرساند.

ئەوینی ئینسان، تەنیا برووسکەیەکی یەزدانییە کە مرۆ ئەباتە لای سەرتری بارەگای فریشتەی خواوە. ئەوین هەوێنی هەست و هان و هەناسە و هەبوونی ئینسانە.

ئەوینی پەرەدارترە لەوە کە تەنیا لە نیگای حەزلێکاریا، یا لە شۆر و شۆقی بەیەک گەیشتنی پیاوێک و ئافرەتێکا بگونجێ.

ئەوین نەفسی ژیانە؛ جوانییە، پاکییە، خۆبەختکردنە، ڕەنجکێشان و لەگەڵ دەردا جووتبوونە. تەنیا لە هەرێمی ئەویندا ئەم ڕازە بەرزە یەزدانییە مانای هەیە؛ بژی بۆ ئەوین، بمرە بۆ ئەوین... و ئێستە گوێتان لە پارچە پەخشانێک ئەبێ سەبارەت بە ئەوین و ئەو کاتە کورتە بەبەهرە و پیتانەی ئەوین کە بەتەرازووی زەمان و بەپێی ڕوانینی چاوی سەر، کەم خایەنن، بەڵام بەچاوی دڵ هەمیشەن و هەموو شتن، تۆشەی هەزار ساڵ ڕێگای بەهەوراز و لێژی ژیانن.

ئەمشەو زۆرتر لە شەوانی پێشوو تەنیام، بۆنی غەریبی پڕ بەهۆدەکەم شەپۆل ئەدا، بەشووشەی پەنجەرەی هۆدەکەما شۆڕاوەی باران نەرم نەرم دێتە خوارەوە. وەک پیرەپیاوێک کە لە گۆشەی خەڵوەت و بێ دەنگییا، لە ئێوارەیەکی زەرد و خەماوییا بۆ ڕەنجی خەسار، بۆ ڕۆژانی ڕابردووی بەهار، بۆ بووژانەوەی بیرەوەری هەزاران یادگار، ئەسرینی خوێنبار بڕێژێ.

خوای گەورە ئادەمیزادت چۆن داڕشتووە کە لە سینەیا بلوورێکی ناسک بەناوی دڵ ئەبێ خۆ بگرێ لەبەر دەریای دەرد و خەم؟! لەبەر سەودای زۆر کەم؟! لەبەر ئاگری زۆر و ستەم؟!

ئەگەر ئادەمیزاد بەم هەستە ناسکەوە کە لە هەر تەلێکی بەهاتوچۆی نەرم و نیانی هەناسەیەک، هەزار نەغمەی پەژارەڕێژی داستانبێژ هەڵدەستێ، بەڵێ، ئەگەر لە ئەم هەموو ناسکییەدا پشتیوانێکی وەک ئەوینی نەبوایە، چی ئەکرد؟! ئەگەر گیانی نەمری **ئافرۆدیت** پاسەوانی نەبوایە، لەم شەوەزەنگی ژیانەدا بەرەو کوێ ئەچوو و لە کام هەڵدێری کلۆڵییا گۆڕ ئەکرا؟

چی هەیە چەشنی ئەوین، کە گرینەکەی لە پێکەنین گیان پتر بگەشێنێتەوە و ڕەنج و پەژارەکەی شیرینتر بێ لە پێگەیشتن و شادمانی؟!

باران هەر ئەبارێ، بەڵام ئاسۆی زەرد و ئاڵتوونی تاجێکی کردۆتە سەر لووتکەی چیای ئەلبورز. رنووی بەفری چەن ساڵە وەک گەوهەری شەوچراغ لەسەر تاجی ئاڵتوونی چیا ترووسکەی دێ. گریانی هەور پڕ دوو چاوی شینی پەنجەرە و بزەی زەردەی ئێوارە پڕ بەزاری دۆڵ و شیوی چیا!

وا دیارە سروشتیش سەودای ئەوینی لەسەردایە کە بەچاو ئەگری و بەدەم پێئەکەنێ.

ئاخۆ من سروشتم، یان سروشت منە، کە هەردووک وەک یەک ئەگرین و پێئەکەنین!؟

ئەمرۆ من چاوەڕێی گەڕانەوەی خۆشەویستێکم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشا ترس و خورپە، وەک تەزووی بەرەبەیانێکی پاییز بەدەماری لەشمدا دەگەڕێ. لە پەنجەرەکەمەوە کە وەک چاوی کاڵی پاش گریان، ڕەنگی ئاڵ و والای لێ نیشتووە ئەڕوانمە سەر شەقام؛ دەنگی هەر سۆڵێک لە پێشا وەک دەنگی مۆسیقا ئەهاتە بەر گوێم، بەڵام کاتێ تێئەپەڕی و دوور ئەکەوتەوە لە ڕۆ ڕۆی نەناسراوێک ئەچوو بۆ نەناسراوێکی تر. ئەوەندە بەرەو پیری دەنگی ئەو سۆڵانە چووبووم و بەڕێم کردبوون، بێ ئەوە تەنیا جارێک نیگایەکی گەرم و ئاشنا لە ڕووم پڕژابێ، سەرم هاتبۆوە ئێش و ئێستە دوو دەماری ماندوو، دوو ماری شین لە ملمەوە هەڵگەڕاون و لە هەردوو لای تەوێڵمەوە خۆیان کێشاوەتەوە ناو مێشکمەوە.

نە، کاتی بێ بەزەیی تێناپەڕێ، خۆرەتاو لە کۆچی ڕۆژانەی بەرەو سەرای شەو دوودڵە، وەستاوە تا بزانێ چاوەنواڕیی ئادەمیزادێک بەکوێ ئەگا؟! ڕەنگە خۆرەتاو



خۆی زۆری دەردی چاوەنواڕی چێشتبێ!! ڕەنگە بەشوێن دڵبەرێکی گومبوودا وێڵ بووبێ کە بەهەموو هەرێمی ڕۆژا ئەگەڕا و پاشان تەواوی ماڵبەندی شەوی ئەپشکنی!؟ هەر شەو و ڕۆژەی جارێک و هەرگیزیش نە ماندوو ئەبێ و نە دەس هەڵدەگرێ و تەنانەت چاوی گەش و پڕشنگداری لێک ئەنێ بۆ حەسانەوەیەکی کورت و پشوویەکی کەم خایێن.

گەرووی تاریکایی دوا دڵۆپی ڕووناکایی هەڵمژی، وەک قولەڕەشێکی سەرخۆش کە جامی ئاڵتوونی نیوە خاڵی بەسەرەوە نێ و یەکبین هەڵیدا.

من هۆدەکەم شەو بوو؛ چاوی شینی پەنجەرەکان بەحەریری ڕەشی شەو بەسترابوو، بەڵام لە دڵما هێشتا نوورێک وەک پڕشنگی ئەستێرەیەکی دوورە دەست، یا ئاگری دەشتەوان، لە شەوێکی تاریکا ئەدرەوشایەوە؛ وا دیارە خۆرەتاو لە دەروونا درەنگتر ئاوا ئەبێ! ئەبوو خۆم بەشتێکەوە خەریک کەم، چونکە لەم بێ دەنگییەدا، دەنگی لێدانی دڵم لە هەورە گرمە بەرزتر دەنگی ئەدایەوە و هەموو دەماری لەشم وەک تەلی تار لە ژێر پەنجەی زاڵی مۆسیقارێکی خەمبارا ئەلەرایەوە و پرووشەی خەم و ماتەمی ئەکرد. بۆ جاری دەهەم نامەکەیم بەدەستەوە گرت و خوێندمەوە، نووسیبووی:

«چیای من! پیاوی سەربەرزم! باڵداری بچووک تاسەی هێلانەکەی کردووە و خەریکە ئەگەڕێتەوە بۆ لات، باوەشی تۆ هێلانەی منە. چاوەڕوانم کە بەچەپکێ گوڵی شیعرەوە پێشوازم بکەی، لەو چەپکە شیعرانە کە هەموو ڕۆژێ بەیانی لە باخچەی زەوقت ئەتچنێ و بەخەیاتەی خاوی ئەوین ئەتبەست و لە گوڵدانی خۆشەویستییا ئەتچەقاند و کاتێ من هەڵدەستام، بۆنی چەپکە شیعرەکەی تۆ تێکەڵ ئەبوو لەگەڵ هەناسەی بۆنخۆشی چیای بەگوڵ خەملیو و شەپۆلی ئۆخەی بەلەشما ئەگەڕا...

لە بیرت ماوە تۆ ئەبووی بە«عیسا»ی من و من کە زوو ئەژاکام و لە هەوای دووکەڵاوی شارا لێڵ ئەبووم، وەک **«ئەلعازر»** خۆم بەدەستی زیندووکەرەوە و مەسیحاییت ئەسپارد و بەئیعجازی دەستەکانت ژیانێکی نوێم دەس پێ ئەکردەوە، کە لە ژیانی ڕابردووم گەلێک جوانتر بوو...

ئێستە **«ئەلعازر»** کە مەرگی دووری پێ هەموار ناکرێ، ئەگەڕێتەوە بۆ لای

مەسیحی خۆی. پەپوولە دیسان لەسەر گوڵ ئەنیشێتەوە و شۆڕەبی باخچەکەمان دیسان ئەبێتەوە جێژوانی چۆلەکەی وردیلە و عەجوول. ژیان دیسان واتەی تایبەتی خۆی ئەدۆزێتەوە و بەربەیانە ئەبێ بەهەمیشە، هەمیشەیەک بەدرێژایی ژیانی من و تۆ؛ تا مەرگ بەڕواڵەت لە یەکمان جیا کاتەوە!»

نامەکەی لێرەدا دوایی هاتبوو و من لەبەر خۆمەوە گوتم: «جوانترین چەپکە گوڵی شیعرم پایەندازی تۆ ئەکەم، تۆ کە جوانترین شیعری خودای.» سەرم هەڵبڕی و لە ژێر پەردەی حەریری فرمێسکا هەیکەلێکم دی لە بەردەرگا وەستابوو، دوو دڵۆپ ئەسرینی گەرمی شادی لە بەردەرگای چاوی هەردووکمانەوە ڕێگای سەرەولێژی گۆنای گرتە بەر و شەلاڵ بوو. زمان لە کار کەوت و دوو باوەش کرانەوە و دوو ئادەمیزاد بوون بەیەک... باڵداری ئێسک سووکی من گەڕایەوە بۆ هێلانەی مات و چۆڵی خۆی.



## کەویار

بوومەلێڵی بەیانی بوو؛ تەزوویەکی سارد بە لەشی کێو و چیادا ئەگەڕا و گاهێ گیای شلک و گوڵی کێوی چاو بەخەوی ڕائەچڵەکاند.

**مەحموود** ماوەی سەعاتێک بوو چاوی نەترووکاندبوو و هەروەها ڕوانیبووی بۆ باوکی کە بەهەڵپە سەرنجی کەلەکەی پێشانی ئەدا.

مەحموود خۆیشی نەیئەزانی چۆن وا کوتوپڕ ئەو بیرەی کەوتبووە مێشکیەوە کە باوکی لە دڕندەیەک ئەچێ کە زگی برسی مەلاسی زەوی کردبێ و چنگۆڵەی دادابێ، تا کەی نێچیر ئەگاتە بەر هەڵمەتی!

ڕەنگە نەبزووتنەوەی باوکی، بەگەرمە ڕوانینی، ببوو بەهۆی ئەمە کە مەحموود وەها بێتە بەرچاوی؛ ئاخر سێ چوار سەعات بێ چاو لەسەریەک دانان، بێ وچان، بێ ڕوانین بۆ ئەملا و ئەولا، تەنیا چاوبڕینی شوێنێک وەها کە پیاو لای وابێ ئەم جووتە چاوە یا هەر ناگەڕێن یا بەهەودایەکی نادیاری بەشوێنێکەوە بەستراون؛ ناچارییە کە هەزار بیر ئەخاتە مێشکی ئادەمیزادەوە.

مەحموود بیری کردەوە کە ئەم ڕوانینە بەهەڵپەی هەرگیز بەباوکیەوە نەدیوە. نە کاتێ کە دایکی نەخۆش بوو چاوی نابووە سەریەک و باوکی چاوەڕوان بوو ئەو چاو هەڵبڕێ و دەریخا کە هێشتا گیانی تێدا ماوە، نە ئەو جارە کە کۆرپەی برا گەورەکەی، کە ئەبوو بەنەوەی باوکی، خرا باوەشی. کۆرپەیەکی ئێسک سووکی خوێن شیرین کە بۆنی شیر و گۆشتی زیندوو، لیباسی تازەی بەئەسپۆن شۆراوی لێ ئەهات و چاوی شینی پڕشنگێکی خستبووە سەر بەروانکەکەی. بەکورتی مەحموود هەرگیز ئەم هەموو تاسە و هەڵپەی لە ڕوانینی باوکیا بەدی نەکردبوو.

مەحموود پڕ بەدڵ پێی خۆش بوو پاکانەی باوکی بکا:

«... دەی جا چی بوو، باوکم خێزانێکی زۆری بەڕیشەوە بووە، مناڵی ورد و درشت و سەروپێچکەی هەیە، دایکم کەوتوو و ڕەوتوو و ناسازە، ئەویش بۆ تێرکردنی ئەم

هەموو زارە ئاواڵە و زگە برسییە، ئەبێ هەوڵ بدا، هەوڵ بدا و بەهەموو لایەکا پەل بکوتێ، قەیدی چییە؟ کار، کارە؛ چ کشتوکاڵ، چ سەودا و سەرەنوێ، چ سەپانی و دروێنەوانی و چ ڕاوکەری. باوکم بەم ڕاوکردنە هەم بژێوی خۆمان پەیدا ئەکا و هەم بە فرۆشتنی نێچیرەکان بە کەلەبەرەکانی تری ژیانمان ڕائەگا.»

مەحموود لە دڵی خۆیا ئەیویست ئەو مەبەستانە قبووڵ کا، بەڵام ئەم ڕوانینە بەهەڵپە بۆ کوشتنی کەوی بەستەزمان، «ڕیسەکەی لێ ئەکردەوە بە خوری». هەموو شتێکی لێ هەڵئەوەشاندەوە!

دیسانەوە ڕوانییەوە بۆ باوکی، ڕیشی ماش و برینجی بەدەم شنەی ساردی بەربەیانەوە ئاڵۆز ئەبوو، دەموچاوی گنجاوی و لە بەرتاو سووتاوی باوکی کەوتبووە سەر بەردێکی قەوزە گرتوو و بەهیچ بارێک لەگەڵ بەردەکە جیاوازی نەبوو. باهۆی هەڵکراو و ڕووتی لەگەڵ داری تفەنگەکەی ئەتکوت دوو بەوشی یەک باسکن. ئەمانە هەموو چاریان ئەکرا، بەڵام ئەم ڕوانینە کە بۆنی خوێن و ڕەنگی دڵڕەقی پێوە بوو، شتێک نەبوو کە مەحموود لێی خۆش بێ.

مەحموود لەبەر خۆیەوە کوتی: بابە و، گوێی گرت بۆ وەرامی باوکی.

دیسان بای ساردی بەیان بوو کە تۆزی خەوی لە چاوی وڵاتی خەواڵوو ئەسڕی، بەڵام باوکی مەحموود هیچ دەنگی لێوە نەهات. سینگی کە گیا نەرمەکانی شێلابوو ئەهاژا؛ هاژانی مارێک لەبەر گەرمای هاوین. هاژانی سینگی دڕندەیەکی برسی کە بەشوێن نێچیرا ڕایکردبێ.

مەحموود بەرزتر هەرای کرد: «بابە!»

دیسانەوە باوکی ڕووی وەرگێڕا و وەرامی نەداوە. دەنگی مەحموود بەهەرای بابە بەرزتر بۆوە و کێوی ئەوبەر وەرامی داوە: بابە... بابە...!

تەقەی تفەنگ هەستا و باوکی مەحموود نەڕاندی: «یەک، دوو، سێ، چوار، پێنج، شەش،...»

مەحموود هاواری کرد: «بەسە! بەسە!»

چەن کەو کە هەر کام ساچمەیەکیان بەر کەوتبوو هەڵئەبەزین. کەوێکیش باڵی شکاوی بەسەر زەویا خشکەی ئەکرد و خۆی ئەکێشا بۆ ژێر بنجە تووتڕکێک. باوکی



مەحموود وەک تاوێرێ کە خلاری کەیەوە بەچەن باز و چەن سەرەنگرێ خۆی گەیاندە کەوە کوژراوەکان. چەقۆیەکی تیژی دەرهێنا و کەوەکانی سەربڕی و خوێنی چەقۆکەی بە لکی پشتێنەکەی پاک کردەوە و نایەوە ناو گیرفانی. کەوەکانی جەللە کرد و لاقی بەپەتێکەوە بەستن و هەناسەیەکی کە لەمێژ بوو لە سینگیا قەتیس مابوو، دا دەرەوە.

مەحموود وەک خەڵفێکی ساوا کە لە بەرامبەر دارێکی پیرا شین بێ لە بەردەمی باوکی چەقی و بەئەسپایی کوتی: «بابە!»

بابی وەرامی داوە: «ڕۆڵەم!»

مەحموود کوتی: «یەکێ بۆ خۆمان، دووی تریش بۆ فرۆشتن، ئەوانی ترت بۆ کوشت؟!»

باوکی مەحموود لەپڕ هاتەوە بیری کە بەگوللەی دوایی دوو کەوی پێکاوە و ئەبووا حەوت کەوی سەربڕاوی پێ بێ، بەپەلە کوتی: هەر لێرە بە ڕۆڵەم! و لەبەر خۆیەوە کوتی: «کەوە باڵ شکاوەکەم لە دەس دەرچوو!»

دەستی قوژبن پشکنی باوکی مەحموود بەناو تووتڕکەکانا گەڕا و بەکەلاکی کەوەکەوە هاتە دەر.

مەحموود کوتی: «مندار بۆتەوە! بڕوانە پەڕە جوانەکانی شەلاڵی خوێنە.»

باوکی بەڕقەوە کوتی: «حەیف بوو، چەن قەڵەوە!» پاشان بێ ئەوە قسەیەک لەگەڵ مەحمووددا بکا، ملی ڕێیەی گرت و بەرەو ماڵ بۆوە.

بای دەمەوبەیان ئەیلووراند. چەن پەڕی نەرم تێکەڵ بەگەردەلوولێکی کەم خایێن بەرەو ئاسمان بەرز ئەبوونەوە و بە لەرینێکی بەئەسپایی ئەکەوتنەوە سەر زەوی. مەحموود ماوەیەک وەستا و تەماشای باوکی کرد. تفەنگەکەی وەها گرتبوو ئەتکوت دەستی خۆیەتی و درێژتر بۆتەوە.

هێشتا مەحموود لە گێژی ڕزگار نەببوو کە دەنگی گڕ و پیرانەی باوکی بەگۆرانی «کەویار» بەرز بۆوە.

## ژیان چییە؟

ژیان چییە؟ ئەو دەنگەیە کە لە دوورەوە دێ و نەرم نەرم پەردەی گوێت ئەلاوێنێتەوە و تاری دڵت ئەلەرێنێتەوە؟! یا ئەو بۆنە خۆشەیە کە لە پرێسکەی نەسیمەوە ئەپێچرێ و لەبەر هەناسەت ئەکرێتەوە، بێ ئەوە بزانی ڕۆژێک هەڵدەستی و ئەڕوانی خۆرەتاو هەروەک ڕۆژان لە خۆرهەڵاتەوە سەری هەڵداوە، وێنەی تازە بووکێکی شەرمن و ڕووسوور بەکراسی خارای زەردەوە لەنجەولار ئەکا. مەلی هەڵەشە و تیژباڵ بەبەر پەنجەرەی هۆدەکەتا هەڵئەفڕن و چەشنی دوێردێکی تیژ ئەتلەسی شینی هەوا ئەبڕن. ژیان تۆمار بەتۆمار بۆنی خۆشی هیوا و لاوی بەسەرتا ئەپژێنێ و تۆ بەهەموو بڕوایەکتەوە کە خستووتەتە ناو چوارچێوەی ئاڵتوونی زەردەخەندەیەکەوە، بەخۆت ئەڵێی «ژیان چەند جوانە! سروشت چەندە دڵاوا و بە دەهەندە!؟» تۆ وای لە پەنا پێرس و چیای شیرن و جەبەل حەمرین و قەندیلی ئاکۆ و هەڵگورد!

ژیان هەموو واتەی بەرین و یەزدانی خۆی ئەگرێتەوە. هەست ئەکەی هەزاران ساڵە ئەژی. لەو کاتەوە کە تیری تۆ نێزە بوو لە چاوی هەڤالانی گزنفۆن (gzenefon)، لەو کاتەوە کە تۆ کەوڵی ئاسنگەرییەکەت کردە ئالای کەیانی و بەنیشانەی هێرشی گەرمت لەسەر هەموو چیایەکی بەرزی وڵاتەکەت بڵێسەی ئاگری پاک بەرز بۆوە و کۆشکی بێدادی «زوحاک»ی مێشک خۆری کرد بەخۆڵەمێش؛ لەو کاتەوە کە «فەرهاد» کەوتە ناو گێژاوی خەیاڵاوی ئەوینی شیرینی «شیرین»ەوە.

تۆ جارێک «مەم»ی «ئالان»ی، جارێک «سیامەند»ی، کاتێ شادمانی، کاتێ دڵمەندی؛ بەڵام هەمیشە هەر بووی و ئێستە نە تۆ بێ ئەم خاکە تەواوی، نە ئەو خاکە بێ تۆ ئەتوانێ بژی بەپاراوی.

ڕۆژێک هەڵدەستی، تەمێک تەواوی مێشکت پڕ ئەکا. لە ئاسمانا بەشوێن خۆرا ئەگەڕێی، لە هەوادا چاوت پەل ئەکوتێ بۆ مەلێکی تیژباڵ، بەهەموو هێزێکی هەستەوە خۆت مەڵاس ئەکەی تا چپەیەک، جریوەیەک، کورکەی پێکەنینێک، یا تەنانەت نووکەی گریانێک پێت بڵێ: تۆ ماوی! تۆ هەی!



بەڵام داخێک و هەزار ئەفسووس، ژیان ئیتر دڵی لێ نادا، چاوی ناڕوانێ، لێوی زەردەی تێ نازێ!

تۆ هەمیشە لە بەستێنی دەریایەکی پڕ شەپۆڵدا ژیاوی، شەو بەلایە لایەی قورینگی دەریایی و لاوکی شەپۆل سەرت ناوەتە سەر سەرین، ئێستە ناچاری لە کەناری گۆلێکی لێڵ و لیخن دانیشی و چاو ببڕیە چاوی گۆلی مردوو کە بێ هیچ جووڵانەوەیەک تەسلیمی چارەنووسی تاڵ بووە و دوورە لە باوەشی دایکی دەریا، تەریک لە خانەدانی ئاو، دوا هەناسەی داوە و گۆڕی تەنگی خاک گرتوویەتە بەر گۆڕەوشار.

لەپڕ هەست ئەکەی هەور ئەگرمێنێ، برووسکە ئەدا و قەمچی ئاگرینی تەوێڵی پاکی وڵاتەکەت هەڵئەدڕێ، خەلە و خرمانت کە هیوای سەوزی هەزاران کشتیاری ڕەنجبەرە، ئەکا بەپووشی سووتاو. هەر ماڵە قرمەی دێ، هەر مناڵە بەدەم زامی تەڵەزمی بۆمباوە ئەناڵێنێ و تۆ کە هەزاران ساڵ ژیاوی، هەست ئەکەی لەشت شەقار شەقار ئەبێ و زووخاو لەبەر برینت ئەڕوا. تۆڵە وەک کارگی ژاراوی بەگرمەی هەوری فڕۆکەی دوژمن لە ناو دەمار و هەناوتا سەر هەڵئەدا و دەمت بەپانایی «گەڵی عەلی بەگ» ئەکرێتەوە و هەرات بەرزتر لە دەنگی هەورەگرمە و نرکەی فڕۆکە بەڕەگی ئەندامی نیشتمانەکەتا ئەگەڕێ. تۆڵە، تۆڵە... ئەزمەڕ و پێرس و قەندیل وەڵامت ئەدەنەوە: تۆڵە، تۆڵە... ئەو چەپکە گوڵە سوورەی کە لە داوێنی چیا چنیوتە، تا بیدەیە دەست دڵدارەکەت، ئەیخەیە سەر گۆڕی شەهیدێک کە ماوەیەک بەر لە بۆمباران زیندوو بوو و بەپەلە ئەچۆوە بۆ لای ماڵ و مناڵی چاوەڕوانی و لەبەر خۆتەوە ئەڵێی: «تفەنگەکەم!» ئەمەیە ڕەمزی مانەوەت؛ تۆ کلیلی تەلیسمەکەت دۆزیوەتەوە!

پاش ماوەیەک لە پشت ئاوایی خاپوورتەوە بەرەو باوەشی پەنادەری چیا هەڵئەبی و لەگەڵ پۆلێک ئەکەوی کە هەموو یەک زمان و یەک زانیاری و یەک ئاو و خاک و یەک خوێن و یەک ڕابردوون.

پێشان سڵاوێک و زەردە گرتنێک، پاشان سروودێکی تێکڕایی:

ئەی چیا، باوەشت هومێدی گەرمی گەل!

ئەی چیا، ڕەمزی هات و هەل!

بەرزی تۆ، گۆڕی دوژمنی!
سەوزی تۆ، ئاسمانە شینەکەی منی!
نانەوێ سەرت بەبۆمبی ئاگرین.
هەر بژی چیای سەفین و ئاگرین!

خوێنی گەرم و گەشی ئازادی بەجۆگەی دەم وشکی دەمارتا ئەگەڕێ و چەشنی بنجە گیایەکی دوورە ئاو ئەگەشێیەوە، دیسانەوە هەستی هەر بوون و هەر مان لەشت پڕ ئەکا. تۆ یەکێکی و لەجیاتی گەلێک پەژارەدار بووی و ئێستەش تۆ هەر ئەو یەکەی و لەباتی گەلێک ئەتەوێ تا سەر لووتکەی دوورە دەستی ئازادی ڕێگا ببڕی، بەم چەشنەیە کە تۆ بەدرێژایی مێژوو ژیاوی و لەبەر تۆفان و باو و بۆران و بەفر و سەخڵەت و سەرما وەستاوی. پیرەدارێک لە بەرامبەرتەوە کە هەزاران شەوی بەتۆف و ساردی ڕۆژ کردۆتەوە. چیایەکە ڕووبەڕووتە کە هەزاران سێڵاو بەسەر سینگی سەخت و بەردینیا هاتۆتە خوارەوە، بەڵام هێشتا هەر ماون، چونکە سەریان بۆ مردن شۆڕ نەکردووە. لەبەر خۆتەوە ئەڵێی: «من ڕۆڵەی چیا، چۆن لە چیا کەمتربم؟! چۆن لەبەر تۆفانی گوللە و بۆمبا و لەبەر هەورەگرمەی فڕۆکە ببەزم؟!»

تۆ ئەزانی تەنیا یەک جار بەزین، تەنیا یەک جار ترسان، کۆتێک ئەخاتە گەردنت کە هەرگیز لە دەستی ڕزگار نابی. بیر ئەکەیەوە سێ ڕێگا هەیە:

یەکەم سەرکەوتن و پڕ بەهەموو دەشت و دۆڵی چیا سەربەرزەکانت نەڕاندن: «ئەی خۆبەختکارانی پێشوو، من سەرکەوتووم، من ڕۆڵەی حەلاڵی ئێوە بووم. داری خێر و خۆشی و ئازادی بەری هێنا، دادگەری سەرکەوت.»

دووهەم، کۆڵنەدان و مردن، کە خۆی چەشنێکی ترە لە سەرکەوتن.

سێهەم، بەزین و سەرشۆڕی.

بیری تەسلیم هەناوت پڕ ئەکا لە بێزاری، چاوی گەشی کوڕەکەت کە بەجانتای پڕ کتێب لە قوتابخانە ئەگەڕایەوە و بەگوللەی دوژمن بۆ هەمیشە لە ڕوانین کەوت، نیگای میهرەبان و ئەویندارانەی خێزانت کە لە ژێر خانووی ڕووخاودا بۆ هەمیشە خامۆش بوو، ئەمانە و زۆر بیرەوەری تریش تەنووری دەمار و بێزاریت تاو ئەدەن و بێ ئەوە بزانی کەست بەدەورو پشتەوە هەیە، یان نا ئەگوڕڕێنی: «نە، هەرگیز، هەرگیز...» و ئاسنی ساردی تفەنگەت دەستی گەرمت ئەلاوێنێتەوە.



## «سەبا» لە گێژی پەرچەمی خاوا

سەلام لە گوێگری بەڕێزی بەرنامەی تاپۆ.

کاک حەسەنی سوهرابی کە ناوی هونەری خۆی ناوە «سەبا» نامەیەکی بۆ نووسیوین و قوتابی دەبیرستانێکی بۆکانە و پارچە شیعرێکی بۆ ناردووین کە نووسەری بەرنامەکە ئەیخوێنێتەوە:

شەهیدی تیر و پەیکانی، عەزیز و چاو کەژاڵێکم
بەساتێ دای بەدەم بادا، بەوەڵڵا ڕەنجی ساڵێکم
هەموو ئەقوام و ئەغیارم، ئەکەن مەنعم بە سەودایيت
بەڵام بێ حاسڵە پەندم، عەجەب وێرانە ماڵێکم
لە تاوی دەبدەبەی عیشقی، بەدایم مەست و سەرخۆشم
خەریکی ڕەسم و نەقاشی، برۆ چەنگ و هیلالێکم
لە تیپی پەرچەم و زولفی، شکاوە عەسگەری ئەقڵم
ئەگەر سوڵتانی ڕۆمیش بم، ئەسیری ڕشتە تاڵێکم
چ لاوێ نوکتەزانم من، ئەڵێی پیرێکی سەد ساڵەم
لە ڕەمزی مەدرەسەی عیشقا بەعەینەن وەک مناڵێکم
وەکوو مەجنوونەکەی شەیدا ڕەئیسی عاشقان وێڵم
...................................ئەپرسن گەر هەواڵێکم
لە دەرسی مەدرەسەی مەجنوون، چ شاگردێکی مومتازم
خەریکی جەمع و تەفریقی جەبین و وردە خاڵێکم
عەبەس بوو بۆ ڕەقیبانم، هەموو تەهدید و تەحبیبم
لە مەیدانی وەفا، ناڕۆم بەچەپڵە و قرمە قاڵێکم
ئەوا خەڵکان هەموو مەستی شەڕابی گیانی گیانانەن
بڵێم چی کاری لەش وایە، فیدایی قەدد و شاڵێکم

سەباش وا کەوتە بەر تەعنەی ڕەقیبان و حەسوودانی
درێغ ئەی هاتفی بەختم، خودا نەیدا مەجالێکم

بەخوێندنەوەی شیعرەکانت، لاوێکم هاتە بەرچاو کە هەستێکی شاعیرانەی هەیە بەڵام هێشتا نازانێ سەردەمی «ناڵە ناڵی لە ژێر سۆلی دڵدارا» نەماوە؛ نازانێ کە شیعری ئەمڕۆ هونەرێکی گرینۆک نییە و شاعیری ئەمڕۆ ئیتر ناتوانێ بەپەنجەی خەناوی کچێک شەهید بێ و شەهادەت بۆ شاعیری ئەمڕۆ تەنیا لە مەیدانی پان و بەرینی پاراستنی سوودی گشتییا ئەگونجێ. شاعیرێکمان هەیە ئەفەرمووێ:

باسی زولفی درێژ و چاوی بە خەو
نەبراوە بووە کارەکەی خوسرەو

برای باشم ئەتوانی بەمن بفەرمووی ئەم دەردی دڵەی دڵبەر بۆ کۆمەڵ سوودی چییە؟ برا و خوشکەکانت لەم سکاڵا بێ بایەخە بۆ دەرمانی دەردەکانیان چییان دەس ئەکەوێ یا هەر ویستووتە بزانی شێوەی کۆنی شیعری کوردی ئێستەش داشداری و پارێزگاری لێوە ئەکرێ یام نە. خوا لە گەورەیانی ڕابردوومان خۆش بێ، گۆڕی نالی و وەفایی و مستەفا بەگی کوردی و میسباح و تاهیر بەگ پڕکا لە نوور، ئەگەر بیانزانیایە وای لێ دێ و هونەری شیعر و شاعیری بەم ڕۆژە ئەگا، خوا عالم کە شیعریان نەدەکوت. هەموو هونەرێک لەگەڵ کات و سات ئەبێ نوێ بێتەوە. ئەم زرمە زرمەی پەنا گوێچکەمان تەقەی سۆلی نازدارێکی بەناز نییە کە لە سێباری شەودا بەرەو ژوان ئەچێ. ئەمە دەنگی شەوەیە و کۆرپەی هیوا ئەبا. تو خوا خەسار نییە؟ تۆ کە ئەزانی شیعر بڵێی لەباتی سڵەماندنەوەی ئاڵی زاڵی شەو، لەجیاتی شەقکردنی جەرگی شەو، بەشمشێری دوو دەمی شیعر، دەس بکەی بەڕاژاندنی بێشکەی بەتاڵی هەستی خۆت؟

کاتی مەجنوون بەسەر چوو، برای چا بە، شاخە بژوێنەکانی موکوریان مەکە بەدیجلەی قاقڕی مەجنوون. تکایە سەرێک لەو شاخە بدە کە نەتدیون و هەر لە جیهانی بیرکردنەوەدا فەرمووتە وێڵی ئەو چیایانەی. بڕوانە دەستی بەهێزی فەلا چۆن تەوێڵی هەڵدڕیون و کردوونی بەگەنم و جۆ و بێستان. گوێت لە هۆهۆی جووتیار و بلوێری گیان بزوێنی شوان بێ و بزانە کە جوانی ڕووت لە تێکۆشانی ئادەمیزاد



دایە بۆ ژیان، بۆ ژیانی ڕوو لە باشی و تەسەلی و تەیاری. برای من ئەوین جوانە، بەرز و خودایییە؛ بەڵام تۆی کورد بۆ بەعەرەبی عاشق بووی. گوێ بگرە بۆ ئەم شیعرەت:

هەموو ئەقوام و ئەغیارم، ئەکەن مەنعم بە سەودابیت
بەڵام بێ حاسڵە پەندم، عەجەب وێرانە ماڵێکم

شەش وشەی عەرەبی لە تاقە شیعرێکا. من تەنانەت لەسەر ئەم بڕوایەم کە ئەو کچە بەستەزمانە ساکارە هەر تێناگا تۆ پێی هەڵئەڵێی یا تەوس و پلاری پێدا ئەدەی؟

کچی کوردی هۆگری مەزرا و دەشت، هاودەمی شنەی نیانی بەیانی ئاوایی کە بە وشەی ساکار و لە دڵەوە هاتووی کوردانە ڕاهاتووە، وەک ئاسکی ڕەوەک لەم عەرەبییە تەق و ڕەقەی تۆ سڵ ئەکا. وا ئەزانێ بەچاویا ئەدەیەوە کە تۆ خوێندەواری؛ تەنانەت ئەگەر کیژێکی خوێندەواریش بێ تا لە ناو قاmووس و ئەلمونجیدا بۆ مانای وشە عەرەبییەکانت ئەگەڕێ، کوڵ و کۆ و تاسە و تامەزرۆیی ئەوین لە دەروونیا دامرکاوە. پێش بەهەستی شاعیرانەت مەگرە. بەری بەردە با بازوێ. جوان دوان و دژوار دوان دوو مەبەستی لەیەک جیان. شاعیر بەو کەسە ئەڵێن کە جوان ئەدوێ و ئەو کەسە کە دژوار ئەدوێ مەتەڵۆکەبازە، قوتابی بەشی عەرەبییە نەک شاعیر و هەستیار.

جگە لەمانە هەڵەی دەستووری و فەننیش لە شیعرەکانتا هەیە کە من چاویان لێ ئەپۆشم چونکە بووکی دزێو نابێ قسە لە بەرگەکەی بکەی. هیوادارم لە ئامۆژگارییەکانم کە بۆ ڕێنوێنیتە ئاڵۆز نەبی. ئەزانی کە دۆستی باش ئەو کەسەیە هەڵەت بخاتە بەرچاو نەک بەلێخۆشبوون و چاوپۆشین هانت بدا بۆ هەڵەی یەک لە دوای یەک. تا بەرنامەیەکی تر هەمووتان بەخوای گەورە ئەسپێرین.

١٣٥٠/٢/٢٠

# ناسۆری دەروون

سڵاوی گەرم و بەگوڵ، سەرچاوەی لە کانگای دڵ، پێشکەش بەگوێگری هۆگری هێژا. لە بەرنامەی ئەمڕۆدا پارچە پەخشانێکتان پێشکەش ئەکەین. هیواداریین بەدڵتان بێ و پەسەندی کەن.

گەلاوێژ کەوتبوو. هەوا خەریک بوو بەرەو ساردبوون ئەچوو، بەتایبەت بەشەودا تەواو سارد بوو. لە جێگاکەما هەر ئەم بار و ئەم بارم کرد؛ بەڵام خەوم لێ نەکەوت. بایەکی سارد لە درزی پەنجەرەکانەوە ئەهاتە ناو هۆدەکەمەوە. یەکێ لە شووشەی پەنجەرەکان شکا بوو. کوتە ڕۆژنامەیەکیان بەهەویر پێوە نووساندبوو کە بەری سەرما بگرێ، بەڵام کوتە ڕۆژنامەکە دڕابوو. بایەکە کاتێ لێی ئەدا ئەتکوت دەنگی دووزەلەیەکی شکاوە بەلای لێوی منداڵێکی ناشارەزاوە ویزە ویزی دێ. من لەو کاتەدا زیاتر لە دوازدە ساڵ تەمەنم نەبوو و لەو دیوەخانە زلەدا کە تەنیا بەچرایەکی حەوت نمرەی پایەدار کە لە ناو تاقەی شانشینەکەدا ئەگڕا ڕووناک ئەبۆوە، هەستم ئەکرد زۆر بەتەنهام. لەو تەمەنەدا دەروونی منداڵ بیرەوەرییەکی وای تێدا کۆ نەبۆتەوە کە لە تەنهاییا پێیەوە خەریک بێ. منداڵ ئەیەوێ فێر بێ. ئەیەوێ لە ناو حەشیمەتا بژی. من ئەو شەوە بەتەنیا بووم و خەویش بەهاژەی باو ویژەی ڕۆژنامەکەوە لە چاوم تارا بوو.

لەبەر هەیوانی دیوەخان چەن کێشکچی وریا بوون. گڕی ئاورێ وا کردبوویانەوە و حەوت جۆش و کتری چایان بەلاوە نابوو، منی بانگ ئەکرد. هەستام خۆم پۆشتە کردەوە. هەر لە تاریکییا دەستم کوتا و کەوڵەکەم دۆزییەوە و بەسەر شانمدا دا و لە هۆدەکە دەرکەوتم. گەیشتمە لای پیاوەکان و پێش هەموو شت دەستم بەئاگرەکە ڕاداشت.

دوو لاو بوون و پیرێک. پیرەکە ناوی ئەحمەدە جەنگە بوو. تفەنگێکی سێ تیری لە لای دەستییەوە دانا بوو. بەچاوپێکەوتنی من هەستا و بێ ئەوە هیچ بڵێ دەستی



گرتم و لای ئاگرەکە لەسەر بەڕەیەکی کۆن دایانم و پاشان چاوی بڕیەوە گڕی ئاگرەکە. چرچ و لۆچی دەموچاوی پیاوانەی لەبەر پڕشنگی ئاگرەکە قووڵتر و بەسامتر ئەهاتە بەرچاو. بەرزایی لێو و گۆنا و لووتی ڕوون و سوور بوو، بەڵام ئەو جێگایانەی وا کەوتبووە ژێر سێبەری گنجی دەموچاویەوە، تاریکی ئەنواند. نازانم چۆن بوو کوتوپڕ، بەدڵما هات ئەم دەموچاوە کە نە بزەیەک ئەیگرێ و نە بەپەژارەیەک تێک ئەچێ ئەڵێی ملە کێوێکی بەباسک و بانووە کە تازە خۆری بەربەیانی لێدابێ. سەر باسکەکانی ڕووناکە و ناو دۆڵ و شیوەکانی، ئێستا هەر بوومەلێڵ و تەپ و مژە. ئەبوو، قسەیەک بکەم، چونکە من لە تەنیایی ڕامکردبوو. کوتم: «چایەکەتان ئامادەیە؟» دەستێک بەگورجی حەوت جۆشە قورسەکەی هەڵگرت و قورۆشکەیەکی تەنەکەی پڕ کرد لە چایەکی ڕەش و دوو کولۆقەندی لە ژێر پیاڵەکە خست. یەکێ لە کێشکچییە گەنجەکان هەستا خۆی تەکاند و بە بای دەستی چایەکەی من پڕ بوو لە خۆڵەمێش، کوتی: «مام ئەحمەد پێت چۆنە دەورێکی دی بدەم.» مام ئەحمەد ئەتکوت قڕ و قپی کردووە، بێ ئەوە هیچ بڵێ تفەنگەکەی بۆ درێژ کرد. لاوەکە وەری گرت و بەشانیا کرد و لە لێژی بەرەو هەیوانەکە چووە خوارەوە.

پرسیم: «مام ئەحمەد تەمەنت چەند ساڵ ئەبێ؟» بەدەنگێکی نەرم و پیاوانەوە کوتی: نزیکی شێست.» قەڵاشکاری سەر ئاگرەکە نیوەی سووتابوو. قرچەیەکی کرد و بوو بە دوو کوتەوە. مام ئەحمەد سەرەبزووتەکانی لەسەر یەک هەڵچنی و بە لکی مێزەرەکەی گەشاندیەوە و گڕی تێبەردان. ئاگری دامرکاو دیسانەوە بڵێسەی هات. مام ئەحمەد لەپی دەستی بەیەکا سوو و دەنگی بەیەکا خشانی، دەستی ئەتکوت دەنگی دوو بەردە زوورەیە کە لەیەک ئەدرێن. جگە لە دەوروبەری ئێمە هەموو جێگایەک تاریک بوو. کۆڵانی دێ، دەشتی پشت ئاوایی و چیایەکی بەرز لەوپەڕی دەشتەکەوە لووتکەی لە تاریکایی ئاسمانا گوم ببوو. مام ئەحمەد بەسۆزە دەستی پێ کرد بە بەیتی سوارۆ:

هۆ هۆ سوارۆ
سوارەکەی لە من بەتەنێ
...............

بەکوڵ گوێم لەو دەنگە گرتبوو کە لە گەروویەکی پیر ئەهاتە دەر. وردە وردە هەستم

کرد دەنگی مام ئەحمەد جادووم ئەکا. دەنگێک کە خەمی شێست ساڵ چەوسانەوەی تێدا بوو و پەژارەی تەمەنی پڕ مەینەت وەک پرێسکەی ڕەبەنی ئەو شار و ئەم دێ گەڕاو، چەشنی ناندێنی شوانی برسی ئەکرایەوە. من ئەو کاتە نەمدەزانی ئەگەر کورد گۆرانی لێ بستێنییەوە، ئەگەر ماوەی نەدەی ویزەی باو و بالۆرە و بەیتی بێ، ژیانی چەندە حەستەمە. ئەو کاتە نەمدەزانی ئەمانە کە بەسەر زمانی کوردا دێ و پێی ئەڵێن بەیت، ئەو فووە سێحراوییەیە کە لە گەرووی شمشاڵی شوان و دەشتەوانی کوردەوە دێتە دەر، برینێکە کە ئەدرێ و ئارامی لەشی سزاکێشیەتی.

ئەو شەوە مام ئەحمەد بەسۆزە دەستی پێ کرد، بەڵام بەیتی سوارۆ لە نیوەیا بوو بەهاواری دڵی خۆی. بەرز بۆوە، بەرزتر بۆوە. لەشی ساردی ئاوایی ئاخنی. گوێی کپی دەشتی پڕ کرد و بەلووتکەی چیادا هەڵگەڕا بەرەو ئاسمان، بەرەو ئەو جێگایە کە چارەنووسی لێ دیاری ئەکرێ و بەشی بەختەوەری و کوڵۆڵی لێ دابەش ئەکرێ. دڵۆپێ گریانم لە سەرچاوەی چاوی مام ئەحمەد بەدی کرد کە لووزەوی بەست بەرەو چرچی سەر گۆنای و گەیشتە سەر یەخەی مراد خانی تا دیسانەوە لە دەریای پڕ شەپۆلی سەر دڵیا دامرکێتەوە. نەمزانی هەڵۆی پیری ئاواییەکەمان بۆچ ئەگری. ئاخۆ هەژاری و لەش بەباری یا ژێر چەپۆکی و ڕەنج بەخەساری، هۆی ئەو گریانەیە؟ مام ئەحمەد هەستی کرد کە گریانی ئەو ڕەنگە هەزار جۆر پرسیار لە دڵما زیندوو کاتەوە، ڕەنگە ڕوانینی گێژانەی من لەو کاتەدا مام ئەحمەدی تێگەیاندبێ کە پێویستە قسە بکا و پێم بڵێ بۆچ ئەگری. بەدەسرەی بەر خەنجەرەکەی، چاوی بەئەسرینی سڕی و لە کاتێکا هێشتا پەنگاوی گریان بەری گۆنجەی گەرووی گرتبوو، کوتی: «لە ئاواییا ئەڵێن ئەحمەد جەنگە هەرگیز پێناکەنێ، ئەمە ڕاستە، بەڵام تا ئێستە کەسیش نەیدیوە من بگریم، تەنانەت کاتێ کە تەرمی کوڕەکەشم بەرەو گۆڕ ئەبرا نەگریام.» هەستم کرد ئەبێ دڵخۆشی بدەمەوە، بەڵام نەمزانی بۆ کام کۆستی کەوتووە؟ باشتر بوو بێ دەنگ بم. سوارۆ نەشتەرێک بوو کە کوانەکەی دڕیبوو و ئەسرین ئاوێک بوو کە ئاگری دەروونی ئەوی دامرکاندبوو. بەیان بوو، من خەوم ئەهات. هەستام کە بڕۆم. کوتی: «بڕوانە کوڕم ژیان بەم چەشنەیە؛ تازە لە تۆدا چرۆ ئەدا، لە عەزیزی کێشکچیدا خۆی دادەڕێژێ و دێتە بەر و لە منیشا گەڵاڕێزان ئەکا و پاشان...»



سەری داخستەوە و چاوی بڕییە ئاگرەکە. مانگ دەرکەوتبوو. عەزیزی کێشکچی بەتفەنگەکەیەوە لە ناو ئاوایی ئەگەڕاوە و لە ژێر لێوەوە ویرەی ئەهات.

مانگەشەو خۆشە مانگ لەسەر ماڵان.

١٣٥٠/١٠/٣٠

## مردن سەفەرێکی دوورودرێژە

سەلام لە گوێگری بەهەست و هونەرپەرەستی بەرنامەی تاپۆ. تکایە گوێ بگرن بۆ پەخشانێک.

– «عەزیز! عەزیز، ڕۆڵە، درەنگە! هەستە کوڕم. مەلا بانگانە!»

عەزیز هەستا. بەدەم خۆکێشانەوەوە باوێشکی هاتێ. شەو نەیتوانیبوو بخەوێ. بۆ مەگەر ئەکرا؟! برا بچووکەکەی چەند ڕۆژ بوو لە ئاگری یاوێکی بەتینا وەک پشکۆ و پۆلووی سوور ئەگڕا. پیرەژنی ئاواییەکە ئەیانکوت کەوتوویەتی. دوێشەویش عەزیز خەو نەچووبووە چاوی. چرایەکی فتیلە لەسەر کورسییە شڕەکەی ماڵیان ئەسووتا و دووکەڵی ئەکرد. سێبەری دایکی کە مەمکی بێ شیری نابووە سەر دەمی ئاورینی کۆرپەکەی و هەر لەو بارەش خەوی لێ کەوتبوو، لەسەر دیواری قورماوی هۆدەکەیان سەمای ئەکرد و ئەتکوت مناڵەکە مژ لە مەمکی دایکی ئەدا. تەنیایی و بێکەسی پڕ بەماڵەکە پەنگی خواردبۆوە. عەزیز تەماشای براکەی ئەکرد. بەحاڵ هەناسەی ئەهات. دەمی نیوە تاکی بەگۆی مەمکی دایکییەوە وشک ببوو. عەزیز هاتەوە بیری کە کاتێ مناڵ بوو، باوکی بەزستانێکی سارد هەر لەم هۆدەیە مردبوو. عەزیز لەپڕ مووچرکێ بەلەشیا هات و چەق و چۆیەکی تیژ تێپەڕ بەئەندامیا گەڕا. ئەتکوت تێپەڕینی چەند ساڵ بەسەر ئەو زستانە ساردەدا خوێنی گەرمی لاوی کە ئێستە لە دەماریا ئەگەڕا نەیتوانیبوو ڕێگای بووژانەوەی سەرمای ئەو سەردەمە لە دەروونیا ببەستێ. هاتەوە بیری، وەک خەونێکی بێ ڕەنگ، کە بەپێخواسی بەدوای تەرمی باوکیا چووبووە گۆڕستان، کەمێکیشی لە تەڵقینی مەلا هەر لە بیر مابوو کە کوتبووی: «مام هۆمەری کوڕی خات ئەستی! تۆ مردووی، دوو مەلاییکە دێنە سەرت و پرسیارت لێ دەکەن، خوات کێیە؟ پێغەمبەرت کێ؟ و کتێبت کامەیە؟» لەمە زیاتر بیری بڕی نەدەکرد. عەزیز دوێشەو زۆری بیر کردبۆوە و لە خۆی پرسیبوو خوا کێیە؟ بەڵام زۆرتر سەری لێ شێوا بوو، بەری بەیانی کە ئەبێ هەستێ و بچێ بەفری



سەربانی تەویلەی ئاغا بماڵێ، بیری ئەمە کە بەیانی زەوادیان لە ماڵێدا نییە بیخۆن، نەیهێشتبوو وەڵامێ بۆ پرسیارەکەی بدۆزێتەوە. عەزیز دوێشەو هەزار بیرەوەری هێرشیان کردبووە سەر مێشکی. بیری خودا و بیری نان و بیری دایکی کە لاپێژی ماڵی ئاغایە. بیری خۆی و برا بیمارەکەی و لە دوای هەموویانا بیری شاگوڵ.

هاتەوە بیری کە ڕۆژێکی بەهاری پاش هەستانەوەی جووت و کزربوونەوەی زەوی، خەریکی جووتکردن بوو. پۆلە کچێک بۆ شنگکردن هاتبوونە داوێنی ئەو کێوە وا جێ جووتەکەی ئاغا لە خواریەوە بوو. کراسی سەوز و سووریان لەبەر نووری خۆرەتاوا برووسکەی ئەهات و بەبالۆرە بانگی تاقمێکی تریان ئەکرد کە لەوبەرەوە بوون؛ هاتەوە بیری کە لەو کاتەدا کوڕی ئاغا بەسواری ئەسپێکی کوێت بە ڕەخت و بەرەی زێوەوە لێی پەیدا ببوو و بەهاژەی قەمچییەک ئەوی لە جیهانی ئەوین و خەیاڵ تاراندبوو و خۆی کەوتبووە شوێن کچەکان و نووزەی بەئاستەمی برا بچووکەکەی و چاوی خەوتێشکاوی دایکی کە بەناڵەی پڕ لە دەرد و ئێشی کۆرپەکەی کرابۆوە هەودای خاوی بیرەوەری عەزیزی پساندبوو.

– «ڕۆڵە عەزیز بەخەبەری؟ بخەوە کوڕم، بەیانی کارت زۆرە. ئەرێ کوڕم پەنا بەرە بۆ خودا!»

دایکی عەزیز هەر ئەوەندەی کوتبوو و چاوی ماندووی لەسەریەک دانابۆوە. لە سیمایا چەوساوەیەتی هەزارەها ساڵ چینی هەژار دەهاتە بەرچاو. ئەو رواڵەتە پەڕپووتە ئەتکوت پەیکەرەی توانجە دژی سەرکەوتنی مرۆڤایەتی. عەزیز چاوێکی بەژوورەکەدا خشاندبوو. هێلەگێکی هەڵواسراو و دوو سێ کاسە و کەوچکی چێوی، گۆزەیەکی سوور کە لەبەر تیشکی نیوە ڕەنگی چرای فتیلەدا قاوەیی ئەنواند، دەستێ نوێنی قەد کراو لە گۆشەی هۆدەکە، دوو وێنەی خەیاڵی لە دوو پیاوی گەورەی ئایینی کە لە ناو گۆوارێک دەرهێنرا بوو لەبەر دووکەڵی ناو ماڵ ڕەش هەڵگەڕابوون و ئیتر هیچ. عەزیز لەوپەڕی گێژی و کاسییا بزەیەک گرتی. دایکم دەستە نوێنەکەی باوکمی پێچاوەتەوە لە گۆشەیەکا داینەوە. زۆر جار دیومە کە لە بەرامبەریا دانیشتووە و لەبەر خۆیەوە قسە ئەکا. لای وایە باوکم یەکجاری بەجێی نەهێشتووین. ئەڵێ ئەگەڕێتەوە. دڵنیام ئەگەڕێتەوە.

ڕاستی مردن چییە؟ بەرەو کوێ ئەچین؟ ڕەنگە دایکم ڕاست بکا؛ مردن سەفەرێکی دوورودرێژە، بەڵام گەڕانەوەی هەیە. ئەگەر ئادەمیزاد بەم ساکارییە بمرێ و ئیتر نەگەڕێتەوە چۆن ئەبێ؟! بێ گومان من باوکم ئەبینمەوە. ئەگەر ئەم مناڵە بچووکەش بمرێ!...

لێرەدا عەزیز نەیوێرابوو بەشوێن بیرەکەیا بڕوا. تەنانەت بەخەیاڵیش دڵی نەهاتبوو مردنی ئەم ساوا خوێن شیرینە بهێنێتە بەرچاو.

ئەو شەوە تێپەڕ بوو و عەزیز بەیانی چووبوو بەبێگار بەفری سەربانی تەویلەی ئاغای ماڵیبوو. بەرچایی نەخواردبوو و ئارەقەیەک کە بەگەرمی لە لەشی ئەهاتە دەرەوە و خێرا بەهەناسەی ساردی بای زستان ئەیبەست و لەسەر سمێڵی تازە ڕواوی ئەبوو بەسەهۆڵ، دیار نەبوو لەبەر بێ هێزی برسییەتییە یا شەکەتی کاری بێگاری و ڕەنجی خەساری یا لەبەر هەردووکیان. بۆ مەگەر هەژار دەردی یەک و دووانە؟ خوا نەکا مەینەت و چارەنووسی ڕەش ڕێگای دڵێک و تەوێڵێک بدۆزێتەوە. وەک قیلی کەوای سپی پێیەوە ئەنووسێ و بەهیچ بارێ بەری نادا، ئەمە ڕێگا و شوێنی جیهانە و «بەرە هەر لە لای تەنکییەوە ئەدڕێ».

کاتێ ئێوارەیەکی درەنگ عەزیز بەزگی برسی و لەشی ماندووەوە گەڕابۆوە بۆ ماڵ، چاوی بەبرای ساوای بیمار و لەش بەباری کەوتبوو کە پڕشنگی ژیان لەسەر ئاسۆی لێوی کاڵەوەبووی خەریکی ئاوابوون بوو. دایکی عەزیز دەمی بەڕوومەتی کاڵ و کرچی کۆرپەیەوە نابوو، ئەیویست لە گیانی خۆی بەشی بدا.

کاتێ مناڵێک دێ هەتاوێک هەڵدێ؛ بەهارێک پێئەکەنێ و کاتێ مناڵێک ئەڕوا، ڕۆژێک ئاوا ئەبێ و گوڵزارێک شەختەی لێ ئەدا.

عەزیز لە بەردەرگا هێزی ئەژنۆی شکا بوو. وڵات لە بەرچاوی سووڕا بوو. گێژ و خولی خواردبوو و هێندێک پاشان دایکێکی هەژار نەیزانیبوو بۆ کۆرپەی بگری یا بۆ لاوەکەی. کرێوەیەکی توند، دەرگای نیوە تاکی هۆدەکەیانی کردبۆوە و گەردالێکی بەفری ڕژاندبووە سەر کەوشکەنی هۆدەکەیان. لە دەرەوە دەنگی گزیری ئاغا ئەهات کە هەرای ئەکرد: «بەیانی هەرچی پیادەی ئازا و کەڵەمێردە، ساز بێ؛ خان ئەچێ بۆ ڕاو.»



چپەی دوو کوڕ و کچی ئەویندار کە لە بەردەرگای عەزیز و دایکی بڕیاری ژوانی شەویان ئەدا ئەهاتە بەرگوێ. پاسارییەک لە ژێر پاسارەی ماڵێک بەجریوەیەکی نەرم دەرئەپەڕی و باڵی ئەگرت بۆ ڕەشانگی جێ دانگەی ڕانەمەڕی ئاوایی.

– «عەزیز! عەزیز؛ کوڕم! هەستە! کوڕم مەلا بانگانە!»

عەزیز هەستا بەدەم خۆکێشانەوە باوێشکێکی دا و لەبەر خۆیەوە کوتی:

– «نەهاتی خۆشە، قورتەکانی ناخۆشە.»[١]

٥١/٦/٦

(١) فەقیری خۆشە، قۆرتەکانی ناخۆشە.

## حەقیقەتی شاعیرانە و حەقیقەتی عیلمی

سەلام لە گوێگری بەڕێز و هونەر پارێزی بەرنامەی تاپۆ.

گوێگرانی بەڕێز زۆر جار نامەیان بۆ ئێمە نووسیوە و گلەییان کردووە کە نامەکانیان وەڵام نەدراوەتەوە و دیارییەکانیان لە شیعر و لە نەسر لەم بەرنامەیەدا بڵاو نەکراوەتەوە. ئێمە جێگا و نیشانێکی ڕاست و ڕەوانمان هەیە و زۆر بەلامانەوە سەیرە کە چۆن نامەکان بەدەستمان نەگەیشتوون. ناچارین بڵێین کەمتەرخەمی بۆتە هۆی ئەم کارە. جا چ هی پۆست بێ و چ هی هەواڵانمان لە کرماشان. ئێمە لەو هاوکارانە لە ڕاسپێری دابەشکردن و ناردنی نامەی گوێگرەکانیان بۆ لێپرسراوان و نووسەرانی بەرنامەکان لە ئەستۆیە داوا ئەکەین ئیتر کارێک نەکەن ئێمە شەرمەزاری گوێگرەکانمان بین. بەڵام باشتر ئەمەیە، ئێوە کە نامە بۆ بەرنامەی تاپۆ ئەنووسن بەئادرەسی «تاران، مەیدانی ئەرک، ڕادیۆی ئێران، بەشی کوردی و بەناوی لێپرسراوی گشتی کاک مەزهەری خالقی یا بەناوی نووسەری بەرنامەکە» بنێرن و دڵنیا بن کە ئەگاتە دەستمان. هەڵبەت ئێمە لەم بڕوایەداین کە تەنانەت گلەکردنیشتان نیشانەی لوتفتانە بەبەرنامەکەمان، چونکە ئادەمیزاد هەر گلە لە دۆستی ئەکا. لە هەر حاڵێکا بەرنامەکەمان هەمیشە ئامادەیە بۆ هونەرنماییتان لە هەموو بارێکەوە. هیچ پێویست ناکا ئەوەی وا بۆ ئێمەی ئەنێرن، نووسراوێکی شیعری و یا نەسری بێت. داب و دەستووری وڵات و دەربڕینی بڕواتان کە ئەم داب و دەستوورە پێوەندی بە چ بارێکی کۆمەڵایەتییەوە هەیە و تێکەڵاوی لەگەڵ هونەر و عاتیفەدا چییە، خۆی ئەتوانێ لە ئێوەوە بۆ ئێمە دیارییەکی باش و هێژا بێ.

نووسراوێکی هێژای **ستانفۆرد**مان دەس کەوتووە کە مەنووچێهری ئاتەشی، شاعیری باشی ئێرانی وەری گێڕاوەتەوە بەفارسی و ئێمە کردوومانە بەکوردی و پێشکەشتانی ئەکەین. ناوی وتارەکە ئەمەیە: حەقیقەتی شاعیرانە و حەقیقەتی عیلمی. ئەم نووسراوە هەوڵی ئەمەیە کە ڕوونی بکاتەوە ڕاستەقینە و حەقیقەت لە



ڕوانگەی عاتیفەوە جیاوازی هەیە لەگەڵ حەقیقەتێ کە زانست ئەیبینێ و ئەیناسێ.

هەڵبەت ئەم وتەیە بەم مانایە نییە کە حەقیقەت خاوەنی دوو ڕواڵەتی دژی یەکترە یا ئەوەی وا عاتیفە بەحەقیقەتی دائەنێ یا ئەو شتە وا زانست بەحەقیقەتی ئەداتە قەڵەم یەکیان حەقیقەتە و ئەوی تریان دژی حەقیقەتە. ستانفۆرد .STANFORD W. P - ئەیەوێ بڵێ زانست و هونەر هەردووکیان حەقیقەت ئەبینن و ئەیناسن بەڵام لێکدانەوەیان و ڕوانینیان جیاوازە. ئەمە ئێوە و نووسراوەکەی ستانفۆرد.

داستانێ سەبارەت بە**ویلیام باتلێرییتس**، شاعیری گەورەی ئینگلیزی ئەگێڕنەوە کە بەباشی جیاوازی نێوان حەقیقەتی شاعیرانە و حەقیقەتی زانستی لێ دەرئەکەوێ. باتلێرییتس شەوێک لەگەڵ دۆستێکی زانایا دائەنیشێ و پاش شێو خواردن بەپێی باوی ئەو کاتەی **دوبلین** لێ ئەبڕێن چەند وردەیەک بەبانگکردنی گیان واتە ئیحزاری ئەرواحەوە خەریک بن. بۆ ئەم کارە شاعیر و زانا و دۆستەکانی تریان لە پشت پەنجەرەی هۆدەکەیەوە کە ئەڕوانێتە سەر شەقام ڕوو ئەکەنە گۆیەکی بلووری و بەگۆیەکەدا ئەڕوانن. لەپڕ باتلێرییتس بەدەنگێکی جادووگەرانەوە دێتە قسە و ئەڵێ من تاپۆیەکی جادوویی و پڕشنگدار ئەبینم کە لەسەر تەپۆڵکەیەکی خاکی سەما ئەکا. شکڵی تریش ئەبینم ڕەنگیان سوورە، سەوزە، ئەرغەوانییە کە بەدەوری تاپۆیەکەدا دێن و دەچن. زانا قسەکەی ئەبڕێتەوە و ئەڵێ ئەوەی وا دێتە بەرچاوی بەڕێز باتلێرییتس پڕشنگی ئەو شتانەیە کە لە دووکانی دەوافرۆشی ئەوپەڕی شەقامەکەوە لەم کۆبلوورییەی ئەدا. ئەگەر باش سەیری دووکانەکە بکەن ڕیزە بوترییەک لە دووکانەکەدا ئەبینن کە پڕن لە دەوای سوور و سەوز و ئەرغەوانی. خۆرەتاو لەوانی داوە و پڕشنگیان ئەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەم گۆبلوورییە کە لە بەردەمی ئێمە دانراوە. ئەمەیە تاپۆی پڕشنگداری باتلێرییتسی بەڕێز.

ئەم جیاوازی بیروبڕوایە شتێکی تازە نییە. لەمێژە زانایان توانجی وەها ئەگرنە شاعیران. لە سەدەی شەشەمی پێش میلاددا زانایانی وەک **گزنۆفان و فیساغورەس** شاعیرانی وەک **هۆمێر و هێریود**یان بەدرۆزنترین ئادەمیزاد ناو ئەبرد. **هیراکلیت** ئەیکوت شاعیران لەبەر ئەمە کە لە حەقیقەت لائەدەن شایستەی تازیانە لێدرانن. ئەفلاتوونیش لە پەڕاوەی کۆمارەکەیا ئیشارە ئەکا بەکێشەی لەمێژینەی شیعر و فەلسەفە و شاعیران ڕێ ناداتە ناو شاری پاکژ، واتە مەدینەی فازیلەی خۆیەوە،

چونکە لای وایە درۆی زیان ئاوەر ئەکەن. هەڵبەت ئەفلاتوون قوبووڵی ئەو درۆیانەی بەلاوە گرنگ نەبوو کە سەرچاوەی ئیعتیبار و هێزێک بن بۆ وڵات. ئێستەش زانایان تێکڕا حیسابیان کەی و کورتەیەک لە بڕوایان وەرگری ئەبێتە ئەمە کە شاعیران یا درۆزنن یا بەداخ و دەردەوە دوورن لە ڕاستەقینەی ژیان. ئەمەیە لێکدانەوەی گشتی سەبارەت بەشێعر کە بێ گومان پایەیەکی دروستی نییە.

ئەگێڕنەوە ڕۆژێک شاعیرێک لە شیعرێکا کوتی لە هەر وردەیەکا ئادەمیزادێک ئەبێ و یەکێک ئەمرێ. ژمارەگەرێک ڕەخنەی لێ گرت و کوتی ئەگەر ئەمە ڕاست بوایە، ئەبوو حەشیمەتی جیهان هەرگیز نەگۆڕێ، نە کەم بێت و نە زۆر، لە کاتێکا وەها نییە. ئەبوو شاعیرەکە بڵێ لە هەر وردەیەکا ئادەمیزادێک ئەمرێ و یەک ئادەمیزاد و ١/١٧ی ئادەمیزاد لە دایک ئەبێ! بەڵێ تەرازوو ئەمەیە بۆ درۆزنی شاعیران!

ڕەخنەگران ئیتر هاتوونە سەر ئەم بڕوایە کە بەڵێ شاعیرانی وەک **ییتس و بلیک** blake شێتن، بەڵام لەو شێتانەن کە پیاو سەرگەرم ئەکەن، بەڵام لایەنگران ئەڵێن شاعیران هێزێکی جادووییان هەیە و ئەتوانن ئەو شتانە ببینن کە خەڵکی ئاسایی ناتوانێ بیانبینێ.

دژی ئەو بڕوایانە کە هەندێ لایەنگری شاعیرن و هەندێ بە شێت و درۆزنیان ئەزانن، مەبەستێک هەیە کە کەمتر کەس ئامادەیە بۆ قبووڵکردنی، ئەویش ئەمەیە کە شاعیر و زانا لە دوو باری زۆر گرنگەوە لەیەک ئەچن، پێش ئەوە ئەم لەیەکچوونە و ئەم دوو بارە باس بکەم پێم خۆشە بڕوای ئەرەستوو سەبارەت بەلایەنگری لە شیعر لە بەرامبەر هێرشی توندی ئەفلاتوونەوە بۆ سەر شیعر باس بکەم.

ئەرەستوو ئەڵێ: «شیعر بەهیچ بارێک درۆی زیان ئاوەر نییە. شیعر هەر باسی ژیانی خەڵکە، هەر حەقیقەتە، بەڵام لە ڕوانگەیەکی بەرزترەوە. شیعر خەڵک یا ڕووداوەکان وەها کە هەن و بەرچاو ئەکەون باس ناکا؛ بەڵکو وەهایان باس ئەکا کە ئەکرا ببن.» یا ئەبێ ببن. ئەرەستوو بەم چەشنە بەرگری نامەکەی لە ڕاسپێری کۆمەڵایەتی شیعر درێژە ئەدا و ئەڵێ: «شیعر لە مێژوو پتر باری فەلسەفی تێدایە و زۆرتر لە مێژوو شیاوی شیکردنەوەیە.»

تا بەرنامەیەکی تر کە دیسانەوە لەسەر باسەکە ئەڕۆین، بەخواتان ئەسپێرین.



## شاعیر و حەقیقەت و واقعییەت

سەلام لە گوێگری خۆشەویستی بەرنامەی تاپۆ.

لە بەرنامەی پێشوودا بەشێکمان لە نووسراوێکی ستانفۆرد پێشکەش کردن بەناوی حەقیقەتی شاعیرانە و حەقیقەتی زانستی. کورتەی بەرنامەی پێشوومان ئەمە بوو کە سەبارەت بەکاری شاعیران و ڕادەی تەئسیریان لەسەر کۆمەڵ، بڕوای جۆربەجۆر دەربڕاوە. فەلاسەفە و زانایان لە ڕۆژگارانی زووەوە تاقمی شاعیریان بە باشی نەهاتۆتە بەرچاو. تاوانباریان کردوون بەدرۆ و یا لانی کەم کوتوویانە لێکدانەوەی شاعیرانە دوورە لە ڕاستەقینەی ژیان. باسی ئەفلاتوونمان کرد کە بەشاعیران ئەڵێ درۆزنانی زیان گەیێن و هەروەها باسی دیفاعییەی ئەرەستووشمان کرد لە شیعر و کوتمان کە ئەرەستوو، پسپۆڕ و بلیمەتی جیهانی کۆن لە بەرگری نامەکەیا ئەڵێ شیعر لە مێژووی نووسراو زیاتر لە فەلسەفە نزیکە. هەڵبەت ئەم قسەی ئەرەستوو هەمیشە بۆتە مایەی دڵمەندبوونی مێژوونووسانی زانستی. مێژوونووسی زانستی مەبەست لەو کەسانەیە کە بەبارێکی زانستییەوە سەیری مێژوویان کردووە و عیللەت و مەعلوولی ڕووداوە مێژووییەکانیان هەڵسەنگاندووە و تەنیا بەنووسینی وەقایع و ڕووداوەکان، بێ لێکدانەوە و بردنەوە سەریەکی هۆ و هەل و هەڵکەوتەکان، بەسیان نەکردووە. لەم مێژوونووسانە ئەتوانین ناوی **توسیدید و گیبۆن** بەرین. لام وایە کە ئەو بناغەیە وا ئەرەستوو بەهەڵپەوە دایڕشت ڕووکارەکەی لێکدانەوەی «جوانیناسان» واتە عالمانی عیلمی جەماڵ لە دە ساڵەی دوایی سەدەی نۆزدەدا پێک ئەهێنێ. **ئۆسکار وایڵد** لە نووسراوێکیا ئەنووسێ: «هونەر، بەرزی و تەواوی خۆی لە ناو خۆیا دەس ئەکەوێ. نەوەک لە جیهانی دەرەوەدا . هونەر نابێ بەتەرازووی وێچوون و شەباهەت لەگەڵ شتی دەرەوەدا هەڵسەنگێنرێ. هونەر گوڵی وەهای هەیە لە هیچ جەنگەڵێکا دەس ناکەوێ، باڵداری وەهای تێدایە کە لە هیچ باغ و گوڵزارێکا نییە، هونەر بەهەزاران جیهان دروست ئەکا و ئەیڕووخێنێ و ئەتوانێ مانگ بەدەزوویەکی سوور بەئاسمانەوە هەڵواسێ.»

هەڵبەت ئەم واتەیە لەگەڵ بڕوای ئەرەستوو جیاوازی هەیە؛ بەڵام سەیر ئەمەیە کە هەم ئەرەستوو و هەم ئۆسکار وایڵد لەسەر ئەم مەبەستە پێکهاتوون کە شیعر هەرێمێکی سەربەخۆیە نە موستەعمەرەی شۆڕش کردوو و جیاوازی خوازی مێژوو یا زانست.

بەرامبەر کردنی شیعر و مێژوو لە لایەن ئەرەستووەوە منی هێنا سەر ئەو بیرە کە لایەنێکی تریش هەڵدەم لەو بڕوایە کە لە پێشا کوتم. زانایان قسەی شاعیران بەدرۆ ئەزانن، تاقمێکی زۆر لە زانایانی دێرینەناسی هەوڵیان داوە ڕاستەقینەی مێژوویی لە پەڕاوە حەماسییەکانی جیهانی کۆن وەک ئیلیاد و ئۆدیسە شوێنەواری هۆمێری یوونانیا بدۆزنەوە. وایان داناوە کە پیاو ئەتوانێ لەو پەڕاوانەدا بەئاشکرا ئەوەی وا ڕووداوی مێژووییە لەگەڵ ئەوەی ئەفسانەیە لەیەک جیاکاتەوە. لام وایە ئەو تاقمە زانا و دێرینەناسانە کاریان بەسەر شوێنەواری شاعیرانی وەک بلیک، مایتس، دانتە یا لویس کارۆڵەوە نییە و مەبەستیان ئەو پەڕاوە شیعرییانەیە کە نیوە مێژوویین وەک کتێبی ژولیوس سزار نووسراوی **شکسپێر**.

هۆمێر شاعیری گەورەی یۆنانی لە جلدی دووهەمی پەڕاوی ئیلیادا قایمەیەکی دوورودرێژی هێناوە لە فەرماندەرانی یۆنانی شاری تڕۆوا لەگەڵ ناوی ئەو دەریایانە کە پێیدا هاتوون و ژمارەی کەشتییەکانیان. هەڵبەت ئەو وێژەوانانە کە لە هەرێمی مێژووییشا ئەیانەوێ لێکۆڵینەوەیان هەبێ، مافیان هەیە ئەو قایمەی «هۆمێر»، بەناوی بەڵگەیەکی مێژوویی بەدەستەوە گرن و بیانەوێ لە بارەی ژیانی ئەو کاتەی تڕۆوادا یا باری ژیانی پێنسەد ساڵ لێرەوبەری سەر زەوی مالسیا بەهۆی نووسراوەکانی شکسپێرەوە بزانن، بەڵام ئەبێ ئەمەش بڵێم کە ئەگونجێ ئەو بەڵگانە بەتەواوی نادروست و سەرشێوێن بن، بەتایبەت لە بارەی ئامار و ژمارەوە. چونکە لەگەڵ ئەوەشا کە شاعیر لە ڕاستەقینەیەکی دەرەوە ئیلهام وەرئەگرێ و ئەسڵ و مایەی داستان و سووژەکەی لەسەر واقعییەت دائەمەزرێنێ، بەڵام زۆر گوێ ناداتە وردبوونەوە لە ئامار و ژمارە و ڕەقەم. تەنانەت ناو و هەرێم بەو چەشنە کە ویستی زانایانە. شاعیر زۆرتر هەوڵ ئەدا وشەی بەئاهەنگ و مووسیقا هەڵبژێرێ. بۆ نموونە کاتێ ناوێک بەلایەوە جوان نەبوو یا هەرێمێک خاوەنی وشەی ناقوڵا و لەسەر زمان



گران بوو، ئەیگۆڕێ. واتە فۆرم و قالب و وشە زیاتر بەلای شاعیرەوە گرنگە تا ناوەڕۆکی ڕاستەقینە. بۆ ئەوەی دیسانەوە تووشی هەڵەیەکی تر نەبین و وا نەزانرێ کە منیش شاعیران بەدرۆزن دائەنێم و مەبەستم لەوە کە شاعیر دیوی دەرەوەی وتاری بەلاوە گرنگترە، گوایە ئەوەیە کە لە وتاری شاعیرا حەقیقەت نابینرێ، باشترە نموونەیەک بهێنمەوە و مەبەستەکە ڕوون بکەمەوە.

شاعیر ڕووداوێکی مێژوویی کە لە سەردەمی شەڕی سەلیبا هەڵکەوتووە ئەگێڕێتەوە. ڕیچاردی شێردڵ و سەلاحەددینی ئەیووبی بەشی هەرە گەورەی ئەو ڕووداوەن. یانی داستانەکە لەسەر ئەوان ئەگەڕێ. شاعیر ئەو دوو ناوە ناگۆڕێ، بەڵام ئەتوانێ چەشنی ڕووداوەکە بگۆڕێ. ژمارەی سپای سەلیبی و مسوڵمانەکان کەم و زۆر بکا. هەرێمەکەی وا شەڕ لەوێ قەوماوە بگۆڕێ، وتووێژەکان بگۆڕێ و زۆر شتی تر. چونکە هەروەک لە پێشا لە زمانی ئەرەستۆوە کوتمان شاعیر ڕووداوەکان وەک هەن باس ناکا، بەچەشنێ کە ئەکرا و ئەشیا ببن، باسیان ئەکا. دەیجا ئاشکرایە، ئەکرا سەلیبی سەرکەوتایەن، ئەکرا باری ژیان لە ئوڕووپای ئەو کاتەدا چەشنێک بوایە کە کلیسا دەستی ئەوەندە نەڕۆیشتبایە کە زۆربەی کۆمەڵی ئوڕووپا بخەڵەتێنن و شایانی وڵاتە ئوڕووپاییەکان بەهیوای وڵات گرتن و تاڵان، هان دا بۆ لەشکەرکێشان. ئەکرا سەلاحەددین ئەوەندە بەهێز نەبوایە کە سەلیبییەکان شکست بدا؛ تەنانەت لە ڕوانگەی شاعیرێکی ئوڕووپاییەوە کە پێوەند و دڵبەستراوی هەیە بەگەلەکەیەوە، باشتر بوو وەها نەبوایە. باشتر بوو لەو شەڕەدا ئوڕووپا سەر بکەوتبایە و زانیاری شەڕق و زووتر لە غەربا پەرەگر بوایە.

نموونەیەکی تر لەوەی کە شاعیر بۆ پاراستنی مووسیقا و ئاهەنگی فۆرم، ژمارە و ئەرقامی ڕیازی ئەکاتە قوربانی. زانایەکی میکانیک و فیزیک کاتێ باسی کەشتییەک ئەکا کە «٣٠» پێی لە ناو ئاودایە و «١٢٠» پێی لە دەرەوە و بەسەر ئاوەکەوەیە مەبەستێکی فیزیکی هەیە و ئەڕوانێتە سەر قانوونی فیزیکی، چونکە ئەگەر ژمارەی «٣٠» و «١٢٠» نەبێ لە باری فیزیکییەوە ئەگونجێ کەشتییەکە نوقم بێ یا لە بەرامبەر تۆفان و شەپۆلی دەریادا باش ڕانەوەستێ. بەڵام شکسپێر لە نووسراوەکەیا بەناوی تۆفان کاتێ بەئاریل ئەڵێ باوکت سی پێی تەواو لە دەریا چۆتە

خوارەوە مەبەستێکی ڕیازی نییە و ڕەنگە هەر نەشزانی کە ئەگونجێ ئادەمیزاد لە قووڵایی سی پێدا تووشی قورساییيەکی لە ڕادەبەدەر بێت. شکسپێر وشەی «سی» هەڵبژاردووە، چونکو بەلایەوە لە بیست و چل مووسیقای زیاترە. هەروەها ییتس Yeats لە شیعری I nis free (ئای نیس فری)دا بێ گومان لەبەر مووسیقای کەلام و ئاهەنگی خۆشی وشەی ٩ ئەڵێ: لەوێ نۆ ڕیز لوبیا ئەچێنم و پلوورێک ساز ئەکەم بۆ هەنگەکانم. بۆچی «ییتس»ی شاعیر نەیکوتووە ١٣ ڕیز لوبیا و دوو پلوور؟ بێ گومان لەبەر ناباری وشەی ١٣ و دوو. ئەگەر ئەو شیعرانە هی شاعیرانی سەردەمە کۆنەکان بن وەک سافۆیا ئەناکرئۆن Anakron وێژەوانانی دێرینەناسی بەناوی ڕاستەقینە ناچار ئەو ژمارە و ڕەقەمانەیان وەرئەگرت و بێ گومان لە ڕابردووی ڕاستەقینەی مێژوویيدا تووشی هەڵە ئەبوون. ئەمە بوو کە لە پێشا کوتم نابێ چاوەڕوان بکرێ کە شاعیر خۆی بەتەواوی واقعییەتەوە ببەستێتەوە. شتێکی تر، چۆنە کورتی کەمەوە و بڵێم کە شاعیر حەقیقەت ئەڵێ، بەڵام حەقیقەتێکی بێ واقعییەت؛ کەمتر وا ئەبێ کە حەقیقەت و واقعییەت لە شیعرا یەکتر بگرنەوە. هەڵبەت ئەم لێکدانەوەی من کاتێ دروستە کە ئێوەش لە مانای حەقیقەت و واقعییەتا بڕواتان بڕوای من بێ. من واقعییەت بەو شتانە ئەڵێم کە ئێستە وجوودی واقعی و بەرچاویان هەیە؛ وەک سەختی و زبری بەرد یا کەم نرخی ئەوین لە چاو سەردەمانی پێشوو. بەڵام حەقیقەتی بەرد تەنیا زبری و سەختییەکەی نییە و کەم نرخی ئەوین بەلای منەوە باش نییە، واتە حەقیقەت نییە لە کاتێکا واقعییەتە، لەوەی کە کوتم باش نییە شتێکی تریشم بەبیرا هات بۆ مانای واقعییەت و حەقیقەت؛ واقعییەت ئەو شتەیە کە ئێستە هەیە. چ باش بێ، چ خراپ. چ جوان بێ، چ دزێو. حەقیقەت ئەگونجێ ئێستە نەبێ، بەڵام ئەگەر هەبوو جوانە؛ ئەوپەڕی پاکی و باشییە. باشی لە ڕاستییا مانایەکی ترە لە حەقیقەت. واقعییەت ئەمەیە کە هەژاری و برسییەتی و شەڕ لە جیهانا هەیە. بەڵام ئاخۆ ئەوانە بۆ هەمیشە پێویستن؟ حەقیقەت ئەمەیە کە نەخێر پێویست نین!

تا بەرنامەیەکی تر کە دیسان لەسەر ئەم باسە ئەڕۆین بەخواتان ئەسپێرین.



## شیعر زیاتر لە فەلسەفە نیزیکە، هەتا مێژوو

سەلام لە گوێگری بەهەست و هونەرپەرستی بەرنامەی تاپۆ. لە بەرنامەی پێشوودا کوتمان کە حەقیقەت و ڕاستەقینە لە ڕوانگەی شاعیر و زاناوە جیاوازییان هەیە، بەڵام هیچ کام لەم دوو لێکدانەوەیە، واتە لێکدانەوەی شاعیر سەبارەت بەحەقیقەت و لێکدانەوە و بڕوای زانا بەرامبەر بەڕاستەقینە، هەڵە نین. هەردووکیان بەپێی بڕوایان دەرک و تێگەیشتنێکیان هەیە. باسی بەرەنگاری زانایانمان کرد بەرامبەر بە شاعیران و کوتمان تاقمی زانا بەدرێژایی مێژوو بەرهەڵستی شاعیران وەستاون و لایان وابووە کە لێکدانەوەی شاعیر لە ڕاستەقینە دوورە. ئەفلاتوونمان بەنموونە هێناوە و پاشان باسی ئەرەستوومان کرد کە یەکەم فەیلەسووف و زانایەک بووە ڕێزی بۆ شیعر داناوە و کوتوویەتی شیعر لە مێژوو زیاتر لە فەلسەفە نزیکە. بەڵام کوتمان نابێ چاوەڕوان بکرێ کە شیعر لە باری ئامار و ژمارەوە شتێکی لێ دەرکەوێ کە ڕوونکەرەوەی ڕاستەقینە و ڕووداوی مێژوویی و کۆمەڵایەتی بێ. هەڵبەت ئەمە بەڵگە نییە بۆ ئەوە کە شیعر لە پایە و بناغەشدا کاری بەسەر ڕاستەقینەوە نییە، بەپێچەوانە شیعر هەوێنی لە ڕاستەقینە وەرئەگرێ، بەڵام ڕاستەقینەی دەوروبەر و ڕووداوی ڕۆژانە و ڕابردوو لە دەروونی شاعیرا ڕەنگیان ئەگۆڕێ و بەتارای عاتیفە دائەپۆشرێن. لە بەرنامەی ڕابردوودا کوتمان کە شاعیر وەک زانا و ژمارەگەر نییە کە هەوڵ بدا وتەکانی موو بەموو، بێ کەم و زۆر لەگەڵ ڕاستەقینەی دەرەوەدا بێتەوە. بۆ ئەو باسەش میسالێکمان هێناوە لە شیعری شاعیرێک کە ئەڵێ: ٩ ڕیز لۆبیا ئەچێنم. لە وێژەی خۆشمانا زۆر جار تووشی شتی وەها ئەبین. بۆ نموونە شاعیر بەژنی یاری بەدارێکی ڕاست و بەرز تەشبیه ئەکا. لێرەدا ڕاستەقینەیەک لە بەرچاوی شاعیرە، کە زانا کاری بەسەرییەوە نییە. حەقیقەتی بەرزی و تەرزی بەژن و باری دڵدار، جا با نەکرێ بەژنی هیچ ئافرەتێک بەئەندازەی چنار و سەوڵ بەرز بێ. شاعیر بەرزی باڵای لە بەرچاوە نەک ئەندازەی بەرزییەکە.

جا هەتا ئێرە هێشتا هەر باشترە و باسەکە باسی کەممی و چەندایەتییە. بەژنی یار و بەرزە و سەوڵیش دارێکی بڵند و تەرزە. ئەمە تەشبیهی مەحسووسە بەمەحسووس. واتە لەیەکچواندنی دوو شتە کە هەست ئەکرێن و بەرچاو ئەکەون. هەم بەرزی دار دیارە و هەم بەرزی بەژنی دڵدار. بەڵام گاهێ هەڵئەکەوێ کە شتێکی مەعقوول بەشتێکی مەحسووس تەشبیه ئەکرێ یا پێچەوانەکەی. واتە تەشبیهی مەحسووس بەمەعقوول. لەم دوو جێگایەشدا چونکە یەکێ لە «موشەببەه» یا «موشەببەهون بیهی» هەست کراوە، کارەکە ساکارترە. شاعیر ئەڵێ: «ڕۆیشتنی ئاو بەناو جۆبارا وەک تێپەڕینی تەمەن ئەچێ.» تەشبیهی مەحسووسە بەمەعقوول. یا ئەڵێ: «خەم لەسەر دڵم خەرمانەی داوە»، تەشبیهی مەعقوول بەمەحسووسە. خەم بەچاو نابینرێ، بەڵام خەرمانەی دەوری مانگ کە دەوری ئەگرێ و تاریکی ئەکا شتێکی بەرچاوە و هەست ئەکرێ.

لەو جێگایەدا تێگەیشتن کەمێک دژوار ئەبێ کە مەعقوول بەمەعقوول تەشبیه ئەکرێ؛ «حافز» ئەڵێ:

سلامی چو بوی خوش آشنایی
بدان مردم دیده روشنایی

بۆنی خۆشی ئاشنایی شتێک نییە بەلووت هەست کرێ و هەروەها سڵاویش نامەحسووس و هەست نەکراوە. گلێنەی چاوی ڕووناکییش تەعبیرێکی شاعیرانە و نامەحسووسە؛ گوایە ڕووناکایی چاوی هەیە و ئەو کەسەش وا «حافز» ئەچێتە سڵاوی، گلێنەی ئەو چاوەیە. بڕوانن هونەری شاعیرانە چی کردووە. ڕووناکایی جگە لە پڕشنگ و نوور شتێکی تری تێدا نییە؛ ئەزانین کە ڕووناکترین بەشی ئەندام چاوە، هەم ڕووناکە و هەم ڕووناککەرەوە؛ لە چاویشا گلێنە بەکارترین بەشە بۆ دیتن، واتە ڕووناککردنەوەی شت؛ جا ئەگەر لە شتێک نەفسی ڕووناکایی بێ و لەو لەشەدا چاوێک هەبێ، بێ گومان چاوەکە لە لەشەکە ڕووناکترە، واتە ڕووناکتر لە ڕووناکایی، جا گلێنەی ئەو چاوە ئەبێ چی بێ؟! ڕووناکتر و ڕووناککەرەوەتر لە چاوی ڕووناکایی!

دژایەتی زانا و شاعیر لە ناو وێژەی فارسیشا زۆر بەرچاو ئەکەوێ و تازەترینیان



لە لایەن ئەحمەدی کەسرەوییەوە بوو بەرامبەر بەشیعری شاعیرانی ئێران وەک حافز.

کەسرەوی پەڕاوێکی نوسیووە بەناوی «حافظ چەمی گوید؟» و لەو پەڕاوەدا ڕەخنەی سەیر و ناڕەوای گرتووە لە حافز. کارم بەسەر ئەمەوە نییە کە ڕەخنەی کەسرەوی لە شاعیران بەتایبەت ئەو شاعیرانەی کە کاریان مەدح و پێ هەڵکوتنە ڕەخنەیەکی دروست و بەجێیە، بەڵام وا دەرئەکەوێ کەسرەوی هەر لە پایەوە بێگانەیە بەرامبەر بەڕاسپێری شیعر و زۆر ورد نەبۆتەوە لە ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی شیعرەکانی حافز و خۆی لەم ڕاستەقینەیە نەگەیاندووە کە ئیستعارە و ئیماژ گاهێ بەگوێرەی باری کۆمەڵایەتی ناچارییە بۆ شاعیر. وا دیارە کەسرەوی لای وایە کە شاعیر یا هەر کەسێکی تر ئەوەی وا بەلایەوە دزێوە، ئەبێ بیڵێ و ئەگەر ترسی هەیە لە کوتن، باشترە هیچ نەڵێ و بەوتەی داپۆشراو ڕێگا لە خەڵک نەشێوێنێ. کەسرەوی لە ناو شاعیرانی ئێراندا فردەوسی پەسند ئەکا و ئەڵێ شیعرەکانی بۆ هاندانی دەماری نەتەوەپەرستی بەکەڵکن. ئەمە ڕاستە، بەڵام ئەگەر فردەوسی پاش بووژانەوەی دووبارەی هونەری ئێرانی نەهاتبایە و بارێکی سازاوی وەک دەرباری مەحموودی نەبوایە خوا عالم کە ئەیتوانی یا ئەیوێرا ئەم شیعرە هاندەرانە بڵێ یان نا؟! ئەگەر فردەوسی پاش هێرشی مەغوول بهاتبایە و لە ناو گەلێکا بژیایە کە بڕوایان بەخۆیان لە دەس چووە و ترس دایگرتوون، ئاخۆ لە دەروونیا ئاگری نیشتمانپەرستی هەر بڵێسەی ئەبوو یان نا؟

ئەزانین کە شاعیر بارهاتووی کۆمەڵ و شەرایتی کات و پێداویستی کۆمەڵ و مێژووە. بۆچی قەسیدە ئەگۆڕێ بەغەزەل؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ساکارە، ئەگەر بزانین قەسیدە هی کام سەردەمە و غەزەل لە چ کاتێکا پێش کەوتووە. لە بەرنامەی پێشوودا کوتمان کە گاهێ مێژووناس یا مێژوونووسی وێژەویست ناچار ئەبێ لەو پەڕاوە شیعرییانە کە سەبارەت بەڕووداوێکی مێژوویی یا ئادەمیزادێکی مێژوویی نووسراون کەڵک وەربگرێ.

ئەو مێژوونووسانە تا چ ڕادەیەک ئەتوانن بڕوایان بەو پەڕاوە شیعریانە هەبێ و پشت ببەستن بەو نووسراوانەوە. ئەگەر ئەو پەڕاوانە نووسراوی شاعیرانی جیهانی

کۆن بن وەک سافۆ و ئەناکیرئۆن بەدوو دەلیل ئەکرا مێژوونووسان کەڵکی لێ وەربگرن:

یەکەمیان لەبەر ئەمە کە شاعیرانی پێشوو تا ئەم ڕادەیە کە ئێستە باو بووە نیازیان بەداپۆشراوی و دوورکەوتنەوە لە هەرێمی ڕاستەقینە و واقعییات نەبووە، چونکە پێوەندی ژیان بەم هێندە پڕ پێچ و قەمچ و گرێ و گۆڵ نەبووە، ئەمە دەلیلی یەکەم. دووهەمیش ئەمە کە ناچارە مێژوونووس لەم نووسراوە شیعرییانە کەڵک وەربگرێ، چونکە بەڵگەی تری بەدەستەوە نییە. لەگەڵ ئەوەشا کەڵکەڵەی هەڵەکردن هەر ئەمێنێ.

تا بەرنامەیەکی تر کە دیسانەوە لەسەر ئەم باسە ئەڕۆین بەخواتان ئەسپێرم.



## کێشەی زانایان و شاعیران ئەبەدییە

سەلام لە گوێگری بەڕێزی بەرنامەی تاپۆ. لە دوو سێ بەرنامەی ڕابردوودا باسی ئەوەمان کرد کە حەقیقەت لە ڕوانگەی شاعیران و زانایانەوە جیاوازی هەیە و کوتمان کە زانایان زۆر لەمێژە لێکدانەوەی شاعیران و چەشنی ڕوانینیان بۆ جیهانی حەقیقەت بەهەڵە ئەزانن. لە گزنۆفان و فیساغورس تا هیراکلیت و ئیفلاتوون و تا ئەمڕۆکە کێشەی نێوان زانا و شاعیر بەردەوامە. لێرەدا پرسیارێک هەیە: بۆچ زانایان دژایەتییان هەر لەگەڵ شاعیر هەیە و خۆیان لە بەشەکانی تری هونەر ناگەیەنن؟ لەبەرچی ئارشیتێکتۆرێک یا پەیکەرساز و نەققاش و نووسەرێکی تئاتر و تەنانەت دەورگێڕێکی تئاتر نەکەوتوونە بەر تەوس و توانجی زانایان؟ مەگەر ئەوانە هونەرمەند نین؟ چما کارەکەیان بەهانی عاتیفەوە نەبەستراوە؟ پرسیار ئەمەیە کە شیعر لە هەموو هونەرێک زیاتر، باری عاتیفی موتڵەقی هەیە. هونەرەکانی تر ئەکرێ لە ڕوانگەی زانایانیشەوە سوودێکی دەسبەجێی بۆ کۆمەڵ هەبێ. کوتم دەسبەجێ چونکە لانی کەم نەققاشی زینەتە، پەیکەرسازیش هەروەها؛ جگە لەمە پەیکەرسازی بۆ مێژوونووسان زۆر شتی بەکەڵکی لێ دەس کەوتووە، وەک چەشنی بەرگی کۆن، چەشنی خۆ ڕازاندنەوەی ئافرەت و پیاوی مێژوویی. ئارشیتێکتیش چەشنی خانووبەرە سازکردن و سەرای گەورە یان قەڵای شەڕی سەردەمانی کۆنی لێ دەرئەکەوێ. ئارشیتێکت ئێستاش سوودی لێ وەرئەگیرێ و بۆ کۆمەڵ بەکەڵکە. تەنانەت مۆسیقاش ئەگەر ڕاسپێرییەکی تری نەبێ، لانی کەم ئەوەی هەیە کە ئارامیبەخشی گیان و گوێیە. بەڵام شیعر چی؟ شیعر لە ڕوانگەی ئەو زانایانەوە کە دژی شیعرن، لیزگەی چەند وشەی لە ڕاستی بەدوورە و هیچی تر و کەڵکی نییە بۆ کۆمەڵ. بەرپەرچی بروای ئەو زانایانە بەم جۆرە ئەدرێتەوە کە ئەو تاقمە هەر لە بناغەوە ڕاسپێری هونەریان نەناسیوە. شیعر و هیچ هونەرێکی تر نابێ بەمەوە ڕاوەستێ کە تەنیا جوان بێ. شیعر لەگەڵ جوانییا ئەبێ بەکەڵکیش بێ، بەڵام چۆن بەکەڵکییەک؟ وەها کە دۆزینەوەی هێزی کارەبا لە لایەن ئێدیسۆنەوە بەکەڵکە،

چەشنی ئەو بەکەڵکییە کە لە فیزیک و میکانیک و شیمی و پزشکییا هەیە، ئەگەر هەر ئەوانە بن بەکەڵکی، ئەی فەننی حقووق، زانستی ئەخلاق، کۆمەڵناسی و سیاسەت و زۆر بەرهەمی بەکەڵکی تری مێشکی ئادەمیزاد چین؟!

ئاخۆ هەموو کۆششێکی ئادەمیزاد بۆ ئەوە نییە کە باش بژی و مرۆڤانە بژی؟ بەرەو پێش بچێ و بەرز بێتەوە؟ ئایا تێکنیکی پێشکەوتوو، بێ ناسینی فەلسەفە و مانای ژیان، ئاگرێک نییە بەدەس منداڵێکی نەفامەوە؟ ئەگەر ئەمەمان قەبووڵ کرد و شارەزای مێژووی هونەریش بووین و زانیمان کام پێتەویستی کۆمەڵایەتی، هونەری بەدی هێناوە، ناچارین قەبووڵ بکەین کە شیعر بێ ئەوە ویستی کەسێکی تایبەت، یا تەفەننونی شاعیرێکی دیاریکراو بێ، لە کۆمەڵا پەیدا بووە، هەروەک بەشەکانی تری هونەری جادوویی. شیعر باشتر لە نەسر لەبەر ئەکرێ و لەبەر ئەمە باری هەڵگرتن و نەفەوتانی زۆر مەبەست و ڕووداوی کۆمەڵایەتی و مێژووی خراوەتە ئەستۆی شیعر؛ بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتا شیعر زیاتر لە هەموو هونەرێکی تر پێشینەی خزمەتی کۆمەڵایەتی هەیە. ئەگەر گاهێک و لە سەردەمێکی کورتا بەهۆی بارێکی تایبەتی، سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە شیعر لە ڕێگای خزمەتی گشتی لای دابێ، ئەمە نابێتە مایەی بێ کەڵکی شیعر. ئاخۆ سەنعەت و زانست لە هەموو کاتێکا بەکەڵکە؟ تەنانەت ئەگەر بۆمبای ئەتۆمیش بێ و بەسەر خەڵکی بێ تاوانی هیرۆشیما و ناکازاکیشا بکەوێ؟ ئەتۆم ئەتوانێ لە خزمەتی ئادەمیزادا بێ و چارەی زۆر دەرد و نەخۆشی و کەمایەتی بکا، لە کاتێکا تا ئێستا ئەتۆم وەها نەبووە و بۆ ئەم ڕێگایە کەڵکی زۆر لێ وەرنەگیراوە و ئەم مەبەستە نابێ بمانهێنێتە سەر ئەم بڕوایە کە گوایە زانستی فیزیک بێ کەڵک و زیان گەیێنە. مەبەستێکی تریش کە پێویستە بۆ پاکانەی شیعر لە لای زانایان، هەڵبەت ئەو زانایانە کە دژی شیعرن، بکوترێ، ئەمەیە کە شیعر و وێژەی پێش زانست هەستیان بەنیازی کۆمەڵی ئادەمیزاد کردووە و زۆر هەڵکەوتووە کە زانست بیری لە شتێک نەکردۆتەوە و بەلایەوە کارێکی نەگونجاو بووە، لە کاتێکا شیعر و وێژە لە خەیاڵ و عاتیفەی شاعیرا تەسویری کردوون و ڕێگا و شوێنی بۆ دامەزراندوون. زۆر ئوستووره و ئەفسانە هەن کە ئیختراعاتی زانستی هەزار ساڵ پاش خۆیان پێشبینی کردووە. لە سەردەمی کۆنا فڕین بۆ ئادەمیزاد لە باری زانستییەوە نەگونجاو بووە و تاقیکاری زانایان ئەوەندە نەبووە کە تەنانەت ئاواتی



فڕینیشیان هەبێ، بەڵام شاعیر و ئەفسانەوێژی کۆن لە جیهانی بەرینی هونەرا خۆی بەتاقیکاری کەموکورتی دەسکەوتی ئادەمیزادەوە نەبەستۆتەوە و ماوەی هەبووە تا بیر و خەیاڵ لە وزەیاندا هەیە، بڕوا و ئاوات بخوازێ بۆ هەڵفڕین و نموونە و میسالی ئوستوورەیی ساز بکا. قالیچەی سولەیمان، چەرخ و فەلەکی پیرێژن لە ئەفسانەی کوردییا و ماشێنی فڕۆک لە داستانی دێدالووس daedalus دا پێشبینی کراوە و بۆتان ڕوون ئەکاتەوە کە شاعیر و نووسەر سەرقافڵەی کاروانی پێشکەوتووی بەشەرییەت بوون. تەنانەت ئاریستۆفان لە پەڕاوێکی شیعریدا کە ناوی «بۆق»ە، شەڕی شیمیایی لە ڕێگای هەواوە پێشبینی کردووە و لووسین سەفەر بۆ مانگی باس کردووە. لە ئەفسانە کۆنەکانی یوونانا، کەسێک هەیە بەناوی ستائووس. کاتێ خەریکی مردن بوو، خوای بەیان لە لای زێئووس تکای بۆ کرد و تەمەنی هەمیشەیی پێ بەخشرا. ئەمەش نموونەیەکە هەزاران ساڵ لێرەوبەر لە وێژەدا هاتووە و تا ئەمڕۆش بەشەر نەیتوانیوە خۆی لە دەس مردن ڕزگار بکا؛ بەڵام ئەگونجێ زانست ڕۆژێک ئەم ئاواتە بەدی بهێنێ. زانست، ئەویش زانستی فیزیک و میکانیک و پزیشکی کە هیچ پێوەندییێکیان بەزانستی کۆمەڵایەتییەوە نییە، هەر ئەوەندەیان لە دەس دێ، کە کەرەسەی ئاسوودەیی و پێشکەوتی سەنعەتی بۆ ئادەمیزاد پێک بهێنن...

کەڵک وەرگرتن لەو کەرەسانە لە هەرێمی زانستێکی ترا دیاری ئەکرێ، واتە زانستی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵناسی و ئەخلاق و فەلسەفە و ئەدەب زیاتریان بەیەکەوە پەیوەند هەیە تا لەگەڵ زانستی تێکنیکی. من ناچارم جارێکی تریش ئەم ڕاستەقینە بخەمە بەرچاو کە بەداخەوە زۆر کەس لایان وایە شیعر تەنیا جوانی ڕووتە و هیچ ڕاسپێرییەکی کۆمەڵایەتی نییە. ئەمە هەڵەیەکە کە تەنیا ئەو کەسانە تووشی ئەبن کە نایانەوێ ورد بنەوە لە ناوەڕۆکی شیعر و هێزی هاندەر و بەرەو پێشبەری ئەم بەشەی هونەر. ئەم ڕیزە وتارە ئەتوانێ دەرگای وتووێژی ئێمە و ئێوە بکاتەوە و ئەگەر جگە لەمانە کە کوتوومانە شتێکی ترتان بەخەیاڵا دێ، یا ڕەخنەیەکتان هەیە، تکایە بۆمان بنووسن، بڕواتان بەناوی خۆتان بڵاو ئەکەینەوە و سپاستان ئەکەین.

تا بەرنامەیەکی تر کە دیسانەوە لەسەر ئەم باسە ئەڕۆین، بەخوای مەزنتان ئەسپێرین و چاوەڕوانی نامەتانین.

٥١/٥/٢١

## ڕوانگەی جیاواز لەسەر حەقیقەت

ژن:

سەلام لە گوێگری بەڕێز و هونەرپەروەری بەرنامەی تاپۆ. لە دوو بەرنامەی ڕابوردوودا کوتمان حەقیقەتێ کە زانا ئەیزانێ جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەو حەقیقەتە کە شاعیر ئەیبینێ و ئێستە لەسەر ئەم باسە ئەڕۆین.

پیاو:

فەرمووت ئەو حەقیقەتە وا زانا ئەیزانێ جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەو حەقیقەتە کە شاعیر ئەیبینێ. شتێکم کەوتەوە بیر کە پێوەندی بەباسەکەوە هەیە. داستانێکە سەبارەت بەیەکەم دیداری مەولانا جەلالەددین و شەمسی تەورێزی. پێش ئەوە کە جەلالەددین بچێتە ناو کۆڕی تەسەووف و عیرفانەوە، زۆرتر بەناوی زانا ناوبانگی هەبوو. لە سەرتاسەری وڵاتە ئیسلامییەکانەوە ئەچوونە قوونیە و لە دەریای بێ بنی زانستی جەلالەددین تێراو ئەبوون. بەسەدان خوێندکار لە زانستگەیەکا کە جەلالەددین خۆی بەسەریا ڕائەگەیشت و دەرسیشی تێدا بەشاگردانی ئەگوت، خەریکی دەرس خوێندن بوون. وەک لە نووسراوەکان دەرئەکەوێ مەولانا پیاوێکی خانەدان و یەکجار دەوڵەمەند بووە. تەنانەت خەرجی ئەو زانا و خوێندکارانەش کە لە زانستگەکەیا بوون، خۆی لە ماڵ و سامانی خۆی داویەتی. شەمسی تەورێزی پیرە پیاوێکی خواناسی دڵ ڕووناک بووە کە وەک سۆفی و عارفەکانی تری ئەو سەردەمە بەوڵاتە ئیسلامییەکاندا گەڕاوە. هەڵبەت هەر کەسێ کە بۆ گەشت و دیتنی وڵاتان شار و وڵاتی خۆی بەجێ ئەهێڵێ، مەبەستێکی هەیە؛ یەکێک بۆ دیتنی هەرێمی تازە، یەکێک بۆ هەڵسەنگاندنی زانیاری وڵاتانی جۆربەجۆر و ئەزانین کە لەو کاتەدا سنوور وەک ئێستە دابڕاو و دیاریکراو نەبوو کە دانیشتووی هەرێمێکی تایبەتی جوغرافیایی و سیاسی نەتوانێ بێ پرس کردن و ماوە وەرگرتن لە وڵاتی خۆی بچێتە دەرەوە؛ ئەمڕۆ باری تایبەتی سیاسی پێداویستی بەم دیاری کردنی سنوورە هەیە کە



لەو کاتەدا نەبووە. شەمسی تەورێزیش بێ گومان سەرەڕۆی دوای مەبەستێک کەوتووە کە تەورێزی بەجێ هێشتووە و لە سنووری ئێران تێپەڕیوە و ڕووی کردۆتە وڵاتی ڕۆم. واتە تورکیەی ئێستا و ڕێگای کەوتۆتە شاری قوونیە کە جەلالەددین لەوێ بووە. ڕەنگە کێشەرێکی مەعنەوی شەمسی بردبێتە قونیە تا بەدیداری خۆی مەولانا بکاتە ئاگرێکی هەرگیز دانەمرکاو. شەمسی تەورێزی بەسەر و ڕیشی ئاڵۆزاو و بەرگی تۆزاوی ڕێگای دوورودرێژەوە ئەچێتە ئەو خوێندنگەیە کە مەولانا دەرسی لێ ئەڵێتەوە. لەو ڕۆژگارەدا بەپاڵ هەموو خوێندگەیەکی ئایینییەوە مزگەوت هەبووە و جێگایەک بۆ خەوتن و حەسانەوەی گەشتیاران و ڕێبوارانی غەریب دروست کراوە. کامە ماڵ دەرگای بۆ غەریب ئاواڵەترە لە دەرگای ماڵی خودا و کامە خانەخوێ دڵاواترە لە خوایەک کە گیان ئەبەخشێ، چ بگا بە نان؟!

ژن:

شەمسی تەورێزی بەڕواڵەتی هەژارانەوە ئەچێتە سەر ئەو گۆلە وا مەولانا لە کەناریا دانیشتووە و فەقێ و زانایان وەک پەپوولەی دەوری شەم لێی کۆبوونەتەوە. هەر کام لەو زانایانە کە لە وڵات و شاری خۆیان مامۆستایەکن و ئێستە بەشانازییەوە بوون بەشاگردی مەولانا، پرسیارێک ئەکەن. یەکێک لە بارەی فەلسەفەوە، یەکێک سەبارەت بەمەنتیق، یەک حەدیس و ئەوی تر زانستی فەلەکیات.

پێویست ناکا بڵێم مەولانا لە باری زانستەوە چەند بەهێز بووە. ڕادەی زانستی ئەو پیاوە بەرزە بەشیعرەکانیا دەرئەکەوێ، باسی **ئەتۆم** لە شیعرێکیا بەڕووناکی دێتە بەرچاو. مەولانا ئەڵێ:

آفتابی در دل ذره نهان
وای اگر آن ذره بگشاید دهان
ذره ذره گردد افلاک و زمین
گر که آن خورشید بجهد از کمین

لەو کاتەدا کە کۆڕی وتووێژی زانستی لە نێوان مامۆستا و شاگردەکانیا گەرمە، شەمسی تەورێزی دێ و لەسەر گۆلەکە دائەنیشێ و گوێ ئەگرێ بۆ قسەیان. پاش

ماوەیەک لە مەولانا ئەپرسێ ئەم هەرایە لەسەر چییە و باسی چی ئەکەن. مەولانا کە لای وا ئەبێ لەگەڵ سۆفیلکەیەکا ڕووبەڕووە، بەتەوسەوە ئەڵێ: ئەمە زانستی «قال»ە تۆ تێی ناگەی. شەمس بێ دەنگ ئەبێ و مامۆستا و شاگرد دەست ئەکەنەوە بەلێکۆڵینەوە و وتووێژ. لەپڕ شەمس دەست ئەداتە چەند پەڕاوێک و لە گۆلەکەیان ئەخا. مەولانا تووڕە ئەبێ و گومانی نامێنێ کە ئەو پیاوە پیرە غەریبە، شێتە. شەمس پاش ئەوە کتێبەکان ئەخووسێن دەس ئەبا و لە گۆلەکە ئەیانهێنێتە دەرەوە و لە یەکیان ئەدا تۆزیان لێ هەڵدەستێ. مەولانا و ئەوانی تر سەریان سوور ئەمێنێ و جەلالەددین ئەپرسێ ئەمە چ بوو ئەی دەروێش؟ شەمس لەسەرەخۆ وەڵام ئەداتەوە: ئەمە زانستی «حاڵ»ە و تۆ تێی ناگەی. شەمس ئەڕوا و مەولانا جەزبەی عیرفان ئەیگرێ و دەرس و خوێندگە ئەنێتە لاوە.

پیاو:

داستانێکی تریش سەبارەت بەزانین و دیتن. واتە عیلمی زێهنی و عەینی لە ئەبوو عەلی سینا و ئەبوو سەعیدی ئەبیلخەیر ئەگێڕنەوە. لە پەڕاوی مەقاماتی ئەبوو سەعید کە نووسراوی نەوەی ئەبوو سەعیدە نووسراوە کە «شەیخورڕەئیس» ئەبوو عەلی سینا و شێخ ئەبوو سەعید یەکتریان چاو پێکەوت. سێ شەو و ڕۆژ تەنانەت کاتی خەویش لەیەک هەڵنەبڕان و لە هۆدەکەیان نەهاتنە دەرەوە. کاتێ لەیەک جیا بوونەوە لە ئەبوو سەعیدیان پرسی: ئەبوو عەلیت چۆن وەبەرچاو هات؟ فەرمووی ئەوەی من ئەیبینم ئەو ئەیزانێ.

هەر ئەو پرسیارە لە ئەبوو عەلیش کرا لە وەڵاما کوتی ئەوەی من ئەیزانم ئەو ئەیبینێ.

ئاخۆ جیاوازی هەیە لە ناو ئیلهامی عارفانە و شاعیرانەدا؟ ئاخۆ کەشف و شهوودێ کە بۆ عارف هەیە بۆ شاعیریش نییە؟ ئایا هەردووک لەو زانستانە واتە مەعریفەتی عارفانە و شاعیرانە هەردووکیان سەرچاوەیان لە عاتیفەوە نییە؟ بەم چەشنە شاعیریش وەک عارف لە بەرامبەر زانادایە. هەروەک زانایەک بەعارفێک ئەڵێ ئەمە عیلمی «قال»ە تۆ تێی ناگەی، بەشاعیرێکیش ئەڵێ لێکدانەوەت لە حەقیقەت دوورە؛ لە کاتێکا هەم شاعیر و هەم زانا ئەڕواننە سەر حەقیقەت. بەڵام



هەر کام لە ڕوانگەیەکەوە. وەک دوو کەس کە لە دوو لاوە تەماشای چیایەک بکەن کە نساری بەدار و دەوەنە و بەر ڕۆژی سیاسەنگ و ڕووتەن. یەکیان شینایی دار و درەخت ئەبینێ و ئەوی تریان ڕەقەن و وشکارۆ. هەردووک لەو دوو کەسانە یەک چیا ئەبینن، بەڵام هەر کام لە ڕووکارێکەوە.

لە شوێنەواری هۆمێر کەڵکی مێژوویی وەرگیراوە و بەناوی بەڵگەیەک بۆ ناسینی سەردەمی مایسنا ناسراوە؛ لە کاتێکا ئەو هەڵەیانە کە کوتمان ئەگونجێ سەر لە لێکۆڵەرانی مێژوویی بشێوێنێ و ئەو شتانە کە هۆمێر بۆ ئاهەنگ و وەزنی شیعر کوتوویە و تەنیا لە باری هونەرییەوە هەڵیبژاردووە بە شتێکی ڕاست و ڕەوانی مێژوویی نەزانێ. شاعیر جگە لە عەناسوری سەوتی وەک: وەزن، ئاهەنگ و قافیە، سەرمەشقێکی تریشی هەیە کە ئەبێ لە بەرچاوی بگرێ، ئەویش پێوەندی هەیە بەلەگەڵ یەک هاتنەوەی تەواوی وشەکان لەگەڵ یەک. یەک وشەی ناحەز تێکڕای شیعرەکە ناحەز ئەکا. وەک ڕەنگێکی ناشارەزایانە کە لە تابلۆیەکی نەققاشی درابێ، یا مێلۆدییەکی نەرم کە بۆ سەمفۆنییەکی حیماسی کرابێتە پێشەکی یا بەردێکی نەتاشراو لە خانووبەرەیەکی بە بەردی تاشراوی مەڕمەڕ.

ژن:

لە بەرنامەیەکی ترا دیسانەوە لەسەر ئەم باسە ئەڕۆین. تا ئەو کاتە بەخواتان ئەسپێرین.[١]

١٣٥١/٦/٨

(١) ئەو بەرنامەیە بەدووقۆڵی خوێندراوەتەوە.

## شار

سەلامێکی گەرموگوڕ و پڕ بەدڵ پێشکەش بەگوێگری هۆگری هونەر و بیستیاری هەستیاری بەرنامەی تاپۆ. تکایە لە سەرەتای بەرنامەکەماندا گوێ بگرن بۆ پارچە شیعرێک لە شوێنەواری نووسەری بەرنامەکە:

گوڵم! دڵم پڕە لە دەرد و کوڵ
دەڵێم بڕۆم لە شارەکەت
دەڵێم بەجامێ ئاوی کانیاوی دێیەکەم
عەلاجی کەم
کوڵی دڵی پڕم، لە دەردی ئینتزارەکەت!
وەڕەز بوو گیانی من لە شار و هاڕەهاڕەی ئەو
لە ڕۆژی چڵکنی نەخۆش و تاو و یاوی شەو
دەڵێم بڕۆم لە شارەکەت
لە شاری چاو لەبەر چرای نێئۆن شەوارەکەت
بڕۆمە دێ کە مانگەشەو بزێتە ناو بزەم
چلۆن بژیم لە شارەکەت کە پڕ بەدڵ دژی گزەم.
لە شارەکەت کە ڕەمزی ئاسن و منارەیە
مەلی ئەوین غەوارەیە؛
دەڵێی لە دەوری دەست و پێم
ئەوەی کە تێل و تان و رایەڵە، کەلەپچەیە
ئەوەی کە پەیکەرە میسالی داوەڵە
ئەوەی کە دارەتێلە مەزهەری قەنارەیە!
لە شارەکەت کەمەندی دووکەڵە



کە دێتە دەر لە ماڵی دەوڵەمەند
وە تیشکی بێ گوناهی خۆرەتاو ئەخاتە بەند!
لە هەر شەقام و کووچەیەک شەپۆلی شینە دێ بەرەو دڵم
دەستی گەرمی ئاشنا نییە کە ئەیکوشم
دەستی چێوییە!
لە شارەکەت زەلیلە شێر،
باوی ڕێوییە!
بەهەر نیگایەک و پەتایەکە!
ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت گوڵم!
گوڵم هەرێمی زۆنگ و زەل
چلۆن ئەبێتە چارە گوڵ؟
لە شاری تۆ
لە بانی عەرشە قۆندەرەی دراو
شارەکەت، ئاسکە جوانەکەم
تەسکە بۆ ئەوین و بۆ خەفەت هەراو!
کێ لە شاری تۆ، لە شاری قاتڵی هەژار
گوێ ئەداتە ئایەتی پەڕاوی دڵ؟
منێ کە گۆچی تاوی گەرمی بەر دەوارەکەی عەشیرەتم
بەدارە تەرمی کووچە تەنگەکانی شارەکەت
ڕانەهاتووە لەشم!
بناری پڕ بەهاری دێ
ڕەنگی سوور و شین ئەدا لە شیعر و عاتیفەی گەشم!

لاوێکی دێهاتی کە بەیانی ڕەنگاوڕەنگی بەهارانەی هەواری چیای بەرزی دیوە و هەمیشە چاوی بەڕوانگەی بەرین و ڕاخراوی دەشتی بەگوڵ و گیا خەملیو ڕاهاتووە، دێتە شار. کۆڵانی تەنگ و درێژ وەک تابووت لەشی ئازادی ئەو لاوە ئەگوشێ.

هەزاران بەندی ڕەسم و یاسا لە دەوری دەست و پێی هۆگری ڕزگاری ئەو ئەبێتە کەلەپچە. ڕوانینی شار جیاوازی هەیە لەگەڵ نیگای مێهرەبانی دێ. لە شار ژیان چەشنی پیاز، هەموو تێکوڵە و کاکڵی نییە. ڕواڵەتی ژیان ڕازاوە و شکۆدار، بەڵام ڕەنگی ئەو ژیانە ڕەنگی دەسکرە. هەروەک ڕەنگێ کە لێو و گۆنای ئافرەتی شار سوور ئەکا. بەڵام لە دێ، هەموو شت سروشتییە. تەنانەت سوورایی نیوە ڕەنگی لێوی بزەتێزاوی کچێ کە لە ژێر گەرمای ڕوانینی لاوێکی ئەویندارا شەونمی شەرم ئەکەوێتە سەر گوڵی گۆنای و خوێنی هەستی پاکی کچانە بەپێستی نەرمی دەموچاویا ئەگەڕێ، ڕەنگێکی سروشتییە. لاوی دێ نشین بەهەزار هەودای ئاوریشمین بەڕابردووی خۆیەوە بەستراوە، فێر نەبووە کۆشکی دە نەهۆمی سەر لە ئاسمان ببینێ و بۆ ئەوە تەماشای بکا کڵاوی سەری بەربێتەوە. لە دێ خانووبەرەی لار و کۆمی دیوە بەڵام هەنگاوی لاری لە ڕێگا لادەری نەدیوە...

لەو حاڵەدا دڵی ئەدا بەکچێک کە وەک گوڵی لەیلووپەڕی ئاوی لە ناو زەلکاوی شارا پشکوتووە. دوو هێزی کێشەر بۆ دوو لای جیاوازی ئەکێشن؛ هێزی ئەوین فەرمانی مانەوەی ئەداتێ لە شارێکا کە چەشنی پێڵاوی تەنگ پێی ڕێبواری ئەوین ئازار ئەدا و هێزی دەرچوون و ڕزگاربوون لە کەمەندی دووکەڵ و دراو و گەڕانەوەی بۆ دێ و دیسانەوە دەستەملانبوونەوەی بیرەوەری خەیاڵ ورووژێنی هەست بزوێنی سەردەمی منداڵی و گەنجی لە لادێ و ئەم شیعرانە ئاکامی بەرەنگاری ئەو دوو هێزەن لە هەناوی لاوەکەدا و ئەبینین کە تەنانەت زنجیرەی زێڕینی ئەوینیش پێی ڕەوەکی لاوەکە نابەستێ و ئەچێتەوە دێ کە ڕەنگی سوور و شینی بەهاری بنار لە عاتیفەی گەشی بدا.

تا بەرنامەی داهاتوو خواتان لەگەڵ

١٣٥١/٦/١٥



## هونەرمەند ئەندازیاری کۆشکی ئاواتی گەلە

سەلام لە گوێگری بە هەست و هونەرپەرستی بەرنامەی تاپۆ.

تا ئەمڕۆ سەبارەت بەهونەر و هونەرمەندی زۆر قسە کراوە و بەسەدان سیپارە و پەڕاو لە بارەی هونەرا نووسراوە و هەر نووسەر و لێکۆڵەرێک ویستوویەتی لە ڕوانگەی خۆیەوە سەیری هونەر بکا، بەڵام هەروەک شاعیری فارس ئەڵێ:

یک نکته بیش نیست غم عشق و این عجب

از هر زبان کە می شنوم نامکرر است

باسی هونەریش هەر یەک باسە، هەر باسی جوانی و شکۆیە، بەڵام هەرکەس بەچەشنێ بەتانوپۆی هونەرا ئەچێ و لە ڕوانگەی تایبەتی خۆیەوە ئەڕوانێتە سەر جیهانی بژوێن و هەمیشە بەهاری هونەر. ئەڵێی هونەر کۆشکێکی بەرزە بەهەزار پەنجەرەوە کە هەر کام لەو پەنجەرانە بەرەو جیهانێکی جیاواز ئەکرێتەوە. جیهانێک بەجەنگەڵێکی کاتی پاییزەوە کە گەڵاڕێزان ڕووی تێ کردووە و بەلوورەی هەر کزەبایەک، گەڵایەک بەسەمای مەرگەوە بەرەو زەوی شۆڕ ئەبێتەوە. جیهانێک بەدەشتێکی بە گوڵ خەملیوەوە کە هەتا چاو بڕ ئەکا سەوز و سوور ئەکاتەوە، ئەڵێی دەشت کلکی تاوسە و چەتری ئەنگاوتووە و سەری ئەو تاوسەش چیایەکی بەرزە کە بەشانازییەوە بەرەو خۆرەتاو هەڵچووە.

بەڵێ هونەر ئەمەیە؛ بەڵام دیتنی ئەو جیهانە بۆ هەموو کەس دەس نادا، لە ڕاستییا جیهانی هونەر لە گیان و هەستی هونەرمەندا خۆی ئەنوێنێ و هەناوێکی ساف و بێ گەردی گەرەکە تا ببێتە ئاوێنەی هەستی هونەرمەندانە و ئەو جوانییانە کە لەبەر وردی و ناسکی بەرچاوی خەڵکی ئاسایی نایەن لەو ئاوێنەدا دەرکەون؛ لەگەڵ ئەوەشا هونەرمەند چێشکەیەکی پاراوی هەیە، هەر ئادەمیزادە و خاوەنی هەموو هێز و هەستێکی ئادەمیزادییە، هونەرمەند بەزرێی هونەر لەشی نەبۆتە پۆڵا. شکست و سەرکەوتی هەیە، وەک خەڵکی تر تەنانەت شکستی لە خەڵک تاڵترە و سەرکەوتی

شیرینتره. هونەرمەند بێ ئەوین ناژی، وەک ماسی بێ ئاو هەڵناکا جا ئەو ئەوینە چ ئافرەت بێ، چ تەبیعەت، چ شتی شکۆداری تر، بەڵام هونەرمەندی بەڕاستی ناتوانێ تەریک بێ لە کۆمەڵ. گریانی کۆمەڵ فرمێسک دێنێتە سەر چاوی و پێکەنینی خەڵک لێوی ئەکاتە گوڵزاری هەزاران خونچەی تازە پشکوتوو. لاپەڕەی سپی هەناوی وەک ئاوێنە بەهەناسەیەک لێڵ ئەبێ و حەریری سپی هەستی بەهەموو پەڵەیەک ئەشەمزێ، جا لەبەرئەمەیە کاتێ جیهان بەدڵی ئەو نەسووڕا، ئەکەوێتە پەلەقاژە، تەنگاوتیلکە ئەبێ و لێرەدایە کە ڕێگای شاعیران لەیەک جیا ئەبێتەوە.

هەندێ بەدیتنی یەکەم ناحەزی و تووشبوونی یەکەم شکست هەست ئەکەن ئیتر هەموو شت دوایی هاتووە و لەبەرئەوە کە هەست بەبێ هێزی ئەکا دێتە سەر ئەو بڕوایە کە لە وزەیدا نییە بەگژ ناحەزی و ناباری ژیاندا بچێ و ناشتوانێ بێ دەنگ دابنیشێ و هیچ نەڵێ، یا هۆگری ڕەشی و تاڵی و دزێوی بێ، خۆی کەنار ئەگرێ و خۆی ئەدزێتەوە و گۆشەگیری ئەکاتە پیشە، تا بەواتەی خۆی لانی کەم ئەو لەم بازاڕە شێواوەی ژیانەدا سەرگەردان نەبێ و بەشێک لەو ناحەزییانە نەگرێتە ئەستۆ. هەندێکی تریش کاتێ چاویان بەناحەزی و ئاڵۆزی ژیان کەوت لێ ئەبڕێن بەرەنگاری ناباری بوەستن و تا پێیان ئەکرێ بەرگری بکەن و هەوڵ بدەن بۆ پاراستنی جوانی و باشی، لە ڕاستییا هەردووکیان یانی هەم دەستەی یەکەم کە هیوا بڕاوە و هەم تاقمی دووهەم کە لە تێکۆشاندایە ئەناڵێنن. یەکەمیان شینی مردوویەک ئەگێڕێ کە ئیتر بەهیچ بارێک هیوای زیندووبوونەوەی نییە، دووهەمیان هاوار ئەکا بۆ ڕزگارکردنی نەخۆشێک کە هێشتا زیندووە و ئەکرێ بەداو و دەرمان چاری بکرێ و ببێتەوە ئادەمیزادێکی ساغ و لەش دروست.

شاعیر لەگەڵ خەڵکی ئاساییا تەنیا جیاوازی لەوەدا نییە کە جادووگەری بەدەسەلاتی هەرێمی وتارە و ئەتوانێ بەتەڕدەستی و پسپۆڕی گەوهەری وشە بهۆنێتەوە، بەڵکو گەورەترین جیاوازی ئەمەیە کە شاعیر بەهەستی تیژ و چاوی وردبینەوە زووتر هەست بەمەبەستی ژیان ئەکا و ئەزانێ کام کۆسپ و قۆرت و گرێ دێتە سەر ڕێگا. شاعیر نابێتە شاعیر تا لە پێش هەموو شتێکا نەبێتە کۆمەڵناس، نەبێتە نوێنگەی ئاواتی سبەینێی کۆمەڵ و مەکۆی زانیاری دوێنێی کۆمەڵ.



شاعیر بەتایبەت شاعیری ئەمڕۆکە ئیتر کۆت و بەندی پێدا هەڵکوتن و شاباش وەرگرتن لە دەوری دەست و گەردنی نەماوە، ئەبێ سەربەخۆ بێ لە بیرکردنەوە و هەستییا، لە لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەیا. تا دوێنێ شاعیر ناچار بوو بۆ ژیان بە کەسێک هەڵبلێ و بەشوێن کەسێکا بڕوا کە زۆر لە هونەر بێ بەش بوو، هەڵبەت هەبوون شاعیرانی گەورەی وەک «ناسر خوسرەو» و «ئەبولعەلا» و «ئەحمەدی خانی» کە گەوهەری وشەیان نەدەخستە بەرپێی ڕێزنەگر و قەدرنەناسان، بەڵام ئەو شاعیرانە لە کەمایەتیدا بوون لەو کاتەدا، بەڵام ئەمڕۆ شاعیر ئامانجێکی تازەی دۆزیوەتەوە و ڕاسپێرییەکی نوێی کەوتۆتە سەر شان. ڕاسپێری بۆ خەڵک ژیان و لە پێناوی مرۆڤایەتییا مردن؛ شاعیری ئەمڕۆ ئەبێ شارەزا بێ بەم ڕاستەقینەیە کە هەزارەها گوێگر بەتاسەوە گوێیان لە وتاری ئەو گرتووە و شاعیر ناچارە لە ئاسایی بەرزتر بێتەوە، لە هەموو تێکۆشانێکا هەنگاوی یەکەم ئەو هەڵیگرێ، هەڵبەت ئەم ڕاسپێرییە هی گشت ئەو کەسانەیە کە بەچەشنێ ئەبنە جێگای چاولێکردنی خەڵک و قسە و کردەوەیان لە ناو خەڵکا لایەنگری هەیە و ڕەوایە.

هونەرمەند ئەندازیاری کۆشکی ئاواتی بەیانی کۆمەڵە؛ ڕچەشکێن و هاندەر و ڕێ پیشاندەرە؛ شاعیریش کە هونەرمەندی هەرێمی وتارە، ڕازێنەرەوەی جیهانێکە کە ئەبێ کۆمەڵ بەرەو ئەو جیهانە بڕوا. خەڵکی ئاسایی بەکەنار هەزار دزێوی و ناحەزییا بێ ئەوە سەرنج بدەن و ئەو ناحەزییانە هەست بکەن تێئەپەڕن، تەنیا شاعیرەکە ئەتوانێ گاهێ بەهەڕەشەی وشەی ترسێنەر و گاهێکیش بەهیوا بزواندن و وتاری ئاگرین خەڵک تێبگەیێنێ کە ئەوەی وا بێ دەربەست بەپەنایا ڕائەبوورن نابارییەکە کە تازە خەریکی ڕیشاژۆ و سەرهەڵدانە و ئەگەر بژار نەکرێ بەیانی ئەبێتە کۆسپێکی پڕ مەترسی.

شاعیر نییە ئەو کەسە وا وشە لیزگە ئەکا. ئەو کەسە هەڵبەستەچییە نەک شاعیر؛ شاعیر تا دەردێکی نەبێ، تا بڕوایەک لە دەروونیا نەبێ هەوێن و شەپۆل نەدا، شیعر ناڵێ؛ کاتێ دەرد ئەوەندە زۆر بوو کە ئیتر دڵ و سینگ و هەناو هەڵی نەگرت، سەرڕێژ ئەکا. ئەم سێڵاوە کە لە کۆبوونەوەی هەزاران سەرڕێژی بەربەندی دەرد پێک دێ، مەزرای هەژار و جووتیار ئەگەشێنێتەوە و ماڵی چەوسێنەرەوە خاپوور ئەکا؛ بێ

گومان هەر دڵێ کە دەردی هەبێ ئەناڵێنێ، هەر زمانێ کە بڵێسەی بەتینی دڵی تێ بەربێ دێتە وتار و هەر وتارێ لە ناخی دڵی بەدەردەوە هەستێ، ئەنیشێتە سەر دڵی خەڵک. «لانگ فلو» شاعیری ئەمریکایی ئەڵێ: ڕۆژێک تیرێک لە کەوانێک دەرچوو بەرەو فەزای بێ بن، هیچ چاوێک نەیدی تیرەکە لە کوێ کەوتە خوارەوە، پاش ماوەیەک تیرەکەیان دۆزییەوە کە لە دارێکی بەڕوو هەڵچەقی بوو، چونکە تیرەکە لە داری بەڕوو بوو؛ ڕۆژێک من ئاوازێکم لە ژێر لێوەوە زەمزەمە ئەکرد، ئاوازەکەم نیوە تەواو مایەوە، پاش ماوەیەک هەر ئەو ئاوازەم لە دەمی دۆستێک بیست لەو جێگایەوە کە من نیوە تەواوم هێشتبۆوە...

وتارێ کە ڕاستی و جوانی بنوێنێ بێ گومان لەسەر کۆمەڵ کار ئەکا. کە وەهایە بۆ ناسینی شاعیر لە پێشا بزانە کێ شیعری ئەخوێنێتەوە.

تا بەرنامەی داهاتوو بەخواتان ئەسپێرین. شەو باش.

١٣٥١/٦/٢٠



# ئاواتی پیرۆز

سەلام لە گوێگری بەڕێزی بەرنامەی تاپۆ. تکایە لە پێشا گوێ بگرن بۆ پارچە پەخشانێک:

ماوەی نیو سەعات هەروا بێ دەنگ دانیشتبوون و جار جار لە ژێر چاوەوە بۆ یەکتریان ڕوانیبوو، هەڵبەت وەها کە ئاشکرا نەبێ. هەر کات ئەم سەری داخستبوو ئەو چاوێکی بەچارەیا خشاندبوو. وا دیار بوو هەردووکیان لە دڵیانا بەخۆیان کوتبوو: وریا بە، هاوسەر گرتن و هەڵبژاردنی هاوبەشی ژیان کارێکی ساکار نییە. تەواو چاوت بکەوە و باش بڕوانە دەموچاوی، بەژن و باڵای. بەڵام هەردووکیان لەم بیرە کە بەدڵیاندا هاتبوو شەرمەزار بوون و دیار بوو هەردووکیان لە دڵیانا بەخۆیان کوتبوو بۆ مەگەر هاوسەرگرتن و هەڵبژاردنی هاوبەشی ژیان هەر بەوەی کە ڕواڵەت جوان بوو، پێک دێ؟ باشترە خوو و ڕەفتاری بزانم. بەڵام هەردووکیان کاتێ گەیشتبوونە ئەم جێگایە دامابوون چونکە نەیانئەزانی بە چ ڕێگایەکا...؟

باوک و دایکی کچەکە پاش ئەوە زۆر لەسەر مارەیی و جلوبەرگ و خشڵ و زێڕ و گوڵ و گوارە و کرمەک و ژێر چەنە قسەیان کردبوو و کوڕەکە بەشەرمە هەموو شتێکی قبووڵ کردبوو، لە هۆدەکە چووبوونە دەرەوە، تا کوڕ و کچ بەیەکەوە قسە بکەن. خوا ئەزانێ شێرکۆ چەند جار لێبڕابوو ئەمە بڵێ و لە شەرما زمانی بەسترابوو و چەند دەسرەی بەئارەق تەڕ کردبوو تا بەدەنگێکی نەرم و لەرزینەوە توانیبووی بڵێ من ئەبێ خۆم لەگەڵ «چرۆ» قسە بکەم و بزانم ئەویش ڕازییە یام نە. پاش ئەو چەند وشەیە قسەی تریشی کردبوو و کوتبووی من و چرۆ ئەمانەوێ بەیەکەوە بژین و ئەبێ ئەو بتوانێ لەگەڵما هەڵبکا و بتوانێ بەدڵ خۆشی بوێم. بەڵام باوک و دایکی چرۆ، ئیتر گوێیان نەدابووە قسەکانی دوایی «شێرکۆ». تەماشایەکی یەکتریان کردبوو؛ وەک قسەیەکی سەیریان بیستبێ و هەردووکیان لە دڵی خۆیانا کوتبوویان: یانی چی، چرۆ چ کارەیە، ئێمە داومانە و بڕاوەتەوە. بێ گومان ئەم

قسەیان لە دڵ گران هاتبوو کە زاوای داهاتوویان ئێستە هیچ نەبووە ئەیەوێ لەگەڵ کچەکەیان تەنیا بێ. شێرکۆ ئەمەی لە ڕواڵەتی خەسوو و خەزووری داهاتوویدا بەدی کردبوو، بەڵام ئیتر هێزی پاکانەی نەمابوو، چونکە هەموو وزەی خۆی بۆ دەربڕینی قسەکەی پێشوو لە دەس دابوو.

نیو سەعات بێ دەنگ دانیشتبوون. تەنیا خشەی کراسی تازەی چرۆ جار جار هەوای کپی هۆدەکەی ئەلەراندەوە. ئەبوو شێرکۆ دەس بەقسەکردن بکا، بەڵام بڵێ چی. بیری کردەوە بڵێ ئەمرۆ هەوایەکی خۆشی هەیە و ئەمە بکاتە سەرەتایەک بۆ وتووێژ، بەڵام لەم بیرە هەم ڕقی هەستا و هەم پێکەنینی هات. ڕقی هەستا لە خۆی کە بۆچ خووی بێگانەی گرتووە، ئاخر ئەو لە فیلمی سینەما و لە نووسراوەکانی نووسەرانی ڕۆژاواییدا دیبووی و خوێندبوویەوە کە سەرەتای هەموو ئاشنابوونێک بەم جۆرەیە: «هەوایەکی خۆشی هەیە، وا نییە؟» کچەکەش پێئەکەنێ و ئەڵێ: «بەڵێ زۆر خۆشە.» پاشان کوڕەکە ئەڵێ: «نەهارێک لە فلان جێ بەمووسیقا و سەماوە؛ پێت چۆنە؟» کچەکە ئەڵێ: «باشە، زۆر باشە...» و ئیتر بوون بەئاشنا و کاریان تەواوە، یا بەسەرهاتێکی تر دەس پێ ئەکا: «ناوت چییە؟» «ئینابیلا، Tresa یا ماری Mary یا Rose رۆز.» – «بەهـ بەهـ چ ناوێکی جوانە، بەڕاستی جوانە.» کچەکە ئەڵێ سپاس و زەردەیەک دێتە سەر لێوی. پاشان بانگ کردنە بۆ سەما و ئیتر کاریان تەواوە. ئەڵێی ساڵهایە یەکتر ئەناسن. بەم ڕقی لە خۆی هەستا و بەمەش پێکەنینی هات کە ئەگەر بڵێ هەوایەکی خۆشە، ئەو کچە ساکارە کوردە چ حاڵێکی بەسەرا دێ. بێ گومان لەبەر خۆیەوە ئەڵێ مەگەر قسە نەمابوو کە باسی هەوا ئەکەی! ئێمە لەسەر دووڕێیانی ژیان وەستاوین و ئەبێ بەوردی و ژیری ڕێگایەکی ئەوتۆ هەڵبژێرین کە بگاتە ئاکامی بەختەوەری، کەچی ئەو باسی هەوا ئەکا.

شێرکۆ هەستی کردبوو کە لەمە زیاتر بێ دەنگی بەلای چرۆوە مانایەکی باشی نابێ، چونکە سێ چوار جار دیبووی کە چرۆ چاو ئەبڕێتە چاوی و باری دانیشتنی ئەگۆڕێ و ئەڵێی لەم بێ دەنگ دانیشتنە وەڕەز بووە. شێرکۆ کوتی: «چرۆ» و ئەو وەڵامی داوە: «بەڵێ!»

– «من و تۆ خەریکین دەست ئەدەینە گەورەترین کاری ژیانمان.»



چرۆ لە دەمی وەرگرتەوە: «نا گەورەترین کار نییە، بەڵام گەورەیە. یانی زۆر کار هەیە لە بەختەوەری من و تۆ بانترە.»

– «کە وەهایە تۆ قەبووڵتە کە ئەم کارە بەختەوەری من و تۆی تێدایە.»

چرۆ بەچاوێکی پڕ سکاڵاوە سەیری شێرکۆی کرد و کوتی: «تۆ لات وانییە من کچێکی ساکارم و تێناگەم ئەوین یانی چی؟ ئەگەر لات وا بێ هەم بێ ئینسافی و هەم بەهەڵە چووی.»

شێرکۆ لە تاسانی سەرەتای قسە کردن ڕزگاری هاتبوو و ئەیتوانی بەزەردەی پیاوانە و ڕوانینی گەرم هەستی خۆی دەربڕێ.

لە دەرەوە بایەکی بەتەزووی پایزی لە درزی دەرگا و پەنجەرەکانەوە خۆی بەژووریدا ئەکرد و پەردەی ناو هۆدەکەی ئەلەراندەوە. ئەتکوت بێچووە پشیلەیەکی بزۆز خەریکی کایەکردنە بە پەردەکە.

شێرکۆ کوتی: «تۆ ڕازی؟»

چرۆ تەنیا بزەیەک گرتی و سەری دانەواند.

شێرکۆ کوتی: «بیری لێ بکە. ماڵێکی خۆش و خنجیلانە. کوڕ و کچی جوان!»

چرۆ لەبەر خۆیەوە کوتی:

– «ئاواتەکانت جوانن، بەڵام شکۆدار نین. تەنیا بۆ خۆم و خۆتە.»

شێرکۆ بەسەرلێشێواوی پرسی: «دەیجا» و نەیتوانی قسەکەی تەواو کا. چونکە نەیدەزانی چرۆ مەبەستی چییە.

چرۆ ئەوی لەم سەرسامییە ڕزگار کرد: «بەختەوەری کاتێ تەواوە کە بۆ هەموو کەس بێ. بەچاوی گەش و کوڵمی سوور و لێوی بەپێکەنینەوە چون بژین، کاتێ فرمێسک لەسەر گوێسوانی هەزار چاو، سەما ئەکا و کوڵمی مناڵی دەردەدار وەک بەهێی زەرد وەهایە و لێوی بەباری هەژاران بەختەوەری تاکی من و تۆ ئەکاتە گەپجار؟! چۆن بێ دەربەست و سەرخۆش بەلای هەزاران کەمایەتیدا تێپەڕین، لە کاتێکا لە دەستمان نایە کارێکیان بۆ بکەین و نەمانکردووە!»

شێرکۆ لە ژێر لێوەوە کوتی ئەمەیە ڕازی مانەوەی ئادەمیزاد و بەرزتر کوتی:

«زەکاتی بەختەوەری دەسگیرۆیی هەژارانە. من و تۆش لەم سامانە خودا داوە زەکاتی ئاتاجان ئەدەین. ئەگەر بەختەوەر بین بەهێزترین بۆ یارمەتی خەڵک.»

چرۆ بەپێکەنینێک دەری خست کە دژی ئەو بڕوایەیە و کوتی: «بەڵام بەداخەوە بەختەوەران لە دەردەداران دوورن.»

شێرکۆ بەناڵینەوە کوتی: «پێویست ناکا ئێمەش وەها بین. ئەگەر ئادەمیزاد هەر لەسەر باری پێشووی بڕوا، پێشکەوت مانای نابێ. چ دەبێ من و تۆ یەکەم ڕێبواری ئەم ڕێگایە بین؟»

چرۆ دەنگی نەکرد، بەڵام وەک ئەوە ئەچوو بڵێ با وابێ.

گوێگرانی بەڕێز: بەرنامەکەمان لێرەدا تەواو بوو. چاوەڕوانی نووسراوەکانتانین و تا بەرنامەی داهاتوو هەمووتان بەخودای مەزن ئەسپێرین و سەرکەوتن و بەختەوەریتان بۆ داوا ئەکەین. شەوتان باش.

٥١/٧/٢



## چاوەڕوانی

سەلامێک لەم پایزەدا وەک گوڵێ کە مابێتەوە لەبەر تاڵانی گەڵاڕێزان، پێشکەش بەئێوە کە ژیان و هەرچی ڕازێنەرەوەی ژیانە خۆشتان ئەوێ. پێشکەش بەئێوە کە بە هەست و هونەرپەرستن. لەم بەرنامەیەدا نموونەیەکی نوێتان لە داستانی کورتی کوردی پێشکەش ئەکەین و چاوەڕوانین ئێوەش بەناردنی داستانی کورتی شوێنەواری خۆتان یا شوێنەواری نووسەرانی ناسراوی کورد یارمەتیمان بدەن.

لە دێوە ڕێگایەکی پان و ڕێک ئەچوو بۆ کەناری چۆم. سەرەتای ڕێگاکە لە خوار دێوە لە پاڵ ماڵی پوورە پیرۆزەوە دەستی پێ ئەکرد. لە پردێکی بچووک کە لەسەر بەندەکە هەڵبەسترا بوو ئەپەڕییەوە ئەچووە ناو ڕێگاکەوە. ئەمبەر و ئەوبەری ڕێگاکە بەڕیز داری سپیدار و پەڵک و چنار بوو. سپیداری ئەستوور و گەڵا پان. پەڵکی لار و کۆم کە هەندێکیان گەندەڵ ببوون و لە جێگایەکەوە کە کرم لێی دابوون، کونی ورد و درشت، بەرچاو ئەکەوت. بارانێ کە باریبوو لەو کونانەوە، لە گەندەڵایی دارەکان زەلی بوو و ئاوێکی تاڵەی هەندێ سوور و هەندێ ڕەش لەو کونانەوە بەسەر لەشی دارەکانا هاتبووە خوارەوە، ئەتکوت پیرەمێردێکی کوردە کە لە تەنیایی و بێ دەنگییا بەچاوی پرووش و کز گریاوە. چناری سەر بەرز کە لە پەنا پەلکەکانا ئەتکوت کوڕی گەنجی قیت و قۆزە لە پاڵ دەستی باوکی پیری نوشتاوەوەی، ڕاوەستاوە. پاش ڕیزی دارەکان لەمبەر و ئەوبەری ڕێگاکەوە پەڵە وێنجەیەک بوو کە کاتی دروێنەی بەری سێهەمی هاتبوو. پرشنگی خۆرەتاوی ڕەنگ پەڕیوی ئێوارێ ئەتکوت داوێنی کراسی بووکێکی شۆخ و شەنگە لە پێچی کۆڵانێکا نەدیو ئەبێ. نیوەی پەڵە وێنجەکان لەبەر نووری خۆرەتاوا تێکەڵ یەک بوون لە شینی مەیلەو زەرد و نیوەکەی تریان کە لالە سێبەری بەسەر کێشا بوو شینێکی تاریک و بەرەو ڕەش بوو. یەکەمیان ئەتکوت چاوێکی مەڕییە کە گەشەی پێکەنینی تێگەڕاوە و بەشی دووهەمیان لە چاوێکی شین ئەچوو کە چاوەڕوانییەکی دوورودرێژ لێڵی کردبێ.

من هەموو ڕۆژێ کاتی ئێوارانە دائەکشام بۆ خوار دێ و لە لای ماڵی پوورە پیرۆزەوە تێئەپەڕیم و بەسەر پردەکەدا پێم دەنا ناو ڕێگا و ئەچوومە سەر چۆم. ئەوە کاری هەموو ڕۆژێکم بوو، بەڵام هەموو ڕۆژیش کە ئەگەیشتمە سەر پردەکە لە پێشا ئاوڕێکم ئەداوە بۆ ناو دێ و هەمیشە پوور پیرۆزم ئەدی کە لە ناو حەوشەکەیا دانیشتووە و چاوی بڕیوەتە ئاسۆی ئەوبەری چۆمەکە. چاوم کە لە دیمەنی تێکشکاوی پوور پیرۆز ئەترازا نیگام بەئاوی مەندی قەوزە گرتووی بەندەکە ئەکەوت کە بۆقی ورد و درشتی شین و خۆڵەمێشی بەسەر قەوزەکانییەوە خەریکی پشوودان بوون و ئەو پشوودانە تەنیا سێبەری مارێکی ئاوی تێکی ئەدا و بۆقەکان بەگورجی و کەمێک سەرشێواوی خۆیان ئەشاردەوە. پاشان کە ئەچوومە ناو ڕێگاکەوە پێش هەموو شت کونی دار پەلکەکان سەرنجیان ئەدزیم. منداڵانی ئاوایی لایان وابوو لەشی پەلکەکان خوێنی تێدایە، چونکە ئەیاندی ئاوێکی خەستی نزیک بەسوور بەم کونانەدا دێتە خوارەوە و منیش نازانم چۆن بوو کە لەسەر پردەکە تا ئەگەیشتمە سەر کەندەڵانی چۆمەکە و چاوم بەئاوی شینی گۆمی مەندی پڕ لە ماسی ئەکەوت؛ لەو نێوانەدا منداڵ ئەبوومەوە و ئەهاتمەوە سەر بڕوای منداڵانی ئاوایی. بڵێی خوێنی شەهیدێک بێ؟ بڵێی ئەم شنەبایە کە گەڵا و لکی دارەکان ئەشەکێنێتەوە دەستێکی نادیاری پیرۆز بێ باوەشێنی ئەو شەهیدانە ئەکا؟!

بەڵام زوو ئەگەیشتمە سەر چۆمەکە و لەوێ دیمەنێکی تر بیری خاوێنی منداڵانەی لە مێشکم ئەتاراند.

لەمێژ بوو پێوە بووم دەرفەتێک بدۆزمەوە و لەگەڵ پوورە پیرۆز قسە بکەم. هەندێ شتم لە خەڵکی ئاواییەکە بیستبوو و لەباتی وەسوەسەم دامرکێنێ زیاتر هانی دابووم بۆ ئەوە لەگەڵ خۆی بدوێم. ئەو ڕۆژەش وەک ڕۆژانی دیکە، من چووبوومە سەر چۆم. ماسییەکان لەو بەشەی گۆمەکەدا کە نەکەوتبووە ژێر سێبەری دارە بی کەناری چۆمەکە و تاویشی بەسەر نەکشا بوو لە هاتوچۆدا بوون. گاهێ بەر زگی زەردیان وەدەرئەخست و لەو کاتەدا ئەتکوت گۆمەکە ئەبێ بەزارێک کە بەزەردەیەک لەیەک ئەبێتەوە و پڕشنگی ددانی ڕێک و جوانی دەرئەکەوێ. من زیخێکی وردم ئەهاویشتە ناویان و کۆڕی ئەویندارانەیانم ئەشێواند. ماسییەکان تێکڕا ئەهاتنەوە سەر زگ و



بەبزووتنەوەیەکی بەپەلە کە لە بالەیەکی توند ئەچوو، بڵاوەیان ئەکرد و لەیەک جیا ئەبوونەوە، ئەتکوت لەپڕ چرای هۆدەیەک کز ئەکەی. لە گۆمەکەدا تەنیا پڕشنگی نیوە ڕەنگی خۆرەتاوی ئێوارێ ئەمایەوە.

هەستم کرد یەکێک لە پاڵ دەستما دانیشت. ئەوەندە بەئەسپایی کە ئەگەر دەنگی نەکردبایە، لام وا ئەبوو هەستم بەهەڵە چووە و لە تێکەڵبوونی سنووری سێبەری خۆرەتاو کە ئێوارانە لە ناو گژوگیای ڕەنگاوڕەنگی دەشتی ئاواییا هەر دێ و دەسەڵاتی تاریکی زۆرتر ئەبێ و خۆرەتاو پاشەکشە ئەکا، لام وا ئەبوو بنجە گیایەکی زەرد و بەرز لە پێشا لە ژێر نووری خۆرەتاوا بووە و ئێستە وەک سەنگەرەکانی تری خۆرەتاو تاریکی مۆنی ئێوارانە گرتوویەتی. بەڵام دەنگێک هاتە گوێم کە ئەڵێ: «میرزا!» دەنگی ئافرەتێکی پیر بوو. لە دەنگێک ئەچوو زۆر لە دوورەوە هەرات لێ بکا و تۆ هەر ئەوەندە تێبگەی لەگەڵ تۆیەتی، بەڵام نەزانی کێیە. کەمێک وەرسووڕام. دیمەنی پەڕپووتی پوور پیرۆزم ناسییەوە. لام سەیر بوو کە ناوی من لە کوێ ئەزانێ. خەڵک ئەیانکوت دە ساڵە پوورە پیرۆز تەنانەت یەک وشەش لە دەمی دەرنەهاتووە. من هێشتا سەرسام بووم کە پوور پیرۆز هاتە قسە. لە کاتێکا دەمی لەگەڵ گوێم لە مترێک زۆرتر نێوانی نەبوو، هەستم کرد لە ئاسۆی ئەوبەرەوە کەسێک قسەم لەگەڵ ئەکا. باش نەمدەزانی کە پوور پیرۆز لای منە یا لەوسەر ئاسۆیەیە کە چاوی کزی تێ بڕیوە. نەمدەزانی قسە بۆ من ئەکا یا بۆ ئەو کەسە کە دە ساڵ لێرەوبەر لەو تیرەگە سەرکەوت و ئیتر نەگەڕایەوە.

– «... بەڵێ میرزا. ئاغا کردیە سەرمان کە بچێ بۆ دێی ئەوبەری ئەم کێوە و لەوێ هێلکە و مریشک بکڕێ بۆ میوانەکانی ئاغا. نەخۆش بوو. لەشی وەک برێشکەی سەر سێڵ لە چەق و چۆدا بوو. ددانی ددانی نەدەگرت. پێش ئەوە گزیری ئاغا بێتە سەرمان بەچەند لێفەی گەرم داپۆشیبوو. تەندوورەکەشم بۆ نێڵ دابوو. نازانی ئەو ڕۆژە چ تۆف و سەرمایەک بوو. تفت هەڵاویشتبایە لە حەوا دەیبەست. گزیری ئاغا هات و کوتی، ئەبێ زوو بڕوا و زوو بگەڕێتەوە. من کوتم، نەخۆشە و چەق و چۆیەتی. ناتوانێ بچێ. گزیری ئاغا کوتی، چارە نییە، فەرمانی ئاغایە، میوانی هەیە. من لەبەری پاڕامەوە، داوێنیم بادا، بەسەر دەست و پێیدا کەوتم وەری نەگرت. بەم

حاڵەوە هەستا و ڕۆیشت. لالاییم گاتێ، پووزەوانەکانی دڕابوون، کاڵەی شڕی لە پێدا بوو. کاتێ گەیشتە سەر ئەم پردەی بەر ماڵی خۆمان ئیتر لە بەرچاوم گوم بوو. کرێوە بەباوە ئەیهێنا و ئەبوو بەدیوارێکی سپی و بەرچاوی ڕێبواری ئەگرت. ئەو ڕۆژە دە زستانی بەسەرا هاتووە و من چاوم لەم ئاسۆیەیە کەی ئەگەڕێتەوە. دڵنیام ئەگەڕێتەوە. ئەو منی خۆش دەوێ. دایکی پیر و لێقەوماوی خۆی خۆش ئەوێ.»

پوورە پیرۆز بێ دەنگ بوو و من گریانم پێ بچووک بوو. لەم کاتەدا بۆ دەربڕینی هەستم، تەنیا چاوم بەم دەموچاوی پڕ چرچ و گنجەدا خشاند کە هەر خەمێ شوێنێکی لەسەر دانابوو. لە زارم دەرپەڕی: «نا نا، هەڵیناگرێ!» بەڵام دیتم بۆ چ ئەو هەڵیئەگرێ! لە بێ هێزییا ڕووم کردەوە کاتی مناڵی. بڵێی ئەم دارانە شەهید نەبن و ئەم خوێنانە خوێنی پاکیان نەبێ بەسەریانەوە دیارە؟!

ڕۆژ ئاوا ببوو. پوورە پیرۆز چۆن وەک پەڕێک با بیهێنێ هاتبوو، چەشنی خەونێک کە شەقژنێکی تاڵ لە ناوی بەرێ، لە لام ڕۆیشتبوو. کۆشکی ئاغا هێشتا تاوی لێ ئاوا نەببوو کە بەچەن چرای تۆڕ نوورباران کرابوو و ئەمە قسەی دوایی من بوو:

«بڵێی لەم کۆشکانەش، ڕۆژێک خۆرەتاو نەتۆرێ؟!»

٥١/٧/٥





## بیرەوەری

پاش چەند ساڵ ئەوم لە ئیستگەی قەتار چاو پێکەوتەوە. جانتایەکی بەدەستەوە بوو، ئەچوو بۆ شوێنی پلیت کڕین. هەیکەلی وردیلانەی و ڕوومەتی لاوازی سەرنجی ڕائەکێشا؛ ئیتر مووی تەواو ماش و برینجی ببوو لە دوو لای ناوچاوانییەوە مووی سەری هەڵوەریبوو. دەوروپشتی چاوی، گنجی ورد و باریک چەشنی نێزە هێرشیان بۆ چاوی بردبوو، کە ئەتکوت شوێنی کێڵگەیە. کاتێ پێئەکەنی گنجەکانی دەوری چاوی قووڵتر ئەبوو و پیرتر ئەهاتە بەرچاو. وەک ماسییەک کە بکەوێتە سەر زیخی بەستێن، بێ ئارام بوو. لە مەیدانی ئیستگە بەپەلە هاتوچۆی ئەکرد و لەگەڵ کابرایەکا قسەی ئەکرد. ئەم بزۆزی و نەسرەوتووییە بۆ من نەناسراو نەبوو. هاتەوە بیرم کە هەمیشە زوو دانووی لەگەڵ خەڵکا ئەکولا. هەر کەس قسەی لەگەڵ بکردایە، پاش چەند جار بۆ لای ئەکێشرا. لەگەڵ هەر کەسێکا ئەبوو بەئاشنا، پێش ئەوە باش بیناسێ، دەستی ئەکرد بەدەردی دڵ. ئەیکوت: «خەریکم هاوڕێیەک بدۆزمەوە و لەگەڵیا هەڵێم.» ئەگەر کەسێک لێی بپرسییایە بۆ کوێ؟ خێرا تووڕە ئەبوو. ئەو ڕۆژە کە چاوم پێی کەوت لە خەیالا گەڕامەوە بۆ ڕابردوو. لە گەڕەکێکا ئەژیاین. ماڵیان نزیکی ماڵمان بوو. پاش نیوەڕۆیانە ئەمدی بەباوەشێ کتێبەوە لە ماڵ ئەچووە دەر؛ جار جارەش بەبەرگی حەسانەوەوە لە بەردەرگای ماڵەکەیان ئەوێستا و سەیری هەراوهۆریای کووچەی ئەکرد. ئەو، لە بیرمە ئەو ڕۆژانەی زیندوو ئەکردەوە کە پڕ بوون لە شادی و بزووتن. ئەو ڕۆژانە کە لە ژێر دیرەکی چرای بەرقا کۆ ئەبووینەوە و لە هەموو بابەتێکەوە ئەدواین و ئەو ڕواڵەتە کە لەسەر بیرم بەیادگار هەڵکەنرابوون.

ئیسگەی قەتار قەرەباڵغ بوو، قەتارێک لە «خوڕەمشەهر»ەوە هاتبوو، لەسەر پلیکانی ئیسگە ئادەمیزادی جۆربەجۆر و نەتەوەی جیاواز کەلوپەلیان بەباوەش و کۆڵ هەڵگرتبوو. وەک شارە مێروو بەڕیز ئەچوونە سەر و لە ناو هەرای شارا گوم ئەبوون، چەفتە و عەگال و مێزەری کوردی و تورکمانی؛ لاوەیی موو زەرد کە پرچیان

بەسەر شانیانا هاتبووە خوارەوە و کۆڵەپشتێکی گەورەیان بەپشتیانەوە شەتەک دابوو و شتی دەسکاری ئێرانیان بەقایشی پشت و پەتی کۆڵەپشتییەکەیانەوە هەڵواسیبوو. بێ گومان ئەم گلێنە و ئەستێولک و قرۆشکەیە کە بۆنی ڕۆژهەڵاتی کۆنی لێوە ئەهات لە وڵاتانی ئەوانا بەبایەخ بوون. مناڵی عەرەب کە کراسی سپی ئاودامێنیان لەبەرا بوو، بەم و بەولادا ڕایانئەکرد و لە ناو دەست و پێی گەشتیارانا ڕێگایان ئەدۆزییەوە لە گۆشەیەکا سەریان هەڵئەدا. ئەو بەتامەزرۆییەوە تەماشای یاری بێ خەیاڵانەی مناڵەکانی ئەکرد.

ئەو هەمیشە مناڵی خۆش ئەویست. زۆر جار لێم بیستبوو ئەیکوت: «مناڵ ئەوەی باشە کە نازانێ فریودانی خەڵک چییە. خەڵک بەچاو ئەڕوانن، بەلێو پێئەکەنن و بەزار ئەدوێن، لە کاتێکا ئەو هەموو ئەمانە بەدڵ ئەکا.» هەمیشە قەرەباڵغی پێ خۆش بوو. کاتێ دەوروبەری پڕ ئەبوو لە دەنگ، کتێبە شیعرەکەی پێکەوە ئەنا و ئەیڕوانی. نیگای ئەتکوت شمقارێکی برسییە بەشوێن مەلێکا ئەگەڕێ ڕاوی کا. هەر مەپرسە کە چەندە خۆشحاڵ ئەبوو کاتێ لەو ناو حەشیمەتەکەدا ناسیاوێکی ئەدۆزییەوە. ڕقی بوو لە تەنیایی و ئەگەر هەواڵێک بەجێی بهێشتبایە، هەتا هەتا لە بیری نەدەچوو. لەبەرئەوە نەموێرا بچمە لای. زانیم ئەبم بەگەپجاڕی نیگای.

ئەو هاوینە بێ ئەوەی بزانم یا بمەوێ، ئەو ئاواتە کە پیاو هەڵوەدای خۆی ئەکا کێشابوومی بۆ ئەو شارە. شارێکی غەریب. زۆر ڕازی وای هەیە کە پێت ناڵێ و ئەبێ خۆت هەڵیهێنی. غەریبی زۆر شتت فێر ئەکا. یەکیان ئەمەیە کە بیر بکەیەوە و ڕێگا بدۆزیەوە، بێ ئەوە کەسێک ژێر باڵت بگرێ. غەریبی زیز و مۆن و بێ بەزەییە، بەڵام فێرت ئەکا کە لەسەر پێی خۆت ڕاوەستی و پاڵ بەکەسێکی ترەوە نەدەی. منیش بەو نیازە چووبوومە ئەو شارە دوورە. ڕۆژێک سواری ماشێن ببووم و ڕۆشتبووم. بەسەر چەند شار و دێدا و هەر کوتبووم نا، هێشتا ماومە. ئێوارەیەک لەو شارە بچووکە دابەزیبووم کە دار و بەرد و شەقام و کێو و دەشتی بۆ من نەناسراو بوو. ڕاستی جار جار تەبیعەت یاری سەیر ئەکا و ڕوانگەی سەیر ئەخاتە بەرچاو. ئەو شەوە لە هۆدەی میوانخانەکەما ڕاکشابووم و گوێم گرتبوو بۆ وتووێژی خەڵک کە بەبەر پەنجەرەی هۆدەکەی منا تێئەپەڕین. هەر دەنگێک ئەهات ئەمویست لەگەڵ دەنگێکی



ئاشنا هەڵیسەنگێنم. پێکەنینم ئەهات کە لەو شارە دوورە بەشوێن دەنگی ئاشنادا ئەگەڕێم، بەڵام هەر چیم ئەکرد ئەم نیازەم لە هەناوم پێ دەرنەدەکرا. لەپڕ دەرگا کراوە و هەیکەلی لاوێکی لاواز خزییە ناو هۆدەکەوە و لەسەر تەختەکەی بەرامبەرم درێژ بوو. بێ ئەوە بۆم بڕوانێ لە کاتێکا جلوبەرگەکەی دائەکەند کوتی: «لە کوێوە هاتووی؟» دەنگی وەک دڵۆپەی وردە باران لە زەوی دەم وشکی تاسەباریم چووە خوارەوە. ماوەیەک گێژ بووم. لام وابوو لە بیرەکەی پێشووما کە دەنگی ڕێبوارانی ناو کۆڵانم ئەپشکنی بۆ دۆزینەوەی دەنگی ئاشنا، ئەوەندە چوومە پێشەوە کە لێم بووە بەڕاستی. لام وابوو خەو ئەبینم. بێ گومان پرشنگی نیوە ڕەنگی چرای هۆدەکە ماوەی نەئەدا بزرکانی ڕەنگم بەدی بکا. لای وابوو گوێم لە پرسیارەکەی نەبووە. کەمێک بەرزتر کوتی: «لە کوێوە هاتووی؟» بەدوودڵییەوە کوتم: «فەرهاد!؟» کوتی: «بەڵێ!» بەڵام پاشان سەری هەڵبڕی و ورد بەسەرتاپای منی ڕوانی. – «تۆ لێرە چی ئەکەی؟» کوتم: «نازانم.» وەک مناڵێک کە ئەسبابی یاری لێ گوم بێ و لەپڕ بیدۆزێتەوە، شادی بەهەموو لەشیا گەڕا و کوتی: «تۆش ڕاتکردووە؟» نەموێرا بڵێم لە دەس چی، چونکە ئەمزانی توورە ئەبێ و ئیتر نامدوێنێ. کوتم: «بەڵێ چەشنە ڕاکردنێک.» کوتی: «ئافەرین کوڕی باش» و هەستا لە بەرپەنجەرەکە کاسەیەکی هێنا کە کەمێکی ئاو تێدا بوو. – «بڕوانە ئەم ئاوە لە دوێشەوەوە لەم بلوورەدا قەتیس ماوە، بڕوانە خەریکە لێڵ ئەبێ. ئادەمیزادیش وەهایە. زۆر لە جێگایەکا بمێنێتەوە ئەگنخی.» کوتم: «لێرە کار پەیدا ئەبێ؟» کوتی: «خەڵک لە هەموو شوێنێک وەک یەک وان. ئەیانەوێ بژین و بۆ ژیان کار پێویستە. من لێرە کار ئەکەم. لەگەڵ کارەکەما ئەڕوانم، هەر کات تۆزی کۆنی بەسەر ئەم شارەوە بنیشێ لێی ئەڕۆم، بەڵام ئێستە درەنگە، با بخەوین.»

بەیانی کاتێ هەستام لە جێگاکەیا نەمابوو. پەڕاوە شیعرەکەی کە مابۆوە بەدەستمەوە گرت. چەن دێڕ لە حاشیەکەی نووسرابوو. خەتی فەرهادم ناسییەوە نووسیبووی: «هەموو شت جوانە بەڵام نەک تا سەر. تەنیا یەک شتە کە هەمیشە تازەیە، کار، کار کە جگە لە ژیان مانایەکی تری نییە. ژیانی بێ کار وەک ڕۆژی بێ بەیان، وەک قەسیدەی بێ تەغەززول، وەک هەمیشە لە جێگایەکا مانەوە وەهایە!»

لە یادم نییە چەند مانگ لەو شارە بچووکە ماینەوە، بەڵام باشم لە بیرە کە فەرهاد هەرگیز پێی لەسەر زەوی نەبوو. هەمیشە ئەتکوت میوانێکی بەپەلەیە کە هەلی گیر کەوتووە لە نەخۆشێک بپرسێ. لە بەردەرگاوە دائەنیشت. لە ڕۆژ بەپەلە بوو کە ببێتە شەو و بەشەوا بۆ هاتنی ڕۆژ چاوی ئەبڕییە پەنجەرەکە، شەبەقی بەیان لێڵایی لەسەر لابدا...

تا حەوتەیەکی تر بەخواتان ئەسپێرین.

٥١/٧/١٥



## ئەرکی سەرشانی شاعیران و نووسەران

سەلام لە گوێگری بە هەست و هونەرپەرستی بەرنامەی تاپۆ. ئەم باسە کە وێژە شتێکی ڕاسپێری دارە و ئەبێ لە خزمەتی کۆمەڵا بێ، یان تەنیا هونەری ڕووتە و کاری بەسەر کۆمەڵەوە نییە، زۆری قسە لەسەر کراوە. هەندێک ئەڵێن ئەگەر هونەر و وێژە کە ئەویش بەشێکە لە هونەر، کاریان بەسەر کۆمەڵەوە نەبێ، بوونیان بێ سوودە. بەتایبەت لەم ڕادەیەش تێئەپەڕن و ئەڵێن هیچ ڕووداوێک، هیچ جووڵانەوە و هیچ قسەیەک، تەنانەت ئەگەر لە نێو دوو کەسیشا بێتە گۆڕێ کار ئەکاتە سەر کۆمەڵ، بەڵام تەئسیری ئەو وتووێژە دوو کەسییە ئەوەندە کەمە کە بەرچاو ناکەوێ، بەڵام لە لێکدانەوەی دواییدا و پاش سەرنجێکی ورد و قووڵ دەرئەکەوێ کە هیچ ڕووداوێک نییە کاری کەم یا زۆر بەکۆمەڵەوە نەدابێ. ئادەمیزاد هەرچی ئەیکا و هەرچی ئەیڵێ ڕاگەیەنی مەبەستێکە؛ هیچ مەبەستێکیش نییە کۆمەڵایەتی نەبێ. لەگەڵ یەک دووانی ژن و شوویەک و قسەیەک کە لە نێوان دوو ڕێبواری نەناسراودا ئەکوترێ، پەیوەندی کۆمەڵایەتییان هەیە و ناکرێ وەها نەبن. ژن و شوو یا باسی دڵداری ئەکەن یا سەبارەت بەمناڵەکانیان ئەدوێن یا لە بارەی هاوسێ و کار و کڕینی شتومەکی پێویستی ژیانیانەوە باس ئەکەن. دوو ڕێبوار کاتێ گەیشتنە یەک سڵاو ئەکەن، پرسیار لەیەک ئەکەن، ئەگەر ڕێگایان بەیەکەوە بێ ئەبن بەهاوڕێ، سڵاوکردن کارێکی کۆمەڵایەتییە. پرسیار کردن بۆ ڕوونبوونەوەی مەبەستێکی کۆمەڵایەتییە و هاوڕێیەتیش هەروەها کۆمەڵایەتییە. بەشەر کاتێ لە ناو کۆمەڵا بێ هیچ کارێکی، تەنانەت کارە تاکییەکانیشی ناتوانێ لە کۆمەڵا بێ تەئسیر بێ، بەڵام ئەو تەئسیرە گاهێ دژی کۆمەڵە و ئەبێتە هۆی وەدواخستن و ڕاوەستاندنی کۆمەڵ، گاهێکیش تەئسیرەکە تەئسیری باشە و کۆمەڵ بەرەو پێش ئەبزوێنێ.

لە مانگی ئووتی ساڵی ١٩٦٣ی میلادییا، لەگەڵ بەسترانی پەیمانی جیهانی وەستاندنی تاقیکردنەوەی ئەتۆم کە لە مۆسکۆ پێکهات، کوڕێک لە نووسەرانی

ڕۆژاوایی و ڕۆژهەڵاتی لە شاری لینینگراد بەسترا و وتاری ئەو نووسەرانە سەبارەت بەوێژەی ئەمڕۆی جیهان، لە هەموو شوێنێکا دەنگی داوە. لەم کۆڕەدا دوو بڕوا پێشان درا کە لە ڕاستییا هەر کام ناوەڕۆکی یەکێ لە شێوە وێژەییيە گەورەکانی ئەمڕۆن: «ریئالیستی سووسیالیستی» کە ئەڵێ نووسەر لە بەرامبەر کۆمەڵا مەسئوولییەت و ڕاسپێری هەیە و «ڕۆمانی نوێ» کە لای وایە نووسەر تەنیا لە بەرامبەر هونەرەکەیدا ڕاسپێری دارە. «ئالێن روب گرییە» نووسەر و هەڵسەنگێنەر و فیلمسازی بەناوبانگی فەرانسەیی لایەنگری ڕۆمانی نوێ لەو کۆڕەدا وتارێکی دا کە لە لایەن ئەبولحەسەن نەجەفی وەرگێڕی ئێرانییەوە کراوە بەفارسی و ئێمە ئەیکەین بەکوردی.

ئالێن روب گرییە لەو کۆڕەدا وتی:

– «ئێمە لێرە زۆر قسەی باشمان بیست بەڵام ناتوانم ئەوەم پێ سەیر نەبێ کە لە لایەن زیاتری ئەو وتاردەرانەوە کە خەڵکی شووڕەوی بوون ڕەخنەی زۆر توند و تیژ لەو کۆشش و کەند و کۆیانە گیرا کە وێژەی نوێ ئەیکا و ڕەخنەکان زۆر لەو ڕەخنانە ئەچوون کە لە کۆمەڵی بوورژوازی ڕۆژهەڵاتا لە ئێمەی ئەگرن. لێرەش هەروەک ئەوێ، بێ کەڵکی و تێکوڵ پەسندی و فۆرمالیسمی کارەکانمان لەسەر ئەکەن بەئیراد و بەوێژەکەمان ئەڵێن دواکەوتوو و دژی مرۆڤ. پرسیارێک کە لێمان ئەکرێ ئەمەیە: «بۆچی ئەنووسن، کارەکەتان کەڵکی چییە و خۆتان بە چ کارێکی ئەم کۆمەڵە دێن؟» بێ گومان ئەم پرسیارە پووچ و بێ مانایە. نووسەر و هەروەها هونەرمەندی تریش ناتوانێ تێبگا، کارەکەی کەڵکی چییە و بەکاری چی دێ. وێژە بۆ ئەو ئەسبابی پاراستنی بیروبڕوایەک نییە. ئەڵێن ئێوە لاتان داوە لەو وەسیلە باشە کە ناوی ڕۆمانی سەدەی ١٩ بووە لە کاتێکا ئەو وەسیلە باشە ئێستەش ئەتوانێ دەردی جیهانی ئەمڕۆ چارە کا و خەڵک لە دەردەکانیان بگەیەنێ، هەڵبەت ئەگەر دەردێک پێویست بێ چارە بکرێ و ئەگەر پێویستیش نەبوو لانی کەم دەرمانی کەموکووڕ، بەڵام باشتر بدۆزێتەوە. هەمیشە پێمان ئەڵێن نووسەر ڕاسپێری دارە و ناچارمان ئەکەن بڵێین گاڵتەمان پێ ئەکەن و بڵێین کە ڕۆمان وەسیلە نییە و ڕەنگە بۆ کۆمەڵ هیچ کەڵکێکی نەبێ.



نووسەر بێ گومان خاوەن ڕاسپێرییە، بەڵام وەک ڕاسپێری خەڵکی تر، نە کەمتر و نە زۆرتر. واتە ئەو یەکێکە لەو گەلە. لە وڵاتێکا، لە سەردەمێکا، لە ڕێکخراوێکی ئابوورییا و لە ناو داب و دەستوورێکی تایبەتی کۆمەڵایەتی و ئایینی و ڕێگا و شوێنی ترا ئەژی. هەر ئەوەندەی کە ئازادە، ڕاسپێریشی لەسەرە. یەکێک لەو شتانە کە ئازادی ئەو بەربەست ئەکا، زۆرێکە کە کۆمەڵ بۆی ئەهێنێ بۆ ئەوە پێی بسەلمێنێ کە نووسەر ئەبێ بۆ کۆمەڵ بنووسێ، یا دژی کۆمەڵ بنووسێ، کە هەردووکیان ڕاسپێرین. ئەم مەبەستە شتێکی زۆر سەرنج ڕاکێشە کە لە سەردەمی ئێمەدا ناویان ناوە «بێگانەبوون لە خۆ Alienation ڕووناکتر بڵێم نووسەریش وەک هەموو ئەندامانی تری کۆمەڵ بەچارەڕەشی خەڵک خەمبارە، بەڵام پێچەوانەی ڕاستی و دروستییە ئەگەر لامان وابێ کە نووسەر بۆیە ئەنووسێ دەرمانی دەردێک بدۆزێتەوە. ئەو چیرۆکنووسەی ئاڵمانی ڕۆژهەڵاتی کە لەم کۆڕەدا ڕایگەیاند کە داستان ئەنووسێ تا بتوانێ لەگەڵ فاشیسم شەڕ بکا، من ئەهێنێتە پێکەنین و زەحمەتە بڕوا بکەم ئەتوانێ؛ بەڵام بەختیاریم ئەمەیە کە هەموو ئەزانین کە ئەویش نازانێ بۆچی ئەنووسێ و بیانوویەک کە بۆ پاکانەی خۆی ئەیهێنێتەوە بێ بایەخە.»

پاشماوەی ئەم وتارە کە «ئالێن روب گرییە» نووسەر و هەڵسەنگێنەری وێژە و لایەنگری وێژەی نوێ لە ساڵی ١٩٦٣دا لە لینینگراد بڵاوی کردەوە، ئەهێڵینەوە بۆ بەرنامەیەکی تر و لە دوایی بەرنامەکەماندا کەمێک سەبارەت بەبڕوای لایەنگرانی «ڕۆمانی نوێ» ئەدوێین.

ڕۆمانی نوێ خەریکی دەرمانی دەرد و ڕاستکردنەوەی چەوتی کۆمەڵ نییە و ئەگەر نووسەری ڕۆمانی نوێ ددان بەوەدا بنێ ئەرکێکی لەسەر شانە، ئەو ئەرکە تەنیا سەبارەت بەهونەرەکەیەتی، هەروەک «ئالێن روب گرییە» ئەڵێ نووسەریش وەک ئەندامانی تری کۆمەڵ بەدەرد و خەمی خەڵک پەرۆش و پەشێو ئەبێ، بەڵام ئەرکی سەرشانی ئەو لە خەڵکی ئاسایی زیاتر نییە و بۆ ئەوەش نانووسێ کە بەهۆی نووسینەکەیەوە دەردێک دەوا بکا و یا ڕێگای چارەیەک بۆ دەرد و کەسەری کۆمەڵ بدۆزێتەوە. لەم وتەیە دەرئەکەوێ کە بەلای ئەو تاقمەوە نووسەر لەبەرئەمە کە پێنووسی بەدەستەوەیە و خاوەنی هونەرێکە، ڕاسپێرییەکی زۆرتری لە ئەندامانی

ئاسایی بەئەستۆوە نییە، واتە هونەرەکەی شتێکی تاکییە و دەورێکی لە ژیانی کۆمەڵا نییە. وەک «گرییە» ئەڵێ: وێژە بۆ نووسەر وەسیلەی پاراستنی بیروبڕوایەکی سیاسی و گشتی نییە.

ئێمە لە بەرنامەکانی پێشووا بڕوای ئەو کەسانەشمان بڵاو کردۆتەوە کە دژی بڕوای «گرییە»ی فەڕانسەیین و ئەڵێن هونەرمەند ئەبێ هونەر چەشنی چەکێک بۆ پاراستنی کۆمەڵ کەڵکی لێ وەربگرێ و ئەم مەبەستە شیاوی شاردنەوە نییە کە هونەرمەند قسەی لە ناو کۆمەڵا ڕەوایە و لەبەرئەمە باشتر ئەتوانێ لە پێناوی بەختەوەری گشتییا خەبات بکا. لە بەرنامەی داهاتوودا لەسەر ئەم باسە ئەڕۆین.

٥١/٧/١٧



## «تەنز» لە وێژەی کوردییا

سەلام لە گوێگری هۆگری هونەر و بیستیاری هەستیاری بەرنامەی تاپۆ.

بەداخەوە لە وێژەی کوردییا بەشی نووسینی تەنز کەمە. تەنزنووسی، بەچەشنە نووسینێک ئەکوترێ لەودا مەبەستی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی گاڵتەچییانە دەرئەخرێ. لە ڕاستییا نووسینی جیدی و ئاسایی لەگەڵ شێوەی تەنزا هەریەک باری کۆمەڵایەتییان هەیە، بەڵام لە شێوەی تەنزا لە قەشمەری و گەپ و گاڵتە کەڵک وەرئەگیرێ بۆ ئەوە لە تاڵایی دەربڕینی ڕاستەقینە کەم بکاتەوە. تەنز چەشن و جۆری زۆرە. هەندێک تەنزی تاڵ و نادیاری لە وێژەدا هەن وەک شێوەی نووسینی چێخۆف نووسەری ڕووس یا نووسەری کلاسیکی فەڕانسەیی ئاناتۆل فرانس و هەندێ تەنزی تریش هەن کە ڕەخنەگر و ئاشکرا و توند و تیژن. وەک نووسراوەکانی ئارت بوخواڵدی ئەمریکایی و «عەزیز نەسین»ی تورک. جگە لەمانە لە بەشەکانی تەنز، تەنزی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەتوانین ناوبەرین.

مەبەستێ کە نووسەران بۆ لای نووسینی گاڵتەیی ڕائەکێشێ ئەمەیە کە لە تەنزا دیوار و شوورەی ئیماژ و ئیستعارە و داپۆشراوی بەرز و پتەوە. تەنزنووس لە پشت ئەو دیوارە بەرزەوە بەدڵنیاییەکی زۆرترەوە ئەتوانێ هێرش بکاتە سەر سەنگەری دزێوی و نالەباری ناو کۆمەڵ. تەنزنووس لە هەموو شتێک بۆ نواندنی مەبەستی خۆی کەڵک وەرئەگرێ. لە زمانی پەلەوەرەوە، لە زمانی پرسونل و قارەمانی ئەوتۆوە کە لە ناو ئوستوورە و ئەفسانەکانا هەن قسە ئەکا. ئەتوانێ سەردەمی ڕابردوو لە ڕۆژگاری خۆیا زیندوو کاتەوە. واتە زەمان بەربەستی ناکا. بۆ نموونە ئەگەر نووسەرێک بیەوێ گیانی پیاوێکی مێژوویی یا زانستی و هونەری بهێنێتەوە بەر لەشی و لە لایەن ئەوەوە قسە بکا، ناچارە ڕەنگی خۆڵەمێشینی تەنز و گاڵتە لە نووسراوەکەی بدا، دەنا نووسراوەکەی بەناوی شوێنەوارێکی دژی ڕاستەقینە ئەخرێتە لاوە و کەس نایخوێنێتەوە.

لەم بەرنامەیەدا نووسراوێکی تەنزی کوردیتان پێشکەش ئەکەین و هیوادارین ببێتە سەرمەشق کە نووسینی تەنز پەرە بستێنێ و ئەو شێوە جوانە لەم ڕادەیە کە ئێستە لە وێژەی کوردییا هەیەتی بەرزتر بێتەوە.

لە گورگی برسییەوە پێشکەش بۆ بەرانی دابەستەی بەڕێز

پێش هەموو شت لە خودای مەزن ئەپاڕێمەوە کە ژیانی درێژت بکاتە نەسیب. بێ گومان لەم مانگە موبارەکەدا زمانم بەڕۆژووە و لە گوناه ئەوەندە دوورم کە باپیرە گەورەم لە ڕشتنی خوێنی کوڕی یەعقووب دوور بوو. خوا نزام وەرئەگرێ، ئەمەی کە من بەڕۆژووم و لە ترسی خودا وەک بیی ناو ئاو ئەلەرزم، لە بیرت بێ و بیسەنگێنە لەگەڵ نەزیلە مفتەکەی ئادەمیزاد کە ئەڵێ: «تۆبەی گورگ مەرگە»، تا بزانی ئادەمیزاد جسناتی چییە! و چۆن ئەو زمانە کە خودا پێی داوە تا یادی ئەوی پێ بکا، قسەی ڕاستی پێ بکا و بەدرۆودەلەسە چەپەڵی نەکا، بەهەموو لایەکا ئەیگێڕێ. هەر لێم گەڕێ برای باشم، بڕبڕەی پشتم. چەندە لەو ئادەمیزادە تووڕەم. ڕاستە ئێمە لەو کاتەدا یوسفمان نەخواردووە و بوختانیان پێ کردووین، خودا کە خۆی هەموو ئاشکرا و نهێنییەک ئەزانێ، نەواڵەی بۆ بڕیوینەوە و پێویستمان بەخواردنی گۆشتی تر نەماوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشا ئەگەر بۆم هەڵکەوێ ئێسک و پێستی ئادەمیزاد لەیەک ئەهاڵێنم.

ببوورە کە سەرەتای نامەکەم باش دەست پێ نەکرد. بەڕاست کاک بەران چۆنی؟ چاکی شوکر؟! پێم بڵێ بزانم خەوت چۆنە؟ دوێشەو باش خەوتی، یام گۆڵەبۆری خوێن تاڵی ئێسک گران هەر بەدەوری گەلەخانەکەتاندا هەڵسووڕا و حەپەی هات. ئەم خۆ شیرین کردن و کلکە سووتەی سەگیشم بەلاوە زۆر شوورەییە کە بۆ پارووە نانێک ئەیکا. جا ئەگەر ئێمە بەیەکەوە باش بوایەین ئادەمیزاد چۆن ئەیتوانی ئەم چەرمەسەرییەمان بەسەر بێنێ؟!

بڕوانە گاجووت بەم هەموو زلییە بەئۆحەیەکی جووتیار وەک مێو و ڕۆن لەسەر خەتی جووت ئەگەڕێتەوە. کاتێکیش لە گێرەیان کرد، دەمبێنی ئەکەن، نەکا دەم بۆ دەنکە گەنمێک بەرێ کە بەڕەنجی شان و پیلی ئەو هاتۆتە بەرهەم. دڵی بەمە خۆشە کە یەکەم گیاندارێکە کە یارمەتی خێڵی ئادەمیزادی داوە. تکایە لە زمانی منەوە بەم



گایە بڵێ نەیبیستووە کە ئادەمیزاد لە ناو خۆیانا ئەڵێن: «جووتبەندەی باش ئەو کەسەیە کە گای لاواز بێ و سەگی قەڵەو!» ئەگەر مانای ئەم قسەیەشی لێ پرسی هەر لە زمانی منەوە پێی بڵێ کە گا ئەبێ زۆر کار بکا. بوورە و بەیار و چڕگەن و جاڕەفریزوو دەربهێنێ، تا ئەو لاواز بێ و سفرەی ئادەمیزاد بڕازێتەوە، سەگیش کە جگە لە پاسەوانی کارێکی لە دەس نایە ئەبێ تێروتەسەل بێ تا بتوانی قازانج و سوودی ئادەمیزاد باشتر بپارێزێ. ئەمە پێی ئەڵێن: «کار بەنانەزگێ».

کاکی خۆم، بەڵام خۆمانین ئەو سەگە وا من ئەیناسم ئەگەر لە برسا لار بێتەوە و لاکەی سەری بێ، هێشتاش دەس لە کلکەسووتێ و نووزە نووز هەڵناگرێ. شتێک کە بۆ من سەیرە، ئەمەیە کە تۆ بەم گیانە ناسک و هەستە خاوێنەوە کە هەتە چۆن لەگەڵ چەق و لووری سەگ هەڵئەکەی؟ ڕاستە من و تۆ لەبەر هەندێ شت لەیەک دوورین و باش یەکتر ناناسین، «خودا سەبەبکارەکەمان بکا بەکۆی زووخاڵ»، کە من و تۆی لەیەک کرد؛ بەڵام هەرچی بێ من و تۆ لەسەر چوار پێ ڕاوەستاوین و ئادەمیزادی تەڕەی لەندەهۆر بەدوو پێ ئەڕوا بەڕێوە. ڕەنگە نەتبیستبێ کە ئادەمیزاد هەر کات بیانەوێ گاڵتە بەیەکێ لە خۆیان بکەن و بڵێن نەفامە، ئەڵێن: «ئەگەر ئەو دەستەی هەڵیهێناوە داینێتەوە سەر زەوی ئەبێتەوە بەچوار پێ.» تۆی زرنگی هۆشیار بێ گومان بیرت لەمە کردۆتەوە کە ئادەمیزاد شیرت ئەخوا و تەڕایی بۆ بەرخۆڵەکانت ناهێڵێتەوە. بەڕاست چ ڕوانگەیەک دڵتەزێنترە لە ڕوانگەی بەرخ تێبەردان، کاتێ کە ژنانی بێری بەشیرمەشک و مەڕدۆشکەی پڕ لە شیرەوە لە ناو ڕان دێنە دەرەوە و بەرخ و کارژەڵەی ساوای برسی بەکاڕەکاڕ و باڵەبال بەشوێن دایکیانا ئەگەڕێن. بەڵام کاتێ ئەگەنە دایکیان هەر فنچکی یەکەم تێئەگەن پێش ئەوان تاڵان کراوە و هەڵچۆڕاوە. خۆیان ئەم دەردە بەسەر ئێوەی خانەدان دێنن، بەڵام کایەیەکیان هەیە بەناوی «دایە مەمدە بەگورگێ». بێ گومان دیوتە کە منداڵانی ئادەمیزاد کۆ ئەبنەوە و یەکیان ئەکەن بەگورگ و یەکیان ئەبێ بەدایکی بەرخۆڵەکان، جا مناڵەکان بەدەوری دایکیانا هەڵئەسووڕێن و ئەڵێن: «دایە مەمدە بەگورگێ، گورگە ددانی تیژە». بەڵێ، باشە گورگ ددانی تیژە، بەڵام بەم ددانە تیژانەوە نیوەی ئێوەی ئادەمیزادی نەوسنی تێر نەخۆر، خوێنخۆر نییە. گورگ گۆشتخۆرە، مەڕ گیاخۆرە، بەڵام ئادەمیزاد گۆشت ئەخوا، گژوگیا ئەخوا، میوە ئەخوا... تۆ هیچ دڕندەیەک ئەناسی کە قەسابی دانابێ؟

کاکی بەڕێز! کاتی ئەوە هاتووە بیر بکەیەوە جگە لەمە کە ئادەمیزاد شیرت ئەخوا، گۆشتی بەرخۆڵەکانیشت ئەخوا. من کە نازانم، بەڵام لە ئادەمیزادم بیستووە ئەڵێن، کەبابی گۆشتی بەرخ زۆر بەتام و لەزەتە. ناڵێم گۆشتی بەرخم نەخواردووە، بەڵام ئەوەندەم برسی بووە کە بیرم لە تام نەکردۆتەوە. هەرچی خواردوومە بۆ ئەوەم خواردووە نەمرم. ئادەمیزاد لە ساڵی گرانییەکەدا یەکتریان ئەخوارد. بۆ من هەمیشە ساڵی گرانییە. ئادەمیزاد ساڵێ جارێک وەک تێسوو تاڵانت ئەکا و خوری لەشت بەبرینگ هەڵئەپاچێ و گوێ ناداتە ئەوەی کە لەشت بریندار ئەبێ یام نە. خوری و بەرگت ئەکا بەبەرگی خۆی و هەزار شتی تری لێ دروست ئەکا. دەگەناڵی ئینگلیزی و پارچەی زەردی ئاڵمانی و مافوورەی ئێرانی. بڕوانە ئەمانە چەندە فرۆفێڵ ئەزانن. ناوی تۆ هەر لە کوولەکەی تەڕیشا نییە. بەخودا بەگوێما ناچێ، کام ئادەمیزاد لە هەموویان ڕاستترە لە گوریسی ناو هەمبانە پێچ و پڵووچی زۆرترە. خۆیان ئەڵێن: «شتێ کە بۆ ماڵ پێویستە لە مزگەوت حەرامە.» کەچی تۆ ئەکەن بەسڵقی ڕووت تا خۆیان پۆشتە بنەوە. سەرەڕای ئەم هەموو درۆ و ناپاکییە، بەمن ئەڵێن «تۆبەی گورگ مەرگە». نازانی لەبەرچی مەرگی من بەئاوات ئەخوازن؟ چونکە من وەک وشتری پێ پان باریان بۆ هەڵناگرم. وەک سەگ کلکەسووتەیان لەبەر ناکەم و ببوورە چەشنی تۆ شیریان نادەمێ و نابمە دمەدۆی خێزانیان. تکایە بۆ درێژەدانی وتووێژەکەمان و بۆ ئەوە ژەنگی دوژمنایەتی لە دڵمان پاک کەینەوە تەشریف بهێنی بۆ ڕەوەزی پشت ماڵان تا باشتر باسی دوژمنایەتی ئادەمیزاد ڕوون کەینەوە.

خوات لەگەڵ، برات گورگی برسی.

ئەم نامەیە پۆستەچی هێنای و دای بەشوان و شوانیش ئەو ڕۆژە گۆڵەبۆری نارده جێگای دیاریکراو.

تا حەوتەی داهاتوو خواتان لەگەڵ.

١٣٥١/٧/١٩



## ئەسکەندەر شاخی هەیە

پیاوێکی نزیک بە سی ساڵەی نە کورت و نە درێژ بوو. سمێڵێکی خورمایی و دەم و لێوێکی جوانی بوو. ڕانک و چۆغەیەکی کۆن بەڵام خاوێن، ئەندامی ڕێکی دائەپۆشی. سێ چوار گەز پشتێنی پەشمینەی گوڵ ورد نێوقەدی باریکی ئەبردە ڕێکی کەلەکەی. جامانەیەکی ڕەش و سپی لە سەر ئەبەست و لکێکی بەرئەداوە سەر کەوای مرادخانی. هەتا دیبووم هەر بەم بەرگانەوە دیبووم، بەڵام هەمیشە لام وابوو هەر ئێستە گۆڕیویەتی. خەڵک ئەیانکوت نەدوێنە، بەڵام ئەو ڕۆژە کە من چاوم پێی کەوت زۆر گەرموگوڕ چاک و خۆشی لەگەڵ کردم. زۆر ئادەمیزادی وا هەیە کە بەڕواڵەت خۆ بەزل زان و خۆ لە لا زۆر دێتە بەرچاو، بەڵام کاتێ لەگەڵ دووای پەشیمان ئەبیتەوە کە بۆچ لە هەوەڵەوە وات گومان بردووە. ناوی، کەم کەس ئەیزانی. ڕاستییەکەی ئەمەیە کە خەڵکی ئاواییەکە لەو پەردەی ڕازە کە ئەو بەسەر خۆیا کێشا بوو، ئەترسان. هەموو کەس باسی ئەکرد، بەڵام هەمیشە وەک باسی شتێکی نهێنی بکەن، بەچپە ئەدوان. هەموو شتێکی شاراوەی نەناسراوە، لەگەڵ ئەوەشا کە پیاو ئەکێشێ و کەڵکەڵەی هان ئەدا ئەشیترسێنێ. چەشنی شەوێک کە لە بەرچاوی مناڵ پڕە لە جنۆکە و خێو.

ئەو ڕۆژە کە من قسەم لەگەڵیا کرد لە پەنا سێبەری مزگەوتا دانیشتبوو. بەربەیانێکی کەمێک ساردی پاییز بوو. بارانی دوێشەو گەڵای زەردی ڕیزە چنارەکەی نزیک مزگەوتی وەراندبوو. بایەکی نەرمی ئاماڵ سارد، گەڵای زەردی خەزەڵوەری ئەلەراندەوە، بەڵام نەیئەتوانی لە زەوی بەرزیان کاتەوە، چونکە بارانی دوێشەو تەڕی کردبوون و مڵاسی زەوی ببوون. گەڵاکان خشە و خشپەیان نەدەهات، بەڵام بەفووی ساردی دەمی با نیوە نووزەیەکی بەعاستەمیان لێ هەڵدەستا. وەک ئەوە ئەچوو تۆ لە دەری دێوە لە سێباری شەوا، گوێت لە دەنگی بەئاسپایی ئاوایی خەواڵوو گرتبێ و ناڵەی نێوان دار و پچڕ پچڕی کچێکی تازە ساڵت بێتە گوێ کە خەونێکی ناخۆش ئازاری ئەدا.

سڵاوم کرد و بێ ئەوە چاوەڕوانی وەڵامی بم لەسەر تاتەبەردی پەنایا دانیشتم و کوتم: «کوتوپڕ ساردی کرد.» سەری هەڵێنا و گەشەیەک کەوتە سەر چاوی. گەشەیەکی تیژ تێپەڕ و بێ باوەڕ، وەک ئەستێرەیەک کە راخوشێ و بکوژێتەوە. وا دیار بوو هەستی کردووە لەم ئاواییەدا زۆر خۆشەویست نییە و بەلایەوە سەیر بوو کە من وا بێ ترس لە پەنایا دانیشتووم. کوتی: «هەمیشە هەروا بووە، هێرشی کوتوپڕ! بێ ئەوە ئاگامان لە دەرد و مەرگی خۆمان هەبێ، تاوێری زەمان بەسەرمانا دێ و ئەمانهاڕێ.» سەیرم کرد دەسرەدەستەکەی لە ناو دەستی بەهێزیا وەها ئەکوشێ لەوانەیە دەسرەکە بدڕێ. ئەتکوت ئەیەوێ هەموو ڕقی خۆی بکا بەهێز و بیدا بەپەنجەی دەستی و بیڕێژێتە ناو دەسرەکەیەوە. نیگای وەک بازی برسی هەڵفڕی بۆ دوورەدەستێکی گوم و نادیار. ڕەنگێکی خۆڵەمێشی گلێنەی چاوی داگرت. ئەتگوتساڵهایە ئەو گلێنانە بوون بەدوو شووشەی گردی بێ بزووتنەوە. لەبەر خۆیەوە گوتی: «دە ساڵ!» دە ساڵ خەم کووڕی کردبوو. دەستی بەپشتیەوە گرت و کەمێک خۆی ڕاست کردەوە. – «دەردێکی گەورەیە، بەڵام دەرکی ئادەمیزاد شێوەی کەوڵێکی بچووکی هەیە و هەزار دەریا خەم ئەبا.» کوتم: «باسی خەم ئەکەی. لات وا نییە ئەگەر بیدرکێنی خەمەکەت لەسەر سووک بێ؟» کوتی: «نەزیلەی ئەسکەندەر و شاخێتی.» کوتم: «نەمبیستووە» کوتی: «ئەڵێن ئەسکەندەر شاخی هەبوو. هەر سەرتاشێک سەری ئەتاشی بەم ڕازەی ئەزانی؛ بەڵام هەموویان بەدەستووری ئەسکەندەر ئەکوژران. تا یەکێک لەو سەرتاشانە کە خزمی سەربڕی ئەسکەندەر بوو بەرەڵا کرا. سەرتاش بەنهێنی ئەژیا و نەشیئەتوانی ڕازی ئەسکەندەر بدرکێنێ، تا تووشی نەخۆشی هات. حەکیمان پێیان کوت، تۆ ڕازێکت هەیە و لە دڵتا بۆتە گرێ. ئەگەر ڕازەکە دەرخەی ڕزگار ئەبی. سەرتاش ناچار چووە قامیشەڵانێکەوە و لەوێ چەند جار لە ژێر لێوەوە کوتی: «ئەسکەندەر شاخی هەیە.» «با» ئەم دەنگەی کرد بەگەرووی زەل و قامیشەکانا. هەر کات «با» ئەهات یا هەر کات زەلێکی ئەو قامیشەڵانە ئەکرا بەبلوێر و بلوێرژەن فووی پیا ئەکرد، ئەم دەنگە لە گەرووی قامیشەکان هەڵدەستا: «ئەسکەندەر شاخی هەیە.»

بێ دەنگ بوو. دیسان چاوی بڕییەوە کەلی ئەوپەڕی ئاواییەکە. ڕۆژ تەواو گەرمی



کردبوو. هەڵمی زەوی تەڕ وەک دووکەڵی نێرگەلەی پیرە پیاوێکی دێهاتی بەرەو هەوا هەڵئەچوو. کوتم: «کابرای سەرتاش چی بەسەرهات؟ پاش درکاندنی ڕازەکە نەخۆشییەکەی لە کۆڵ بۆوە؟» کوتی: «ئەزانم ئەڵێی چی. ئەسکەندەر شاخی هەبێ یا نەیبێ گرنگ نییە، گرنگ ئەمەیە گوێی نەبێ.» سەرم سوڕما بوو. نەمئەزانی ئەڵێ چی و لەپڕ هەستم کرد منیش وەک هەموو خەڵکی ئاواییەکە لێی ئەترسم. ئەم کابرا گەنجە بەم ئەندامە ڕێک و جوانەوە، چی وەها لە لەش و گیانیا هەبوو کە بۆ لێ ترسان بشێ؟

دیسانەوە دەنگی خەمبار و پیاوانەی کە زۆر لە تەمەنی پیرتر دیاری ئەدا هاتەوە بەر گوێم: «بەڵێ ئەکرێ ئەسکەندەر شاخی هەبێ، بەڵام ئەگەر گوێی لە حاندناڵەی دەردەداران کەڕ و نەبیست بێ...»

قسەکەی تەواو نەکرد، دەستی بەئەژنۆیەوە گرت و هەستا. چاوی لە چاوم بڕی، وەک ئەمە بیەوێ سپاسم بکا کە بۆ ماوەیەک لە تەنیایی دەرمهێناوە؛ بەڵام بەزار هیچی نەکوت. سەری بەرداوە و ڕێگای گرتە بەر. لە پشتەوە لە پیاوێکی زورهانی لە کار کەوتوو ئەچوو. ئەتکوت سەری بەزۆر بۆ ڕائەگیرێ کە شۆڕ نەبێتەوە سەر سینەی. بێ ئەوە بزانم مەبەست چ بوو لەبەر خۆمەوە کوتم: «دە ساڵ! دە ساڵ خەم و دەرد! ماڵی ئادەمیزاد شێوەی کەوڵێکی بچووکی هەیە و دەریایەک خەم ئەبا.»

تا حەوتەی داهاتوو خواتان لەگەڵ

١٣٥١/٨/١٠

# شیعری باش کامەیە؟

سەلام لە گوێگری بەهەستی بەرنامەی تاپۆ. زۆر جار ئەم پرسیارەمان لێ کراوە کە شیعری باش بە کامە شیعر ئەڵێن. هەڵبەت ئێمە وەڵامی ئەم پرسیارەمان زۆر جار داوەتەوە و بەچەشنێکی گشتی ڕوونمان کردۆتەوە کە هونەری باش بە چ هونەرێک ئەکوترێ. ئەوەی وا ئێمە لەم بارەوە دەرمانبڕیوە بڕوای خۆمان بووە؛ بەڵام کۆتاییشمان نەکردووە لە بڵاوکردنەوە و نووسینی بڕوای جۆربەجۆر سەبارەت بەهونەر. هەندێک هەن کە ئەڵێن شیعر و وێژە کە بەشێکە لە هونەر، کەڵکی نییە و قازانجێک بەکۆمەڵ ناگەیەنێ و تەنانەت بەرگری لە پێشکەوتنیشی ئەکا. ئێمە لە بەرنامە پێشەکانا کوتوومانە کە ئەم بڕوایە چۆن پەیدا بووە. تەنانەت تاقمێکی زۆریش لە زانایان هەن کە دژی شیعر و وێژەن، بەڵام ئەگونجێ هەموو ئەم دژایەتییانە لەمەوە پەیدا بووبن کە زۆر بەوردی سەیری پێشینە و ئەرکی هونەر نەکراوە. میسداق و مەفهوومی هونەر زۆر جار یەکتر ناگرنەوە. واتە سەرنج نەدراوەتە ئەم مەبەستە کە هونەر خوڵقاوی ویست و نیازی کۆمەڵی سەرەتایی ئادەمیزاد بووە و گەورەترین یارمەتی داوە بەبەرەی ئادەمیزاد و هەروەهاش کاتێ هەڵبەست و نووسراوێکی بێ کەڵک کە بەداخەوە لە وێژەدا نموونەیان زۆرە و ڕەنگە زۆربەش بن، بەرچاو کەوتووە بەم ئاکامە گەیشتوون کە شیعر و وێژە بێ کەڵکە. بەلێکدانەوەیەکی تر هەر کات میسداقی شیعر خراپ بووە، حوکم بەخراپ بوون و بێ کەڵکی مەفهوومی شیعر دراوە. کوتمان کە بەداخەوە شێعری بێ کەڵک زۆربەی شیعرە. ئەمەش هۆی تایبەتی هەیە. چونکە چینی هەڵبژاردە، واتە ئێلیت elite (هەڵبەت هەڵبژاردە لە باری زیادەبەشی ئابووری و دەسەڵاتەوە) سوودیان لەمەدا نەبووە کە شێعر ئەرکی کۆمەڵایەتی لەسەر شان بێ و بۆ ئەوان باشتر بوو کە شیعر لەجیاتی هاندان و بزواندن، سستی و وەستان بگەیەنێ. تاقمێکی تریش هەبوون کە لایان وابووە شیعر زیل و بەمە و ئاهەنگ و وشەی جوان جگە لە لاواندنەوەی پەردەی



دڵ و گوێ بەکاری شتی تر نایە. ئەمانە چ سووریئالیست بن، چ لایەنگری ڕۆمانی نوێ، چ دادائیست و چ تاقمی «هونەر بۆ هونەر»، هەموویان ئەکرێ لە ژێر ئەم ناوەدا کۆ بکەینەوە؛ لایەنگرانی قالب و دیوی دەرەوە. ئێمە لەگەڵ ئەوەشا ئەزانین ئاهەنگ و وشەی جوان و ڕازاندنەوەی ڕواڵەتی وتار، بەشێکی گرنگ و هێژایە لە شیعرا؛ بەڵام وەسیلەیە نەک ئامانج. مەبەستی ئەسڵی لە شیعرا ناوەڕۆک و کاکڵە نە ڕواڵەت و توێکڵ. شیعری فەننی و مامۆستایانە ئەمەیە کە ناوەڕۆکێکی بەکەڵکی هەبێ لە ناو قالبێکی جوان و ڕازاوەدا و ئاهەنگی تایبەتی خۆیشی دۆزیبێتەوە. ئاهەنگی تایبەت شتێکی شیاوی لێ وردبوونەوەیە، چونکە هەر شیعرێک بەپێی موحتەوا و واتەی خۆی ئاهەنگێکی تایبەت ئەخوازێ و بۆ ئاهەنگی تایبەتیش وشەی تایبەتی گەرەکە. بۆ نموونە شیعرێکی نەتەوایەتی و هاندەر کە ئەیەوێ دەماری گەل پەرستی بەهێز کا، ئەبێ ئاهەنگێکی حەماسی هەبێ و وشەی تایبەتی بۆ هەڵبژێری. وەک ئەم نیوە شیعرە کە ئەڵێ: «پێ و چەک زرمەیانە و خرمە.» ئاهەنگی ئەم نیوە شیعرە نەرمونیان و ئەویندارانە نییە و زۆرتر لە مارشێکی سپایی ئەچێ و وشەکانیش لاوێنەرەوە و نەرم نین. بەڵکو ڕاپەڕێنەر و هاندەرن. باسەکە باسی پێیە و چەک کە زرمە و خرمەیان دێ. هەروەهاش ناوەڕۆک و مەفهوومی غەڕامی و ئەویندارانە یا واتەیەک کە لە بارەی تەبیعەت و جوانییەوە ئەدوێ پێتەویستی بۆ ئاهەنگێکی لاوێنەرەوە و نەرمونیان هەیە و وشەکانیشی ئەبێ لەگەڵ ئاهەنگەکەدا یەک بگرێتەوە. وەک ئەم شیعرە:

بەڵێ وای ئەتۆ،
وەک زرێباری بن خێوەتی مانگەشەو
بە مەندی شکۆدار و گەورە و گرانی
بەڵام پێکەنە، تۆ پەریزادی گوڵخەندەرانی.

لەم شیعرەدا وشەی زرێبار و خێوەتی مانگەشەو و پەریزادی گوڵخەندەران هاتوون کە هەموو وشەی نەرم و ئەوین بزوێنن. بەڵام کاکڵ لە شیعرا – کە بەلای ئێمەوە مەبەستی ئەسڵییە – ئەتوانێ دوو جۆر بێ: یەکەم کاکڵێکی ئەوتۆ کە کەڵکی کۆمەڵایەتی لێ وەرناگیرێ. واتە باسێک لە شیعرا دێتە گۆڕ کە یا زیانی زۆربەی

کۆمەڵی تێدایە یا مەبەستێکی شەخسی و تاکی تێدا هاتووە کە ناتەنێتەوە بۆ مەبەستێکی گشتی. وەک باسی ئەوینێکی ئەشرافی و هەڵدانی شەوێکی خۆش ڕابواردن، بێ ئەوە ئاوڕێک بۆ خەڵکی ئاسایی درابێتەوە. دووهەم کاکڵێک کە کەڵکی کۆمەڵایەتی تێدا هەیە. ئەم مەفهوومە شیعرییانە دوو چەشنن، یا چەشنێکن کە قالب و وشەیەکی ساکار و نزیک لە دووانی ڕۆژانەی خەڵکیان هەیە، یا قالب و دیوی دەرەوەیان کەمێک ڕەق و دژوارە و وشە و تەعبیری ڕازاوە و فەننی و دوور لە وتووێژی خەڵکیان تێدا بەکار براوە. سەبارەت بەم دوو چەشنە، دوو بڕوای جیاواز هەیە: یەکەمیان ئەڵێ شیعر پێش هەموو شت و پێش ئەوە کە وتارێکی وێژەوانانە و جوان بێ، پێویستە کەرەسەیەک بێ بۆ بزواندن و تێگەیاندن. جا ئەگەر قاڵبی وتارەکە ئەوەندە ڕەق بێ و وشەی ئەوەندە تەریک و تەعبیر و لێکدانەوەی پڕ پێچ و قەمچی تێدا هاتبێ کە زۆربەی کۆمەڵ نەتوانێ کەڵکی لێ وەرگرێ، جیاوازی چییە لەگەڵ شیعرێکا کە ناوەڕۆکێکی دژی کۆمەڵی هەیە. هەندێکی تریش ئەڵێن شیعر ئەگەر ئەوەندە ساکار بێ کە تا ڕادەی وتاری ئاسایی نێوان خەڵکی گەڕەک و کۆڵان نزم بێتەوە، نابێتە شیعر؛ چونکە شیعر ئەبێ ڕەنگی عاتیفەی لێ بدرێ و لەگەڵ زانستا جیاوازی هەبێ. بۆ نموونە باسی پیاوێکی برسی، یا مناڵێکی بێ دایک، یا دیمەنی ڕێگاوبانێکی کاتی پاییز نابێ لە شیعرا وەها بکرێ کە لە زانستا ئەکرێ.

لێکدانەوەی خەڵکی ئاسایی و دووانی ڕۆژانەیان چەشنێکی ساکارە لە زانست و شیعر. شاعیر ئەم چەشنە ساکارە زانستییە لە کارگای عاتیفەی شاعیرانەیدا بەڕەنگ و ڕواڵەتێکی تارا بەسەرا کشاو ئەڕازێنێتەوە و ناچار کەم و زۆر لە وزەی دەسکورتی خەڵک دوور ئەکەوێتەوە. ئەو تاقمە ئەڵێن شاعیر نابێ ناچار بکرێ کە وەک خەڵک ببینێ و لە ڕوانگەی خەڵکەوە بڕوانێتە سەر مەبەست. شاعیر ناچارییەکەی هەر ئەبێ لەمەدا بێ کە بەسوودی ئەو خەڵکە بیر بکاتەوە و مەبەستەکانی وەها نەبن کە زیانی گەلیان تێدا بێ. لایەنگرانی ئەم بڕوایە کە ئەڵێن شیعر ئەگەر ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی هەبوو، با دیوی دەرەوە و فۆڕمی شیعرەکەش دوور بێ لە دووانی ڕۆژانەی خەڵک، هەر هونەرە و هونەرێکی کۆلێکتیڤیشە col-lective. ئەڵێن شاعیر هونەرێکی عاتیفی ئەخوڵقێنێ و عاتیفە، یانی ڕووبەڕووبوونی



موحەڕیکاتی خاریجی و لێکدانەوەی دەروونی، یانی ئاوێتەبوونی زانست کە شتێکی نەگۆڕاوە و بەلای هەموو کەسەوە هەر یەک چەشنە لەگەڵ ڕیئەکسیۆن و عەکسولعەمەلی عاتیفی کە لە هەر نیهاد و دەروونێکا جیاوازی هەیە لەگەڵ نیهاد و دەروونێکی تر؛ لەبەرئەمەیە کە لە هەرکەس بپرسێ دوو دوو ئەکا چەند ئەڵێ ئەکا چوار. بەڵام بڕوای دوو کەس سەبارەت بەجوانی، کە باسێکە لە هەرێمی هونەرا وەک یەک نییە. یەکێک چاوێکی گەش و ڕەشی پێ جوانە، ئەوی تر چاوێکی نیوەخەوی شینی خۆش ئەوێ.

تا بەرنامەیەکی تر بەخواتان ئەسپێرین. شەوتان باش.

٥١/٨/٢٧

# ئاوات ناوێکی خۆشە

هەرکە فەرهاد هات و دانیشت زانیم شەوێکی خۆشمان لە پێشە. من ماوەی ساڵێک بوو لەو ئاوایییە سپای زانست بووم، کەمتر کەس ناوی منیان ئەزانی. هەر پێیان ئەکوتم ئاغای سپا یا ئاغای مودیر. من لە سنەوە چووبووم بۆ موکریان و بەڕاستی لەو ماوەیەدا ببووم بەئەوینداری ئەو هەموو جوانییە دەس لێ نەدراوە کە هیچ پەڵە و خەشی تێکەڵایەتی تێدا بەرچاو نەدەکەوت. خوسرەو کوڕی ئاغا بوو کە لە تاران گەڕابۆوە و هەموو ئێواران ئەمدی بەبەرگی ئەفەندییەوە، پێچێکی کوردی لەسەر بەستبوو و چەند کتێبی بەژێر باوەشەوە گرتبوو، ئەچوو بۆ چنارستانەکەی ئەوبەری ڕووبارە بچووکەکەی ئاوایی. وەفا و مەحموودیش هەڤاڵی من بوون کە هاتبوون سەرم لێ بدەن. کۆمەڵی ئاوایی ئەوەندە بچووکە کە تۆ ئەتوانی هەناسەی دانیشتووانی هەست بکەی. هەرچی هەیە لە بەرچاوە. تەنانەت چاوداگرتنی گەنجانی و ژوانی پاش مانگ هەڵاتنی نیوەشەوانی. دێ ئەوەندەت لەگەڵ ئەبێتە خۆماڵی کە زوو بەزوو پرێسکەی دڵیت بۆ ئەکاتەوە و ئەتکا بەهاوبەشی بزە و خۆشی و خەم و پەرۆشی. لەبەرئەمە لاتان سەیر نەبێ کە هەر ئەو ڕۆژە کە وەفا و مەحموود بەسەری ڕووت و بەرگی شارییەوە هەر کام بەجانتایەکەوە لەو ئوتومبیلە کە کاروانی نێوان دێهاتەکانی ئەکرد دابەزین و لەبەر دەرگای قوتابخانەکەدا کە ژوورێکی کرابوو بە هۆدەی حەسانەوە و خەوی من، تەپ و تۆزی ڕێگایان لە خۆیان تەکاند. خوسرەو ئەم هەواڵەی زانی و هێشتا من تایبەتیترین پرسیارم سەبارەت بە«بەهار»ی دەزگیرانم مابوو کە لە هەڤاڵەکانمی بکەم، کە خوسرەو پەیدا بوو.

زۆر زوو، زۆر مەبەستمان دۆزییەوە کە هەر چوارمان ئەمانتوانی لە بارەیانەوە بدوێین. لە باسی سینەماوە دەست پێ کرا و خوسرەو بەگورجی بڕوای هەموومانی هێنا سەر ئەوە کە فیلمی باش لە شەڕی باش کەمترە. پاشان باسی ویەتنام و ئەفریقای جنووبی و ڕۆدزیا کرا و هەموو ئەمانزانی بازرە بووین و وەسەر خۆمانی



ناهێنین. لام وایە وەفا بوو لەبەر خۆیەوە کوتی:

«مالا یدرک کلە یترک کلە». من ویستم بڵێم هەڵەت کرد، بەڵام بزەی سەر لێوی تێی گەیاندم کە هەڵەکەی بەئەنقەسد کردووە و ئەیەوێ بڵێ سەرێ کە نایەشێ لە پرێسکەی مەبەستە.

مەحموود کوتی: «یدرک» ڕیشەکەی کوردییە و لە مەسدەری درکاندنەوە هاتووە و ئیتر بۆم دەرکەوت کە باس ناچارە بەرەو هەرێمێکی تر لێ خوڕێ و چ هەرێمێک جوانتر و هەر لەگەڵ جوانییا بێ ئازارترە لە هەرێمی بژوێن و سەوزی ئەوین. هەستم کرد منی خانەخوێ لەسەرمە سەرەتای باسەکان دامەزرێنم، بەڵام ئەترسام نەکا لە لایەن ئەو سێ گەنجە ڕووناکبیرانەوە بکەومە بەر هێرشی توانج. ڕاستییەکەی پێم خۆش نەبوو دیسانەوە بۆ هەزارەمین جار گوێم لە کاوێژی وشەی بورۆکراسی و پێچ و مۆرەی دامەزرێنەر و ئەم باسە پڕوپووچانە ببێ. هەرچۆنێک بوو لێبڕام بەچەشنێ کە هەستیان نەژاکێنێ، باسەکە بگۆڕم. لە خوسرەوم پرسی لەگەڵ کچانی زانستگەدا نێوانی چۆنە، وتی «بێرناردشاو، نووسەری ئینگلیزی ئەڵێ: کچ دوو تاقمن.» وەفا بۆی تەواو کرد: «یا جوانن، یا زانستگایین» و هەموومان پێکەنین. ئەم پێکەنینە ڕێگای بۆ من کردەوە کە زیاتر لەسەر باسەکە بڕۆم: «ڕاستی کوڕگەل سەبارەت بەئەوین بڕواتان چییە؟» هەرسێکیان بەیەکەوە کوتیان: «ئەوین؟» و من ڕاچڵەکیم و خۆم ئامادە کرد بۆ هێرش: «بەڵێ ئەوین. مەگەر شتێکی سەیرم پرسیوە.» خوسرەو کە ئەمەی لە دەرەبەگی بۆ مابۆوە زۆر قسە بکا و کەم گوێ بگرێ، کوتی: «ئەوین نەجیب زادەیەکی لێکەوتووە کە ئەمڕۆ کەس خەتی ناخوێنێتەوە؛ یا مەلێکی گەرمێن و کوێستانکەر بووە کە سەدەها ساڵ لێرەوبەر بەرەو گەرمێن بووەتەوە و هێشتاش نەگەڕاوەتەوە. خوا عالم کام ڕەشەبای توند باڵی شکاندووە، یا کەوتۆتە بەر شالاوی کام شمقاڕی کۆترخۆر؟»

مەحموود لەبەر خۆیەوە کوتی: «بەرەو ڕۆژهەڵات چووە و لەوێ هێلانەیەکی گەرم و نەرمتری دروست کردووە.»

وەفا پرسی: «مەبەست لە ئەوین چییە؟» و من بۆم شی کردەوە: «مەبەست خۆشەویستی نێوان کوڕ و کچێکە، یا لانی کەم لێرەدا مەبەست ئەمەیە.» تووڕە بوو

کوتی: «تۆ لە کەیەوە بەم بێ دەربەستییە کوفر ئەکەی؟ چی بۆتە هۆی ئەمە کە بووی بەپووشی سەر ئاو؟»

بەسەر خۆم نەهێنا و کوتم: «ئەوین ئەگەر ئەوینی ڕاستی بێ یەکجار جوانە و لەو شتانەیە کە ئەم هەموو هەناسە کێشانە، ئەم ژیانە بێ بار و بێ ئاکامە لەسەر پیاو سووک ئەکا.» خوسرەو کوتی: «باشتر بوو لە شارا بمێنێتەوە و دەفتەری بیرەوەری بۆ کچان بنووسێ.» وەک ئەمە لە توانجەکەی تێنەگەیشتبم، کوتم: «مەبەستم ئەوینی ڕۆمانتیک نییە. ئەو ئەوینە ئەڵێم کە لەسەر ڕاستەقینەی ژیان دامەزراوە.»

وەفا کە هێشتا ڕقەکەی دانەمرکابوو کوتی: «ژیان؟ کام ژیان؟ هی ئەو کەسانە کە بەقامکی دەست ئەکرێ بیانژمێری؟ تۆ لە کوێی کاکی مامۆستای منالان؟ من لەو کاتەوە کە هاتووم، بۆنی ناخۆشی گەڕەک و کۆڵانی ڕێ ئازارم ئەدا، تۆ خەریکی لەم هۆدەدا کە سێبەری منالی هەژار، وەک گیانی سەرگەردان سەمای تێدا ئەکا، تەدارەکی باڵەی «دەریاچەی قوو»م بۆ ئەگری؟»

کوتم: «وەفا، شەو کڕ و کەڕە و نیوە نووزەی تۆ بەگوێیا ناچێ. کە وەهایە هەرا مەکە با لانی کەم دەنگت نەنووسێ.»

خوسرەو ئەمەشی هەر لە دەرەبەگایەتی بۆ مابۆوە کە لای وابێ کەیخودایی و بڕیاری دوایی مافی ئەوە. کوتی: «شەوگار درێژە و عەبداڵ بەتاڵ. باسێکی تر بکەین.» بەڵام وەفا وەک بیەوێ کەنار بگرێ، هەستا و خۆی بەسەیری دەرک و دیوارەکەوە سەرگەرم کرد. ماوەیەک لەبەر دیوارێکی هۆدەکەما وەستا و پاشان کوتی: «گوێ بگرن! من دایکم نەخۆشە. ناوم ئاواتە. ئاغای مودیر ئەڵێ ئاوات ناوێکی خۆشە. ئەڵێ تۆ بەئاوات ئەگەی. ئاواتم ئەمەیە، باوکم ئەمڕۆ کە گەڕاوە بۆ ماڵ، ئەوەندەی پارە هەبێ کە دایکم بەرێ بۆ لای دوختوور.»

ئەم چەند دێڕە قوتابییەکی من لەسەر دیوارەکەی نووسیبوو.

بێدەنگییەک باڵی بەسەر هۆدەکەما کێشا. شەو لە دەرەوە ڕەشتر دیار بوو و زۆر حەستەم بوو کەسێ لە ئێمە لەو کاتەدا بڕوا بکا مەلی ئەوین ئەگەڕێتەوە و لە پەنا شەتاوێک ئەنیشێ و زەمزەمەی ئاوازێک پڕ بەگەرووی ئەماسێ.

١٣٥١/٨/٢٩



## «پێترۆس دووریان»ی نەمر

سڵاوێکی بەتین لە ناخی دڵەوە پێشکەش بەگوێگری هۆگری هونەر. بەهیوای بەرنامەکەتان بەدڵ بێ. لەم بەرنامەی ئەمجارەماندا باسی شاعیرێکی هەرە گەورەی ئەرمەنیتان بۆ ئەکەین و لە سەرەتادا وەرگێڕاوی شیعرێکی ئەو شاعیرەتان بۆ ئەخوێنینەوە، تکایە گوێ بگرن:

ئەگەر دێوی دزێوی مردن،
بەپێکەنینی ناحەزی هەمیشەییەوە
بەسەرما بدا
گیان و دڵی پڕ خەمم لە ناو بچێ
وا مەزانن من مردووم، من زیندووم!
ئەگەر چرای ژینم لەسەر سەرینی سەرەمەرگم
پڕشنگی ساردی دوایی بدا و دوا تریفەی بێ
وا مەزانن من مردووم، من زیندووم!
ئەگەر زەنگی کلیسا، بانگەوازی مەرگم بکا
عفریتی کردن بەقاقا بکەوێتە شوێن تەرمی ساردوسڕم
وا مەزانن من مردووم، من زیندووم!
ئەگەر پیاوانی نزاکار و
ژنانی شینگێڕ و ڕوو داپۆشیو
لە دوای دارە تەرمم پرمەی گریانیان بێ
و داری عوود بسووتێنن
وا مەزانن من مردووم، من زیندووم!
ئەگەر بەئەسرین و فرمێسکی چاوی کەژاڵی دەزگیرانم

بەئاوی چاوی کەسوکار و دۆست و هەڤاڵم
کێلی گۆڕم بخووسێ
وا مەزانن من مردووم، من زیندووم!
بەڵام ئەگەر گۆڕی من بێ ناونیشان
لە گۆشەیەکی ئەم جیهانە پانەدا داکەوێ
و بیرەوەریم لە یادی خەڵکا بێ ڕەنگ بێ
ئاخ... ئەو کاتەیە کە من ئەمرم!

چەپکە شیعرێک بوو لە گوڵزاری هەستی پێترۆس دووریان کە سەد ساڵ لە مردنی تێئەپەڕێ و بەواتەی خۆی هێشتا زیندووە، چونکە گۆڕی، ڕووگەی لاوانی دڵپاکی ئەرمەنییە و بیرەوەرییەکانی لە یادی خەڵکا ڕۆژ بۆ ڕۆژ گەشتر و بەڕەنگتر ئەبێ. دووریان ساڵی ١٨٥١ی میلادی لە گەڕەکی ئەسکیوتاری شاری «ئەستەمبووڵ» لە دایک بووە و هێشتا گوڵێک لە هەزار گوڵی ژیانی نەپشکووتبوو کە گژەبای مەرگ تێکیەوە پێچا و ڕایماڵی. دووریان ٢١ ساڵ پتر نەژیا و ساڵی ١٨٧٢ی میلادی بەنەخۆشی ئازارە باریکە چاوی مەینەتکێش و دووربینی لە جیهانی بێ بەینەت پۆشی. باوکی «پێترۆس دووریان» ئاسنگەرێکی هەژار بوو. لەبەرئەمە شاعیری ئەرمەنی لە منالییەوە، ڕواڵەتی ترسێنەر و دزێوی هەژاری و برسییەتی ناسی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشا کە یارمەتی باوکی ئەدا و ناچار بوو بۆ پەیداکردنی بژێوی خێزانەکەی کار بکا، توانی لە ساڵی ١٨٦٧دا خوێندنی ناوەندی تەواو بکا. دووریان بۆ بەڕێ بردنی خێزانەکە کە بەنەخۆشی دایکی و پیربوونی باوکی هەموو قورساییەکی کەوتبووە سەرشانی ئەو، دەستی دا کاری جۆربەجۆر. ماوەیەک کرێکاری کرد. پاشان لە چاپخانەیەکا خەریک بوو. ماوەیەک بەشاگردی چووە لای پزیشکێکی دەواساز، پاشان هەرچەند مانگێک لە شوێنێکا خەریکی کارکردن بوو. حیسابداری، سەڕافی، مامۆستایی قوتابخانە، وەرگێڕی، نەقشگێڕی تئاتر، بڕێک بوون لەو کارانە کە «پێترۆس دووریان» کردنی بەپیشە.

جۆشی هەستی شاعیرانە لە نیهادی پێترۆس دووریانی تازە گەنجدا لە هەڵقوڵینی کانییەکی ژێر گاشەبەردێکی زل ئەچوو کە بەهیچ بارێک ڕێگای نەبوو بۆ



زەریە و زێ و نەدەزاندرا کە ئەو ئاوە ڕوونە پاکە لە وشکارۆی دەشتێکی قاقڕ و لە ژێر لەشی قورس و ڕەقی ئەو گاشەبەردەدا چۆن ئەجۆشێ و بناوانی ئەگاتەوە کام ڕووباری خورۆشان! ژیانی منالی دووریان جگە لە دووپاتەکردنەوەی شەوان و ڕۆژانی ڕەش و سارد و پڕ مەینەت هیچی تر نەبووە. ئەی ئەم هەموو جوانییە، ئەم هەموو گوڵزار و بەهارە لە دەروونی پێترۆس دووریاندا پشکووتووی کام هەناسەی مەسیحاییە؟!

دووریان لە سێزدە ساڵیا دەستی کرد بەشیعر کوتن و چەند نومایشنامەی نووسی کە هاتنە سەر شانۆ و ناوبانگی بە وڵاتا بڵاو بۆوە، بەڵام کاربەدەستانی تئاتر لە گەنجی و ئاتاجی دووریان بەسوودی خۆیان کەڵک وەرئەگرت و زۆریان بۆ ئەهێنا. لەو سەردەمانەدا بوو کە نومایشنامە هەرە بەنرخەکانی خۆی نووسی، وەک «ئارداشیسی سەرکەوتوو» و «ڕووخانی بنەماڵەی ئەشکانی» و «گوڵی سوور و سوێسنە» و «خاکی ڕەش». هەموو ئەم نومایشنامەیانە لە لایەن خەڵکەوە بەباشی وەرگیران و بوونە هۆی ناوبانگ و خۆشەویستی پێترۆس دووریان. بەڵام جەرگی زامار و هەستی بەکەم گیراو و دڵی شکاوی دووریان بەم سەرکەوتنانە نەهاتەوە سەرخۆ. هەژاری و دەسکورتی لە لایەکەوە و لە لایەکی ترەوە ستەمی نەتەوایەتی کە لەسەر ئەرمەنییەکانی ئەو کاتەی سەردەمی عوسمانی هەبوو، بەرز و نزمی بێ بڕانەوەی ژیان، ئەوەندەیان شاعیری بەهەستی ئەرمەنی شەکەت کرد کە ساڵی ١٨٧١ ئازاری سیلی گرت و لە جێگا کەوت. ساڵێک لەگەڵ دێوی زاڵی مردن دەستەویەخە بوو، پاشان لە تەمەنی ٢١ ساڵییا و پاش تەمەنێکی کورت و پڕ مەینەت، بەڵام بەپیت و بەرەکەت دوا هەناسەی هەڵکێشا و گیانی بوو بە پەپوولەی باڵ زێڕینی گوڵزاری ئەوین و جوانی.

سەرەڕای تەمەنی کورت و کەم خایەن، پێترۆس دووریان چەن شاکاری گەورەی لە وێژەی ئەرمەنییا خوڵقاندووە کە بریتین لە ٩ مەقالە، ١٥ نامە، شیعرێکی درێژی شیوەنی، ١٣ نومایشنامە و ٤١ پارچە شیعر. ئەم شوێنەوارانە وەک گوڵێکی هەمیشە بەهار لە گوڵستانی وێژەی ئەرمەنیا ئەمێننەوە و هەرگیز سیس بوون و ژاکانیان بەسەرا نایە. شوێنەواری ئەو شاعیرە چەن جار لە ئەستەمبووڵ، بەیرووت، ئێرەوان، ویەن، باکۆ، وێنیز، نیۆیۆرک و حەڵەبا لە چاپ دراوە. «سەمبات پانۆسیان»

هەڵسەنگێنەری ئەرمەنی سەبارەت بەدووریانی شاعیر ئەنووسێ: «لە ناو ئاسمانی تەمگرتووی وێژەی کۆنی ئەرمەنییا . شیعرەکانی پێترۆس دووریان ئەڵێی پەلکە زێرینەیەکی هەمیشەیین». بەڵێ گوێگری بەڕێز، بەم چەشنە سەرپەنجەی هونەر، زەمان و کات ئەکا بەدیلی کۆششی زاڵی خۆی و مردنی لەش بەهۆی دەستی عیسای هونەرەوە ئەبێتە هەرمان و ژیانی هەمیشەیی بۆ گیان. لەگەڵ پێترۆس دووریان دووپاتەی ئەکەینەوە، ئەگەر ئەسرین و فرمێسکی چاوی کەژاڵی دەزگیرانم و ئاوی چاوی خزم و کەسوکار و هەڤاڵانم کێلی گۆڕەکەم بخووسێنن وا مەزانن کە مردووم، کاتێ ئەمرم کە گۆڕم نەناسراو بێ و یادم لە دەروونی خەڵکا نەمێنێ.

پاش سەد ساڵ ئەمڕۆ ئەنترۆپۆلۆژیستێکی هەرە گەورەی ئەرمەنی لە ئێرەوان، خەریکی داڕشتنی پەیکەری ئەو شاعیرەیە.

ڕاستی مردن پارووی گەورەی پێ قورت نادرێ. پیاوانی مەزن بەگەرووی تەنگی مەرگدا ناچن. مەرگ بۆ ئەوان خەوێکی خۆشی ئەبەدییە و گەشتێکە لە ئەسیری لەشەوە بۆ ئازادی گیان.

تا حەوتەی داهاتوو خواتان لەگەڵ.

شەوتان خۆش. ٥١/٨/٢٩



## پڕشنگی هەتاوی بیری غەزالی

سەلام لە گوێگری بەڕێزی بەرنامەی تاپۆ.

کاک ئیسماعیلی عەلی بابایی، سپای زانست لە مەرەندەوە پرسیاری کردووە: «ئیمام محەمەدی غەزالی کێیە؟ ئاخۆ لە ڕیزی نووسەرانە یا فەیلەسووفان و یا ئەندامێکی کۆمەڵی عارفان و خواناسانە؟»

برای خۆشەویست. وا دیارە خۆت لە بارەی غەزالییەوە گەلێک شت ئەزانی، چونکە پرسیارەکەت هەموو شتێکی لێ دەرئەکەوێ. غەزالی هەم نووسەرە، هەم فەیلەسووف و هەم خواناس، بەڵام داستانی ژیانی ئەو زانایە لە دوو قۆناخی جیاواز پێکهاتووە. لە قۆناخی یەکەمی ژیانیا زانایەکی گەورەی ئایینی بوو و لە قۆناخی دووهەما واتە لە تەمەنی ٣٨ ساڵییا ڕێگای فەلسەفە و عیرفانی گرتە پێش، بەڵام فەلسەفەی غەزالی لە ئەخلاق و ڕەوشتی ئینسانییا کورت کرابۆوە و لە ڕاستییا فەلسەفەی عیرفان و خواناسی بوو. غەزالی لە ساڵی ٤٥٠ی کۆچیدا لە دایک بوو. باوکی جۆڵا بوو و خۆی بەمناڵی دەستی کرد بەخوێندنی زانستی و ئایینی و لە ماوەیەکی کورتا ناوبانگی بەهەموو وڵاتە ئیسلامییەکانا بڵاو بۆوە. لە ساڵی ٤٨٨دا لەپڕ گۆڕانێکی سەیری بەسەرا هات. دەرس و مەدرەسە و قیل و قاڵی بەجێ هێشت و بەرگی مەلایانەی داکەند و ئاوارە و ڕەبەن دەستی کرد بەگەڕان. ماوەیەکی زۆر لە دوودڵی و گومانا مایەوە تا لە ئاکاما مرازی خۆی لە ڕێگای عیرفان و سەیر و سلووکا دۆزییەوە. ئەم چەشنە ژیانە لە ژیانی مەولانا جەلالەددینی ڕۆمی ئەچێ. سەعدی خوالێخۆشبوو دژی ئەم تەریکی و تاکییە بووە و ئەڵێ:

شیخی بەسوی مدرسە آمد ز خانقاە
بشکست عهد صحبت اهل طریق را
گفتم میان عالم و عابد چە فرق بود
تا اختیار کردی ازآن این فریق را

گفت: این گلیم خویش بەدر می برد ز موج

وان جهد می کند کە بگیرد غریق را

غەزالی پاش ئەم هەموو سەرگەردانییە، ڕێگایەکی ڕاستی بۆ گەیشتن بە بەختیاری ڕاستی دۆزییەوە و تا کاتێ مردن هەنگاوی ئەوی لە پیاسە خست، لە بڕینی ئەو ڕێگایە ماندوو نەبوو. «کیمیای سەعادەت» کە بەنەسرێکی جوان و ڕووح سووک و لەبەردڵان و بەشێوەیەکی ساکار نووسراوە و هێندێک کەس بەشاکارێکی وێژەیی ئەزانن، دەسکەوتی ئەو سەیر و سەفەرەیە. کیمیای سەعادەت، دائیرەتولەعارفی کامەرانی و ڕزگاری، گاهێ ئەوەندە لە هەرێمی گیان و هەستی ئادەمیزاد نزیک ئەبێتەوە کە لێدانی دڵی مرۆڤایەتی لە ناو دێڕەکانیا دێتە بەرگوێ. زۆر دەستووری ئەخلاقی ئەوتۆی تێدایە کە لە ڕەوانناسی و مەعرەفەتەلڕووحی ئەمڕۆشا بەئەسڵ و پایەیەکی نەگۆڕاو ناسراوە. وەک ئەمە کە ئەڵێ: «دڵی پاکی مناڵ وەک گەوهەرێکی هێژا وەهایە، وەک مێو نەخش هەڵگرە و هێشتا هیچ گەردێکی لێ نەنیشتووە. وەک زەوی بەیاری بەرێژە و هەر توویەکی لێ بچێنی دێتە بەر، هەر کارێکی کە بەدەس پیاوێکی گەورە جێبەجێ ئەکرێ بەمناڵی لە نیهادیا هەوێنی بەستووە.» غەزالی کردەوەی باش و بیرکردنەوەی باش و خۆبەخت کردن لە ڕێگای مرۆڤایەتییا ئەکاتە سەرمەشق و تەنانەت گیاندارانی تریش ئەهاوێتە داڵدەی بەزەیی خۆیەوە و ئەڵێ: «پیاوی گەورە بەم تایبەتییانە دەرئەکەوێ و ئەناسرێتەوە؛ خۆ بەکەم گرتن، خۆ هەڵنەکێشان بەسەر خەڵکی ترا، بیری باش کردنەوە، لێبووردن و خۆبەخت کردن، درۆ نەکردن، بەرگی ساکار و خواردەمەنی ساکار و جووڵانەوە بەپێی زانستێ کە هەیەتی.»

پاشان ئەڵێ: «کوڕم بێ گومان بە کە زانستی نەزەری یارمەتی مرۆڤ نادا. ئەگەر پیاوێک لە بیابانێکا دە شمشێری هیندی و چەکی تریشی هەبێ و خۆیشی زۆر پاڵەوان و شەڕکەر بێ و شێرێک هێرشی بۆ بێنێ، بەشەرتێ لە چەکەکانی کەڵک وەرنەگرێ، مەترسی لێ دوور ناکەوێتەوە و ئەگەر زانایەکیش هەزاران مەبەستی زانستی بخوێنێ و فێریان ببێ بەشەرتێ لە کردەوەدا کەڵکیان لێ وەرنەگرێ، لە هەڵەکردن و سەرلێشێوان نایپارێزن.»



غەزالی لە جێگایەکی ترا ئەڵێ: «کاری پیاوان دان بەجەرگا گرتن و بەشێنەیی بوون و سەر لێ نەشێوانە. لەگەڵ خەڵکا ڕوو خۆش بە و هەموو کەس لە خۆت پێشتر بگرە، تا لە دڵی خەڵکا جێگات هەبێ. کۆمەڵ بانگ کە بۆ کاری باش و وریایان بکەوە کە چەوت نەڕۆن. کەسێک کە ئەم دوو دەستوورە بەڕێوە نەبا بەرە بەرە دڵی ڕەش ئەبێ و جیاوازی نێوان باش و خراپ نازانێ. کەسێک کە نیازمەندە و ئاتاجە، چاکەی لەگەڵ بکە، ئەگەر لە دەستت نەهات هاودەردی بە. هیچ کەس شیاوی ئەوە نییە کە بەبرسییەتی سەر بنێتە سەر سەرین.» ئەم وتەی غەزالی یەکجار بەکەڵکە. زۆر جار بیستراوە کە ئەڵێن ئەمە کاری خودایە، کەسێک هەژار و نەدار و نەخۆش و دەسکورت بێ. بەڵێ ڕاستە کە خودا شارەزایە کە ئادەمیزاد چی بەسەر دێ و چارەنووس ئەزانێ؛ بەڵام ئەمە نابێتە بەڵگە کە خودا بیەوێ کەسێک لە کەسێکی تر بەختەوەتر بێ.

غەزالی فەیلەسووف و زانایەکی بێ وێنە بووە و تەمەنی لە لێکۆڵینەوە و نووسین و ئامۆژگاری کردنا، بەسەر بردووە. شوێنەوارە بەرزەکانی بۆتە هۆی ئەمە کە ناوبانگی لە ئوڕووپای سەدەکانی ناوەڕاستا بڵاو بێتەوە و کار بکاتە سەر بیروبڕوای فەیلەسووفانی ئوڕووپایی. دیکارت سەدەها ساڵ پاش غەزالی ئەڵێ: «من بیر ئەکەمەوە، من هەر ئەوەم کە هەم» ئەمە هەر وتەکەی غەزالییە کە کوتوویە: «بیرکردنەوە بەڵگەی هەبوون و وجوودە.» کانت و بیلز پاسکاڵ دوو فەیلەسووفی تری ئوڕووپایین کە زۆریان کەڵک لە نووسراوەکانی غەزالی وەرگرتووە.

ئیمام محەمەدی غەزالی، فەلسەفەی هەر تا ئەو جێگای قوبووڵە کە یارمەتی بدا بەبەرزبوونەوەی گیانی مرۆڤایەتی و ڕەوشتی پەسندکراو. لەبەرئەمە ئەتوانین بڵێین کە غەزالی فەیلەسووفێکی ئینسان دۆست و ئەخلاق پەرستە. غەزالی هەموو توانای خۆی تەرخان کردووە بۆ نواندنی خۆی. باش و خراپ لە دەروونی ئادەمیزادا بەهەموو هێزێکەوە لایەنگری ڕەوشتی جوان ئەکا و هەڵمەت ئەباتە سەر خدەی خراپ و ناپەسند. بەزمانێکی ساکار خەڵک تێئەگەیەنێ کە ژیان لە ڕوانگەی مرۆڤایەتییەوە چییە و ئەڵێ:

«ئەگەر ئەتەوێ باری ژیانت لەسەر سووک بێ خۆت لە تەماع دوور بگرە و زۆر

بەخەمی سامانەوە مەبە! چاوەڕوانی ڕاستی لە تەماعکار مەبە و لە نیهادی بێ بنیچە و بێ خانەدانا بەشوێن ئەمەک و وەفادا مەگەڕێ.»

«... پیاو ئەو پیاوەیە کە لەگەڵ هەموو کەس باش بێ، بێ ئەوە بیر لە باشی و خراپییان بکاتەوە. دڵ چەشنی ئاوێنەیە و خووی خراپ چەشنی دووکەڵ ئەو ئاوێنەیە تاریک و لێڵ ئەکا. باشی لەگەڵ بەندەی خودا گەورەترین خواپەرستییە.»

ئەمە چەن وتەیەکی کورتی غەزالی بوون، کەسێک کە بیەوێ باشتر لە فەلسەفەی ئەو خواناسە تێبگا پەڕاوی کیمیای سەعادەت بخوێنێتەوە زۆر بەکەڵکە.

تا حەوتەی داهاتوو بەخواتان ئەسپێرین. شەوتان باش.

خەزەڵوەری ١٣٥١



## ڕووبەندی شار

چەن ساڵ تەریک بووم لە هەوای بژوێنی بنار و وردە وردە خەریک بوو لە بیرم بچێتەوە ژیانی لادێ؛ بەرە بەرە بۆنی دووکەڵی شاری گەورە کە چەشنی تووتنی خاو گەرووگر بوو، جێگای بۆنی مێخەکی بەرۆکی کچی لادێ و هەناسەی زیندووکەرەوەی شنەی بەربەیانی دۆڵی پڕ گوڵی کێوی لەبەر لووتم ئەگرتەوە. لە شاری بەزەنا زەنا ئاخنراوەوە ڕووم کردە لادێی بێ دەنگ. ئەتکوت لە چەقەخانەی مزگەوتی وەرزی زستانەوە چوومە ناو کۆڵانی دێ. بەیانی زوو بەجرووکە و جریوەی سێروو و چۆلەکە لە خەو هەڵدەستام. سەر لکی دار هەر جمەی ئەهات. جار جار وەک پەڵە هەورێکی بچووکی ڕەش ئەڕەوین و دیسانەوە یەکتریان ئەگرتەوە. پەڕەسێلکە وەک یادێک کە خۆی لە پەردەی بیرەوەریمدا بنوێنێ و ماوەیەک کورت بخایەنێ و پاشان لە سنووری تەم گرتووی خەیاڵا گوم بێ، بەبەردەمی پەنجەرەی ئاواڵەی هۆدەکەما هەڵئەفڕین و من تەنیا وشەی باڵیان و جریوەی تێکڕاییانم بۆ هەست ئەکرا. هەموو شت لەم بێ دەنگییەدا کەڵکەڵەی بیر و خەیاڵی ئەخستە مێشکەوە. بیری هەبوون. بیری هەر مان و خودا. بیری ئەوین و ژین.

هێشتا کۆڵانەکانی دێ بزەی بوومەلێڵیان نەکردبوو بەقاقای خۆرەتاو کە من ئەچوومە سەر تەپکەی بەردینی بەرامبەر بەئاوایی. لە پەنا بەردێکا کە هێشتا زۆری مابوو تیشکی گەرمی خۆر فێنکایی سایەقەی شەوی لێ وەرگرێتەوە پاڵم ئەداوە و ئەمڕوانییە ئاوایی کە چەشنی کۆترێکی خەوتوو سەری لە ژێر باڵی دەردەهێنا و چاوی بەهەر چوار لادا ئەگێڕا و تاسەی فڕین گەرووی پڕ بەستەی ئەماساند و باڵی لێک ئەدا. پۆلێکم مناڵ ئەدی کە هەر کام چەند بەرخۆڵەی بچووکیان وەپێش داوە و بەرەو دەری دێ ئەیانبەن. دەنگی مەشکەژاندن و نرکەی کابانی مەچەک خڕ ئەبوون بەمێلۆدی ئاوایی. لە پشت سەری منەوە، خۆر وەک تەشتێکی مسی پڕ ئاگر دەرئەکەوت و سێبەر و تارمایی لەبەری ئەڕەوین. کۆڕیلکەی بەردی لە ژێر پرشنگی

هەتاوا وەک چاوی شینی کیژێکی تازە لە خەو هەستاو ترووسکەی ئەهات. ڕەنگی تاراوی کانیاوێکی بچووک بەهەڵاتنی خۆر ئەگەڕایەوە بۆ ناو هەموو دڵۆپەکان و لە گەردەنی زەرد و زۆڵی جاڕە گەنمێکی دروێنەکراو ئەبوو بەملوێنکەی مرواری.

خەریکی بیرکردنەوە بووم و گەیشتبوومە سەر ئەو مەبەستە کە هەندێ لە ئادەمیزادان لە شاری گەورەدا لە ناو کۆشکی چەند نهۆما بەهەزار دەزگای وردەکاری سنعاتی، سامان و دارایی خۆیان بۆ ناژمێردرێ و هەندێکیش لە ئاواییە بچووکەکاندا بەقامکی تاکە دەستێک سەروبەری ماڵ و سامانیان لێک ئەدەنەوە.

دەستێکی میهرەبان کەوتە سەر شانم و دەنگێکی پیاوانە و کەمێک گڕ کوتی: «بەیانی باش!» لام سەیر بوو کە ئەم دەنگە هی ئەم گەنجە بێ کە بێ گومان بەهەموو تەمەنی نەیدەکردە بیست بەهار. ئێمەی ڕاهاتووی ترس و خۆگرتنی شار، بەهەڵکەوت ئەبێ بەم ساکارییە مل دانەوێنین بۆ ڕاستەقینەی برایەتی و بەرەی ئادەمیزاد. کەم کەس هەیە لە شاری گەورە، ڕووبەندێکی بەڕووەوە نەگرتبێ بۆ ئەوە خۆی لە ژێرا بشارێتەوە. ئەو سڵاوە بەڕواڵەت گەرموگوڕانەی ناو داڵانی ئیدارەکان، کڵاو هەڵگرتنی ناو شەقام، خولک کردن و فەرموو کوتنی ناو کۆڵان، کەمی وا هەیە هی ئەو کەسە بێ وا لە ژێر ڕووبەندەکەدایە. ئێمە تەواوی تەمەنمان نەخش ئەگێڕین و گاهێ لە بیرمان ئەچێتەوە کە خۆمان چین و کێین و چیمان ئەوێ. تەنانەت لە ناو خاووخێزانیشا کەم وا هەیە ڕووبەندەکەمان داڕنین و ببینەوە ئادەمیزادێکی بەڕاستی کە ئەتوانێ بێ ترس بڵێ «خۆشم ئەوێی.» ناچارم بڵێم لە خەویشا ڕووبەندەیەک – کە لە پێشا ئەمانکوت ئەبێ هەمانبێ، چونکە «شار شاری کوێرانە» و ڕووبەندە دەستێکە بۆ گرتنی بەرچاومان – هەر بەڕوومانەوەیە، چونکە ئیتر ڕووبەندە نییە، ئەندامی خۆمانە. تەنها کاتێ کە ئەچینە لادێ و ئەم هەموو ساکارییە، ئەم هەموو ڕەفتارە سروشتییە ئەبینین، هەست ئەکەین کە ڕووبەندەی شار کەڵکی نەماوە.

گەنجەکە لە لام دانیشتبوو. چاوی لە پۆلێک کچ بڕیبوو کە لە کانیاوەکەی خوار دێوە ئەگەڕانەوە. خۆرەتاو لەسەر کولۆنجەی مەخمەر و ئەتڵەس و کراسی زەرد و سووریان سەمای ئەکرد. لاوەکە کوتی: «ئەوەیانە وا گۆزەیەکی سووری بەسەر




شانیاوەیە! بڕوانە بەژن و باڵای، ئەڵێی بەختی خودا پێداوانە، ڕاست و هەڵچوو. هەموو ساڵێ کاتی دروێنەی گەنم ئەیبەمە ناو گەنمەکان، ئەگەر گوڵی گەنمەکان بەئەندازەی بەژنی نازەنینی بەرز بن، ئەو ساڵە داهاتمان باش ئەبێ. لەم دوورەوە بەرچاو ناکەوێ.

پرچی وەک تووی کاخڵی و ڕیشی گوڵە پێغەمبەرە زەردە. لارولەنجەی لە کەروێشکەی گەنم و جۆ جوانترە. دەنگی لە قاسپەی کەو دڵڕفێنترە.» کەمێک ڕوانی بۆم و کەمێک بەشەرم و دڵشکاوییەوە کوتی: «نا، سوودی نییە. وا دیارە تێناگەی ئەڵێم چی.» پاشان بێ ئەوە هیچ بڵێ هەستا و گورج و گۆڵ ڕووی کردە هەورازی پشتی تەپکەکە. بیرم کردەوە، ئەمانە چەند دڵ ناسکن. چەند زوو هۆگر ئەبن و چەند زوو سڵ ئەکەن. ئاخۆ بۆ ئێمە زۆر سەخت و دژوار نییە پردێک هەڵبەستین بۆ هاتوچۆی دڵی ئێمە و ئەوان؟! ئاخۆ هەر قسەی زل نییە ئەوانە کە لە هۆدەی پڕ لە دووکەڵی چغارە و پڕ لە کتێبی کۆمەڵناسیدا ئەیانڵێین؟!

تا حەوتەی داهاتوو بەخوای گەورەتان ئەسپێرین.

ڕەزبەر

# ئادەمیزاد و ئەشیا و هونەر

سەلام لە گوێگری بەهەست و هونەرپەرست.

ئادەمیزاد تاقە دارێکی تەریک نییە لە دوورگەیەکی گەمارۆ دراو بە حەوت دەریا. لە پایانی بێ سنووری هەبوونا. ئادەمیزاد بەشێکە لەو پەیکەرە کە پێی ئەکوترێ کەون و لەگەڵ بەشەکانی تری هەبوونا پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە. ئادەمیزاد تێکەڵ و ئاوێتەی کۆمەڵە کە لە جەمبوونەوەی ئادەمیزادانی تر پێک دێ. هەروەها تێکەڵە لەگەڵ شت؛ واتە ئەو شتانە کە زیندوون و زیندوو نین. با نەچینەوە سەر ئەو باسە فەلسەفییە کە بڕوای وایە ئادەمیزاد لە جیمادییەوە بوو بەنامی، پاشان بووە بەزیندوو و ئەمجار بوو بەئینسان و لە ئینسانییەوە بەرزتر ئەبێتەوە بۆ پلەیەکی ئەوتۆ کە ئاوەزی بەشەری ناگاتێ! ئێمە لەم بەرنامەیەدا باسی ئادەمیزاد و ئەشیا ئەکەین بەلێکدانەوەیەکی وێژەیی و هونەری ئەڵێین ئادەمیزاد لەگەڵ ئادەمیزادی ترا ئەژی و لە ناو ئەو شتانەدا ئەژی کە دەوریان لێداوە. ئاخۆ ئەو هەوایە کە ئادەمیزاد هەڵیئەمژێ، ئەو ئاوە کە ئەیخواتەوە، ئەو هەتاوە کە گەرمی ئەکاتەوە و گوڵی بۆ ئەپشکوێنێ و ئەو بارانە کە بەسەر کێڵگەیا ئەبارێ، هەموویان شت نین؟! تەنانەت ئەو دڕکە کە لە پێی ڕائەچێ و ئەو بەردە کە سەری ئەشکێنێ، بەکورتی هەموو ئەو شتانە کە خێر و خۆشی ئەدەنێ یا خەم و تاڵی بۆ پێک ئەهێنن، لە هەبوونی ئادەمیزاد کارێکیان بەدەستە و دەورێک ئەگێڕن!

ئاخۆ لەزەت و خۆشی نابێتە مانای ژیان و خەم و پەژارە و دەرد و کەسەر و نەخۆشی لەوپەڕی خۆیا، ناگاتە مردن؟!

کە وەهایە ئایا مەرگ و ژیان دوو شت نین و ئێمە ناتوانین مانای شت ئەوەندە بڵاو بکەینەوە کە تەنانەت مەرگ و ژیانیش لە هەرێمی دەسەڵاتیا جێی ببێتەوە؟!

تەنیا شت، واتە ئەشیا نین کە لە ئادەمیزادا تەئسیریان هەیە، ئادەمیزادیش کار ئەکاتە سەر شت. ئەیگۆڕێ، لێکی ئەداتەوە و شتی بۆ نوێتر پێک دێنێ. پێوەندییەکە



لە نێوان ئینسان و شەیئدا هەیە، ژیانی بیر، واتە حەیاتی زێهنی ئادەمیزادە کە بەزمانی فەرەنگی پێی ئەکوترێ mind (مایند).

ئادەمیزاد کاتێ بەلەش و بەئاوەز و تاقیکاری لەگەڵ شتا ڕووبەڕوو بێ، زانست لەو بەرەنگارییە پێکدێ. بۆ نموونە هەوا ساردە، لەشی ئادەمیزاد ئەتەزێ و ئازار ئەبینێ. جارێک و دووان و سیان، پاشان ئادەمیزاد کەوڵی حەیوانێک کە خۆی ڕاوی کردووە بەخۆیا ئەپێچێ، هەست ئەکا گەرمی بۆتەوە. ئەوجار بۆ بەرگری لە سەرما کەوڵ بەخۆیدا ئەدا. بۆ ئەوە کە کەوڵەکە باش بەلەشیەوە بچەسپێ و لە کەلێنەکانییەوە «با» لەشی ئازار نەدا، کەوڵەکە ئەدوورێ و وردە وردە ئاوەز و تاقیکاری یارمەتی یەک ئەدەن و بەرگ بەچەشنێ کە ئەمڕۆ هەیە دروست ئەکرێ و ئەمڕۆ زانستی ئادەمیزاد کە لەو تاقیکارییە وردە وردانە پێکهاتووە، زۆر شت لەم بارەیەوە ئەزانێ. ئەزانێ کە بەرگی ڕەش گەرما زیاتر ئەگرێ؛ خوری لە لۆکە گەرمترە و بۆ هەموو ئەو زانستانەش بەڵگەی عیلمی بەدەستەوەیە. ئەمە بەرەنگاربوونی لەشی ئادەمیزاد بوو لەگەڵ تەبیعەت. هەروەک کوتمان ئادەمیزاد کاتێ کۆسپێکی لەسەر ڕێگایا هەست کرد، هەوڵ ئەدا لای دا. ئەم هەوڵە ئەبێتە هۆی گۆڕانی تەبیعەت و تەبیعەت جگە لە کۆمەڵی ئەشیا شتێکی تر نییە. بەڵام ئادەمیزاد بەبارێکی تریش جگە لە لەش لەگەڵ ئەشیا واتە شتی سروشتییا ڕووبەڕوو ئەبێ. بەباری عاتیفی و زێهنی و لەم بەرەنگاربوونە ناسینی هونەری، واتە مەعرەفەتی هونەری پەیدا ئەبێ. ناسینی هونەری بێ گومان هەوێنی ئەسڵی خۆی لە ئەشیا و تەبیعەتی دەرەوە ئەگرێ. بەڵام لە زێهنی ئادەمیزادا ئەڕازێتەوە و بەچەشنێ دەردێ کە هونەرمەند ئەیەوێ. بەجۆرێکی تر بڵێین هونەرمەندیش هەروەک زانا، کاری بەشتەوە هەیە و لەگەڵ شت تێکەڵە و شت وەرئەگرێ و ئەیگۆڕێ و زۆرتر لە زانا خەریکە واقعییەت و حەقیقەت لەیەک نزیک بکاتەوە.

واقعییەت ئەو حاڵەتەیە کە ئەشیا لە دەرەوە هەیانە. وەک ساردی هەوای زستان و ژاکانی گوڵ و کزبوونی باری جوانی ڕەوشت لە کۆمەڵا. بەڵام حەقیقەت ئەوەیە کە ناشێ وەها بێ. واتە ئادەمیزاد باش نییە خۆی باشی وەلانێ. هەروا باش نییە ئادەمیزاد ئازار بدا و ڕەوا نییە گوڵ سیس بێ و هەڵوەرێ. لە هەناوی هونەرمەندا

حەقیقەت یانی جوانی. جان کیتس john. keats شاعیری ئینگلیزی ئەڵێ: «جوانی حەقیقەتە و حەقیقەت جوانییە. ئەوەیە ئەو شتە کە لەسەر زەوی ئەیزانی و ئەبێ بیزانی.»

زانا شت ئەبینێ. تایبەتییەکانی شت ئەناسێ و ئەیانباتە کارگایەکەوە کە پایەی لەسەر لێکدانەوەی ئاوەز و تاقیکاری دانراوە. مێشک هەر ئەوەندە یارمەتی زانا ئەدا کە واقعییەت هەڵبگرێ. لەوپەڕی واقعییەتا جیهانی زانست جگە لە تاریکی هیچی تری بەرچاو ناکەوێ. زانا ئەڕوا بەرەو پێش، بەڵام پێ بەپێی واقعییەت. بەرد ڕەقە و بێ ئەوەی بەفێڵێکی زانستی و بەڕێگایەکی عیلمییا چارە نەکرێ، نەرم نابێ. زانا ناچارە ڕاوەستێ و ئەو ڕێگایە بەهەڵسەنگاندنی ئەو دەسکەوتانە کە هەیەتی و ئەو تاقیکارییانە کە کراون بدۆزێتەوە. بێ دۆزینەوەی ئەو ڕێگایە زانا دەستی بەستراوە، بەڵام هونەرمەند وەها نییە. لە کارگای ئەوا کە بریتییە لە هەرێمی بیر و زێهن، بەرد زوو نەرم ئەکرێ. ئەوەندە بەسە کە کابرایەک زۆری خەو بێت تا بەرد لە ژێر سەریا نەرم ببێ وەک پەڕی قوو، یا کێشەری ئەوین بیکێشێ تا بەرد لە ژێر پێیا ببێتە مافوورەی نەرم. ئەمانە لە زانستا ناکرێن چونکوو زانست کاری بەلێکدانەوەی دەروون و عاتیفەوە نییە، بەڵام لە خەیاڵی شاعیرا و بەتەسویر و نەخشی زێهنی واتە ئیماژ (image) باش ئەکرێ؛ هەروەک زانا تەجرەبە و تاقیکاری و دەسکەوتە زانستییەکانی پێشووی هەیە، یارمەتییان لێ وەربگرێ؛ هونەرمەندیش کەلەپووری زانیاری کۆمەڵی خۆی لە پشتە و یارمەتی ئەدەن. میراتی فەرهەنگی، ڕێ و شوێنە ئایینی و فەلسەفی و زانستی و هونەرییەکانن کە هونەرمەند زیاتر لە سوننەتی دینی و هونەری کەڵک وەرئەگرێ.

شاعیرانی ئێرانی و ئیسلامی لە چارەنووس و بەسەرهاتی مەنسووری حەللاج کەڵک وەرئەگرن. هەروەک حەللاج ئەڵێ: «انا الحق»، شاعیریش بۆی هەیە بڵێ: «انا الشیء». ئەزانین کە حەللاج خودا نەبوو و ئەشزانین خۆی لای وابوو درۆی نەدەکرد و بەڕاستی لای وابوو لە کاتی جەزبەدا خودایە. لەبەرچی؟ چونکوو لەگەڵ خودا واتە ئەو وجوودە کە هەبوونی بەدەستە و هەر بووە و هەر ماوە لەو سەری هەبوونەوە تا ئەوپەڕی هەبوون دەسەڵاتی بووە و ئەبێ؛ تێکەڵ ئەبوو؛ وەها تێکەڵ بوونێک کە خۆی



نەدەناسییەوە. چەشنی دڵۆپێک کە ئەچێتە ناو دەریاوە و ئەبێتە دەریا و ئەشزانین کە شاعیر شت نییە و ئادەمیزادە. بەڵام شاعیری بەڕاستی کە نیدای «انا الشیء» هەڵئەبڕێ و بانگەوازی «لا فی جبه الشئ» ئەدا بەڕاستی لە جبەی دەروونیا جگە لە شت واتە کەرەسەی سەرەتایی پێکهاتنی سروشت هیچی تری نییە. شاعیر ئەگەر توانی ببێتە بەرد، ببێتە گژەبا، ببێتە خاڵی سەر گۆنای کیژێک، تفەنگی دەستی لاوێک، شەونمی سەر پەڕەی گوڵێک، گرێی گریانی سەر چاوێک، ئەگەر توانی ببێ بەژیان و ببێ بەمردن، ئەتوانێ ببێ بەشاعیرێکی باش.

٥١/١٠/٦

## غەریبی

شەویان شوورەیی کردبوو بەقسەی پڕوپووچ. هەندێ کوتبوویان کە بەیانی ڕاوی قەل و مراوی و پۆڕ خۆشە و هەندێک لایەنگری ڕاوی کەروێشک بوون. سەری شەو هەندێ لە ڕەشاییەکان یا لە سەرمای ماڵەکەیان ڕایانکردبوو یا لە بۆڵەی خێزانیان لەبەر نەکڕینی کەلوپەل و لێ نەکردنی زمهەڕی زستان و کەوتوویی مناڵەکەیان، لە ماڵ تاراندبوونی و ڕوویان کردبووە دیوەخانی ئاغا؛ یا گزیر دەنگی دابوون بەیانی بەفری سەربانی ئاغا بماڵن و هاتبوون بڵێن وەروەرەیان نییە یا بپاڕێنەوە کە بەیانی ئەچن بۆ شار و مناڵەکەیان ئەبەن بۆ دەرمانگا. بەڵام پاش ماوەیەک دێ دامرکابوو. دەنگی لوورەی گورگ و وەڕەی سەگ تێکەڵ لوورەی بای ساردی زستان ببوو کە بەفری لە کۆڵانەکان ڕائەپێچا و ئەیکرد بەگەردەلوول و چاڵ و قووڵی تێک ئەکردەوە. سەرما، وەک گیانی مردووی سەرگەردان خشکەی ئەکرد بۆ کەلێن و قوژبنی ناو ماڵەکانی ئاوایی، بەڵام لە دیوەخانی ئاغا کڵپەی سۆبە بەقەڵاشکاری وشک، لەشی پیاوی خاو ئەکردەوە و مزگێنی خەوێکی خۆشی پێوە بوو، بەڵام شەو درێژ و عەوداڵ و بەتاڵ.

ئاغا لە پەنا سۆبەی گەرموگوڕ دانیشتووە. دەستوپێوەندی هەندێ بەپێوە و هەندێ لەسەر ئەژنۆ دانیشتوون. شەویلکەش گاهێ بەشەوچەلە و گاهێ بەقسەی پڕوپووچ ئەبزوێ. بێ دەنگی هی ئەو کەسانەیە کە خەمیان هەیە.

سەری شەو دیتم کابرایەک وەک سێبەری هەورێک کە بۆ ماوەیەکی کورت پەڵەیەکی بۆر بخاتە سەر زەوی و تیژ تێپەڕێ هاتە ناو دیوەخان، بەڵام کەس نە ڕووی تێ کرد و نە تەنانەت زانی کە کەی هات و چەندە وێستا و چۆن چووە دەرەوە. من لە کۆڕی دیوەخانا وەک پینەیەکی ناحەز لەسەر بەرگێکی تازە وەها بووم. نە قەت تفەنگێکم لە کەوێک تەقاندبوو، نە هەرگیز ڕاوی کەروێشکم دیتبوو و نە قسەی خۆشی وەهام ئەزانی ئاغای پێ بهێنمە گەشە. تەنیا ئەوەندەم لە دەس ئەهات لە گۆشەیەکا دانیشم



و گوێ بدەمە ئەو قسانە کە هەموویان بەلامەوە بێ بایەخ بوون. لە دیوەخان هاتمە دەر و لە پێشخانەی نیوە تاریکی پێشخانەکەدا بەشوێن جێگایەکا چاوم گێڕا، چاوێکی لێ گەرم بکەم، کەچی چاوم بەهەیکەلێکی پەڕپووت کەوت کە هەردوو ئەژنۆی لە باوەش گرتووە و سەری بەسەر باسکیا شۆڕ بۆتەوە. چرای گڕسۆزی پێشخانە ئەوەندە ڕووناکی نەبوو کە بیناسمەوە، بەڵام کاتێ منیش وەک ئەو لە تەنیشت سۆبەی دامرکاوی پێشخانەکە دانیشتم و باش سەرنجم دا زانیم ئەو کەسەیە وا سەری شەو هاتە دیوەخان و زوو گەڕاوە. لام سەیر بوو کە بۆچ نەچۆتەوە ناو خێزانەکەی خۆی. هەر لەو بیرانەدا بووم کە لێی پرسیم: «وا دیارە خەڵکی ئێرە نیت؟»

لەو ماوەیەدا سەبیلەیەکی تێ کردبوو؛ مژی یەکەمی لێدابوو؛ لە ژێر نووری ئاوری سەبیلەکەیا ڕواڵەتیم هاتە بەرچاو؛ لە پەیکەرەی خودایانی یۆنانی کۆن ئەچوو. دەموچاوێکی زبری بەچین و گنجی ورد و درشت داپۆشراو، سەر گۆنای کەمێک قوت، گووپی تێکقوپاو، چەنەی پان و هەندێک هەڵتۆقیو.

کوتم: «نا من ئێرەیی نیم، بەڵام تۆ چی؟ تۆش غەریبەی؟»

مژێکی تری لە سەبیلەکەی دا و دووکەڵ وەک ئەژدیها بەجینگڵدان بەرەو تاریکایی میچی هۆدەکە کشا.

– «نە، من خەڵکی هیچ شوێنێک نیم. لە هەموو لایەک غەریبەم. تەنانەت لە ناو خێزانەکەی خۆشما غەریبەم. پیرۆز پێم ئەڵێ، تۆ دەستەوەستان و بێ کارەی، هێشتا تێنەگەیشتووە چارەنووس یانی چی؟»

بیرم کردەوە ئەم چارەنووسە، ئەم ئاسمان تاوانبار کردنە، گاهێ چەندە تەسکین ئەدا بەدڵی خەمبار. پرسیم، پیرۆز خێزانتە؟

کوتی: «بەڵێ، پیاو بێ ژن ناحەوێتەوە، ئەگەر هاوسەرێکیش پەیدا ئەکا ئەمەیە ئاکامی. لای وایە من خوام، نەخۆشی و ساغی مناڵەکەمان بەدەس منە. خوا ئەزانێ کاتێ ئەو کۆرپە ساوایە بەدەم تاوتێوە ئەناڵێنێ، من ئەبم بەبرێشکەی سەر سێڵ. ئاخر ئەو بەستەزمانە تەمەنی دوو ساڵە و بەرگەی نەخۆشی ناگرێ.»

پرسیم: «دەی جا بۆ هەڵناسی بچیەوە بۆ لای؟»

بەناڵینەوە کوتی: «چیم لە دەس دێ. ئاغا کردوویەتە سەرم، بەیانی باراشی بۆ بەرمە ئاش. زمهەڕی زستانی ئاغا، تا لێ ئەکرێ و تەواو ئەبێ دە ڕۆژی پێ دەچێ و من ئەبێ ئەو ماوەیە لە لای باراشەکان بمێنمەوە. هاتم بەئاغا بڵێم کەسێکی تر بنێرێ؛ بەڵام دیتم لە هۆدەی گەرما کە باسی ڕاو و ڕابواردنە، چۆن ئەتوانم باسی سەرما و نەخۆشی بکەم. بەڵێ من غەریبم. لە هەموو لایەک، تەنانەت لە ئاواییەکەی خۆشما، لە ناو خێزانەکەما و لە ناو بەرگە شڕەکانیشما.»

قاقای کوڕی دیوەخان، لوورەی گورگی بیابان و گژەی بای زستان بەیەکەوە بەرز بوونەوە و تێکەڵ بوون. سەرم سووڕا. ڕق و توانج و تووک بەقووڵترین ناخی دڵما گەڕا. بەڵام... بەڵام، چیم لە دەس ئەهات؟ هەروەک ئەو پیاوە چی لە دەس نەدەهات بۆ تیماری کۆرپەکەی. هەستم کرد ئەوەندە بێ هێزم، ئەوەندە هیوا بڕاوم کە هاکا بڕوا بەچارەنووس بە سەرما زاڵ بێ. هەردوو ئەژنۆم گرتە باوەش. خەو لە چاوم تارا و خەم خۆی خزاندە ناو دڵمەوە. سەرم بەسەر ئەژنۆما شۆڕ کردەوە و چاوم نایە سەریەک و وامزانی لە ماڵی ساردوسڕی کابرا دانیشتووم.

کۆرپەیەکی نەخۆش، لەشی شلک و بێ هێزی لە ئاوری یاوا ئەسووتا. تەنانەت هێزی گریانیشی نەمابوو، بەڵام ئەینالاند و هەر ناڵەیەکی ئایەتێکی خوایی بوو کە نوێژی ترسی هەڵئەگرت. دایکی وەک ئاسکێ کە لە دەس ڕاوچی ڕایکردبێ، نیگای پڕ بوو لە ترس و دوودڵی. چاوێکی لە چەپەری شڕی ناو ماڵەکە بوو کە مێردەکەی لە دیوەخان بگەڕێتەوە و چاوەکەی تری پاسەوانی نەخۆشە بچووکە بێ تاوانەکەی ئەکرد. هەر نیگایەکی توانجێک بوو بۆ کۆمەڵی ئادەمیزاد.

سەرم بەرز کردەوە. کابرا نەما بوو، هەروەک بێ خشپە هاتبوو، بێ چرپەش ڕۆیشتبوو. ڕاستی ئەکرد. ئەو لە هەموو شوێنێک غەریب بوو. بەڵام بەو چەن قسەیە منیشی کردبوو بەهاوسەفەری خۆی. سەفەری هەرێمی غەریبی. هەستم کرد کوڕی دیوەخان بێ دەنگە. خەوی بەربەیان لە هۆدەی گەرما کاری خۆی کردبوو. بەڵام من غەریب بووم. تەنانەت لە ناو بەرگەکانی خۆشما. ئەو بەیانەش کە خەریک بوو لە سنووری ئەو ڕۆژەوە دەرئەکەوت، غەریبی لێ ئەباری.

١٣٥١/١٠/٦



# ڕووناکبیر

سەلام لە گوێگری بەڕێزی بەرنامەی تاپۆ. تکایە گوێ بگرن بۆ پارچە پەخشانێک. هەڵبەت پێویستە لەسەرمان کە دووپاتەی بکەینەوە ئەم بەرنامەیە هەمیشە بەڕاسپێری خۆی زانیوە لەگەڵ ڕوونکردنەوەی قوتابخانە وێژەییەکانی کورد و ئێران و جیهان، نموونەی شیعر و نەسری کورد و نەتەوەکانی تریش بخاتە بەرچاو. ئێمە ئامادەین کە شوێنەواری گوێگرانی ڕووناکبیرمان لەم بەرنامەیەدا بڵاو بکەینەوە و سەبارەت بەپرسیارێک کە لە بارەی وێژە و هونەرەوە بۆ ئەوان پەیدا ئەبێ، وتووێژیان لەگەڵ بکەین و بەهەردوو لا تێکۆشین بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو گۆشە تاریکانە کە دێتە بەرچاو. ئەزانن کە ئەم بەرنامەیە هەوڵی داوە بەشێوەیەکی نوێ لە وێژە و هونەر بکۆڵێتەوە و هەرێمی باسەکەی پان و پۆڕ کاتەوە، بەچەشنێ کە هەموو ئەو شتانە کە تەئسیریان لەسەر هونەر هەیە بگرێتەوە، چونکە ئەزانین وێژە بەناوی بەشێ لە هونەر، لە کۆمەڵا پەروەردە ئەبێ. بێ گومان هەموو ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی، هەموو ئەو شتانە کە باری کۆمەڵییان هەیە، وەک مێژوو و ئابووری و زانیاری، تەئسیر ئەکەنە سەر وێژە و هەرێمی دەسەڵاتی باسەکەی ئێمە هەموو ئەوانە ئەگرێتەوە و لە ڕێبازی تەسک و تەنگی لێکدانەوەی وێژەوانیدا ناوەستێ. چونکە ئێمە لامان وایە بەزانینی ئەم شتە بێ بایەخانە کە فلان شاعیر کوڕی کێ بوو، تەمەنی چەند ساڵ بوو و یا فیسارە شیعر لە باری تەقتیعی عەرووزییەوە چەندە ڕێک کەوتووە و ئیهام و ئیستعارە و فەننی تری بەدیعی چەندە زۆرە، شتێکمان پێ نابڕێ و دەسکەوتێکی هێژامان دەس ناکەوێ. گرینگ ئەمەیە بزانین کە نووسەر و شاعیر و هەر هونەرمەندێکی تر بۆ جوانکردنی باری ژیان و بەرەو پێش بردنی کۆمەڵ چی کردووە و چی لە دەس هاتووە؟ ڕەنگە هەندێک بڵێن شاعیر خاوەن دەسەڵاتی ماددی نییە کە بتوانێ کۆمەڵ بەرەو پێش بەرێ؟ ئێمە لە بەرامبەر ئەم پرسیارە چاوەڕوان کراوەدا ئەڵێین: بەرەو پێش بردن و جوانکردنی ژیان، پێویست ناکا بەچەشنێکی بەرچاو و

دیار لە هەرێمی ماددیاتا بێ. کەس ئینتزاری لە هونەرمەند ئەوە نییە کە کاری کاربەدەستانی وڵات بگرێتە ئەستۆ. هونەرمەند کاری ئەوەیە کە ڕێگای خەڵک ڕووناک کاتەوە و لە ڕابردوو و داهاتوو و ئێستای تێبگەیەنێ. ناحەزییەکان دەربخا و کۆمەڵ ئامادە بکا بۆ وەرگرتنی ژیانی بەرزتر و ئینسانی تر.

ئێستا پارچە پەخشانەکەتان پێشکەش ئەکەین، بەهیوای پەسندی ئێوە.

پەنجەرەکانم کردەوە. هەستم کرد هەوای فێنکی کۆڵان خۆی کرد بەژوورەکەما و چەشنی تەمی بەرەبەیان لە دەوری لەشم هاڵا و گەرمای لەشمی کرد بەهەڵم. ئەتکوت لە ناوەوە ئەسووتێم و دووکەڵم لەسەر هەڵدەستێ. ناو کۆڵانەکە ڕووناک بوو، وەک زەردەیەک کە نازانی هی شەرمە، هی توانجە یا هی خۆشەویستی. ناو هۆدەکەم گرژ و مۆن بوو و لەسەر بەڕەیەکی خرسەکی کۆن کتێبەکەم لەیەک کرابۆوە. ئەتکوت لەبەر شەکەتی سینگی ڕووت کردووە و هەردووک دەستی ڕاست ڕاکێشاوە.

هەرکە زرەی زەنگی دەرگای حەوشەکە هەستا بەگورجی خۆم پۆشتە کردەوە و بەدوو لۆقی درێژ خۆم گەیاندە بەردەرگا. دەستێکی بچووکی سپی بۆ جاری دووهەم درێژ کرابوو زەنگ لێ بدا کە من دەرگاکەم کردەوە و دەستە بچووکەکە بەئەسپایی هاتە خوارەوە و خۆی خزاندە ناو دەستی گەرم و تاسەباری منەوە. پرسیم: «درەنگ هاتی؛ لات وانییە چاوەڕوانی لە وزەی مندا نییە؟»

لەسەرخۆ جانتایەکی پڕ لە کتێبی کە بەدەستییەوە بوو لە گۆشەیەکا دانا و پاڵی دا بەدوو سەرینی کوردییەوە کە جێگای کاتی تەمەڵی من بوو. کوتی: «سەردەمی زوو بۆ هەموو شت کاتیان هەبوو. بۆ یەکتر دیتن، بۆ حەسانەوە، بۆ کار و بۆ بەزم و ئاهەنگ و ڕاو و زەماوەند. بەتایبەت بۆ دڵداری.»

کوتم: «ئێستە چی، گوایە شەو و ڕۆژ کورتتر بوونەتەوە؟!»

بەکەمێک دڵڕەنجییەوە کوتی: «ڕووناکبیر دەرگای لەسەر خۆی پێوەداوە و ئاگای لە ژیانی کۆڵان و گەڕەک بڕاوە. تۆ تا بەئەسپایی مژێک لە سیغارەکەت ئەدەی نیو سەعات ئەخایەنێ. لە کاتێکا لە ناو گەڕەک و کۆڵان هەموو کەس ڕائەکا؛ بەرەو کوێ، خوا ئەزانێ. زەنازەنا و دەنگ و هەرا هەرگیز نابڕێتەوە. تۆ ئیتر نابینی کەس بۆ لە دەسچوونی ئەوینێک، بۆ ژاکانی گوڵێک بگری. کەس چاوی لە هەڵفڕینی پەپوولەیەک



نییە. باڵدارێ کە جار جار سەرنج ڕائەکێشێ، واشەی ئاسنە کە مەلی گیان ڕاو ئەکا. ئیتر کەس بەمەوە ماندوو نییە کە مەلی گەرمێن لە بەهارا بێنەوە و لە پەنا شەتاوێکی سەوز و مەندا بنیشنەوە و وێنەیان بکەوێتە ناو ئاوێنەی گۆلاوەوە.»

کەمێک پشووی هاتەوە سەرخۆ و سەری هەڵێنا و دوو فرمێسکی ڕوونم لەسەر گۆلاوی شینی چاوی بەدی کرد کە ئەهاتن ببن بەدوو دڵۆپی شەونم لەسەر پەڕەی گوڵی گۆنای.

کوتم: «ژیان ئەگۆڕێ و کەس ناتوانێ پێش بەگۆڕانی ژیان بگرێ.»

کوتی: «بەڵێ، ئەگۆڕێ، بەڵام پرسیار ئەمەیە، بۆچ بەرەو دزێوی ئەچێ؟ تۆ لات وایە چارەی هەموو دەردێک لەم پەڕاوانەدایە کە هۆدەکەت پێ پڕ کردوون! لە کاتێکا من بڕوایەکی ترم هەیە. ئەڵێم دانیشتن و دەرگا بەستن و تەنانەت لە سەرما و گەرمای ناو کۆڵانیش بێ خەبەر بوون خۆی دەردە. ڕووناکبیری تەریک خۆی سەربارە.»

پاشان وەک کەسێک کە لای وابێ هەرچی ئەیڵێ بۆ ئەو کەسە وا گوێی لێ گرتووە وەک بەردێک وایە بەگومبەزێکیدا بدەی، کوتی: «قسەکە ڕۆشنتر و دیارترە لەمە کە لەسەری بڕۆم. کۆمەڵ وەک داری «ئەلاقوچکێ هەڵەق مەڵەق» وەهایە. کەمێک لەوسەری دانیشتوون و زۆرێک لەم سەرەی. لانی زۆرەکان نیشتۆتە سەر زەوی، وەک سەری نیری جووتیاری بێ گاجووت و توو، لانی کەمەکانیش پەڕیوەتە بەرزی. تۆ لات وایە چار چییە؟ وەک تۆ دانیشتن و سەر بەکتێبا گرتن و دووکەڵی خەفەت بەبا کردن؟ یا هاندانی ئەو زۆرانە کە هەستن و سەرداری ئالاقووچێ سووک کەن؟ ئەو دەمەیە کە ئەبینی کەمەکان دێنە خوارەوە. ئەگەر جووتیار بۆ خۆی بچێنێ و بۆ خۆی بدروێتەوە، دەرەبەگ کوا کۆشکی چەند قاتی بۆ بەرز ئەبێتەوە؟.

٥١/١٠/٢٠

## گەڕانەوە

هەرکە چاوی بەڕووناکایی حەوشی نەخۆشخانە کەوت هەتاوێک لە دڵیا هەڵات. وەک فانووسێک کە هەڵیکەی و پڕشنگی گڕەکەی بکەوێتە سەر شووشەکەی. هەتاوێک بەسەر حەوشی نەخۆشخانەکەدا پان ببۆوە و شەونمی لەسەر چیمەنەکەی بەتامەزرۆیی هەڵئەمژی. لە بەرچاوی هۆمەر هەموو وڵات ئەتکوت دەمێکە و بەزەردەیەک کراوەتەوە. لە حەوشی نەخۆشخانەکە تێپەڕی و پێی نا ناو شەقامەوە. پاش شەش مانگ بێ دەنگی خەستەخانە و نیوە نووزەی نەخۆش و چرپەی بەئەسپایی نەخۆشەوانەکان، هەرای ناو شەقام بۆ گوێی هۆمەر لاوێنەرەوە بوو، چونکە نیشانەی ژیان و کار و زیندووبوون بوو. ماوەیەک لە بەردەرگا وێستا. چەن جار ئاوڕی داوە بۆ حەوشی نەخۆشخانە و چەن نەخۆشی دی بەبەرگی سپی نەخۆشخانەوە خۆیان لەبەر هەتاو هەڵخستبوو. بەپێکەنینێک و دەس ڕاوەشاندنێک مالاوایی لێ کردن؛ پاشان لە ناو هاتوچۆکەرانی شەقاما گوم بوو.

هۆمەر بێ ئەوە بزانێ بۆ کوێ ئەچێ لەم کۆڵانەوە بۆ ئەو کۆڵان، لەم شەقامەوە بۆ شەقامێکی تر پیاسەی کرد و هەموو دووکانێکی شار سەرنجی ڕاکێشا، چەند جار بێ ئەوە بڕوانێتە چرای سوور پێی نا ناو شەقامەوە و لێخوڕەکان قسەی سووکیان پێ کوت. هۆمەر لای سەیر بوو کە ئەمانە بۆچ جنێو ئەدەن. هەرچی ئەیکرد نەیئەتوانی هۆیەک بۆ ئەم هەموو پەلەیە بدۆزێتەوە. وەک شارەمێروو خەڵک ئەهات و ئەچوو و کەس کەسی نەدەناسی. لەپڕ تاسەی ئاواییەکەیان وەک تەڵخەک کەوتە سەر دڵی؛ پێی شل بوو و بازی بەهەڵپەی نیگای کە هەموو لایەکی ئەپشکنی، گەڕایەوە بۆ هێلانەی دەروونی. شانی لە شانی چەن کەس دا و چەن جار بەتووڕەییەوە پێیان کوت: بەر پێت تەماشا کە، مەگەر کوێری؟! بەڵام هۆمەر هەر بەلەش لە شارا مابوو، بەگیان و دڵ گەڕابۆوە دێ. لە کەناری مەیدانێکی گەورە کە لە ناوەڕاستەکەیا پەیکەرەی پیاوێکی مەزن لە بەرد دروست کرابوو، چاوی بەتاقمێک



کەوت کە بەجلوبەرگەکەیانا لە خەڵکی دێهات ئەچوون. گەنج و پیر و مناڵ هەموو لەبەر بەرۆچکا دانیشتبوون. یەک خەریکی قەننەکێشان بوو، یەک بەتاسەوە لەنجەولاری ئافرەتێکی گرتبووە بەر ڕوانین و یەکی تر خەونووچکە ئەیبردەوە و زەنگن و پێمەڕەکەی لە لای دەستیا دانابوو. هۆمەر هەستی کرد لەو تاقمە نزیکترە تا ئەو شارییانە کە جنێو ئەدەن، بێهوودە پەلەیانە و یەکتر ناناسن. هێندەی پێ نەچوو کە هۆمەریش یەکێک بوو لەو کۆڕە.

هۆمەر لە ژێر چاوەوە لە جلوبەرگی ئەو هەژارانە ورد بۆوە. کوردی نەبوو، بەڵام هێشتا لە بەرگی کوردی نزیکتر بوو تا بەرگی فەڕەنگی. خەڵکی شار زمانیشیان کوردی نەبوو، بەڵام هۆمەر ئەیزانی ئەڵێن چی، چونکە زۆر وشەی کوردی لە زمانەکەیانا هەبوو. ویستی لەگەڵ گەنجێکا کە لە پاڵ دەستیەوە دانیشتبوو و کۆتێکی کۆنی ئاتەگ درێژی لەسەر بەرگی دێهاتییەوە کردبووە بەری قسە بکا، بەڵام گەنجەکە هەر خەریکی ڕوانینی ئافرەتەکانی شار بوو. تا یەکیان لە دوورەوە ئەهات نیگای ئەو گەنجە وەک هەنگ بەسەر سینگ و کەمەر و دەموچاویەوە ئەنیشت و تا لە بەرچاو گوم نەبوایە دەستی هەڵنەدەگرت. هۆمەر ناچار کوشمەی کرد و بێ دەنگ بوو. لە خەیاڵا گەڕایەوە بۆ ئاواییەکەیان. هاتەوە بیری کە شەش مانگ پێشتر لە کاتێکا خەریکی بەفرماڵینی سەربانی خۆیان بوو کەوتە خوارەوە و ڕانی شکا. ئەو شەوە ساردانەی هاتەوە بیر کە تاوتێی بریندار بڕستی لێ بڕیبوو، بەچەشنێ کە خێزانی ئەیکوت حەوتەیەک لەسەریەک شەو تا بەیان وڕێنەی کردبوو. خێزانی ئەیکوت کە وڕێنەکانی ئەوەندە کوفر بوون کە لەوانە بوو بەرد بباری! بەڵام خوا بەزەیی پێیاندا هاتبوو و تەنیا تەرزەی بەئەندازەی سەرە چۆلەکەیەکی باراندبوو و سەری مناڵەکەیانی شکاندبوو!

هەودای بیرکردنەوەی هۆمەر بەدەنگێکی تیژی وەک نووکی مقەست پچڕا و گەڕایەوە ناو هەرای شار. پیاوێکی چوارشانەی سمێڵ بابڕ چەن گەنجێکی لە هەژارە دێهاتییەکان بەپێوە ڕاگرتبوو و چەشنی چێودارێکی پسپۆڕ ئەیڕوانییە بەژن و باڵا و دەست و مەچەک و شان و باهۆیان. ئەتکوت خەریکە بیانکڕێ. گەنجەکانیش بێ دەنگ هەر کام بەپاچێک، پێمەڕەیەک، یا زەنگن و قوڵینگێکەوە ڕاوەستا بوون و

چاوەڕوان بوون بزانن کابرا کامیان هەڵئەبژێرێ بۆ کار. کابرا هاتە سەر سەری هۆمەریش، ماوەیەک تەماشای بەرگە کوردییەکەی کرد و بەپێکەنینەوە شتێکی کوت کە هۆمەر تێی نەگەیشت؛ پاشان چەن کەسی لەوانی تر هەڵاوارد و خۆی کەوتە پێشیان و ڕۆیشتن. هۆمەر لە پیرەپیاوێکی کە خەریکی تەکاندنی خۆڵەمێشی سەبیلەکەی بوو پرسی: «ئەمانە بۆ کوێ چوون؟»

وا دیاربوو هەژاری ئەو هێزەی هەیە کە ئەوان لە زمانی یەک تێبگەیەنێ. پیاوە پیرەکە لە وەڵاما کوتی: «کار!» پاشان دەستی بەزگییەوە گرت. وا دەرئەکەوت برسیەتی. هۆمەر لە کیفە کۆنەکەی چەند ئەسکیناسی کۆنی دەرهێنا و کوتی: «من دراوم هەیە، بەڵام نازانم نان لە کوێ دەس ئەکەوێ.» کابرا پیرە بێ ئەوە لای وابێ پێویستە سپاسێک بکا، کەمێک لە دراوەکەی وەرگرت و پاش چەند وردەیەک هەر دەستی بەهەڵپە بوو ئەکشا بەرەو نانی گەرمە تەنوور.

هۆمەر لە ئۆتوبووسێکی شەق و شڕا کە بەرەو موکریان ئەچوو سەری بەسەر سینگیا شۆڕ ببۆوە. لەسەر خوانی شەکەتی بەخەوێکی خۆش میوانداری کرابوو. خەوێکی خۆش و پڕ لە خەونی خۆش. خەونی ئەمە کە جارێکی تریش خەڵکی ئاواییەکەی ئەبینێتەوە، لەگەڵ خێزانیا لەسەر ئاوری نزیک لە دامرکان بەحەو جۆشی ڕەش و کتری تەنەکە چای تازەدەم ئەخۆنەوە، دیسانەوە خێزانی ئەڵێ، پیاوەکە ناشکوری مەکە خوا بۆ ئێمەش گەورەیە و ئەویش وەڵامی ئەم قسانە تەنیا بەبزەیەکی پڕ مانا ئەداتەوە.

تا حەوتەی داهاتوو بەخواتان ئەسپێرین



## ئاسۆ ڕوونە

هەرکە ئەبوو بەلای ئێوارە، یەک یەک لە ماڵ و لەسەر دووکان و لە شوێنی کار ئەهاتینە دەرەوە و هەموو ڕوومان ئەکردە چایخانە و کەناری گۆلێکی گەورە کە جێگای ئاولێهێنانی کچانی شارە خنجیلانەکەمان بوو. پۆل پۆل گەنجی تاسەداری دڵ پڕ لە هیوا بەپیاسەی نەرم و شۆخ لە شەقامەکەوە تێئەپەڕین و هەرکە ئەگەیشتنە نزیکی گۆلەکە هەنگاویان شل ئەبوو و بازی نیگایان لەسەر داری تازە نەمامی بەژن و بارێکی بەکەشم و نەشم ئەنیشت. ئیتر هەر ڕوانینی گەرم و بێ پەردەی کوڕان و نیو نیگای نیوە ئاشکرای کچان بوو کە ئاڵوگۆڕ ئەکرا. گاهێ دەستێکی پیاوانە بەسمێڵێکی خورماییا ئەهات و لەولاشەوە پەنجەیەکی نەرم و سپی، لکی پووشین و دەسماڵەکەی لائەدا و بۆ ماوەیەکی کورت چەشنی هەورێکی سپی بێ باران، بەری ڕۆژی گەشی چاوی ئەگرت و تەزوویەکی خۆشەویستی وەک شنەی دەم بەیان ئەکەوتە سەر دوو لەشی گەرم و گەنج، چونکە هەردووک لا ئەیانزانی ئەم ئیشارە کورتانە، بانگهێشتن و میوانداریەکە بۆ سەر خوانی ڕازاوەی ئەوین لە نیوە شەوێکی لە بیر نەچووا کە بەپڕشنگی نیوە ڕەنگی مانگەشەو ڕووناک ئەبێ و بەکاتی شیرین و کورتی بەیەک گەیشتنێکی پاکا لەگەڵ ئەبەدییەت و هەرمان تێکەڵ ئەکرێ.

فەرهاد بەپێچەوانەی هەموو هاوتەمەنەکانی زۆرتر لەوە کە قسە بکا و بجووڵێتەوە، بیری ئەکردەوە و کشومات ئەیڕوانی و لەم دوو چاوەوە کە ئەتکوت دوو شەوەی بێگەردن نەتئەتوانی پێ بنێیتە ناو سەرای دەروونییەوە. ئەتکوت هۆدەیەکی تەریکە کە دوو پەردەی ڕەش دەرگای خۆرەتاوی لەسەر پێوە داوە. فەرهاد هەموو ژیانی لە ناو خۆیا بوو. ئەتکوت ئەو دەشت و کێوە کە بەهاران بەگەزیزە و نەورۆزە و هەزاران گوڵ و گیای ڕەنگاوڕەنگی تر خۆی ئەکرد بەبووک، ئەو هەموو زیل و بەمە کە لەسەر هەر لکی دارێکەوە دەنووکی بچووک و گەرووی ئەویندار ی مەلی ئێسک سووک هەڵدەستا و لە پەنا هەموو جۆگە و ڕووبارێکدا «دارسیاس» خودای مووسیقا و شۆڕ

و تاسە ئەبووژایەوە، لە دڵی فەرهادا هیچ هەستێکی لاوی نەدەلاواندەوە. ئێوارانە کە هەموو لاوانی شار دەستیان لە کار هەڵئەگرت و لە ناو شەقام و گەڕەک و کۆڵانا بڵاو ئەبوونەوە و بەدڵی خۆیان ئەژیان و ژەنگ و ژاری شەکەتییان لە چاوەی پیرۆزی کەوسەری دڵدارییا ئەشوت، فەرهاد بەباوەشێک کتێبەوە ڕووی ئەکردە چۆڵی و لەگەڵ جیهانی زانست و هونەرا تێکەڵ ئەبوو و ڕۆژپەڕی ئێواریٚ ئەگەڕایەوە و ئەچۆوە ناو ماڵ. ئەگەر هەواڵێک تەوسی بدایە لە جیهانی تایبەتی ئەو، بیکوتایە لەم هەموو سەر بەکتێبا گرتنە چی دەس ئەکەویٚ، لەسەرخۆ ئەیکوت: «بەری داری باغچەی کتێب، بیرکردنەوەیە.» ئەیکوت: «جیهانی ئێوە هەرچی هەیەتی بەڕوانینی یەکەم دێتە بەرچاو. جیهانی ئێوە قاشێکی بچووکە لە زەمان، بەڵام من لە جیهانی کتێبا دوێنیٚ و ئەمڕۆ و بەیانی ئەبینم و هەست ئەکەم ڕووبارێکم کە خوڕ و خوڕۆشان بەمێژوودا دێمە خوارەوە، نەک وەک ئێوە کە ئەبن بەگۆلاوێکی قەتیس ماوی بەخاک و خۆڵ گەمارۆ دراو و تەنیا لە ڕوانگەیەکی تەنگەوە ئاسمان ئەبینن.»

فەرهاد ئەوەندە لە ناو خۆیا ئەژیا کە منیش کە لە هەموو کەسی لێی نزیکتر بووم تا ئەو ڕۆژە نەمدەزانی دەنگی ئەوەندە خۆشە. ئەو ڕۆژە من هەستێکی نەناسراوی سەرکێش هەڵیگرتم بۆ کەناری ڕووبارێک کە دەوروبەری بەدارەبی و گیای بەهاری شینی ئەکردەوە و لە ژێر دارەکانا چاو ببڕیە شەپۆلی بیٚ هەدای ڕووبارەکە و ژیانی ڕابوردووت بێتەوە بیر. ئاشکرا لەگەڵ کچێکا ژێر دارەکان بکەی بەجێژوان و گویٚ بگری لە جریوەی مەل و شنەی شەماڵ کە لەشی شلکی گیا و گژی لەیەک ئەخشاند و لە جیهانی خەیاڵا یا سواری ئەسپی شەپۆل ببی کە باڵی شۆڕ کردبۆوە و پەلی ئەکوتا بەرەو ئاسمان، یا باڵی سپی هەوری بیٚ باران کە وەک قوو بەدەریای بیٚ سنووری ئاسمانا پۆل پۆل تێئەپەڕین بکەی بەقۆناخ. من سەرگەرمی ئەو خەیاڵانە بووم و ئەشکام بەرەو لێواری ڕووبارەکە کە دەنگێکی یەکجار بەکوڵ ئەهاتە گوێم:

کچە بۆکانی کە بووکی نازن
قۆڵ بەبازن، مل و پێسیر وازن
زەردەمەم دیارە کە خاوەن نوستوون
بۆ پشوودان لە کراس دەرکەوتوون
............................................



تا دەستم نەنا سەر شانی و نەمکوت دەمخۆش، نەیزانی. لە پەنایا دانیشتم و پرسیم: «تۆ کە دەنگت ئەوەندە خۆشە، ئەوەندە جوان چاک و پێکەوتووی، بۆچ ناتەویٚ لە کاتی لاویت کەڵک وەربگری؟» دیسانەوە چاوی هەر ئەو جووتە شەوە ڕەشە بوو کە بەئەندێشەوە ئەتتوانی تەماشای کەی، بەڵام بەپێچەوانەی هەموو جارانی پێشوو کە لە بەرامبەر ئەم پرسیارە تەوساوییانەدا زەردەیەکی ئەخستە سەر لێو، وەڵامی منی بەم چەشنە دایەوە:

«من بۆ خۆم ناژیم. من تەنیا نیم. ئەم خەڵکە هەموویان بەشێکن لە من؛ چۆن ئەتوانم تێر زگم بخۆم لە کاتێکا سەرم دێشیٚ. چۆن ئەتوانم پڕ بەدڵ پێبکەنم لە حاڵێکا ئەندامێکم لە ئاگری دەردا خەریکی توانەوەیە؟ منیش ئەوین ئەناسم. جوانی ئەپەرستم، بەڵام لە کاتێکا هەزار ئەوین لە دڵی هەژارانا ئەخنکیٚ، جوانی ئەسیری دەستی دێوی ناحەزییە، چۆن ئەتوانم ئەویندار بم و بەجوانی هەڵبڵێم؟»

ئەمە یەکەمین و دوامین قسەیەک بوو کە لەم بارەوە لە فەرهادم بیست.

تا بەرنامەیەکی تر بەخواتان ئەسپێرین.

١٣٥١/١١/١٨

## وەنەوزی بۆری شەوانی درنجاوی

بەسەرخۆشی لە بارێکی شەوانە ئەگەڕایەوە. خۆی بەم جێگایانەی ئەکوت: «نایت کلاپ». ئەهاتە بەرچاوی کە تا ئەژنۆی لە ناو شەقامی بێ هاتوچۆ و بێ دەنگا بەتەمومژەوە ئەبێ. وای ئەزانی پێی لە زەوی بڕاوە و خەریکی فڕینە. فڕینێکی بەئەسپایی، چەشنی نیشتنی قورینگ لە پەنا شەتاوێک. لەو «نایت کلاپ»ە چەند جار قامکیان بۆ لا ڕاداشتبوو. ئەو وای زانیبوو تاقمی لایەنگرانین و شیعرەکانی ئەویان لە گۆوارە بەنرخەکانا خوێندۆتەوە و بێ گومان هەر کامیان نوسخەیەکیان لە کۆمەڵەی شیعری تازەی ئەو بەناوی «وەنەوزی بۆری شەوانی درنجاوی» لە ماڵا هەیە. ویستبووی ڕواڵەتێکی شاعیرانەی هەبێ، هەستا بوو بۆ تەماشاکردنی دەموچاوی. ڕووی کردبووە ئەو شوێنە کە دەستی لێ ئەشۆن. لەبەر ئاوێنە بەخۆیا ڕوانیبوو و هەستی کردبوو مووی سەر و کاکۆڵی ڕێکوپێکە. بەدەست کەمێکی شێواندبوو. بۆ ئەوە شیاوی ناوی «شاعیری شێواو» بێ. کاتێ گەڕابۆوە، ویستبووی بەبزەیەک تاقمی لایەنگرانی بەسەر کاتەوە و ئەوانیش وەڵامی بزەکەی ئەویان بەقاقایەکی تێکڕایی دابۆوە، شاعیر وای دانابوو کە ئەم قاقایە زۆرترە لەوە کە کاری ئاوی تاڵی سەرخۆشکەر بێ، کاری بزەی لاوێنەرەوەی ئەوە. بەدڵنیایی لەسەر جێگای خۆی دانیشتبۆوە و ئەم بیرە بەمێشکیا هاتبوو: «ئەگەر ئێمەی هونەرمەند نەبین و پەژارەی هەموو ئەم خەڵکە ساکارە نەکەین بە هی خۆمان، بەستەزمانانە چەندە زوو پشتیان لە ژێر باری خەما کۆم ئەبێتەوە.» هەستی کردبوو کە ئەوەندە بەرز بۆتەوە سەری لە میچی هۆدەکە ئەدا. تەنانەت لەو کەسەی بەلای دەستیەوە دانیشتبوو پرسیبووی: «ئەم میچەیان بۆچ وا نەوی دروست کردووە؟» بەڵام کابرا وەڵامی نەدابۆوە. بەبیریا هاتبوو شیعرێک بڵێ بۆ ئەو جیهانە کە هونەرمەندی تێدا نییە و لە دڵی خۆیا گەلاڵەی شیعرەکەشی گرتبوو «وڵات هەمیشە زستانە، مەڵێ بەهار تۆراوە و هەرگیز ناگەڕێتەوە، بزەیەک لەسەر گوێسوانەی لێوێک دیاری نادا، هەتاو کۆچی دوایی



کردووە، ئەوین وەک کوانووی دامرکاوی پاش کۆچی خێڵ، ساردوسڕ هەڵگەڕاوە» و بەخۆی گوتبوو: «لە بیرم نەچێ ئەم شیعرە ئەبێ ئاهەنگێکی خەماوی هەبێ. بەڵام نەک تا ڕادەیەک کە ببێتە شیعری سەر شیوەن.»

سەرخۆشی ئارەق و دڵخۆشی کاتێ کە شیعرەکەی بەپیتی گەورە لە گۆواری وێژەیی ناسراو چاپ ئەکرێ، تێکەڵ ببوون و مەودای تەسکی هۆدەکەی لە بەرچاو تەنگتر ببۆوە.

لە شەقاما تا ئەژنۆی بەتەمومژی ئەفسانەوە ئەبوو، بەرەو کۆڕێک ئەفڕی کە لەوێ چەن هونەرمەندی تر چاوەڕوانی بوون. کاک سروشت کە نەقاشی گەل بوو تابلۆکەی چەند ڕۆژ پێشتر جایزەی گەورەی «بینالٚ»ی وەرگرتبوو. ئەو تابلۆیە کە نەقاش ناچار بوو بە ٣٧ هەزار تمەن بیفرۆشێ، بریتی بوو لە چەند کونی وەک گوڵوێنەی تەندوور، ئەگەر کەسێک چێشکەی هونەری نەبوایە لای وا ئەبوو نەققاشی منداڵێکی قوتابییە کە پاش تەواوبوون بەدڵی نەبووە و خەتی خوار و خێچی بەسەرا هێناوە. نەققاشەکە ئەیگوت ناوی ئەو تابلۆیە «ویەتنام»ە.

کاک زیل و بەم کە مووسیقارێکی گەنج بوو، لووتی هەر لە «کلیلی سۆل» ئەچوو و خوشکە ئارایش کە تازە زانکۆی هونەرە جوانەکانی تەواو کردبوو. ئەوەندە نوێگەر بوو لەسەر دێرێکی چەڵەمەی بەستراوی بێ جەمسەر ڕۆیشتبوو و گەڕابۆوە سەر هەوەڵی شارستانیگەری ئادەمیزاد. لای وابوو، – سوێندیشی بەزێئووس و وێنووس ئەخوارد – درۆ ناکا کە ناحەزی و دزێوی بەرزترین نموونەی جوانییە. ئەیگوت پیاو بێزی هەڵئەستێ کاتێ ئەچێتە ناو هۆدەیەکەوە کە هەموو شت لەسەر جێگای خۆیەتی. کاک شێواوی شاعیریش ئەم قسەیەی زۆر بەدڵ بوو و هەمیشە ئەیگوت: «تۆ و شیعرێک لەسەر من خوشکە ئارایش، سەبارەت بەئافرەتێک کە لەم وشکارۆی بێ زەوقییەدا تێئەگا جوانی یانی چی.»

شاعیر هەروەها سەرخۆش بەناو تەمومژی ئەفسانەدا ئەفڕی. وای ئەزانی لەسەر چیای «ئەلەمپ» لە بارەگای خودایانا دانیشتووە. لەپڕ پشیلەیەک دەرپەڕی و شاعیری ئێمە کە کۆڵەباری ڕاسپێری گرانی مێژوویی بەسەر شانیەوە ئەتگوت پووشێکە، ڕاچەنی و دڵی دەستی کرد بەلێدان. جێگای کاک زیل و بەم خاڵی بوو کە

مێلۆدییەک لە لێدانی دڵی شاعیر دروست بکا.

بیری کردەوە. ترس دوژمنی گەورەی ئادەمیزادە، بەڵام نەیتوانی ناوەڕۆکی شیعرێک بدۆزێتەوە کە توانجێک بێ بۆ ترس.

گێژ و خولی خوێنی گەرم ترسی لەسەری ڕەواند و هەستی کرد کە یەکجار بەتاسەوەیە خۆی بگەیێنێتە لای خوشکە ئارایش و باسی حەیوانی سەرەتایی بکەن. باسی ئەو پشیلانە کە ددانیان بەئەندازەی شمشێرێک درێژ بوو.

شاعیری شێواو بەکۆڵانی تەمگرتووی ڕابردوودا گەڕاوە بەرەو دوا. هاتەوە بیری کە بەمناڵیش ئاوگۆشتی پێ ناخۆش بووە. هەڵبەت ئەو کاتە نەیدەزانی لەبەر چی، بەڵام ئێستە هۆی ئەو پێ ناخۆش بوونەی بۆ دەرکەوتبوو. شاعیری ئێمە دڵی وەک پەڕی گوڵ ناسک بوو. ئاشکرایە کە ئاوگۆشت پێویستی بەسەربڕینی گیاندارێک هەیە و ئەو لە فەلسەفەی هیندییەوە گۆشت نەخواردنی هەڵبژاردبوو. لە بیری مابوو کە تەنانەت جارێک لەگەڵ کاک «زیل و بەم»دا کە لووتی لە کلیلی سۆل ئەچوو لێیان ببوو بەکێشە. چونکە کاک زیل و بەم گوتی: «هیندییەکان کارێکی باش ناکەن. لە برسا ئەمرن و ئەو هەموو گایەش لە هیندا بەشەقامەکانا ئەسووڕێنەوە.»

شاعیری شێواو ئەیزانی کە ئاوگۆشتی پێ ناخۆشە. ئەیزانی کە لایەنگری فەلسەفەی گۆشت نەخواردنی جووکییەکانە و لە بیریشی مابوو کە لەگەڵ کاک زیل و بەم دەمەقرەی لێ پەیدا بووە؛ بەڵام هەرچەند زۆری بۆ مێشکی ئەهێنا نەیدەزانی لەبەر چی کەبابی پێ خۆشە؟ هاتەوە بیری کە چەند ساڵ لێرەوبەر مەلی باڵ زێڕینی ئەوین لەسەر بەرزترین لقی داری دڵی هێلانەی کردبوو، دڵبەرەکەی کچێکی توولەنەمامی قژ زەردی چاو کاڵ بوو، بەڵام بەداخەوە پاش ئەو هەمووە کە شاعیری شێواو هەوڵی لەگەڵ دا و ڕەنجی کێشا و سەدەها جار بەگوێچکەیا چپاند: «هەبوون یا نەبوون، مەسئەلەکە ئەمەیە». هەر تێنەگەیشت «شکسپیر» شاعیرێکی گەورەی ئینگلیسییە و هەر وایئەزانی «گۆران» جەردەیە و «هەژار» پیاوێکی فەقیر و دەسکورتە. لەمەش خراپتر تا ئەو ڕۆژە کە بێ دەربەستانە شاعیری ئێمەی بەدڵی شکاوەوە جێ هێشت هەر نەیسەلماند کە گوڵێکی سیس و ژاکاو لە دڵێکی شکاو ئەچێ.



هەر لەم بیرانەدا بوو کە گەیشتە بەردەرکی ماڵی کاک سروشت. ئەو شەوە بەشادییانەی فرۆشتنی تابلۆی ویەتنام، لە ماڵەکەی خۆیا کۆڕێکی بەزمی پێکهێنا بوو. شاعیر بیری کردەوە کاتێ گەیشتە ناو هۆدەکە چی بڵێ؟ ماوەیەک وەستا و لە قوژبنی مێشکیا شتێکی دۆزییەوە و چووە ژوورەوە. شەپۆلی مووسیقا وەک ئەژدەها بەرەو لای کشا، کاک زیل و بەم خەریکی لێدانی سەمفۆنی ناتەواوی بتهۆڤن بوو، بەڵام هەر ئەچووەوە سەر هەوای شەمام شلکێ. کاک شێواو ڕووی کردە سەرووی کۆڕەکە تا لەسەر سەندەڵییەک کە لە ژووری هۆدەکەوە بەتاڵ بوو دابنیشێ. لەپڕ مووسیقا و هەرا و بەزم بۆ ماوەیەکی کورت بڕایەوە و پاشان قاقایەکی تێکڕایی هۆدەکەی پڕ کرد. کاک شێواو ڕوانی کە هەموو بەسەیرەوە تەماشای ئەو ئەکەن. کەمێک بەخۆیا ڕوانی و دیتی پارچە کاغەزێک بەدەرزی لە پشتی کۆتەکەیەوە هەڵواسراوە. کاغەزەکەی لێ کردەوە و سەرنجی دا تیا نووسرابوو: «مکث کند.»[(١)]

ئەودەمە بۆی دەرکەوت کە بۆچ لە نایت کلاپەکەش خەڵکی پێئەکەنین. جا ڕقی لە شیعر و هونەر و هونەرمەندی هەستا و چەشنی مەلێکی بەرزەفڕ کە تیری ڕاوچییەک بیپێکێ، کەوتە سەر زەوی و هەستی کرد ئیتر ناتوانێ هەڵفڕێ.

٥١/١١/١٩

(١) قسە نەکا، بوەستێ.

# تۆران

سەلام لە گوێگری بەڕێزی بەرنامەی تاپۆ. لە بەرنامەی ئەمجارەماندا پەخشانێکی کوردیتان بۆ ئەخوێنینەوە، هیواداریین پەسندی کەن.

دوور ڕۆژ بوو دایکی تۆرا بوو. هەر لە بەیانییەوە تا کاتی برسیەتی، یا تا خەو زۆری بۆ ئەهێنا لەبەر پەنجەرەی هۆدەکە دادەنیشت و چاوی ئەبڕییە پێچی کۆڵان و هەر ئافرەتێک لە دوورەوە دەرئەکەوت، پڕشنگێک بەچاوی کاڵیا ئەگەڕا، بەڵام لەگەڵ ئافرەتەکە نزیک ئەبۆوە خەمێک وەک تانە سەر گۆمیلکەی ڕوون و شینی چاوی ئەگرت. ئەمڕۆ دوو ڕۆژ بوو کە تەنانەت یەک وشەش لەسەر لێوی سوور و ناسکی نەپشکووتبوو. وێنەی دایکی بەزەردەخەندەیەکی مات و بێ ڕەنگەوە لەسەر تاقەی هۆدەکە دانرابوو و ئەتگوت هەموو خۆشەویستی دایکانە لەو زەردەیەدا کۆبۆتەوە. سەری هەڵبڕی و بۆ ماوەیەکی کورت چاوی بەوێنەی دایکیدا گێڕا... کوڵی گریانێکی بێ گوناە بەدڵیا گەڕا و دڵۆپێک فرمێسکی خاوێن کە لە کاسەی پەلی چاویا شینی ئەنواند، بەسەر گۆنای ناسک و تورتیدا هاتە خوار، پرسیاری کرد: «بابە تۆران یانی چی؟» وەڵامێکم نەبوو کە بیدەمەوە و نەیرەجێنم؛ لەبەر ئەمە گوتم: «کوڕم چیت ئەوێ بۆت بکرم؟!» نازانم لەبەرچی بەم قسەیە ڕقم لە خۆم هەستا و لام وابوو خەریکم بە شت بۆ کڕین تاسەی دایکی لە بیر بەرمەوە!؟ گوتی:

«تۆران یانی مردن، نا بابە؟!»

بەشەرمەوە!؟ گوتم: «نە بابە، نە!!»

لەبەر پەنجەرەکە لاچوو و هات لە باوەشما کوروشمەی کرد، وەک بێچووە کۆترێک کە هێلانەکەی ڕووخا بێ. دوو دەستە بچکۆلەکەی لە دەوری ئەستۆم ئاڵاند و ڕوومەتی داغ و نەرمی بەسینگمەوە گوشی؛ هەستم کرد بووم بەدوان؛ منێکی مناڵ و ترساو و خەفەتبار و منێکی گەورە و شەرمەزار و تاوانبار. لەبەر خۆیەوە گوتی: «بابە، حکایەتی دێوەکەم بۆ بڵێ!»



... هێشتا لە «یەکێک بوو یەکێک نەبوو»دا بووم کە حەوسەلەی بەسەر چوو، بەچەشنێ کە دیار بوو هەوڵ ئەدا نەمڕەنجێنێ، گوتی: «دایکم باشتری ئەزانی.» گوتم: «بەڵێ ئەو باشتری ئەزانی.» هەر بەو چەشنە کە خۆی بەسینەمەوە ئەگوشی، گوتی: «تۆش داستانی دێوەکەت پێ خۆشە، نە بابە!؟»

گوتم: «ئەرێ کوڕی من پێم خۆشە، بەڵام ئەو داستانانە ئەفسانەن!»

سەری لەسەر سینگم هەڵگرت و بەچاوی پڕ پرسیارەوە بۆی ڕوانیم و گوتی: «چی بابە؟» گوتم: «ئەفسانە کوڕم!»؛ بەڵام خێرا تێگەیشتم کە ئەو لە ئەفسانە ناگا.

– «ئەفسانە بەداستانێک ئەڵێن کە درۆ بێ، کوڕی من.»

ئەم قسەی زۆر بەلاوە ناخۆش بوو، باسکی بێ هێز و مناڵانەی لە ئەستۆم کردەوە و گوتی: «نە، درۆ نییە، دایکم درۆ ناکا، ئەو ئەڵێ دێو هەیە، دێو پیاوێکی چەپەڵ و خراپە، مناڵی خۆش ناوێ، دایکم ئەڵێ دێو کلکی هەیە.»

دڵم نەهات دونیا خەیاڵاوییەکەی لێ تێکدەم لەبەرئەمە هیچ دەنگم نەکرد؛ کورتەیەک بێ دەنگ بوو، پاشان گوتی: «دایکم هەموو ڕۆژێ منی ئەبرد بۆ گەڕان.» تێگەیشتم کە ئەم هۆدەیە کە لە پێشا بەهۆی دایکییەوە بۆی ئاشنا بوو، ئێستە ئازاری ئەدا و ئەیەوێ لێی دوور کەوێتەوە.

لە باغچەیەکی گشتیدا لەسەر نیمکەتێکی دارین کە ڕیزێک شۆڕەبی ساوا سێبەریان لێ ئەکرد دانیشتبووین. باغچە پڕ بوو لە ژیانی کرچ و کاڵ، جریوەی مەل و مناڵ مێلۆدی بووژانەوەی سروشت بوو. دایک و باوک بەشوێن مناڵەکانیانا ئەچوون بۆ ئەملا و ئەولا. ژن و پیاوی پیر سەیری کایەی مناڵی جوانکیلەیان ئەکرد، بەڵام ئەو چاوی بڕیبووە ئاسۆیەکی دوور، ئەتگوت لە ناو هەوری سپی و نەزۆکی ئێوارەی هاوینا کە بایەکی نەرم ئەیبزواندن و کۆشک و باڵاخانەی لێ دروست ئەکردن، بەشوێن گومبووەکەیا ئەگەڕێ.

پیرێژنێکی سەر سپی کە نەمزانی لە کەیەوە بەپاڵ دەستمەوە دانیشتووە، پرسیاری کرد: «کوڕی تۆیە؟» گوتم: «بەڵێ!»

گوتی: «خوا بۆت بهێڵێ، جوانکیلە و ڕووح سووکە، بەڵام وا دیارە خەمبارە!»

هەستم کرد کە توانجم تێ ئەگرێ و من بەهۆی خەمباری ئەو دائەنێ. ئەڵێن

تاوانبار له خۆی به شکه! ئەبوو بزانم که ئەو ئافرەته بێ ئەوه بەسەرهاتی من بزانێ ئەو قسەی کردووه. پیرێژن دەسهەڵگر نەبوو، گوتی:

«ڕەنگه نەخۆش بێ!»

گوتم: «نه!»

زانی که من پێم خۆش نییه باسەکه درێژه بدا، لەبەرئەمه بێ دەنگ بوو. کوڕەکەم پرسی: «بابه تۆ ماندوو نەبووی؟ ئەمەوێ بچم لەگەڵ ئەو منالانه کایه بکەم.»

له خوام ئەویست لەم تەنیاییه خۆی ڕزگار بکا و جریوەی شادی ئەویش تێکەڵ بێ لەگەڵ مێلۆدی تەبیعەت. ئەو مێلۆدییه که بەلای منەوه بێ دەنگی ئەو کەمایەتی تێدا هەبوو. له پێشا بەچەن هەنگاوی وردی دوودڵانه و پاشان گورج و توند له کۆڕی منالەکان نزیک بۆوه و دەستی بچووکی له هەوادا بۆ گرتنەوەی تۆپی ڕەنگاوڕەنگ کەوته سەما. هەستم کرد بارێکی قورس لەسەر شانم سووک بوو و بیرم کردەوه چەنده ئەخایەنێ و چەندەی ڕەنج و مەینەت ئەوێ تا گوڵێک ئەخەملێ، تا جووجەڵەیەک باڵ و پەڕ دەرئەهێنێ و فێری فڕین ئەبێ؟!

هەتا ورده ورده بەزەردەیەکی دایکانەوه دار و گوڵی باخچەی گشتی بەجێ ئەهێشت و بەلالایی شنەیەکی نەرمونیان، چاوی کۆرپەی سروشتی له خەو ئەکرد. خۆم ئەدی که منالم و بەگۆنای سوور هەڵگەڕاو و خوێنی گەشەوه له ناو هەوالەکانما کەوتوومه شوێن تۆپی ڕەنگاوڕەنگ. له لایەکی ترەوه خۆم ئەدی که بەکۆڵێک بیرەوەری تاڵ و شیرینی سی و چەند ساڵ ژیانەوه له ژێر شۆڕەبی خەواڵوا دانیشتووم؛ دەنگی خۆم بوو که هاته بەرگوێم: «بابه من ماندوو بووم با بچینەوه بۆ ماڵ.» دیسانەوه دەنگی خۆم بوو که گوتم: «زۆر باشه کوڕم من ئامادەم.»

کاتێ که گەیشتینەوه ماڵ چرای هۆدەکەمان ئەگرا، دایکی گەڕابۆوه و کوڕەکەم وەک خەونێکی فەرامۆشکراو ئەهاتەوه بیری که دوو ڕۆژی تەواو چاوی له پێچی کۆڵانەکه بووه.

ئەگەر ئادەمیزاد جادووی له بیر چوونەوەی نەبوایه، چۆن ئەیتوانی له ژێر باری خەما خۆی ڕاگرێ؟!

کاتی دانیشتن بۆ نانی شەو، وەک ئەمه ئەچوو که هەرسێکمان دڵخۆشین.



## بژی! بژی!

خێوەتی سباتی مانگەشەو بەسەر دەشتی بێ دەنگییا هەڵدراوه، هەزارەها خێوەتی شینکی بچووک لەم پەڕی دەشتەوه تا ئەوپەڕ ئەتکوت مۆڵی وشتری ماندوون و بۆ پشوودان یخ دراون. له ژێر هەر خێوەتێکا چەند ئادەمیزاد ئەژین و له دڵی هەرکامیاندا پەنگاوی بیرەوەرییەک شەپۆل ئەدا؛ شەپۆلی ڕق، تۆڵه، ترس و بێزاری و له گوێیاندا دەنگی باڵی باشووی ئاسن و قاقای شێتانەی شەست تیر و ڕەشاش ئەزرینگێتەوه. بۆنی هەناسەی منالی تازه ساڵ و ئاخی پیری خەو لێ تاراو وەک سروەی شەوبا ئەچێ که دووکەڵی چغارەیەک لەیەک بدا.

لێره هیچ سنوورێک بۆ جیاوازی نەماوەتەوه، تەنانەت گەڕەک و کۆڵان و ماڵ؛ دەردی هاوبەش هەموویانی کردووه بەیەک گیان، تەنانەت بەیەک لەش. ڕوانینی نیگەران و ترساوی منالێک که تەرمی دایکی له ژێر خانووی ڕووخاوا دێته بەرچاو، له گەرمەی یاری منالانەدا ئەوەستێ و چاوی ئەبڕێته ئەوپەڕی زاگرۆس و چیای سەربەرز و نەبەزی بەمۆ و دایکی داوێن پاک و شەهیدی دێته بەرچاو که گەوره ئەبێتەوه، گەورەتر ئەبێتەوه و هەموو ڕوانگەی بەرچاوی دائەگرێ. بزەیەکی میهرەبان و دایکانه وەک شەبەقی خۆرهەلات له ئاسۆی دەمی دایکییەوه، که هەموو شەوێ بەئەفسوونی ئەفسانه خەوی ئەکرد بەمیوانی دوو چاوی کاڵی ئەو، سەر هەڵئەدا؛ بەلام لەپڕ بەرگی سپی پەری ئەفسانه شەلاڵی خوێن ئەبێ و دێتەوه بیری که دایکی دووجار بەرگی سووری کردووەته بەر. جارێک که ئەبوو به بووک و ئەهات بۆ کۆشکی ڕەنگاوڕەنگی بەخت و ئەوین؛ ئەو جارەی له زمان دایکییەوه بیستبوو. بەلام جاری دووهەم خۆی دیبووی که دایکی جلی سووری کرده بەر و بوو به بووکی مردن!

فڕۆکەی دوژمن وەک کولارەی ڕەش، وشەی باڵی هات و پاساره و سەردەرانی ڕووخاند و هێلانەی هەزاران جووجەڵەی تێکڕووخاند. پیری ژێر خێوەت ئارەقی سەر گۆنای نەوەکەی به لکی سۆرانی سپی سڕی و له ژێر لێوەوه گوتی:

فڕۆکەی دوژمن دێی بۆمباران کرد
بەشەوێ هەزار پیر و جوان مرد
بەیانی نە دێ، نە ژن، نە کانی
هیچی نەمابوو!
بەڵام لە چۆڵێ، لە شیو و دۆڵێ
لە ناو دوو کێوان
وەک گردی «سەیوان»
گۆڕستانێ بوو پڕ حوزن و ماتەم
خودای تەم و خەم
ئەهات و پڕ مشت
کلۆڵی ئەڕشت...!

شەوی دووردرێژ دوایی ئەهات و تۆزی ئاڵتوون بەسەر دەشتی خۆڵەمێشیدا ئەکرا؛ وەک هیوایەک پاش هیوا بڕانێک؛ وەک بزەیەک پاش گریانێک، خوێنی سووری خۆرەتاو بەدەماری سروشتا گەڕا؛ قاپی زێوینی گزنگ ئەکرا سەر هەزاران خێوەت کە لەشیان لە ژێر باری گرانی شەوێکی قورس و تەڵخەکا کۆم بۆتەوە. مێردەزمەی شەو لە ترسی ڕمی ئاگرینی ڕۆژ هەڵدێ، هەروەک سپای زۆردار و داگیرکەر کە لەبەر هێرشی گەلی ئازادیخواز ڕائەکا و ئەڕەوێ!

گەنجێک خەریکە بۆ چەن کەسێک قسە ئەکا، ئەڵێ: «ئەگەر بیابانی نۆگرە سەلمان و چیای جەبەل حەمرین وەک یەک بن، ئەگەر دڕووی وشتر خۆرکە و گوڵی شلێرە یەک ڕەنگ بن، ئێمە و ئەوانیش یەکین.

بیر ئەکەمەوە کە زۆر و ستەم وەک داری ژەقنەمووت بەری تاڵی ڕەگەزپەرستی ئەدا و فڕۆکەوان لەگەڵ هەر بۆمبایەکا جگە لە وێرانی و ڕووخان، تۆوی ژاراوی جیاوازی و بێزاریش بەسەر زەوی دڵی خەڵکا ئەپژێنێ.

کوڕێکی گەنج پەڕاوەکەی لێکئەنێ و ئەڵێ: «عەزیایەک هەیە کە بەگفت و لفت پیاو ئەخڵەتێنێ و ڕۆژی کردەوە خۆی بێ دەنگ ئەکا. ئێستە بۆم دەرکەوتووە کە



شاعیرەکەمان بەهەڵە نەچووبوو کە ئەیکوت:
«کوڕگەل وە گوێزن چەک بە کۆ
کلاشینکۆ و خورۆشینکۆ
خوێن و مەرگ و وێران کردن
تالان، گرتن، بەدیل بردن
دیارییەک بوو لە کرێکاران
بۆ ماڵ و مەزرای هەژاران»

لە ناو خێوەتێکا دەنگی نەرم و خەماوی ئافرەتێک کە بێشکەی کۆرپەکەی ڕائەژێنێ، هەستی من بەرەو خۆی ئەکێشێ. خوای گەورە هۆزێکی لەمێژینە و خانەدان، هەموو پیاوی مەردی مەیدان، هەموو ژنی پاک داوێن، سەرچاوەی ئەوین و ژیان، هەموو هەستیار و دەروون جوان، ئەمڕۆ ئاوارەن؛ بەڵام نە، بۆچی ئەڵێم ئاوارە؟! چون بەگەلێک کە هەستاوە، لێبڕاوە، لە ماڵ و زەوی تاراوە، ئەکرێ بگوترێ بێ چارە یا ناوی بنێن ئاوارە!؟

دەنگی لای لایەی دایک دێتە بەر گوێم و ئەڕۆم بۆ گەشتێک لە جیهانی جوانی و شیعر و مووسیقادا. شەپۆلی نەرمی دەنگی بەسۆز ئەمبا و ئەمگەیێنێتە جێگایەک کە ئیتر شەڕ نەبێ! کۆلارەی فڕۆکە گەرووی کەوباڕی چیا و کەڵەشێری بەیانی ئاوایی نەبەستێ.

«کۆرپەی ئێسک سووک، خونچەی نەپشکووت
بەهاری باخم، گوڵی سووری ڕووت
باوکی تۆ ڕۆڵەی «کاوە»ی دلێرە
«زوحاک» ڕێوییە، باوکی تۆ شێرە
هەرچەندە ماری سەر شانی «زوحاک»
پەل ئەکوتێ بخوا مێشکی ڕوون و پاک
بەڵام تۆ بنوو بە دڵنیایی
خۆر سەرئەکەوێ، نەک تاریکایی»

تەلی هەست و شعوورم بەشەپۆلی نەرمی لای لایە ئەلەرایەوە، لە دڵما جیهانێک ڕاخرابوو، بەهەزار ڕەنگی برایەتی ڕازابۆوە؛ بەڵام لە جیهانی ڕاستەقینەدا ڕوانگەیەک بوو کە پڕ بەگەروو هاواری ئەکرد: «تەنانەت ئەمڕۆش ئەژدەهاکی مێشکخۆر هەر ماوە.» بەڵام تیشکێک لەوپەڕی سنووری شعوورمەوە برووسکەی ئەدا، ئەتکوت لێوی بەیانێکی تازە پشکووتووە و بەموژدەیەکی خۆش کراوەتەوە تا پێم بڵێ؛ ئەگەر ئەژدەهاک ماوە، کاوەش ماوە؛ ئەگەر هەستی برایەتی لە هەرێمێک کوژراوە، لە گۆشەیەکی ترا، لە هەرێمێکا کە ئەمڕۆ هەزاران خێوەتی لەسەر سینەی میهرەبانی بۆ هەزاران ڕۆڵەی ئاوارە هەڵداوە، برایەتی لەمێژینە گەشە ئەکا؛ برایەتی مێژوویی ئەبووژێتەوە!!

نازانم لەبەرچی لەپڕ دڵم پڕ ئەبێ لە سروودێکی نەکوتراو و ئەمەوێ پڕ بەهەموو ئەو دەشتە بەرینە هەرا بکەم:

– «بژی! بژی!»



# شەڕگە

خۆشەویستەکەم!

سێ شەو و ڕۆژە کە سووری ئیسرافیلی شەڕ لێدراوە، ئەمڕۆ ئاگر لە هەموو ڕۆژێک بەتینتر بوو. وەک بڵێسەیەک کە بەربێتە پووش و پەڵاش ئەیتەنییەوە و ئەهاتە پێشەوە. ئەتکوت ماری سوجەی سوورە و گەرمای هاوین ورووژاندوویەتی. لوورەی مەرگ بێ وچان ئەهات، گەرووی تینووی تۆپ و ڕەشاش خوێنی گەشی لاوەکانی قوم قوم ئەخواردەوە، بەڵام سوکنایی نەدەهات، لەو سەنگەرەدا کە منی تێدا بووم. دوو لەشی بێ گیان درێژ ببوون. یەکیان دەستی گرتبوو بەزامی سەر سینەیەوە و بەدەرد و ئێشەوە گیانی دەرچووبوو. ئەوی تریان کە تازە مووی ڕیش و سمێڵی بۆر کردبوو، بەدەم بزەیەکەوە هەناسەی دوایی هەڵکێشا بوو. من چاوێکم بڕیبووە ناو تەمومژ و دووکەڵ و تۆزێ کە ڕووبەڕوومان وەستا بوو و هەرچەند وردەیەک لە ناو ئەو تەمومژەوە سەنگەرەکەی منیان ئەگرتە بەر ڕەهێڵەی گوللە و ناچاریان ئەکردم سەرم لە پەنا بەردێکا کە دوو شەوی تەواو لەجیاتی سەرین لە ژێر سەرما بوو، بشارمەوە، بەڵام کاتێ چاوم بەلەشی ساردوسڕی شەڕکەرە لاوەکە ئەکەوت، لەشم ئەلەرزی. بەتایبەت بزەی سەر لێوی ئەیترساندم پڕ بەزار هەرام ئەکرد، بەچی پێئەکەنی ئەی دوژمنی مردوو! بەڵام دوژمنی مردوو هەر بزەی ئەهات و وەڵامی نەدەدایەوە.

دیسانەوە سەرم لە سەنگەرەکەم بەرز ئەکردەوە و قاقای شێتانەی شەست تیرەکەم پڕ بەدەشتی شەڕگە بەرز ئەبۆوە. ویزەی گوللەیەکی وێڵ بەلای گوێما تێئەپەڕی و لە سەنگەرێکی تری خۆییدا ئاخێکی ئەچزاند بەدوو لێوی تینووی هەواڵێکی منەوە. مردن وەک دەوارێکی زل، سپای ئێمە و ئەوانی دائەپۆشی. مردن تەنیا شتێک بوو کە لە نێوانمانا جیاوازی نەبوو. هەردووک لامان لێی ئەترساین و هەردووک لاشمان بۆی ئەچووین. لەپڕ بیرم کردەوە ئەگەر وەک لەسەر مردن پێکهاتووین و بڕوامان بۆتە یەک، بۆ ژیان وەها بوایەین، ئێستە ئەم لاوە دوژمنە کە لە سەنگەرەکەی منا کوژراوە

و ئەم هەواڵەی من کە وردەیەک لێرەوبەر گیانی دەرچوو، زیندوو بوون و ئێستە لەجیاتی شەڕ و کوشتار، من باسی تۆم بۆ ئەم لاوە ئەکرد کە ئەکرا دۆست بێ و دوژمن نەبێ و ئەویش بێ گومان باسێکی هەبوو کە بۆ منی بگێڕێتەوە سەبارەت بەدایکی چاوەڕوانی، سەبارەت بەنیگای سڵ و ڕەوەکی چاوێکی کارمامزی.

ماوەیەکە دوژمن کشاوەتەوە. فڕۆکەکانی هێرش ناهێنن. دەشتی بێ دەنگ بۆتە گۆڕستانی هەزاران گیانی بەهیوا و ئەگەر باش گوێ ڕابگری، پرمەی گریانی خاک ئەبیستی. ئیتر ترسمان نییە هاتوچۆی سەنگەرەکان بکەین، هیچ کەس قسەیەکی نییە بیکا. دووکەڵی باڕووت و تۆزی دەشتی گڵەسووره، ڕواڵەتی شەڕکەرەکانی ڕەنگاندووە. بۆنی خوێن لە هەوای بێ سروەی شەڕگەدا مەند ڕاوەستاوە. هەموو کەس خەریکی دۆزینەوەی وەڵامی ئەم پرسیارەیە، کە بۆچ شەڕ ئەکا؟ بۆچی ئەکوژێ و ئەکوژرێ؟ بەڵام هیچ کەس دەری ناخا. شەڕکەرێکی پیر لەبەر خۆیەوە ئەڵێ: «شەڕ بۆ ئازادی، مردن بۆ ژیان!» من کە خەریکم سوێم ئەبێتەوە بۆ ئەوە کەسێک قسەیەکم لەگەڵ بکا و دڵنیام کا هێشتا هەر زیندووم، لە لای دائەنیشم. شەڕکەری پیر تێئەگا چیم ئەوێ. لەسەرخۆ ئەپرسێ: «چەند کەست کوشت؟» گیانم پڕ ئەبێ لە بێزاری، بەڵام ئەو لەسەر قسەی ئەڕوا: «ئەگەر ڕۆژێک دوژمن بتوانێ گیانیشمان وەک لەشمان زنجیر بکا، ئەو ڕۆژە شکستی دواییمانە، قڕانی نەتەوایەتیمانە، شەڕ ناخۆشە، ئەم هەموو لێو وشک بوون و ترسانە، ئەم سام و لەرزینە ناخۆشە.» لەو کاتەدا قومقومەی ئاوەکەی کە لەبەر گەرما بۆتە ژەک، بەسەرەوە ئەنێ و چەند دڵۆپ ئاو بەسەر سمێڵی زلیەوە تروسکەی دێ و بەدەم هەناسەیەکەوە کە نازانی بۆ پشوودانە یا لەبەر پەرۆشی ئەڵێ: «بەڵام لە شەڕ ناخۆشتر ئەمەیە کە تەسلیم بوون و سەر شۆڕکردنمان پێ ناخۆش نەبێ.»

ئێستە کە من ئەم نامەیە بۆ تۆ ئەنووسم، بەربەیانێکی زووە. چاوەڕوانین کە لەگەڵ دەرکەوتنی خۆرەتاو، باشووی ئاسنین، سێبەری ترسێنەری لە ئاسمانا پەیدا بێ و مەرگ باڵ بەسەر زەوی شەڕگەدا بکێشێ، بەڵام من بیرم بەلای تۆوەیە. دێتەوە بیرم کە باسی داهاتوویەکی پڕ ئەوین و دڵداریمان ئەکرد و لەسەر ناوی مناڵەکانمان ئەمانکرد بەکێشە. بیری ئەو ڕۆژە ئەکەمەوە کە ڕێ ئەکەوتم بۆ شەڕ و تۆ ئەگریای و



من بەگریانەکەی تۆ پێکەنینم ئەهات و بەڵێنم ئەدا زوو بگەڕێمەوە بۆ لات. ئەمڕۆ شەڕ دوایی دێ. ئەگەر نەکوژرێم، ئەگەر سەرکەوین، دێمەوە و چاوی لێڵم لە گوڵاوی ڕوونی نیگاتا ئەشۆمەوە. ڕاستییەکەی ئەمەیە کە مردن تا ئەو کاتە کە زۆری لێ دووری ترسێنەرە. ناچارم نامەکەم ببڕمەوە، چونکە هەر ئێستە گرمەی فڕۆکە و قرمەی گوللە بێ دەنگی دەشتی لەناوبرد. دیسانەوە بەرەو سەنگەرەکە ئەڕۆم.

کاتێ شەڕ تەواو بوو، ئەم نامەیە لە پەنا لەشی بێ گیانی شەڕکەرێکی گەنجا دۆزرایەوە کە لە خوێن هەڵکشابوو!

ڕەزبەر

## «سەجادی»، «گۆران» ناناسێ

سەلام لە گوێگری بە هەست و هونەرپەرستی بەرنامەی تاپۆ.

مامۆستا عەلائەددین سەجادی لە سەرەتایەکا کە لەسەر کۆمەڵە شیعرێکی گۆران بەناوی فرمێسک و هونەر نووسیویە ئەڵێ: «شیعر نەغمەیەکی خەیاڵ یا پەردەیەکی نازکی جەماڵە کە لە کوورەی دەروونێکی بەجۆشەوە سەرهەڵئەدا، لەو دەروونەوە سەرهەڵئەدا کە ئاوێنەی بێ گەردە بۆ وێنەی بارەگای تەبیعەت. شیعر گەلێ کەلێن و قوژبن و گەلێ یاسای جوان جوانی هەیە، ئەمە بێجگە لەوە کە خۆی خەیاڵە، باوەشیش ئەکا بەئاسۆی تەبیعەت و عالەمدا. هەرکەسە ویستوویەتی ئەو عالەمە و ئەو تەبیعەتە بەجۆرێک و بەشێوەیەک پیشان بدا، بەتایبەتی کە لە ڕۆژهەڵاتا ڕێچکەی شیعر تا ئێستە با زۆریش بووبێت هەر لەسەر چەند پەلێکی تایبەتی هاتۆتە کایەوە. شاعیر با زۆریش بووبێتن لەو چەند پەلە زیاتر هیچی تریان نەگرتووە بەدەستەوە. ئەگەر شاعیرێک ویستبێتی تۆزێ ئەو نەغمەیە بگۆڕێ لەبەرئەوەی کە نەغمەکە زۆر ئاشنای گوێگران نەبووە، خێرا گوێچکەیان لێی زرنگاوەتەوە و حەزیان کردووە بابدەنەوە بەلای ئەو ڕێچکە و شێوانەوە کە دەمێ ساڵە لەگەڵی ڕاهاتوون. بەم بۆنەیەوە ڕەمەکی مەردمەکە - مەگەر هێندێکی تایبەتی نەبێ - شیعری کە دیلی قافیە یا خەیاڵێکی کۆن نەبێ زۆر بۆی ناشنێنەوە. دیارە ئەمەش پێچەوانەی ئەو گۆڕانەیە کە بەسەر هەموو ورد و درشتێکی کەوندا دێت.»

مامۆستا عەلائەددین سەجادی پاشان گۆران بەدەسپێکەری شێوەی نوێ لە شیعری کوردییا ئەناسێنێ و ئەڵێ: «گۆران لە ڕەخنە و ئیراد نەترسا و شیعری لە کۆت و زنجیری قافیە ڕزگار کرد.» مامۆستای هەڵسەنگێنەر و نووسەر عەلائەددین سەجادی هەر لەو سەرەتایەدا ئەنووسێ: «گۆران لە شیعردا شێوەیەکی ڕۆژئاوایی گرتووە. تاقە ئامانجی دەربڕینی خەیاڵ و دروستکردنی مەعنای شیعرە، نەوەک تەنیا وشەی شیعر.»





ئەمە بڕوای مامۆستا عەلائەددین سەجادییە؛ بەڵام من لام وایە مامۆستا هەڵەی کردووە، چەن هەڵەی زۆر بەرچاو. یەکیان ئەمە کە لای وایە شاعیری بەرز گۆرانی نەمر شیعری بێ قافیەی کوتووە، من لە سەرانسەری دیوانەکەیا بۆ نموونەش پارچە شیعرێکی بێ قافیەم بەرچاو نەکەوتووە، تەنیا جیاوازی مامۆستا لەگەڵ شاعیرەکانی ترا ئەمەیە کە گۆران زۆرتر پەرژاوەتە سەر کاکڵی شیعر، واتە مەفهووم و مەعنا؛ قالب و توێکڵ واتە دیوی دەرەوەی شیعری ئەوەندە لا بەرز نەبووە کە بایەخی زیاتری لە مەفهووم و مەعنا بۆ دابنێ، بەڵام ئەمە نابێتە بەڵگە کە دیوی دەرەوەی شیعرەکانیش نارێک و نالەبار بن. مەعنایەکی جوان لە قالبێکی دزێودا لە مەیەکی نەشەبزوێن ئەچێ کە کرابێتە ناو سواڵەتە شکاوێکەوە و مەعنایەکی دزێویش لە قالب و توێکڵێکی جواندا لە ئاوێکی لیخن و لێڵ ئەچێ کە کرابێتە زەرفێکی زێڕینەوە. شیعرێکی جوان کە ماناکەی گەشە بدا بەدەروون، هەر کام لەم دووانەی نەبێ، واتە کاکڵ و توێکڵ، هەر کام ناحەز و دزێو بن لە جوانی شیعرەکە کەم ئەکەنەوە. زۆر کەسی وا هەن کە پەیڕەوی شێوەی سووررێئالیستین و لایان وایە تەنیا وشەی شیعر ئەبێ جوان و بەئاهەنگ بێ. «ژۆرژساند» ئەڵێ: «شیعرێکی وشە جوان و بەئاهەنگ هەرچەند بێ مەعناش بێ جوانترە لە شیعری بەڕواڵەت ناقۆڵا و بەمانا بەرز.»

مامۆستا عەلائەددین سەجادی ئەنووسن کە مامۆستا گۆران ئەو شێوە شیعرییەی داهێنا و شێوەکەی شێوەیەکی ڕۆژئاواییییە. ئەگەر قسەکەی مامۆستا سەجادی ڕاست بێ، بەواتەی خۆیان مەردمەکە مافیان هەیە لێی بسڵەمێنەوە و گوێی بۆ شل نەکەن. لە وەڵامی مامۆستا سەجادیدا ئەڵێم کە شێوەی نوێ ئەگەر بەتێکشکاندنی ئوسوولی عەرووزی بڵێین، واتە نیوە شیعرەکان لە باری کورتی و درێژییەوە وەک یەک نەبن و قافیە وەک ئەسڵێکی نەگۆڕاو لە شیعرا نەبێ، ئێمەی کورد لە پێش شێوەی عەرووزییا کە هی عارەبەکانە «بەیت»مان هەبووە کە نە نیوە شیعرەکانی بەتەرازووی «ف-ع-ل» بەرامبەرن، نە دوو نیوە شیعرەکان وەک یەک و بەئەندازەی یەک کورت و درێژن. من ئێستاش بۆم دەرنەکەوتووە بۆچ نووسەران و هەڵسەنگێنەرانی کوردی عێراق بەقوتابخانەیەکی هەرە بەنرخ و هەرە خۆماڵی ئەڵێن: «فۆلکلۆر»؟! بەیتەکان شاعیرەکانیان ناسراون. خەیاڵاوی و ڕازاوەن. گاهێ

تراژیدییەکی ئەوەندە گەورەیان تێدایە کە تەنانەت لە تراژیدییەکانی ئورووپاییش بەرزترن. «زەماوەندی خوێناوی» گارسیا لۆرکا لە چاو بەیتی سەیدەوان ئەوەندە بچووکە کە پیاو ناتوانێ بەرامبەر یەکیان دابنێ و بەیەک هەڵیانسەنگێنێ.

پرسیارێکم لە مامۆستا سەججادی هەیە؛ ئەم مەردمە کە شیعر ئەخوێننەوە و لێی تێئەگەن، ئاخۆ لە گەشتی قەرەداغ و هەورامان باشتر حاڵی ئەبن یا لە «شیرین تەشی دەرێسێ»ی «وەفایی». بەڵێ تەشی ڕستن لە ناو ئافرەتانی کوردا باوە. بەڵام وەفایی کە بەشێوەی عەرووزی شیعری کوتووە، ئەوەندەی باسی ئەستێرەناسی و مەبەستی قووڵی تر تێهەڵکێشاوە کە تەنانەت خوێندەوارانیش ئەبێ لە مامۆستایەکی گەورەی شیعرناسی بپرسنەوە تا سەرەندەری لێ بکەن: «سەمای بەذوذنب دا کف الخضیبی شیرین» کەی بۆ مەردمە؟

شیعرێک کە لە ژیانی خەڵک ئەدوێ و بەزمانی خەڵک ئەدوێ ئەم چەند شیعرەیە لە گەشتی قەرەداغ:

شەو دانیشتبووین گشتمان لە سەربان،
پیاوێک پەیدا بوو خەڵقی دێی دووکان؛
بۆ سەر زەماوەند خوڵقی ئەکردین،
کەوتینە ڕاوێژ: «بچین یا نەچین».
من لەبەرئەوەی بێ ولاغ مابووم،
لە ئاستی «بچین» ترشم ئەکرد ڕووم.
پاش لێکدانەوەی زۆر و یەک و دوو
کە دیم ولاغم بۆ جێبەجێ بوو،
ئەمجار دەستم کرد بەکۆمەڵ هاندان،
بۆ ڕۆیشتنی سەر شایی دووکان،
لەوێوە بووک تا «سەیوسێنان» بردن
بینینی هەردوو پەردەی ژن بەژن!

***



بەیانی سەعات دەوری هەشت، کۆمەڵ
ڕێکەوت چەن سوارێک، ئەهالیش لەگەڵ
هەموو جل گۆڕیو، سەر و ڕیش تاشیو
لە ئەسپ درابوو ڕەخت و ڕەشوەی زیو
ئێستا و تاوێ تر حیلەی ئەسپی شێ،
غار و ڕمبازێ تەختایی لاڕێ،
وای خەریک کردم بەخەیاڵەوە
کاتێکم زانی، بەقەدپاڵەوە
«دووکان» دیاری دا لە بناری شاخ،
ژووری ئاش و بی، خواری شیو و باخ...

ئەم شیعرانە کامیان شێوە ڕۆژئاواییین؟ ئاخۆ لەمە جوانتر ئەکرێ دیمەنێک بخرێتە بەرچاوی کوردێک کە لەگەڵ ژن بەژن و هەڵپەڕکێ و سواری و میوانداری گەورە بووە؟

دووی ڕێبەندان

## «گۆران» و سیحری بەیان

سەلام لە گوێگری بەهەست و هونەرپەرستی بەرنامەی تاپۆ.

هونەرمەند دوو ژیانی هەیە. ژیانێک لەو کاتەدا کە زیندووە وەک خەڵکی تر هەناسە ئەکێشێ، ئەبزوێ و لە ناو کۆمەڵا دێت و دەچێت. بەکورتی ژیانێک کە ژیانی لەشە و ژیانی لەش سنوورێکی هەیە و پاش ئەوە گەیشتە سنوور ئەبڕێتەوە و بەڕواڵەت مەرگی بەسەرا دێت. بەڵام لێرەدا هونەرمەند و هەموو ئەو کەسانە کە بەچەشنێ کاریان کردۆتە سەر کۆمەڵ و شوێنەواری باشیان لە پاش بەجێ ماوە لە خەڵکی ئاسایی و عادەتی جیا ئەبنەوە. مەرگ تەنیا دەستی تاڵانی ئەگاتە لەشیان و گیانیان لە دەسدرێژی مردن بەرزترە. ژیانی پاش مردنی لەش ژیانێکی هەتا هەتاییە و هونەرمەند تا کۆمەڵ هەیە و تا شوێنەواری جوان و باش ڕێزی هەیە، ئەژی.

بەڵام لە دڵی خەڵکا، لە ناو وتار و شیعر و نەخش و نیگار و لە ناو شەپۆلی سیحراوی مووسیقادا. کێ ئەتوانێ بڵێ «بێتهۆڤێن» و «باخ» و «فردەوسی» و «عەلی بەردەشانی» و «بووعەلی سینا» و «ئێدیسۆن» مردوون؟!

گۆران شاعیری پایە بەرزی کورد، یەکێکە لەو گیانە ئەبەدییانە کە هەتا هەتایە زیندووە. تا جوانی هەیە. تا هەورامان و قەرەداخ بەهارانە بەگوڵ و گیا ئەخەملێن، تا تووترکی سوور ئەبێتە کۆشی بەخت بۆ بووکی شەرمن و نازداری وەنەوشە؛ گۆران هەر ئەمێنێ و بەواتەی خۆی تاجی شکۆ بەئوستادێکی وەک ئەو ئەدرێ لە توێی شیعری تەلیسماوییا. سەبارەت بەبەسەرهاتی گۆران ئەوەندە بەسە کە بڵێم ناوی سولەیمان بەگی کاتبی فارسی بوو. لە شاری هەڵەبجە لە ساڵی ١٩٠٤ی میلادییا لە دایک بوو و لە ڕۆژی ١٨ی مانگی ١١ی ساڵی ١٩٦٢ لە سولەیمانی مۆمی ژیانی توایەوە و تەواو بوو و بەوە کوڕی هەستیاران لە پڕشنگی گەشترین ئەستێرەی ئاسمانی ئەدەب بێ بەش بوو و ڕەش داگەڕا.

گۆران جگە لە دەسەڵاتی هەرە زۆر و هەستی هەرە ناسکی لە شیعرا خاوەنی پلە و



پایەیەکی تایبەتە کە لە شاعیرانی تری جیا ئەکاتەوە. گۆران دەسپێکەر و دامەزرێنەری شێوەیەکی نوێیە کە پاش خۆی بۆتە ڕێبازی شاعیران و ئەتوانین بڵێین قافڵەسالاری کاروانی شیعری نوێی کوردی مامۆستا «گۆران»ە، بەڵام کاتێ «گۆران» بوو بەڕێبواری ئەو ڕێگایە، ڕێگاکە شوێنی پێی کەسێکی تری بەسەرەوە دیار نەبوو. گۆران لە سەرەتای کاری شیعری خۆیا شێوەی کۆنی عەرووزی بەکار ئەهێنا، بەڵام زوو تێگەیشت کە بەرگی خوازراوەوەی لاوەیی بۆ ئەندامی شل و ملی نۆبووکی وێژەی کوردی نابار و ناکوڵ و کارە. ئەو پەلەوەرانەی هەستی کە لە ناو هێلانەی گیان و دڵیا جریوەیان ئەهات، لە چوارچێوەیەکی عەرووزی تەنگ و تیواردا ئارامیان نەدەگرت. شابازی خەیاڵی گۆران ئەوەندە بەرزەفڕ بوو کە عاستەم ئەکرا لە چوارچێوەی هەڵبەستا قەتیس بکرێ. خۆی ئەفەرمووێ:

هەرچەن ئەکەم، ئەو خەیاڵەی پێی مەستم،
بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم!
لێکدانەوەی دەروون، قسەی زمانم
بۆچی وەها دوورن لەیەک؟ نازانم!
ئەمویست دەروون بکرایەوە وەک تۆمار
دەرکەوتایە دونیای جوانتر لە بەهار،
دەرکەوتایە: ئاوات، هیوا، خەو بینین
پڕشنگدارتر لە ئەستێرەی قوبەی شین!

گۆران باش شارەزای گۆڕانی هەلومەرج و هەڵوێستی نوێی کۆمەڵ بوو. ئەیزانی باوی نەماوە زولف وێبچوێندرێ بە زرێ و مژۆڵ و برژانگ بە تیر و کەمەر بە موو، بەژن و باڵا بە سەوڵ و چنار. ئەیزانی کە ئیماژ و ئیستعارە و تەشبیهـ لە شیعرا دەورو نەخشی چییە و هەروەها ئەشیزانی بەکوردی شیعر وتن و بۆ کورد وتن، بەجوانی کوردەواریدا هەڵکوتن، ئەبێ بەلێکدانەوەی تایبەتی کوردانە بێ. سەرەڕای هەموو ئەمانە گۆران ئەیزانی کە گوڵزاری وێژەی کوردی گژوگیای دزێوی دەشتی زیخەڵان و دڕووی موغیلان دایگرتووە و باغەوانێکی وریای گەرەکە ئەم دڕک و داڵ و گژوگیایە بژار کا تا گەشە و نەشەی گوڵی ئاڵ و والای باغچەی کزی کوردی

دەرکەوێ و لەسەر هەر پەڕەی گوڵێکی ئەو گوڵجاڕە بولبولێک بەنەغمەی وردەوە هەوایەک بڵێ. هەوایەک کە خورۆشی ڕۆحی بێگانەی تێدا نەبێ و سکاڵایەک بێ بەلاوک و حەیران و ئای ئای لەگەڵ گیانی تامەزرۆی هەستیاران. گۆران لە باری تەشبیهەوە وردترین و گەورەترین و ئەگەر باشتر بڵێم جادووکارترین شاعیری سەدەی بیستەمە. نەک هەر لە ناو کوردا، بەڵکو لە ناو گشت جیهانی وێژەدا:

شنەی سێبەری داری گوێز و توو
ئەسرێ ئارەقی ڕێبواری مانوو

***

ئەکشێتە ناو باخ توولە ماری ڕێ

***

چەن پیرێک ئەبن بەخڵتەی لافاو

***

گوڵەبەڕۆژەی قژ زەردی چاوکاڵ
ملکەچ وەستاوە سەرگەرمی خەیاڵ

***

پەلکەزێرینەی پاش بارانی زۆر
چەماوەتەوە بەرامبەر بە خۆر

***

ڕوو لە عەرشی پاک ئەلەرایەوە
بۆ گیانی مردوو ئەپاڕایەوە
گیانی من بۆ تەڵێ وەنەوشە پەرۆشە،
کە لە ژێر سێبەری تووترکا خامۆشە!

ئەوانە و هەزارەها تەشبیهی تریش هەر کامیان بگرن خۆیان پەڕاوێکن کە ئەکرێ هەزارەها لاپەڕەیان لەسەر بنووسرێ و جوانی و هونەری شاراوەیان بخرێتە بەرچاو. گۆران نەک هەر لە باری سەنعەت و فەننانییەوە، بەڵکو لە باری کۆمەڵایەتیشەوە، شاعیرێکی تاقانەی کۆمەڵیەتی کە ئەڵێ:



پڕ ئەشکەوتێک سام و گومان
ئەخاتە دڵ بۆ داخورپان
هەوای قەفەس گەرووگیرە
قەنارەم قوولایی بیرە

کام بیر؟ ئاخۆ مامۆستای بەهەشتی سکاڵای لە دەست کام بیر و کام هەوای گەرووگیرە؟

بێ گومان دیتنی دزێوی لە ناو کۆمەڵا خەوش و خاڵی ئاڵۆزی ئەخاتە سەر لاپەڕەی سپی و بێگەردی هەناوی شاعیرێکی وەها ناسک خەیاڵ و خاوەن هەست کە تووڕەی ئەکا لە گیان، وەڕەزی ئەکا و ئاگر بەرئەداتە دەروونی و ئەو ئاگرە ئەبێتە بڵێسەیەک کە ناوی زمان و پێنووسە.

پلووسکی پێنووس ڕەهێڵەی بارانی خەم و خەفەت هەڵئەلووشێ و بەتەوژمێکی هەستیارانە دەری ئەداتەوە و ئەبێتە شیعرێک کە موومان ئەکاتە نەشتەر و ئەمانخاتە ناخی ئەو جیهانەوە کە گۆرانی تێدا بووە. ئەمەیە ئەوپەڕی هونەرمەندی کە بتوانێ خەڵک لەگەڵ خۆیا بەرێ و پەردەی ئەو جیهانەیان بۆ هەڵداتەوە کە چاو و هەستی وردی دیویەتی و ناسیویەتی؛ ئەو جیهانە کە ئێمە بێ دەربەست بەلایا تێئەپەڕین و هۆیەکانی ناتوانین شی بکەینەوە. گۆران ئەگەر لە وتارێکا بکرایە بیناسین ئیتر گۆران نەبوو. کە وەهایە ئەیهێڵینەوە بۆ وتارێکی تر و هەڵکەوت و هەلێکی تر.

تا ئەو کاتە خواتان لەگەڵ

١٣٥٢/١/١٥

# «گۆران» و جوانی

سەلام لە گوێگری بە هەست و بەڕێز و هونەرپارێزی بەرنامەی تاپۆ.

مامۆستا گۆران و شوێنەوارە بەنرخەکانی لەوانە نییە کە لە چەن وتارێکی چوار یەکە سەعاتییا بناسرێ. بەڵام ئەگەر هەموو جوانییەکانی هەست و چێشکەی مامۆستای نەمرمان بۆ هەڵنادرێ و کاتی تەسک و تیواری بەرنامەکە ڕێگەمان نادا. خۆ ناشکرێ لەم هەموو جوانییە چاو بپۆشین و بەلای گوڵزارێکی بۆن خۆشا تێپەڕین و پڕ بەدەروون سینەی لێ پڕ نەکەین. جا کەوایە ناچارین کارێک کە لە بەرنامەیەکا نالوێ، لە بەرنامەدا بیکەین. هەڵبەت دیسانەوەش ناتوانین بەڵێن بدەین کە هەموو جوانییەکانی شیعری گۆرانمان باس کردووە.

مەولانا جەلالەددینی ڕۆمی، شاعیری هەرە گەورەی فارس لێرەدا ئەگاتە فریامان و بەجوانترین شێوە دەسکورتیمان ئەشارێتەوە. مەولانا ئەڵێ:

آب دریا گر کنی در کوزەای
چند گنجد قسمت یک روزەای
آب دریا را اگر نتوان چشید
هم بە قدر تشنگی باید چشید

مانای ئەم دوو شیعرە بەکوردی ئەبێتە ئەمە: ئەگەر بتەوێ ئاوی دەریا بڕێژییە ناو گۆزەیەکەوە هەر بەشی ڕۆژێک ئەبا، بەڵام ئەگەرچی ناتوانین هەموو ئاوی دەریا هەڵمژین، لانی کەم بەئەندازەی تینوویەتی ئەبێ بخۆینەوە.

گۆران نزیکەی ٢٣ ساڵ لێرەوبەر واتە لە بەرواری ١٩٥٠/٦/٢٥دا لە هەولێر سەرەتایەکی کورتی بۆ کۆمەڵە شیعرێک بەناوی «بەهەشت و یادگار» نووسیوە و لەو سەرەتایەدا ئەڵێ: «بەهەشت و یادگار کۆمەڵە شیعرێکە لە دیوانەکەم. سەرانسەر لەگەڵ بابەتەکانی جوانی و دڵداری خەریکە. هەڵبەستی وای تیایە کە بیست و پێنج



ساڵ، بەڵکو زیاتر، لەمەوپێش دانراوە. هەروەکو هی چەند مانگ لەمەوبەریشی تیایە. بەشی زۆری کۆنەکان بەوەزنی عەرووزی و کوردییەکی کۆنی تێکەڵاو بەزمانی بێگانە نووسراون. ئوسلووبیشیان کۆنە. یان وەک هی سالم و نالی لەسەر پێ و شوێنی غەزەل هەڵبەستراون، یان ئەو جۆرە ئوسلووبەیان تێدا کراوە بە سەرمەشق کە مامۆستا «م–نووری» و هاوڕێکانی لە ئەدیبە تازەکانی تورکی ئوسمانییان وەرگرتووە و لە سەردەمێکی سنوودار (١٩٢٠ – ١٩٣٠) شیعری کوردی ناوچەی سلێمانییان پێ تازە کردەوە. ئەم کۆنانە زۆربەیان بەناوی «یادگاری کۆن»ەوە کراون بە بەشێکی جیاواز.» پاشان مامۆستا گۆران لە سەرەتایەکدا بۆ ناسینەوەی تازە و کۆنەکان مقیاس و تەرازوویەک ئەداتە دەست و ئەنووسێ: «ڕێگای هەرە چاک بۆ جوێکردنەوەی تازە و کۆنیان چەند وردبوونەوە لە زمان و لۆغەتی پێ نووسینیان ڕاسپێری ئەکەم، هەچ هەڵبەستێک وشە و تەرکیبی عەرەبی و فارسی زۆر تیا بێ بەئەندازەی ئەو زۆرییە، کۆنە؛ پێچەوانەی ئەوەش دیارە پێچەوانەیە!»

وا دەرئەکەوێ کە مامۆستا لە شێوەی غەزەلدا پەیڕەوی لە نالی شاعیری هەرە بەرز و ناسک خەیاڵی کورد کردووە و پاشان ماوەیەک چۆتە سەر ئەو شێوە تازەیە کە مامۆستا نووری و هاوکارەکانی لە شێوەی تازەی تورکەکانی عوسمانییان وەرگرتووە. ئەو شێوەیە لە ناوچەی سلێمانییا لە ١٩٢٠ەوە تا ١٩٣٠ واتە ماوەی دە ساڵ لە گەشەکردنا بوو.

لە وێژەدا شاعیرە گەنجەکانی ئیمپراتۆری عوسمانی یانی ئەو ئیمپڕاتۆرییە کە ئاخر و ئۆخری ژیانی بوو، شێوەیەکی نوێیان دامەزراند کە لە چاو شێوە کۆنەکان کە لەسەر شێوەی عەرووزی عەرەبی بوو، شێوەیەکی تازە بوو. ئەو شێوەیە بەپێی پێتەویستی کات و بەگوێرەی گۆڕان و تەحەوولی بیروبڕوای گەلی تورک پەیدا بوو. شێوەیەک بوو شۆڕشگێڕانە و نەتەوایەتی. بەڵام هەرچی بوو لەگەڵ باری گەلی کورد نەدەهاتەوە و مامۆستا نووری و هاوڕێکانی بەهەموو کۆششیانەوە نەیانتوانی بەرگی کوردانەی لەبەر کەن و بیکەن بە خۆماڵی. چونکە لەگەڵ قۆناخێکا کە کورد ئەو کاتە پێیا تێئەپەڕی، جیاوازی هەبوو و یەکتریان نەدەگرتەوە. مامۆستا گۆران یەکەم شاعیری کوردە کە تا ئەو ڕادەیە ئەویندای جوانی بووە. جوانی هەڵاتنی خۆر، ئاوابوونی خۆر، ڕەوتی جوان، ڕوانینی جوان و بەکورتی هەر شتێ کە ئەکرێ

سفەتی جوانی بۆ بهێنرێ. بەتایبەت جوانی ئافرەت. لە کۆمەڵە شیعری بەهەشت و یادگارا چاومان بەم سەردێڕانە ئەکەوێ:

ئافرەت و جوانی، ڕەوتێکی جوان، ئاواتی دووری، گوڵی خوێناوی، خۆزگەم بەپار، سکاڵا، بۆ جوانی سەرەڕێ، بەستەی دڵدار، جوانی لە لادێ.

هەموو ئەم شیعرانە سەبارەت بەجوانی ئافرەتن و ئێمە لە دوایی ئەم بەرنامەدا لە کۆمەڵە شیعری بەهەشت و یادگار، پارچە شیعرێکتان بۆ ئەخوێنینەوە. شیعرەکە ناوی سکاڵایە و لام وایە پێویست ئەکا کەمێک لە کاکڵەکەی بدوێم.

کوڕێکی گەنجی ئاسایی کە نە زۆر جوان چاکە و نە لە هیچ بارێکی ترەوە زیادەبەشێکی هەیە، تووشی کچێکی هەرە جوان ئەبێ. کچێک کە لە هەموو بارێکەوە لە کوڕەکە لەپێشترە. لەبەرئەمە کوڕە هەست ئەکا سوودی نییە قسەی لەگەڵ بکا و ڕازی دڵی لا بدرکێنێ، یا تەنانەت سەیری بەژن و باڵای کچەکە بکات. لەولاشەوە کیژۆڵەی جوانی بەلەنجەولار، لەبەر خۆیەوە بیر ئەکاتەوە کە ئەم کوڕە گەنجە بۆچ وەک گەنجانی تر سەری بۆ دانانەوێنێ و پرێسکەی دڵی بۆ ناکاتەوە. لە ئاکام وا تێئەگا کە ئەو گەنجە خۆ بەگەورەزان و خۆ پارێزە و ئەبێ بەسەدان دڵبەری جوانکیلەی هەبێ و ناپەرژێتە سەر ئەو. هەر ئەم خۆگرتن و بێ دەنگییەی کوڕەکە کارێک ئەکا کە کیژەکە بیەوێ ئەم قەڵا پۆڵایینە بڕووخێنێ و سەر بەم گەنجە خۆ بەزل زانە داچەمێنێ. لە پێشدا بەزەردەخەندەی نادیاری، پاشان بەئیشارەی چاو و برۆ پەیغامی دڵداری بۆ کوڕە ڕەوانە ئەکا. کوڕیش لە خودا ئەخوازێ کە سەر و گیانی بخاتە پێناوی ئەو کیژە جوانە و ئێستە کە کچەکە خۆی ئەوینی خۆی دەربڕیوە، بەهەلێکی باشی ئەزانێ و وەڵامی پەیغامی ئەداتەوە و وێڵی ئەبێ. کەنیشکەکە لەپڕ تێئەگا شتێ کە ئەوی بۆ لای کوڕەکە ئەکێشا، غروور و قسە نەکردنەکەی بوو، ئێستە کە ئەویش چەشنی گەنجەکانی تر وێڵ و ئاوارە و ئەویندار و دڵ بریندار بووە، هیچ جەزبە و کێشەرێکی نەماوە، لەبەرئەمە ڕووی لێ وەردەگێڕێ و نامیهرەبانی لەگەڵ ئەکا. کوڕەکەش تیری ئەوین لە دڵی سمیوە و بەم ساکارییە ناتوانێ دەس هەڵگرێ و ناچار شین ئەگێڕێ بۆ دڵی لەدەسچووی...

جا ئەمەش شیعرەکە:



**سکاڵا**

لە سەمای بەرزی ناوبانگی حوسنا
تاقەستارە،
نەبووی لە وزەی دەسکورتی منا
ئاشکرا و دیارە!
هەر لەبەرئەوە ڕووم لێ وەرگێڕای
یەکەم تەسادوف
دڵەی حەسساس نا، بەردم پیشان دای
بەڵام تەئەسسوف:
واتزانی کە من موستەغنی و غەڕڕام
حەریس تر بووی لێم
تێهەڵچووی: بەدەم، ئیشارەت، پەیغام
پەیمانت دا پێم!
هەیهات! مەلی دڵ، خوێن گەرمی شەباب
تەفرەی ئاسان بوو،
کەوتە شوێن قسەت، فڕی بە شیتاب،
وێڵی ئاسمان بوو...
کەچی نەیشتهێشت، بێ لەسەر سینەت
بنیشێتەوە؛
لاتبرد لە ڕێگای هەوای مەحەببەت
دوورت خستەوە!
***
مەلی ناو فەزای ناموتەناهیم!
دڵی لاوم ڕۆ!
مانووی ئینتیزار ڕێی وەعدی واهیم:
نووری چاوم ڕۆ!

## «گۆران»ی ڕچەشکێن

سەلام لە گوێگری بەڕێزی بەرنامەی تاپۆ. هیوادارین بەختیار و سەرکەوتوو بن و ئەگەر ڕەخنە یاخود پرسیارێکتان سەبارەت بە مەبەستە هونەرییەکان هەیە، بۆمانی بنووسن، هەروەها ئێمە ئامادەین ئەگەر پارچە هەڵبەستێکی جوانتان هەبێ یا پەخشانێکی ئەدەبی بۆمانی بنێرن بەناوی خۆتانەوە بڵاوی کەینەوە بەشەرتێ بتوانین بڕوای خۆمان سەبارەت بەنووسراوە و شیعرەکانتان دەربڕین و ماوەی ئەمەمان هەبێ کە هەڵە بەرچاو و دیارییەکانی نووسراوەکان ڕاست کەینەوە.

مامۆستای نەمر گۆران سەرەتا دامەزرێنەری شیعری نوێی کوردی بوو و یەکەم کەسێک بوو کە ڕچەی شکاند و کەوتە پێش شاعیرانی دوای خۆی. ڕێگایەک کە مامۆستای بەرزی کورد لە هونەری شیعرا گرتیەبەر، تا ئەو ڕۆژە کەس پێیا نەڕۆیشتبوو. بەڵام دۆزینەوە و ئیبداع و خولقاندنی هونەری وەک هەموو شتێکی نوێ و بگرە پتر لە هەموو شتێکی نوێ پێویستی بەئازادی بیروبڕوا و سەربەخۆیی و بەهێزی مێشک و هەناوی ئەو کەسە هەیە وا یەکەم دەسپێکەر و دۆزەرەوە و خوڵقێنەرە. مامۆستا گۆران لە ناو خەڵکا ژیا بوو، لە حوجرەی فەقێیان، لە دیوەخان و خانەقا، لە شار و لە دێ، لە ناو عێل و شاریا وەک یەک شارەزا بوو. هەروەها تێراوی سەرچاوەی ئەدەبی کۆنی کوردی و ئەو ئەدەبانەی تر بوو کە کاریان کردبووە سەر ئەدەبی کوردی. جا بەهۆی ئایینەوە بێ یا تێکەڵایەتی مێژوویی و هەرێمی و شتی ترەوە. لەبەر ئەمە گۆرانی نەمر لە پێشا شیعری عەرووزی گوت و لەم شێوەیەشدا هێز و دەسەڵات و مامۆستایی خۆی تەواو دەرخستووە. زۆر مەزموونی وا هەیە کە مامۆستا هەم بەشێوەی عەرووز و هەم بەشێوەی نوێ کردوویەتی بەشیعر. وەک ئەم مەزموونەی چوونە کانی و ئاو هێنانی ئافرەتان لە کوردستان، کە سووژە و هەوێنێکی خۆماڵی و ناسراوە لە ناو کورد و ئەدەبەکەیا.

«ڕێی کانی قوبان مونتەزیری جیلوەیی نازە» یەکێکە لە شیعرە هەرە جوانەکانی



مامۆستا. لەگەڵ ئەوەشا بەگوێرەی ناچارییەک کە شێوەی عەرووزی بۆ شاعیری ئەهێنیتە پێشەوە زۆر وشەی عەرەبی و لێکدانەوە و تەعبیری ئەدەبەکانی هاوسێی تێدا بەرچاو ئەکەوێ و شاعیری ناچار کردووە لەباتی قوربان بۆ هاتنەوەی شیعرەکە بڵێ «قوبان»! هەروەها مامۆستا ئەم مەزموونەی لە جێگایەکی ترا بەقالبی عەرووزی و ناوەڕۆکی نوێوە کردووە بەشیعر و ئەڵێ:

هەموو بەحەسرەتەوە گوڵ ئەکەن نساری ڕێت
بزانین ئاخۆ گوڵی کێ بەدڵتەوە ئەلکێت.

گوڵ بەدڵەوە لکان بەمانای ئەمە کە گوڵی کام گەنج کار ئەکاتە سەر هەستی کچانەت. تەعبیرێکی تەواو نوێیە و وێنەی لە وێژەی کوردییا نییە. مامۆستا بەشێوەی نوێ، نوێ چ لەباری کاکڵ و چ لەباری تۆکڵەوە ئەم مەبەستەی کردووە بەشیعر. گۆران هەست ئەکا بۆ شاعیرێکی پێشکەوتوو تەنیا شارەزایی بەئەدەبی کۆن و تەنیا ئەدەبی نەتەوەکەی و هەرێمەکەی بەس نییە. هەست ئەکا بەر لەوە هەرێمی ڕامیاری یا یەکیەتی گشت مرۆڤ بێتە دی پێویستە لە وێژەدا بەتایبەت لە شیعرا کە لە هەموو هونەرێکی تر لە عاتیفە نزیکترە ئەم مەبەستە ئەبێ پێکبێ و مرۆڤ بێ ئەوە چاو لە زمان و زانیاری و نەتەوە و هەرێمەکەی بگرێ، ئەبێ ببێتە یەک خێزان و بۆ ئەم مەبەستە شاعیر پێویستی بەڕوانین و شارەزابوون بەسەر وێژەی بێگانەدا هەیە. باشتر وایە کە شاعیر خۆی زمانی بێگانە بزانێ و بێ ئەوە ناچار بێ وەرگێڕاوی نووسراوەکانی لاوەیی بخوێنێتەوە بتوانێ ڕاستەوخۆ لەگەڵ بیر و هەست و عاتیفەی شاعیری لاوەیی تێکەڵ بێ تا دیوانەکەی برانس و شیلی و شکسپیر بخوێنێتەوە و پاش خوێندنەوەی دیوانی برانس، بەم جۆرە شاعیرانە بچێ بەتانی جوانییەکانیا و بڵێ: دیوانەکەی برانس کە نەغمەی شیعری ئەڵێی کچە پێئەکەنێ یان ئەگری. ڕاستی جوانتر لە گریان و پێکەنینی ئافرەت چی هەیە؟ هەردوو ئەم دوو حاڵەتە، واتە ئەم پەڕو ئەو پەڕی تیندرانی عاتیفە ئەبنە هۆی دەرکەوتنی گەوهەری بەورشەی هەناوی ئافرەت، یانی ئەو ئادەمیزادە کە تانوپۆی لە هەست و نەرمی و خۆشەویستی پێک هاتووە.

گۆران، گەورەترین شاعیری کوردە کە کەلێن و قوژبنی گیانی ئادەمیزاد ئەپشکنێ

و ڕووناکی شیعری ئەخاتە سەر تاریکایی هەست و عاتیفەی مرۆڤ. گۆران هەر ئەو شتانە ئەڵێ کە هەموو ئادەمیزادێک لە دڵیا هەستیان ئەکا. بەڵام ناتوانێ دەریانبڕێ. گەورەترین جیاوازی شاعیر لەگەڵ خەڵکی ئاسایییا ئەمەیە کە پەریزادی خنجیلانەی ناو پەردەی خەیاڵ بەتەلیسمی وشە ئەخاتە بەرچاو و ئەیهێنێتە سەر شانۆی دیدار. هەموو کەس جاری وا هەیە هەست ئەکا ئەوەی لە دڵیا ئەجۆشێ، لە لایەکەوە گەورەترە لەوە کە لە پەیمانەی مێشک و دەروونیا بحەوێتەوە. بەڵام کاتێ ئەیەوێ لە پلووسکی زمانەوە هەڵیڕێژێ و بیخاتە ناو دەفری وشەوە ئەبینێ کە لە وزەدا نییە ناوی دەریا لە گۆزەیەکا جێ بکرێتەوە.

تکایە گوێ بگرن بۆ چەن شیعرێک لە پارچە شیعرێکی مامۆستای بەرز و نەمر:

هەر چەن ئەکەم، ئەو خەیاڵەی پێی مەستم،
بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم!
لێکدانەوەی دەروون، قسەی زمانم
بۆچی وەها دوورن لە یەک؟ نازانم!
ئەمەویست دەروون بکرایەوە وەک تۆمار
دەرکەوتایە دونیای جوانتر لە بەهار
دەرکەوتایە ئاوات، هیوا، خەوبینین
پڕشنگدارتر لە ئەستێرەی قوبەی شین!

تا بەرنامەی داهاتوو بەخواتان ئەسپێرین بەڵێنتان ئەدەین کە لە بەرنامەکانی ترا باسی ئەو شاعیرانەتان بۆ ئەکەین کە شوێنی گۆرانیان گرتووە و هەروەها پلەی ئەمڕۆی شێوەی نوێ لە شیعری کوردییا باس ئەکەین. تا ئەوکاتە بەختیار و سەرکەوتووییتان ئاواتە خوازین.



## «شێرکۆ بێکەس» و گڕوگاڵ دوای «گۆران»

سەلام لە گوێگری بەهەست و هونەر پەرەستی بەرنامەی تاپۆ. لە بەرنامەی ڕابردوودا باسی مامۆستا گۆران و شێوەی شیعرییەکانی ئەو شاعیرە بەرزەمان کرد و گوتمان کە مامۆستای نەمری کورد لە پێشا لەسەر ڕێگا و شوێنی دامەزراوی وێژەی ڕۆژگارەکەی واتە شێوەی عەرووزی ئەڕۆیشت و چەن پارچە شیعرێکی هەرە جوانی لەو شێوەدا هەیە، بەڵام تەنانەت لە شیعرە کۆنەکانی مامۆستاشا کە بەرهەمی سەرەتای شاعیری ئەون، تەعبیر و لێکدانەوەی نوێ بەرچاو ئەکەوێ. مامۆستا گۆران هەستی کردبوو کە بەپێی گۆڕانی ڕۆژگار و پەیدابوونی نیاز و پێداویستی تازە لە ناو کۆمەڵەکەیا شیعری عەرووزی ناتوانێ و نابێ لەمە زۆرتر بخایەنێ و بمێنێتەوە. ئەم پێتەویستی لە چەن لاوە هەست ئەکرا؛ یەکەم ئەمە کە ئیتر وەک پێشوو شیعر مەزەی مەی ناو کۆڕی دەسەڵاتدارانی گیرفان پڕی مێشک بەتاڵ نەبوو و تەنها بۆ لاواندنەوەی گوێچکەی پارەدار نەدەگوترا کە هەرچی بەشکڵ و ڕواڵەت ڕازاوەتر بێ، باشتر بێ؛ شیعر هەر وەک سەرەتای پێکهاتنی، هەروەک فەلسەفە و هۆی هەبوونی ئەیگوت و ئەیویست. دیسانەوە ببوو بەچەک. چەکی تیژ و گورچک بڕ، خەوتارێن و ترسهێن، دووهەم ئەمە کە هەر لە پێشیشا شێوەی عەرووزی، خۆماڵی نەبوو، سەرچاوەی لە زانیاری کوردەوە نەدەهاتە خوارەوە و لەگەڵ تایبەتییەکانی زمانی کوردیش باش ڕێک نەدەهات، سێهەم ئەمە کە کورد لە پێشا خۆی شێوەیەکی لە شیعرا هەبوو و بەیتی پێ ئەگوترا و لە زۆر بارەوە نزیکە لە شێوەی نوێ، هەم لەبەر کورت و درێژی نیوە شیعرەکان و هەم لەباری ئاهەنگەوە و شیعری کوردی بێ ئەوە لە تاقیکردنەوە بترسێ، ئەتوانێ شێوەیەکی نوێ بگرێتەبەر.

بەداخەوە مامۆستا لە کاتێکا گوڵستانی زەوقی ڕوو لە گەشە و پێشکەوتنی پتر بوو و شاگردانی هێشتا لەم سەرچاوە ڕووناکە تێراو نەبووبوون کە چاوی لە ژیان پۆشی و وێژە و وێژەویستانی کوردی بەداخ و مەینەتەوە بەجێ هێشت. بەڵام

چرایەک کە مامۆستا هەڵی کردبوو پاش مەرگی ئەویش نەکوژایەوە و بەر پێی پیاسەکارانی ڕێگای وێژەی نوێی ڕووناک کردەوە و شاگردانی مامۆستا لەم دیو و لەو دیو بە رچەی خۆش کراوی مامۆستادا ڕۆیشتن. هەندێک لە گەنجانی شوێنگری گۆران توانییان خۆیان ببن بەخاوەنی شێوەیەکی تایبەت و هەندێکی تر هەر بەلاساکردنەوە قنیاتیان کرد و نەیانتوانی ڕێگایەکی سەربەخۆ و لێکدانەوەیەکی شەخسی بدۆزنەوە؛ بەداخەوە لە گەنجانی شاعیری ئەم سەردەمە کەمتریان چەشنی مامۆستا گۆران لە ناو کۆمەڵەی کورددا ژیاون و تاڵ و سوێرییان بەدرێژایی ژیانێک چێشتووە و کەمیان شارەزای زانیاری کوردن، زانیاری بەهەموو لک و پۆیەکییەوە. کاتێ شێرکۆ بێکەس لە شوێنەوارە نوێیەکەیدا باسی تفەنگ و کاروان و شوکاک و ئاوزەنگی ئەکات، ئەڵێی منالێکی تامەزرۆی سواری و غارکردنە کە هەرگیز لە شار دەرنەکەوتووە و باسی شوکاک و دە ڕۆژە ساردەکەی ئەوی لە دەمی خەڵکی تر بیستووە. مەبەست ئەمە نییە کە ئەم گەنجانە سەرنەکەوتوون و یا شوێنەوارەکانیان بێ کەڵکە، بەڵام ئەگەر بتوانن زمانی شیعری خۆیان لە زمانی خەڵکی ئاسایی نزیکتر بکەنەوە و زیاتر لە لێکدانەوەی بێگانە دوور بکەونەوە و ڕوو بکەنەوە تەعبیرە تەواو کوردییەکان، باشتر سەر ئەکەون، من ناڵێم کە گەنجە شاعیرەکان خزمەتیان بێ نرخە، بەڵام لام وایە کە شاعیر دوو ڕاسپێری وێکڕا لەسەر شانە؛ یەکەمیان ڕاسپێرییەکە کە بەرامبەر بەکۆمەڵ هەیەتی ئەبێ بەزمانی ئەوان بدوێ تا بتوانێ واتە و مەبەستی ناو شیعرەکانی بەوان حاڵی بکا، دووهەم ڕاسپێرییەکە کە سەبارەت بەهونەر هەیەتی و نابێ تەواو خۆی تەسلیمی نزمییەک بکا کە لە قسە و باسی وتووێژیدا هەیە، چونکە ئەگەر جوانی و بەرزی هونەر لە شیعرا نەبێ، قسەی شاعیر ئەبێ بەئامۆژگاری ڕووت یا گێڕانەوەی داستان. شاعیر لە لایەکەوە ئەبێ خۆی لەگەڵ کۆمەڵ ڕێک بخا لە لایەکی ترەوە ئەبێ لە کۆمەڵ پێشکەوێ، بەڵام ئەم پێشکەوتنە نابێ چەشنێک بێ کە شاعیر ئەوەندە لە خەڵک و زمانی خەڵک دوورکەوێتەوە کە لە بەرچاو گوم بێ و تێکەڵیشی لەگەڵ خەڵک نابێ ئەوەندە بێ کە لەگەڵ ئەوان نەناسرێتەوە. ئێستا تکایە گوێ بگرن بۆ سەرەتای شوێنەوارێکی نوێی شێرکۆ بێکەس.



بەهۆرەی تفەنگی کاروانی بێ بنار، لووتکەکان
ئەستێرەی پشکۆیان ڕژانە ناو چاوی بەیانی بەفرەوە
چەمەکان بەرزە و پێ هەڵسان و هەڵگیرسان
ئەسپەکان لە بێشەی ئاگرا ئاو دران
هۆڕەیە وا «شوکاک» ڕەشەبا زین ئەکات
بەقاچی گەردەلوول، ئاوزەنگی لافاوی باڵگرتوو... لێ ئەدات
هۆرەیە... هۆرەیە....
ئەشکەوتی گوێی شاخی بەمسی تاریکی ئاخنراو
وا بەربوو کەوتە بەر تەوژمی ڕووباری خۆرەتاو
هۆرەیە وا «شوکاک» ڕەشەبا زین ئەکات
بەقاچی گەردەلوول... ئاوزەنگی
لافاوی باڵگرتوو لێ ئەدات
ڕەگ ئەبێ چۆغەی ژان لەبەر کات
بۆ ئەوەی لەبەردا گوڵ بڕوێ
ئاو ئەبێ خۆی تاڵ کات، بۆ ئەوەی
پەلوپۆی تینوێتی... خۆر بگرێ!

لەم شیعرەدا کە تەواو لەسەر شێوەی نوێیە، ئاهەنگ هەیە، بەڵام وەزنی عەرووزی و قافیە بەرچاو ناکەون. کایە بەئەلفاز و تەشبیهی تا ئەمڕۆ نەکراو لە ناویا زۆرە. ئەوەندە زۆرە کە خوێنەرەوە پێش ئەوە کاکڵەکەی هەست بکا ناچارە بپەڕژێتە سەر توێکوڵەکەی! قاچی گەردەلوول، ئاوزەنگی لافاوی باڵگرتوو، ئەشکەوتی گوێی شاخی بەمسی تاریکی ئاخنراو و زۆر تەشبیهی تر کە شیعرەکە لە بەرچاو ئەکەن بەتەلەسم و جادوو. ئەگەر کاک شێرکۆ ئەم هەموو زۆرەی بۆ خۆی نەهێنابایە باشتر ئەبوو.

تا بەرنامەی داهاتوو بەخوای گەورەتان ئەسپێرین.

## محەممەد سەددیقی مەحموودی
## بەشوێن مامۆستا گۆرانەوە

گۆران هەڵکەوتەی شیعری کوردی، لە عێراقا چاوی کردەوە، لەوێ ژیا، لەوێ هەڵیدا و لەوێ چاوی بەجیهان پۆشی. شیعری شێوەی نوێ ئەگەر بەگۆرانیش دەس پێ نەکرابێ، لانی کەم ئەوە قسەی تێدا نییە کە بەهۆی گۆرانەوە پتەو بوو، ڕازاوە و جێگای خۆی کردەوە. گۆران ئەویندارى ڕاستی و ڕەوانی جوانی بوو؛ چ لە سروشتا و چ لە ئافرەتا. بۆیرانە گوتی: جوانی لە خواوە بەهرەیەکە پڕ بەپێست بۆ ئافرەت و گوتی:

بەڵام تەبیعەت هەرگیزاو هەرگیز
بێ ڕووناکییە بێ بزەی ئازیز

خوڕەی قەڵپەزەی کەف چەرێنی چەم، شنەی سێبەری داری گوێز و توو، تووڵەماری ڕێیە کە دەخوشێتە ناو دارستان، گاشەبەردێ کە گەردوون تلی پێ نەداوە، کۆڵکەزێرینەی پاش بارانی زۆر، گوڵەبەڕۆژەی قژ زەردی چاوکاڵ، هەمووی ئەمانە و گش جوانییەکی تری سروشت بۆ ئافرەت، هۆی لێکدانەوە و هەستی ئایینی بوون. گیانی شاد بێ کە بەساکاری و دڵپاکی لادێییەکەوە گوتی: خوای یەکەمین جوانییە لەباری ئایینەوە.

گۆران ئەوتۆ بوو، ئەویندارى دڵ پڕ لە هەستی جوانی و ئەو خەیاڵەی وا پێی مەست بوو، باش توانی بیخاتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستی. نە ڕمبەڕمبی بێهوودەی ناسیۆنالیزمی تەواو ویشکی نیزیک بەفاشیزمی لێوە دێ، نە بێ دەربەستی شیعری ئیندیویدوالیستیی (individualism) لە کۆمەڵ تەریک بوونی پێوە دیارە. ئەم دوو نموونەیەم بۆیە هەڵدا کە بەداخەوە لە هەردوو بارا تاقمی وەهامان هەن، کە یا هەر خۆیان ئەبینن، یا هەر گەلی خۆیان لایان وایە شەڕ، شەڕی نێوان دوو ڕەگەزە، یا دوو هۆز، یا دوو گەل و تەواو لە چلۆنی چینایەتی و ئابووری دوور و....



گۆران وەها نەبوو. ئادەمیزادێکی تێگەیشتووی شاعیر بوو؛ بەڵام شێوەی لە عێراقدا پاش خۆی پەیڕەوی زۆر بۆ پەیدا نەبوو. لەبەر چی وەها بوو؟ خۆتان لێکیدەنەوە. چونکە باسێکی ترە و لێرەدا جێگای نابێتەوە.

بەداخەوەم کە ناچارم ئەوە بڵێم کە شاعیری کورد لە عێراقا نەیانتوانیوە ڕێبەر بن؛ زیاتر چاولێکەر بوون. شوێنکەوتووی کۆمەڵ بوون، بێ ئەوە هەوڵێک بدەن بۆ گۆڕینی بەرەو پێش بردن. لەبەر ئەوە شیعرەکانیان زەنازەنای بێهوودەیە و ڕمبەڕمبی ساکار. مەبەستم شاعیرانی گەنجە، نەک ئەو برایانەی ڕابردوو. یەکێک لەو ئیستعدادە بەفیڕۆ چووانە بەلای منەوە «هەژار»ە کە بەڕاستی خەسارە. کەس نییە پێی بڵێ مامۆستا! خوێن، ئەویش خوێنی ئادەمیزاد، ئەویش بەم شێوە گشتییە کە تۆ گوتووتە چۆن پیس ئەبێ؟ و ئایا گوڕ و فیچقەی خوێن لە بان تیغی دەبان لە شیعرا هێنانەوە، خووی سادیسمی و پیاو کوژی لە گەلا هاندان، لە کاتێکا کابرا هاتوو گوتی: «براله ئادەمیزاد یەکن و ئەوەی تۆ بەڕواڵەت ئەیبینی شەڕی نێوان دوو نەتەوەیە، لە ڕاستیدا شەڕی نێوان دوو ئابوورییە» سوودی چییە؟ لێرەدا مەبەستم ڕەخنە گرتن نییە و زیاتر لەسەر ئەم باسە ناڕۆم؛ بەڵام ئەمەوێ بڵێم کە شێوەی مامۆستا گۆران پاش نەمانی خۆی لە عێراقا پەرەی نەگرت و لە ئێرانا زیاتر هۆگری بۆ پەیدا بوو. یەکێک لەو پەیڕەوانەی شیعری گۆران، مامۆستایەکی گەنجە، بەناوی مامۆستا محەممەد سەددیقی مەحموودی موکریانی.

هەڵبەت ئەو مامۆستایە هێشتا نەیتوانیوە شێوەیەکی تایبەتی و سەربەخۆ بدۆزێتەوە و نەوەک قالب و دیوی دەرەوەی شیعرەکانی لە هی گۆران دەچێ، بەڵکو هەر ناوەڕۆکی شیعرەکانیشی هەمان ناوەڕۆکی شیعری گۆرانە. ئەمەش شیعرەکانی مامۆستا محەممەد سەددیقی مەحموودی:

خوڕەی هەڵدێر، شمشاڵی شوان
کە بۆ هەڵبەست ئیلهامی خوان
چەند بەسۆزن، چەند سێحراوین
لای لایەن بۆ کۆرپەی ئەوین
دەمی بەیان شنەی شەماڵ
دڵی بێ تین دێنێتە حاڵ

وەنەوشەی کز لە نێو تەما
ئەخاتە ناو کۆڕی سەما
بەپشت پشتی قامکی سروشت
وەختێ کە خۆر پڕشنگی ڕشت
گیتی هەمووی دەشت و کێو
بزەی زێوینی دێتە لێو
بەئاهەنگی هەوری بەهار
فرمێسکی شادی دێتە خوار
لە چاوی ئاسمانەوە
بەموژدەیی ژیانەوە
لە کێو و تەل، دەشت و چیا
لە سەر پەڕی گوڵ یا گیا
چەند نەخشینە، چەند جوان ئاونگ
کاتێ کە لێی ئەدا پڕشنگ
ورشە و تریفەی مانگە شەو
لە سووچی دڵ ئەدا پەڕتەو
ئەخاتە ناو ئاگری سوور
تاسە، مەیل، هەست و شعوور
ئەوانە گشت ئەدەن بە گیان
ژیان، بەڵام کامیان
وەک نیونیگای هی دڵدارین
ئاوا لە ناخی دڵ کارین؟
مامۆستا گۆران ئەڵێ:
چەند بە ئاهەنگ، چەند سێحراوین
ئەگەڕێن پۆڕن یا مراوین



و کاک محەممەد سەددیق ئەڵێ: «چەند بەسۆزن، چەند سێحراوین». «وەنەوشەی خامۆش لە ژێر تووتڕکا» هی مامۆستا «گۆران»ە کاک سەددیقیش «وەنەوشەی کز»ی هێناوە. جگە لەمانە تەواوی شیعرەکە ناوەڕۆکی هەر ئەمەیە کە مامۆستا گۆران گوتوویە:

کام تاسە، کام مەیل، کام چاوەنواڕی
تەلەسماوییە وەک هی دڵداری

من لام وایە کە ئەم شاعیرە هەوێنی شاعیرانە لە هەستیا زۆرە و چاوەڕوانی ئەکرێ بەزوویی ڕێگای تایبەتی سەربەخۆی، خۆی بدۆزێتەوە.[١]

(١) بۆ ئاشنایەتی پتر لەگەڵ خوالێخۆشبوو «مەلا محەممەد سەدیقی مەحموودی» (١٣١٦–١٣٦٥)، بڕوانە دیوانەکەی بەناوی «وەنەوشە»، کە لە ساڵی ١٣٦٧ی هەتاویدا لە لایەن «ئینتیشاراتی سەلاحەددینی ئەییووبی»یەوە چاپ کراوە.

# زاراوەکانی زمانی کوردی

سەلام لە گوێگری بەرنامەی تاپۆ. لە چەند بەرنامە لەمەوپێشەوە دەستمان کردووە بە لێکۆڵینەوەیەکی ئەوتۆ کە هەموو لان و بارێکی ژیانی کوردەواری بگرێتەوە. ئەمڕۆ گەیشتووینە سەر زمانی کوردی. هەڵبەت سەبارەت بەزمانی کوردی لە پێشا باسێکمان لە بەرنامەی ڕابردووا هەبوو و لەودا بەشکردنەکەی «مەککەنزی» و «تۆفیق وەهبی»مان باس کرد و هەروەها باسی چەن جۆرە بەشکردنی تریشمان کرد. ئەمڕۆ ئەو بەشکردنەتان بۆ باس ئەکەم کە بەلای منەوە لە هەمووان باشترە، بەم چەشنە:

زاراوەی کرمانجی ژوورو و یا شیمال، یەکەم. زاراوەی کرمانجی خواروو یا جنووب، دووهەم. زاراوەی گۆرانی، سێهەم. زاراوەی کرماشانی، چوارەم.

هەڵبەت لە ناو لکی ئەو زاراوە ئەسڵییانەشا جیاوازی هەیە، واتە فەرعی موکری لەگەڵ فەرعی سولەیمانییا کە هەردووکیان لکی زاراوەی کرمانجی خواروون، جیاوازە. شێوەی دووان و مەخرەجی پیتەکان و پاڵ بەپیتەکانەوەدان، واتە تەکیە لەسەر حەرفەکان و چەشنی ئەدای پیتێکی تایبەت لە سولەیمانییا لەگەڵ مەهاباد و بەشەکانی تری موکریان جیایە. بۆ نموونە، پیتی دال لە سولەیمانییا دالی کلۆرە بەتایبەت لە دوای وشەکانەوە، ئەڵێن: سەوپەنجا. بەڵام لە موکریان بە تایبەت لەدەوروپشتی مەهاباد ئەڵێن: سەدوپەنچا دالەکە باش دەرئەبڕن. جارجار لە سولەیمانی و دەوروپشتی سولەیمانی دال چەشنی گاف تەلەففوز ئەکرێ، بەتایبەت ئەگەر پاش دالەکە کە پیتی دوای وشەیەکە، وشەیەک بێ کە پیتی یەکەمی لەگەڵ دالی کلۆرا بۆ گوتن قورس بێ، وەک ئەم شیعرەی مامۆستا گۆران: «هەر چەن ئەو خەیاڵەی پێی مەستم»... وەها دێتە بەر گوێ کە بڵێن: هەر چەنگەکەم!

... جیاوازی زۆرە، ئەمەش یەکیانە کە لە سولەیمانی زۆرتر ئەو «ئەلف»انە کە لە پێش «نوون»ەوە هەڵکەوتوون هەر وەک خۆیان بە«ئەلف» تەلەففوز ئەکرێن، بەڵام لە



موکریان بەتایبەت لە ناو عێلی دێبوکری و مامش و پیران و مەنگوڕ و گەورکی بەشی «مەهاباد» و «نەڵێن» ئەو «ئەلف»انە ئەکەن بە«ی»، وەک نێو. ئەم جیاوازییە واتە گۆڕانی «ئەلف» بە«ی» لە نێوان شێوە دووانی «مەهاباد» و «سنە»شا هەیە. لە «سنە» ئەڵێن: «پا»، لە «مەهاباد» ئەڵێن: «پێ». ئێلاتی دەوروبەری «مەهاباد» ئەڵێن: لە شاری بووم. لە جێگاکانی تر ئەڵێن: لە شار بووم. یا بۆ نموونە «مەهاباد»ی ئەڵێن: «دەستم دا تفەنگێ» و سنەیی و سەقزی و سولەیمانی ئەڵێن: «دەستم دا تفەنگ» یا «دەسم»، لێرەدا مەبەست «ی»ی دوای تفەنگە، نەک دەس و دەست؛ کە ئەویش خۆی جۆرێکە لە جیاوازی وەک «دەس و دەست»، «ماس و ماست»، «ڕاس و ڕاست»، ئەمانە هەموویان جیاوازین لە شێوەی دووانا و لە وشەشدا جیاوازی هەیە. وەک «قاچ و لاق»، «خاس و باش و چاک» و زۆر وشەی تریش. بەڵام ئەم جیاوازییە بچووکانە وەها نیین کە بۆ نموونە شێوەی دووانی سولەیمانی و سنەیی و مەهابادی ئەوەندە لە یەک دوور بکەنەوە کە نەکرێ بەتێکڕایان بگوترێ زاراوەی کرمانجی خواروو.

مەبەستێکی تریش کە لێرەدا ئەشێ بگوترێ ئەمەیە کە بەپێی نزیکی هەرێمی زاراوەکان لە یەکتر، جیاوازی لە نێوان لکی زاراوەکانا پەیدا ئەبێ، وەک ئەمە «مەهاباد» هاوسنوورە لەگەڵ «ڕەزاییە» و کوردەکانی دەوروبەری ئەو شارە، وەک: «شکاک»، «هەرکی» و نزیکە لە کوردەکانی دەوروبەری «خۆ» و «شاپوور». وەک «جەلالی» و «میلانی»یەکان. لەبەر ئەمە زۆر وشەی زاراوەی کوردی کرمانجی ژووروی لەوان وەرگرتووە، وەک ئەمە لە مەهاباد و لە ناو دانیشتووانی دەوروپشتی مەهاباد زەربولەسەلێک هەیە، ئەڵێ: «ئەگەر زانییان ئەزم، ئەگەر نەیانزانی دزم!». لە کاتێکا ئەگوترێ کە کەسێک بۆ کارێکی خراپ چوو بێ و سوود وەرگرێ لە ناسیاوی خۆی لای ئەو کەسانە کە کارە خراپەکەیان لەگەڵ ئەکرێ. ئەز لەم زەربولەسەلەدا وشەیەکی کرمانجی ژوورووە و بەمانای «من»ە، ئەگەر زانییان ئەڵێم منم، ئەگەر نەیانزانی دزییەکەیان لێ ئەکەم. یا ئەڵێن: «ڕۆنیشە!» وەک «ڕۆنە»ی کرمانجی ژووروو. بە«سەگ» ئەڵێن «کۆک»، هەڵبەت «سپڵۆت» و «سەگ» و «سە»شی پێ ئەڵێن، کە«کۆک» و «سە» لە کرمانجی ژووروو وەرگیراون. سنە لەبەر ئەمە کە لە زاراوەی گۆرانی نزیکترە وشەی ئەو زاراوەی زۆر وەرگرتووە. بۆکان و سەقز کە لە نێوان

مەهاباد و سنەدا هەڵکەوتوون شێوەی دووانیان کە هەندێکی لە مەهابادی ئەکا و هەندێکی لە سنەیی ئەچێ، ئەمە بۆ زاراوەی کرمانجی ژووروش هەر دروستە. شێوەی دووانی **بارزانی** کە ناوبارەترە و نزیکترە لە زاری کرمانجی خواروو؛ وشەی ئەم زاراوەی زۆرتر تێدایە، بەڵام «ستراکتۆر Strcuture» و ئەساس و پایەی زمان لە هەموو زاراوەکانا یەکە.

با بچینەوە سەر باسەکەی پێشوومان؛ گوتمان کە «کوردی» ٤ زاراوەی گەورەی هەیە، کرمانجی ژووروو، کرمانجی خواروو، گۆرانی، کرماشانی.

١- کرمانجی ژووروو، زاراوەی کوردەکانی **تورکیە و ئەرمەنستانی شووروەوی و کوردەکانی سوریەیە،** شیمالی کوردستانی **عێراق** و کوردەکانی **غەربی زریەی بچووکی ڕەزاییە** و کوردەکانی **قووچان** و کوردەکانی **دەماوەند**یش بەکرمانجی ژووروو ئەدوێن.

٢- کرمانجی خواروو، زاراوەی کوردەکانی **جنووبی کوردستانی عێراق** و کوردەکانی **غەرب و شیمالی غەربی** ئێرانە، هەڵبەت لە غەرب، **کرماشان** و دەوروبەری لێ جیا ئەبێتەوە کە ئەوان خۆیان ئەکەونە سەر زاراوەیەکی تر بەناوی کرماشانی و لە «شیمالی غەرب»یش دەوروپشتی ڕەزاییەی لێ جیا ئەبێتەوە کە ئەوانیش گوتمان بەزاراوەی کرمانجی ژووروو، یا شیمال قسە ئەکەن.

٣- **کرماشانی**، کە خەڵکی **کرماشان و سەرپێڵ زەهاو و قەسری شیرین** و ئێلات و خێڵاتی دەوروپشتی ئەو شارانە بەم زاراوە قسە ئەکەن.

٤- **گۆرانی،** ئەم زاراوە زۆر لە **فارسی کۆن** نزیکە و گۆڕانی زۆر بەسەرا نەهاتووە. لەبەر ئەمە هەندێ ئەڵێن کە ڕەنگە ئەو زاراوە کوردی نەبێ. ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە گۆرانی بێ گومان کوردییەکی کۆن و نزیک لە کوردی مادی. **تۆفیق وەهبی** لە بەشکردنەکەی خۆیا ناوێکی لە زاراوەی گۆرانی نەبردووە و بۆ من دەرنەکەوتووە کە چۆن لێکۆڵەر و کوردناسێکی وەک وەهبی بەم بێ دەربەستییە بەسەر ئەم مەبەستەدا تێپەڕیوە؟

زاراوەی گۆرانی بەزاراوەی «هەورامی»ش ئەناسرێ، واتە زۆر کەس لە باتی زاراوەی گۆرانی ئەڵێن زاراوەی هەورامی. لە کاتێکا هەورامی لکێکە لە گۆرانی،



بەڵام لەبەر ئەمە لە ئێران و عێراقا ئەو کەسانە کە بەگۆرانی ئەدوێن، زیاتریان لکی هەورامین. ئەم ناونانە باو بووە. کەمایەتی وەک: **سیامە سووری و ڕۆژبەیانی و زەنگەنە**ش هەر لەسەر هەورامی ناو ئەبرێن، هەڵبەت ئەمە لەباری زانستی زمانناسی و تەنانەت کۆمەڵناسی کوردیشەوە هەڵەیە؛ بەشێکی زۆر لە «سیامەسوور»ییەکان ئێستا لە **ئەفغانستان** ئەژین و بە گۆرانی ئەدوێن.

بەرنامەی ئەم حەوتەیەمان دوایی هات و لە بەرنامەیەکی ترا ئەچینە سەر باسی وێژەی کوردی و بەشەکانی ئەو وێژەیە، تا ئەو کاتە خواتان لەگەڵ.

# سەرەتایەک لەسەر وێژەی کوردی

سەلام لە گوێگری بەڕێزی بەرنامەی تاپۆ. ڕیزە وتارێکمان سەبارەت بەژیانی کۆمەڵایەتی کورد دەس پێ کردبوو و لە چەند بەرنامەیەکا باسی پێشینەی مێژوویی کورد و ئەوەی کە کەی و لە کوێوە هاتوون بۆ ئەم گۆڕەپانی ئێرانە، بەکورتی کرا. هەڵبەت پێم باشە لە پێش هەموو شتێکا بۆ چەندەمین جار دووپاتەی کەمەوە کە من لە هەرێمی مێژوودا دەسەڵاتم ئەوەندە نییە کە گومانێک بۆ گوێگری بە هەست نەمێنێتەوە لەوەدا کە ئەوەی وا ئەینووسم تەواو دروستە یا هەموو ئەو ڕاستەقینەیە کە مێژوونوسان قامکیان بۆ ڕاداشتووە و نیشانیان کردووە.

بۆ باسی مێژوویی من خۆم گوێ ئەگرم بۆ نووسراوە هێژاکانی مامۆستای بەرزی کورد جەمیل ڕۆژبەیانی و لە ڕاستی لانادەم کە زۆر کەلکیان لێ وەرئەگرم. مامۆستای دڵسۆز لە مێژووی ئێرانا دەستی داوەتە لێکۆڵینەوەیەکی هەرە بەنرخ کە لە پێشا نە مێژوونووسێکی ئێرانی و نە مێژوونووسە بێگانەکان و نە تەنانەت مێژوونووسێکی کورد بەم چەشنە زانستییە نووسراوێکیان نییە.

مامۆستا لە ناو مێژووی ئێرانا گەڕاوە و هەموو ئەو ڕووداوانە کە بەچەشنێ پەیوەندی لەگەڵ کوردا هەبووبێ، کۆی کردۆتەوە و خستوویەتەوە سەر یەک. ئەم کارەی مامۆستا هەم خزمەتێکی گەورەیە بەمێژووی ئێران و هەم تێکۆشانێکی هێژایە لە پێناوی کورددا.

مامۆستا بەڕێکخستن و کۆکردنەوە بردنەوە سەر یەکی ئەو بنەماڵە کوردانە یا ئەو عێلە کوردانە کە چەن لاپەڕەی پڕ خەبات و کۆڵ نەدانیان لە مێژووی ئێرانا پڕ کردۆتەوە، بۆ هەموومانی دەرخستووە کە هۆزی کورد تا چ ڕادەیەک تەئسیری لە مێژووی ئێرانا هەبووە و چۆن بۆ پاراستنی ئاو و خاکەکەی بەرامبەر بەزۆردار و داگیرکەر وەستاوە.

بنەماڵەی **حەسنەویە و شوانکارە و عەیاریە** ڕاپەڕین و خزمەت و کۆششیان لە



مێژووی ئێرانا دیار و بەرچاوە. بەڵام کەم کەس هەبوو بزانێ ئەمانە کورد بوون و ئێستەش کەم کەس هەیە تەواو شارەزای خەبات و شۆڕشیان بێ؛ چونکە مێژوونووسەکان کە بناغەی کاریان لەسەر لێکۆڵینەوەی گشتی مێژووی ئێران داناوە، بەشێکی زۆر کورتیان بۆ ئەم بنەماڵانە تەرخان کردووە.

هێژایی کاری مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی لەمەودایە کە ئەم هەموو کتێبە مێژووییییە لە ئەژمار بەدەرەی ئێرانی پشکنیوە. ئەو پەڕاوانە کە بەعەرەبیش سەبارەت بەمێژووی ئیسلام و ئێران نووسراون لە چاوی تیژبین و بیری وردی شاراوە نەبوون، تەنانەت بەکۆششێکی زاڵ و ماندوونەبوون و عیشقێکی ئەوتۆوە، کە هەر لە پیاوانی زانست ئەوەشێتەوە، پەڕاوە ئینگلیزێکانیشی خوێندۆتەوە زۆر جار مانای وشەیەکی ئینگلیزی لە خۆم پرسیوە و بەخۆ کەم زانینێکی عالمانەوە سەرەڕۆی شوێن هەموو زانستێک بووە لەم هەرێمی مێژووەدا، جا ئاکامی زانست و ماندوونەبوون و ئیرادەی مامۆستا بۆتە چەند پەڕاو کە ئەکرێ لە مێژووی کورددا ناوی بنرێ: «هەنگاوی بەرزی سەرکەوتوو و کاری هێژای کەس نەکردوو.»

هیوادارم مامۆستا بتوانێ ئەم چەند پەڕاوەی لە چاپ بدا و خوێندکارە کوردەکانمان شارەزا بن کە هۆزەکەیان چ خزمەتێکی بەئێرانی خۆشەویست کردووە. هیوادارم کۆسپی پارە و چەوتی پیتی قەڵایی چاپ، بەردی سارد و گەرمی نەخاتە سەر ڕێگا و من بەناوی شاگردێکی مامۆستا هەر نزام لە دەس دێ و سپاس.

پاش ئەم باسە کە پێویست بوو بکرێ ، ئەگەڕێمەوە سەر باسەکەی خۆم. لە لێکۆڵینەوەکەماندا گەیشتینە سەر باسی ئەدەبی کوردی. ببوورن کە من جار جار ناچارم چەند هەنگاوێک لابدەم و باسێکی ئاپۆرەنوێن بهێنمە گۆڕێ. بێگومان ئەم باسە بەڕوواڵەت ئاپۆرانە بۆ ڕوونکردنەوەی دەوروبەری باسەکەمان بەکەڵکن.

وێژە هەروەک ئەزانن باسێکی عەدەدی و ریازی نییە و دابڕاوی و نەگۆڕی و قەتعییەتی زانست لە هونەرا بەرچاو ناکەوێ و ڕەنگە لە هیچ لکێکی زانستی مرۆڤایەتی، واتە علوومی ئینسانی وەک فەلسەفە و سۆسیۆلۆژی و سایکۆلۆژیشدا حەتمییەتی زانست نەبێ. هونەر ڕاستە لە ئەشیا و حاڵات و نەفسانیات و هەروەها لە باری بەرچاوی کۆمەڵایەتی کەڵک وەرئەگرێ و تۆشە هەڵئەگرێ، بەڵام کاتێ ئەم

شتانە برانە بەر دەستی زەمیری فەننان و دەروونی ئینسانەوە، ئەگۆڕێن و چەشنێکی تر دێنەوە دەرەوە و خۆیان ئەنوێنن. بۆ نموونە چیای «بێستوون» وەک بەرچاو ئەکەوێ ئەچێتە ناو بیر و زەینی شاعیرەوە، شاعیریش بۆ ڕوانین هەروەک خەڵکی تر دوو چاوی هەیە، بەڵام لە دەروونی شاعیرا «بێستوون» تەنیا چیایەکی بەرز و بەردەڵان نییە؛ تەنانەت شاعیرێک لە بەرامبەر ڕوانگەی بێستوونا وەک مێژوونووسێکیش بیر ناکاتەوە و ناچێتەوە سەر ڕووداوە مێژووییەکان کە ئەمە بەردەنووسی «هەخامەنشی»یە یا«ساسانی»، بەڵکوو بیر لە دڵی سووتاو و لەشی لە خوێن هەڵکشاوی «فەرهاد» ئەکاتەوە. دەنگی تەشوێ و گوڵینگی «فەرهاد» لەوپەڕی سنووری ئەفسانەوە، لە چیای دەروونی شاعیرا دەنگ ئەداتەوە. شاعیر وەها لەگەڵ «بێستوون» و « فەرهاد» و ئەفسانەی «شیرین» تێکەڵ ئەبێ کە خۆی ئەبێ بە«فەرهاد»، پێنووسەکەی ئەبێ بەکوڵینگی «فەرهاد»و دەروونی پڕ دەنگ و جۆش و خرۆشی ئەبێ بەچیای «بێستوون»و شیرەی هەستی ئەبێ بەشیعرێک گەلێک ڕوونتر لەو کانیاوە کە لە لەشی «شیرین»ی ئەگرتە باوەش و گەلێ سپیتر لەو جۆگە شیرەی کە لە چیای «بێستوون»ەوە تا ناو گۆلی کۆشکی «خوسرەو»، بەجادووی هونەری «فەرهاد»ی ئەندازیار سەرەولێژ ئەهاتە خوارەوە! سەبارەت بە«شیرین» و «فەرهاد» گەلێک هەڵبەستەی جوان نووسراوە، بەڵام هەموو باسی دڵداری و دەردو پەژارەی «فەرهاد» و «شیرین»ە، وەک ئەمەو لە بیرچووبێتەوە کە ڕووداوە مێژووییەکە و بەردەنووسەکان شتێکی تر ئەڵێن و کاتی نووسرانی ئەو تاشەبەردانە ئەبەنەوە بۆ زۆر بەر لە کاتی خوسرەو پەروێزی ساسانی.

بەم چەشنە هەم من بەناوی نووسەری بەرنامەیەکی وێژەیی، بەتایبەت ئەمجارە کە باسەکەمان سەبارەت بەوێژەی کوردەو هەم ئێوە بەناوی گوێگری پسپۆڕی ئەم بەرنامەیە مافمان هەیە هەرکام جۆرێک بیر بکەینەوە؛ چونکە دوو و دوونییە کە بکا چوار. باسی هونەر و وێژەیە و زیاتری لەسەر لێکدانەوەی شەخسی و تاکییە. هەڵبەت باشە ئەمەشمان لە بیر بێ کە تەنانەت لە هونەریشا ئەسڵێک و مەنتقێک هەیە و هونەرمەندیش ناچارە لە بەرچاویان گرێ، جا ئەگەر ئەوەی من ئەیڵێم بەلاتانەوە دروست نەبوو و بیرێکی ترتان هەبوو، قەیدی نییە هونەر وەک ئاو وایە ، لە



هەر دەفر و کاسەیەکا شکڵ و قالبێ ئەگرێ لە وێژەی کوردییا چوار فۆڕم و قالبی جیاوازمان هەیە:

١- شیعری وتاری یا بەیت ٢- شیعری هیجایی ٣- شیعری عەرووزی ٤- شیعری نوێ.

لە ئەدەبی نەسر واتە وێژەی پەخشان باس ناکەم، لەبەر ئەمە کە چەشنی تایبەتی ژیانی کوردەواری کە تا ساڵەکانی دوایی سەدەی حەڤدە دەوارنشینی بوو زۆرتر لەگەڵ وێژەی هەڵبەستدا ئەهاتەوە، هەڵبەت ئەمە لە زۆرتری وڵاتە خۆرهەڵاتییەکانا بەرچاو ئەکەوێ و وێژەی شیعری هەم زووتر دەس پێکراوە و هەم لە باری زۆر و کەمییەوە لە پەخشان زۆرترە. وێژەی هەڵبەستە و هۆنراوە لەبەر ئەمە کە ڕەوان و لەسەر زمان سووکە، باشتر لەبەر ئەکرێ و لە سینەی بەیت بێژانی کورد باشتر ئەتوانێ هەڵبگیرێ و لەگەڵ گەرمێن و کوێستانی خێڵ بڕوا . لەو کاتەدا کە ئێمە قسەی لەسەر ئەکەین و مەبەستمان، ئاوایی تەنیا بەناوی خێڵ بەزێکی کورتی زستانانە کەڵکی لێ وەرئەگیرا و پاش خێڵ خێزی سەرەتای بەهار ئاوایی ئیتر ئاوەدان نەبوو و چەن ماڵێک کە پێیان ئەگوتن پاش ماڵەی خێڵ لە ئاواییا، ئەمانەوە. ژیانی ئابووری کوردەواری لەسەر بناغەی ئاژەڵداری دامەزرابوو و کۆمەڵی ئاژەڵداری کورد لەبەر هاتوچۆی هەمیشەیی لە گەرمێنەوە بۆ کوێستان و گەڕانەوەی لە کوێستانەوە بۆ گەرمێن، دەرفەتی خوێندەواربوونی کەم بوون، چونکە خوێندەواربوون پێویستی بەقوتابخانە دروستکردن و نیشتەجێ بوون هەبوو و ئەمە کاری کۆمەڵی ئاژەڵدار نەبوو، لەبەر ئەمە ئەدەبی نووسراوە نەیتوانی پەرە بگرێ. شیعر ئەکرا بە یاد بسپێررێ و لەبەر کرێ، بەڵام نەسر نەدەکرا . بەم چەشنە وێژەی وتاری کە هەر باشترە بڵێین شیعری وتاری لە کوردییا پەیدابوو.

لە بەرنامەیەکی ترا لەسەر ئەم باسە ئەڕۆین، خواتان لەگەڵ.

## بەیت تەواو بەتانوپۆی خۆماڵی چندراوە

سەلام لە گوێگری بەڕێزی بەرنامەی تاپۆ. لە بەرنامەی پێشوودا گوتمان کە شێوە وێژەیییەکانی شیعری کوردی بریتین لە چوار شێوە: «شێوەی شیعری وتاری» یا «بەیتی»، « شیعری هیجایی»، «شیعری عەرووزی» و «شیعری نوێ». هەروەها لە وتاری پێشوودا باسمان کرد کە لەبەر چی شیعر بەر لە نەسر لە ناو کوردا و ڕەنگە لە هەموو خۆرهەڵاتیشدا پەیدابووە.

«شیعری وتاری» یا «بەیت» بەلای منەوە گەنجێکی هێژا و سامانێکی گەورەی زەوق و چێشکەی هۆزەکەمانە. هەر لەبەر ئەمەیە کە «باسیل نیکیتین» و «خاچاتوور ئەبوویان» شاعیری ئەرمەنی ئەڵێن: «فۆلکلۆری کوردی ئەوەندە پڕ و بەرز و خێرومەندە کە هۆزەکانی تری هاوسێی کوردیش کەڵکیان لێ وەرگرتووە و کەوتوونەتە ژێر تەئسیریەوە».

ئەم کوردناسانە ڕاست ئەکەن؛ بۆ نموونە بەیتی «خەج و سیامەند» کە «هۆهانس شیراز»، شاعیری ئەرمەنی کردوویە بەشیعر، تەنانەت ئەوەندە ناوەڕۆکی بەیتەکەی بەخۆماڵی زانیوە کە سیامەندی کردووە بەئەرمەنی و بەم چەشنە بەهرەیەکی لە فۆلکلۆری کوردی کردووە بەنسیبی هۆزی ئەرمەنی.

بەیتی«مەم و زین» لەگەڵ ئەوەشا کە بەچەند ڕەوایەتی جۆر بەجۆر گوتراوە بەشێکی زۆری لە ئەفسانە و ئوستوورە تێکەڵ کراوە، لە لایەک «مەم»ی «ئالان»ە و لە لایەکی تر«مەم» کوڕی میرە تەنانەت ناوی «حەڵەب» و «برایم پاشا»ش کە ڕوون نییە چۆن هاتوونەتەوە ناو بەیتێکی کوردییەوە، لە بەیتەکەی دابڕاوە. بەڵێ پاش ئەو هەموو گۆڕانە و لەگەڵ ئەم گشت گێڕانەوە لە یەک دوورانەش کاتێ «ئەحمەدی خانی» نەمر بەیتەکە کردووە بەشێوەی عەرووزی، لە شیرەی گیان و زەوقی خۆی زۆر مەبەستی خواناسانە و فەلسەفی هەڵڕشتۆتە ناو بەیتەکەوە؛ بەڵام ئاکامی کارەکەی «خانی» بەهۆی پێنووسی جادووکار و بیری شاعیرانەی خۆی و ناوەڕۆکی تێر و



تەیاری بەیتەکەوە، بۆتە شاکارێک کە وێژەناسێکی گەورەی شووڕەوی لە بەرزییا ئەیخاتە پاڵ «شانامەی فیردەوسی»یەوە و بەیەکێک لە سێ شوێنەواری گەورەی خۆرهەڵاتی ناو ئەبا.

شیعری بەیتی زۆرتر باسی ڕووداوە مێژوویییەکانی ناو کورد ئەکا و یا خۆی بەو مەبەستانە خەریک ئەکا کە لە ناو کوردا جێی ڕێز و خۆشەویستین، وەک بەیتی «دمدم»، بەیتی «قەر و گوڵەزەر»، بەیتی «شێخی سەنعان»- کە ئەم بەیتە مەبەستی غەیرە کوردیشی تێدایە- بەیتی «زەنبیل فرۆش»- کە زۆر لەسەر گوزەشتی «بوودا» ئەچێ-بەیتی «ئاوڕەحمان پاشا»، بەیتی «شێر و کەڵ»، بەیتی «مەحمەڵ و برایمی دەشتیان»و زۆر بەیتی تر.

لە بەیتی کوردییا شوێنی زانستی بێگانە و دروشمی لاوەیی بەرچاو ناکەوێ و سووژە و ناوەڕۆکەکان تەواو کوردین، لەبەر ئەمە بەیت بەناوی فۆلکلۆر باس کراوە و بەداخەوە بێ دەربەستانە بەسەر ئەم ڕاستەقینەدا تێپەڕیون کە بەیت شێوەی تایبەتی کاتێکی دابڕاو و دیاریکراوی ژیانی کوردە؛ شێوەی ژیانی ئاژەڵداری تا ئەگاتە پەیدابوونی ئەمیران و بنەماڵە ئەشرافە کوردەکان. بەڵام وەک ئەزانین بەیت هەرگیز باسی ژیانی شارنشینی کورد ناکا و لە هیچ کام لە بەیتەکاندا ئێمە تووشی باسێکی ئەو تۆ نابین کە تەرخان کرابێ بۆ دەربارە بچووکەکانی ئەمیرانی کورد، وەک «بەدرخانی» و «ئەردەڵانی» و «بابانی».

بەیتی «لەشکری» و بەیتی «ئاوڕەحمان پاشا» هی کاتێکە کە کورد ئەمیری گەورەی لێ هەڵکەوتووە و ئەم ئەمیرانە تێکەڵن لەگەڵ ڕامیار و سیاسەتی ئێران و عوسمانی و ئیمپڕاتۆرانی ڕووس. بەڵام بەیت بێژ کاری ئەوە نییە کە ئەم پێوەندە وردە سیاسییانە لێک بداتەوە و هەر لەسەر پێ و شوێنەکەی خۆی ئەڕوا و بەگەز و ڕبەکەی خۆی ئەیپێوێ. «لەشکری» بۆیە خراپە، چونکە لەگەڵ گەورەی خۆی خراپ جووڵاوەتەوە، نەک لەبەر ئەمە کە لەگەڵ ئیمپراتۆری عوسمانی سازاوە «ینی چەری»و سوڵتانی عوسمانیش بۆیە خراپن و بۆیە لە بەیتەکەدا بەناوی «بڵحە ڕۆمی» ناوبراون، چونکە میرێکی کوردیان بەجامێک ژاراو بێ گیان کردووە، نەک لەبەر ئەمە کە هێرشیان هێناوەتە سەر کورد و هەبوونی نەتەوایەتییان لە ناو بردووە.

ئەمـە باسی ناوەڕۆکی بەیت بوو؛ هەڵبەت زۆر بەکورتی، چونکە لە سەرەتای نووسینی بەرنامەی تاپۆ و بوومەلێڵدا، بەدرێژە لەسەر ئەم باسە چووین و ئێستە مەبەست لە دووپاتەکردنەوەی تەنیا ئەمەیە کە کورتەیەک لە وتارەکانی پێشوو کە نزیکەی پێنج ساڵ بەسەریاندا تێپەڕیوە بێتەوە یادی گوێگرە بەڕێزەکانمان، بەڵام ڕواڵەت و قالبی کەلامیی بەیت بزانین چۆنە؟

بەیت هەر وەک لە ناوەڕۆکا تەواو کوردییە، لە قالبیشا وەهایە. لە بەیتا کورت و درێژی میسراع یا ڕازاندنەوەی ڕواڵەتی وتار بەچەشنێ کە لە شێوەی عەرووزییا هەیە، لە بەرچاو نییە و بەگرنگ داناندرێ. لە بەیتا مۆسیقای کەلام و ئاهەنگی وشە گرنگە و بەس. تێکەڵی و پەیوەندی بەیت لەگەڵ مۆسیقا تا ڕادەیەکە کە هەر بەیتی بەئاهەنگێکی تایبەتی مۆسیقا لێ ئەدرێ، تەنانەت ئەگەر وشە و وتاریش نەبێ، شمشاڵ ژەنێکی کورد ئەتوانێ بەیتێک لێبدا و گوێگر خێرا بزانێ کە خەریکی لێدانی کام بەیتە.

گوێگری بەڕێز باشە ئەمە بزانێ کە لەم بەرنامەدا ئێمە باسی ژیانی کوردەواری ئەکەین، ژیانی گشتی کوردەواری و کارمان بەسەر ئەمە نەداوە کە شاعیرێک و یا زانا و نووسەرێکی بەنەتەوە کورد، بەعەرەبی و یا زمانێکی تر چی نووسیوە. نووسین بەچەشنێ کە هەموو لایەک بگرێتەوە و لە هەوێڵی گش کەسێکا بێ، لە جامیعەی ئاژەڵداری کورددا نەبوو. لەبەر ئەمە وێژەی نەسر نووسینیش تا کاتێ کە ژیانی شارستانی کورد دامەزرا و سێڵاوی خێڵات لە هاتوچۆی گەرمێن و کوێستان دامرکا پەرەی نەگرت.

ئەڵێن بەڵگەیەک دۆزراوەتەوە کە بەزمانی کوردی نزیک بەبەشی گۆرانی نووسراوە و لەو نووسراوەدا سکاڵا کراوە لە هێرشی عەرەب و کوژانەوەی ئاورگا و تاڵانی ئاوایییەکانی کورد؛ هەڵبەت بۆ زانینی ئەم مەبەستە کە ئەم پارچە، یا ئەو پێستە وا شیعرەکانی لەسەر نووسراوە هی کام دەورەیە، ئەمڕۆ کەرەسەی باش هەیە و زوو ئەکرێ بزانرێ کە پارچەکە هی هەزار و چەند سەد ساڵ لێرەو بەرە، یان تازەیە و دەستی کابرایەکی هەڵپەرەست بۆ ناو و پارە کۆنی کردووە و بەناوی بەڵگەیەک بۆ مێژینەی وێژەی کوردی خستوویەتە ڕوو. هەرچی بێ کۆن یا تازە، ئەگەر چی لە



بارەی وێژەیییەوە لە کۆن ناچێ و دیارە لەسەر شێوەی هیجاییییە، شێوەیەک کە تەنانەت ئەو کاتە لە ناو فارسە پێشینەدارەکانیشا نەبوو، بەڵام هەروەک گوتم کۆن و تازە بوونی ئەم نووسراوە ڕێگای لێکۆڵینەوەکەی ئێمە ناگرێ و نابێتە مایەی ئەم بیرە کە لامان وابێ شێوەی هیجایی بەر لە شێوەی بەیتی لە ناو کوردەوارییا هەبووە. ئێمە زۆر زانا و مەلا و نووسەر و مێژوو نووسی گەورەی کورد ئەناسین کە لە زانستی ئیسلامییا هەڵکەوتوو بوون، بەڵام ئەو کەسانە لەگەڵ ئەوەشا جێگای ڕێزن، نایەنە ناو باسەکەی ئێمەوە، چونکە بەکوردی شوێنەواریان نییە و ئاساریان سەرچاوەی لە ژیانی کوردەوارییەوە نەگرتووە.

تا حەوتەی داهاتوو کە دیسانەوە پێکەوە دەچینەوە سەر ئەم باسە، بەخواتان ئەسپێرین.

## بەیت، بانگەوازی بلاوێنی ژێر دەوار

سەلام لە گوێگری بەهەست و هونەر پەرستی بەرنامەی تاپۆ. لە بەرنامەی پێشوودا گەیشتینە ئەم جێگایە کە بەیت یەکەمین و بێ تێکەلاویترین شێوەی وێژەیی کوردییە. شێوەی هیجایی بەتایبەت بیست هیجایی کە لەگەڵ باری زمانی کوردییا باشتر ئەگونجێ، لە شێوەی کوردییا پێشینەیەکی لە مێژینەی هەیە، تەنانەت لە بەیتیشا زۆرجار تووشی شێوەی بیست هیجایی ئەبین؛ بەلام شێوەی هیجایی بەچەشنێکی سەربەخۆ پاش شێوەی بەیت هاتۆتە ناو وێژەی کوردییەوە. وەک لە بەرنامەی پێشوودا باسمان کرد، ئەڵێن کە دەستە شیعرێک لەسەر پێستی ئاسک نووسراوەتەوە، دۆزراوەتەوە. شیعرەکە باسی هێرشی عەرەب ئەکا بۆ سەر خاکی کوردستان و خاپوورکرانی ئاوایییەکانی کوردستان و کوژانەوەی ئاورگاکان؛ لام وایە کە ژیانی کوردەواری لەو کاتەدا نەگەیشتۆتە ئابووری زەوی کێڵگە و ئاواییش بەو چەشنە کە لە شیعرەکەدا باس کراوە زۆر نەبووە. ژیانی کوردەواری لەو کاتەدا ژیانی ژێر دەوار و ڕەشماڵ بووە و ئێلاتی کورد لە هاتوچۆی گەرمێن و کوێستانا بوون؛ هەر لەبەر ئەمەش بووە کە لەشکری ئیسلام بە زۆری نەیتوانیوە بەسەریانا زاڵ بێ و شێوەی ژیانیان و بڕوای ئایینی ئەوان بگۆڕێ کە مێهر پەرستی یا میترائیسم بووە یا ئەگەر زۆر پێشکەوتووتر بووبێ، گەیشتۆتە یەزدانپەرستی و ئایینی زەردەشتی. کۆمەڵی کوردەواری ئەوکاتە لەسەر ژیانی ئاژەڵداری دامەزراوە لە ژیانی ئاژەڵدارییا ناکرێ نووسراوەی شیعری بەم هەستە کۆمەلایەتییەوە هەبووبێ.

خاوەنی تاریخی گوزیدە نزیکەی حەوسەد ساڵ لێرەوبەر باسێکی ئەوتۆ ئەگێڕێتەوە و هێرشی عەرەب و ڕووخاندنی ئاورگا و کوشتاری ئێرانییەکان باس ئەکا.

بابێینەوە سەر هەڵبەستی سەر پێستەکە. مامۆستا **عەلائەددین سەججادی، حوسێن حوزنی موکریانی** و چەن کەسی تر باسی ئەو بەڵگە شیعرەیە ئەکەن، بەلام هیچ کامیان ناڵێن کە خۆیان ئەو نووسراوەیان بەچاوی خۆیان دیوە؛ ئەوانیش هەر



بەگوایە و ئەڵێن ئیشەکە ئەبڕنەوە و هیشتا کەس نەیپرسیوە ئەی کوا ئەم بەڵگە هێژایە لە کوێیە و دەست کام کەسەوەیە.

**حوسێن حوزنی** ئەڵێ: «**بازیل نیکیتین** لە پەڕاوە بەنرخەکەیا کە ناوی «کوردەکان»ە باسی ئەم بەڵگەیەی کردووە.» من بەتەواوی بە تەرجەمە ئینگلیسییەکەی ئەم پەڕاوەیەدا گەڕام، باسێکی ئەوتۆم بەر چاو نەکەوت. بێگومان ئەگەر وێژەی کوردی لە سەدەکانی سەرەتای ئیسلاما گەیشتبایەتە ئەم پلە و پایەیە، تەنیا شوێنەوارێکی سێ چوار دێڕی لێ بەجێ نەدەما و ئەبوو ئێمە ئەمڕۆ زۆر پێستە ئاسکی وەهامان بەدەستەوە بوایە کە شیعری کوردی لەسەر نووسرابێ. نووسینی شەجەرەنامەی بێ بایەخ بۆ کورد نایگەیەنێتە هیچ کوێ و زۆرتر ئەبێتە هۆی سەرلێشێوانی ئەو کەسانە کە لێکدانەوەیەکی زانستییان بۆ هەموو ڕووداو و واقعەیەکی کۆمەلایەتی هەیە.

بەکورتی بیبڕمەوە، لەم ڕیزە وتارەدا نامانەوێ ئەمە بچەسپێنین کە کورد لە زانستی ئیسلامییا خاوەنی چ پلە و پایەیەک بووە یا گوێ نادەینە باسێکی درۆ یا ڕاستی وەک دۆزرانەوەی بەڵگەیەکی مێژوویی تاق و تەنیا بۆ وێژەی کوردی. باسی ئێمە لەسەر ژیانی گشتی خەڵکە، نەک هەڵکەوتوو و بلیمەتی وەها کە لە ڕادەی زانستی گەلەکەمان بەرزتر بوونەتەوە. ئێمە ئەمانەوێ باسی ئەو هونەرە بکەین یا ئەو ڕووداوە و ئەو بارە کۆمەلایەتی و ئابوورییە بخەینە بەرچاو کە بەچەشنێ تەئسیریان هەبووە لە ژیانی گشتی کوردەوارییا و تایبەتی کۆمەڵی کوردن.

بەیت بانگەوازی بەتەوژمی ژیانی کۆمەڵی ژێر دەواری کوردە. بەیت لایەنگری ژیانی ئازاد و خۆنەبەستنەوەیە بەکشتوکاڵەوە. بەیت نەوای تێکەلایەتی لەگەڵ سروشت و تەبیعەتی ڕازاوەی کوردستانە. هەر وەک لە بەیتی «شێر و کەڵ»دا بەرچاو ئەکەوێ. لەو بەیتەدا بەیت وێژ بەئاشکرا لایەنگری خۆی لە شێر – کە نموونە و مەزهەری ژیانی ئازادە – دەرئەبڕێ و بەسەر «کەلا»– کە ئەویش بەنۆبەی خۆی مەزهەری ژیانی نیشتەجێیی و ئابووری کشتوکاڵ – زاڵی ئەکا.

هەڵبەت ئەبێ ئەمە بزانین کە گۆڕانی ژیان لە ئاژەڵدارییەوە بۆ کشتوکاڵ لە تەواوی هەرێمەکانی کوردستاندا بەڕۆژ و سەعات و سەردەمێکی دابڕاو دیاریکراو دەستی پێ نەکردووە. ئێمە تەنانەت ناتوانین سەدەیەکی تایبەت هەڵبدەین و بڵێین لەو

سەدەیەدا ژیانی ژێر خێوەت و دەوار، ژیانی گەرمێن و کوێستان چوونی خێڵات گۆڕاوە بەژیانی ناو ئاوایی و خێڵات لە کۆڵ کەوتن و نیشتەجێبوون. لەبەر ئەمە ناشتوانین هونەری تایبەتی ئەو دوو چەشنە ژیانەش لە پەرژینی سەدەیەکی تایبەتا دامەزرێنین و ئەمەیە کە ئێمە لە ژیانی کومەڵی ئاژەڵداری کوردا ئەبینین کە شیعری عەرووزی هەیە وهی سەرای ئەمیرە کوردەکانە و هەروەها ئەشبینین کە لە ژیانی کشتوکاڵی کوردەوارییا بەیت ئەگوترێ. بەڵام نە شیعری عەرووزی ئەو کاتە و نە بەیتی سەردەمی ئابووری کشتوکاڵ، ئەو هێز و توانایەیان نییە کە ئەبێ بیانبێ. لە ڕاستییا شیعری عەرووزی سەرای ئەمیرە کوردەکان چەشنێک بەپیرەوە چوون و ئیستقباڵە لە گۆڕانێک کە چینی تێر و تەسەلی ئەوکاتە بەپێویستی ئەزانی. شیعری عەرووزی بێ ئەوە بتوانێ لە ناوی هەوای کۆمەڵا بژی و لە ناو باغچەی هەناوی گشتیا بڕوێ لە کۆشکی ئەمیران و لە گوڵدانی سەر هێلانی خانووبەرەی چەن قاتی ئەوانا ئەپشکوێ. بێگومان ئەو گوڵە دەسنێژە لەو گوڵدانە تەنگەدا ناتوانێ بەخۆیا بێ و چرۆ دەر بکا و بۆنی خۆشی بەهەموو لایەکا بڵاو کاتەوە.

بەیتبێژی لە سەردەمی زەوی کێڵگەشدا خاوەنی بارێکی ئەوتۆیە و ئەویش ناتوانێ بەهێز و پەرەگر و پتەو بێ، چونکە ئیتر لەو سەردەمەدا بەیت نیازی گشتی کۆمەڵی نیشتەجێ نییە چینی خوارەوە بەبەیت گوتن لە ڕاستییا ئەیەوێ بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێشوو؛ یا لانی کەم، یادی سەردەمی پێشوو کە بەرەنگاری چینەکان هێندە زۆر نەبوو لە دەروونیا زیندوو کاتەوە.

بەم چەشنە شیعری عەرووزی سەردەمی ئاژەڵداری ئەبێ بەلالایی بۆ کۆرپەیەک کە هێشتا لە دایک نەبووە و شیعری بەیتی کاتی ئابووری کشتوکاڵ ئەبێتە گریان بەسەر مردوویەکا کە ئیتر زیندوو نابێتەوە.

دیسانەوە باسەکەمان درێژەی ئەبێ و لە بەرنامەیەکی ترا کە پێکەوە کۆئەبینەوە، لە سەر لێکدانەوەکەمان ئەڕۆین. تا ئەو کاتە خواتان لەگەڵ.



## وەزنی «عەرووزی» و وەزنی «بەیتی»

سەلام لە گوێکری هۆگری هونەر.

زۆر جار ئەم پرسیارەمان لێ کراوە کە بۆچ لە بەرنامەکەماندا هەڵوێستێکی دژانە ئەگرین بەرامبەر بە شێوەی عەرووزی؟

هەندێ لە گوێگرە بەڕێزەکانمان لە ڕەخنەگرتنەکەیاندا شاعیرانی بەرزی کوردیان بەنموونە هێناوەتەوە نووسیویانە کە «نالی» و «خانی» و «بێکەس» و «پیرەمێرد» و «وەفایی» بەم شێوەیە شیعریان گوتووە و دژ بوونی ئێمە لەگەڵ شێوەی عەرووزی واتە دژ بوونمان لەگەڵ بەشی هەرە بەرز و بەهرە و بەری داری وێژەی کوردی، جگە لەمانەش هەندێک لە ڕەخنەگرانی تووڕەمان نووسیویانە کە بۆچ ئێمە لامان وایە شیعری کوردی ئەبێ بگەڕێتەوە سەر شێوەی بەیتی کە شێوەیەکی سەرەتاییە و ناتوانێ واتەی قووڵی شاعیرانە لە خۆیا جێ بکاتەوە؟ ئێمە پاش مووسیقایەکی کورت وەڵامی ئەم ڕەخنە و پرسیارانە بەوردی ئەدەینەوە.

پێش هەموو شت ئەبێ بڵێم کە ئەگەر چەوتی و هەڵەیەک لە بڕواکەمانا سەبارەت بە شیعر و لێکدانەوەی هونەری هەیە، هەر خۆمان ئەگرێتەوە و کاری بەسەر بیروباوەڕی هەموو نووسەرێکی کوردییەوە نییە.

عەرزتان ئەکەین کە ئێمە بەهیچ بارێ دژی شێوەی عەرووزی نین، تەنیا ئەوە نەبێ کە تایبەتییەکانی ئەو شێوەیە و چەشنی پەیدابوونی لە وێژەی کوردییا باس ئەکەین و ئەڵێین کە شێوەی عەرووزی لە پێشا نەبوو و کاتێ هاتە ناو وێژەی کوردییەوە کە زیاتر لە هەزار ساڵ بوو لە وێژەی هاوسێکانی کوردا جێگیر ببوو. لەراستییا داوخوازو نیازی کۆمەڵ نەبوو کە ئەو وێژەیەی کرد بەناو، بەڵکوو پێتەویستی کەمایەتییەکی ئەشراف و ئاریستۆکرات وەک دەرەبەگی زل و چینەکانی تری حەساوە و تێر و تەسەل بوو کە نیازی بەوێژەیەکی دوور لە تێگەیشتنی چەوساوەکان بوو بۆ خەڵەتاندنیان و گێژکردنیان. ئەمە ئیتر وەک ڕۆژ ڕووناکە کە «بەیت» هی

خەڵک بوو و خەڵک لێی تێئەگەیشت؛ بەگوێ لێبوونی ئەگریا یا پێئەکەنی، یا هان ئەدرا و ئەبزووت؛ لە کاتێکا کە بەشیعری مینیاتۆری و پرپێچ و قەمچ و ڕازاوەی عەرووزی کە باسی واتەیەکی بەرزتر لە وزەی دەستکورتی فامی ئەوانی ئەکرد هەر تەقەی سەریان ئەهات و زاریان تاک ئەبوو وەک ویردێکی جادووکارانە ببیستن. شاعیری عەرووزی ئەیگوت:

بۆ لەسەر چەشمەیی چەشمم نەچکێ قەترەیی خوێن

وشەکان هەموو فارسین، جگە لە «بۆ» و «لە» کە دوو «قەید»ی بچووکن، لە کاتێکا ئەکرا بڵێ «بۆ لەسەر چاوەیی چاوم نەتکێ تککەیێ خوێن».

ڕەنگە گوێگرانی بەڕێز ئەمەیان بەدڵ بێت کە قۆناغی شێوەی عەرووزی جیا بوو و کات پێتەویستی بەمە بوو کە تێکەڵییەکی زۆرتری هەبێ لە نێوان ئەدەبی گەلانی دراوسێدا و نموونەیان ئەمە بێ کە وێژەی فارسی بە وەرگرتنی عەرووز لە عەرەب زیانێکی تووش نەهاتووە، بەڵکوودەوڵەمەندترو بەرینتر و شکۆدارتر بووە؛ بەڵێ دروستە، بەڵام وێژەی فارسی، «بەیت»ی نەبووە... و کاتێ عەرووز هاتووە وێژەی فارسی دەستکورت و سەرەتایی بووە، جگە لەمەش هەزار ساڵ لە وێژەی فارسییا کار لە عەرووز کراوە، «وەزن» و «بەحر»ی تازە و گونجاو لەگەڵ چۆنیەتی زمانی فارسییا دروست کراوە.

ئەگەر سەیری وێژەی شێوەی «خوراسانی» بکەین، بەتایبەت لە شوێنەواری شاعیرانی پێشووی ئەو سەبکەدا زۆرجار چاومان بەلەنگ و لۆری و خێچ و خواری ئەکەوێ و دەرئەکەوێ کە لە خۆڕایی نەبووە ئەم نیوە شیعرە لە فارسییا بۆتە نەزیلە و کەوتۆتە سەرزاری خەڵک. شاعیران ناچار بوون سەر و گوێی وشە بشکێنن و لە قالبی داڕژراوی عەرووزا جێگای بکەنەوە. لەبەر ئەمەیە کە ئەڵێن «در تنگنای قافیە خورشید خر شود»؛ ئەگونجێ ئەمەش کە ئەڵێن «یجوز للشاعیر ما لا یجوز لغیرە» هەر لەبەر ناچاربوونی شاعیر بێ لە پەیڕەوی کردنی عەرووز؛ کە وەها بوو کورد بۆچ وێژەی خۆی بخاتە چوار چێوەیەکی داتاشراوی دەستی گەلێکی ترەوە، کە زۆر تەسک و تەنگ و بڕست بڕە. ئایا کەس هەیە کەمەری وەک موو و بەژنی وەک چنار و چاوی وەک ئەستێرە و برژانگی وەک شیر و برۆی وەک کەوان و زولفی وەک زرێی پێ



جوان بێ؟ ئاخۆ ئەگەر ئافرەتێک بەم شکڵ و سەر و سیمایەوە بێتە خەونی کەسێک لێی ناترسێ؟ بەڵێ کاتێ عەرەب و فارس ئەم تەشبیهانەیان کردووە کە ئەم چەشنە چەکانە لە شەڕا کەڵکیان لێ وەرگیراوە و لە ژیانی کۆمەڵا تەئسیریان هەبووە، لە کاتێکا بۆ کورد ئەم باسە نییە؛ کورد کاتێ شیعری عەرووزی وەرگرتووە کە زرێ و شیر و تیر و کەوان تەنیا لە مووزە و عەنتیکەخانەکاندا مانەتەوە. بەم چەشنە وێژەی کوردی بەچاوێکی بەستراوەوە بۆ ماوەیەک کەوتۆتە شوێن تەقلید و لاسایی کردنەوە و سەربەخۆیی خۆی لە دەست داوە. جا ئەمە لەبەر چی؟ بێگومان هەر لەبەر ئەمە کە چەک بێ بۆ چینی دەرەبەگ و چینە بەدەسەڵاتەکانی تر.

«حاجی قادر» لە غەزەلێکا ئەڵێ:

پێم خۆشە غەزەل فەڕشی قودوومی عوقەلا بێ
نەک بێتوو لەبەر کەن جوهەلا لەفز و مەعانی

لەگەڵ ئەوەشا کە «حاجی» بەلامەوە بەڕێزە، ناچارم بپرسم «جوهەلا» کێن؟ ئەو کەسانەی کە دەرەبەگ ڕێگای خوێندنی لێ بەستوون؟ ئەو کەسانەی کە تێناگەن لەم هەموو پێچ و قەمچە کە شاعیران ئەیدەن بەشیعرەکانیان... ئاخۆ ئەمانەن «جوهەلا»؟! ئایا دانەری بەیتی «سەیدەوان» کە شان لە شانی «ئۆتیللۆ» و «هاملێت» ئەدا جاهیلە؟ لێرەدایە کە ئەبێ دەنگ بدەمە پاڵ دەنگی «گۆران» و بڵێم:

بەڵام چی بکەم لە ناو چاوی ڕەشی بەعزی زەکای گەورە،
وەکو تۆوی گوڵی دەم با لەسەر بەردێکی ڕەق ئەڕوێن.

هەر لەم غەزەلەدایە کە حاجی ئەفەرمووێ:

تا دەستی نەدا خەنجەر و نەیفەرموو دەسا دەی...
نەمزانیبوو دڵدارم دەهان و میانی هەیە

«دەهان» و «میان» کوردی نین و ئافرەتێک کە «دەهان» و «میان»ی دیار نەبێ، یەک لەبەر بچووکی و یەک لەبەر باریکی، جوانییەکەی لە کوێدایە؟ بەلای منەوە ئەمە نەخۆشییە... «ئاهۆ»یەکە کە وێژەی کوردی گرتوویە و ئەبێ تێبکۆشین لەوە ڕزگاری کەین. گۆران ئەڵێ:

ئەی قژ زەرد، ئەی بەژن و باڵا کەڵەگەت...

زۆر ساکار و زۆر جوان و نزیک لە لێکدانەوەی زۆربە و قسەی ڕۆژانەی خەڵک.
هەر لەم هەڵبەستەدا کە ناوی «بۆ قژ زەردی بەردەرگا»یە، «گۆران» ئەڵێ:

ئەبینم پەپوولەی نیازی گفتوگۆ
دوودڵ ڕاوەستاوە لەسەر گوڵی لێو
ئاخ خۆزگە هەڵئەفڕی، ئەمزانی ئاخۆ
ڕاسپێری چی پێیە بۆ گیانی پەشێو

ئەم بەرنامەیە لێرەدا تەواو نابێ لەسەر ڕۆیشتنێکی زۆررتری ئەوێ کە ئەیهێڵینەوە بۆ بەرنامەیەکی تر. تا ئەو کاتە خواتان لەگەڵ.

١٣٥٢/١/٢٠



## شیعری کوردی و کێشی عەرووزی

سەلامێکی بەتین پێشکەش بەگوێگری هونەرناس.

له بەرنامەی پێشوودا وەڵامی پرسیارێکمان داوە بەناتەواوی و هێشتمانەوە بۆ بەرنامەیەکی تر کە لەسەری بڕۆین. ئەگەر لە بیرتان مابێ ڕەخنەیان لە ئێمە گرتبوو کە بۆچ سەبارەت بەشیعری عەرووزی باش نادوێین. ئێمە بەرنامەی ئەمڕۆشمان دیسان تەرخان ئەکەین بۆ ئەم مەبەستە و برێ شوێنی تاریکی مەبەستەکە ڕووناک ئەکەینەوە.

بێگومان بیستووتانە کە ئەڵێن فلانە شاعیر یا فیسارە هونەرمەند خاوەنی مەکتەبێکی تایبەتە و ڕێگا و شوێنێکی تایبەتی خۆی لە هونەرا دۆزیوەتەوە. دۆزینەوەی ڕێگا و شوێنی تایبەت یانی چی؟ مەگەر هونەر بۆ نواندنی جوانی دەرخستنی دزێوی نییە؟ هەموو هونەرمەندێک ئەبێ کاری ئەمە بێ و هەر کەس ئەمە کاری بوو. هونەرمەندە و لەگەڵ هونەرمەندی ترا جیاوازی نییە. بەڵێ وەهایە؛ هونەرمەند پردێک هەڵئەبەستی لە نێوان کۆمەڵ و ڕاستەقینەدا و ئەیەوێ ئەم دووانە بەیەکەوە پەیوەند بدا و بەیەکیان بگەیەنێ. واتە کاری ئەمەیە کە کۆمەڵ تێبگەیەنێ کە ڕاستەقینەی دەوروپشتی چییە؟ ژیان بە چ بارێکا کەوتووە؟ بەڵام ئاخۆ هەموو ئەندازیارێک وەک یەک پرد دروست ئەکەن؟ کە وەها بوو ئەبوایە پردەکانی تەواوی جیهان یەک چەشن بوایە. کەچی ئێمە ئەبینین کە پردێک لە ئاسن و بتۆنە و ئەوی تر لە قوڕ و قسڵە؛ سێهەمیان لە دار و پەردووە. یەکێک ڕاستە، یەک کەوانییە، یەک زۆر لە ڕووبارەکە بەرزترە و یەکێک نەوییە. هەرکام لەمانە بۆ ئاکامێک لەبەر چاو گیراون. جێگای وا هەیە هاتوچۆی زۆر بەسەرا نییە، باری قورسی بەسەرا ناڕوا، ئەگەر لە دار و پەردووش بێ، قەیدی نییە. یەکێک لە ناو شارە و جگە لەمەی کە پردە، مەکۆی خەڵکە و جێگای گەشتی ئێوارانە، ئەبێ جوان بێ؛ با دراوێکی زۆریش بۆ ڕازاندنەوەی بدرێ. یەکێک کەوانییە، چونکە ئەندازیارەکە بەگوێرەی لێکدانەوەی ڕەق

و نەرمی خاکەکە، وای باش زانیوە کە کەوانی دروست بکا و زۆری بۆ نەیەت. شاعیریش وەهایە. هەر کام چەشنێ ئەدوێ. گاهێ بەحەماسە، کاتێ بەوشەی نەرمی دڵدارانە، دەمێ بەرازاندنەوەی تەبیعەت و ژیان تەنانەت گاهێ بەتوانج و تەوس!! هەموو ئەم کارانەش بۆیە ئەکا خەڵک تێبگەیەنێ. لە ڕاستیا شێوەی هونەری هونەرمەند بۆ کورت کردنەوەی نێوانی خەڵک و ڕاستەقینەیە.

ئەڵێن حافز خاوەنی شێوەیەکی تایبەتە، هەروەها سەعدی، شکسپێر، هۆمێر، فردەوس، گۆران، لێئۆناردۆ دواینچی، موتزارت، پیکاسۆ و زۆر هونەرمەندی تر. ئەوانە کە پاڵیان داوە بە لووتکەی بەرزی ناو و نیشانەوە لە هونەرا لاسایی کەرەوەی خەڵکی تر نەبوون. لەتەواوی شیعری شاعیرانی کوردییا بگەڕێی، زۆرتر لە چەن شاعیرت دەس ناکەوێ کەلاسایی کەسیان نەکردبێتەوەو خەڵک کەوتبێتە شوێن شێوەی ئەوان. ئێمە لە شیعری کوردییا چەند شێوەی دیار و تایبەتمان هەیە. شێوەی **بەیتی**، شێوەی **هیجایی**، شێوەی **عەرووزی**، شێوەی **نوێ**. لەو ناوەدا تەنیا شێوەی عەرووزییە کە پاش پاککران و ئامادەبوون بە هۆی گەلانی ترەوە گەیشتۆتە دەستی ئێمە و ئەگەر ماڵی خەڵک خۆر نەبین، ناتوانین بە خۆماڵی بدەینە قەڵەم. کە وەها بێ هەر لە پایەوە بەلای منەوە شاعیری عەرووزی شاعیر نییە، چونکە جگە لەوە کە کەوتۆتە شوێن شێوەی شاعیرێکی تر، شاعیرەکەی پێشووش کورد نەبووە. کورد نەبووە یانی چی؟ یانی لە باری ژیان و خەم و خوشی مێژوو و خوو و ڕەوشت و خواست و ویستی کورد نەشارەزا بووە. چەشنە شاعیری عەرووزی هەرگیز نەیتوانیوە پردێک هەڵبەستێ لە نێوان کۆمەڵ و ڕاستەقینەدا. چونکە ڕاستەقینەی وڵاتی سەر سەوزی کورد و ئابووری تایبەتی ئەم وڵاتە ئەوە نییە کە شاعیری عەرووزی باسی ئەکا. من ناڵێم بە هیچ بارێک بەشێوەی عەرووزی ناکرێ باسی ڕاستەقینەی ژیانی کوردەواری بکرێ، ئەبینین کە شاعیری وەک پیرەمێرد و نالی ئەم کارەیان کردووە باشیش سەرکەوتوون، بەڵام شێوەی نوێ باشتری ئەکا، هەراوترە، دەست و پێی شاعیر بەکۆت و زنجیری «مفاعلاتن و مفتعلن» نابەستێ.

دێمەوە سەر سەرەتای وتارەکە کە گوتم ئەڵێن فلان شاعیر شێوەی تایبەتی هەیە و چونکە ڕێگای تایبەتی دۆزیوەتەوە و نەکەوتۆتە شوێن شاعیرانی پێش خۆی، شاعیرێکی بەرزە؛ ئەگەر ئەمە بۆ تاقە شاعیرێک ڕاست بێ و دۆزینەوەی ڕێگای



تایبەت نیشانەی گەورەیی و سەربەخۆیی شاعیر بێ، بۆ گەلیش وەهایە. واتە ئەگەر نەتەوەیەکیش ڕێگا و شوێنی وێژەیی تایبەتی خۆی هەبوو و دەستی بۆ هاوسێکانی درێژ نەکرد تا وێژە و هونەریان لێ بخوازێتەوە، ئەم گەلە لە وێژەدا سەربەخۆیە و مەزنە.

ئەزانین کە شێوەی عەرووزی هی کورد نەبووە،لەگەڵ تەبیعەتی زمانی کوردییا نایەتەوە، ناوەرۆکی کە تا ئێستا شاعیرانی کورد (ئەگەر چاو بپۆشن لە چەند شوێنەواری بچووک) خستوویانەتە ناو قالبی عەرووزەوە لەگەڵ لێکدانەوەی زۆربەی کوردا جیاوازی هەبووە و بۆنی غەریبی لێ هاتووە. کاتێ مەم و زین هەن، لەیل و مەجنوون کێن؟ کاتێ چیای مەغلووب و سەری سیپان و قەندیلی مامەکۆیان و پێرس و چیای شیرن و شاهۆ، سەریان لە سینگی ئاسمان ئەستوون، دوجەیلە و واحە چاڵاوێک و زیخی ڕەوان و دڕووی موغیلان و وشتری پێ پان، چین کە لە وێژەی ئێمەدا مۆڵ بخۆن؟! ئەمانە بۆ ئەوان باشن و بۆ ئێمە لێدوانیان هەر گێژی و کاسی پێوەیە و هیچی تر.

قسەی دواییم ئەمەیە کە دڵم ئەسووتێ لەسەر کانیاوێکی خورۆشاو کە لە ژێر ڕنووی بەفری کۆن دێتە خوارەوە دانیشم و بەردەمم دەشتێکی خەملێوی بە شەست پەڕو شەوبۆ و شلێرە بێ و داوێنی چیای ئەوبەرم وەک نۆ بووک تارای سووری داری ئەرخەوانی بەسەردا دابێ لەم حاڵەتەدا ناچار بم بیر لە دەشتێکی قاقڕی ڕەمڵین بکەمەوە کە «قەیس»ە شێتی تێدا وێڵ بوو. ئەوە من و ئێوەش نازانم!

تا بەرنامەیەکی تر خواتان لەگەڵ

٥٢/١/٢٩

## جیاوازی نێوان حافز و نالی

سەلامی گەرم و گوڕی ئێمە پێشکەش بەگوێگری بەهەستی بەرنامەی تاپۆ.

هیوادارین سەربەرز و بەختیار بژین. ئێستا لە سەرەتای بەرنامەکەدا گوێ بگرن بۆ پارچە هەڵبەستێکی مامۆستا نالی:

قوربان مەحاڵە پێکەوەبن سەبر و ئیشتیاق
خاریج لە نەسسی ئایەیە تەکلیفی «لایوتاق»
مەعنایی نوور و زوڵمەت و نەشری حەیات و مەوت
بوو، ڕوو و زوڵف و ڕۆژی ویسال و شەوی فیراق
ئیزهاری ئیددیعاتی تەسەببور لە وەسڵی تۆ
یا مەکرە، یا دەسیسەیە، یا کیزبە، یا نیفاق
بۆ تۆ کە بیکر و تازە، وەکو حۆری جەننەتی
قەیدی چییە عەجووزەی دونیا بدەم تەڵاق؟!
شیرینیی و لە تاڵی و ترشی عیتابی ڕووت
خاڵت لەسەر جەبین بووەتە دانەیی سوماق
سۆفی لە فەقر و فاقە وەکوو فاقە فاقی دا
تەسبیحی دام و دانەیە، ڕیشی دوو فاقی فاق
ئەی میهری میهرەبان وەرە سەربانی بامیداد
با مەهرووان ببن بە هیلالی شەوی میحاق
نالی کە سەدری مەسنەدی تەمکینی تەکیە بوو
بۆ تۆ بووە بەدەرەبەدەری کووچە و سوقاق

نالی، مامۆستای بەرزی ئەدەبی کورد، ڕەنگ و بەروبووی شیعرەکانی لە شوێنەوارە بەنرخەکانی حافز ئەچێ. تەنیا جیاوازییەک لە نێوان ئەم دوو شاعیرەدا



بەرچاو ئەکەوێ، تامێکی سۆفیانە و عارفانەیە کە لە شیعرەکانی خواجەی شیرازا هەیە، لە بەرامبەرەوە نالی زیاتر خۆی داوەتە ڕازاندنەوەی ڕواڵەت و هێنانی سەنایعی لەفزی و بەلێکدانەوەیەکی تر نالی لە باری تەعبیر و هەڵبژاردنی ئیستعارە و تەشبیهات، لە سەبکی هیندی نزیکە. بۆ نموونە واتەی سۆفی لە زبانی حافزا ئەم ئادەمیزادە سەر و پرچ ئاڵۆزە فێڵبازە نییە کە نالی باسی ئەکا، بەڵکو ئینسانێکە گاهێ سەرەڕۆی دۆزینەوەی ڕازی هەستییە و زەمانێکی تر شوێنگرتووی ڕێو شوێنی قوبوولکراوی سەردەمی خۆیەتی و گوێ لە مستی شێخ و پیر، بەڵام لە هیچ کاتێکا چەشنی ئەو سۆفییە کە نالی لەو شیعرانەی سەرەوەدا باسی ئەکا نزم نابێ و بەچاوی سووک تەماشا ناکرێ. حافز ئەڵێ:

صوفی سرخوش از این دست که کج کرد کلاه
به دو جام دگر آشفته شود دستارش

هەڵبەست لە سەردەمی حافزیشا خۆپارێزی بەدرۆ و خواناسی بۆ فریوی خەڵک بووە، بەڵام شاعیری گەورەی شیراز ئەم تاقمە بەسۆفی ناو نابا، گاهێک بەقازی، جارێک موحتەسیب و شەحنە و دارۆغە و زەمانێ بەناوێکی تر ئەیانگرێتە بەر تیری تانە و توانج. نالی خاوەنی ئیدئۆلۆژی و مەکتەب و فەلسەفەیەکی تایبەت نییە کە لە سەرتاسەری دیوانەکەیا شوێنی ئەم بڕوا ئایینیی و کۆمەڵایەتییەی گرتبێ. جارێک شیعرەکانی لیریک و غەناییە، گاهێک تیپیک و حیماسی، زەمانێکیش ئەکەوێتە سەرباری شیعری گەل. لە کاتێکا حافز بەهیچ بارێ خۆی لە کاری گەلی و ناسیۆنالیستی نەگەیاندووە. لە سەردەمی حافزا ئەنتەرناسیۆنالیستێکی کۆمەڵایەتی و حقووقی بەسەر هەموو وڵاتە ئیسلامییەکاندا فەرمانڕەوا بوو و لە ڕوانگەی زانیاری و ئەخلاقەوە وڵاتانی ئیسلامی زۆر بەیەکەوە بەستراو و لە یەک نزیک بوون.

لە تەواوی شوێنەوارەکانی سەردەمی پێش حافز وەک دیوانی ناسر خوسرەو، ئەبولعەلای موعەرری و مەولانا دەرئەکەوێ کە مەبەستێک بەناوی گەل نەهاتۆتە ناو شیعرەوە. تەنیا زامێک کە لەشی کۆمەڵی ئیسلامی ئازار دابێ بۆتە هۆی بزواندنی هەستی شاعیری بارهاتووی فەرهەنگ و زانیاری ئیسلام. تەنیا خوو و ڕەوشت و

ڕێگا و شوێنێک بەخراپ دراوەتە قەڵەم کە لەگەڵ ڕەوشتی پەسندکراوی ئیسلامییا نەهاتبێتەوە. هەڵبەت ڕەوشتی ئیسلامی لە ڕوانگەی فەلاسەفە و فەقیهاندا جیاوازی هەیە و هەرکام بەلێکدانەوەی خۆیان ڕوانیویانەتە سەر ئەم ڕەوشتە. حافزی خاوەن مەشرەبی فەلسەفی، تەنیا ڕواڵەت و تێکوڵی مەبەستەکە نابینێ و بەناخیا ئەچێتە خوارەوە و لە کاتێکا تێکوڵ پەرستی ڕواڵەت بێن گیرۆدەی زاهیرە. حافز ئەڵێ:

در میخانه ببستند خدایا مپسند
که در خانەی تزویر و ریا بگشایند

یا ئەفەرمووێ:

زاهدان کاین جلوه در محراب و منبر می کنند
چون بەخلوت می روند آن کار دیگر می کنند

ئەبینین کە سکاڵای حافز لەمەیە کە ئایین و خوو و ڕەوشتی باش گۆڕاوە و ئەو کەسانە وائەبێ جێگای چاولێکەری و پەندوەرگرتنی خەڵک بن، خۆیان هەڵەڕەوتی سەرشێوێن.

ز باده هیچت آگر نیست این نه بس که ترا
دمی ز وسوسەء عقل بی خبر دارد

لە جێگایەکی تریشا ئەفەرمووێ:

پیاله بر کفنم بند تا سحرگه حشر
به می ز دل ببرم هول روز رستا خیز

شاعیرێکی تری فارسیش خەفەتی خۆی لەم هەموو خراپە و نزمییە کە لە کۆمەڵا بەرچاو ئەکەوێ، بەم چەشنە دەرئەبڕێ و بێزاری ئەنوێنێ لە خەڵکی جیهان:

مرا به روز قیامەت غمی که هست این است
که روی مردم دنیا دوباره باید دید

هەڵبەت بەرامبەر کردنی نالی و حافز کاتێکی هەراوتری ئەوێ. بەڵام لە خوێندنەوەی شوێنەوارەکانی ئەو دوو شاعیرە و لە ناوەرۆکی غەنایی شوێنەوارەکانیان دەرئەکەوێ کە لە یەکچوون و لە یەک نزیکی لە نێوانیانا زۆرە.



لێرەدا گوتنی مەبەستێک بەلای منەوە زۆر پێویستە و ڕەنگە بکرێ ئەسڵ و پایەیەکی کۆمەڵایەتی لەسەر دابنرێ. مەبەستەکە ئەمەیە کە پاش شێوەی عێراقی، شێوەی هیندی لە ئێرانا پەیدا ئەبێ و لە ئەوروپا لە دوای شێوەی ڕۆمانتێکدا شێوەی سووریێالیسم و سەمبۆلیسم باو ئەبێ ئەزانین کە شێوەی هیندی بەم هەموو پێچ و قەمچ و مینیاتۆری ڕواڵەتەوە کە هەیەتی زۆر لە شێوەی سەمبۆلیکی ئەوروپا ئەچێ. من لام وایە هەم ئێران و هەم لە ئەوروپا کاتێ هونەرمەند و شاعیر دڵسارد ئەبێ لە گێڕانەوەی ئەو شتە وا لە پێشا هەبوو و مەئیووس ئەبێ لەوە کە ئەو شتە وا دڵخوازیەتی دابیمەزرێنێ؛ ناچار دان بە شکستی خۆیا ئەنێ و تەریق ئەبێ و پاڵ ئەدا بەتاقمی کەمایەتی بێ دەربەستەوە. لە ئەوروپا شاعیر هەست ئەکا ئەو شتە وا بۆ دامەزراندنی تێکۆشا، واتە بورژوازی، زۆر لە ڕوانگەی دادگەرییەوە جیاوازی نییە لەگەڵ فێئۆدالیسم و لە ئێرانا کاتێ ڕێکوپێکی و برایەتی ئیسلامی ئەشێوێ و شاعیر بەچاوی خۆی نزمی و چەپەڵی پەرەگری کۆمەڵایەتی ئەبینێ و هیچیشی لە دەس نایە هەر دووک مەئیووس ئەبن. ئەو شوێن سەمبۆلیسم ئەکەوێ و لە توێی تارادا بووکی واتە و مەفهووم ئەشارێتەوە؛ ئەم دەس ئەکا بەڕازاندنەوەی ڕواڵەتی خانووبەرەیەک بەناوی هونەری شیعری کە ناو ماڵ و ژوور و هۆدەکانی هیچیان تێدا نەماوە.

تا بەرنامەی داهاتوو بەخواتان ئەسپێرین. ئەم کاتە و هەموو کاتێکی تری ژیانتان شاد.

## کەی کێشەی نێوان شیعری کۆن و نوێ ئەبڕێتەوە؟

سەلام لە گوێگری هەستیار و بیستیاری هۆگری هونەر.

گوێگرێکی بەڕێز بەناوی وەفای عەزیزی لە سنەوە نامەیەکی گەرم و گوڕ و برایانەی بۆ نووسیوین و چەند پرسیارێکی کردووە. نامەی ئەو گوێگرە بەڕێزەمان کەوا دەرئەکەوێ خاوەنی چێشکەیەکی پاراو و بەهرە و بەرێکی هونەرییە بۆ ئەوە ئەشێ کە بڕێکی بۆ بیستیاران لێ بخوێنینەوە.

... کاک وەفا ئەنووسێ: «جیهان و کەون لە گۆڕاندایە بەتایبەت بەپێی گۆڕانی جیهان خواست و ویستی ئادەمیزادیش ئەگۆڕێ و کاروباری کۆمەڵایەتی و ئەوەی وا پێی ئەگوترێ زانیاری کۆمەڵ و کۆمەڵناسی لەگەڵ چەرخ و خولی جیهاندا ئەگۆڕێ. واتە ئەو شتە کە ئەمڕۆ باوە و کۆمەڵ نیازی پێی هەیە، بەیانی کۆن ئەبێ و لە ڕیزی نیاز و پێداویستەکانی گەل و کۆمەڵ ئەخرێتە کەنارەوە و شتێکی تازە جێگای ئەگرێتەوە. ئەم گۆڕانە وەنەبێ هەر لە هونەرا بێتە پێش، بەڵکو لە هەموو بار و لانێکی ژیانی ئینسانیشا خۆی ئەنوێنێ. دوێنێ کابرای فەیلەسوف و فیزیک زان کاتێ هەستی کرد کە لە گەرماوەدا سەنگایی هەموو شت کەم ئەبێتەوە، بەلەشی ڕووت لە گەرماوەکە هاتەدەر و سەرخۆشانە نەڕانی: « دۆزیمەوە... دۆزیمەوە!» پاش ئەو زانایەکی تر لە ژێر دارە سێوێکا دانیشتووە؛ سێوێکی گەیشتوو لە لقێکی دارەکە بووەوە و کەوتە سەرکۆشی. بیری کردەوە لە لقی دارەکەوە تا سەر زەوی فەزایەکی بەتاڵە و لە دارەکەوە بەرەو سەرووتریش بەتاڵە و جگە لە هەوا هیچی تری تێدا نییە. کە وەهایە بۆچ ئەو سێوە بۆ فەزای ژوور ناچێ و ئەکەوێتە سەر زەوی؟ بەبیر کردنەوە بۆی دەرکەوت کێشەرێک لەم زەوییەدا هەبێ وا هەر شتێک لە بەرزاییەکەوە بەری دەیەوە ئەکەوێتە سەر زەوی و لەو ڕۆژەوە کە «نیۆتۆن» ئەم ڕازەی دۆزییەوە **یاسای کێشەری گشتی** واتە قانوونی جازیبەی عموومی پەیدا بوو. ئەو ڕۆژانە بۆ ئادەمیزاد زۆر بە بایەخ بوون و پێداویستی ئادەمیزاد بوو کە سەر لەم ڕازانە دەربهێنێ. بەڵام





ئەمڕۆ هەموو منداڵێکی پۆلی ناوەندی ئەم کەشفە زانستییە گرینگانە ئەزانێ، کە وەهایە هەموو شت لە گۆڕاندایە و هەموو شت پاش ماوەیەک کۆن ئەبی و جێگای خۆی ئەدا بەشتێکی نوێ. ئەی لەبەرچی باسی کۆن و نوێ لە شیعردا نابڕێتەوە؟ بۆچ بەم شێوەیە کە شێوەی باوی ڕۆژگاری ئێمەیە ئەڵێن شێوەی نوێ؟ جا چ نەققاشی بێ، چ پەیکەرسازی، چ وێژە؟ ئاخۆ باشتر نییە ئەم شەڕی کۆن و نوێیە ببڕێتەوە، وەک لە زانستا بڕاوەتەوە؟ ئەمە پرسیارێکم بوو، پرسیارێکی تریشم هەیە؛ لەبەرنامەی تاپۆدا زۆرجار وشەی ئیماژمان بەرگوێ ئەکەوێ. ئاخۆ ئیماژ هەر ئەو سفەتە لەفزییەیە کە لە شیعری کۆنا پێی ئەگوترا ئیستعارە؟»

لەپێش هەموو شتێکا سوپاست ئەکەم پیرۆزبایی ورد بوونەوەت لە مەوزووعە هونەرییەکان. پاشان وەڵامی پرسیارەکانت. لە زانستا تاقیکاری هەوێنی بنەڕەتییە و هەموو شت لە سەر ئەو بناغەیە دائەمەزرێ. واتا زانا ناچارە ئەسڵە زانستییە کۆنەکانی قوبووڵ بێ و بەپێی ئەوان بجوولێتەوە. یەکەم کەسێ کە بەرد و ئەستی دۆزییەوە بناغەی دانا بۆ دۆزینەوەی ئاگر و ئاگر بوو بەبناغەیەک بۆ زۆر شتی زانستی کە ئەمڕۆ هەیە.

چەشنی مووشەکێ کە پیاو ئەباتە سەر مانگ، جا با ئەو شتە کە گەرمایی لە مووشەکا پێکدێنێ، ئەو ئاگرە نەبێ کە لە بەرد و پووشوو پەیدا ئەبێ، لە هەر حاڵێکا ئاگرە و گەرمایی و هێز ئەخولقێنێ. بەڵام بناغەی هونەر لە سەر عاتیفە دائەمەزرێ و ئەشزانین کە عاتیفەی هەموو کەس چەشنێک نییە. چەند کەس بچنە ناو دارستانێکەوە، ئەوەی کە دارتاشە لە بەر خۆیەوە بیر ئەکاتەوە ئەم دارگوێزە چەند ڕەختە و لە بارە بۆ دەرگاو پەنجەرە لێ دروستکردن. ئەوەی کە هونەرمەندی پەیکەرسازە ئەڵێ: ئەم دارە، باش ئەکرێ و ڕواڵەتی ژوولسێزاری لێ دروست بکەی. ئەو کەسەیان کە شاعیرە ئەڵێ: چەندە خۆشە پاش شەکەتی ڕێگا لە ژێر سێبەری ئەو دارە دانیشی و شنەیەکی فێنک ئارەقەی لەشت وشک کاتەوە. ئەگەر بازرگانێکیشیان لەگەڵ بێ، ئەڵێ بریا ئەم دارستانە هەموو هی من بوایە و بمفرۆشتایە بەم دارتاش و پەیکەرسازە و دراوەکەم لە تەنگەی گیرفانم بنابایە. ئەبینی کە هەر کەسێ چەشنێ بیر ئەکاتەوە و هونەر کە بناغەی لە سەر بیر و

عاتیفەیە، زۆرتر لە زانست جیاوازی تێدا بەر چاو ئەکەوێ. زانست ناگۆڕێ. بەڵام پێش ئەکەوێ و هەڵئەچێ. چەشنی نەمامێک کە ساڵ بەساڵ گەورەتر و ڕاکێشاوتر و هەڵچووتر ئەبێ. بەڵام تۆ ئەزانی کە ئەم دارە گەورەیە هەر نەمامە بچووکە دەسنێژەکەی خۆتە، لە کاتێکا هونەر ئەگۆڕێ و لە پایەشەوە ئەگۆڕێ. دوێنێ هونەری شیعر و وێژەوانی بۆ پێهەڵکوتنی ئەمیر و پایەبەرزان و بەدەسەڵاتان بوو تا شاعیر بەخشش و سیلەیەک کە بەگوێنی شیعرەکە وەری ئەگرێ خۆی پێ بەخێو کات؛ بەڵام ئەمڕۆ شیعر بۆتە چەکێک کە ئەکرێ سێدارەیەکی بۆ خنکاندنی دوژمن لێ ساز بکەی. ئیتر شیعری پێهەڵکوتن باوی نەماوە. لە بەر ئەمە ئەڵێن شیعری کۆن و شیعری نوێ؛ بەڵام بەلای منەوە ئەگەر شاعیرێک بتوانێ لە قالبی عەرووزیشا واتە و مەفهوومێکی ئەمڕۆیی دەربڕێ، شیعرەکەی نوێیە و کۆنی قالب نابێتە هۆی کۆنی شیعرەکەی. کە وەها بوو بۆ چ شیعری نوێ زۆرتر لە قالبی نوێ ئەخرێ؟

شاعیران لایان وایە خۆ بەقافیە و کورت و درێژی دوو نیوە شیعر و ڕەوی و ڕەدیفەوە خەریک کردن ڕێگایان نادا بیر لە کاکڵەی شیعرەکە بکەنەوە و لە قالبی ئازاددا باشتر سەر ئەکەون.

وەڵامی پرسیاری دووهەمیشتان ئەمەیە:

بەڵێ ئەتوانین بڵێین ئیماژ کە وشەیەکی بێگانەیە، لەگەڵ **ئیستعارە** کە ئەویش هەر وشەیەکی بێگانەیە – بەڵام زۆرتر بیستراوە – هەر یەک مانایان هەیە؛ بەڵام وردەیەک جیاوازیشیان لە نێوانا بەر چاو ئەکەوێ. ئیستعارە لە شیعری قەدیما زۆر زوو ئەناسراوە، بۆ نموونە نێرگس ئیستعارە بوو بۆ چاوی کەژاڵ، **سەرو** – کە بەکوردی ئەبێتە سەوڵ – ئیستعارە بوو بۆ بەژن و باڵا. بەڵام ئیماژ زیاتر شەخسی و تەکییە و هەر شاعیرە بۆ خۆی ئیماژێکی هەیە. هەڵبەت ئیماژی واش هەیە کە هەموو شاعیرێک یا زۆربەی شاعیرانی نوێ بێژ کەڵکی لێ وەرئەگرن. دوو نموونە ئەخەینە بەرچاو کە شار کراوە بەئیماژی سفەت و بێ بەزەیەتی و پارەپارێزی و نزمی خوو و ڕەوشت. شاعیرێک کاتێ قسە لەگەڵ مەعشووقەکەیا ئەکا ئەڵێ:

تەواری بەسامی کەژی کوردەواری
بەجوانی دلێر و بەنازی کەنیشکانە تێر و تەیاری



دەسا بەشقی خوا بەس کە تاوێ
بە کەولەنجە شێت و چەواشەم مەکە
دەمێ لێم گەڕێ
سەرنجم دەمێکە
زوڵاڵی نەماوی چەپەڵگای هەراسانکەری گەورە شارە
بڵا با لە چاوی گەش و روونی دوو چاوی شینت
کە هەر وەک زرێباری بەر تاووساوی بەیانە
مەلەی دەم!

شاعیرێکی تریش هەر لەو کاتەدا کە دەردەدڵی خۆی بەلای دڵبەرەکەیەوە ئەکا، ئەڵێ:

گوڵم دەڵێم بڕۆم لە شارەکەت
لە شاری چاو لە بەر چرای نێئۆن شەوارەکەت

هیوادارم کاک وەفا وەڵامەکانی گوێ لێ بووبێ و پەسندی کردبێ. تا حەوتەی داهاتوو بە خوای گەورەتان ئەسپێرین.

# تامی تاڵی بەزین

بەڵێ هەر چی بوو ئەوەندە بوو کە هات و وردەیەک مایەوە و تێپەڕی؛ چەشنی سێبەری شەو کە لەبەر نێزەی ئاڵتوونی شازادەی بەیان ڕا ئەکا، یا زەردەی نیوەڕەنگی هەتاو لەسەر لووتکەی کێو کە بە بزەیەکەوە کە تۆ هەرگیز بۆت دەرناکەوێ، بزەی بەزەییە، قەشمەرییە، یا خۆ ماڵاوایی، ئاوا ئەبێ و تۆی بڕوانکار هەر ئەوەندە ئەمێنێتەوە کە دانیشی و بیر بکەیەوە ئاخۆ لەودیو سنووری خۆراوا هەتاو چی ئەکا؟ سەر لە کام گوڵ و گیا ئەدا؟ بەسەر کام دەریای کاسا پڕشنگ ئەداتەوە و لە خەو ڕایئەچڵەکێنێ؟

بەڵام داخێک و سەد مەخابن، گەلۆ، گەلی دەماجەرایە! ئەمڕۆ منم و هەواڵی هەمیشەییم، گەرمتر لە هەمیشە دەستەملانم بووە و هەر ئەڵێی لە دڵما لێدانە، لە خوێنما بزووتنە، لە سەر چاوم دوو تنۆکی قەتیس ماوی فرمێسکە، بەخەم ئەڵێم برادەر. خەمێ وەک ڕۆژێکی زەردی پاییزی بەرەو زستان لە گەڵما یەک ماڵە و بێ جیاوازی. تۆ بڵێی برای هاوپشتم نەبێ؟! ئێستە بمبوورە کە گوڵ و ئەستێرەی هەڵگرتن و توانام لە بەر چەخماخەی هەوری بەبارشتی خەفەت لەبەر ڕەهێڵەی گریان پاش برووسکەی ئێش و ئازار سەر ڕێژ ئەکا و وشکارۆی زەردی ڕوخسار و داوێنم ئەکا بەزۆنگ و زەل! ببوورە کە ناچارم ڕووگەم وەگوێزم و بەزاراوێکی ئاڵتر و ژاراویتر لە ژەقنەمووت بڵێم ئەوین بێهوودەیە. بێهوودەیە لەم سەردەمەدا کە خرینگەی پووڵی ورد جێگای شمشاڵی شوانی ئەوینداری گرتۆتەوە شوێن پەرییەکی سپی پۆش ئەفسانەیی کەوم کە ناوی لە پەڕاوە کۆنەکانا ئەوین نووسراوە.

ڕۆژێک بوو ئەمگوت ئەوین واتەی ژیانە، ئەوین بەیانە، ئەوین هەموو شتێکی ئینسانە. ئەمگوت با بکوژێتەوە چۆڵە چرای ڕەنگ بزرکاوی هەتاو، ئەگەر خول و گەڕانی خۆر بۆ نیایش و لە دەورگەڕانی خوای ئەوین نەبێ. ئەمکوت کۆیلەتم ئەوین، هەرتۆم هەبێ خوونکارم. تۆم ڕێنوێن بی ڕزگارم! با بڵێم ئەمڕۆ چۆنم. بمبوورە کە



دێمە دەنگ وەک قامیشەڵانی دەمبای ساردی ئێوارانە. لە هەر دەمارێکمەوە نەوایەکی خەم و ماتەم هەڵدەستێ. کوتم ئەبم بەبەردی ژێر گۆم، بێ هەست و خوست دائەکەوم. ئەبم بە شوورەی پۆڵا با قەڵماسکەی ئاگرینی خەم نەمڕووشێنی و نەمشەمزێنێ. با ئەگەر سەرم بێ شۆڕە و دڵم بێ هیوا، لانی کەم شاییم بەخۆم هەبێ کە پیاوم، نەبەز و ڕاوەستاوم. ڕاستە کە لێقەوماو و داماوم؟ بەڵام نە وزەم بەرداوە و نە فەوتاوم. ئەبینی برادەر خۆ فریودان گاهێ پێویستە بۆ ئەوەی ناتەوێ پێ لە مردنی خۆت بنێی و سەر دابنەوێنی، بۆ ئەوە کە هەنگاوێ وا هەڵگرت و وەستای هەنگاوی دوایی بوو و لەمەوبەدوا هەرچەندە ڕێ ببڕی، هەوراز و لێژ بپێوی، خۆت شەکەت و ماندوو کەی، هەر لە دەوری خۆت ئەسووڕێی و گێژ ئەبی. چەشنی مێرووڵەی ناو گۆی بلوور دەرەتانت نامێنێ. ناچاری ئەم ڕاستەقینەیە کە وەک داوی جاڵجاڵۆکە دەست و پێ و هەست و گیانت ئەخاتە ناو کەمەندەوە وەرگری. هاوار لە من کە ملکەچکردن بۆ دوایی هاتن هەر مەرگە تاڵەکەیە وا لێی ئەترساین.

لە نێوان هیوا بڕان و وەرگرتن و هەموارکردنی هیوابڕاوییا بەتاڵییەک، دۆڵ و شیوێک هەیە کە پیاو کاتێ ئەیگاتێ، هەم لە ساما لنگی ئەلەرزێ و هەم خۆی ناچار ئەبینێ کە بۆی بڕوانێ. وەک کەسێک کە لەسەر هەڵدێرێکی بەرز وەستابێ و بیەوێ خۆی بخاتە خوارەوە، نە ئەتوانێ بگەڕێتەوە و نە لێی ئەبڕێ بچێتە پێشەوە. بەڵام هەرچی هەیە ئەم سنوورە کە لە هەودایەکی هاوریشمین باریکترە، تەنها جێگایەکە کە مرۆڤ دەرفەتی هەیە بیری تیا بکاتەوە. بیری ئەوەی کە هات و تێپەڕی، ئەوەی کە لە ناخی دۆڵەکەدا بەسەری دێ و من لەم سنوورە لە گەڵتا ئەدوێم. ئەی برادەرێ کە خۆمی یا ئاوێنەی خۆمی! و ئەمەیە کە بەدڵما دێ و دێتە سەر پێنووسم.

دێتەوە بیرت کە پێت داکێشاوەتە ناو ڕووبارێکی بچووک و ڕوون و ماسی بچووکی سەر پشت ڕەشی بەر زگ زەرد لە سامی تاریکی قووڵایی ناوەڕاستی ڕووبارەکە هاتوونە کەناری تەنک و تاو تێزاو و بەدەمی لووسیان بەرەپێت ختیلکە ئەدەن، تۆش سەرت ناوەتە سەر سەرینی سەوزەڵانی ڕوو لە هەڵچوون و شلک و خۆرەتاو بەهەموو میهرەبانی خۆیەوە ڕوومەتت ئەلاوێنێتەوە. یادێک پێ ئەنێتە سەر گلێنەی چاوی نیوە خەوتووت. پەلکە زێڕینە بزەی بێڕەنگ و نادیار، کاروانێ کە دەنگی زەنگی وشتری پێشەنگی لە گوێتا ئەزرینگێتەوە، کیژۆڵەیەک کە لە پەناتە دائەنیشێ، تۆ لە جیهانی

خەون و خەیاڵا بەرخە مامزی خنجیلانەت بەسرکی و سڵییەکا، بەڕوانینی گەرمی نیو نیگایا، بە شنەیەکی فێنک و بۆن خۆش کە بە داوێنی کراسی موونسی شاگوڵی لەشی ئەیپرژێنێتە ناخی دەماختا، ئەناسییەوە و بێ یارمەتی زمان و وشە و دەنگ پێی ئەڵێی خۆشم ئەوێی. گڵی زیندوو، تووترکی کێوی و عەتری ئەو با نەرم و نیانە کە مەست و سەرخۆش لە میوانی شلێرەجاڕ ئەگەڕێتەوە. ئەمەیە خەو بینینی تۆ. بەڵام داخی گرانم، تۆ بەخەو بینین قەناعەت ناکەی. ئەتەوێ هەرچی لە خەوا ئەبینی، لە بەخەبەرییا بتبێ. دەس درێژ ئەکەی تا پەردەی تارمایی لادەی. بەهەردوو دەس چاو ئەگلۆفی و خەون و خەیاڵ ئەتارێنی. پاشان دەس ئەگێڕی تا داوێنی ئەوینت بگری و بەری نەدەی، کەچی دەستت بێهوودە هەوای بەتاڵ ئەپشکنێ. تۆ وەک پەپوولەی هاوریشم ئەتەوێ لە تالاری ڕەنگاوڕەنگی تانوپۆت بێیە دەر! بەڵام لە دەرەوە جگەلە زبری و ڕەنگی خۆڵەمێشی هیچی تر نییە. تۆ ئەو کاتە ئەزانی کە هەی داد و بێداد چیت بەسەر هات. ئیتر نە هەتاو ماوە، نە دڵدار کە کەزی شۆڕی ئەتگوت پرچی گوڵەبەڕۆژەیە. ئەتەوێ بگری. لە کاولی تەنیاییتا بگری. هەوا تەزووی ساردە و لەشت ئەتەزێنێ. بزەی بێڕەنگی هەتاو و ماسی بچووکی کەناری هەتاوگر لە ترسی هەوری ڕەش تاراون. هەور بەنەرمی و پیاوانە ئەگری و تۆ تەنانەت تنۆکێکت فرمێسک بۆ نەماوەتەوە کە بەسەر ئاگری دەروونتا بیپژێنی. وەرگرتن و ملکەچکردن ڕێگات لێ ئەگرێ. داخی گرانم کە ملکەچکردن و وەرگرتن هەر ئەو مەرگە تاڵەیە کە لێی ئەترسای.



## کام شاعیر لای کۆمەڵ ڕۆڵەیە؟

سەلام لە گوێگری بەهەست و هونەر پەرستی بەرنامەی تاپۆ.

«گەورەیی» گەورەترین شاعیر و نووسەر، یا هەر هونەرمەندێکی تر لەوەدایە کە هەرچی لە دڵیا هەیە و هەر مەبەستێکی بەدەستەوەیە باش بینوێنێتەوە. هەروەک ئاوێنەیەکی ڕوون کە هەر شتێ لە بەرامبەریا بێ، لەناویا دەرئەکەوێ. هونەری ئیلقا کردن و ڕاگەیاندن و تێگەیاندن، هونەرێکی هەرە مەزنە و ڕاستییەکەی ئەوەیە کە زۆربەی کەس لەدڵی خۆیا شاعیر و نووسەرە. بیری یەکجار جوان لە زۆر مێشک و دەروونا هەیە کە خاوەنەکەی شاعیر نییە، واتە ناتوانێ بیرە جوانەکانی بخاتە چوارچێوەی وشە و عیبارەتەوە. کە وەها بێ، جیاوازی هونەرمەند لەگەڵ خەڵکی ئاساییا ئەوە نییە کە باش هەست ئەکاو باش جوانی ئەناسێ، چونکە ئەم هێز و توانایە لە خەڵکی تریشا هەیە. ئەوەی شاعیر لە خەڵکی ئاسایی بەرزتر ئەکاتەوە و جیای ئەکاتەوە ئەمەیە کە هەستە دەروونییەکانی باش بە خەڵک ڕائەگەیێنێ. ڕاگەیاندنی هەستی شاعیرانە، یانی ئەو چەشنە هەستە کە تێکەڵ بووە لەگەڵ هەوێنی عاتیفە و ڕواڵەت و قالب و چەشن و تەرزێکی تری پەیدا کردووە، یەکجار دژوارە، چونکە شاعیر زۆر شتی وردی وەها ئەبینێ کە دیتنی بۆ زۆربەی کۆمەڵ ساکار نییە. جگە لەمەش شاعیر تەنیا پلانێک لە کارەساتێک یا ڕوانگەیەک هەڵناگرێ کە بێ دەست لێدان و گۆڕین بیخاتەوە بەرچاوی سەیرانکار، شاعیر بەتایبەت شاعیری ئەمڕۆکە **ناتورالیسم** بەشێوەیکی دواکەوتوو ئەزانێ، وەها نابێتە کۆیلەی تەبیعەت کە بێ دەسکاری کۆپی لێ هەڵگرێ. شاعیر، شەیء ومەکان و حاڵات، واتە ئەو شتانە کە لە دەور و بەرین، ئەو کاتە کە تێیدا ئەژی ئەو نەفسانیات و حاڵەتانە کە هەیەتی تێکەڵ ئەکاو ئاوێنەیێکی لێ دروست ئەکا کە تەواو ئەو شتە نییە کە لە دەرەوە هەیە و خەڵکی تر ئەیبینن. بەکورتی کاری شاعیر ستاتیک static و وەستاو نییە، واتە زێهنی شاعیر چەشنی مەکینەی وێنەگر لەیەک حاڵەتی قەیسی

یەک کاتی کورت وێنە ناگرێ. شاعیر دینامێکە dinamic، واتە بەدرێژایی زەمان و کات لە جوولانەوە دایە چەشنی فیلمی سینەما، لە سەرەتای پەیدابوونی شتێکەوە تا دوایی هاتنی ئەو شتە لەهەموو حاڵێکا ئەیداتە بەر تیشکی رووناک کردنەوە، بۆ نموونە، بۆرەپیاوێک ئەبینی کە مناڵێکی برسی لە باوەش دایکی ترساو و سەر لێشێواودا خەوی لێکەوتووە، هەندێک کە ئەڕوا ئەبینێ مناڵێکی خڕو خۆڵ و چاوگەش و لێو سوور لەناو باغچەی پڕگوڵ و سەوزەی حەوشی باوکی دەوڵەمەندیا خەریکی کایە کردنە. بۆ ئەو بۆرەپیاوە ئەگەر زۆر تێنەگەیشتووبێ، یا دڵی تەواو ڕەق و ڕەش بێ، دیتنی ئەو دوو ڕوانگە جیاوازە باسی هیچ شتێک ناکا. بۆرەپیاو تێ ئەپەڕێ و نەخشێک ناکەوێتە سەر هەستی، یا ئەگەر هەستیشی جووڵا، هەر بۆ ماوەیەکە پاشان ئەچێتەوە سەر باری ئاسایی خۆی، تەنانەت ئەگەر ئەگونجێ کەسێک ئەم دوو ڕوانگەیە ببینێ و کارێکی گران و شوێنێکی قووڵ بخاتە سەر هەستی و لە بیریشی نەچێتەوە. بەڵام ئەو هەوێنە کە لە هەستی ئەوا مەییوە، هەر لای خۆی ئەمێنێتەوە و ئەو بەرهەمە کە هاتۆتە بەر هەر لەگیانی خۆیا پاشەکەوت ئەبێ و هەرگیز بەچەشنی شیعرێک کە خەڵکی تریش لە ڕاستەقینەی کارەسات بگەیێنێ و ئەوانیش وەک خۆی بخاتە سەر زریەی بیر و خەیاڵەوە بەرزتر لەم ڕادەیەش ئەگونجێ ڕووبدا، واتە کەسێک، کە ئەو دوو ڕوانگەیەی چاو پێبکەوێ، ڕوانگەی مناڵێکی لاواز و بێ هێز لە باوەشی دایکێکی هەژار و نیگەران و شڕۆڵا و مناڵێکی لەش پتەوی چاوگەش و بزۆز لە باغچەی بەگوڵ ڕەنگاوی باوکی دەوڵەمەندیا، دڵی لەم جیاوازییە سەیرە پڕ بێ لە خەم و بیەوێ خەڵکی تریش تێگەینێ کە چی دیوە. بەڵام یا هەر باسی ئەو ڕوانگەیە ئەکاو لێکی ناداتەوە کە بۆچی وەهایە یا ئەگەر شارەزاش بێ و بیەوێ هۆیەکانی ئەم بەرز و نزمییە دەرخا، ناتوانێ بەزمانێکی هونەری بدوێ و ئەگەر توانی ئەمە، هونەرمەندە و خەڵکی ئاسایی نییە.

شاعیری ئەمڕۆ ئەڵێ کە لە کۆمەڵا تووشی فڵان مەبەست یا کارەسات یا ڕوانگە هاتم، بەلێکدانەوەیەکی زانستی لێکمداوە. واتە بەرو دوای شتەکەم هەڵسەنگاند، هۆیەکانم لەسەرەتاوە شی کردەوە، پاشان ئەو مەودا خاوەی کە کۆمەڵ و تەبیعەت دابوویان بەمن و لەژێر تیشکی زانستا بەباشی سەرنجم لێدابوو، بردمە ناو کارگەی



زێهن و عاتیفەی هونەریمەوەو لەو کارگەیەدا ڕێک و پێکم کرد، لێک و لووسم کرد، ئەوەی وا دزێو بوو بەڕەنگی هونەر ڕازاندمەوە و بەکورتی شتەکەم گۆڕی، بەڵام نەک گۆڕینێکی ئەوتۆ نەناسرێتەوە. پاشان ئەو دەسکردەی کارگەی خەیاڵی خۆم خستە بەر تماشای خەڵک، ئەوانیش لێی تێگەیشتن، چونکە لەگەڵ ئەوەشا کە لەگەڵ قسەی ڕۆژانەی خۆیان جیاواز بوو بەڵام بەزمان و لێکدانەوەی ئەوان بوو پێیان خۆش و گوێیان بۆ شل کرد، چونکە دەردی دڵی خۆیان بوو، لەبەر ئەمە کە شاعیرم بووم بە ساحیر و کۆمەڵ لە خۆی پرسی: چۆنە وا ئەزانێ ئێمە چیمان ناتەواوە؟ چیمان ئەوێ؟ و بەیانی ژیانمان چۆن ئەبێ؟ من کە شاعیرم و ساحیرم و ئەزانم کۆمەڵ چی نییە و چی هەیە و چۆن ئەبێ لەوانەی کە هەیەتی کەڵک وەربگرێ بۆ بەدەست هێنانی ئەوانەی وا نییەتی، خۆشەویست بووم، بەگوێم کراو قسەم ڕەوا بوو، شیعرم برەوی پەیدا کرد و کۆمەڵ ناوی نام: «ڕۆڵە»

تا بەرنامەیەکی تر هەمووتان بەخوای گەورە ئەسپێرین. هیواداریین شادمان و بەختیار و سەرکەوتووبن.

# بەرە هەر لە لای تەنکییەوە دەدڕێ!

کۆڵان گەڕەکی شار لە ژێر پۆپەشمینی مانگەشەوا خەویان لێ کەوتبوو. هەناسەی ژین جارجار بەئەسپایی ئەهاتە گوێ. دوو دڵدار لە ژێر سێبەری سەردەرانێکا قسەی شیرین و هیوا بزوێنی ئەوینیان بەگوێی یەکترا ئەچپاند. سەرخۆشێک لە مەیخانەی سەر رووبار ئەگەڕایەوەو بەدەنگێکی بەسۆز خاڵەی ڕێبواری ئەکوت. وشەکانی هەروەک هەنگاوەکانی تێکەڵ و پێکەڵ ئەبوون، گاهێ دەستی بە دیوارێک ئەگرت و بەدەسرەسرێکی چڵکن کە لە پێشا وا دەرئەکەوت پڕبووە لە خواردەمەنی مەزەی ئارەق و ئێستە هیچی تێدا نەماوە ئارەقەی سەر گۆنای گرگرتووی ئەسڕی. گاهی پۆلێک خەڵک پاش شەوباش و تۆخۆش و من خۆش لە ماڵێک ئەهاتنە دەرەوە. پرشنگی چرای ناوماڵ وەک مافوورەیەکی زەردی کاری کرمان لە دالانی تاریکەوە ڕائەخراو ئەگەیشتە سەر تاریکایی جۆگەی سەرشەقام، پاشان بەپێوەدانی دەرگا ئەپێچراوە و تەنیا ڕەنگی نیوە ڕەنگی مانگە شەو ئەما لە بزەیەک ئەچوو نەت ئەزانی بزەی دڵتەنگییە یازەردەی دڵخۆشی. پۆلی میوان بە وتووێژیانا دیار بوو کە لە خوازبێنی ئەگەڕێنەوە. یەکیان کە گەنجتر بوو ئەیکوت جا ئەمە بوو بە چی، دە هەزار تمەن مارەیی، گوڵ و گوارەی زێڕ، ژێر چەنەو ملوانکەو ئاینە و ئۆینەی گرانبایی، هەیت و هووت و جرو جانەوەر، سەر تا پا خوار پێنج دەست جل و بەرگ، پشتێنی پەشمینەی قەدیم، کراسی زریوە و چیمەنی کوردستان، کولۆنجەی چاوی ئەم و ڕیشی ئەو![1] جەماڵ ئەگەر هەموو ئەمانە بکڕێ، پاشان ئەبێ بۆ نانی شەو دەست بۆ ئەم و ئەو درێژ کا. کەس نییە بەحاجی بڵێ ئەمە کچ بەشودان نییە، کچ فرۆشتنە.

یەکێکیان کوتی:« جا بەئێمە چی برا!!؟ لەسەرمان بوو بچین و خوازبێنی بکەین و کردمان، سازان و نەسازانەکەیان خۆیانە. جەماڵ ژن دێنێ و حاجی کچ بەمێرد ئەدا، ئێمە لەم نێوانەدا سەری سیرین یان قونچکی پیوازین؟» یەکی تریان وەدەنگ

(١) (چاوی مەلا مستەفا و ڕیشی مام جەلال) –س.ع



هات و گوتی:«کەچە ڕبەیە کەس پێی ناپێوێ، لەبەر خۆیەوە دەڵێ شازدە».

زەنازەنایان هەر دەهات و کەمتر دەهاتە گوێ و خرمەی پێیان لەسەر قیلەتاوی شەقام ئەبڕایەوە. من سێ چوار ڕۆژ زووتر نەبوو هاتبوومە ئەوشارە، بەڵام ئەتگوت هەموو تەمەنم لەوێ ڕابردووە. لەبەر چی هێندە هۆگری شارێک ببووم کە بەڕواڵەت هیچ جوانییەکی تێدا نەبوو؟ نەدار و شینایی، نەکێوی بەرز و بەفراوی، نەخانووی خۆش و مەیدانی بەگوڵ و چیمەن. خۆم نازانم کە هی ئەوینێکی کتوپڕ بوو کە لە دڵما خەریکی چرۆ دەرکردن بوو، یا ئەوینێکی لە مێژینەترم لەو شارە لە دڵدا بوو. ئەوینێکی ئەوتۆ کە گەڵێ بەڕێزترە لە کەشم و نەشمی ئەندامی کیژۆڵەیەک یا بزەی لێوێکی ئاڵ و نیونیگای دوو چاوی کاڵ. ئەوینێک کە منی دەکرد بەهاوشاری خەڵکەکە. ئادەمیزاد لە دوێنێی و ئەمڕۆ و بەیانی و شارەکە بیری دوێنێ منی شیرازە گرتبوو. ئەمڕۆش دوو چاوی مەڕی ڕازاوەی شەرمێکی کچانە بەجادووی ڕوانینێکی گەرم، هۆگری کۆنی من بەم شارە بووژاندەوە.

ئەو شەوە من لە بیری شارەکە و ڕابردووی و ئەمڕۆی نەچووبوومە دەر. لە هەر گۆشەیەکی شارەکەدا تاپۆیەک وەستابوو و لە ڕووبەندەی ئەفسانەوە پێچرابوو. ئەتگوت پەیکەرەی مەرمەڕینی مەزنە پیاوێکە و هێشتا پەردەی لەسەر لانەبراوە. ئەمانە بیری مێشکم بوون و بیری دەمارم، بەڵام دڵیشم سەرەڕۆی بیرێکی تر بوو. بیری چاوکەژاڵێکی شلکەنەمام کە دەنگی ئەتکوت چپەی بەئەسپایی شەوبای شەوگەڕەو لار و لەنجەی لە ڕەوتی ئاسکێکی سڵی ترساو ئەچێ، ئەم دوو بیرە تلاوتلیان دام و بەدەردی خەورەوێنەوە هەستام و چەشنی مەقەستێک بەدەست بەرگدروویەکی ناشارەزاوە لە حەریری زەردی مانگە شەو نیشتم . بێ ئەوەی بزانم بۆ کوێ! هەنگاوم بێ ئەوە نیازی بە فەرمانی مێشکم بێ، بەرەوپێش ئەچوو. شاری میهرەبان، دەنگی پێی منی ئەکرد بەلێدانی دڵی. قانگڵەی کۆڵان لەژێر پێما ئەپێچرایەوە و هەڵ ئەکراو من کاتێ بە دەور و پشتما ڕوانیم جگە لە چەند خانووبەرەی بەمۆرە دروستکراوی یەک نهۆمی لارو کۆم، نیشانەیێکی لە شار نەمابوو. خانووبەرەکان هێندێکیان بەنووری بێڕەنگی مانگەشەو لە بزەیەکی بێ تەوژمی ڕەنجەڕۆیەک ئەچوون کە خۆیشی نازانێ بەخۆی پێئەکەنێ یا کۆمەڵ و

ئاسمان و خوار و ژووری نێوان تاقمی ئادەمیزاد بۆتە هۆی پێکەنینی؟ هەندێکیشیان کە سێبەری شاخیان بەسەراکشا بوو ئەتکوت گنجی ناوجاوانی مۆنی کەسێکن کە شکاوە، بەڵام نەبەزیوە. بێدەنگی تەنها دەنگێک بوو کە لەم ماڵانەوە ئەیلووراند. من ئەو شەوە زانیم کە بێدەنگی چەندە بەرز و گوێ کەڕکەر و زراوبەرە. ئەترسام بەڵام ئەکێشرام بەرەو خانووبەرەکان. گۆڕستانی زیندووان ئەبێ چی تێدابێ کە بێ ڕەزاترین کەڵکەڵەی من هان ئەدا تا بچم و لە زاری زیندووی زیندە بەگۆڕ سەر دەربهێنم. هەنگاوێک، دوو هەنگاوی بەترس، تا کاتێ سێبەری کێو منیشی داپۆشی. بەخۆما ڕوانی، ببووم بەیەکێک لەو خانووبەرانە کە خانووبەرە نەبوون و تاپۆی خانووبەرە بوون! نە، لێکدانەوەکەم کورتی هێنا، من ببووم بەگیانی خانووبەرەکان ، گیانێکی سەرگەردان کە لەبەر دەرگای هەموو خانووبەرەکانا ئەوێستا، گوێی ئەگرت و چپەی ئەویندارانەی بووک و زاوایەکی بەشەرمی لەناو خانووبەرەکانی لێ ئەگۆڕا لەگەڵ لێدانی دڵی خۆی وناڵەی ساواییێکی نەخۆشی لەگەڵ ئاخێک کە دەروونی ئاگرین ئەکرد لێ تێکەڵ ئەبوو. ئافرەتێک بەگریانێکی بەرگیراوەوە ئەیکوت: «چی بکەین پیاوەکە؟» دەنگی پیاوێک لە درزی دەرگاوە خۆی بەگوێما ئەدا کە وەڵامی ئەدا: «ڕوو لە خودا بکەین!» بەڵام وادیار بوو زۆری ئەم وتەیە بەژنەکەی کوتبوو، کاتێ کە چەند ساڵ لێرەوەبەر زەماوەندی کردبوو و بۆ شەوی یەکەمی ژیانی خێزانداری هەر ئەوەندەی بەدەستەوە بوو کە ئەو ڕۆژە بەقوڕکاری پەیدای کردبوو و پاشانیش زۆر جار کوتبووی: «ئافرەت! کار نییە خودا چاکی نەکا.» ئەمشەو کە کۆرپە ساواکەیان بێ سەرو زمان کەوتبوو دەستیان بەهیچ لایەک ڕانەدەگەیشت، لە خۆی ڕانەدی ئەم وتەیە دووپات کاتەوە، بەڵام ئەو پیاوی ماڵەکە بوو، ئەبوو قسەیەک بکا.

بایەکی سەرشێت، کەلێنێکی دابووە دەرگاکە! من ئەمدی ئافرەتەکە بەچاوێک سەیری مناڵەکەی ئەکاو چاوەڕوانی ڕووداوێکی تاڵە، بەچاوێکی تریش ئەڕوانێ بۆ شووەکەی لای وایە ئەتوانێ دەروویەکی ڕوون لەم شەوە ڕەشە بکاتەوە. ئەمدی کە ساوای بێ تاوان، کوڵمی بەئاگری تاو و یاو بۆتە پۆلووی ئاگری سوور و ئەمدی کە پیاوی لێقەوماو کە لەلایەک شوو بوو و لە لاییێکی ترەوە باوک، هەر لە وشەیەک



ئەگەڕا کە هەندێ هیوادارتر بێ لەوەی تا ئێستا گوتوویەتی. من خۆم پێ نەگیراو لەبەر خۆمەوە کوتم:«بەڕە هەر لەلای تەنکییەوە ئەدرێ!» شووی سەر لێشێواو بێ ئەوەی بزانێ دەنگەکە لە کوێوە هات، بەشوێن مندا دووپاتی کردەوە:«بەڕە هەر لەلای تەنکییەوە ئەدرێ».

بای ئارامی سەری شەو، ئەیلووراند و چەشنی چنجڕووکی ئافرەتێکی ئازیەتبار ڕوومەتی کێودار و دەوەنی ئەڕنی. ئیتر شار جوان نەبوو. بیری کیژە بەلەنجە و لارەکە لەدڵما نەمابوو. دڵ بەخەم و ئاڵۆز، بەرەو شار دەگەڕامەوە تا پەنا بەرم بۆ خەو. لە دوورەوە دەنگی سەرخۆشێک ئەهات و با، سەر بەندەکەی بەهەموو شارا بڵاو ئەکردەوە:

ڕێگاکەم دوورە مەنزڵم کوێستانە
شەوم لێ دادێ، خەم لێم میوانە

# تراویلکە

سەلام لەگوێگری بەهەست و هونەر پەرستی بەرنامەی تاپۆ. تکایە گوێ بگرن بۆ پارچە پەخشانێک.

لە هۆدەیەکی بەرەو هەتاودا هەر دانیشتن و چاو لە دەرگا برِین، تا کەی زاری بەستراو و تەوێڵی گەنج و مۆنی دەرگا بەزەردەیەک بکرێتەوە و بەژنێکی کچانەی کەڵەگەت لەناو دوو تای دەرگاکەوە، دەرکەوێ، لەبەر دەرگاوە بەدەمتەوە پێبکەنێ و پاشان بەرِەوتێک کە پیاو ئەکەوێتە گوێمانەوە کە ئەم دووپێ بچووکە بەسەر زەوییا ئەرِۆن یاوەک مژی بەهاری بەسەر زەوییا نەرم و نیان خشکە ئەکەن، بەرەو لات بێ و بەدەنگێکی ئاشنا پێت بڵێ، دەی چۆنی و پاش ئەوە وەڵامت دایەوە، دەس پێ بکا بەباسێکی کە هەزارەها جارت بیستووە، بەڵام هەرگیز بیرت نەکردۆتەوە کە وشەو وتەو واتاکان بۆژۆ و کۆنن، لە پێشا کەمێک خۆگرتن کە ئەمە چ ژیانێکە؟ بیستنی هەزاران ناڵە و نیوەنووزە، بەبیر هاتنی هەزاران دەستی بێ گۆشت و هەیکەلی بەئێسقان جارێک لە بیافرا ئەو جارەکەی تری... و لەوێوە بیرت بچێ بۆ ئەو هەموو گەنمە کە لە ئاوی ئۆقیانووس ئەکرێ تا نرخی بازارِی بژێو نەشکێ، گوایە نرخی بازارِ دڵی ئادەمیزادە، ئەگەر شک...

رِاستی من کارم چییە بەسەر ئەم قسانەوە؟ خەریک بووم بڵێم تۆ لە هۆدەیەکا کە هەموو جیهانی تۆیە دانیشتووی بەهیوای کەشم و نەشم و لە نجەولاری بەژن و بارێک. رِاستی دەردمان چییە؟ ئەو ئاورەی کە بەواتەی عەلی بەردەشانی:

بەر بۆتە دەروونی دەروونخـــــانێ
نە بە بای دەکوژێتەوە نە بە بارانێ
نە بە پاچ و پێمەرِە و گڵ وەسەردانێ
داخوا بڵێسەی کام کڵی دانەمرکاوە؟



دوێنێ شەو هەنگی سەرشێتی بیر و خەیاڵ لە پلوورەی سەرما پوورەی دابوو، ئیتر خەوی چی؟ با هەستم برِۆم لەو سێباری شەوەدا کە هەوای دەرەوە زرنگاوە بەتاسەی بۆنی دوورترین کوێستانی سەر بەتەمی پرِ لە هەڵاڵە و بەیبوونەوە سەرم هەڵگرم و کەمێک پیاسە بکەم. کۆڵانی چۆڵ لە ئێشی هەزاران قۆندەرە و پێڵاوی کینە لە دڵی رِۆژانە رِزگاری ببوو، ئەحەسایەوە و من لە ژێر پێما لەوانە بوو هەناسەی هێدی و لەسەر خۆی خەوی خۆشی پاش شەکەتی زەوی ببیستم. بۆ وەهاین ئێمە؟ بۆ بێ ئەمەک و ناپاک و سپڵەین لەگەڵ یەک، تەنانەت لەگەڵ سەر زەویش؟ لەگەڵ هەوا و دەریاش. هەر بەچەند مانگ جارێک کارگێکی ژاراوی لە **نێوادا و سیبیری و ئۆقیانووسی گەورە**دا ئەرِوێنین، دێوێک لەناو تەلەسمی زەرِرِە بەرِەڵا ئەکەین. جا هەزار هاوار بەپوولێک چونکە ئێمە بەهێزترین، رِەگی ملمان ئەستوورە، با هەر لە شەقام دانیشێ ئەو پیرە ژیرەی کە ناوی «رِاسێل»ە؟ مەگەر ئاکامی چییە جگە لە شەکەت بوون و خنکانی گوێی بەگرمەی بێ وچانی شەقامی پرِ لە رِەورِەوەی ئاسن؟ هەر کەس گیرۆدەی شتێکە و داخی گران ئەمەیە کە هیچ شتێک تا سەر نییە. نە! مەبەستم ئەمە نییە کە ئادەمیزاد پیر دەبێ و دەمرێ، یا وەک ئەو شاعیرە خۆشەویستە خەفەت بخۆم کە جوانی دەم و چاو تا سەر نامێنێ بۆ پیاو. مەبەستم ئەو بوتانەیە کە ئەیانتاشین بەدەستی خۆمان تا نەزانینمان زاخاو کا، تا هیوامان ببزوێنێ. پاش ماوەیەکی تر لە بیرمان ئەچێ کە لەپێشا چێو و چیلکە بوون ئەیانپەرستین. تا ئێرە هەر نەزانییە بەڵام بەکێ بڵێم کە دەردی زانین گاهێ لە ئێشی نەزانین تاڵترە، بوت تاشین دەردی نەزانییە، بەڵگەی بێ هێزییە، بەڵام هەرچی بێ، هیوایە بۆ زیندوو مان. دەردی گەورە کاتێ دڵ پرِ ئەکا مێشک تێ ئەگا بۆت هیچی لە دەست نایە. رِووخانی بوت، یانی رِووخانی هیوا. جا هەر بوت تاشینەو بوت شکاندن. هەر هیوایە و بێ هیوایی. رِاستی کامەیە رِێگا؟ کوانێ خاڵی رِێبوار؟ من چی ئەڵێم خاڵی رِێبواریش بوتێکی ترە.

ژیان یانی ئەوەندەی ئەو ماوەیە کە تینوویەک بەردەتراوکەیەک چاو ئەکا لە یەکەم هەنگاوەوە تا هەنگاوی دوایی، تا ئەو کاتە تێئەگا ئاوەکەی بۆتە بەردی داگیرساوی بەر هەتاوی گەرم. تینوەتی ناخۆشە. بەشوێن ئاو گەرِان ناخۆشە. دیتنی

بەردەتراوکە خۆشە، بەڵام لە هەمووان ناخۆشتر ئەمەیە کە تێبگەی هەر چی بەئاوت زانی تراویلکە بوو، نەک هەر تۆ، هەر چی ئادەمیزاد دۆزیویەتەوە و ئەیدۆزێتەوە تراویلکەیە...

ئەمە پارچە پەخشانێکی سەمبولیک بوو پێشکەشمان کرد بەو گۆێگرە بەڕێزانە کە زۆر جار بەنامە لە ئێمەیان پرسیوە بۆچ لە بەرنامەکەتاندا پەخشانی کوردی ناناسێنن و نموونەیان ناخوێننەوە؟ بۆچ لە بەرنامەی تاپۆدا کە گوایە بەرنامەیەکی هونەرییە و ئەبێ بەهەموو لایەکی هونەرا ڕابگا زیاتر باسی شیعری کوردی ئەکەن؟ ئێمە لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا ئەڵێین کە بەرنامەی تاپۆ باسی هەموو چەشنە هونەرێکی بەگشتی کردووە و زۆرجاریش پەخشانی کوردیمان لەم بەرنامەیەدا بڵاوکردۆتەوە، بەڵام باشترین وەڵام بەجێهێنانی ویستی گوێگرەکانە بەکردەوەو ئەم پارچە پەخشانەش نیشانەی ڕێز دانانە بۆ ویستی ئەوان. جا ئێمەش تکایەکمان لەگوێگرە بەڕێزەکان هەیە، ئەویش ئەمەیە کە لە شوێنەواری نووسەرانی کورد هەرچی دەستیان کەوت بۆمانی بنێرن، تەنانەت ئەگەر خۆشیان لێهاتوویی جەوهەری نووسەریان هەیە لە شوێنەواری خۆیانمان بۆ بنێرن تا پاش لێکۆڵینەوە بەناوی خۆیان بڵاوی کەینەوە. تا بەرنامەیەکی دیکە خواتان لەگەڵ.




## ژیان و ئەوین

بەڵێ هەرچی بوو ئەوەندە بوو و ئێستە هەتاوی ڕاستەقینە لە چاوم چەقیوە، وەک خوێ بەسەر برینی تازەیا کەی ئەیکزێنێتەوە. ئاخۆ ئەوین پووچ و بێهوودەیە؟!

نە، لێم گەڕێ با ناوی بێنم تاقیکارییەکی تاڵ و بێ سەرکەوتن، چونکە ئەوین خۆی ڕاستەقینەیە؛ بەیانییە؛ هەمیشەیە. با بکوژێتەوە کوانووی گەرمی خۆرەتاو، ئەگەر نەپژێتە ناو بێشکەی ئەوین و بەسەر گۆڕی ئەوینا بدرەوشێتەوە. بێ دەنگ بوون و لە بێ دەنگیدا شوورەیەکی پۆڵایی دروستکردن کە توانای هەبێ خۆی ڕاگرێ لەبەر مەنجەنیقی غەم و تیری ئاگرینی ناهومێدی، ئەگەر چی نابێتە هۆی شادی، لانی کەم غروورێکی پیاوانەی تێدایە.

داخێک و سەد مەخابن. چەند بەساکاری، چەند بەئاسانی ناچارین ملکەچی بەسەرهات بین! مردنیش خۆی ملکەچییە بۆ دوایی هاتنی هەموو شتێک بێ ئەوەی جێگایەک بێ خۆی لێ شارێتەوە، یا ڕێگایەک کە دەستی مردن نەیگاتێ. کاتی نەهاتنی هاتووە و ئێمە بەدەستی پڕ چەپک گوڵی سوورەوە لەسەر ڕێبازی دانیشتووین. هاکە هات. هات و بەبزەیەک مۆژدەی بەهاری پێ ڕاگەیاندین. ڕۆژاوا بەئاسۆی زەردییەوە لەبەر چاومان ئەبێتە ڕۆژهەڵات و هەزار خۆرەتاو هەڵدێ، بێ ئەوە تاقە یەکێکیشیان تینێ بدا بە لەش.

دێتەوە بیرت کە پێت شۆڕکردبۆوە بۆ ناو چۆمیلکەیەک و ماسی بچووک کە لە ترسی قووڵی و ڕەشی گۆم هاتبوونەبەر خۆرەتاوی کەناری چۆم، دەمی لووسیان بەژێر پێتا ئەهێنا و ختیلکەیان ئەدای. سەرت کردۆتە سەر سەرینی سەوزەی تازە و تازە هەڵچوو و خۆرەتاو هەموو میهرەبانی خۆی کردۆتە پێشکەشی لەشی گەرما خوازت یاوێک لە چاوی بەستراوەتەوە ئەبێتە میوانی دڵی دڵاوات. زەردەخەنەی وەک کۆڵکە زێڕینە تێتەوە ئەپێچرێ. دەنگی زەنگی دوورە دەستی هەزار کاروانی ڕۆشتوو بۆت ئەبێتە لایەلایە و تاسەی خەوێکی خۆش دەماری لەشت شل ئەکا. لە جیهانێکا

که نه خەوە، نه بێداری خشپەی کراسێکی کچانه ئەبیستێ و بۆنی مێخەکی بەرۆک و عەتری لەشی زیندووی خۆشەویستەکەت موچڕکێکی ئۆخەی ئەخاتە سەر هەستت. بێ ئەوە نیازت به وشەو لێو و دەنگ هەبێ، بەلێدانی دڵ پێی ئەڵێی خۆشم ئەوێی. خاکی ژیاناوی، تووترکی کێوی، بۆنی خۆشی شنەبایەک که دوێنێ شەو میوانی شلێرەجاڕی کوێستان بووه، پرت ئەکەن له گیان، له هیوا، له ژیان. خەوبینین له بێدارییا! ئاخۆ گەلی ده برادەران، ژیان هەر خەوبینینێکی دوور و درێژ نییه که شەقژنی تاڵی مردن لەو خەونه ڕامان ئەچڵەکێنێ.

بەداخەوه تەنانەت خەوبینینیش قنیاتی هەتا سەر ناکا. ئەتەوێ بەخەبەربی. بەچاوی والاوه سەیری دەوروپشتت بکەی. ئەتەوێ بەهەموو لەش دڵنیابی که خەونەکەت ڕاسته. هاوار بۆ تۆ. ئەو دەستەی وا درێژی ئەکەی، تاری خەیاڵی و خەو لەسەر ڕواڵەتی بووکی هیوا لابدەی، لێت ئەبێته بیورێک که ڕیشەی ئاواتت ئەبڕێ. ئیتر نه ناو ئەمێنێ نه سەوزه و پەلکەزێرینه. ماسییه وردیلەکان له ترسی هەوری ڕەش پەنایان بردۆتەوه بەرقوولایی. تەزوویەکی سارد. مێرووله بەپێستی هۆگری گەرمات ئەکا.«دونیات لێ ئەبێته چەرمی چۆلەکه.» تۆی و تەنیایی. تۆی و خەم و تەم لەبەر خۆتەوه ئەڵێی بڕایەوه. هەموو شت تەواو بوو. بریا وا بوایه وەک تۆ ئەڵێی، بریا دوایی هەموو شت بوایه. بەلام بەهەڵه چووی. تەنیا خۆشییه بڕاوەتەوه. ناخۆشی و تاڵی و زبری سەرەتایەتی. ئەبی بەمەلێکی پەڕەوازەی هێلانه لێشێواو. سەر هەموو لکی دارێک لێت ئەبێته تەلەسمێک. هەموو باز و شمقارِ و کۆلارەیەک له ڕاو کردنت ئەگەڕێن. تۆله تەنیایی و تاریکی بێ بڕانەوەتا وشەی باڵ و سێبەری ترسێنەریان ئەبیستی و ئەبینی. تا کاتێ دێیه سەر ئەم بڕوایه که مردن وەک ئەڵێن دزێو نییه. بیری مردن، بیری پەنابردن بۆ سنوورێک که ئارامی و حەسانەوەی هەتا هەتایه، بێ دەنگی و بێ ڕەنگی ڕووته، بۆت ئەبێته ئامانج. تۆ مل کەچ ئەکەی بۆ مردن جگه له وەرگرتنی ڕاستەقینه و دواییترین ڕاستەقینەی ژیان هیچی تر نییه.

لەگەڵ ئەوەشا، با نەڵێم ئەوین بێهوودەیه، با ناوی بێنم شیرینترین بەری داری ژیان. دارێک که ئەگەر تۆوی بکەوێته دەم بایەکی سەرشێت و له شۆرەکاتا بڕوێ، ئەبێته ژەقنەمووت و ئەگەر له زەوییەکی بەپێز و پیتا شین بێ، بەری سێوه لاسووره دێنێ. بەلام ئەوین زۆرتر لەو دڵانەدا ئارام ئەگرێ که تان و پۆیان له خەو و خەیاڵ



پێکهاتووه، زرمە و خرمەی پێ و چەک له کوێ و جیهانی نەرم و نیانی ئەوین له کوێ؟

له دوایی بەرنامەکەدا وەلامی گوێگرێکی بەڕێز ئەدەمەوه که نووسیویەتی:

«وێژەری بەشی وێژەیی ڕادیۆ مەهاباد بەباشی شیعر ناخوێنێتەوه». بۆ نموونه نووسیویەتی ئەڵێ:«له خوێندنەوەی پارچه شیعرێکی گۆرانی نەمرا تووشی چەند هەڵەیەک هاتووه و خوێندوویەتەوه»:

کوردستان گەڕام
دۆڵاو دۆڵ پێوام
نه له شار و نه له دێ
نەمدی کەس وەک تۆ جوان بێ
تۆیت و بەس

پاشان مووسیقای نێوان دوو پشوو هاتووه و پاش مووسیقایەکه، وێژەر دەستی کردۆتەوه بەخوێندنەوەی پاشماوەی شیعرەکه:

کچه کوردێ وەک گوڵ وا بێ
کوردستانی پێ ئاوا بێ
...............»

بەڵێ گوێگری بەڕێز، ئەم چەشنه خوێندنەوەیه هەڵەیه. ئەبوو پاش «تۆیت و بەس» ڕانەوەستێ و دواییەکەی بخوێنێتەوه، چونکو ئەگەر وەهای نەخوێندبێتەوه شیعرەکەی مامۆستای تێکداوه، بێ مانای کردووه. هیوادارین وێژەری بەشی وێژەیی زۆرتر ورد بێتەوه. هەروەها له جیلوەی شانۆشا وێژەر وەک گوێگری بەڕێزمان نووسیویه تووشی هەڵە بووه و خوێندوویەتەوه:«بەسۆزی تەشویقی مەتاعیبی گوزەران»و چەشنێکی ئەدا کردووه که مانای شیعرەکه بەم چەشنه بەرچاو بکەوێت که بەسۆزی تەشویقی مووسیقا ناخۆشی و تەعب ڕابوردن و لاچوون...

له کاتێکا ماناکەی ئەمه نییه و بەم جۆرەیه:

بەسۆزی تەشویقی
مەتاعیبی گوزەران

هێواش هێواش ئەتکێتەوە دەروونی نیسیانێک
کە رەمزی لەززەتە
میفتاحە بۆ تەلسیمی ژیان
ژیانی ئینسانێک...!

واتە بەسۆزی تەشویقی مووسیقاکە، تەعەبێ کە لە پێشا بەسەر پیاوا هاتووە لەبیر ئەچێتەوە.

تکام لەم گوێگرە ئەمەیە ئەگەر هەڵەیەک لەبەرنامە کوردییەکانی ڕادیۆ مەهابادا بەدی ئەکەن، یا بۆ کاربەدەستانی ڕادیۆی مەهاباد بنووسن، یا بۆ تاران بەناونیشانی: «جادە پهلوی – بلوار جانسپار– برنامەی خارجی – شورای نویسندگان کردی» بنووسن. دڵنیا بن ئێمە ئاواتمان ئەمەیە بەرنامەکەمان کەمایەتی و هەڵەی تێدا نەبێ و بەسپاسەوە گوێ ئەگرین بۆ گشت ڕەخنە و ڕێنوێنییەک کە لەلایەن گوێگرەکانمانەوە بێ.

٥٢/٦/١١



## «تاپۆ و بوومەلێڵ» یانی چی؟

سەلام لە گوێگری بەڕێزی بەرنامەی تاپۆ و بوومەلێڵ. پێش هەموو شت ئەبێ عەرزتان بکەم کە بەڕاستی ناوی بەرنامەکە بۆتە هۆی هەزاران پرسیار. کەم گوێگری وامان هەیە کە نامەیان نەنووسیبێ و نەیان پرسیبێ تاپۆ و بوومەلێڵ یانی چی؟ گوێگرانی واشمان هەبووە، کە بێ ئەوە تەنانەت پرسیارێکی وێژەیی بکەن یا دیاریەکمان بۆ بنێرن، تەنها ئەم پرسیارەیان کردووە. ئێمە زۆر جار وەڵاممان داوەتەوە و ئێستە لەمە ئەترسن ئەگەر دیسانەوە ئەم دوو وشەیە مانا بکەینەوەو پەیوەندییان لەگەڵ یەکا هەڵدەین. لە لایەکەوە ئێمە تاوانبار بکرێین بەمە کە باش سەردێڕی وتارەکانمان مانا نەکردۆتەوە و لە لایەکی ترەوە گوێگرەکانمان وەها بدرێنە قەڵەم کە گوایە باش گوێ بۆ وتارەکان ناگرن، بەڵام لەگەڵ ئەوانەشا، جارێکی تر ئەڵێین: تاپۆ بەتارمایی و هەیکەلێ کەم دیار و نا ئاشکرا ئەگوترێ؛ وەک ئەمە کە ئەڵێن تاپۆێ کەسێک لە تاریکی شەوا دیار بوو، واتە هەر ئەوەندە بوو کە ئەزانرا ئەم هەیکەلە لە ئادەمیزادە، بەڵام ڕوون نەبوو کێیە و ڕواڵەتی چۆنە ئەمە مانای تاپۆ. بوومەلێڵیش، تێکەڵە لە دوو وشەی بووم و لێڵ. بووم هەر ئەو وشەیە کە لە نێوان کوردی و فارسییا هاوبەشە هەر دووک زمان بەوڵات و هەرێم و سەرزەوی ئەڵێن بووم. لە فارسییا ئەگوترێ: «بوومی» یا «مەرز و بووم». بوومی واتە خەڵکی هەرێمێکی تایبەت. پیتی «ی»ی دوایی وشەی بووم، «یا»ی نسبەتە مەرز و بوومیش واتە سنوور و وڵات. لە کوردییا ئەگوترێ بوومەلەرزە کە بەفارسی زمین لەرزەی پێ ئەگوترێ. واتە لەرزینەوەی زەوی. هەڵبەت لە کوردییا بوولەرزەش ئەڵێن کە هەر بەمانای بوومەلەرزەیە.

دەچینە سەر وشەی لێڵ و لام وایە پێویست بەگوتن ناکا کە لێڵ بەمانای کەدیرە، واتە ناسافی و تەمگرتوویی. بەڵام ڕابیتە و پێوەندی ئەم دوو وشەیە بەیەکەوە چییە؟ ئەمە شتێکە کە حاڵەتێکی تەجەڕرودی و ئینتیزاعی هەیە. واتە مەفهومێکە کە

نووسەری بەرنامەکە لەبەر چاوی گرتووە و پێویست ناکا لەگەڵ لێکدانەوەی تاکە تاکەی گوێگرەکاندا یەک بگرێتەوە. نووسەری بەرنامەکە هەیکەلێکی تەمگرتووی نیوە دیار لە تاریک و ڕوونی بەیانییا ڕاگرتووە و لە کارگای زێهنی خۆیا مەبەست و واتا و مەفهومێکی داوە بەم هەیکەلە. ڕەنگە مەبەستی ئەمە بووبێ کە ئەم هەیکەلە موناسبەت و لە یەکچوونی هەیە لەگەڵ وێژەر و هونەری جادووکارانە و غەیرە سەریحی وێژەوانییا. هەردووکیان لە وزووح و ئاشکرایی دوورن. هەردووکیان وێنەی خەیاڵ ئەدەن و بیری مرۆڤ ئەبزوێنن. ئاخۆ ئەم هەیکەلە لە نیوە دیار و دوورە لە دەسەڵاتی هەرێمی پڕشنگ و نوورە، کێیە و چییە کە لەناو تەم و مژی بەربەیانێکی نیوە تاریکا وەستا؟ ئەمە هەیکەلی وێژەوان و شاعیرە؟ ئەم بوومەلێڵە جیهانی پڕ لە ئیما و ئیشارە و ئیستعارەی شیعر و ئەدەبە؟

گوتم ڕەنگە نووسەری بەرنامەکە وەهای لێکدابێتەوە، ئێوەش بەناوی گوێگری بەرنامە کەیفی خۆتانە ئەم لێکدانەوەیە وەربگرن، یا لە سەردێڕی بەرنامەکە بەگوێرەی بەراورد و لێکدانەوە خۆتان شتێکی تر ساز بکەن.

لە مهابادەوە گوێگرێکی خۆشەویست کە ناوی خۆی بەتەواوی نەنووسیوە، نامەیەکی بۆ نووسیوین و پرسیاری کردووە: «ئاخۆ کاتی وێژەی ژنانە تەواو نەبووە و لەسەر نووسەر پێویست نییە لە سەردەمێکا کە مرۆڤایەتی کەوتۆتە بەر هێرشی هەزاران مەترسی لە نووکی خامەکەی وەک شمشێریکی تیژ، نەک چەشی هودهودی سولەیمان، کەڵک وەرگرێ؟» ئەم گوێگرە بەڕێزەمان کە لە ژێر نامەکەیا دوو پیتی «م. ع» بەرچاو ئەکەوێ و هیچی تر، لەناو دوو پەڕانتێزا نووسیویە:

«مەبەست لە هودهودی سولەیمان، مەزهەری دڵداری و حەزلێکارییە و ئەم باڵدارە وەک ئەڵێن نامەی سولەیمانی بردووە بۆ بەڵقیس و ئەگەر نووسەرەکەیش بەخامە و نامە هەر کارەکەی هودهود بکا ئیتر نووسەر نییە، دەڵاڵە».

لە وەڵامی ئەم گوێگرەدا ئەبێ بڵێین کە ئێمەش لامان وایە دەوری ئەو جۆرە وێژەیە کە تەنیا هاندەری حەزلێکاری و دڵداری بێ، بەسەرچوو. بەڵام لامان وایە ناونانی وێژەی دڵدارییانەی ڕووت بەوێژەی ژنانە، نە جوانە نە پڕ بەپێست. چونکە ئێمە ئەمڕۆ لە ئێرانا ئافرەتی زۆر گەورەمان هەیە کە لەگەڵ ئەوەشا گیانی ناسکی ژنانە



لە نووسراوەکانیاندا خۆی ئەنوێنێ، نووسراوەکانیان لایەنی کۆمەڵایەتییەکی هەرە بەهێزیان هەیە، وەک «فرووغی فەڕڕوخ زاد»ی خوالێخۆشبوو. جگە لەمەش کاتێ کە ئەڵێن ئەمڕۆ قەڵەمی نووسەر شمشێرە، مەبەستیان ئەمە نییە کە خامە ئەکرێ بیکەی بەچاوی دوژمنا، دوژمنێ کە بێگومان بەکەرەسەی قورسی شەڕەوە دێتە مەیدان. مەبەست ئەمەیە کە ئەم شمشێرە ئەتوانێ سەری دوژمنێ کە بریتییە لە ناحەزی و دزێوی ناو کۆمەڵی ئینسانی بپەڕێنێ و سپای بێداد و تاوان تێکبشکێنێ. ئاخۆ کاک «م.ع» لایان وا نییە کە بەشەڕی سەردەمی ئێمە لەم بارەشەوە زۆر ئازار و ئێشی پێئەگا کە ئیتر ناتوانێ وەک پێشوو لە مانای وشەی بەرزی خۆشەویستی تێ بگا، ناتوانێ کەسێکی پر بەدڵ خۆش بوێ؟! ئاخۆ ئەگەر ئادەمیزاد نەتوانێ ئاسایی ترین و لە دڵ نزیکترین خۆشەویستی کە بریتییە لە خۆشەویستی دوو کوڕ و کچی لاو تێ بگا، ڕوونتر بڵێین نەتوانێ کەسێکی خۆش بوێ چۆن ئەتوانێ هەموو کەسێکی خۆش بوێ؟!

حەزلێکردن و دڵداری خۆشەویستی نێوان دوو ئینسانی ژن و پیاو ئەگەر تێکەڵ نەبێ لەگەڵ نزمی، تاقیکارییەکە بۆ خۆشەویستییەکی گەورەتر بەناوی خۆشەویستی بەشەرییەت.

کاک «م.ع» دڵنیا بێ ئەگەر نووسەر بتوانێ خۆشەویستی بەرەو مەرگ زیندوو کاتەوە، ئەو کارەی کردووە کە «عیسا» لەگەڵ «لازار»ی مردووی کرد. واتە کاری نووسەر ئەبێتە بووژاندنەوەی بەهار و گوڵ و سەوزایی و هیوا، نەک دەڵاڵی، وەک گوێگری بەڕێزمان نووسیویەتی و با برای خۆشەویستمان لەمەش دڵنیا بێ ئەگەر کەسێک نەتوانێ مووسیقای دەنگی ئافرەتێک و لار و لەنجە و نیو نیگای چاوێکی کەژاڵی پێ خۆش و جوان بێ، بێ گومان ناشتوانێ لە هەرێمێکی گەورەترا ئەوینداری جوانی و مرۆڤایەتی بێ.

تا بەرنامەیەکی تر هەمووتان بەخوای گەورە ئەسپێرین. ئەم کاتەو هەموو کاتێکی ژیانتان خۆش.

ڕەزبەری ١٣٥٢

## «ڕوودەکی» مامۆستای مەزنی شیعری فارسی

سەلام لە گوێگری بەڕێزی بەرنامەی تاپۆ.

ئەبووعەبدوڵڵا جەعفەر کوڕی محەممەد کە نازناوی ڕوودەکی بووە، یەکێکە لە شاعیرانی پایەبەرزی ئێران و بێگومان هەوەڵ کەسێکە کە شیعری فارسی پتەو کرد و توانی لەناو وێژە دۆستانا پەرەی پێ بدا. ڕوودەکی مامۆستای گەورەی شێعری فارسی لە ساڵەکانی ناوەڕاستی سەدەی سێدا لە ئاوایییەک بەناوی ڕوودەک کە لە هەرێمی سەمەرقەندا هەڵکەوتبوو، لە دایک بوو. هەر بەناوی ئەو ئاوایییەوە پێیان کوتووە: ڕوودەکی، واتە خەڵکی روودەک.

هەموو تەزکەرەنووسانی ئێرانی لەم بڕوایەدان کە هەر بەمناڵی وریا و زرەنگ بووە. عەوفی، نووسەری پەڕاوەی «لباب الالباب» لە پەڕاوەیەکا ئەنووسێ: «کە ڕوودەکی لە تەمەنی هەشت ساڵییا بەتەواوی قورئانی پیرۆزی لەبەر بووە و شیعری باشیشی هەڵبەستووە.» نووسەری «لباب الالباب» هەروەها ئەڵێ: «کە ڕوودەکی خاوەنی دیمەنێکی جوان و دەنگێکی خۆش بووە و لای «ابو العبک» کە مووسیقارێکی بەناوبانگی ئەو سەردەمە بووە، لێدانی چەنگ فێربووە.»

رودکی چنگ برگرفت و نواخت

باده پیش آر که سرود انداخت

ئەمیر نەسری سامانی، ئەمیر ئەدەب پەروەر و هونەرناس و نیشتیمان خۆشەویست، کاتێ ناوبانگی ڕوودەکی بەگوێ ئەگا، ئەنێرێ بە شوێنیا و ئەیباتە دەرباری خۆی و لە دەرباری ئەوا ڕوودەکی بەڕێز ئەگیرێ و ئەبێتە گەورەی شاعیرانی ئەمیر نەسر.

سەبارەت بەم مەبەستە کە ڕوودەکی بەکوێری لە دایک بووە یا پاش ماوەیەک ژیان، کوێر بووە، بیر و بڕوای جۆربەجۆر لەناو وێژە ناساندا هەیە، هەندێک ئەڵێن کە ڕوودەکی زگماک کوێر بووە و بڕێکی تریش لایان وایە کە پاش ماوەیەک ئەو شاعیرە



گەورەیە، چاوی نابینا بووە، عەوفی لەو کەسانەیە کەلای وایە ڕوودەکی کوێری زگماکی بووە و ئەڵێ: «ڕوودەکی شاعیری دڵ ڕووناک، ئەوەندەی هەناوی ڕۆشن بووە چاوی تاریک بووە و هەرگیز چاوی بەهەڵاتنی مانگە شەو و پشکووتنی گوڵ نەکەوت، لە کاتێکا لە هەزار شاعیری چاو ڕووناک باشتر بەتان و پۆی جوانی سروشتا چووە.» نووسەری مێژووی سیستان، سەمعانی و نیزامی و عەرووزی هیچکامیان ئیشارەیەکیان بەم مەبەستە نەکردووە کە ڕوودەکی کوێرە بووە یان نە. هەڵبەت ئەمەی کە ڕوودەکی چاوی بەسترابێ و نەیتوانیبێ جیهانی ڕۆشن ببینێ لە ڕێز و هێژایی ئەو شاعیرە گەورەیە کەم ناکاتەوە. چونکە ئێمە ئەمڕۆ کاتێ باسی هونەرمەندێکی ڕابردوو ئەکەین کارمان بەسەر ڕواڵەت و ئەندامی نییە، کەلەپووری هونەرمەند بۆ گەلەکەی و بۆ ئەو کەسانەی کە پاش مەرگی ئەو دێنە جیهانەوە، شوێنەوارە؛ کە لە توێی پەڕاوەکانیدا و لەناو خولقاوەکانی مێشک و بیریا ئەبێ بۆ دۆزینەوەی بگەڕێین. شاعیرێکی ئێرانی ئەڵێ:

درسخن مخفی شدم مانند بو در برگ گل

هر که دارد میل دیدن در سخن بیند مرا

واتە لەناو وتاری خۆما شاراومەوە، هەروەک بۆنی گوڵ لەناو پەڕەی گوڵا. کەسێک کە ئەیەوێ من ببینێ لەناو قسەکانما ئەمدۆزێتەوە.

ڕوودەکی لە دەرباری ئەمیر نەسرا جگە لە شاعیری، موونس و هاودەمی ئەمیریش بوو. بەپەنجەی سیحراوی کاتێ تەلی چەنگی ئەهێنا لەرین و هەزار ئاهەنگی خەیاڵاوی لێ هەڵئەساندو بەدەنگی وەک خوڕەی ئاوی جۆبار، شەپۆلی ئەخستە سەر هەوای کپی زەوقی دانیشتوانی کۆڕی بەزم و ئاهەنگ، ئەمیر نەسر فەرمانی ئەدا کۆشی پڕ کەن لە زێڕ. ئەم مەبەستە شیاوی سەرنجدانە کە لە ئێراندا شاعیرانی دەربارەکان زۆر خزمەتی گەورەیان بەخەڵک کردووە و بەشیعری جوان، ناحەزی ڕق و تووڕەیی دەسەڵاتدارانیان لابردووە. لەو دەربارانەدا کە شاعیر و هونەرمەند و زانا زۆرتر هەبوون زەوقی ئەمیران نەرمتر و ئاگری تووڕەییان دامرکاوتر بووە. تەنانەت زۆر شاه و ئەمیری وا لە ئێرانا هەبووە کە خۆی شاعیر و وێژەوان و هونەرمەند بووە؛ بەڵگەی هەرە گەورە بۆ ئەمە کە شاعیران و زانایان کاریان کردۆتە سەر هەستی شایان و بەدەسەڵاتان، بنەماڵەی مەغووله. ئەزانین کە ئەو بنەماڵەیە لە

سەردەمی چەنگیزا چ کوشتارێکی بێ بەزەییانەیان لەگەڵ ئێران کرد.

پاشان بەهۆی تەئسیری زانایان و شاعیرانی ئێرانییەوە چۆن بەواتەی سەعدی خووی پڵنگانەیان وەلا ناو پیاوی وەک «بایسونقور» و «خودابەندە» و «خازان خان» یان لێ هەڵکەوت کە هەرکام لە بارێکەوە خزمەتیان کرد بنەماڵەی سامانی ڕەگەز ئێرانی بوون و یەکەم بنەماڵە بوون کە گەلی ئێران پاش دووسەد و پەنجا ساڵ دیلی، هیوای خۆی بەوانەوە بەستبوو و چاوەڕوان بوو لە ژێر ئالای ئەو بنەماڵەدا سەربەخۆیی دۆڕاوی بێنێتەوە دەست. لە سەردەمی ئەو بنەماڵەیەدا بوو کە شیعری فارسی بەچەشنێکی پتەو سەرەتای دامەزرا و هونەر و هەموو نیشانەیەکی تری شارستانیگەری تایبەتی ئێران بووژایەوە. شێوەی خوراسانی لەو سەردەمەدا لە وجوودی شاعیری وەک ڕوودەکی بەهرەمەند بوو. هەندێ لە مێژوونووسانی ئەدەبی ئەڵێن کە هیچ کام لە شاعیرانی پێش ئەو و پاش ئەو بەئەندازەی ئەو شیعری نەگوتووە. یەکێ لە شاعیرانی هاوسەدەی ڕوودەکی ئەڵێ:

شعر او را برشمردم سیزده ره صدهزار
هم فزون آید اگر چونانکه باید بشمری

واتە شیعری ئەوم ژمارد، کردی سێزدەجاری سەدهەزار و ئەگەر باشی بژمێری لەوەش زۆرتر ئەکا. سێزدە جار سەدهەزار ئەکا ملیۆنێک و سێسەد هەزار.

ئەگونجێ ئەم ئەندازەیە کەمێک لە بڕواکردن دوور بێ، بەڵام بەڵگەی ئەمەیە کە ڕوودەکی بەرهەمی گوڵزاری زەوقی زۆر بووە و دەریای دەروونی پڕ بووە لە گەوهەری هێژای شیعر و وتاری ئاهەنگداری جوان.

وەک لە شیعرەکانی ڕوودەکی دەرئەکەوێ تەمەنێکی درێژی هەبووە. تەمەنێکی درێژی بە بەهرە و بار کە لەوا خزمەتێکی زۆری بەوێژە و ئەدەبی ئێرانی کردووە. هەر ئەو ژمارەش کە ئەمڕۆ لە شیعرەکانی ماوەتەوە، ئەندازەی خزمەتی ڕوودەکی دەرئەخا. خۆی سەبارەت بەپیری خۆی لە غەزەلێکا ئەڵێ:

مرا بسود و فروریخت هر چه دندان بود
نبود دندان، لا، بل، چراغ تابان بود
سپید سیم زده بود و درّ مرجان بود
ستارەء سحری بود و قطره باران بود



تو رودکی را ای ماهرو کنون بینی
بدان زمانه ندیدی کە این چُنینیان بود

بەم شیعرەدا دەرئەکەوێ کە ڕوودەکی بە لاوەتی ڕواڵەتێکی جوانی هەبووە و ئەوەی وا عەوفی سەبارەت بەم باسە کوتوویە، ڕاستە.

لەم بارەدا کە وتاری ڕوودەکی لە گیانی ئەمیری سامانییا تەئسیری زۆر بووە، داستانێک ئەگێڕنەوە و ئەڵێن: ئەمیر ماوەیەکی زۆر لە بوخارا دوور بوو. سپاکەی هەموو بیری ژن و ماڵ و مناڵیان کەوتبووە سەر، بەڵام هیچ کەس نەیئەوێرا بەلای ئەمیرەوە باسی گەڕانەوە بکا تاکو ناچار پەنا ئەبەن بۆ ڕوودەکی و ئەویش پارچە هەڵبەستێک لە تاریفی بوخارا دا ئەڵێ و لە کاتێکا ئەمیر سەرخۆشە بۆی ئەخوێنێتەوە. پارچە شیعرەکە بەم شێوەیە دەس پێئەکا:

بوی جوی مولیان آید همی
یاد یار مهربان آید همی
شاه سرو است و بخارا بوستان
سرو سوی بوستان آید همی
شاه ماهست و بخارا آسمان
ماه سوی آسمان آید همی

ئەڵێن پاش خوێندنەوەی ئەم شیعرە، ئەمیری سامانی بە ئەندازەیەک هەوای بوخارای ئەکەوێتە سەر کە دەستبەجێ دەستوور ئەدا سپا بەرەو بوخارا بکەوێتە ڕێ.

لێرەدا بەرنامەکەمان دوایی هات. تا بەرنامەی داهاتوو خواتان لەگەڵ.

# داخوا «ڕوودەکی» یەکەم شاعیری فارسە؟

سەلام لە گوێگری بە هەست و هونەرپەرستی بەرنامەی تاپۆ.

گوێگرێکی بەڕێز پرسیاری کردووە کە باشتر نییە لەباتی ئەو هەموو جیاوازی بیر و بڕوایە کە لە نێوان مێژوونووسانی وێژەدا پەیدا بووە و هەر کام سەبارەت بە هەوەڵ شاعیری ئێران شتێکیان نووسیوە و کەسێکیان هەڵداوە، ڕاست و ڕەوان ڕوودەکی بە هەوەڵ شاعیر دابنێین و خۆمان لەم هەرایە ڕزگار کەین. ئەو گوێگرە پاشان داوای کردووە کە ئێمە بۆی ڕوون کەینەوە کە ئایا ڕوودەکی هەر لە منداڵییەوە چاوی نەیدیوە یا پاشان چاوی بەستراوە. نووسەری بەرنامەکە بەم چەشنە وەڵامی ئەداتەوە و هاوکارییەکی ترمان پێشکەشی ئەکا.

ڕاستە کە ئەمە هەڵەیە هەوەڵ کەسێک کە تەنیا شیعرێک یا تەنانەت نیوە شیعرێک هەڵبەستێ لە مێژووی وێژەدا بەهەوەڵ شاعیر بدرێتە قەڵەم، وەک بەهرامی گۆڕ کە ئەڵێن کوتوویەتی:

منم آن شیر دمان ومنم آن پیل یله    نام من بهرام گور و کنیتم بوجبله

کە هەڵبەت کەمێک جێگای گومانیشە کە ئەم هەڵبەستە هی بەهرام بێت. یاوەک کوڕی یەعقووبی لەیس کە لە یاری منداڵانەدا کوتی: «غلطان غلطان همی رود تالب گور».

ئەمانە و کەسی تری وەک ئەمانە ناتوانن هەوەڵ شاعیر بن. جگە لەمەش ئەگەر بچینەوە بناوانی کارەکە بۆمان دەرئەکەوێ کە هەوەڵ شاعیر، هەوەڵ ئادەمیزادێک بوو کە توانی وشە بەزمانا بهێنێ. ئەوەی کە کێ هەوەڵ شاعیر بوو و کام هەڵبەست یەکەم هەڵبەست بوو با بمێنێتەوە بۆ ئەو کەسانە کە مامۆستای ئەو کارەن و لە ڕاستییا بێکارن! بەڵام ئەوەی کە فەرموویانە ڕاست و ڕەوان ڕوودەکی بەهەوەڵ شاعیر دابنێین، ئەمەش هەڵەیە. چۆن پێش ئەو ئەبوو شەهید و حەنزەڵەمان بووە و شاعیری باشیش بوون. ڕاستە کە حەنزەڵە تەنیا دوو شیعری لە تەزکەرەکانا



ماوەتەوەو دیوانی نییە، بەڵام هەر ئەو دوو شیعرە نیشانەی دەسەڵاتی ئەوە لە هەرێمی شاعیریدا، بەچەشنێ کە خەربەندەیەک بەخوێندنەوەی ئەو دوو شیعرە وا هان ئەدرێ کە تێئەکۆشێ و ناوەستێ تا ئەگا بەپلەی ئەمیری. ئەم دوو شیعرە کە بۆتان ئەخوێنینەوە تەنانەت ئەمڕۆش نوێ و نەشەمزاون و ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی باشیان لێ دەرئەکەوێ. حەنزەڵە ئەڵێ:

مهتری گر بەکام شیر دراست    شو خطر کن ز کام شیر بجوی

یابزرگی و عزو نعمت و جاه    یا چو مردانت مرگ رویاروی

بەڵام سەبارەت بە ڕوودەکی، ئەبوو عەبدوڵڵا جەعفەر کوڕی محەممەد کە نازناوی ڕوودەکی بووە یەکێکە لەشاعیرانی پایە بەرزی ئێران و بێگومان هەوەڵ کەسێکە کە شیعری فارسی پتەو کردووە و لەناو وێژە ویستانا پەرەی پێداوە. ڕوودەکی مامۆستای گەورەی شیعری فارسی لە ساڵەکانی ناوەڕاستی سەدەی سێ لە ئاوایییەک بەناوی «ڕوودەک»ی سەمەرقەندا لە دایک بووە و بەم بۆنەشەوە پێی گوتراوە ڕوودەکی. ئەو شاعیرە بەواتای عەوفی، نووسەری پاراوی «لباب الالباب» ئەوەندە هۆشیار بووە کە لە تەمەنی هەشت ساڵییا تەواو قورئانی لەبەربووەو شیعری باشی گوتووە. هەر «عەوفی»یە کە ئەنووسێ دیمەنێکی جوان و دەنگێکی خۆشی هەبووە و لای «ابوالعبک» کە مووسیقارێکی ناسراوی ئەو سەردەمە بووە لێدانی بەربەت فێربووە و ئاوازەی ناوبانگی بەهەموو وڵاتا بڵاوبۆتەوە و «ئەمیر نەسری سامانی» کە ئەمیری خوراسان بووە بردوویەتە لای خۆی. سەبارەت بەم باسە کە ڕوودەکی بەکوێری لەدایک بووە یا پاش ماوەیەک بینایی لەدەست داوە، بڕوای جۆربەجۆر هەیە. «عەوفی» لای وایە کە هەر بەمنداڵی و کاتی لەدایک بوون بەچاوی بەستراوەوە هاتۆتە دونیا، بەڵام سەمعانی و نیزامی عەرووزی و نووسەری مێژووی سیستان، هیچکام ئیشارەیەکیان بەم مەبەستە نەکردووە. لە ڕوانگەی ئاوازیشەوە سەلماندی ئەمە کە ڕوودەکی کوێری زگماک بووبێ کەمێک دژوارە. عەوفی لە پێش ئەوەدا کە بنووسێ ڕوودەکی چاوی نەیدیوە، ئیشارەی بەدیمەنی جوانی ئەو شیعرە کردووە و ئەمە کەمێک سەیر دێتە پێش چاو عەوفی بەتان و پۆی جوانی ڕواڵەتی شاعیرێدا چووبێ کە جوانترین ئەندامی دەم و چاو و ڕوخساری ناقیس بووە. جگە لەمەش ئەو هەوڵدان و پێهەڵگوتنەی تەبیعەت و جوانی ئافرەت و دیمەنە، کە لە

شوێنەواری «ڕوودەکی»دا هەیە، نابێ هی کەسێک بێ کە هەرگیز بە چاو ئەو جوانییانەی نەدیبێ، لەباسی پیری خۆیا ئەڵێ:

مرا بسود و فروریخت هر چەدندان بود
نەبود دندان لا، بل چراغ تابان بود

سپید سیم زده بود و درو مرجان بود
ستارەء سحری بود و قطره باران بود

تو رودکی را ای ماهرو کنون بینی
بدان زمانه ندیدی که این چنینان بود

کەسێک کە بەم مامۆستایی و ناسکییە باسی سەدەفی ددان و دوڕو مەرجان و ئەستێرەی بەیان و دڵۆپەی باران بکا، ناکرێ جوانی تەبیعەتی بەچاو نەدیبێ.

ڕوودەکی مووسیقارێکی باش بووە و دەنگێکی خۆشیشی هەبووە و چەنگی باش لێداوە. چەنگ کەرەسەیەکی مووسیقای تایبەتی ئێرانییە و لەبەر ئەمە کە خوار بووە و بەمزراب لێدراوە پێیان گوتووە چنگ. ئێستەش لە برێ شوێنی کوردستان بە شتێک کە خوار بێ ئەڵێن چەنگە، لە شوێنەواری شاعیرانی سەردەمی ڕوودەکی دەرئەکەوێ کە ئەو شاعیرە چەنگی باش لێداوە. شاعیرێک ئەڵێ:

رودکی چنگ برگرفت و نواخت        باده پیش آر کو سرود انداخت

لەم شیعرە هەم چەنگ لێدان و هەم دەنگ خۆشبوونی ڕوودەکی دەرئەکەوێ. جگە لەم هونەرانە لە شاعیریشا، ڕوودەکی لە سەردەمی خۆیا بێ هاوتابووە. عونسوری، شاعیری گەورەی دەرباری غەزنەوی ئەڵێ:

غزل رودکی وار نیکو بود        غزل های من رودکی وار نیست

ڕوودەکی زەوقێکی بەجۆشی هەبووە و دیوانەکەی یەکجار زۆر بووە و وا دەرئەکەوێ کە دیوانەکەی لە سەردەمی خۆیا بەدەستەوە بووە. یەکێ لە شاعیرانی تری شێوەی خوراسانی سەبارەت بەژمارەی شیعرەکانی ڕوودەکی لە پارچە شیعرێکی ئەڵێ:



شعر او را بر شمردم سیزده رەصد هزار
هم فزون آید اگر چونانکه باید بشمری

سێزدە جار سەد هەزاری ئەکا یەک ملیۆن و سێسەد هەزار. هەڵبەت ئەم ژمارەیە یەکجار زۆرە و لە بڕوا بە دوورە کە شاعیرێک بتوانێ ئەم هەموو شیعرە هەڵبەستێ ئەویش شیعری وەها مامۆستایانە.

ئەمڕۆ دیوانەکەی لە سێ چوار هەزار شیعر، تێناپەڕێ و ئەمەش بەڵگەیەکی ترە بۆ ئەمە کە ناکرێ لەیەک ملیۆن و سێسەد هەزار شیعر، تەنیا سێ هەزار شیعر مابێتەوە. هەرچی بێ بەلای منەوە چەندایەتی شوێنەواری هونەرمەند زۆر گرینگ نییە، ئەوەی وا گرینگە چۆنییەتی شوێنەواریەتی.

تا بەرنامەی داهاتوو هەمووتان بەخوای گەورە ئەسپێرین.

## بەهاری دڵداری

ئەم پەخشانەی خوارەوە باسی بەهاری دڵداری و جیهانی ڕەنگاوی ئەکا، ئەو جیهانە کە لە هەرێمی دەستەڵاتیا هەرگیز شەو دانایە و گوڵی گەشی هەرگیز بەگەڵاڕێزانی پاییزی ناژاکێ و سیس نابێ؛ سکاڵای ئەوینی لاوێک، سکاڵایەک کە چەشنی زایەڵەی دوورە دەستی دەنگی شمشاڵێکە لە بەرەبەیانییەکی زرنگاوەدا، یا چپەی پۆلی پەرییانە لە کۆڕی جێگا کۆنەکانا.

چی بڵێم بەم دڵە کڵۆڵەم کە چەشنی کۆتری گیراو خۆی بەقەفەسی سینەمدا ئەدا... چۆن ئەو ڕازە کە سێ ساڵ وەک گەنجێکی هێژا لە کەلاوەی خاپوور و چۆڵی دڵما ڕامگرتووە، بەلاتەوە بیدرکێنم، ئاخۆ وشەو دەم و لێو مەحرەمی دڵن؟ ئایا ئەم هەوایە لە نێوان دەمی منەوە تاگوێی تۆ ئەوەندە ڕازدارە کە من وەک ماری سەرگەنج پاسەوانی ئەم نیازە بەتین و خۆشەویستییەی پێ بسپێرم. بریا و سەت بریا دڵ ئەبوو بە ڕشتێکی بێڕەنگی بێ سنوور، سەرێکی لە هەرێمی خونکاری شەوەوە دەستی پێ ئەکرد و ئەو سەرەکەی لە سنووری ڕۆژا ئەبڕایەوە تا من بتوانم ئەو هەموو تاسەیە لە دڵما جێ بکەمەوە و هەرگیز ناچار نەبم بە دەربڕینی ئەوینم، هێمنی و مەندی گۆمیلکەی چاوە جوانەکانت بشڵەژێنم و خەوی خۆشی پڕشنگی چاوت کە ئەڵێی ماسی زەرد و سووری دەریای ئارامە بشێوێنم.

جارێک ئەمەیە ئاواتم، جارێکی تریش ئەڵێم بریا دڵ لەمەش کە هەیە کەمتر ئەبوو تا گەرمتر وێنەی ڕوخساری شکۆداری پاکت تاسەی هەرگیز نەشکاوی بیرەوەری لە باوەشی دڵ بنێ.

ئەمە شێتییە، بەڵام باوەڕکە با ئەو هەڵۆ بەرزە کە ئەوینی پیاوانەی منە، شوێن باوێ و دەتیشکی خۆرەتاو کەوێ. هەڵۆی بەرەو بەرزی تا ئەو جێگایەی پەڕو باڵی بەتینی خۆرەتاو ئەسووتێ و هەوری سپی وەک کفن و خەڵات لە دەرەوەی لەشیەوە ئەپچڕێن.





کوتم نا! با ئەو بێدەنگییە نەشکێنم، با هەرێمی سپی و بێگەردی خامۆشی بەتیخی تیژی وشە هەڵنەبڕم، بابسووتێم، ئەڵێم دەردار و ئەویندارم، بەڵام تاکەی...؟ دەرد و دڵ داستانی شووشەو بەردە...تاکەی بەیەکەوە ئەسازێن...؟

جەرگی کون کونی خوێندەڵێن بە چ زمانێک تێگەیێنم کە چەشنی بلوێر بلۆرێتەوە...؟

پیاڵەیەک بوو لیوانی شەڕابی خەم لەدەستم کەوتە سەر زەوی و بوو بەهەزار کوت... ئەمە ناڵە بوو، ناڵەی دەردەدارێک بوو کە ناچارە بناڵێنێ تا دەردی سووک کا...

ببوورە خۆشەویستەکەم! نەمتوانی خۆم بگرم، دڵم گوڵێک بوو پەنگی خواردەوە پەژارە و سەرڕێژی کرد، ئەمە هەوەڵ دڵۆپی ئەم سێڵاوە بوو کە لە دڵم هەڵقوڵای و بە کۆنگەی لێوما هاتە خوار؛ بەخۆم نەبوو کە نووسیم، خۆشم ئەوێی!

لەمە شەرمەزار و پەشیمان نیم کە پرسێکە دڵم لای تۆ کردەوە، ئەترسم هیوایەکی نادیاری بێڕەنگ کە ڕەنگ و واتەی ئەدا بەژیانم وەک چرای شەوبێدارێکی هەژار لە تاقچەی سینەما بکوژێتەوە؛ ئەترسم نەکا چەپکە گوڵی هەستی ئاڵم کە بە خەیاتە خاوی شیعر و خەیاڵم هۆنراوەتەوە بەدیار وەرنەگری؛ سێ ساڵ، سێ ساڵ لێدانی بێ وچانی دڵ؛ شەوانی تا بەیانی لەبیرا بەسەر چوو، ڕۆژانی تا شەو بە هیواوە تێپەڕیو، بڕستی منیان بڕی، وەک گەنجێکی کەم تەمەن شەرم و شکۆ دایگرتم و کوتم: خۆشم ئەوێی... بێدەنگ بوو. چۆن بڵێم ئەم بێدەنگییە کەم خایەنەت چی بەسەر من هێنا؟

لایەکم بەهار بوو بەهەزار گوڵی ئاڵ و والاوە، بەهەزار مەلی دەنگ خۆش بەجیلوەوە، لەلایەکی ترم زستان زەمهەریر بوو بەسۆزی لەش ترسێنی، تین فڕێنی هەزار لوورەی با و کڕێوەوە، ئەترسام زیاتر لەم بێدەنگییەدا ئازارم بدەی، خەریک بوو هاوار بکەم و بڵێم دەرگای گوڵزاری دەمت بکەوە تا هەناسەی زیندووکەرەوەی مەسیحایی بهاژێتە گیانم، بەڵام دەخیلت بم هیوای سێ ساڵەی دڵێکی گەنج بە با مەدە، تۆ کە گیانی نەرم و هێمنی دڵی ناسکت نەهات ئەم پەپوولە ئەویندارە کە بەهەزار هیواوە بەسەر پای گوڵی دڵتەوە نیشتبوو بتارێنی؛ ئێستێ ئەی ڕەمزی هەستی وا بەهار و ئەوین و جوانییە. هەر وەک لە پاڕانەوەکەما کوتم ئەتوانی بمخەیە

بەر سێڵاوی ڕەشی شەوگاری درۆ کرۆ ئەشتوانی دەستم بگری و بمبەیە مەڵبەندی بەگوڵ خەملێوی پڕشنگ و شادی. ئەمەش بزانە کە ئەگەر وەڵامت هەرچی بێ، ئەگەر مۆژدەی بەختەوەری بێ یا شەقڵبوونی هیوا بڕاوی، پەرژینت بەگوڵی ئەوینی من تێکناچێ، من هەر ئەو شەیدایەم کە بووم، شەیدایەکی بەختەوەر، ئەگەر بڵێی ئەرێ بەشەیدایەکی چاورە ڕەش، ئەگەر بڵێی نا، لێم گەڕێ، بەڵام سوێندت ئەدەم بەو چاوە جوانانەت لە ئاگری دوودڵییا مەمهێڵەوە.



## دیمەنی بەفر و زستان

سروشت لەم زستانەدا بەبەرگی سپی ئاو داوێنی بەفر خۆی ڕازاندۆتەوە بۆ هەر لایەک ئەڕوانی خێوەتی سپی هەڵدراوە. بەفر پیتە، بەهرەیە بۆ کانیاوی مووچە و مەزاری جووتیاران، دابینکەری نیازی کشتوکاڵە و لە ڕاستییا بەفر هۆی شینایی و شیناوەردە. کلووی بەفر کاتێ لەسەر سەکۆ و کورسی گەرم لە پشت پەنجەرەوە سەیری کەی، ڕوانگەو دیمەنێکی جوان دەخوڵقێنێ، بەڵام کرێوەیەک کە سەر لە ڕێبوار ئەشێوێنێ و تەنانەت بەر پێی خۆشی نابینێ، ناتوانێ بۆ ئەو ڕێبوارە، ڕێ هەڵەکردووە شتێکی باش بێ و ئەو سەرمایە کە هەرگیز ڕووناکاتە کەناری دەوڵەمەندان، بەلای ئەو مناڵە بێ بەرگ و ڕەش و ڕووتانەوە کە لە ناو ماڵێکی سارد و سڕ و بێ تینا ژیان ئەبەنە سەر، ناتوانێ خۆش و خۆشەویست بێ.

باوکێکی هەژاری دێ نشین لە هەموو جیهانا جگە لە کچۆڵەیەک شک نابا، کچۆڵەیەکی تازە پێگەیشتوو، هەموو ئاواتی ئەو باوکە پیرە ئەوەیە کە نازداری کچی بە شوویدا و نەوەکانی لە باوەش گرێ و بڕوانێتە بزەی بێ تاوانانەی سەر لێوی سوور و ناسکیان.

زستان هاتووە و کار و کاسبی لە ئاوایی خەوتووە؛ دێ لە ژێر پێخەفی سپی بەفردا خەریکی خەوی زستانە.

هەرچی داهاتە لە کشتوکاڵ هاتۆتە دەست، ئیتر کاتی ئەوەیە باوکی پیریش لە داهاتی کەم و کورتی خێزانەکەی، ئەندامی شلک و جوانی نازدار کە بەرگەی سەرمای تووڕە و لەش تەزێنی زستان ناگرێ، پۆشتە کاتەوە. باوک ئەچێ بۆ شار و چاوی چاوەڕوان و جوانی نازدار لە ڕێگایە و هەزار ئاواتی ڕەنگا و ڕەنگی کیژانە لە دڵیا شەپۆڵ ئەبەستێ.

سێ چوار ڕۆژێک بەبێ وچان
کلووکلوو بەفر ئەبارێ

هەموو وڵات ساماڵسا بوو بە یەگجاری
ئاسمانی ڕەش تاوێک
نەیئەترووکاند چاوێک
بەفر ئەباری... بەفر ئەباری
بستێک، ئەژنۆیەک، ناوقەدێک، باڵاپیاوێک،
لەم لاو ئەم لای دێیەکەوە
پەسا پەسا ماڵ ئەڕووخا
هێلانەی هەژار ئەشووخا
نا! نا! ئیتر چ ناڵێم ماڵ
گۆڕی گشتی ژن و مناڵ
سێ چوار ڕۆژ بوو باوکی نازدار
چووبوو بۆ شار
چووبوو جلی بۆ بسێنێ
کراسی جاو
سەڵتەی بەروپش بەلاشە
نازداری خۆی پێی داپۆشێ ڕووتی لاشە

ئێوارەیەک چەن تارمایی
تەرمێک لە کۆڵ
ئەیانشکاند بەفر و سەهۆڵ
ملیان ئەنا بۆ ئاوایی
تەرمی کێ بوو؟ تەرمی کێ بوو؟
تەرمی ڕەق بووی باوکی نازدار
هەی قوڕ بەسەر خەڵکی هەژار
ماڵێک داڕووخاو
دڵێک پڕ زووخاو
ژنێکی فەڕتووت



نازدارێکی ڕووت
بەمیرات مابوو بۆ دایکی نازدار!
مەگری مەگری نازداری خۆم
مەگری بەسە.
هەر ئێمە نین
خەڵکی هەژار،
گش بێ کەسە
مەگری! مەگری!
چاوەکانم بخەوی باشە.
فریشتەی خەو
بۆی دووری سەڵتەی بەلاشە.

زستان تەواو بوو، خیوەتی سپی بەفر پێچرایەوە، بەڵام ئەو زووخاوە کە زستان و سەرما لەدڵی دایکی نازدار و نازداری خستبوو هەرگیز بە هاتنی بەهار و سروەی بۆنخۆش لای گوڵزار تیمار نەئەکرا.

زستان ئەبڕێتەوە، پاش سەرماو سۆڵی لەش ترسێن، بۆنی خۆشی گوڵزار ئەهاژێتە دەمار تەبیعەتەوە، ئەوە ڕێ و شوێنی دابڕوا و دیاریکراوی ژیانی ئادەمیزادە. گاهێ لە دڵیا بەهارە و گاهێ لە دەروونیا زەمهەریرە، بەڵام ئەو دڵانە وا بەگەرمای خۆرەتاوی ئەوین و هەستی نەوعدۆستی داگەشاون، هەرگیز بەسەرمای زستان و بەگەڵاڕێزانی پایز ناژاکێن، کام دڵ ئەویندارە ئەو دڵە ئەبێتە، کوانووی دانەمرکاوی ئینسانییەت. ئەوین یا هەستی ڕاسپێری ئینسانی، ئاخۆ لەم زستانەدا بێ دەربەست لە هۆدەی گەرما سەر ئەنێتەوە سەر سەرین لە کاتێکدا ئەزانێ کە دراوسێکەیان تەنیا بەدووکەڵی هەناسەو بڕینی دڵ گەرمی ئەبێتەوە؟! لام وانییە، چونکە هێشتا کاتی ئەوە نەهاتوو، بەسەر تەرمی ئینسانییەتا بگرین، خۆزگا هەموو دڵێک ڕووگەیەک ئەبوو و ئەکرا نیازی لێ بخوازی و پەنای بۆ بەری.

لە کاتێکا مەبەست و واتەی بەرزی ئینسانی ئەکەوێتە ناو، خۆزگا گوڵی ئینسانییەت لە بەهاری ئەمسالا لەم مەزرای دڵمانا چرۆی دەرئەکرد.

# خەڵکی شاری ئەوینم

هەوا تاریک بوو، هەوەڵ جار بوو کە من بەنوێژی نیوەڕۆ بیرم لەوە دەکردەوە، ئەگەر خۆرەتاو تینی نەمێنێ ئەم سەرزەوییە کە هەزاران ساڵە ئێمەی لە سەر پشتی خۆی سوار کردووە چی بەسەر دێ؟ وڵات یەکپارچە ئەبێتە سەهۆڵ، دار و بەرد و ئاو هەمووی ئەیبەستێ و گەرمای ژیان ساردوسڕ دادەمرکێ.

نازانم لەو بیرە ئاڵۆزانەدا گەیشتبوومە کوێ کە بەژنێکی بەرز و کەڵەگەت بە کراسێکی زەردەوە بەلای منەوە دانیشت.

ئەهات وا تاریک ئەبوو، پڕشنگێ کە لە خۆرەتاوەوە ئەهات و ئەکەوتە سەر خارای کراسی ئەو کچە وا لەلام دانیشتبوو، لە سەر کراسەکەی ئەبوو بە هەزار رەنگی بە ورشە، تێی گەیاندم کە تاو و ساوێکی خۆش خێوەتی هەڵداوە...

چاوم لە جووتێ کەوشی ژنانە هەڵگەڕا بەرەو ژوور، وەک مارێکی رەش بەڵەک و تینوو کە بەدارێکی شلک هەڵگەڕێ و بیەوێ لە ناو تورت و تەڕی لکی هەرە بەرزی دارەکە ماندوویی بحەسێنێتەوە، نیگام کەوتە سەر داوێنێکی خاوێن و لەوێ گەیشتە بەر پشتێنێکی کەم و شل و مل و لەسەر سینەی دوو گۆی زێڕین، دوو مەمکی قوت کە لە ژێر کراسە زەردەکەوە چرۆی دەرکردبوو وەستا! تاسەی گوشین دڵمی پڕ کرد و پاشان نیگای نەسرەوتووی برسیم ڕاخوشی بۆ گەردنێکی بەرز کە چەنەیەکی خڕ و پڕ سێبەری لێ کردبوو، وەک سێبەری شەکەت لابەری دارەتوویەکی بەبەرگ و بەر.

ئاسکێک، ئاسکێکی ماندووی رەوەک و سڵ، هێندە بەرچاوە، کە لە گەرمای هاوین ڕائەکا بەرەو شنەیەکی چیای بژوێن و ئەگاتە پۆلە دودڕکێک کە سێبەری ڕەوەزێک لە باوەشی گرتووە. نیگای من ئەو ئاسکە بوو کە لە ژێر تووترکێک و مووی تازەهاتووی هەڵنەگیراوی لاجانگی کچەکەدا ئارامی گرت؛ دیسانە ئەوا بیرم ڕۆیشت، بەڵام نەک بۆ دوورودەر، وەک تیرێک کە کەوانە بکات بەرەو خۆم گەڕاوە و لە جەرگم هەڵچەقی؛ چوومە ناو خۆمەوە و بیرم کردەوە ئەگەر هەموو جیهان بەبەرگ و



دارەوە، دەریا و چیا و جەنگەڵ و شار و ئاوایی و چۆڵ و دەشتەوە گیانیان هەبوایە چۆن ئەبوو؟ ئەم کاتە بەیان بزەی خۆی زیاتر ئەڕازاندەوە، گوڵ گەشتر خۆی ئەنواند و کۆلکە زێڕینە وەک ئەو بەرمووره ڕەنگاوڕەنگەی لێ ئەهات کە بەسەر پێستی لووس و بێگەردی گەردنی ئەم کچەوە ئەدرەوشێتەوە. دوو چاوی گەش و ڕەش گرتیانمە بەر ڕوانینێ، تا ئەم کاتە نەمدیبوو، ڕوانینێک ئەوەندە بڕست بەزێن و گەرم و تاسە شکێن، ئەتگوت تەمەنێکی درێژە من هەر لەم جێگایەدا دانیشتووم و ئەو نیگا بەتینە ئاژاوەتە دەماری لەشم؛ ئەتکوت بێ ئەو نیگایە من هیچم، سارد و سڕم، وەک زەوییەک هەرگیز هەتاوی لێ هەڵنەهاتبێ، سەیرە بەڕاستی سەیرە، یارییەک کە گاهێ بزەیەک یا نیونیگایەک یا لەنجەولارێک بەدڵی پیاوی ئەکا، هەر بەم زووە بێ ئەوە بتوانم هۆگری وەک بۆنی گوڵزارێک کە لە پێچگەی بای شەماڵەوە ئەپێچرێ و لەبەر لووتی ڕێبوار ئەکرێتەوە هەموو دڵمی تەنیوە، هۆگری ئەو شتە کەس نەبێ با شەو هەبێ خۆشە. نیگامان وەک دوو ماری عاشقە و ماشقە تێکهاڵا، دڵم بەلێدانی بێ وچان پەردەی شوورەیی و خۆڕاگرتنی دڕی، گوتم لەو ئاوایییە غەریبم، بۆ غەریب؟ هیچ شتێ لە تەبیعەتی بێدەنگ و خامۆش ئاشناتر نییە، ئادەمیزاد نامۆیی ئەکەن، بەڵام سروشت دڵ ئاوایە و بەخشندە، بێ پرتە و بۆڵە.

پێکەنی و ورشەی ددانی وردی کەوتە سەر لێوی سوور و کچانەی، بەشوێن زەردەکەیا کوتی:«تێنەگەیشتم چیت کوت؟ ئەوەندە دەزانم کە تەنیا و غەریبی، ئەوەش ئەزانم کە لاوێکی جوانی.» ترسام. بەڵام نەک لەبەر ئەمە کەمێکی گاڵتە تێدابوو، نا... لەبەر ئەمە من هەستم کرد لە بەرامبەر کچێکەوە دانیشتووم کە بە ساکاری و لەباری و بێدەربەستی وەک شانازی کردن بەپەیکەری ڤینۆس و من وەک دێرینە ناسێکی تامەزرۆ کە لە کەلاوەی خاپووری شارە کۆنەکانا لە شوێن عەنتیکەی هونەرییا وێڵە، ناچارم لە بەرانبەر ئەو کچەدا دەست بەسینە بوەستم.

لەو تاسان و سەرسوڕمانەدا بووم کە لەپڕ لە زمانم هاتەدەر:

«تۆ... تۆ ڤینۆسی... تۆ پەیکەرەی خوای ئەوین و جوانی...» بە سیلای چاو سەیری کردم و کوتی: «تۆ لە ڕادەبەدەر شەرم ئەکەی وا دیارە کوردیش نازانی؛ لام وایە خەڵکی ئەم شارە دوورانەی کە ئەڵێن، سەریان لەبەر دووکەڵ بە تەمە.»

وتم: «نا، نا، خەڵکی هەرێمی دڵداری و دانیشتووی شاری ئەوینم.»

# رووناک

هەر دەبوو بێدەنگ بم، دەبوو نەنووسم، بەڵام لەو کاتەوە کە دڵم بەدڵی تۆوە پەیوەندکردووە، خۆپەرستی و غرورم نەماوە، خۆت ئاگات لێیە کە تا ئێستە زۆرم هەوڵ داوە بۆ خۆمت ڕاگرم، هەر کات قسەیەک هاتۆتە پێشەوە و سەرچاوەی ڕوونی ئەوینمان لێڵ کردووە؛ لەگەڵ ئەوەشا من تاوانێکم لە پێکهێنانی ئەم نێوان ناخۆشییەدا نەبووە دیسان هەر من دەستی ئاشتیم بۆ لات ڕاداشتووە.

بە گیان و دڵ کڕیاری نازت بووم، گوێم نەداوەتە گرمەی ترسێنەری دێوی غرورێک کە لە دەروونمدا وەخەبەر هاتووە، لەبەرچی؟ چونکە خۆشم ویستووی، تۆش پاش ئەوەی هەستی ناسکی کچانەت دامرکاوە، داوای ئاشتی منت وەرگرتەوە و بەپێکەنینێکت هەموو لای ڕەشبینی و ناهومێدییەکت لە دڵم ڕامالیوە. هەموو کچێک خاوەنی هەستێکی ئەوتۆیە، ئەیەوێ بۆ دڵدارەکەی ناز بکا، بتۆرێ و چاوەڕوانە کە پیاو هەنگاوی هەوڵ بۆ ئاشتبوونەوە هەڵگرێ.

ئەم ڕاستەقینەیە کە من باشی تێئەگەم، ئەزانی کە هەمیشە هەر من پێشەنگی ئاشتبوونەوە بووم.

چ پەیمانێکمان بەست؟ چەندەمان زەمزەمەی بەهار و ئەوین و دڵداری بە گوێی یەکا چپاند؟ چەند سەعاتی بە شۆر و هەرگیز لە بیر نەچۆوەمان لەلای یەک بەسەر برد؟ لە بیرتە کە من ئەترسام بە جارێ خۆم بسپێرمە دەس گەردەلوولی ئەوین؟ چونکە تاڵترین تاقیکاریم لەم بارەوە هەبوو، بەڵام تۆی باش، تۆی خاوێن ناچارت کردم تەسلیم بم، دەروونی من ئامادەبوو، بۆ بانگهێشتنی میوانی ئەوین، ئەمزانی کە هەستی من تەنیا لە دوڕگەی بەرین و سەوزەڵانی دڵدارییا تێئەگا و پتەو ئەبێ؛ بەڵام ئەترسام ئەو دوڕگەیە کە من لە دڵما سازم کردووە بەو هەموو مەلە جوانانەیەوە کە جریوەیان وەک مووسیقای بێ وچانی ژیان دێتە گوێ لەپڕ ببێتە وشکارۆیەکی چڕ. ئەترسام ئەو هەنگاوانە کە من بەتاسەی هەرێمی ئەوینەوە هەڵیانئەگرم بمگەیەنێتە



وڵاتی درۆو دەلەسە و فریوکاری. لە بیرت چۆتەوە ئەو ڕۆژە پاش ساڵێک کە بەچاو، بە ڕوانین، بە هەناسەی ساردوگاهێ بە بزەی شەرمێونی لێو تێمگەیاندبووی کە گرفتاری تۆم؟ لە کۆمەڵانێکا تووشی یەک هاتین، ئێوارەیەکی بەهار بوو تۆ کتێبەکانت بە سەر سینگی پڕ لە رازی کچانەتەوە گرتبوو، شەکەتی چەند سات گوێگرتن بۆ دەرس کوتنەوەی مامۆستای خوێندگەکە کەمێک چاوی لێڵ کردبووی، دەتکوت گوڵاوێکی مەندە بە پەلکی شلک و تەڕی شۆڕەبی سێبەری لێ کراوە.

لەمێژ بوو ئەمویست پرێسکەی دڵم لەلات بکەمەوە بەڵام نازانم چ سامێکی یەزدانم لە چاوتدا بەدی ئەکرد؟ کە هەر لەگەڵ ئەمدیتی زمانم دەچووە بەست. بەڵام ئەو ڕۆژە شەپۆلی پەنگاو بەستووی هەستی من لەمپەڕی زمان و پەرژینی مژۆڵی ڕووخاند، گوتم: «ڕووناک!» ڕاوەستای ، بزەیەکی هیوابزوێن کەوتە سەر لێوت و ڕەنگت کە لە پێشا وەک پۆلووی ئاگر سوور بوو گۆڕا، وەک ڕۆژی سەرکەل پەڕی، پاش ئیستێکی کورت بووی بەئاسکێکی سڵ و هەڵاتی. وەک دوێردێکی تیژ هەریری هەوای کۆڵانت لەت کرد، کۆڵان پڕ بوو لە بۆنی خۆشی ئەوینت. من مامەوە بەدڵێکی لەدەست دەرچوو. گیانەکە ڕەنگە لەبیرت نەمابێ چونکە ئەمڕۆ بۆم دەرکەوتووە ئەم ماوەیە هەر نەخشت گێڕاوە، رووبەندی دڵداریت بەسەر خۆتا کێشاوە و لە ژێرەوە گاڵتەت بە من کردووە.

لێت ئەپرسم، کاری ئەو باخەوانەت پێ چۆنە کە تۆوی گوڵ ئەچێنێ؟ شەو ئاوی لێ ئەنێ، بژاری ئەکا، لەشی نەرم و نیانی گوڵەکە لە دەسدرێژی دڕک و داڵ ئەپارێزێ تا غونچە ئەکا، ئەپشکوێ و بەدەم بەیانەوە پێ ئەکەنێ، پاشان باغەوان پێشێلی کا، بیژاکێنێ و لە ڕیشەوە دەریبهێنێ، بیخاتە بەر سوورەتاوی بێ بەزەیی نیوەڕۆی هاوین؟ پێم بڵێ کاری ئەو باغەوانە بێ هەستە، دەروون زبرەت پێ چۆنە؟

کارم بەسەر وەڵامی تۆوە نییە، بەڵام تۆ خۆت وەک ئەو باغەوانە باخچەی دەروونی منت بەجوانترین گوڵی هەست و دڵداری ڕازاندەوە، ئەو گوڵانەت بەئاوی هیوا پەروەردە کرد تا شەپۆلی بۆنی خۆشیان دەماغی لاویمی پڕ کرد. لە پڕ بێ ئەوە تەنانەت خۆشت بزانی بۆ چ وات کرد، لێت ناپاڕێمەوە کە ئەو بەهارە کە خۆت کردت خەڵاتم بۆچی لێم وەرئەگریەوە؟!

تەنیا ئەمەوێ جارێکی تریش بتبینمەوە، سۆنەی نیگام کە هۆگری زرێباری چاوتە، جارێکی تر لەم دەریا شین و مەندەدا مەلە بکا. ئەمەوێ بزانم دیسانەوە لەبەر چاوم هەر ئەو کەلە هەتاوگرەی بەربەیانی، یا بووی بەئاسۆی زەردی ڕۆژپەڕ. زۆر سەیرە چۆن ئەبێ دڵێکی وەک دڵی من بێ تاوان لە پڕ لەوپەڕی بەختیارییەوە بێتە ئەم پەڕی چارەڕەشی؟ بەیانی کە چاوم کردەوە تۆم هەبوو، بزەی هەتاوم هەبوو، ژیان و هیوام هەبوو، کە شەو داهات نە تۆمای، نە پڕشنگی خۆرەتاو و نە ژیان و هیوا. نازانم بیرەوەری ئەوینی مردوومان ئەوەندە بێ هێزە کە بتکێشێ بۆ جێژوانی چۆڵی خاپوورمان یا نا، بەڵام ئەگەر هاتی چاوت بەمن یا باشتر بڵێم تاپۆی من ئەکەوێ و ئەو تاپۆیە پێت ئەڵێ بۆ چ وات کرد؟

ئەم نووسراوە کورت و ساکارە کە پێشکەشتان کرا تەنیا لە ڕوانگەی دڵدارییەوە سەیری دەوروبەری خۆی ئەکا و ناتوانێ بۆ کۆمەڵ کەڵکێکی هەبێ بەتایبەت ئەمڕۆ کە شێوەی ڕۆمانتیک کۆن بووە و دەرکەوتووە کە ناڵە و هاواری ئەویندارانە هیچ دەردێکی کۆمەڵ دەوا ناکا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشا ئێمە هێندە وشک و بێ هەست نین کە بەجارێ ئەوینمان پێ بێهوودە بێ، ئەوین لە نووسراوەی «رئالیستی»یا ئەبێ کەرەسەیەک بێ بۆ هاندان و پتەوکردن و لابردنی شەکەتی، نەک خۆی ببێتە ناوەڕۆکی مەبەست؛ واتە ئەوین بۆ ژیانی بەختەوەرانە لەگەڵ هەموو کەس، «نەک ئەوین بۆ ئەوین».



## «نووری» شاعیری خەم

سەلام لە گوێگری هەستیار و بیستیاری هونەرناسی بەرنامەی تاپۆ.

لە سەرەتای بەرنامەی تاپۆدا ڕامانگەیاند کە ئەم بەرنامە جگە لەمەی وەڵامی پرسیارە وێژەییەکانتان ئەداتەوە، ئامادەیە بۆ ئەوە شیعر و نەسرەکانیشتان لە بەرنامەکەدا بنووسێ و بەناوی خۆتانەوە بڵاوی کاتەوە. لەم بەرنامەیەدا پارچە شیعرێکتان پێشکەش ئەکەین لە شوێنەوارەکانی کاک محەممەدی نووری. کاک محەممەدی نووری بەداخەوە کەم کارە و چەوتی ژیان ماوەی نادا زۆرتر بەهونەرەکەیەوە خەریک بێ؛ ئەگەر وا نەبوایە ئێمە ئێستە بینەری دیوانێکی جوان و ڕازاوەی شیعری ئەبووین. کاک نووری هەرچی شیعری هەیە هەموویان هیوا بڕاوانەن. ئەمەش ئەگونجێ هەر لە بەر ژیانی ناساز و نەهاتی بێ. وا دەرئەکەوێ کە هەرگیز تینی هومێدێک لە دڵی کاک نوورییا نەبووبێ، بەڵام نە من و نە گوێگرەکان ئەم دەلیلەمان قبوڵ نییە کە کاک نووری نەهاتی و چەوسانەوە و کەسەری خۆی بکا بە بەهانەی بەستنی سەرچاوەی زەوقی و ئێمە بێ بەش بکا لەو ئاوە زوڵاڵە. با ئەمەش بڵێم کە ئەم چوار شێعرانە بەزاراوەی موکریانین و ئەگەر وشەیەک یا شێوە دوانێک و تەعبیرێکی موکریانیتان تێدا بەر چاو کەوت لاتان سەیر نەبێ.

کاک محەممەدی نووری بەر لەوە شێعرەکەی دەست پێ بکا ئەڵێ: شێعرێکی «گۆران»ی– لە سەرەمەرگی هیوادا– خوێندۆتەوە و نووسیویەتی: «هەموو کەس بۆ مردووی خۆی دەگری، بەڵام گریانی گۆران بۆ هیوا و بێکەس هەموو کەسێکی خاوەن دڵ بانگ ئەکاتە سەر شیوەنگا. من لەو کۆڕە گەرمە شینەدا بەخوێندنەوەی ئەو هۆنراوەیەی مامۆستا گۆران بۆ چەند ڕۆژێک دڵم گەرم بوو. دەردی خۆم لە بیر چۆوە و سەرم دانەواند لە بەر دەرگای هونەر. هونەر فەرق ناکا کوردە، عەرەبە، یا تورک. کۆنە یا تازە، «حافز»ە یا «لامارتین»، ڕەشە یا سپی. هەرچی هەیە، هی هەر خەڵکێکە بەجوانی دەچزێتە گیان و دەکشێتە ناو ژیان، هەم پێکەنینی جوانە و هەم

گریانی شکۆدارە. لێرەدا کاک نووری خۆی بەکەم داناوە و ئەنووسێ: «من نە نووسەرێکی زەبرم و نە شاعیرێکی زرنگ. تەنها ویستم بەزمانی بێ زمانی کرنۆشێک بەرمە بەر بارەگای شێعر و شاعیر و بڵێم:

ئەمن چی بڵێم بە جوانی،
رێک و رەوان و روون بێ
وەک گۆرانی «گۆران»ی
هۆی ئارامی دەروون بێ
بزەی لێو و کزەی دڵ
ئینسانی بێ و یەزدانی
دەمی تیغ و پەری گوڵ،
سێحرێکی جاویدانی
«حافز» بەنیوەی شەوێ،
بەسرودێکی عاسمانی
«گۆران» بەچریکەی کەوێ
بەقاسپەیەک گۆرانی
فرشتەی بێتە دەرکێ
پەری بێنە هەڵپەرکێ
زەوی بچێتە سەمایە
ئەمن چی بڵێم لە دوایە؟

هونەرمەند بەسەرسووڕماوی پەنا ئەباتە بەر ئیلهام و ئەپرسێ:

ئەی هەوێنی دڵی هۆنەر
ئەی هۆی زانست و ڕووناکی
لە پێش دەرگات دادەنێم سەر
باوێژە زەینم بە چاکی
چیت پێشان دا، چیت خستە دڵ
وا جوان هاتە دەرێ لە کڵ



چیت لێ ستاند و چیت دایە
وا جوان هێناتە کایە؟
هۆنەر! ئەتۆ ئینسانی پاک
نموونەی باش! ڕەوشتی چاک
بۆ کێ دەگەری؟ بۆ کێ دەژی؟
دەبیە پۆلوو، دەبیە ڕەژی؟!
چۆن سووتاوی؟ چۆن چۆقیوی؟
جارێ شەمی، جارێ پیوی؟
هەڵدایسێی بۆ دنیای ڕوون
دادەمرێنی کوڵی دەروون
تۆ «فیردەوسی» و «ویکتۆر هۆگۆ»ی
تۆ لامارتین، یاخۆ «خواجۆ»ی
تۆ «گۆران»ی، ئەستێرەی کۆی
زەمان دەڕوا، کوا تۆ دەڕۆی؟
دنیای پڕ ئاوازەی تۆ
واتەی کۆن و تازەی تۆ
لە هەر کوێ خۆی بنوێنێ
خۆری و پرشنگ دەپژێنێ
هۆنەر بڵێ ئەتۆ لە کوێی
نە ئاوا بووی، نە لەدەم سوێی
نە نزیکی نە لێم دووری
تۆ بڵێسەی کۆگای نووری
برۆی، چاوی، برژانگی
لەڕووی زەرد و رەشانگی
خوێنی لە نێو پێستی سوور
سپی پێستی وەک بلوور

گیانی لە نێو هەمووانی
ڕەنگ و زمان نازانی
تۆ برووسکەی یەزدانی
ئەمما کوڕی ئینسانی
هۆنەر جێگات دیارە
گەنجی کونجی وێرانێک
ئاواڵ و هاوڕێ و یارە
شەمێک، شەوێک پەروانێک
لەو خێزانە بچکۆلە
لەو وێرانە، لەو چۆلە
جیهانێک ئەخەیتە ڕوو
پڕ بەتاسە و ئارەزوو



## شەوە

سەلامێکی خاوێن وەک شنەی شەماڵی دوورەشار پێشکەش بەگوێگری هۆگری هونەر.

لە بەرنامەی ئەم جارەماندا یەکێ لە جوانترین و بەنرخترێن شوێنەوارەکانی شیعری نوێی کوردی بۆ ئێوە هەڵبژاردوومانە کە لەگەڵ شیکردنەوەیەکا بۆتانی دەخوێنینەوە. ئەم پارچە شێعرە هی شاعیرێکی گەنجی کوردە و ناوی شیعرەکە « شەوە»یە.

ئادەمیزادێکی سەر لێشێواو و کڵۆڵ بهێننە بەر چاو لە شەوێکا، شەوێکی کپ و کەڕ و کڕ هەتا چاو بڕشتی هەبێ و بیر بڕستی، تاریکییە و بێدەنگی، وەها کە ئادەمیزاد ئەسیری شەوە و تەنانەت لە بوونی خۆشی ئەکەویتە دوودڵییەوە. تەنانەت هەناسەکێشان و ڕوانینی چاو و هەستکردنی سامی شەویش ناتوانن ئەو دڵنیاکەن کە هێشتا زیندووە. «هەبوو، نەبوو» وەها سنووریان تێکەڵ دەبی کە لەیەک ناناسرێنەوە. لەم حاڵەدا کە نە «تەواو نەبوون»ەو نە «تەواو هەبوون»، دەنگێک لەدوورترین سووچی شەوەوە دێتە گوێ. ئادەمیزادی بەندی زیندانی شەوگار هەست دەکا کە زیندووەو بەواتای شاعیر: «شعووری گەرمی هەبوون بەگیانیا ئەگەڕێ. دەنگەکە پەرەگر ئەبێ. بەرزتر و نزیکتر دێتە گوێ. ئادەمیزادی تاسەبار تەواوی هەستی خۆی لە گوێدا کۆئەکاتەوە تا بزانێ ئەم دەنگە خۆشە کە مزگێنی ژیان و هەبوونی پێوەیە چییە؟ بەڵام دەنگەکە هێشتا دوورە. ناچار ئادەمیزادی بەسوێ و تامەزرۆی دەنگ و بزوێن و ژیان بیرئەکاتەوە . جارێ بەدڵیا دێ ئەمە دەنگی «نووح»ە؛جارێ لەبەر خۆیەوە ئەڵێ نە، ئەمە دەنگی نرکەی تەور بەدەستێکە کە خەریکی هەڵپەرتاوتن و بڕینی لک و پۆی دارستانە تا ڕێگایەک بەرەو شاری ڕووناکی بکاتەوە. جارێکیش ئەڵێ ئەمە دەنگی دەنووکی مەلی بەیانە کە پەرژینی سەختی شەو کون ئەکا تا دەرووییەک لە سەر پڕشنگی هەتاو بکاتەوە. دەنگ هەر دێ

و نزیکتر ئەبێتەوە، تاکوو ئەبێتە شەقژنێکی تاڵ و مەرگهێن. لە پێشا ئادەمیزاد لە بێ دەنگی و خامۆشی شەو ئەترسا، ئەمجا دەروونی پڕ ئەبێ لە سامی دەنگەکە و تێئەگا ئەو زمزەمە نەرمە کە لەدوورەوە وەک پتەی سەرئاو وەها بوو و زایەڵەی ئەتگوت هەڵقوڵینی کانییە، کاتێ نزیک بۆوە، بوو بەدەنگێکی ترسێنەری مەرگاوی کە چەشنی شەوی گەرووی ئادەمیزادی تەنیا و بەهەڵەچوو ئەکوشێ...

وە ئێستە گوێ بگرن بۆ شیعرەکە:

پەسا پەسا پەرەگر بوو شەوی کڕی لاسار
نەما شنەی شەوبا،
نەوی بوو چەسپی زەوی بوو لەسامی شەوپاسار!
بەسێحری تاریکی «هەبوو، نەبوو»یەک بوو
نەما نیشانەی بوون
نەما نیشانەی من
لەشم تووایە دەروونی شەوێکی بێ رۆچن!
پەسا پەساپەرەگربوو
بەرەو فەزای بێ بن!
بەرەو فەزای بێ بن!
بەچاو و گوێ پەلەقاژەی شعوری بوونم بوو
سەرنجی چاوی بە هەڵپەم،
شەوی سمی لە هەموو لاوە بۆ ترووسکایی!
بە لەز بوو گیانی بە سوێ
دڵی بەخورپە لە بن گوێ
وە گوێ بە وریایی
بەکوڵ مڵاسی جریوەی ژیان
بەڵام هەیهات...
مەلوولی کردم شەو
مەلوولی کردم شەوگار





عەزابی دامێ شەوی بێ ڕەزا
بە گۆڕەوشار
کەچی لەدوورترین سووچی ئەم شەوا
ناکاو، بەنەرمە ئاهەنگێ
درنگ، درنگ، دەنگێ
وەکوو پتەی سەرئاو
شەپۆلی خستە دەروون
لەگوێم تەنینی لەوین هەڵقوڵینی کانی بوو
تەنینەوەی وەکوو بۆنی گوڵاڵە، ئانی بوو
شنەی بلاوێنی، دنەی ئەدا بە خەیاڵ
هەرا هەرای نووحە
«نووح»ە گەمی ئەخولقێنێ،
کە دێوی زاڵمی شەو
هەواڵەکانی بەلافاوی ڕەش نەخنکێنێ؟
بەیاخی کاوەیە ئاخۆ بەرەمزی فەتحی بەیانی
لەجەرگی شەو ئەچەقێ؟
مەلی بەیانە لە شەو زیزە بێ وچان و هەدا
دەنووکی سەختی لە پەرژینی قایمی شەودا ئەدا؟
وە یا تەور بەدەسێکە لە دارسانی چڕی شەو
خەریکە تیئەپەڕێ ڕوو لە شاری ڕووناکی؟!

ئەهات... ئەهات... ئەهات...
ئەهات و شەو شەق ئەبوو
شعووری گەرمی هەبوون
بەگیانما ئەگەڕا
جێ بە سامی شەو لەق ئەبوو!
ئەهات... ئەهات... ئەهات...

ئەهات و گەورە ئەبوو، گەورەتر ئەبوو،
هەیهات!!
لە سامی شەو کڕبووم
لە سامی دەنگ پڕ بووم
دڵم کولاوە بە زرمەی هەناسەتاسێنی!
ئەهات و گەورە ئەبوو، گەورەتر ئەبوو،
هەیهات!!
شەقژنی تاڵی وەکوو مەرگی ناگەهانی بوو
تەنینەوەی وەکوو «ژەهری هەلاهەل» ئانی بوونی
هەرای دەروون ئاخن
پەسا پەسا پەرەگر بوو وەکوو شەوی لاسار
پەسا پەسا پشووبڕ بوو عەزابی گۆڕەوشار
وەرن، وەرن شەوە گرتوومی
بمگەنێ هاوار، هاوار!



## سێحری نیگا

من بووم و دوو سێ گەز هەوای هۆدەکەم. ئەوەندە تەنیا بووم کە ئەتگوت ئادەمم لە یەکەم ڕۆژی خوڵقانیا. بێدەنگی هێندە پڕ و چڕ بوو کە دەنگی لێدانی دڵ و نەبزی دەستم ئەتگوت گرمەی هەورە تریشقە و ڕژانی ئاوهەڵدێرێکی گەورەیە لە هەزار بەهەزاری شاخێکی سەختەوە. لە سەر هەودای نەدیاری بیرەوەری، چەرخ و خولم ئەخوارد و بەرەوپاش ئەگەڕامەوە. ژیانی سی ساڵەم لە پەڕاوێک ئەچوو کە شنەیەکی نەرم و نیان لاپەڕەکانی هەڵداتەوە. لە مناڵیمەوە پێیا دەهاتمەوە. وەک فەقێیەک کە لەبەر هەیوانی مزگەوت دەرسەکانی رابردووی دەور بکاتەوە.

مناڵیم زۆر تیژ تێپەڕی. جگە لە بزەی لێوێک کە هی ڕواڵەتێکی خەمبار بوو، چی ترم نەدەهاتە بەرچاو. بزەی دایکم بوو کە زوو بەجێیێ هێشتتم و بەناوی یادگار هەر ئەو بزەی بۆ دانام کە هەمیشە لێوی ئەڕازاندەوە، بەڵام هەمیشەش ئەو بزەیە بەڕواڵەتێکی خەمبارەوە ئەنیشت. چەشنی قورینگێکی تەنیا کە چلەبڕی کردبێ و لە کەناری شەتاوێکی بەبەفر و سەهۆڵ گەمارۆدراو هەڵنیشتبێ. لەوساتەوە فێر بووم کە بزانم کام بزە هی دڵخۆشییە و کام زەردە هی پەرۆشی و پەشێوی و هەر لەو کاتەوە خەم بوو بە هەوێنی بیرەوەریم. ئۆە چەندە تاڵە خەمنامەی ژیان خوێندنەوە، خوێندنەوەی پەڕاوێک کە ئەزانی هەمووو تراژێدییە و لە هیچ دێڕێک تووشی خۆشییەک نابی. بەبا کردنی کای کۆن! لە هەموو کەلاوەیەکا بەشوێن گەنجا گەڕان؛ ئەمەیە تەقەلای من لە پێداچوونەوەی ئەوەی بەسەرم هاتووە و ئەو ڕۆژانەی کە بناغەی خانووبەرەی تەمەنی منیان دامەزراندووە.

دێتەوەبیرم لە هۆدەیەکا کە بەرەو ڕۆژ پەنجەرەکانی ئەکرانەوە دادەنیشتم. زەردەی خۆرەتاو تا نیوەی مافوورەی هۆدەکەمی بەپۆی زەرد ئەتەنی و شەبەقی ئەکەوتە سەر ئاوێنەیەک کە بەدیوارەوە هەڵواسرابوو. پۆل پۆل پەڕەسێلکەی تیژباڵ بەقاژوقیژ بەبەر پەنجەرەی هۆدەکەمەوە تێئەپەڕین. قووقەی کەڵەشێرێک لە دەرەوە ئەهات و

بالۆرەی سەگێکی برسی بەرز ئەبۆوە. کارەکەرە پیرەکەمان تا گوێی لە لوورەی سەگ ئەبوو لە ژێر لێویەوە نزایەکی ئەکرد و خێرا پەنجەرەی هۆدەکەی ئەبەست و بەدەم کارەوە ئەیگوت: «پەنا بەخوا ئەم جارە نۆرەی کێیە؟ »

ناوی پورە خاتوون بوو. بەهەزاران داستانی دێو و جنۆکە و پەری ئەزانی. جنۆکەیەک کە ئەبوو بەپشیلە و شەوانە ئەچوو لە کۆڕی زەماوەندی جنۆکەکانا زوڕنای لێ ئەدا، «گەسکەکۆڵە»و«شەولەبان»و ناوی تر. من لەگەڵ ئەوەشا کەزۆر لەو داستانانە ئەترسام و کاتی خەوتن سەرم ئەبردە ژێر لێفەکەمەوە، هەموو شەوێ گوڕووم ئەگرت و تا پوورە خاتوون داستانێکی بۆ نەگێڕابامەوە خەوم لێ نەدەکەوت. هەر لەمناڵییەوە فێر بووم کە ئادەمیزاد ئەسیری چارەنووسە و هەر هەوڵێ بدا لە دوای چارەنووس ڕزگاری نابێ!

تەمەن لە شازدە و حەڤدە تێپەڕی و من هەستم کرد لەگەڵ لاوانی ترا جیاوازم. شەرمن و کەمڕوو بووم؛ بەتایبەت کاتێ لەگەڵ کیژێکا ڕووبەڕوو ئەبووم، زمانم ئەبەسترا و قسەم بۆ نەدەهات. هەروەک کاتی مناڵی، خۆم نوقمی خەیاڵ کرد. سەرم بردە ناو کتێبەوە. لەگەڵ جیهانی بێدەنگ و ڕەنگاوڕەنگی ئەوین و خەیاڵدا بووم بەهاودەمی شەو و ڕۆژ. هەروەها بووم تا ڕۆژێک ڕوانینی چاوێکی گەش و ڕەش دڵی لەرزاندم!نە... نە... تۆ نابێ پابەندی ئەوینی خاکی بی. ئادەمیزاد بێ بەینەت و بەقان؛ چارەت ئەوەیە ڕاکەی، هەر تا ئەتوانی خۆت دوورخەیەوە. ئەوین جوانە، بەڵام ئەوینی ناو هۆنراوە و پەڕاو نەک هی ناو کووچە و شەقام... ئەم چاوە گەشانە داوێکە ئەتکا بە ئەسیرێکی دەست و پێ بەستراو. کاتێ خۆت و دڵت پێ سپارد جێت ئەهێڵێ.

هەموو ئەمانە هاتنە سەر لاپەڕەی بیرم؛ بەڵام سوودی نەبوو؛ ئەو دووچاوە گەورە و گەورەتر بوونەوە. هەموو دەوروبەری منیان داگرت، وەک شەوێک کە بەسەرتا بکێشێ و بەرچاوت تاریک کا، یا وەک ئەمە لە پڕ ڕۆژ بگیرێ و نیوەڕۆت لێ ببێ بە نیوەشەوو نەتوانی هەنگاو هەڵبڕی. ئەم دووچاوە گەشە، بەڕوانینی گەرم و ئەویندارانەیانەوە تەنانەت بۆ وردەیەکیش وازیان لێم نەدەهێنا. بێ وازی یەخەی گرتم. بیر و خەیاڵێکی تازە مێشکمی ئاڵۆز کرد، تا لەناکاو دیسانەوە لە کۆڵانێکی تەسکا کەوتمە بەر سێحری ئەو دووچاوە گەشە. نەمزانی چ هێزێک پاڵی پێوەنام کە بۆلای بکێشم و چ



جادوویەکی زمانمی خستە کار. لەبەر خۆمەوە کوتم: «لام وا نەبوو ئیتر چاوم پێت بکەوێتەوە.» شەرمێکی کچانە روومەتی کرد بەدوو پۆلووی سووری ئاگر. پێکەنینی نادیاری لە دوو لێوی سوور و دووچاوی ڕەشیا دیاریدا. ئەو دوو گۆمە قووڵە بەشەپۆلی وردی یەک لەدوای یەک شڵەژان و بەنەرمی نەسیمێکی ئێوارانەی هاوین کوتی: «منیش لام وا نەبوو!»

– «لەو ڕۆژەوە من ئەوینم ناسی وژیانم ناسی. ئەگەر تۆ نەبوایەی و ئەگەر تۆ بەم نیگا گەرمە نەتگرتبایەمە بەر سەرنج، من چ بووم جگەلە کرمێک لەناو لاپەڕەی کتێبی زانکۆی مافا؟ ئاخۆ، جێگایەتی بڵێم سپاس کە ژیانت پێ ناساندم!»

تا حەوتەی داهاتوو، خواتان لەگەڵ.

## شانۆگەری چۆن و کەی سەری هەڵداوە؟

سەلامێکی گەرم و گوڕ پێشکەش بەگوێگری هۆگری هەوای بژوێنی هونەر.

باسی ئەمڕۆ تەرخان ئەکەین بۆ ئەم مەبەستە کە تئاتر یا شانۆگەری چۆن و لە کەیەوە لەناو کۆمەڵا پەیدا بووە و بەکوێ گەیشتووە و لەناو کۆمەڵی کوردا ئەم هونەرە پێشینەی چییە و ئەمڕۆ لە چ پلەیەکدایە؟

شانۆگەری لەگەڵ نووسینی نومایشنامە جیاوازییەکیان لە بارەی زەمانەوە هەیە، واتا پێش ئەوە کە نووسین و خەت هەبێ شانۆگەری و نیشاندانی مەبەستێکی کۆمەڵایەتی یا ئایینی بەچەشنێکی نزیک لە تئاتری ئەمڕۆ هەبووە و ئەم نیشاندانە ئەگەڕێتەوە بۆ هونەری جادووکارانە کە کوتمان دایکی هەموو هونەرێکی تری ئەمڕۆ بووە و هەر بەشێکی هونەر کە بیگری لە ئاکامی پەرەگرتنی ئەو شێوە جادووکارانەی هونەری پێشوودا پەیدا بووە. تەنانەت پەیکەرە دروست کردن و ئارشیتێکتی و تئاتری ئەمڕۆ.

بێگومان ئادەمیزادی بەڕوو، پێش ئەوە زمانی کەوێتە کارو بۆ هەموو شتێکی دەوروبەری ناوێک دابنێ و کۆمەڵ ئەو ناوە بگرێ و بەکاری بهێنێ، دەستی لەکارا بووە. جا بیری لێ بکەنەوە کە ئەو ئادەمیزادە کاتێ ویستبێتی بەخێڵەکەی حاڵی بکا کە لە بێشەیەکا شێر یا ماری دیوە بەئیشارە و زیل و بەمی دەنگ ئەو کارەی پێ نەکرابێ چی کردووە؟ بێگومان شکڵی ئەو دڕندەیا ماری لە قوڕ و بەوێنەیەکی سەرەتایی دروست کردووە. ئەمە پەیکەرسازکردن.هەر ئەو ئادەمیزادە ناو غارەکەی خۆی بەش کردووە و هەر بەشەی کردۆتە جێگای تایبەتی شتێک. وەک شوێنی خەوتن، شوێنی هەمارکردنی خواردەمەنی و ئازۆخە و پێتەویستی تر و ئارشیتێکتی هەر ئەم لەبەر چاوگرتنەی پێتەویستەکانی جێگای حەسانەوە و یا کارکردنە کە جوانی و تەفەننونیشی تێکەڵ بووە. ئەمێنێتەوە تئاتر یا شانۆگەری کە ئەمڕۆ وا دێتە بەرچاو کە گوایە تئاتر ناچارە نومایشنامەیەکی نووسراوی هەبێ و دەورگێڕەکان



بکەونە شوێن پییەس و سووژەیەکی نووسراو. ئەپرسین تئاتر چییە؟ ئاخۆ تەنیا بۆ تەفەننون و سەرگەرم کردن پەیدا بووە و بەهرەیەکی کۆمەڵایەتی نییە و بەناوی پێتەویستێکی ژیان خۆی نەنواندووە؟ وەڵام ئەمەیە تئاتر یانی نواندنەوەی ئەو ڕاستەقینە کۆمەڵایەتییانە کە ئامبازی ژیانی مرۆڤن بەچەشنێکی هونەرمەندانە واتە بەهێزی عاتفە و بەهۆی جووڵە و قسە و حاڵەتەوە و بەکەڵک وەرگرتن لە وێنەسازی بۆ تەبیعەتێ کە داستانی ڕووداوە تئاترییەکەی تێدا هەڵکەوتووە. ئەم قەیدی دوایی، یانی کەڵک وەرگرتن لە وێنەسازی- دێکۆڕ- لەپێشدا پێتەویست نەبووە، چونکە ئادەمیزاد خۆی لە تەبیعەتا ژیاوە و دێکۆڕی ئامادە و سروشتی هەبووە.

تئاتر بۆ ئادەمیزادی بەروو، شتێکی خەریککەری تەفەننونی نەبووە، بەڵکوو بەشێکی پێتەویستی ژیانی ئەوبووە، کە وەها بوو بەهرەی کۆمەڵایەتی نەبووە. ئادەمیزاد ئەگەر ویستبێتی خۆی ساز بکا لە پێشا بۆ ئەو کارە تەمرینی کردووە. تاقمێ لە خێڵەکە بوون بەدوژمن و تاقمێکی تر ویستوویانە ئەو دوژمنانە کە بەڕواڵەت کراون بەدوژمن بشکێنێ و لەناویان بەرێ. ئەمە خۆی بۆتە مایەیەک بۆ شانۆگەری بێ ئەوە پییەسێک (نومایشنامە) لە کارا بێ.

لە سەرەتای سەدەی شەشەمی پێش لە دایک بوونی عیسادا، نومایشنامەی نووسراو لەناو یۆنانییەکانا پەیدا بوو. لە سەرەتاوە تراژیدی ئایینی بە چەشنی سروود، هەر وەک لە ئێرانی کۆنا سروودی ئاگر (نیایشی ئەهوورامەزدا) هەبوو، لە یۆنانی سەدەی شەشی پێش لە دایک بوونا دەستی پێکرد. بۆ نموونە سروودێ کە بۆ ڕێزگرتنی خوای شەڕاب **دیونسووس** لە جەژنە ئایینییەکانا لە لایەن تیپێکی تایبەتەوە ئەخوێنرایەوە. سروودی قوربانی کردنی ئاسک، یەکێکی ترە لەو سروودە تراژدیکە ئایینییانە. گەورەترین تراژێدی نووسی ئاینی ناوەڕاستی سەدەی شەشەمی بەر لەمیلاد «ئی بیس»ە کە ئاڵ و گۆڕێکی لەو چەشنەنومایشنامە ئایینییانەدا پێکهێنا و دیالۆگی هێنا ناو سروودەکانەوە. ئاکتۆر ACTOR واتە نەخشیاری شانۆ ئەکەوتە دەمە تەقە و گوفتوگۆ لەگەڵ سەرۆکی تیپەکە و بەم چەشنە تراژدێدی لە سروودێکی رووتەوە گۆڕا بەوتووێژ و سروود،تێکەڵ.

ئاخۆ ئەم چەشنە شانۆگەرییە زۆر لە بەیتە کوردییەکان ناچێ کە هەندێکیان

بەقسەو پەخشان بوو و برێکیان بەشێعر و هەڵبەست؟ بەیتخوان لە کاتی خوێندنەوەی پەخشانەکەدا هەوڵی ئەدا بیری گوێگر ئامادە بکا بۆ پەردەیەکی تر لە بەیتە نومایشنامەکە و ئەمجار دەستی ئەکرد بەخوێندنەوەی بەشە هەڵبەستەکە.

پاش تراژیدی ئایینی، درام یا دراما DRAMA لە یۆنان پەیدا بوو. ئی سی خۆلۆس گەورەترین درام نووسی یۆنان بوو– ئی سی خۆلۆس لە ژمارەی سروودخوێنانی ساکاری نومایشنامەی کەم کردەوە، لە جیاتی ئەوە دیالۆگی درامی زۆر کرد و جموجۆڵ واتە نواندنی بەحەرەکەی باو کرد. پرۆمیووس ماگیدا بەنووسینی نومایشنامەی ئاگامێ مو نون و سۆفۆکل یا سۆفۆکلێس بەنووسینی ئۆدیپ گەورەترین تەئسیریان کردە سەر درام نووسینی یۆنان. یورپیدیس لە نومایشنامە نووسەکانی پێش خۆی زۆرتر، بەلای راستەقینەوە چوو. هیپبو لیتووس و میریا و ئەیوون چەن نومایشنامەی ئەو نومایشنامە بەرزەی یۆنانی کۆنن کە تەنانەت لە سەردەمی ئێمەشدا سەرنج رائەکێشێ. شتراوس مووسیقاری بەناوبانگ، نومایشنامەی ئەلکترای کردووە بە ئۆپێرا OPERRA.

بەداخەوە لە ناو کوردان تا ئەم دواییانە نومایشنامە نەنووسراوە، بەڵام شانۆگەری هەبووە، زۆرتری یارییەکانی کوردستان کە بە گەل ئەکرێن، چەشنە نومایشنامەیەکن. یەکێک لەوانە «میر میرێن»ە کە نومایشنامەیەکی کۆمێدییە و بۆ رەخنەگرتن و قەشمەری کردن بەزۆردار ساز ئەکرێ. هۆی ئەمە کە بۆچ لەناو کوردا نومایشنامە نەنووسراوە ئاشکرایە و لێدوانی ناوێ.

تا بەرنامەیەکی تر خواتان لەگەڵ.



## ڕاسپێری هونەر

سەلام لە گوێگری بەزەوق و چێشکە پاراوی بەرنامەی تاپۆ.

زۆر کەس لە خۆی ئەپرسێ کە ئایا هونەر وێنەی زانست، پێتەویستی ژیانی ئادەمیزادە، یان نە؛ هونەر لە کۆمەڵا چ نەخشێکی بەدەستە و ڕاسپێری چییە؟ ئاخۆ هونەر بۆ ئادەمیزاد لەو شتانەیە کە ئەگەر نەبێ زیان ئەگەیەنێ بە مرۆڤایەتی؟

لە زۆر کەسمان بیستووە کە بۆ نموونە «هونەری شاعیری» بێ بایەخ ئەدەنە قەڵەم و تەنانەت تاقمێکیش هەن کە شێعر و شاعیری بە ڕاگر و گنخێنەر و خنکێنەری کۆمەڵ ئەزانن. ئەوانە بێ ئەوە بیر بکەنەوە کە هونەر و زانست دوو لفەدوانەی کۆششی مێشک و ئاوەزی ئادەمیزادن، لانی لایەنگری زانست ئەگرن و ئەڵێن زۆر خوو بەهونەر گرتن و زۆر پەرژانە سەر هونەر ڕێگای بەرەوپێش چوونی زانست ئەگرێ، لەکاتێکا ئەگەر مێژووی خەباتی ئادەمیزاد لە هەوەڵی پەیدابوونی کۆمەڵی کلانییەوە ( CLAN) تا ئەمڕۆ بزانن هەرگیز بڕوایان وەها نابێ کە هەیە.

ئادەمیزاد جیاوازی هەرە گەورەی لەگەڵ گیاندارانی ترا ئەوەیە کە بەدیهێنەری هونەرە، بەشێکی کەم و کوورڕ لە زانست تەنانەت لەناو گیانداریشا هەیە، بەڵام هونەر تایبەتی ئادەمیزادە؛ لەو کاتەوە ئادەمیزاد دابەش بووە بەدەستە و تاقم و بەیەکەوە ژیاوە، واتە لەو ڕۆژگارەوە کە ژیانی خێزانی و بنەماڵەیی واتە کلان دامەزراوە ، ئادەمیزاد هونەری ناسیوە و گرنگترین ڕاسپێری خراوەتە ئەستۆی ئەو بەشەی مەعریفەتی ئینسانی. وشە و دەنگ و بزووتن، بەریز وێژە و مووسیقا و وێنەگری و سەمایان پێکهێناوە، تەنانەت ئایین و ئوستوورەی «ماوراء الطبیعە» بەرهەمی پەنجەی یەزدانی و خوڵقێنەری هونەرن؛ هونەر هەمیشە لە درێژایی مێژووی ژیانی ئادەمیزادا چرایەک بووە بۆ ڕۆشنکردنەوەی بەرپێی زانست. هەر کات ئادەمیزاد بەهۆی ئاوەزی کەم وکورتیەوە دامابێ لە گەیشتنی بەئاواتێک، پەنای بردۆتە بەر جیهانی پان و بەرین و بێ پەرژین و لەمپەری هونەر؛ ئەو جیهانە وا

ڕاستەقینەی وشک و زبری دەوروبەری ژیانی ئادەمیزاد ناتوانێ گەمارۆی بدا و تەنگی پێ هەڵچنێ؛ زانست ناچارە هەر لەو شتانەی وەرگرێ کە لە دەوروپشتی هەن و خاوەنی مادە و جسمن، بەڵام هونەر لە دەریای بێ بنی عاتیفە و خەیاڵ سەرچاوە ئەگرێ؛ لە هونەرا هیچ بەرگێگ نییە کە پێش بەئاواتی ئادەمیزاد بگرێ. لەو جیهانەی هەڵفڕین هەیە، خەوبینین هەیە، جوانی بێ خەوش و خاڵە. هونەر تا ڕادەیەکە ئاوات بڕوا ئەتوانێ هەڵفڕێ. بێ ئەوە جیهانی ڕاستەقینەش لەبیر بەرێتەوە. هونەر پردێکە لە واقعیەتەوە هەڵبەستراوە بۆ حەقیقەت. ماکسیم گۆرکی نووسەری بەرزی رووس ئەڵێ هیچ بەرهەم و داهاتێکی زەوقی ئادەمیزاد نییە کە بەهرەیەکی لە ڕاستەقینە نەبێ. زیهنی ئادەمیزاد ئاوێتەیەکە لە ئاوات و ڕاستەقینە.«قالیچەی باڵدار»، «چەکمەی خۆش ئاژۆ»، «دراکوڤلان» (DRACOVLAN)، «کڵاوی سەخری جن»، «هەڵفڕین و تەنوورەی دێو»، «چەرخ و فەلەکی پیرەژن»، هەموو نوێنەری هەڵپەی بێ وچانی هونەرن بۆ دۆزینەوەی ڕێگای زاڵبوون بەسەر فەزا و ئاسمانا  و دەرچوون لە کێشەر و پێوەندی خاک، بەتایبەت « چەرخ و فەلەکی پیرەژن» تەواو باری سەنعات و زانستی تیا بەهێزە؛ ئێستە واباشە هەرکام لە سێ وشەی «چەرخ» و «فەلەک» و «پیرەژن» وردبینەوە، تادەرکەوێ کە ئیستعارە و سەمبول سازی چ کارێکی کردووە.

چەرخ لەمێژە بەنیشانەی بزووتن و حەڕەکە ئیستعارەیە کە بۆ زانستی میکانیکی و فیزیکی چەرخی چاڵاو کە بەکوردی پێی ئەڵێن کۆل و بیر، هەڵبەت کۆلی تەنیا بەکەرەسەی  بووزووتەنینیش ئەڵێن، چەرخی چاڵاو ڕەنگە یەکەم دەزگایەکی سنعاتی بووبێ کە بەشەر کردوویە بە خزمەتکاری خۆی، تەنانەت ئێستەش لە هونەری نەقاشییا لە سەبکی «ئەمپر سیۆنیسم»ەوە تاشێوە نوێیەکان «چەرخ» واتە و مەفهوومێکی ئیستیعارەییە بۆ زانستی میکانیکی،«فەلەک» واتە ئاسمان ئەو فەزا بەرینەیە کە ئادەمیزادی سەرزەوی ئەلکێنێ بەئەستێرە گەشەکانەوە و بیری هەستیارانەی بەشەر هان ئەدا بۆ پشکنین و سەردەرهێنان و زانستی کورتە و وزەی فڕینی بیر و خەیاڵی زۆر و بەربڵاوە، بیر ئەکاتەوە کە چەند سەیر ئەبوو بیتوانیایە بەچەرخێک واتە کەرەسەیەکی میکانیکی بەسەر ئەم ڕێبازە بێ گرێ و گۆڵەی فەلەکە دا باڵ بگرێتەوە، چونکە هەروەک شاعیری ئێرانی ئەڵێ:



شنیدستم که هر کوکب جهانی است
جداگانه زمین و آسمانی است

بەڵام بزانین «پیرەژن» لەم کارەساتەدا نەخشی چییە؟ پیرەژن ڕەمزی ئادەمیزادی پڕ تاقیکاری و ساردوگەرم چێشتووە و ئەم ئادەمیزادە ئەشێ کە ڕێبواری سەفەرێکی پڕ مەترسی بێ.

هۆیەکی تریش کە پیرەژن بۆ ئەم گەشتی فەزایە لە بەر چاو گیراوە کە پیرەژن لە ئابووری کۆمەڵا پێکهێنەری بەرهەم و داهاتێک نییە و ئەگەریش لەناو بچێ و بێ سەرو شوێن بڕوا زیانێک لە کۆمەڵ ناکەوێ، هەر ئەو ئاواتەیە کە لەپێشا هونەر نوێنەری بوو ئێستە لەم چەرخەدا کە ئێمە تیا ئەژین لە چەشنی ئاواتێکی ئەفسانەیی دەرچووە و بووەتە کارێکی زانستی. فەزا بەهەموو ڕەمز و ڕازێکییەوە کەوتۆتە بەر تیشکی زانست، بەڵێ هەروەک لە هەوەڵەوە گوتمان زانست و هونەر دوو لفەدوانەی تێکۆشانی گیان و ئاوەزی ئادەمیزادن و نە وەک هونەر هەر تەنیا ڕێگای بەرەو پێش چوونی زانست ناگرێ، بەڵکو ئەو ڕێگایە کە بەتەم ومژ و تۆز و خۆڵ داپۆشراوە ڕوون ئەکاتەوە.

تا حەوتەی داهاتوو بەخوای گەورەتان ئەسپێرین.

# گەوەرە شێت

هەموو هاوینێک ئاوایییەکەی ئێمە چەند ڕۆژی سەرەتایی جموجووڵێکی تێ دەکەوت؛ هەر دووکەس کە ئەکەوتنە یەک، باس ئەبوو بە باسی «گەوەرە شێت». لە کانی ژنان، لەسەر خرمانان، لە مزگەوت و حوجرەی فەقێیان، لە هەموو شوێنێک باسی گەوەرەشێتیان دەکرد. گەوەر ئافرەتێکی شێت و سەرگەردان بوو کەس نەیدەزانی سێ وەرزی دیکە بۆ کوێ ئەچێ و چۆن ئەژی؛ تەنیا ئەوە ئاشکرا بوو کە ئەو یەکەم ڕۆژی هاوین لەگەڵ یەکەم گزنگی خۆر لەسەر ئاسۆ دەردەکەوت، کەمێک لەبەرزایی سەر گۆڕستانی ئاوایی ڕائەوەستا و چاوی ماندوو و شڵەژاوی بەهەر چوار لای گۆڕستانەکەدا ئەگێرا. بای بەیان شڕۆڵی جلوبەرگەکەی ڕائەشەکاند، لەو کاتەدا لە خودای کوڵوڵی یۆنانی کۆن ئەچوو، پاشان وەک خەونێکی پڕ ماتەم ئەهات بۆ ناو جەرگی ئاوایی و لەگەڵ خۆیا هەزار ئەفسانە و ڕاز و خەیاڵی لە دڵی دانیشتووانی دێدا ئەبووژاندەوە. ئەوانەی وا تەمەنیان زۆرتر بوو ئەیانگوت گەوەر تەمەنی لە سی تێناپەڕێ، بەڵام زۆر حەستەم بوو کەسێ ڕواڵەتی تێکشکاوی گەوەر ببینێ و بڕوابەم قسەیە بکا، ئەتکوت بە نووکی گاسنی ڕۆژگار، چیمەنی سەرسەوزی تەوێڵ و گۆنای هەزار کووزی خوار و چەوتی تێکراوە، بەتایبەت نیگای بێ گیان و بێ دەربەستی کە نەتئەزانی تەوس و توانجی پتر تێدایە یا ڕق و تووڕەیی. هەرگیز نەبوو کە تۆ گەوەر ببینی و ترووسکەی بێتین و تیژ تێپەڕی زەردەخەندەیەک لە سەر لێوی نەبێ، بەڵام ئەو زەردەیە زوو هێلانەی وشک و چۆڵی لێوی بەجێ ئەهێشت و ئەبووەوە بە پەیکەرەی خەم و دەرد. هەموو مێژووی ژیانی ئادەمیزاد، هەموو سەرکەوت و تێشکانێک لەیەک کاتی کورتا ئەوەندە مەلی نیگای تۆ لە چاوتەوە هەڵفڕێ و بگاتە سەر وشکارۆی روخساری ئەو، وەک برووسکەی شەوێکی بە هەوری بەهار، ڕۆشن ئەبوو و ئەگوژاوە.

من هەمیشە بەتاسەوە بووم، وەک مەراقێکی وەدی نەهاتوو ئەم ویست بتوانم قسەی لەگەڵ بکەم، چونکە زۆرم ئەفسانە و داستان سەبارەت بەم ئافرەتە بیستبوو،



یەکێک ئەیکوت جنۆکە دەستیان لێ وەشاندووە، یەکی تر ئەیکوت حەزی لە گەنجێک کردووە و پێی نەگەیشتووە، لەبەر ئەمە شێت بووە، بەڵام هیچکام لەم داستانانە بۆ من جێگای بڕوا نەبوو. ڕۆژێک ئاواتم وەدی هات؛ کاتێ کە بەیانی زوو وەک هەمیشە ئەچووم تا لە بێدەنگی بەیانییا کەمێک لە کەناری ڕووباری بچووکی قەراخی ئاواییا دابنیشم و هەندێ بیر لە هەڵپەی بێوچانی ئادەمیزاد بکەمەوە، نەرمە ئاهەنگی ئاوی ڕووبار کە دەنگی ئەو پەڕی دیواری پۆلایینی تەمەن بە گوێی مرۆڤا ئەچڕێنێ و سەری بەرزی چیا کە لەگەڵ چەن پەڵە هەوری سپی و نەزۆکا ڕاز و نیازیەتی و هەرگیز ئادەمیزاد نازانێ کە سروشت چی لە دڵایەو بەم بێ دەنگییە کە لە هەموو هاوارێک، لە هەموو بانگەوازێک بەرزترە، ئەیەوێ چی بە ئادەمیزادی سەرلێشێواو بڵێ؟!

کێشێکی بەهێز کێشامی و لە پاڵ دەستیا دایمەزراندم، بێ ئەوە ڕووی وەربگێڕێ و بزانێ من کێم، کوتی:

–«تۆش لە تەنیایی وەڕەز بووی؟»

هیچ دەنگم نەکرد. درێژەی دا:

–«بەڵێ ئادەمیزاد زۆربەیان تەنیان، لەگەڵ ئەوەشا کە بەڕواڵەت هەزار هەڤاڵ و خزم و کەس و کاریان هەیە.»

لام سەیر بوو کە ئافرەتێکی شێت ئەم قسانە بکا. بە ئەسپایی و بە چەشنێ کە نەیسڵەمێنمەوە پرسیم:

–«تۆش تەنیای؟»

بە تەوسەوە ڕوانی بۆم و دیتم کە لە نزیکەوە ئەکرێ جاڕی جوانییەکی نەماو لە زەوی پڕ لە خاڵ و خەوشی دەم وچاویا بەدی کەی.

کوتی:

–«ئەوساڵەش هەر ئەم وەرزە بوو کە ئەو ڕۆیشت و من تەنیا کەوتمەوە.»

بەدوودڵیەوە پرسیم:

–«ئەو کێ بوو؟»

دیار بوو بیرەوەری تاڵی هاتۆتە خورۆش و سەر ڕێژ ئەکا. کەمێک چاوی بە دەوروپشتا گێڕا و کاتی دڵنیا بوو کەسێ بە دەورو پشتمانەوە نییە، کوتی:

–«کۆرپەکەم، کۆرپەی نازار و خۆشەویستم!»

دەنگی ئەتکوت لە ژێرِ چاڵێکی بێ بنەوە دێتەدەر؛ کپ و خەماوی بوو. لەسەر قسەکەی ڕۆیشت:

–«باوکم زۆر دەوڵەمەند بوو؛ زیاتر لە دیوەخانی ئاغابوو، بەهارێکی سەوزی خەیاڵاوی کە یەکەم بەهاری گەنجی من بوو، فەقێ مارف هاتە ئاواییەکەمان و هێندەی پێ نەچوو کە من و ئەو دڵمان دا بەیەک. هاوین هات و گەرمای ئەوینی ئێمەش لەگەڵ گەرمای هەوا هەر هات و زۆرتر بوو؛ بەڵام باوکم ئامادە نەبوو من بدا بە فەقێیەک کەبە واتەی ئەو نەیدەزانی کوڕی کێیەو لە کوێوە هاتووە. لایەکم ئەوین بوو کە بانگی ئەکردم بۆ بەهەشتی خەیاڵاوی هەمیشە بەهار، ئەو لای ترم باوکم بوو کە لەبەر چاوم ببوو بەڕواڵەتێکی دزێو و هەڕەشەی لێئەکردم کە هەنگاو نەنێم بۆ لای ئەو گوڵزار و بەهارە کە ناوی ئەوین بوو. کوتم کەمن گەنج بووم، گەنجێکی تازەساڵ و نەمدەزانی لەم ناوەدا چی بکەم.

با سەرت نەهێنمە ئێش؛ من پاش دوو ساڵ ببووم بە دایکی کوڕێک کە لەگەڵ فەقێ مارفا ئەتکوت سێوێکن و کراون بەدوو کوتەوە، بەڵام فەقێ مارف هەر ئەوەندە مێردی من بوو؛ پاشان ڕۆیشت و منی تەنیا بەجێ هێشت. کاتێ کۆرپەکەم ببوو بە هەشت ساڵە، لەپڕ نەخۆش کەوت؛ من پارەم نەبوو کە بیبەمە لای دوکتۆر، باوکیشم لێم بەرقدا کەوتبوو و ماوەی ئەو دە ساڵە قسەی لەگەڵ نەکردبووم، تەنانەت ئەو ڕۆژەش کە چوومە لای داوام کرد پارەیەکم بداتێ، بە توانجەوە کوتی ئەم کوڕە باوکی هەیە، بۆ داوا لە فەقێ مارف ناکەی پارەی دوکتۆر و دەرمانی بۆبدا؟ پاڕانەوە و گریانی من دڵی وەک بەردی باوکمی نەرم نەکرد، کاتێ گەڕامەوە، گۆشەجەرگم، سۆمای چاوم لە جێگاکەیا...».

وا دیار بوو نایەوێ لەمە زیاتر قسە بکا، چونکە بێدەنگ بوو و چاوی بڕییە گۆڕستانی ئەوپەڕی. رووبارەکە تاوی بەسەر کشابوو و لەپێکەنینی توانجاوی ئافرەتێکی کورمردوو ئەچوو.

تا حەوتەی داهاتوو خواتان لەگەڵ.

١٣٥٣/٩/٢٤



## ڕەخنەیەکی ئەدیبانە

سەلام لە گوێگری بەهەست و هونەر پەرەستی بەرنامەی تاپۆ، هیوادارین کامەران و بەختیار بن و پێوەندی خۆتان لەگەڵ ئێمەدا بەهێزتر کەن و هەر وەک لە بەرنامە پێشووەکاندا کوتوومانە، شەکەتیمان بە رەزامەندی ئێوەی بەڕێز لەم کارە کۆمەڵایەتییە کە بە ئەستۆمانەوەیە لائەچێ و پاداشی خۆمان وەرئەگرین.

گوێگرێکی بەڕێز لە سنەوە پرسیاری کردووە، بۆ چ ئێمە ئەم بەرنامەیەچەشنێک لێ ناکەین کە وەک ماڵی گشتی یا پارک و باغی نەتەوایەتی، هەموو کەس بتوانێ بچێتە ناویەوە و بڕوای هەرچی هەیە سەبارەت بە هونەر دەربڕێ؟

کاک مرادی بەختیاری کە وەک خۆی نووسیویەتی ساڵی شەشی ناوەندییە و بەم چەشنە درێژەی بە باسەکەی داوە: «ئایا ئێوە لاتان وانییە کە بڕوای هونەری وەک بڕوای زانستی نییە کە ناچار هەموو وەک یەک بن؟ ئایا لاتان وا نییە کە هونەر پێوەندی بە عاتیفەو چێشکەوە هەیە و قەتعیەتی بەشی زانست لە هونەرا نییە؟ کە وەهایە ئەبێ ئەمەش بزانن کە بڕوای تاکێک با زۆریش مامۆستا و لێزان بێ، ناتوانێ بۆ هەموو کەس ببێتە جێگای چاو لێکردن و سەرمەشق. هونەر هەزار ڕێگای لێ ئەبێتەوە کە گشتیان ئەگەنە ئاکام. لە زانستا شوێنی زانایەکی پێشوو کەوتن و بەکەڵک هێنانی تاقیکاری زانستی ئەو، تەقلید نییە. ئێستە کەس ناڵێ نابێ شوێن ئەو کەسە کەوم کە لە پێشا کەشفی کرد زەوی خڕە، یا مانگ بە دەوریا ئەسووڕێ یا هەموو جەغزێک خاوەنی ٣٦٠ دەرەجەیە، بەڵام لە هونەرا تەقلید و شوێن گرتن بێ ئەوەی هونەرمەند خۆی چێشکەیەکی تایبەت لە کار بێنێ و ڕێگایەکی سەربەخۆ بدۆزێتەوە، شتێکی نا پەسندە.

ئەڵێن سەعدی غەزەلی باو کردووە. ئەمە خۆی هونەرێکە، بەڵام حافزیش هونەرمەندە چونکە نەیویستووە ڕاستە و ڕاست پێ لەجێگای پێی سەعدی بنێ، لەگەڵ ئەوەشا غەزەلی کوتووە و تام و بۆنێکی چێشکە و لێکدانەوەی تایبەتی خۆی

ئاوێته کردووه. زۆر شاعیری وامان هەبووه و هەیە کە نوسخەی بەدەڵی شاعیرێکی گەورەن و ڕەنگە لە تەقلیدکردنی شاعیرە گەورەکەشا زۆر هونەریان نواندبێ، بەڵام هەرگیز نەبوون بە شاعیرێکی ناسراو و ئەگەر کەسێک بیەوێ تاریفی شاعیرێکی ئەوتۆ بکا هەر ئەوەندە ئەڵێ کە بەڕاستی جوان توانیویەتی شوێن فڵان شاعیری گەورە بکەوێ. لە ڕاستییا هونەرمەندی ئەوتۆ، شەخسیەتێکی جەنبی و هەڵپەسێراوی هەیە. خۆی نییە بەڵکو دەنگدەرەوەی شەخسیەتی کەسێکی ترە؛ جا ئەمەش ئاشکرایە تا نوسخەی ئەسڵی هەبێ، کەس مەیلی گوێگرتن و خوێندنەوەی نوسخەی بە دەڵی ناکا. کەوابوو ماوە بدەن کە چێشکە پاراوەکان و زەوقی لاوانی گوێگر بکەونە هەوڵ. با خۆیان ڕێگایەک لە هونەرا بدۆزنەوە. من لام وایە ئەم بەرنامەیە دەسەڵاتێکی ئەوتۆی لەسەر هونەرمەندانی لاو هەیە کە ئەیانگرێتە ژێردەست. هەروەک ئەگونجێ ئەو سێبەرە کە لەسەر سەریانی ئەکا لە گەرمای هاوین بیانپارێزێ، ئەگونجێ بەری ڕۆژی گەرمیشیان لە چلەی زستانا لێ بگرێ».

کاک مراد پاشان نووسیویەتی:«باشتر ئەوەیە کە نووسەری بەرنامەکە تەنیا ڕێگا پێشان بدا و ئەو شتانە کە ئەیزانی و پاش هەوڵێکی زۆر بە دەستی هێناوە لە بەرنامەکەدا بۆ گوێگران ڕوون کاتەوە، ئیتر کاری بەسەر ئەمەوە نەبێ کە کامە ڕێگا باشە و کامیان هەڵەیە. بە واتەی خۆی تەرازوویەک هەڵنەگری کە بەرد و وەزنەکانی و سووک و قورس کردنی تای تەرازووەکە هەر خۆی بیزانێ و کەسی تر. بۆ نموونە کاتێ باسی شێوەیەکی هونەری ئەکا، بڵێ کە چۆن پەیدا بوو و هۆی پەیدا بوونی چ بوو، گەورەیانی ئەو شێوەیە کێ بوون، تایبەتییەکانی شێوەکە چین، کەی دوایی هات و لەبەر چی. نەک پێشداوەری بکا و لە هێزی زانستی هونەری خۆی کەڵک وەرگرێ بۆ ئەوە شێوەیەک بکوتێ و لەبەر چاوی خەڵکی بخا و شێوەیەکی تر کە خۆی لەبەر هەر ویستێک کە هەیەتی پەسەندی کردووە بەرز کاتەوە و ماوەی بیر کردنەوە و هەڵسەنگاندن لە گوێگر ببڕێ و وزەی وەکار کەوتنی چێشکە و لێکدانەوەی نەداتێ. ڕەنگە کەمێک دوور لە ئەدەب بێ، بەڵام یارییەک هەیە لە کوردەواری کە باشە لێرەدا باسی بکەم. یارییەکە بەم چەشنەیە: چەن کەس دائەبن و چەن کەسی تر بە سەریانا باز ئەدەن. ئەو کەسە وا ناتوانێ باز بدات تەنیا دەس ئەنێتە سەر پشتی هەواڵی دابوو و ئەڵێ: «بە گوێی مامۆستام».





ئاخۆ باشە لاوەکانمان هەموو بڵێن بە گوێی مامۆستا سوارە؟ من ئەو نووسەرەم زۆر پێ هونەرمەندە، بەڵام لەگەڵ ئەو کارەشیا موافق نیم کە ئەیەوێ چێشکەی ئیستاندارد و یەک چەشن ساز بکا.

من خۆم ڕەنگە بزانم ئەم موشکلەیە چۆن پەیدا بووە. لام وایە نووسەری بەرنامەکە وابیر ئەکاتەوە ئەتوانی هەرچی وا خۆی خوێندوویەتی و کردوویەتی و دیویەتی و بەهەموویانەوە بەواتەی فارسی دیدی هونەری و لێکدانەوەی زانستی و فەرهەنگی ئەویان پێکهێناوە لە چەند بەرنامەی کەم ماوەدا، ئەویش لە پشت میکرۆفۆنی ڕادیۆوە کە تەنیا یەکجار وزەی گوێگرتن ئەدا بە بیستیار، فێری گوێگرانی خۆی بکا. من خۆم خوێندکارم و لە ماوەی خوێندنمدا زۆر مامۆستای وەهام دیوە کە ئەوانەی خۆی ئەیانزانێ و بەدیهییاتی ئەوەڵییەیان دائەنێ، لای وایە کە خوێندکارەکەشی ئەبێ بێگومان بیانزانێ و لەسەر ئەم بڕوا هەڵەیە دەرس ئەڵێتەوە. بۆ نموونە، ئەڵێ فڵانە شاعیرە پێڕەوی فڵانە شاعیری تر بووە و بێ ئەوە هیچی لێ زیاد بکا تێئەپەڕێ، لە کاتێکا بۆ خوێندکار، هەر وەک شاعیری دوایی نەناسراوە، شاعیری پێشووش کە پێڕەوی لێوە کراوە نەناسراوە و لەڕاستییا دژواری و موشکلە ئەبێتە دووان. مامۆستا سوارەش ئەڵێ ئەزانین کە شێوەی دادائیسمی ئورووپا شێوەیەکی پاشەڕۆک و بێ ناوەڕۆکە و هەر شێوەیەکی تریش کە باری کۆمەڵایەتی تێدا بەهێز نەبێ هەر وەهایە.

کەس نییە و ڕەنگە من هەوەڵ کەس بم کە وێراومە بەم برا نووسەرەمان بڵێم مامۆستا دادائیسم کامەیە؟ بازی کۆمەڵایەتی بەچی ئەڵێی؟ ئاخۆ لات وایە بۆ تاقمێ خوێندەواری زانای وەک خۆت قسە ئەکەی یا بۆ من و هاوتای من؟! ئەگەر بۆ خۆت و وەک خۆتە ئەمە ئیتر کوتنی ناوێ. مەگەر بڵێی سەرتاشی بێکارم، سەری هەواڵانی سەرتاشی ترم ئەتاشم! ئەگەر بۆ ئێمەشە تکایە بەپێی زانستمان بدوێ و بەرەبەرە بچۆ پێشەوە. بەرنامەکانت کورتە، مەبەستەکانت دژوارن و گوێگرەکانت هەموویان شارەزا نین. ببوورن کە ماوەتم گرت و هەرچی لە دڵما بوو کوتم. ئەوە بزانن کە مەبەست باشتربوونە نەک ڕەخنەگرتن».

لێرەدا نامە جوان و ڕێک و پێکەکەی کاک مراد تەواو ئەبێ و ئێمە چونکە پێمان

حەیف بوو هەموو نامەکەتان بۆ نەخوێنینەوە ماوەمان نەماوە وەڵامی بدەینەوە، بەڵام گوێگرانی خۆشەویست ئەوە بزانن کە ئێمە هەرگیز خۆمان بێ نیاز نازانین لە ڕێنماییتان و هەرگیز بە رەخنەتان دڵمەند نابین و هەمیشە ئامادەی بیستن و کەڵک وەرگرتنی ڕێ بەدیکاریتانین. تا بەرنامەی داهاتوو کە وەڵامی ئەم گوێگرە بەڕێزە ئەدەینەوە خواتان لەگەڵ. شەوتان خۆش.



## وەڵامی «ڕەخنەیەکی ئەدیبانە»

ژن:

سەلامێکی گەرموگوڕ پێشکەش بەگوێگری بەڕێزی بەرنامەی تاپۆ.

لە بەرنامەکانی پێشوودا نامەی کاک «مرادی بەختیاری»مان بۆ خوێندنەوە و بەڵێنمان دا لە بەرنامەکانی داهاتوودا وەڵامی بدەینەوە، بەڵام باشترە کورتە و کاکڵێک لە نامەی ئەو گوێگرە خوێندەوارە بەڕێزەمان دووپاتەکەینەوە تا باسەکەمان لەیەک نەپچڕێ و هەر وەڵامێک لەبەرانبەر پرسیارێکا بێ و هەر ڕەخنەیەک کە ئەو برا بەنرخەمان لە نووسەری بەرنامەکەی گرتووە لە جێگای خۆیا وەڵام بدرێتەوە.

کاک مرادی بەختیاری نووسیویەتی کە بۆ چ بەرنامەکە چەشنێک لێناکەن کە هەرکەس خاوەنی چێشکەیەکی هونەرییە، بتوانێ لەو بەرنامەیەدا خۆی بنوێنێ؟

بۆ وەڵامی ئەم وتەیە ئەڵێین ئێمە لە مێژە لەم بەرنامەیەدا رامانگەیاندووە کە بەرنامەکەمان دەرگایەکی ئاواڵەیە بۆ هەموو ئەو کەسانە کە بە بەرگ و بارێکی هونەرییەوە دێن. من ڕەنگە لە هەموو بەرنامەیەکا جارێکم ئەم مەبەستە راگەیاندبێ کە تاک هەر چەندە شارەزا بێ – کە من بێگومان نیم – ئاوەزی بە هەموو لایەک راناگا و هەرچەندە هونەرمەند بێ – کە من دیسانەوە نیم – ناتوانێ مەکۆی هەموو هونەرێک بێ، تەنانەت تاک لەیەک بەشی هونەریشا ناتوانێ بیروڕای لەسەدا سەد دروست بێ. ئێمەش هەروەک کاک مراد نووسیویەتی لامان وایە بڕوای هونەری و لێکدانەوەی عاتیفی هەموو کەس لەیەک جیاوازی هەیە، بەڵام من ناچارم لە راگەیاندنی ئەو شتانە کە بەلای منەوە باش و راستن هەروەهاش ناچارم بێ بەزەیی هەموو دەوروپشتی ئەو شتانە کە لە هونەرا بەلامەوە دواکەوتوو و دزێون روون بکەمەوە، بێگومان هەر کەسێ بۆ خۆی ڕێگا و شوێنێکی هەڵبژاردووە کە پاش هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەی پێی گەیشتووە و ئەو بیر و بڕوایە کە هەیەتی ئەیکاتە تەرازووی هەڵسەنگاندن و دیاریکردنی بەر جەوەند و نرخی شێوەیەکی هونەری.

ئێمە هەزار جارمان کوتووە و دیسانەوە ئەیڵێمەوە کە ئەو هونەرە بێ دەربەستانە کە جەنبەی دینامیکی و لافی بزووتن و ژیان و بەرەوپێش بردنی قافڵەی کۆمەڵیان تێدا نییە، بەلامانەوە بێ نرخ و بەتاڵن، لامان وایە هونەرێ کە تەنیا فۆرم و قالبێکی مینیاتۆرییەو هیچی تر و چەشنی دەهۆڵی دەنگ زلی بێ ناوەڕۆک مێشکی کۆمەڵ دێنێتە ئێش، دژی هونەری راستەقینەن. ئەگەر بێ ئینسافی نەکەن ئێمە لەسەرەتای پەیدابوونی هونەرەوە پێداهاتووین و بە چەشنێکی گشتی ئەم باسەمان شی کردۆتەوە کە هونەر چۆن پەیدا بووە و بەڵگەی بە نرخمان لە مێژووی کۆمەلایەتی بەرەی ئادەمیزادی بە دەستەوە داوە و هەروەهاش قسەی مامۆستایانی هونەر و کۆمەڵ ناسیمان کردۆتە شاهید میسال. هەڵبەت لە پێش هەموو شتێکا تایبەتییەکانی شێوەیەکی وێژەییمان هەڵداوە و تا ئەو جێگایە لە وزەی دەسکورتی زانست و ماوەماندا بووبێ هەوڵمان داوە هۆی گەشانەوە و پەرگرتن و کزبوون و لەناوچوونی شێوەکە لە باری ئابووری و کۆمەلایەتییەوە دیاری کەین. وەک ئەزانێ، ئەگەر دیسانەوە بە تەوازوع و خۆ بەکەم زانییەوە نەفەرمووی نازانم، هونەر و هەموو کاروبارێکی تری کۆمەلایەتی وەک لیزگەی زنجیر بەیەکەوە بەستراون و هەموویان تەئسیری موتەقابیل و کاری دوولایەنیان لەسەر یەک هەیە.

هەڵبەت من بە پێچەوانەی «برتراندراسل» لام وا نییە ئەگەر لووتی «کلئۆپاترا» کەمێک کورتتر بوایە، جیهان ئەمڕۆ بە قۆناخێکی ترا تێئەپەڕی، چونکە نەخش و تەئسیری تاک هەر وەک «پلێخانۆف» بەکەم ئەزانێ لەسەر ناچاری مێژوویی و لەسەر کاری کۆمەلایەتی؛ بەلام ئەمەی کە ئەمڕۆ ئێمە قسەی لێ ئەکەین هونەرەو هونەر کاری تاکی نییە. راستە کە تاک ئەیخوڵقێنێ، بەلام کارێکی گشتی و کۆمەڵییە. ئەمەش تایبەتی بێ کەم و زیادی کاری کۆمەلایەتییە کە کار ئەکاتە سەر کۆمەڵ و لە کۆمەڵەوە کاری ئەکرێتە سەر. بەم چەشنە دەرئەکەوێ ماشەرەبەنی وەها ئاڵۆز کە هەر سەرەی بە شوێنێکەوە بەستراوە، دۆزینەوەی جەمسەری کارێکی دژوارە و من کە خۆم لەگەڵ ئەو پشێوەو ئاڵۆزییە وا خەریک ئەکەم، هەڵبەت هەروەک یەکێک لە ئێوە مافی ئەوەم هەیە کە شێوەیەکم بە لاوە پێ باش بێ.

کاکی من بێگومان تۆ ئەوەت بەگوێ گەیشتووە کە ئەڵێن نووسەر پێویست نییە بتوانێ ئاکام لە نووسراوەکەی خۆی وەربگرێ، ئەو راسپێری هەر ئەمەیە کە باش و



خراپ ڕوون بکاتەوە. بەلای منەوە نووسەر و هەموو هونەرمەندێکی تر لە پێش هەموو شتێکا ئادەمیزادێکە کە هەموو تایبەتییەکی ئەندامانی تری کۆمەڵی تێدایە و هەر ڕوونکردنەوەو دەرخستنی باش و خراپ خۆی چەشنە ئاکام وەرگرتنێکە. ئەوەی کە ئەڵێن ئاکام وەرنەگرێ مەبەست ئەمەیە کە نووسراوەکەی نەکاتە مەیدانی شیعار و رمبەرمب، دەنا ئەوەی کە «داستایووسکی» ئەنووسێ پەیکەرەی سی ساڵ چەوسانەوە لەبەرامبەر دەرەبەگی بەرچاو بەچلچرا روونەوە راوەستابوو، مەبەستی کابرای فەلایە؛ خۆی ئەتوانێ هاندەرانەترین ئاکام بێ. دیارە کە داستایووسکی لایەنی فەلای چەوساوەی گرتووە و بەسیحری وشە هەژاری و زۆرلێکراوی ئەوی لە بەرامبەر دەرەبەگی تێروتەسەل و زۆردار دەربڕیوە.

ئادەمیزاد ئەویش کەسێک کە کاری هونەری ئەکا، چ نووسین بێ، چ شێعر، چ نەقاشی، چ پەیکەرەسازی و ئەو کەسانە کە ڕەخنەگر و هەڵسەنگێنەری شوێنەواری هونەرین، وەک هەموو کەسێکی تر خاوەنی هەستی خۆش ویستن و ناخۆش ویستن و ناتوانن کەنار بن لە کێشەری ویست و ئاواتیان. جگە لەمانە تکایە «کاک مراد» ئادەمیزادێکی لایەن نەگرم نیشان بدا و بەواتەی کوردی سەرم بشکێنێ.

بەلام ئەوەی کە من لە هونەرا خەریکی دروستکردنی چێشکەی ئیستاندارد و یەک چەشنم. برای خۆشەویست وای دائەنێن کە بڕوای من لە هونەرا بڕوایەکی باش بێ، جا لەو حاڵەدا لاوەکانمان زیانێک نابینن لە شوێن گرتنی بڕوای من و ئەگەر دروست نەبێ لەسەر ئێوە و هەڤالانی تری وەک ئێوەیە کە هەڵەکانم راست بکەنەوە تا گوێگرەکان تووشی هەڵە نەبن. ئەمانە لە کاتێکدا ئەگونجێ کە من کارەکەم کاری هونەری رووت بێ. من لەم بەرنامەیەدا زیاتری کارم لەسەر نەقد و هەڵسەنگاندن ساغ بووەتەوەو ئەگەر لاوێک بڕوای منی بە لاوە دروست بێ، ئەمە ئێتر دروستکردنی چەشکەی ئیستاندارد نییە. خۆتان ئەزانن کە من ئامادەم بۆبیستن و وەرگرتنی ئینتقاد و بەئاوات ئەخوازم گوێگرانی بەڕێز هەموویان چەشنی ئێوە گوێ بگرن بۆ بەرنامەکە و ئەگەر تووشی هەڵەیەک هاتن کە بێگومان بیری ورد و ئاوەزی بەکار و چەشکەی پاراوتان زۆر لە بەرنامەکەدا تووش دێ، بۆمی بنووسن و منەتبارم کەن. ئەوا ئێوە و ئەوەش بەرنامەکە، دەیجا فەرموون بەخێر هاتن.

تا حەوتەی داهاتوو بەخواتان ئەسپێرم. شەوتان باش.

# یەکەم و دووهەم قۆناخی نەسری کوردی

سەلامێکی گەرم وگوڕ و پڕ بەدڵ پێشکەش بە گوێکرانی هۆگری هونەر و بیستیاری هەستیاری بەرنامەی تاپۆ.

برێ لە گوێکرە بەڕێزەکان پرسیاریان کردووە کە بۆ چ لە بەشی وێژەیی ئێران و کوردەواری و بەگشتی لە وێژەی ڕۆژهەڵاتا هەر باسی شێعر هەیە و لە بەرنامەکەتاندا ناوێک لە نەسر نابەن. ئەو گوێگرە بەڕێزانە پێیان خۆش بووە بزانن کە نەسر لە کوردەوارییا چ بارێکی هەبووە و هەیە.

بەڵێ ئەمە راستە کە لە شەرقا زیاتر باوی شێعر و وتەی رێک و ئاهەنگداربووە تا نەسر و ئەم باسە چەن هۆی هەیە کە ئێمە لامان وایە لەبەرنامە پێشووەکاندا باسمان کردبێ، بەڵام وەڵامی پرسیارەکە:

پەخشان یا نەسر لە ئەدەبی کوردییا لکێکی ساوایە، لەبەر ئەمە سەردەمانی پێشوو باری تایبەتی ژیانی کورد نیازێکی زۆری پێی نەبووە.

ئەزانین کە ژیانی کورد بەدوو قۆناخی ئابوورییا تێپەڕیوە: یەکیان ئابووری خێڵاتی و عێڵاتی کە بە ئاژەڵداری و بەخێوکردنی ماڵاتەوە بەستراوە، دووهەمیان ئابووری فێئۆداڵی یا دەرەبەگی نیشتەجێ کە لە سەر زەوی وزار دامەزراوە هیچ کام لەو دوو ژیانە ئابوورییانە نیازیان بە نەسر نەبووە، چونکە نە واقعە نووسین نە شیکردنەوەی بەوردی ژیان بەچەشنی نەسر پێویست نەبووە و لەگەڵ گیانی ئابوورییەکە نەهاتۆتەوە، تا کاتێ کە شارنشینی و لانی کەم ئابووری سەودا گەری و بازرگانی لە شار پەرە ئەگرێ. بەپێی ئەو پەرەگرتنە گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردیش پەیدا ئەبن و نیاز بەنووسینی نەسر لە ئەدەبی کوردییا خۆی ئەنوێنێ.

ئەم نیازە و هەروەهاش پەیدابوونی نەسر بەناوی لکێکی تایبەت لە وێژەی کوردییا لە بەرامبەر مێژینەی شێعرەوە ساوا و کەم تەمەنە، لەم تەمەنە کورتەی پەخشانی کوردیشا دوو بەشی جیاواز بەر چاو ئەکەوێ: بەشی هەوەڵ زیاتر تەرخانی



راگەیاندنی مەبەستی رامیارییەو هێشتا تاشراو و رێکوپێک و لێک و لووس نەکراوە. نەسرێکی پڕ لە زەنازەنا و رمبەرمبە کە زیاتر لە نوتق و خەتابەیەکی ساکار ئەچێ کە جگە لە ڕواڵەتی دەرەوە مانایەکی جوانی لە ناوەڕۆکیا نەشاردۆتەوە؛ بە جۆرێکی تر بڵێم هێشتا نەسر راسپێری تایبەتی وێژەیی دەس نەکەوتووە و لەگەڵ خەتابە و وتاری هاندەرانەی دروشمداری رامیاری جیاوازی نییە، نووسەری لەو کاتەدا شارەزایی و پسپۆری گەرەک نییە، هەرکەس خاوەنی– هەرچەند کەم و کەم قووڵایی و بێ تێبینی– دەس ئەداتە پێنووس و رووپەرەی ڕۆژنایەک رەش ئەکاتەوە. گاهێ نووسەر ماوە بەخۆی کە مەبەستی تەواو شەخسی وەک سکاڵا لە دەس خزمێکی خۆی یا گلە لە کابرایەکی ئاپۆرەی نەناسراو لە ڕۆژنامەدا بنووسێ. نەسری ئەو کاتە پڕە لە مەبەستی ئەفسانەیی و مێتافیزیکی کە مەزهەب و ڕەوشتی کۆنی ئەفسانەیی ئەخاتە ڕوو، وەک خەو دیتن و ئاوات خواستن، ئەڵێی هەموو کەس لە دەروونیا دەریایەکە کە سەر ڕێژ ئەکاو پەلەیەتی لە نووکی پلووسکی پێنووسەوە بیرڕێژێتە سەر کاغەز.

دوایی ئەم بەشە کەمێک باشترە، ئەگەرچی هێشتا نەسر نووسین هەروەک منالێک کە خەریکی پێ گرتنە، هەڵدەستێ و دەکەوێتەوە، بەڵام فێربوونی زمانی بێگانەو کرانەوەی ڕوانگەی هەراوی وێژەی بێگانە بەتایبەت ڕۆژاوا ماوە ئەدا کە وەرگێڕانەی شوێنەوارە لاوییەکان باو بێ، وەرگێڕراوەکان ناوەرۆکێکی پتەو و بەکەڵکیان هەیە، بەڵام لەبەر نەبوونی دەسەڵاتی وەرگێڕەکان، وشە هێشتا ناقۆڵاو نەسازاوە؛ باشە ئەمە بڵێم کە لەو کاتەدا مەیدانی نووسراو هەر سەر لاپەڕەی گۆڤارەکانەو داستانێ لە زمانی بێگانەوە ئەبێ تەرجەمە بکرێ کە لە لاپەڕەی تەنگ و تەسکی گۆڤارا بگونجێ، بەم چەشنە زیاتری تەرجەمەکان داستانی کورت و نۆوێلن. نەسری تەحقیقی لە بارەی هۆز و رەگەزی کوردەوە هەروەهاش وەرگێڕانی شوێنەواری کوردناس و ئۆریانتالیستەکانیش بەرهەمی ئەو کاتە. کارم بەسەر ئەمەوە نییە کە زۆر جار بڕوای سەیر و شیاوی پێکەنین لەم نووسراوانە دەرئەکەوێ، یەکێک ساسانی بەکورد ئەداتە قەڵەم و کەسێکی تر کە یانی بەکورد ئەزانێ و سێهەمی پارتەکان ئەباتەوە سەر رەگەزی مادی؛ بێ ئەوە شارەزای دێرینەناسی و عیلمی

تاریخ بن، ئەبینین کە تەنانەت لە مەبەستی تەحقیقیشا هەستی بە لەز و خورۆشانی گەلی کار ئەکا.

لەبەرنامەیەکی ترا لەسەر ئەم مەبەستە ئەڕۆین و ئەگەینە قۆناخی سێهەم کە لەراستییا قۆناخی دوایی و ئەمڕۆیی نەسری کوردییە. تا حەوتەی داهاتوو خواتان لەگەڵ.



## دوایین قۆناخی نەسری کوردی

سەلام لە گوێگری بەهەست و هونەر پەرستی بەرنامەی تاپۆ.

لە بەرنامەی پێشوودا باسی نەسری کوردیمان کرد و قۆناخی هەوەڵ دووهەمی نەسری کوردیمان هەڵدا و بەڵێنماندا کە ئەمجار باسی نەسری وێژەیی بکەین کە دوایین قۆناخی پەخشانی کوردییە.

لە سەرەتای مەرحەلەی سێهەما، نەسری کوردی ئەکەوێتە سەر بارێکی تر و خۆی لە دەس هەراهەرای بێ سوود و بێ کاکڵ رزگار ئەکات. ئەو نووسەرانە کە خەشی دڵیان رشتووە و جانتایان هیچی تێدا نەماوە، ماڵاوایی لەگەڵ پێنووس ئەکەن و ڕوو ئەکەنە هەرێمێکی تر. نووسەریەتی ئەبێتە بەهرەیەک کەهی هەموو کەس نییە. هەروەک شاعیری، نووسەریەتی وێژەیی لە نووسەریەتی تەحقیقی جیا ئەبێتەوە، واتە لێکۆڵینەوەی زانستی ئەدرێتە زانایان و وێژەی ڕووت ئەگەڕێتەوە بۆ لای هونەرمەندان و عاتفەداران، دیسانەوە هەر چەن شێعر– لێرەدا نەسر و شێعر– واتە پەخشان و وتاری ئاهەنگدار و هەڵبەست لەیەک نزیک ئەبنەوە، هەردووک راسپێریداری شیکردنەوەی بەر و پشتی ژیانی کۆمەڵایەتین؛ هەر کام بەڕواڵەتی تایبەتییانەوە، بەڵام هێشتا پەخشان ڕێگای ڕێئالیسمی بەتەواوی نەدۆزیوەتەوە.

ئەمە سەرەتای قۆناخی سێهەمە و لە ئەنجامی ئەم قۆناخەدا دیسانەوە گۆڕانێکی بەرەو باشی دێتە پێش.

نووسەرانی کوردی ئێرانی هەوڵ ئەدەن رێبازێک کە نووسەری کوردی عێڕاقی پیاسەی بەسەرا کردووە، بێ گرێ وگۆڵتر کەن و ناوەرۆکێک کە لە عێراقا پێکهاتووە پتەوتر و بەهێزتر کەن و نەک هەر لە باری ناوەرۆکەوە، بەڵکو لە ڕوانگەی دیوی دەرەوە واتە لەباری قالب و «فۆڕم»یشەوە بیڕازێننەوە؛ هەروەک شێعری نوێ لە عێراقا بە مامۆستا گۆران دەس پێ ئەکا و لە ئێران بەرز ئەکرێتەوە و شوێن ئەگێڕێ، هەروەهاش پەخشانی کوردی لە ئێران گاهێ شان لەشانی شوێنەوارە

بەرزە ڕێئالیستەکانی جیهان ئەدا، هەڵبەت لە بیرمان نەچێ کە وزە و ئیمکان و بۆ لوان بۆ نووسەر زۆر شەرتە. بەداخەوە گاهێ لە ئێرانیش پەخشان کەمی ئەکەوێتە ناو تەم ومژی سوورئالیسم و سەمبولیسمەوە و لە هەرێمی فام و تێگەیشتنی خەڵکی ئاسایی دوور ئەکەوێتەوە. هەرچی بێ ئەمە ڕەخنەیەکە لەسەر نووسین، لەگەڵ ئەوەشا ئەزانین سەمبولیسم پێتەویستێکی کۆمەڵایەتییە و ئەمڕۆ لانی کەم ناکرێ نەبێ؛ ئەم خۆشاردنەوەی «بووکی مانا»یە لەناو تارای وشە و لە توێی «حەریری تەعبیر»دا بۆ شیعریش هەر هەیە. ڕەنگە هەندێ بپرسن کە ئاخۆ ئەگەر پەخشانێک زۆر ساکار و بێ گرێ وگۆڵ نووسرابێ، یا پارچە شیعرێک کە ئیماژ و ئیستعارەی تێدا نەبێ جیاوازی چییە لەگەڵ وتاری ئاسایی و ڕۆژانە؟

من لام وایە کە ڕاستەقینەی دەرەوە هەر وەک هەن پاش ئەوە لە دەروون و هەستی هونەرمەندا جێگر بوون دەرناخرێتەوە. عاتفە ڕەنگی تایبەتی خۆی لە ڕاستەقینە و ڕووداوی ناو کۆمەڵ ئەدا. پێوەندێکی زەریف و نادیاری لە نێوان ڕووداوەکانا دروست ئەکا. دوێنێ و ئەمڕۆ و بەیانی بە یەکەوە ئەلکێنێ و ئاکامیان بە چەشنی هونەرەکەی جا چ نووسینی نەسری، چ شێعری و چ بەشەکانی تری هونەری پێ دەرئەخا و ئەزانین کە بۆ ئەم دەرخستنە ورد و عاستەمە زمان و وشە و لێکدانەوەیەکی وردیش پێویستە کە ناچارە بەرزتر بێ لە ریزی ئاسایی، بەڵام داپۆشراوی و تەعقید و ئیماژە و ئیستعارەی دوور لە دەسکەوتی دەسکورتی خەڵکی گەڕەک و کۆڵان نابێ ئەوەندە زۆر بێ کە بەتەواوی هونەرەکە بکاتە شتێکی مینیاتۆری و رواڵەت جوان، بەڵام بێ کەڵک و سوودی کۆمەڵایەتی.

ئێستە تکایە گوێ بگرن بۆ پارچە پەخشانێک کە لە سەرەتای نۆوێلێک وەرگیراوە و شوێنەواری نووسەرێکی نەناسراوی ئێرانییە.

هەتاوی ڕۆژپەڕی پاییز بزەی ئەڵێی نا بەدڵی ماڵاواییە. خوایە ئەمڕۆ چەن زوو تێپەڕی؛ دیسانەوە یاوی گەرمی ئەم مناڵە بێگوناهە. عەزیز لە بەربەرۆچکی مزگەوت هەستا، خۆی تەکاند و کەمێ چاوی گێڕا کە خوا حافیزی بکا و بەرەو ماڵ بێتەوە. کەسی نەدی، پێکەنینێک وەک بزەی نا بەدڵی هەتاوی ڕۆژپەڕی پاییز کەوتە سەر لێوی... «وا دیارە من لە مێژە سەرم بەرداوەتەوە و خەریکی بیرکردنەوەم، هەموو ڕۆیشتوون و من بە تەنیا ماومەتەوە». هاتەوە بیری کە هەمیشە تەنیا بووە، کەس



نییە هەواڵی تێشکاو بێ. ڕاستی هەژار بۆ مردن باشە؟! سەری هەڵێنا لەسەر ئاسۆ چاوی بەداری وشکی چاک کەوت، بایەکی نەرم پەڕۆی شینی دارەکەی ئەشەکاندەوە. ئەو پەڕۆیە خۆی دوێنێ لە دارەکەی هاڵاندبوو، ئەیزانی هیچ ناکا، بەڵام باش بوو بۆڵەی لە خێزانی ئەبڕی.

–«تۆ هیچ ناکەی، نابزوویەوە. هیوا لەشی وەک پۆلوو ئەگڕێ، تۆش هەر دەستەو ئەژنۆ دانیشتووی. ئاخر نووشتەیەک ، شەخس و پیرێک».

–«کچێ ئافرەت نەخۆش چی داوە بەسەر نووشتە و دۆعاوە؟! هیوا سەرمای بووە، گیانی رووتە ئەبێ بیبەینە لای دوکتۆر».

کاتێ بیرەکەی بەم جێگایە گەیشت پێکەنین گرتی:«کام دوکتۆر؟ بە کام دراو؟!» هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا، وەک بیەوێ لە دەس ئەم بیرە ئاڵۆزانە راکا، هەنگاوی هەڵبڕی بەرەو ماڵ.

–«هیوا چۆنە، ئافرەت؟»

زۆر بۆ وەڵامەکەی ماتڵ نەبوو. لە بەیانییەوە چو بووە دەرەوە کە پارەیەک پەیدا کا، بەڵام هیچی بۆ نەکرابوو. چووە سەر سەری هیوا. لێفەیەکی شڕی بەسەرا درابوو، هەڵی داوە. ئارەق زەنگۆڵ زەنگۆڵ لەسەر گۆنای گەرمی هەڵنیشتبوو، هەناسەی باشتر ئەهات و ئەچوو.

خێزانی پرسی:

–«کارێکت بۆ کرا؟»

عەزیز سەری بەرداوە و بەئەسپایی کوتی:

–«نە، ئەمڕۆ گزیری ئاغا هاتە دەرکی مزگەوت و دەنگی دام بۆ بێگار، بەیانی جۆماڵە».

خێزانی بە ناڵینەوە کوتی:

–«خوا هەڵی نەگرێ»

عەزیز وەک کەسێک لەبەر خۆیەوە قسە بکا کوتی:

«ئەمە راسپێری سەرشانی خۆمانە!»

تا حەوتەی داهاتوو بە خواتان ئەسپێرین، شەوتان باش.

## وەڵامی گوێگرێکی خۆشەویست

سەلام لە گوێگری بەڕێز و هونەر پارێزی بەرنامەی تاپۆ.

کاک رەحیمی بەهرامزادە لە بۆکانەوە نامەیەکی بۆ نووسیوین و پاش ئەوە کە نزای بۆ سەرکەوتنمان کردووە لە خزمەتی گەلا، چەن ڕەخنەیەکی لێ گرتووین و ئێمە لەم بەرنامەیەدا وەڵامی ئەدەینەوە. کاک رەحیم وا دیارە گەنجێکی بەشۆر و هونەرناسە و دەردەکەوێ بەرنامەی تاپۆی چەن حەوتە بەر لە ئێستەی گوێ لێ بووە کە لەودا کوتبوومان نابێ ماوە بدرێ ئەو شتە نزمانە کە ئەمڕۆ بەناوی گۆرانی کوردی لە ناو خەڵکا باوە پەرە بگرێ. لە نامەکەیا نووسیویە کە ئێوە خۆتان زۆر کاری وا ئەکەن کە خەیانەتە بە هونەری کوردی. کاک رەحیم مەبەستی ئێمەی کاربەدەستی رادیۆی کوردی بووەو نووسیویە کاتێ شێعرێکی کوردی ئەخوێندرێتەوە، پێتەویستی چییە کە لەناوی هونەرمەندێکی کە کورد نییە لە مووسیقای ئەوان لەگەڵ شێعرە کوردییەکەدا کەڵک وەربگیرێ. ئەمە ڕەخنەی یەکەمییەتی. رەخنەی دووهەمی ئەمەیە کە بۆچ ئێمە هەر باسی هونەرمەندانی رابوردوو ئەکەین و لانی هونەرمەندانی گەنج و ئەمڕۆییمان بەرداوە. ئەو گوێگرە هوشیارەمان نووسیویەتی کە بەڵێ باسی خزمەت و تێکۆشانی رابردووان بەکەڵکە، بەڵام ئەبێ بۆ گەنجەکانیش کە تامەزرۆی هونەرن هەنگاوێک بنرێ و رێنوێنی بکرێن و هان بدرێن. ڕەخنەی سێهەمی ئەمەیە کە بۆچی بەستە فارسی و تورکییەکان وەرئەگێڕنەوە بە کوردی؟ ئەمانە ئەبنە مایەی لەناو چوونی رەسەنی ئاهەنگی کوردی. دانەری ئاهەنگ کە لە خەڵکی کورد دوورە و لەناویاندا نەژیاوە ئاگای لە چلۆنیەتی ئاهەنگە بەرووەکان نییە، کاتێ کە پێی ئەکوترێ ئاهەنگێکی کوردی بۆ بڵاوبوونەوە لەسەر رادیۆ دابنێ، ناچار پەنا بۆ ئەو ئاهەنگانە کە یا تورکین، یا فارسی و خۆی لە دانانی ئاهەنگێکی تازە رزگار ئەکا. پاشان ئەو ئاهەنگە کە بێگومان پڕ بە پێستی چێشکە و هەستی کورد نییە، شێعرێکی بێ تام و بۆنی کوردی ئەخرێتە سەر کە



تەنانەت شێعرەکەش پێناسی کوردی نییە. جا بیری لێ بکەنەوە کە لەم ناوەدا تەنیا وشەی ئاهەنگەکە کوردییە، نەگیانی شێعرەکان، نە هەناوی ئاهەنگەکە کوردی نین. کاک رەحیم پاشان پرسیار ئەکا ئاخۆ ئەم کارەی ئێوە باشترە لە کاری گۆرانیبێژێکی کەم زان کە وشەی نزمی دوور لە خوو و ڕەوشتی جوانی بەسەر زمانا دێ و بەواتەی نووسەری تاپۆ ئەڵێ:«دایکی حەوت کوڕبی پێت دەکەم حاشا»؟!

برای گەنج و هێژامان کاک ڕەحیمی بەهرامزادە!

ئێمە هەرگیز نەمانکوتووە کە کارمان بێ کەم و کووڕی و کەمایەتییە. ڕەنگە زۆر کەمایەتی وا لە کارمانا هەبێ کە گوێگرەکان وەک خۆمان شارەزای نەبن؛ بەهیواین وردەوردە بەسەر ئەو کەمایەتییانەدا زاڵ بین، بەڵام ئەوە کە ئێوە نووسیوتانە باسی هونەرمەندە گەنجەکانیش بکەین، لامان وایە کە ئێمە لە ناساندنی ئەو برا بەهەست و هونەرمەندانەدا، چ مووسیقار، چ شاعیر، چ نووسەر و یا دەنگ خۆش کۆتاییمان نەکردووە، مەگەر لە هەبوونی ئەوان ئاگامان نەبووبێ، کە ئەویش تاوانی ئێمە نییە. ڕەنگە ئەوە کەمتەرخەمی ئێوە بێ کە ئاگاتان لە بوونی شاعیرێکی گەنج یا هەر هونەرمەندێکی تر هەبێ و بەئێمەی نەناسێن. ئێمە لە هەموو بەرنامەیەکدا دووپاتەی ئەکەینەوە کە بەدەستێک چەپڵە لێنادرێ. ئێمە و ئێوە بەیەکەوە ئەتوانین راسپێریمان بەباشی بەڕێوە بەرین، چونکە ئێمە ناتوانین و لە وزەماندا نییە هەموو هونەرمەندێک لە هەموو شوێنێک بناسین، کە وەها بوو هەموو گوێگرێک لە سەریەتی کە هونەرمەندانی شار و ئاوایی خۆی بەئێمەی بناسێنێ، شوێنەوار و کاریان بۆ ئێمە بنووسێ و بنێرێ و ئێمەش راسپێریمانە کە ئەگەر شوێنەوارەکانیان کەڵکی بڵاوکردنەوەی هەبێ بەناوی خۆیانەوە بڵاویان کەینەوە و کارێک بکەین کە لەهەموو شوێنێک بیناسن، بەڵام یەک شت هەیە کە نابێ لە یاد بکرێ و ئەویش ئەمەیە کە ئێمە کۆڕی نووسەرانمان هەیە و هەر نووسراوێک چ هی نووسەرانی خۆمان بێ و چ لە لایەن گوێگرەکانەوە بێت ئەو کۆڕە بەوردی ئەیخوێنێتەوە و بڕوای لەسەر ئەدا، تەنانەت ئەتوانێ ئەگەر لەنگ و لۆرییەک لە نووسراوەکەدا هەبێ دەستی تێبەرێ و چەوتییەکان راست کاتەوە.

ئێمە زۆرمان پێ خۆشە کە پەیوەندێکی پتەومان لەگەڵ ئێوە هەبێ، گەشەی کاری

ئێمە بەمەوە بەستراوە کە ئێوە لە کارمان رازی بن؛ هەڵبەت ئەمە کە ئێوە لە سەدا سەد رازی بن، نە بۆ ئێوەش ئەلوێ، چونکە لەو حاڵەدا ئیتر ئێمە خۆمان بەراسپێریدار نازانین بۆ بەرەوپێش چوون و باشترکردنی بەرنامەکانمان و ئێوەش هەوڵ نادەن بۆ دۆزینەوەی هەڵەکانی ئێمە و ڕێنوێنی کردنمان.

با ئەمەش لە دوایی ئەم باسەدا بڵێم کە ئەم بەرنامانە گشتیان بۆ ئێوەن و هی ئێوەن و باشتر بوو کە لەکاتی ڕەخنە گرتنا ئەمەتان لەبەر چاو بێ کە بەشێک لەبەرزکردنەوەی بەرنامەکە هی ئێوەیە.

کاک حەسەنی ڕەسووڵی خوێندکاری زانکۆی وێژەی زانسگەی تاران پرسیاری کردووە ئایا بەلای ئێوەوە هونەرمەند هەر بەشاعیر و نووسەر ئەکوترێ؟ ئەگەر لاتان وا نییە بۆ چ باسی گۆرانیبێژێک، نەقاشێک یا مووسیقارێکی کورد ناکەن؟

وەڵامی کاک حەسەن ئەمەیە کە نەخێر هونەرمەند بەلای ئێمەوە هەر تەنیا بە شاعیر و نووسەر ناکوترێ مووسیقار و نەقاش و دەنگخۆشیش هونەرمەندن، بەڵام شاعیر و نووسەر لەناو کوردا زۆرترن لە مووسیقار و نەقاش و هونەری دەنگ خۆشیش لەو چەشنە هونەرانە نییە کە بەرنامەی لەسەر بنووسرێ؛ هەر ئەوەندە کە دەنگیان لە ڕادیۆوە بڵاو ئەکرێتەوە خۆی چەشنێک ناساندنە. ئەگەر نەقاش یا مووسیقارێکی کورد هەبێ و بە ئێمەی بناسێنن، زۆر سپاستان ئەکەین.

لێرەدا بەرنامەکەمان دوایی هات؛ تا حەوتەی داهاتوو خواتان لەگەڵ.

١٣٥٣/١٠/١



## جیاوازی نێوان شێوە وێژەییەکانی فارسی

سەلام لە گوێگری بەڕێزی بەرنامەی تاپۆ.

لە لێکۆڵینەوەی وێژەی ئێرانا گەیشتینە ئەم ئاکامە کە جیاوازییەکی بنەڕەتی وا کە لەنێوان شێوە وێژەییەکانی ئورووپادا هەیە لە ناو سەبک و شێوەکانی فارسییا نییە، واتە شێوەی کلاسیک و ڕۆمانتیک و ریئالیستیک لە بناغەوە جیاوازن و هەرکام ڕاگەیێنەری مەبەستێکی تایبەت و فەلسەفەیێکی سەربەخۆن. لە کاتێکا لەنێوان سەبکی «خوراسانی» و «عێراقی» و «هیندی» ئێرانا جیاوازی بەم ئاشکراییە بەرچاو ناکەوێ، تەنیا جیاوازییەکی ئەوتۆ کە ئەبێتە هۆی ناسینەوەی شێوەیەک و هەڵاواردنی لە شێوەکانی تر جیاوازی ڕواڵەتییە، واتە دیوی دەرەوەی وتار. ئەم پرسیارە دێتە پێش کە بۆ چ وەهایە و چۆنە لە ماوەی کورتی کەمتر لە چوارسەد ساڵ چەن شێوەی تەواو جیاواز کە جیاوازییان لە ناوەڕۆک و کاکڵدا بەیەکەوە هەیە، لە ئورووپا پەیدا ئەبن و لە ئێران لە ماوەیەکی هەزار ساڵیا واتە لە هەوەڵی پەیدا بوونی شێوەی «خوراسانی»یەوە تا دوایی شێوەی «هیندی» جیاوزاییەکی ئەوتۆ ناکەوێتە ناو شێوە شێعرەکانەوە؟!

لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا ئەبێ بڵێین ئابووری فێئۆداڵی گۆڕا بە ئابووری بازرگانی و بەشوێن ئەم گۆڕانەدا شێوەی کلاسیک کە بەرهەمی ئابووری فێئۆداڵی و ئاریستۆکراسی بوو، بوو بەشێوەی ڕۆمانتیک کە نیازی کۆمەڵی سەودا گەری ئورووپا بوو. ئێمە زۆرجار کوتوومانە کە هونەر و زانیاری و خوو و ڕەوشت و هەموو ئەو شتانە ڕووکاری ژیانن و لەسەر بناغە و پایەی ئابووری دامەزراون، ئەگەر بناغە بڕووخێ بێگومان ڕووکاریش خۆی پێ ناگیرێ و ناچارە بەرەو نەمان و فەوتان بڕوا. شێوەی ڕۆمانتیک وردەوردە گۆڕا بەشێوەی ڕێئالیسم، چونکە ئابوورییەکی نوێتر هاتبوو. لانی کەم ئەگەر وڵاتانی ئورووپا هەر لەسەر ئابووری بازرگانی مانەوە، بەڵام پێشکەوتی سنعەت و تێکنیک و پەیدابوونی چەن تاقیکاری لە ئابووری گشتییا و

دەرکەوتنی بێدادی، شێوەی ئابووری بێ دەربەستی تاکی بۆ رووناکبیران و خاوەن پێنووسانی ئورووپایی روون کردەوە کە هەرێمێکی بژوێنتر و ئینسانیتر هەیە لە تاک پەرستی و بڕوا بە کۆللێکتیڤ(Collective)، چ لە ئابوورییا و چ لە هونەرا پەرەی گرت.

مەبەست ئەمەیە کە لە ئورووپا بناغە گۆڕا و بەگۆڕانی بناغەی ئابووری رووکاریش کە هونەر بەشێکیەتی گۆڕا، بەڵام لە ئێرانا بۆ ماوەی دوو هەزار ساڵ ئابووری فێئوداڵی مایەوە، گاهێک بێ هێز بوو، بەڵام لەناو نەچوو و توانی هەڵداتەوە، هەروەک لە «چین»یشا وەها بوو و ئابووری دەرەبەگی زیاتر لە دوو هەزار ساڵ بەحەوسەڵە و گیان سەختییەوە خۆی راگرت، بەڵام ئەمەش خۆی پرسیارێکە و شیاوی وەڵامێکی ترە کە بۆچی لە ئورووپا ئابووری گۆڕا و لە ئێرانا نەگۆڕرا. ئەزانین کە هەموو گۆڕانێک لە بەرەنگاری «تێز» و «ئانتی تێز» دێتە بەرهەم و هیچ مەبەستێک لەم هەرێمە تێناپەڕێ و ئەم دەسەڵاتی تێز و ئانتی تێز بەسەر هەموو مەبەستێکا رەوایە و لێرەدا پێویستە بزانین چ هۆیەک یارمەتی مانەوەی تێزەکە ئەدا کە ئانتی تێز ناتوانێ بەسەریا زاڵ بێ و«سەنتێز» بێتە روو؟ بە چەشنێکی تر چ بارێکی تایبەت دێتە فریای فێئۆدالیسم کە ماوە نادا  لە ژێر هێرشی بازرگانییا لەناو بچێ؟

شالاوی هۆزە بیابان گەڕە کۆچەرەکان بۆسەر «بانوو» واتە فەلاتی ئێران، هۆی هەرە گرنگی دواکەوتنی ئابووری ئێرانە. ئەو هێرشانە وڵاتیان شڵەژاند و باری بەرەو پێشکەوتی ئابوورییان تێکدا و نەوەک تەنیا بوونە هۆی راوەستانی بەلەزی پێشکەوت، بەڵکو بەرەو پاشیش ئابوورییان گێڕاوە.

ئەزانین پاش پەیدابوونی ئایینی ئیسلام جگە لە دوو سێ خانەدانی وەک «ئالی زیار» و «ئالی بوویە» و «سامانی» هەر ئەمیر و سوڵتانێک کە هات و لە ئێرانا فەرمانڕەوایی کرد تا دامەزرانی «سەفەوییە» رەگەز ئێرانی و راهاتووی ژیانی کۆمەڵی ئێران و هۆگری خوو و ڕەوشتی ئێمە نەبوو، زیاتریان لەو هۆزانە بوون کە بۆ لەوەڕاندنی مەڕ و مالات لەوپەڕی «ماوراء النهر» و لە«تورکستان»ەوە هاتبوون و بەچەن شەڕو پشێوە دروستکردن توانییان هەرکام حکوومەتێک پێکبهێنن وەک «سەلجووقی» و «غەزنەوی» و «ئاق قۆینڵوو»؛ هیچ کام لەو حکوومەتانە جگە لەوە کە





ئێرانی نەبوون ئەوەندەش دەسەڵاتیان پەرەدار نەبوو کە تەواوی ئێران بگرێتەوە و ماوەی حکوومەتی بنەماڵەشیان زۆر نەبوو. هێرشی مەغوولەکان کە گەورەترین بەڵای پێشکەوتی ئێران بوو لەوەی کە بووش ئابووری  زیاتر وە دواخست. ئەو ئەمیرە دەسەڵاتدارانە خۆیان لە پێشا بە مەڕداری و شوانی ئەژیان و ئابوورییەکەیان دواکەوتوو بوو. ئەزانین کە لەسەردەمی ئەشکانیش «اقطاع» و «فئێۆدالیسم» – کە خاوەنی ئابوورییەکی پێشکەوتووترە لە ئابووری ئاژەڵداری – لە ئێرانا دامەزرابوو، تەنانەت لە دوایی سەردەمی ساسانییا بەرەو بۆرژوازی بازرگانیش چووبوو.

سنعەتکار لە شارەکان پەیدا ببوون و بەپێی کتێبە داستانییە ئێرانییەکان بازرگان لە کۆمەڵا رێزێکی زۆری هەبوو؛ رێگای تیجارەتی هاوریشم کە ئورووپای بە هیند و چین و شەرقی ئێستاوە پێوەند ئەدا بە ئێرانا تێپەڕی؛ لەبەر ئەمە ئابووری ئێران کاتێ بە هۆی فەرمانڕەوایی ئەو هۆزە مالاتدار و کۆچەرانەوە ڕەنگی ئابووری شوانی گرت لە راستییا دواکەوتی بەسەراهات. شارنشینی وەک لە ئورووپا هەبوو پاش تێکڕووخانی «چاچ» و «سەمەرقەند» و «قەرغانە» و «هەرات» و «ئۆرگەنج» و «خوجەند» لە ئێرانا پەیدا نەبوو؛ ئەمە هۆیەکی هەرە گەورە بوو کە لە ئاکامیا ئەشرافە فێئۆدالەکان وەک لە ئورووپا جێ گرتوو و بە دەسەڵات بوون، لە ئێرانا نەیانتوانی تەئسیریان لە حکوومەتا هەبێ. هێرش و شەڕ و کوشتار هێمنی نەهێشت کە ئەزانین هێمنی بۆ پێشکەوتی ئابووری گەلێک پێویستە.

تا حەوتەی داهاتوو بەخواتان ئەسپێرین. هیوامان بەختەوەری ئێوەیە.

## «گۆران» و «هەژار» کامیان بەرزترن؟

سەلام لە گوێگری بەهەست و هونەر پەرەستی بەرنامەی تاپۆ.

کەمێک بە بۆنەی کارەکەمەوە و بڕێکیش لەبەر ئەمە کە هەڤاڵ و ئاشنا و ڕۆشنای هونەر دۆستم زۆرە، دووچاری هەندێ کۆڕی وا ئەبم کە تیا دائەمێنم و گاهێ پرسیاری وەهام لێ ئەکرێ کە وەڵامەکەی نازانم، یا وا ئەبێ کە لەنێوان شیکردنەوەی و لێدوانی مەبەستێکی هونەرییا مەبەستی وا دێتە پێشەوە کە لە پێشا بیرم لێ نەکردبۆوە. ئەم کۆڕو ئەنجوومەنە بچووک و دۆستانەیە بۆمن جێگای شەوی شێعر و کۆری وێژەیی و هەڵسەنگاندنی هونەری ئەگرێتەوەو لام وایە ئەو بڕوایانە کە لەو دانیشتنە گەرم و برایانەدا دەرئەبڕڕێ، کەڵکی ئەوەی هەبێ کە ئێوەش گوێتان لێ بێ و لێی ئاگادار بن. هەڵبەت ئەگەر بڕوایەکی ترتان هەبێ و بەڵگەی باشتان بۆ بڕواکەتان لەدەستدا بێ، ئێمە بڕواکەی ئێوەش بەناوی خۆتانەوە بڵاو ئەکەینەوە. بەم چەشنە رایەڵکەیەکی لەیەک گەیشتن و هەڵسەنگاندن لە نێوان ئێمە و ئێوەدا بەدی دێ کە زۆر جێگای کەڵکە و ئەگونجێ زۆر شت لەم ئاڵوگۆڕی بڕوایەدا روون بێتەوە.

شەوێک لە کۆڕێکی بچووکی دۆستانەدا ئەم باسە وێژەیییە لە گۆڕێ بوو کە «پلەو پایەی دەسەڵات و سامانی شاعیری«گۆران» و «هەژار» کامیان بەرزتر و زۆرترە؟» بۆ روونبوونەوەی باسەکە لە پێشا باس لەوە کرا کە شاعیر ئەبێ چ ئیمتیازێکی هەبێ بۆ ئەوە بچێتە ریزی شاعیری باشەوەو هەموو پێکهاتین کە شاعیر ئەبێ جگە لە دەسەڵاتێکی مەعنەوی کە «هەوێنی شاعیرانەی دەروونی» ئەتوانین پێ بڵێین، واتە جگە لەوە کە ئەبێ زەوق و لێهاتوویی سروشتی هەبێ بۆ شێعرکوتن، ئەبێ چەند شتی تریشی هەبێ کە بریتین لە شارەزایی بە مێژووی هونەری وڵاتەکەی خۆی و وڵاتانی تری جیهان، بۆ ئەوە کە بتوانێ لە سەرچاوەی هونەری گەلانی تر خۆی تێراو کا. وا باشترە کە زمانێکی زیندووی بێگانە بزانێ، چونکە بەو زمانانە کتێبی زۆر سەبارەت بە هونەر و وێژە نووسراوە کە ئەگونجێ وەرنەگێڕرابێتەوە بۆ زمانەکەی



خۆی. تەنانەت ئەگەر شاعیر وەرگێڕراوی دیوانێکی شێعریشی لەبەردەست بێ، ناتوانێ بەهرە لە هەموو ئەو جوانییانە کە لە ئەسڵی کتێبەکەدا هەن وەربگرێ، چونکە هەر زمانێک شتی وەها تایبەتی تێدایە کە بەوەرگێڕاندن لەناو ئەچێ. کە وەها بوو شاعیر ئەبێ هەم زەوقی شاعیرانەی هەبێ، هەم لە وێژەی جیهان ئاگادار بێ. هەواڵێک پرسیاری کرد سەبارەت بەم ڕاستەقینە ئەڵێن چی کە بەیتبێژ لەگەڵ ئەوەشا شوێنەواری زۆر گەورەی خوڵقاندووە جگە لە زمانی گەلەکەی خۆی زمانێکی تری نەزانیوە. وەڵام ئەمە بوو لەو کاتەدا ئەکرا شاعیری کورد خۆی بێ نیاز بزانێ لە زانیاری و وێژەی گەلانی تر، چونکە ژیانی کورد ساکار بوو. ئابوورییەکی ساکار و کۆمەڵێکی ساکار، بەڵام ئەمڕۆ لەو ساکارییە، نە لە ئابووریدا و نە لە کۆمەڵ و ویستی کۆمەڵایەتیدا نیشانەیەک نەماوە. ژیانی کورد پێچ و قەمچی پەیدا کردووە و چارەنووسی تێکەڵ بووە لەگەڵ چارەنووسی جیهان. ئابوورییەکەی گۆڕاوە. شارنشینی و بازرگانی و سنعەت پەرەی سەندووە و شاعیری کورد ناتوانێ خۆی بپارێزێ لەو هەموو گۆڕانە و ناچارە بۆ ئەمڕۆ و کۆمەڵی ئەمڕۆ شێعر بڵێ.

«هەژار» و «گۆران» هەردووکیان فارسی و عەرەبی تورکی و کوردی ئەزانن و هەردووکیان زمانێکی ئورووپایی تا ڕادەیەک کە بتوانن نووسراوی ئەو زمانە بە بێ یارمەتی وەرگێڕ بخوێننەوە شارەزان کە وەهایە لەم بارەوە بەرامبەر دێنەوە، بەڵام ئەگونجێ کە «هەژار» بەسەر زاراوە جۆربەجۆرەکانی کوردییا شارەزاتر بێ، چونکە «کرمانجی ژووروو» کە لە ئێران پێی ئەگوترێ «بادینی»، باش ئەزانێ و لە شێعرەکانیا کە بەزاراوەی کرمانجی خواروون، وشەی کرمانجی ژووروو زۆر ئەهێنێ، وەک «بیرکم»، «هەیڤ»، «شەپاڵ»، «چەلەنگ»و زۆر وشەی تر؛ تەنانەت «هەژار» لە شێوەکانی زاراوەی کرمانجی خواروو کە لەئێران «سۆرانی» پێ ئەڵێن چەشنی «سنەیی»، «موکریانی»، «هەولێری»، بە تایبەت شێوەی «دەشتی دزەیی» و «سلێمانەیی» کەڵک وەرئەگرێ و بەلایەوە زاراوە و شێوەکانی کوردی بەیەکەوە جیاوازییان نییە و شاعیری کورد ئەتوانێ لە وشەی هەموویان کەڵک وەربگرێ، ئەم کارە لە شوێنەوارەکانی مامۆستا «گۆران»دا بەرچاو ناکەوێ. جا یا لەبەر کەم دەسەڵاتی بەسەر شێوەکانی کوردییا، یا لەبەر ئەمە کە پێی باش نەبووە لە شێعری سۆرانییا وشەی کرمانجی ژووروو بەکار بێنێ.

کۆڕەکەی ئێمە لە دوای لێکۆڵینەوەیەکی زۆر بەم ئاکامە گەیشت کە لەناو کوردا شاعیرێک کە لە ناسکی زەوق و جوانی تەعبیرا بگاتە «گۆران» زۆر کەمە، بە تایبەت لە پێهەڵگوتن و پەسندی جوانی تەبیعەتا، لە باسی ئەوین و جوانی ئافرەتا کەس ناگا بە«گۆران». هەڵبەت ئەوە کە ئەڵێین لەم ڕێبازەدا گۆران ڕێبواری تاقانە و چالاکە، مەبەستمان ئەمە نییە کە لە ڕێبازەکانی ترا دواکەوتووە. شێعری بەرزی «جیلوەی شانۆ» یا «تاقەستارە» یا «دەروێش عەبدوڵڵا» یا «بۆ هاوڕێم بێکەس» لەو شێعرە بێ وێنانەن کە بەراستی سامانی وێژەی کوردی دەوڵەمەندتر کردووە و گوڵزاری زەوقی شێعرناسانی بەهاراوی کردووە. کێ ئەتوانێ لە چەند دێڕی کورتا باسێکی رەوان ناسی وەها باریک کە لە پارچە شێعری «تاقەستارە»دا هاتۆتە گۆڕێ بەیان بکا؟

ئەمە سەبارەت بە «گۆران»؛ هەژاریش لە هەرێمی شێعری حەماسیدا بێ وێنەیە.

لە ڕۆشنایی ئەم ڕاستەقینەدا کە باسمان کرد بەم ئاکامە گەیشتین کە «گۆران» شاعیرێکی «لیریک»ە[1] و هەرکام لە هەرێمی خۆیانا دەسەڵاتدارن؛ بەڵام کاتێ «هەژار» لا ئەدا بۆ شێوەی «غەنایی»، یا «گۆران» روو ئەکاتە مەڵبەندی «حەماسی»، کەمێک لە بەرزاییەکەیان کەم ئەبێتەوە. ڕەنگە «گۆران» لە شێعری حەماسییا کەم دەسەڵاتتر بێ تا «هەژار» لە شێعری غەناییدا.

شتێکی تریش ئەبێ بکوترێ، ئەویش ئەمەیە کە «هەژار» لە«شێوەی نوێ»دا تەواو کەم دەسەڵاتی خۆی نیشان ئەدا و «گۆران» لەم شێوەیەدا لەپێشترە تا شێوەی عەرووزی بەڵام لە شێوەی عەرووزیشا شێعری گەورەی خوڵقاندووە.

بەهیوای ئەوە کە بڕوای خۆتانمان بە بەڵگەوە بۆ بنووسن.

تا حەوتەی داهاتوو خواتان لەگەڵ.

و«هەژار»«ئێپیک»ە[2]

١٣٥٣/١٠/١٥

(١)لیریک = غەنایی

(٢) ئێپیک = حەماسی



## تراژێدی سەیدەوان

کۆمەڵ لەسەر ڕێگای راستە و هەرچی لە ناو کۆمەڵەوە هەستێ و باسی خواس و ویستی کۆمەڵ بکا، جوانە؛ چونکە ئەوەی وا بە هەڵە دەچێ تاکە و کۆمەڵ کەم وا هەیە رێگای چەوت بگرێتە بەر.

کۆمەڵ بە لای منەوە بەم کەمایەتییە ناڵێن کە سوودێکیان هەیە جیا لە سوودی گشتی و هونەرێکیان هەیە بەپێچەوانەی هونەری کۆمەڵ.

چینی پێکهێنەری، واتە ئەو کەسانە کە زۆربەن و هەمیشە روویان لە ژیانی مرۆڤایەتی و بەرزکردنەوەی پلە و پایەی ژیانی ئینسانییە، بە لێکدانەوەی من کۆمەڵ بەوان ئەکوترێ؛ ئەوانن کە خەمیان وەک تەم ومژی سەر چیا وایە و شادییان چەشنی پێکەنینی هەوەڵ زەردەی خۆرەتاوە؛ ئەوانن کە هونەریان ئێسک سووک و لە دڵ نزیک و خوێن شیرینە؛ هونەرێک کە بەخشڵی خۆماڵی رازاوەتەوە و ڕەنگ و بۆن و تامی بێگانەی پێوە نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشا لە هەموو شوێنێک چ لە ناوخۆو چ لەدەرەوە هەر جوانە، چونکە مانای بەرزی جوانی ئەو جوانییەیە کە پێوەندی بە هەرێمی بەر پانی جوانەوە هەیە و لەگەڵ باسی خاوەنیی یەک مانان؛ لە هەموو لایەک و بەلای هەمووکەسەوە بەرزە.

ژیانی خێڵاتی هێندێ خوو و رەوشتی تایبەتی خۆی هەیە، کە یەکیان دڵاوایی و بەخشین و ماڵی دنیا بەلاوە کەم بوونە، چونکە لەو چەشنە ژیانەدا ئاسان بژیوی و کەم بەڕێ چوون هەیە و باری ژیانەکە چەشنێکە کە ئادەمیزاد بەرامبەر بە پاشەکەوت کردن و بیر لە بەیانی ژیان کردنەوە بێ دەربەست دەبێ. لەبەر ئەوەیە کە کورد سەربەرزی و ئازایەتی ومیوانگری زۆرە و بەیتی «سەیدەوان» داستانی ئەم چەشنە ژیانە ئەگێڕێتەوە. بەداخەوەم کە وێژەی ئێمە لە ناو گەلانی جیهاندا بڵاونەبۆتەوە، دەنا خوا عالم کە بەیتی «سەیدەوان» زۆر لە «هاملێت»ی «شکسپێر» بەرزترە. شکسپێر لای وایە «هەبوون» یا «نەبوون»، مەبەست یەکێ لەو دوانەن؛

بەیتبێژی «سەیدەوان» ئەڵێ:

«دیلان یا ماتەم.» کامیان مەبەستی ژیانە؟!

قارەمانی شکسپێر «هاملێت»ی باوک کوژراو؛ دایکی خەیانەتکار و مامی پیاوکوژ بوونە هۆی پەژارەی «هاملێت»؛ بەڵام لە بەیتی «سەیدەوان»دا باوکێک سێ کوڕی گەنجی ئەمرن، کە یەکێک بە دەستی باوکەکە ئەکوژرێ.

خەمی «هاملێت» بەئەندازەی پەژارەی «عەبدولعەزیز»ی ڕۆڵە کوژراو گران نییە.

جا با بچینەوە سەر داستانی «سەیدەوان».

«ڕەبی خودایە ئەتۆ هەوری ڕەحمەتی بێنی لە لای قیبلەی موبارەک.
لە داوێنی فەڕەنگییان. لەسەر قەبری پیر خدری هەڵبڕێژی.
کێ دیویەتی لەسەر سێ کوڕان ڕا بووک بچنەوە ماڵی بابیان بە کیژی؟»

«عەبدولعەزیز»ی داسنی، سێ کوڕی ئەبێ بە ناوی «سەیدەوان» و «نێچیروان» و «مەلکەوان». سێ کوڕی گەنج کە کاتی ژن هێنانیانەو سێ بووکیان بە ڕۆژێک بۆ دێنن. عەشیرەتی داسنی هەموو لە شایی و زەماوەندا بەشدارن، «مەلکەوان» شەوی هەوەڵ «پەردووگیر» ئەبێ و ئەمرێ خەفەتێکی گەورە ئەخاتە سەر دڵی باوکی، بەڵام «عەبدولعەزیز» کوردە، سەرۆکی خێڵی «داسنی»یانە، چۆن ڕووی هەیە بە عەشیرەتەکەی بڵێ:

«دەستی دیلان بەردەن و بڵاوی کەن!»

راستە کە کوڕ مردن پشت شکێن و بڕست بڕە، بەڵام ئەی سەرۆکی چی؟ ئەی پیاوەتی و میوان خۆشەویستی چی لێ بکا؟«عەبدولعەزیز» دەنگ ناکا و هەڵپەڕکێ و زەماوەند هەر دەمێنێ. تا شەوی دووهەم دەشتەوانان هەڵی دەدەنێ کە «نێچیروان» لە ڕەوەز، تووش و چڕە هەڵدێراوە و مردووە. دیسانەوە باوکی کۆس کەوتوو برینی ئەکولێتەوەو خەم و بەهەموو گرانییەکەوە ئەکەوێتە سەر دڵی و بیر ئەکاتەوە دوو کوڕی جوانەمەرگ بوون، ئەم زەماوەندە شوومە، ئەم بەهارە بێ فەڕە، بێ فەڕە دزێوە، چی بکا؟

ئایا لەگەڵ ئەوەشا کە تەرمی دوو کوڕی لەبەر دەستییەتی، زەماوەند هەر بمێنێ؟



ئەگەر بە داسنییان بڵێ: من زەماوەند ناگێڕم و ئێوە هەڵپەڕکێ بوەستێنن، چی پێ ئەڵێن؟!

ئاخۆ ناڵێن: «عەبدولعەزیز، پیرە، خەرفاوە و پیاوێکی ئاخر شەڕە؟»

ئەمانە ژێردەستی خۆی؛ بێ جیاوازی کوڕە داسنی کوڕی ئەون و هەموو ئەوڕۆ لە شادی ئەوا بەشدارن. میوانن گەڕی هەڵپەڕکێ گەرمە، کیژ و کوڕی داسنی خەریکی «ڕۆینە» و «سوێچکەیی» و «چۆپی» و «سێ جارە»ن. ئاخۆ بچێتە ناویان و بەپڕمەی گریانەوە بڵێ: «ئەی کوڕ و کیژی داسنی دیلانەکەتان بەردەن، لە باتی شایی، شین بگێڕن، «مەلکەوان» و «نێچیروان» مردن و ئێوە بۆ دوو زاوای نەماو شایی ئەکەن!؟»

بەڵام نا، عەبدولعەزیز کوردە، ئەوانەش میوانن. ڕەوا نییە زەماوەنەکەیان بشێوێ. ئەی دڵی پەژارەداری چی لێ بکا؟ ئەم هەموو خەم و دەردە بۆ کوێ بەرێ؟

وا باشە لە ئاوایی دەرکەوێ، پەنا بەرێتە بەر داوێنی چیا، خەفەتی بدا بە دەم شەماڵی سەرشێتی شیو و دۆڵا. با لە هەرای هەڵپەڕکێ ڕزگار بێ، ئاگری بەجۆشی دەروون ئەیبا، ئەیبا تا ئەو جێگایە وا ڕێبازی مەڕو بزنە کێوییە. لە ژێر بەردێکا ئارام ئەگرێ، بەڵام دڵی وەک ئاوی سەر ئاگری بەتین ئەجۆشێ و هەڵئەچێ. فرمێسکی گەرمی بەسەر گۆنای پڕ چینیا دێتە خوارەوە!

دەوروبەری بەهارە، بەڵام چ بەهارێک، بەهارێکی ڕەش و ناحەز، ناحەزتر لە هەموو زستانێک.

چاوی تیژی وەک هەڵۆی پیری چیا ئەڕوانێتە ئەو بەری دۆڵەکە؛ بەهانەی لە ماڵ دەرکەوتن و کۆڕی زەماوەند جێهێشتنی ئەمەیە، کە دەچێ گۆشتی راوێک بێنێتەوە. لێرەدایە کە تراژێدی دەگاتە ئەوپەڕی خۆی، دەستێکی بەهێز لە کاردایە بۆ پەروەراندنی دڵتەزێنترین بەسەرهات.

دەوروبەر بەهارە، گیا شینە لاسکی ناسکی گوڵی کێوی بە دەم بای نەرم و نیانەوە ئەلەرێتەوە. دڵی باوکێک پڕ لە مەینەت، پەردووی زاوای دوو کوڕی گەنج بە تاڵە، دوو بووک چاوەڕوانە، داسنی لە شایی و خۆشییا نوقم بوون. «عەبدولعەزیز» گاهێ بە دڵیا دێ: «دووانم مردن، «سەیدەوان»م ماوە! ژیان شاییە یا شینە؟!»

دەنگی گۆرانی بێژ و دەهۆڵ و زوڕنای ناو دێ کە زۆر دوور لە دەرەوە دێتە بەر

گوێ، ئەو جارانە وا شەماڵ ئەیهێنێ، ئەڵێ: «ژیان شاییە!» دوای مردن، هەموو دەمرن، چونکە لە هەوەڵەوە نەبوون، هاتن و پاشان ڕۆیشتن، کە وەهایە ژیان قۆناخێکی کەم خایەن و کورتە لە نێوان دوو نەبوونی درێژ و بێ بەستێنا. هەرا و بگرتنێکە لە بەینی دوو بێدەنگی و هەدادان، کە وەهایە ژیان شاییە و بۆ نەمانی بێدەنگی ماوە زۆرە، بەڵام دۆڵی کپ و خامۆش کە ئەڵێی گریانێکی بە کوڵی پیاوانەی لە گەروودا بەستراوەتەوە، ئەڵێ: «نا، نا، ژیان ماتەمە، ژیان کۆس کەوتنە، ژیان لە گۆ کەوتنی دوو لێوی پڕ بزەیە!»

با، لەوبەری دۆڵەکەوە یاری بە مووی زەردی ریشی بزنە کێوییەک ئەکا و لێکی ئەدا و ئەیهۆنێتەوەو «عەبدولعەزیزی» بە چاوێکەوە کە فرمێسکی مەینەتی تێزاوە، ئەڕوانێتە ئەو مووە زەردانە کە ئەڵێی پرچی «گوڵە بەڕۆژە» یا قژی «گەنمەکابە»یە و با ئەیشەکێنێ. وا ئەزانێ بەراستی مووی ریشی بزنە کێوییە. تەقەی تفەنگ هەڵدەستێ، وەک پرمەی گریانێکی بە کوڵ ئەچێ، نا ئەڵێی قاقای پڕ لە تەوسی ئینسانە بەژیان! شتێکی زیندوو لە پشت بەردێکەوە ئەکەوێتە خوارەوە، وا دیارە پێکراوە. «عەبدولعەزیز» دەگاتە سەری، ئەبینێ «سەیدەوان»ە، مووی زەرد و خوێنی سوور دەم و چاوی سپی لە سەرگیای سەوز تێکەڵ بوون؛ هەناسە لە سینگی چیادا قەتیس ماوە، کەو لە قاسپە کەوتووە، ڕۆژ خۆی لە ژێر هەورێکی چڵکنا شاردۆتەوە!

«عەبدولعەزیز» چی بۆ ماوەتەوە؟! دانیشێ، چونکە ئەژنۆی هێزی نییە؟ لە بێدەنگی ئەترسی و ناشتوانێ بگری، چونکە پەشۆکاوە، هەموو دنیا لەبەر چاوی دەبێتە یەک پرسیار: ژیان شینە یا شاییە؟! خەم لەوە گەورەترە کە لە دڵی پیر و ناسکی «عەبدولعزیز»ا جێگای ببێتەوە، ئەپاڕێتەوە، لەبەر خوا ئەپاڕێتەوە:

«ڕەبی خودایە بای ڕەحمەتێ بێنێ لە لای قیبلەی مومبارەک
لە داوێنی فەڕەنگیان. بیدەی لە خەمی «عەبدولعەزیز»ی و
لەبەحری خوێیەی تێپەڕێنی!»

چەند خەمێکی گەورەیە، خەمی «عەبدولعەزیز»ی داسنی کە دوو کوڕی ئەمرن و یەکێکی بە دەستی خۆی ئەکوژێ؛ لە کاتێکا بەهارە و کاتی بووژانەوە و ژیانە. بەیت بێژ چ تراژیدییەکی بەرزی پێکهێناوە، گیانی نەمری شادبێ.



# نومایشنامەی سەیدەوان

[دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا، لە دوورەوە، لە مەتندا]

وێژەر:

دەواری ڕەش وەک خاڵی سەر گۆنای کیژێکی جوان و لە داوێنی دەشتی سەوزی بەگوڵ خەملیو بۆتە نەخش. بەهار ئەڵێی گیانی ئەوینە ئەهەژێتە ناو هەناوی سروشت. زەردەی خۆرەتاو کراسی خارای کردۆتە بەر چیا بەرزەکان. ڕووباری کەف چەرێن وەک کەحلانی تازەگیراوە حیلەی دێ و بەرەو نشێو پەل ئەکوتی. لکی بەرزی هەموو دارێک بەتیشکی خۆر، زەردەی تێ زاوە ئەڵێی دار هەموو لەشی بۆتە چاو و ئەڕوانێتە ئەو مەلە ئەویندارانە کە بە جریوەی خۆیان بەستەی بەهار و ژیان بە گوێی گوڵاوی مەندی چاو بە خەوا ئەخوێنن. دەهۆڵ کوت و زوڕناژەن لە مەیدانێکا کە بە دەواری ڕەش دەورە دراوە، خەریکی لێدانی ئاهەنگی «سەحەری»ن. خەوی خۆشی پاش شەکەتی، وەک دڵدارێ کە تازە هاتبێتە جێژوان و بەپەرژینی دەستەملان و داوی لەسەر لێودانان ڕێگای سڵی و ڕاکردنی لە دڵبەر تەنیبێ، ماوەی نەدەدا دوو پێڵووی چاوی گەنجان دەس لەیەک بەردەن، بەڵام دەنگی نرکەی دەهۆڵ و زوڕنا بە ئاهەنگی دڵبزوێنی «سەحەری» وەک شەپۆلی بۆنی گوڵاڵە خۆی ئەکرد بە دەلاقەی گوێی لاواندا و لەگەڵ خۆیا چەپکێ هەستی سووری دڵدارانەی ئەخستەسەر سینەی دڵ. هەر چاو بوو وەک پەنجەرەی بەرەو خۆر ئەکرایەوەو هەر لاوی تاسەباری هەڵپەرکێ بوو ڕائەپەڕی و ڕووی ئەکردە گۆڕەپانی جێگای هەڵپەرکێ و زەماوەند. پاش ماوەیەک دەوار چۆڵ ببوون و مەیدان لەبەر حەشیمەت جمەی دەهات. میری عەزیزی سەرۆکی عێلی داسنی لە خێوەتی سپی خۆیدا کە ئەتکوت تاکە چڵی سپی ناو ریشی ڕەشە، دانیشتووە. چەن ریش سپی و کەیخودای داسنی لەلای دانیشتوون و چەند نۆکەر دەس لەسەر دەسکی خەنجەر چەشنی پەیکەرەی بەردین، بێدەنگ وەستاون. عەزیزی داسنی ڕوو ئەکاتە ریش سپی و مەزنە پیاوەکان و ئەڵێ:

–«ئەمڕۆ ئەڵێی ڕۆژ بۆیە هەڵاتووە تا لە شادی منا هاوبەش بێ. حەفتا بەهارم بەڕێ کردووە، بەڵام بەهاری ئەم ساڵ پێش ئەوەی سەری «سیپانی» برازێنێتەوەو چیای مەغلووبی بخەملێنێ، لە دڵی منا خێوەتی هەڵداوە. لەدارایی و سامانی جیهان سێ کوڕم هەیە کە ئەمڕۆ زەماوەنی هەرسیانیانە. ئەمە بۆ باوکێکی پیر، نیشانی ئاخر بەخێرییە. کوڕە جەحێڵی داسنی هەر وەک لە ڕۆژانی سەختی شەڕ و کوشتارا شان بە شانم وەستاون لە شاییەکەشما بە هاوبەشی پڕ بە دڵیان، دڵمیان گەشاندۆتەوە. هەزار و هەزار بار شوکر خوای مەزن؛ من گەنجی خۆم لەم سێ کوڕەدا بەدی ئەکەم. نێچیروانم کوڕی شەڕو گۆوەند و مەیدانە، مەلکەوانم گەورەی خێڵ و سەپان و شوانە، سەیدەوانم خانی خانان، قسە لە پێشی دەرک و دیوانە.»

[مووسیقای کورت. ورتە ورت و پچەی چەند کەسێک]

میر عەزیز [بەحەسرەتەوە]: «نە؛ لە کاری گەورەی خێڵی داسنی ناچێ. لێم دەکەن بە پەرۆی شین و بەسەر شانما ئەیدوورن. بەیانی لەناو هەموو دەوارێکا لە دیوانان، لە گەرەک و کۆڵانان ئەیکەن بە بەند و باڵۆرە و ئەڵێن عەزیز زەماوەندی تێکدا. دڵی گەنجانی داسنی شکان. نە. دەنگ ناکەم. با لە دڵی منا کوندەبووی مەرگ بخوێنێ. با لەگەڵ هەر پێیەک کە کوڕی هەڵپەڕکێ بەسەر زەوییا ئەدا، بەندێک لە دڵی من بپسێ و با خرمانەی خەم لە دەوری سەرم بهاڵێ، بەڵام نەڵێن عەزیز میوانی لە ماڵی خۆی دەرکرد. با نەڵێن جیاوازی دانا لە نێوان کوڕی خۆی و کوڕی عەشیرەتەکەیا. خوایە بریا شوانێک بوایەم و بمتوانیایە پەژارەی مەرگی «مەلکەوان»م لە گەرووی شین گێڕی شمشاڵەوە برژاندبایەتە ناو دۆڵی چیای سیپان تا ئاگرێکی وەهای تێ بەربوایە کە هەتا هەتایە نە چڵە گیایەکی لێ شین بوایە و نە ئاسک و مەڕەکێوی بە هیوای بەفراوی ژێر بەفری چەند ساڵە لێی ببوایەن بەمیوان؛ نە قەت جارێکی تر شەنگەبێری و شۆڕەسواری خێڵاتی کوردەواری بیکەن بە جێژوان. بەڵام من مەزنی عێلی داسنیم. شین گێڕانم شوورەییەو دەستی هەڵپەڕکێ بەردانم لێ ناوەشێتەوە. خودایە سەبرێکم دەوێ و بەئەندازەی دڵۆپی زەریای وان و زێیە بادینان، بە قەدەرایی گەڵای داری جەنگەڵی سەردەشت و مەریوان».



وێژەر:

میر عەزیزە کۆرەی داسنی سێ بووکی بە ڕۆژێک بۆ سێ کوڕی گەنجی هێناوە. سەرۆکی پیری عێلی داسنی لە هەموو تیرەو خێڵەکانی عەشیرەتەکەی خۆی گێڕاوەتەوە و کۆڕی زەماوەند و هەڵپەڕکێ گەرمە. خۆشخوان و بەیت بێژ، لاوک و حەیران ئەڵێن. لەم کاتەدا سەیدەوان دێتە ژوورەوە و بە چاو باوکی تێئەگەیەنێ کە کاری پێیەتی. سەیدەوان هەواڵێکی پێیە کە ئەترسێ ئەگەر بۆ باوکی بگێڕێتەوە، داری پیر و بە سێبەری عێلی داسنی، واتە میر عەزیز بە گەردەلوولی ژاراوی هەواڵەکە لە پێ بکەوێ و ریشەی وشک بێ. دڵی باوک لە پەنچەرەی تەم گرتووی چاوی سەیدەوانەوە ئەڕوانێ و هەورێکی ڕەش بەدی ئەکا. لەبەر خۆیەوە ئەڵێ «چی بووە سەیدەوان؟!»

زۆر جار هەیە ئادەمیزاد پێی خۆشە بزانێ و ناوێرێ بزانێ. ئەیەوێ دەستی بەو پووشە بێ هێزەوە بەند بێ کە پێی ئەکوترێ هیوا. ئیتر بیر ناکاتەوە، دەریا دەمی شەپۆڵی کردۆتەوە بۆ هەڵلووشینی! میر عەزیز داسنیش ئەیزانی کە کۆسپێکی گەورە یا کۆستێکی کەوتوو ئەم هەموو خەم و تەمەی باراندۆتە سەر چیمەنی تێراوی تازە شین بووی ڕوخساری سەیدەوان. لەبەر ئەمە تەنیا توانی دیسانەوە هەر ئەمە دووپاتە بکاتەوە: «چی بووە سەیدەوان؟!»

سەیدەوان و میر عەزیز لە ڕەشماڵ و خێوەت و دەوار دوور کەوتبوونەوە. دەنگی دەهۆڵ لە دوورەوە لەگەڵ هەرای کوڕە داسنی و هەوهەوی سواری تەقڵەباز تێکەڵ ئەبوو. لەبەردەم ئەم باوک و کوڕەش جارجار جوڕڕەیەک ئەیجریواند و کۆڕکۆڕەیەک دەرئەپەڕی. ئەتکوت گیانێکی پاکە و پەلەیەتی بۆ گەیشتن بە بەهەشت. چاوی پرسیاری میر عەزیز وەک هەناسەی گەرمی دەشتی گەرمێن؛ لێوی وەک سوورەگوڵی سەیدەوانی شەقارشەقار ئەکرد. بەڵام ئەو دوو لێوە، ئەو دەمە کە هەمیشە هەواڵی هاتنەوەی قاز و قورینگیان دابوو بە میر عەزیز و موژدەی بەهار و ژیانیان هێنابوو، چۆن ئەیانتوانی بە باوکێکی بە هیوا بڵێن ماڵی دڵت کە لەسەر سێ کۆڵەکە ڕاوەستابوو بە ترازانی کۆڵەکەیەکیان خەریکی ڕووخانە؟!

سەیدەوان لە پڕ بە سۆزەوە دەستی کرد بە زەمزەمەی ئاهەنگی «گوڵە جوان»و

گەیشتە سەر ئەو بەندە –«وەرە ئەمن تۆ دەستان تێکەڵ کەین/ چونکە مردن داعبایەکی زەڕەندەیە/ نە لە کەسمان خۆش دەبێ و نەلە کەسمان دەبوورێ».

سەیدەوان بێدەنگ بوو. دەنگی دەهۆڵ و هەرای رەشماڵ و جریوەی مەلی بەهار بڕا، بۆ کورتەیەک سروشت مرد، ژیان کاس بوو. میر عەزیز پرسی: «کامەیان؟!»

سەیدەوان کوتی: «مەلکەوان!»

[مووسیقا]

وێژەر:

مەلکەوان پەردەگیر بوو، بەڵام ئەمە دوایین خەمی عەزیزی داسنی نییە، لە بەرنامەیەکی ترا لەسەر ئەم تراژێدییە دراماتیکە ئەڕۆین. خواتان لەگەڵ.



## درێژەی نومایشنامەی سەیدەوان

سەلام لە گوێگری بەڕێز. بێگومان ماوەکەوتنی نێوان دوو یا چەند بەشی داستانێک بەیەک حەوتوو، ئەتوانێ زیانێکی زۆر، بەهێژایی نووسراوەکە لە لایەکەوە و لەلایەکی تریشەوە بە تێگەیشتن و پێخۆشبوونی گوێگر یا خوێنەرەوە بگەیەنێ. من لە ریزی ئەو کەسانە نیم کە ئەڵێن وا باشە بۆ ئەوە داستانێک تەئسیری هەبێ، بەتایبەت ئەگەر نووسراوەیەک بێ بۆ رادیۆ و تەلەفزیۆن، لە جێگایەکی حەستەم و گرنگا ببڕێتەوە تا گوێگر چاوەڕوانی بەشی دووەمی بکا، چونکە لام وایە نووسراو ئەبێ گیرایی و کێشەری ئەوەندە هەبێ کە خوێنەرەوە یا گوێگر نەتوانێ دەستی لێ هەڵگرێ و گوێی لێ کلا کات. نەک لەبەر ئەمە کە بزانێ پایانەکەی بە کوێ ئەگا. کەسێ کە لەبەر ئانتریگ و رووداو گوێ لە داستان ئەگرێ و چەشنی نووسینەکەی لا گرنگ نییە، لەباری هەستی هونەرییەوە چەشنی مناڵێکە کە گوێ لە ئەفسانە و جنۆکە و دێوو پەری ئەگرێ.

پاش ئەم سەرەتایە، لە بەرنامەی پێشوودا کوتمان کە میر عەزیز سەرۆکی عێلی داسنی لە رۆژێکا سێ کچی بۆ سێ کوڕەکەی هێنا و تەواوی عەشیرەتی داسنی بانگ کرد بۆ زەماوەند؛ بەڵام چارەنووس شتێکی تری لە ناوچاوانی میر عەزیزی پیر نووسیبوو. ئەبوو لێوی لە جیاتی زەردەی پێکەنین لەرزەی گریان لێی بێتە میوان. مەلکەوان پەردەگیر بووە.

میر عەزیز:

–«بەهارە، بەهارە، بەهارێکی سەر بە زستانە
لەلایەکەوە مەیتی مەلکەوان هێزی ئەژنۆ و سۆمای چاوانم لەبەر دەستانە
لەلایەکی دیکەوە سەمایە، هەڵپەڕکێیە، جلیت و تەقڵە و دیلانە!
بڕوانە هەوری دە عاسمانێ، لە من وایە چاوی عەزیزی داسنییە و پڕ لە گریانە

بەڵام ئەگەر بڵێم هۆ خێڵی داسنی دیلانی بەردەن
سۆرانییان دە خمێ گرن
دەڵێن عەزیزە کۆرە پیرێکی ئاخر شەڕە، میوانی دەردەکا لە دەرک و دیوانێ
خودایە ئەگەر عومری نووحم هەبێ
لەگەڵ سەبری ئەییووب، لەگەڵ دەوڵەتی جومجومە سوڵتانێ
قەتم سوکنایی ناکاتە ئەو دڵەی قەلەندەری بابان وێرانێ.
بەهارە، بەهارە، چەند بەهارێکی لە من شین دەنوێنێ.
تۆ خودا گەلی داسنییان کێ دیویەتی لە دەورەتی زەمانانندا
لەسەر مەیتی شۆڕەسواری رەنج بەخەسار،
لەباتی قورعان و کەلامێ،
خۆشخوان و گۆرانیبێژ، ئایشە گوڵ و هەوای سوێسکەیی بخوێنێ؟»

وێژەر:

پیری دڵ شکاوی کوڕمردوو لەگەڵ هەستی خورۆشانی خۆیا شەڕیەتی؛ هەناوی گڕگرتوو هانی ئەدا بچێتە ناو کۆڕی هەڵپەڕکێوە بڵێ: «بەسیەتی! ئێوە لەسەر لەشی ساردەوەبووی لاوێکی رەنجەڕۆ هەڵئەپەڕن. بەڵێ! مەلکەوان مرد و دیلان دوایی هات؛ بەڵام هێزێکی تریش لە دەروونیا هەیە بەرەنگاری وەستاوە و بە تانەوە پێی ئەڵێ: نا پیرە پیاو! تۆ کوڕێکت مردووە، دوو کوڕی ترت ماون، تۆ کاتێ بووی بە گەورەی داسنییان، لەسەرت نووسرا هەموو لاوانی خێڵەکەت بێ جیاوازی بە کوڕی خۆت بزانی. نە، میر عەزیز! بۆ کارێکی تێپەڕیو شوورەیی مەهێنە سەر خۆت. بەتەنیا باری گرانی ئەو ماتەمە هەڵگرە و لێیان گەڕێ با لاوان لە خۆشی و شادییا نوقم بن.» میر عەزیز کوردەو ئیتر نایەوێ بڵێم سەر بۆ کامە هێزی دەروون دائەنەوێنێ. بەڵام زەماوەند هەر وا گەرمە، تەنیا دڵی باوکی پیر و کوڕێکی تازەی ژێر لووتکەیەکی بەفرین لەسەری سیپانێ ئەزانن چ کۆستێکی گەورە کەوتووە.

عەزیزی داسنی ناچارە هەروەک جاران بەدەم میوانەکانیەوە پێبکەنێ. سەر لە خێوەتی پیاوماقوولان بدا و بچێتە ناو رەشماڵی گەنجانەوە تەنانەت ناچارە گەڕێک



لەگەڵ گەنجەکانا هەڵپەڕێ و شانازی بدا بەو گەنجانە کە پاشان بۆ دەزگیرانەکانی خۆیان بگێڕنەوە بڵێن ئێمە لەگەڵ گەورەی داسنییان لە کۆڕی هەڵپەڕکێدا دەستمان گرتووە. تراژێدی لێرەدایە، دڵێکی بریندار ناچارە بە دەستی خاوەنەکەی خوێ بکاتە سەر برینیا. ناچارە، چونکە گەورەی خێڵەکەیەتی. چونکە کوردە و میوانی هەیە؛ بەڵام ئاخۆ هەر بەمە دوایی دێ، یا تەبیعەت ئەیەوێ گەورەترین تاقیکاری لەسەر عەزیزی داسنی بکا بۆ ئەوەی بزانێ ئەم قەڵا لە پۆڵا داڕژراوە کەی تێک ئەشکێ و کام بەڵا دەستی ئەگاتە ئەو لووتکە بەرزە، کە ناوی ئادەمیزادە؟! [مووسیقای کۆتا] [دەنگی شەو]

میر عەزیز [حاڵەتی دۆعا و پاڕانەوە]:

-«ئەی شەو! ئەی قەڵای مێردان! هەمیشە لە لام خۆشەویست بووی. لە کاتێکەوە بە گەنجی دەوارەودەوار لە ژێر باڵی رەشتا ئەگەڕام و کێشکی خێڵاتم ئەکێشا، لەو کاتەوە کە تۆ یارمەتیت ئەدام و گرانی خەوت ئەخستە سەر پێڵووی چاوی خاو و خێزانی یارەکەم و من تاریکایی تۆم ئەکرد بە جێژوان. خودایە گەنجی چەند خۆشەو مردنی گەنجان چەند تاڵە؛ بەڵام ئەی شەو! ئێستە من پڕ بەدڵ لێت ئەترسم؛ لە ناوچاوانی گرژ و مۆنت لە تاریکی و تەنیاییت ئەترسم. خەو لە چاوم تۆراوە. چاوەڕوانم ئەستێرەی بەیان لەسەر هەوار هەڵێ و دەروازەی بەیانی بکرێتەوە. چەند دوور و درێژ و بێ سنووری ئەی شەوی رەش!»

[دەنگی چەند کەسێک، تێکەڵ و پێکەڵ و ورتەورتی ئەسپایی]

شوان:

«داخی گرانم، میرم! کاتێ ئێمە گەیشتن هەناسەی دوایی بوو!»

[مووسیقای توند و بەتەوژم -زەربەیی-]

میرعەزیز:

«کامەیان؟! نێچیروان یا سەیدەوان؟!» [بەسەرسوڕمانەوە دەیڵێت و دەنگی دەلەرزێ]

شوان:

«نێچیروان گەورەم! لە ڕەوەزێکی بەرز کەوتۆتە خوارەوە!»

میر عەزیز:

«بیبەن لە پەنا گۆڕی مەلکەوان بینێژن؛ هەواڵ بدەن بە سەیدەوان. منیش هەر ئێستا ئەتانگرمەوە. بەڵام نابێ کەس بەم باسە بزانێ!»

وێژەر:

کۆڵەکەیەکی تریش رووخا. ئەستێرەیەکی تریش راخوشی و توایەوە. بەسەرهات چی لە گیانی عەزیزی داسنی دەوێ؛ لە زەماوەندەوە تا مردن، لە هیواوە تا هومێدبڕان، لە بەهارەوە تا زستان؛ ڕێگایەکی دوورە، بەڵام تەبیعەت ئەیەوێ لەیەک چاوترووکاندنا میرعەزیز داسنی بەم هەموو ڕێگایەدا رابکێشێ؛ چۆن ئەبێ؟!

با بمێنێتەوە بۆ بەرنامەیەکی تر. خواتان لەگەڵ.

# لاس و خەزاڵ

## «سەرەتا»

بەیتی کوردی کە لکێکی پڕ مێوە و گەڵای داری وێژەی کوردەوارییە، ئەتوانێ، باشترین کانگا بێ بۆ چیرۆک و داستانی کورد.

ئەم نووسینەی بەیت لەسەر تەشکی چیرۆک دوو سوودی هەیە، یەکیان ئەمەیە کە گوێگری کورد لەبەر ئەمە کە بەیتەکان باسی ڕابردووی ئەوانە ئەکەن، و لەسەرخوو و ڕەوشتی تایبەتی کوردی دامەزراون، زیاتری ئەم چەشنە داستانە وەبەر دڵ دەکەوێ.

دووەم ئەمە کە زانیاری و زانستی گشتی زیندوو ئەبێتەوە و تۆزی کات و زەمان لەسەر رواڵەتی پرشنگداری لادەچێ.

ئەم داستانەی لاس و خەزاڵ تەواو لەسەر بەیتی لاس و خەزاڵ نییە و ئەم کارەش لەناو نووسەرانی دەرەوەشدا باوە کە ئەفسانەیەک یان داستانێکی کۆنی ناو کۆمەڵ ئەگۆڕن و لە ڕواڵەتێکی تازەترا نیشانی دەدەن وەک کارێک کە ئەحمەدی خانی کە لەسەر بەیتی مەم و زینی کردووە، یان وەک کارەکانی ئەحمەد شەوقی و نازم حیکمەت لەسەر ئەفسانەی ئەوینی لەیلی و مەجنون و شیرین و فەرهاد کردوویانە.

سوارە – ١٣٤٩



– گوێ بگرن، هەمووتان ئاگاتان لێیە کە ئەمن چەند جارم ناردووە لای بایزخان و خوازبێنی شەمم کرد بەڵام ئەو گاڵتەی بەمن کرد، پیاوەکانی منی بەسووکی ڕەوانە کردەوە، ڕای سپارد کە ئەحمەد بۆ زاوای من نابێ: ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە تێی بگەینم کە کێ پیاوە!؟ ئەزانن کە شەڕێکی قورسمان لە پێشە، بایزخان زۆر بەهێزە هەموو عەشیرەتەکان لایەنگری ئەون، بەڵام من ناترسم، ئەگەر لەشکری هەموو دونیای کۆبکاتەوە، هەر هێرش دەکەمە سەریان و تێکیان دەشکێنم،

– ئێمەش هەموومان ئامادەین.

– ئێمەش ئامادەی گیان بازین.

– سپاستان دەکەم ئەگەر ئەمرۆ ئەم سوکایەتییە هەموارکەین، سبەینێ سووکیەتێکی دیکەمان بەسەر دێنن و لەناو هەموو کەسا ئابڕوومان ئەچێ، ئەبێ نیشانی بدەین کە نووکی ڕمبی کێ لە خوێن خواردن بەکارە؟ و شیری کێ باشتر زەرێ دادەدڕێ!؟ بڕوانن، ڕووبەڕوومان وەستاون:

– فەرمان بدە بچینە پێشەوە:

–فەرمانمان دەیە هێرشیان کەینێ:

– کە وەهایە بۆ پێشەوە بۆ کوشتن و مردن یاڵڵا...

***

ئافەرین پیاوە ئازاکانم بیانکوژن... شوەریی بەخوێن بشۆنەوە، نیشانیان بدەن کە ئێوە کێن؟ ئافەرین.

– ئاگات لە خۆت بێ قوربان، لەپشتەوە خەریکن دەورەت بدەن.

–ه...... ها بگرە ئەی ناپیاو...... بیانکوژن بەقوربانی هێرشی پیاوانەتان بم...... تاقیان دەرمەکەن... یاڵڵا......

–ئەوە خەریکن هەڵدێن...... مەیدانیان بەجێ مەهێڵن...... مەیڵن بڕۆن......

– ڕێ یان کەون...... ئەهۆی ڕێوی ترسنۆک بۆ کوێ ڕادەکەی... بۆ کوێ......... یاڵڵا دەی شەڕەکەی مەغلوبەتر کەن.........

***

– چییە مێردی خۆشەویستم، ماوەی سەعاتێکە ئەمن لەلاتم تۆ هیچ قسان ناکەی! هەر دێی و دەچی و بیر دەکەیەوە:

–ساڵێک زیاتر بەسەر شەڕێ من و باوکتا تێپەڕیوە، بەڵام ئێستا کە بیر دەکەمەوە تێدەگەم کە شەڕێکی بێ سوود بوو، ئوه... شەم نازانی چەند کەس کوژرا؟ جۆگەی شەڕگە پڕبوو بوو لە خوێن، ناڵەو هاواری بریندار و ئامانخواز پڕ بەو دۆڵە دەنگی دەدایەوە، من خوێن بەری چاومی گرتبوو دەستوورم ئەدا بکوژن، چونکە باوکت منی بەکەم زانیبوو.

– شەڕ تەواو بووە، تۆو و باوکم ئاشت بوونەتەوە منیش ئێستا ئی تۆم، ئیتر پەرۆشی ناوێ.

– ئاه– ه...شەم، داخی من ئەمەیە کە بەهەڵە چووم. لام وا بوو کە ئەوین وەک دەسەڵات وایە کە بکرێ بە زۆر بەدەستی بهێنی، ئێستا تێدەگەم کە تۆی بێ ئەوین، ئەم هەموو کوشتارەت نەدەهێنا، ڕاستە تۆ هی منی، بەڵام تۆی بەتەنیا، تۆی بێ ئەوە کە دڵت هی من بێ بەکاری چی دێی!؟ ها شەم

– کێ بەتۆی گووتووە کە ئەمن دڵم هی تۆ نییە.

تۆ سەروەری منی، مێردی منی

– ها... شەم سەروەر یانی چی؟ من نە دەمەوێ سەروەری ئێلات و پیاوانی شەڕانی بم، نە سەروەری خێزانم، من دڵی تۆم دەوێ کە بەداخەوە نیمە. ها... شەم لە بیرتە، ڕۆژی هەوەڵ چۆن لەگەڵم بزوتیەوە من ناچار بووم سوێند بخۆم هیچ کات، خۆم نەمەوێ ببمە باوکی منالی تۆ مەگەر ئەوکاتە...

– ئەو کاتە تۆمنت بەزۆر هێنابوو، سەر شۆڕیت بەسەر باوکم هێنابوو، نەمدەتوانی لەگەڵت ڕووخۆش بم.

– من نازانم کە ئەمەی تۆ باوکت بەلاوە بەڕێزتر بوو کارێکی باشە یاخراپ، بەڵام ئەوەندە دەزانم کە کەسێک کە ئەوینی بەلاوە سووک بێ و هەموو کەسی نەکاتە پێناو بۆ ئەوە نابێ ئەو هەموو پیاوەی لەسەر بکوژرێ.

– من و تۆ هەزار جارمان ئەم باسە هێناوەتەوە گۆڕێ و لێی دواوین و هیچ کاتیش بەئاکام نەگەیشتووین، تۆ بڕواناکەی کە من ڕۆژی هەوەڵیش هەرتۆم خۆش



ئەویست بەڵام تێکشکانی باوکم وەهای کار کردبووە سەر دڵم بۆ ماوەیەک ئەوینی خۆم وەلانا، ئێستاش پەشیمانم، چونکە تۆ و باوکم دوژمنایەتیتان نەماوە، و لەم نێوەدا خراپە هەر بەمن برا...

– نا... نا... شەم تۆ خراپ نی، ڕەنگە تاوانی خۆپەسەندی من بێ کە نەمتوانی لەم مەبەستە بگەم ، سوێندم خوارد، ئێستا من کەمێکم کار هەیە ئەبێ بڕۆم، تۆش بیری لێ بکەوە دەتوانی بچیەوە ماڵی باوکت، تۆ هێشتا وەک خونچەی نەپشکوتوو وای زۆرکەس داواکارت دەبێ، بێوەژن نی کە بڵێن ئەگەر باش بوایە مێردەکەی تەڵاقی نەدەدا، هەموو کەس وا بیر ئەکاتەوە کە من مێردایەیتم تەواو نەبووە...

–نا... نا... هەرگیز، هەزار ساڵیش بەم چەشنە بمێنمەوە بەجێت ناهێڵم، من تۆم خۆش دەوێ، لێم ڕوونە ڕۆژێک ئەبێ تۆش تێ بگەی...

– بەدوعا شەم، من دەڕۆم٠ کارم هەیە......

***

– قوربان ئەبێ چارەیەک بدۆزینەوە، دەنا ئەوشێرە یاخییە ئاژەڵمان بەدەستەوە ناهێڵێ تا ئێستا دە مەڕی خواردووە پشتی ٦ گاجووتیشی شکاندووە......

– لە مێژبوو لە شەڕی ئادەمیزاد دڵم سارد ببۆوە، هەموو بە هێرشی هەوەڵ لەبەرم ڕایان دەکرد ئێستا هاوشەڕێکی دڕندەم بۆ پەیدابووە وابزانم کەمێک کڵ و کۆی من دامەزرێنێ، بەتاسەوەم کە خۆم لەگەڵ ئەو شێرە ڕووبەڕوو بم.

– قوربان ئەمە کارێکی پڕ مەترسییە! پیاو چۆن ئەتوانێ بەرامبەر بەشێر خۆی بگرێ؟ پیاو بەرامبەر بە هەموو شتێک خۆی ئەگرێ مەراد، بەڵام بەشەرتێ بەڕاستی پیاو بێ ڕەنگە شێرەکەش هەروەک تۆ بیر بکاتەوە لای وابێ کەس نییە خۆی لەبەر بگرێ: بۆیە وەها شوولی لێ هەڵکێشاوە ورەدار بووە، ئەبێ بزانین ددانی ئەو لەشی من هەڵدەدڕێ یان شمشیری من سینگی ئەو ئەکاتە کالان!؟

–.....ه... قوربان وا دیارە دیسان شتێک قەوماوە... ئەوە شوانی خانە بەرەو ئێرە دێ!

–.....ها... چییە کوڕە... بۆچ ڕادەکەی؟

– گەورەم شێر... شێر... شێرەکە... شێر

–بڵێ بزانم شێرەکە چی؟

–قوربان شێرەکە هێرشی کردە سەر مەڕەکە و چەند کەلاکی لێ خستن !... ڕەسوڵی هاواڵم خەریک بوو پێشی پێ بگری، بەڵام پشتی ڕەسوڵیشی شکاند، پەلاماری منیشی دا، بەڵام ڕام کرد.

– پێم بڵێ... ئەوە چییە بەقەدتەوە! ها ئەوە چییە هەڵت هاوەسیوە؟

...ه... ئەمە... ئەمە... ئەفەرمووی ئەمە شمشیرە قوربان

– ئەم شمشیرەت بۆ چییە!؟

– ئاشکرایە قوربان بۆ پاراستنی خۆم...

– تۆ ئابڕووی پیاوەتیت بردووە ترسەنۆک ئەم شمشیرە. بەشوورەیی دەزانێ بەلا قەدی تۆوە بێ، خێراکە لە خۆتی بکەوە خێراکە ، چۆن لە رووت هات دۆستی خۆت لەبەر دەم و چنگی شێرا بەجێ هێشت و خۆت دەرباز کرد؟ ئەی چەپەڵی نەگبەت، بڕۆ لە باتی ئەم شمشیرە بەرەڵبێنەیێک لە خۆت دە... بڕۆ

– بەسەرچاو گەورەم... بەسەرچاو...

– لاچوو لەپێش چاوم ناپیاوی خوێڕی یاڵڵا.

– قوربان ئەو شوانە هەژارە تاوانی نەبوو گیان خۆشەویستە.

– 'ئەگەر شەرەفە نەما، گیان بەکاری چی دێ مەراد، ئەگەر یەکیەتی نەما، ئەگەر بیری پاراستنی دۆست نەما، باشترە گیانیش نەمێنێ، من دەبێ بچم قسە بۆ خەڵکەکە بکەم بزانم چۆنە وا ترس بەسەریانە زاڵ بووە، مەراد، تۆش وەرە لەگەڵم.

– بەسەر چاو ئاغا، بەسەرچاو.

– دەبی جا بابڕۆین.

– هەمووتان گوێ ڕاگرن... بێ دەنگ بن ئێوە شەڕتان زۆر دیوە، بریندار و کوژراوتان زۆر چاو پێ کەوتووە، هەرگیز ورەتان بەر نەداوە، لام سەیرە چۆن ئەوە لە ترسی شێرێکی یاغی پەست بوون!؟ هەواڵی چەند ساڵەتان بەجێ دەهێڵن و ڕادەکەن، تا نێوی ئەو دڕەندە بێ، ترس و سام بەسەرتانا زاڵ دەبێ، من بۆ ئەوە پێتان نیشان دەم کە مردن لە ترسان باشترە، ئەمڕۆ دەچمە داوێن ئەو کێوە کە وا شێرەکەی پێوەیە.



– قوربان باشترە چەند کەس بچن و بەیەکەوە ئەو شێرە بکوژن.

– ئێوە لاتان وایە دوژمنی ئێمە ئەو دڕەندەیە لە کاتێکا دوژمنی ئێمە لەناو دەروونی ئێمە دایە. دوژمنی ئێمە ترسی خۆمانە، من بۆیە ناچم تەنیا شێرەکە بکوژم، ڕەنگە لەم شەڕەدا سەرنەکەوم، دەچم بەرەنگاری ئەو ترسە دەبم کە بەسەر خێڵەکەمدا زاڵ بووە، ئەبێ بەمەرگ یان سەرکەوتنی خۆم تێیان بگەینم کە ژیان بەترسەوە لە مردن خراپتر و تاڵترە.

– ئێمەش لەگەڵت دێین قوربان

– نا... هەر کەس لەگەڵم بێ دەیکوژم، من بە تەنیا ئەچم، نیازم بە ئێوە نییە، بە ناوی– گەورەیەک پێتان ئەڵێم هیچ کەس نابێ بکەوێتە شوێنم یا بەسەری بڕاوی شێرەکەوە دەگەڕێمەوە یان شێرەکە بەدەم و لەوسی خوێناوییەوە ئەبینن، ئێستا ئیتر بڕۆن، یاڵڵا.

***

– سەروەرم ئەمە شمشیرەکەت لە قەدت داوەو زەرێت دەبەر کردووە، مەگەر ئەتەوێ بچی بۆ شەڕ!؟

– بەڵێ شەم، ئەمەوێ بچمە شەڕی  ئەو شێرە یاغییە.

– شەڕی شێر!؟ ئاه... ه... یانی ئەتەوێ بەتەنیا بچی!؟

– بەڵێ... بەڵێ هەر بەتەنیا، بەڵام بەپشت ئەستووری باسکی بەهێز و شمشێری تیژم و، بەیارمەتی ئەو کەسە کە مان و نەمانی ئێمەی بەدەستە.

– واباشتر نەبوو چەند کەس لە نۆکەرەکانت  بنێری!؟

– نا... نا... نا شەم، باشترە خۆم بچم، کەسێک بۆ  گەورەیی باشە کە لە کاتی مەترسیا پێش دەست و پێوەندەکانی کەوێ.

– بەڵام... بەڵام من ئەترسم... نەکا تۆ...

...... ئا... ه ئەوانی دیکەش ژنیان هەیە شەم ژنەکانی ئەوانیش ئەترسن کە شێر پشتی مێردەکەیان بشکێنێ، مەزنی من و تۆ دەبێ لێرەدا دەرکەوێ ئەگەر ئێمەش وەک ئەوان بترسێین کێ ئەبێ بەرەنگاری مەترسی بێ!؟ ها...

– مەیلی خۆتە سەروەرم، من دوعای سەرکەوتنت بۆ دەکەم.

– سپاست دەکەم، بەڵام شەم، ئەگەر من لەو شەڕەدا کوژرام تۆ نابێ ئازیەت باربی ئەبێ زوو مێرد بکەی و ئەوەت لە بیر نەچێ کە کارێکی وا مەکە کە مێردەکەت حەڵاڵیک لە خۆی حەرام بکا، ئەبێ ببی بەدایکی منداڵ و داستانی منیان بۆ بگێڕییەوە و بەو داستانە لە خەویان کەی، داستانی پیاوێک کە چووبووە شەڕی شێرێک.

– ها... هـ... لە مەرگەوە مەدوێ سەروەرم تۆ... تۆ هێشتا زۆر گەنجی، خوا ئەم کڵۆڵییەم بەسەر نەهێنێ...

– ئاه... شەم، ئادەمیزاد نێچیری مەرگە، درەنگ یازوو ئەبێ بڕوا، کە وەهایە مەرگ خەم خواردنی ناوێ. ئەوەی کە ئەبێ بۆی خەمبار بی زیندووی ترسەنۆکە کە ڕۆژی سەد جاران دەمرێ. ئیتر ئەمن ئەڕۆم شەم، دوعام بۆ بکە...

...... خودایە... خودایە بیپارێزە... ئەیدەمە دەست تۆ... خودای گەورە...هـ ...

***

... ئاه... ئێرە جێیەکی باشە، ئەبێ شێرەکە هەر لەم نزیکانە بێ! ئەم دۆڵ و چیا و دەشتە بۆ من ناسراو و ئاشنایە، بست بستی گەڕاوم یا بۆ ڕاو یان بۆ کوشتار، ئاخ چەندە... خۆشە کۆڕەژنی ئەسپی سەرکێش کاتێ لە شەڕا نەرمەزین لەبەر ئارەق و خوێنا تەڕ ئەبێ و نووکی شمشیر تک تک دڵۆپی خوێنی دوژمنی لێ ئەتکێ، مەیدانی شەڕ پاش هەرای پیاوانی شەڕانی، پاش حیلەی ئەسپی بریندار و ناڵەی تێکۆشەرانی سەرەمەرگ، بێ دەنگ و خامۆش ئەوەستێ، لێرە و لەوێ کەلاکی بێ گیان و بۆنی خوێن و مردن پیاو کاس دەکا. ئەمن هەمیشە لەو کاتەدا وەک هەڵۆی بەرزە فڕی چیا دڵم دەخوازێ باڵ بگرم و هەردوو هەور و نەوی بەجێ بهێڵم و وەک خاڵێکی ڕەش سینگی ئاسمانی شین بنەخشێنم، و لەو سەرەوە گاڵتە بە دێوی مەرگ بکەم و بڵێم دیت، دیت ئەی مەرگ تەنانەت تۆشم بەزاند ئاه... بەڵام ئەمڕۆ... ئەمڕۆ لەگەڵ هەستێکی بێگانە دا ڕووبەڕوو بووم من هەرگیز نەترساوم، بەڵام ئێستا ئەترسم، لام وایە ترسی ئێڵەکەم کاری کردۆتە سەرم. جاران کە ئەوان نەدەترسان، منیش نەمدەزانی ترسان یانی چییە ئەوان بەمن پشت ئەستوور بوون و منیش بەوان، ئەمە ئەفسوونی دەستی بەهێزی گەلە ئێستا کە ئەوان ورەیان بەرداوە منیش



ئەترسم، بەڵام نا... نا ئەحمەد تۆ نابێ بترسی، بەڵێ من ئەبێ بمرم بەڵام نابی بترسم، ئاخ... ئەوە دەنگی شێرەکەیە، ئەم بەستەزمانە ئەگەر بزانی ئەمڕێ لەجیاتی گۆشتی نەرمی نێچیر، دەمی تیژ و سەختی شمشیری من چاوەڕوانیەتی، هەرگیز ڕوو ناکاتە ئەم لایە هەرگیز ئەه... دەنگی زۆر لەنزیکەوە دێ... بابزانم لە کوێیە!؟ نابێ ببزووم، چونکە ئێستا لەمانە لەپشت سەرمەوە لەسەر ئەو گاشە بەردە ڕاوەستابێ هەر بجووڵێمەوە ئامبازم دەبێ... ئاه... ئەوەتا ڕووبەڕووم وەستاوە، بەڵام ئێستا چاوی بە من نەکەوتووە، باشترە شمشیرەکەم ئامادە بکەم– با بەردێک بخەمە بەردەمی...... با سەری لێ بشێوێنم... ئاه باش بوو... ئەمجارە پشتی لە منە هەلێکی باشە. هـ... ئاه... ئافەرین ئەحمەد، چاکت هەنگووت، تۆ سەرکەوتی گەر چی ڕەنگە هەر بەم برینانە بمری، بەڵام گرنگ نییە گرنگ ئەمە بوو کە نیشان بدەی ترسان لە مردن خراپترە، من سەرکەوتم، من سەرکەوتم

م... ن... س... هـ... ر... ک... هـ... و... ت... م

– ئاخ...... خوایە، ئەحمەد خان لە بەیانییەوە ڕۆیشتووە، ئێستا ئەوە ئێوارێیە و هەواڵێکی نییە، نازانم ڕووبکەمە کوێ؟ خودایە پەنام بەتۆ.

– خاتوونی بەڕێز بێ هوودە خۆت نارەحەت مەکە هێشتا ڕوون نییە کە خان چی بەسەر هاتووە، ئایا شێرەکەی کوشتووە یان.

– ئاخ... مەراد چۆن ئەتوانم نارەحەت نەبم، چۆن ئەتوانم دڵخۆشی خۆم بدەمەوە– ئەگەر سەرکەوتبایە هەتا ئێستا گەڕابۆوە...

ئوه– ئەوە چییە!؟

خاتوونی بەڕێز گوێت لەم دەنگە دەنگە هەیە؟ لام وایە هەواڵێکی خانیان پێ بێ. با ئەمن بچم بزانم چییە زوو ئەگەڕێمەوە خزمەتت.

– ئاخ خوایە، ئەزانی کە من لەو پەڕی سەر لێشێواوی و کڵۆڵی دام، خۆت ئەزانی جگە لە تۆ هیچ پەنایەکم نییە، بەزەییت پێمدا بێتەوە بەزەیت پێمدا بێتەوە...

ئوه... چییە مەراد؟ بۆ قسەناکەی؟ خان چی بەسەر هاتووە!؟

– ئوخ... بەداخەوەم خاتوون، خان بەجێی هێشتین، ئێڵەکەی هەتیو کرد یانی... یانی خان... ئوخ خودایە هـ... ه

– بەڵێ ئەمڕۆ... بەڵام بە ئێمەی نیشان دا کە مردن بە شەرەفەوە زۆر لەژیانی بەترسەوە باشترە... تکایە مەگری خاتوون تکایە... لەگەڵ چارەنووس هیچ ناکرێ...

– مەراد بەدەستووری من هەموو کەس دەبێ سۆرانی دەخەم گرێ، کیژان مل بەکوێن بن و یاڵ و کلکی ئەسپان لەهەش نێن، مەرگم خان بۆ ئێلەکەمان هەروا سووک و هاسان نییە...

– ئوه... بەسەر چاو خاتوونی بەڕێز بەسەر چاو.

– ئاه... ئەگەر من حەلاڵێکی خودام لە خۆم حەرام نەکردبایە، ئێستا خاوەنی منداڵێک بووم کە ئەی توانی جێگای بابی بگرێتەوە.

– خاتوون فەرمایشێکت بەمن نییە!؟

–نامەراد نا برۆ، با منیش کەمێک لە تەنیایی و پەژارەدا بگریم.

– بەسەر چاو خانم بەسەر چاو.

–ئاخ... بەڵام گریان دەردی من دەوا ناکا، باشترە لە بیری تۆڵە دابم، ئەو شێرە دڕەندیە کە مێردەکەمی خواردووە، ئەبێ یا منیش بخوا یان بیکوژم، ئەحمەد خان لە نێوان ژیانی پڕ ترس و مردنی بە ئازایەتیدا مردنی هەڵبژارد، منیش ژنی ئەوم ئەبێ وەک ئەو ڕەفتار بکەم، پاش ئەحمەد خان ژیان بۆ من سوودی چییە؟ بەڵێ هەتا درەنگ نەبووە ئەبێ برۆم. ئەبێ برۆم.

***

ئێ– ئاه... ئەبێ هەر لەم نزیکانە بێ، باوەڕناکەم کەس وێرابیەتی لێرە نزیک بووبێتەوە، من زۆر لە مردن بەپەلەم، چونکە هەر بەم چەشنە ئەتوانم لە مێردی خۆشەویستم نزیک ببمەوە... ئۆه بڕوانە ئەم رەشاییە چییە؟... بابچمە پێشەوە... ئوه... خودای گەورە خۆ ئەحمەد خانە لەسەر پشتی شێرەکە کەوتووە، بەڵام هیچ– ناجووڵێتەوە، شێرەکەش کوژراوە، ئەم شەڕە سەرکەوتووی نەبووە هەردووک لا تێدا چوون خودایە... ئەحمەد خان سەروەری هەموو ئێلات، سواری نەبەز و دلێر، ئەمە تۆی لەسەر پشتی ئەم دڕەندیە بەلەشی زامارەوە دا کەوتووی؟ تا دوێنێ دڵی دوژمنان بەبیستنی ناوت ئەکەونە لەرزین ئاخ بەڵام ئەمڕۆ، ئەمڕۆ ناوی تۆ ئەسرین ئەهێنێتە سەر چاوی دۆستانت. تۆ پیاو بووی ئەحمەدخان، سەرپشتی شێر تابووتی



تۆیە، ئافەرین مێردی دلێرم، نە ژیانت ئاسایی و نەنزم بوو مردنت. مەرگ و ژیانت پیرۆز بێ... پیرۆز بێ ئاه... ه... ڕاستی چۆنە بزانم ئەحمەد بۆ چ هەرگیز نەی ویست ببێتە باب ئایا لە پیاوەتی شتێکی کەم بوو!؟ کە وا حەلاڵی ژن و مێردایەتی لە خۆی حەرام کردبوو یا هەر لەبەر سوێندێکا کە خواردبووی نەی دەتوانی... بەڵێ... بەڵێ ئەبێ من بزانم......

***

بەڵێ، ئەحمەدخان نەمرد بوو، تەنیا شەکەت و بێ هێز بوو، کاتێ شەم لێ بڕا سەر لە رازی دەربهێنێ لە خەوی گران پاش ماندوویی ڕاپەڕی و بەم جۆرە سوێندی شکاو و سەرپشتی شێر بوو بە پەردەی بووک و زاوا و بەم چەشنە نوتفەی لاس گوورا لە باوکێکی شێر کوژ و دایکێکی ئازا.

***

– دایکی لاس، من زۆرم بیر لەو کوڕە کردۆتەوە بەهیچ بارێ نازانم بۆچ وای بەسەر هاتووە ئاخ ئەگەر بمزانیایە کوڕی من کوڕێکە کە هیوادار بووم ڕۆژێک جێی من بگرێتەوە بەم چەشنەی بەسەر دێ هەرگیز ئەو کارە کە وا من و تۆی کردە ژن و مێردی بەڕاستی نەمدەکرد، نازانم چی بڵێم؟ ئەوەندەش قسەزان و بلیمەتە کە من بە وتە چاری ناکەم. تۆ بڕوات چییە شەم!؟

– سەروەرم، سایەی سەرم ئەگەر ئاڵۆز نەبی عەرزت دەکەم کە لاس باشترین کوڕی دونیایە، خوێندەوار و زانا و بەغیرەت، بەڵام چەشنی بیر کردنەوەی لەگەڵ تۆ جیاوازە، ئەمەش بەلای منەوە نابێ ببێتە هۆی نارەحەتی تۆ.

–ئا... ە– ئەمن نابێ نارەحەت بم کە کوڕەکەم لە جیاتی شمشیرو نێزە و چەکی شەڕ قەلەمدانی بە لاقەدییەوە بێ!؟ خودایە. من چەندە بێزارم لە ڕواڵەتی میرزایانە، من کوڕم بۆیە گەورە نەکردووە کە نامەم بۆ بنووسێ هەڵبەستم بۆ هۆنێتەوە، وەسەر بەکتێبی کۆنی پەڕ زەرد دابنێ، من ئەمەوێ ڕاداتە مەیدان شمشیری وەک برووسکەی هەوری مردن لاشەی دوژمن بکاتە خۆڵە مێش ......

– بەڵام گەورەی پیاوانی دلێر، لاس لە پاڵەوانیشداکەمایەتی نییە.

– ئاخ...... ببوورە– ببوورە شەم کە من دەنگم بەرز کردەوە، ئەزانی چییە گیانەکەم،

من باوکم پێم خۆشە کوڕەکەم نیشانەی منی پێوە بێ، پێم خۆشە بە سام و شکۆدار و مەزن بێ، تەنانەت لە منیش پێشکەوێ، خۆت ئەزانی کاتێ باوکم مرد ئێمە عەشیرەتێکی بێ هێز و بچوک بووین، دەنگیان ئەدایین بۆ شەڕ کردن و بێگاری. ژێر چەپۆکە بووین، ئەو پەڕی ئاواتمان ئەمە بوو کە خانی مەزن یانی باوکت لە لەشکری خۆیدا بەناوی دەست و پێوەند ڕامان بگرێ. بەڵام ئەمن بەکۆششی زاڵ و بێ وچانم هەموو ئێلەکانم هێنا ژێر فەرمانی خۆمەوە، تەنانەت خانی مەزنیشم تێکشکاند وە تۆم بەزۆر لەو هەستاند، لەودەمەوە ناوی ئێمە بەرز بۆتەوە، بەڵام وەک ئەبینم لاس کەسێک نییە کە بتوانێ ئەم ناوە بەرزە بپارێزێ. ئوە... ڕاستە کە لەشەڕیشا بێ وێنەیە، بەڵام بیری بەلای شتێکی ترەوەیە شەم...

– سەلام لە خانی مەزن.

– ئوه ...تۆی لاس: سەلام کوڕم سەلام

– دایە گیان! تۆ ناوت شەمە ، ئەبێ ڕووناکی دڵی باوکم و کۆڕی ژیانی مناڵەکانت بی! کەچی ئەبینم کە وەک گوڵی ژاکاوی بەر خۆرەتاو سات بە سات بێ ڕەنگتر ئەبی، گوێ بگرە دایەگیان مامۆستا عەلی بەردەشانی ئەڵێ:

گوڵی سوور و وەنەوشە، کێشەیان لێ پەیدا بوو، هەر کام بەجوانی خۆی هەڵ دەگووت، بای پیرە شەماڵیان کردە کەیخودا، و گووتیان ئەی شەماڵی پیری وڵات گەڕاو ئێمە کاممان جوانترین!؟

شەماڵ گووتی هەر دووکتان جوانن، بەڵام تەنیا بۆ چەند ڕۆژ، یەکتان دەگەڵ هەتاو هەڵات بەتیشکی گەرمی خۆرەتاو سیس ئەبێ وە ئەوی ترتان دەگەڵ ڕۆژ پەڕی بە هەناسەی ساردی زریان سەر ئەنێتەوە تەنیا گوڵێک کە هەرگیز ژاکان و مردنی بەسەر نایە بزەی ئافرەتی جوانە، و وەنەوشەیەک کە سیس نابێ، تای کزیەی شیرین لەیلایە.

– ئافەرین کوڕی خۆشەویست و زانام.

– شەم، من حەوسەڵەی گوێ گرتنی ئەم قسانەم نییە...... ئەڕۆمە دەرەوە ئێوە بەیەکەوە ئەو قسانە بکەن!

– باشە گیانەکەم فەرموو.



– کوڕینە تکایە گوێ بگرن، دوێنێ باسی ئەو مەبەستەمان کرد کە بەختەوەری چییە.

– بەڵام هەر کەسێ شتێکی گوت، وە لە دوایشدا دەرنەکەوت کە بەختەوەری بەچی ئەڵێن!

–بەڵێ زۆر مەبەستی وا هەن کە هەر کەسێ لە ڕوانگەی بیر و ڕای خۆیەوە، ئەڕوانێتە سەریان، بەختەوەریش لەم چەشنە مەبەستانەیە کە هەر کەس لە شتێکا بەدی دەکا، کەسێک لای وایە، لە سامان و دارایی زۆردایە، ئەوی تر وا ئەزانێ بە لەشی ساغە، یەکێک دەپلە و پایەدا ئەیبینێ و یەکێکی تر لە گۆشەگیری و تاریکی دا

– ئاخر چۆن ئەگونجێ تەنیا مەبەستێک چەند ڕواڵەتی هەبێ، بێ گومان بەختەوەری هەرشتێکە، بەڵام هێشتا نەدۆزراوەتەوە!

– تۆ بە هەڵەچووی، بڕوانە، ئێمە بیست سی کەسین، ئەگەر توانیت دوو کەسمان بدۆزییەوە کە ڕواڵەتمان تەواو لە یەک بچێ، ئەو جار ئەتوانی بڵێی کە دوو بیرو بڕواش هەن کە جیاوازیان پێکەوە نییە.

– ڕواڵەت و ئەندام شتێکی دیکەیە، ئێمە هەرکام لەدایک و باوکێکین، بۆیە ڕواڵەتمان جیاوازە.

–هەروەک دایک و باوکمان جۆییە چەشنی بارهاتنیشمان جیاوازە، هەر کام جۆرێ تەریب کراوین تەنانەت دوو برا کە کوڕی دایک و باوکێکن، یەک چەشن بیر ناکەنەوە، لەبەر ئەمەیە کە هەر کەس بەختەوەری لەشتێکدا ئەبینێ.

– ئەی خۆت بیروڕات چییە کاک لاس!؟

– بەختەوەری بەلای منەوە، ئەمەیە کە پیاو هەست بەئارامی بکا، و لەوەی کە هەیەتی ڕازی بێ.

– ئەرێ وەڵڵا هەر وایە

– وەڵڵاهی ڕاست دەکەی.

– ئەمڕۆ ئەمانەوێ، باسی مەبەستێکی تر بکەین. با بزاین جوانی چییە!؟

– من لام وایە ئافرەتێکی جوان لە هەموو جوانییەک جوانترە.

– ناوەڵڵا چیایەکی بەرز کە لە کاتی بەهارا پڕ ئەبێ لە گیا و گوڵ لە هەموو شتێک جوانترە.

– چۆمێکی کە بچەلێنێ دەمەو بەهار لە هەموو شتێ جوانترە.

– ئەسپی جوان لە هەمووشتێ جوانترە.

– نەخێر گەڕی هەڵپەڕکێ.

–چ باسە!؟ تکایە مەی شێوێنن... دۆستان. ئەمانەی کە ئێوە گوتتان، هەر یەکە بەشێکن لە جوانی. جوانی خۆی شتێکی ترە! جوانی چییە؟ جوانی یانی باشی، هەرشتێ بۆ کۆمەڵیی ئادەمیزاد باش بێ، ئەوە جوانە! بڕوانن یەکێکتان گوتی ئافرەتی جوان لە هەموو شتێ جوانترە. بەڵام ئەگەر ئەو ئافرەتە جوانە ڕەوشتی نزمی بوو. داوێن پیس بێ، ئایا ئەو کاتە هەر جوانە، ئایا ئەو دەمە لەگەڵ مارێکی خەت و خاڵ جوانا جیاوازی هەیە!؟

یەکێکتان گوتی چیای بەگوڵ و گیا، ئەگەر ئەو چیایە گیایەکانی ژەهراوی بێ، و بێ کەڵک بن، دیسان هەر جوانە!؟

ئایا گەڕی هەڵپەڕکێ ئەگەر سەماکەرانی هەڵپەڕکێیەکە دوژمن بن، لەبەر چاومان جوانە!؟

– تۆ هەموو قسەکانی ئێمەت پەرچ داوە. خۆت بڵێ بزانین جوانی چییە!

– بەڵێ، ڕاست دەکا خۆت بڵێ بزانین چییە!

– لەپێشدا ئەمە بڵێم باشە کە جوانی زۆر– بەربلاوترە کە ئێوە گوتتان، دەنگی خۆش، ڕەوتی جوان، لە خۆبوردن، خەبات و تێکۆشان، زانست، هەڵبەستێکی جوان، تەنانەت ڕوانینێکی میهرەبانانە، هەموو بەلای منەوە جوانن، بەڵام نەخشی جوانی هەر لە پێشدا گوتم ئەمەیە کە بۆ کۆمەڵ باش و بەکەڵک بێ، ڕەنگە یەکێک هەبێ و پرسیار بکا، جا دڵداری کچ و کوڕ چ سوودێکی بۆ کۆمەڵ هەیە!؟ لە بەرامبەر ئەو پرسیارەوە وەڵامی من ئەمەیە کە دڵداری پاک و بێ گەرد، نموونەیەکی بەرزی ڕەوشتی ئینسانە. ئامۆژگاریەکی بەکەڵکە بۆ خەڵکی تر.

– ئاە... بە بە بە، کۆڕەکەتان گەرمە کوڕینە! بەڵام ئەمن تەنیا وشەیەکیش لە قسەکانتان نەگەیشتم، ئێوە باسی بەختەوەری و جوانیتان دەکرد، ئەمە ئێتر کێشە و





هەرای ناوێ، بەختەوەر کەسێکە بەسەر دوژمنانیدا زاڵ بێ، لەمەیدانی شەڕا تیری نەبەدی نەی پێکێ، و جوانی لە هەموو جوانانیش جوانتر شمشیری جەوهەردار و مەتاڵی پێستی کەرکەدەن و زرێ کاری وەستا خاڵە، ئاخ کوڕینە نازانن ئارەقێک کە لەگەڵ خوێنا تێکەڵ دەبێ و کراس و کەوا و زرێ دەخوسێنێ چەندە شکۆدارە جا ئەگەر لەو کاتە شەڕکەر بەبرینداری لە مەیدان ئەگەڕێتەوە، بێری چاوبەڵەک ڕێز ببەستن و تەماشای بکەن، پیاوەتی دە دەماری دەگەڕێ و تەواوی بەختەوەری دونیا ڕووی تێ دەکا.

– بەخودای عەجەب بیر و ڕایەکە!

– ئەی خوادی گەورە ئەم پیاوە دلێرە چەند جوان ئەدوێ قسەکانی لە شیعری سوارۆ– دەچێ.

– بەڵام لاس کوڕی من، تەنیا قسە کردن لە جوانییەوە شتێکی لێ پەیدا نابێ، پیاو ئەبێ بەکردەوە جوانی بەدەست بێنێ، پێم بڵێ بزانم تۆ نەبی دەناسی کوڕم!؟

– بەڵێ گەورەم ئەو چەپەڵە خوێن مژە باش دەناسم.

– ئافەرین کوڕم ئافەرین، کە وەهایە تۆش ڕقت لێیەتی! نەبی بەلەشکرێکی گەورەوە خەریکە بێتە سەرمان، هەڵبەت من لێی ناترسم، چونکە تا ئێستا چەند جارم بەزاندووە. بەڵام ئەمجارە لەشکرەکەی زۆر بی ئەژمارە، دوژمنانی ئێمە هەموو لە دەووری کۆبوونەتەوە، ئەزانی ئەگەر بەسەرماندا زاڵ بێ، چ ناپیاوەتێکمان بەسەر دەهێنێ!؟

نابابە دڵنیابە، من تاماوم ماوە نادەم ناپیاوی وەک نەبی بەسەرماندا زاڵ بێ. گاە ئەبێ خوێندەوار پێنووسی بنێتە لاوە، و دەست بداتە شمشیر، دڵنیابە سەروەرم شمشیرم لە پێنووسم بەهێزتر ئەبێ.

– بژی کوڕم بژی، کە وەهایە وەرە با بچین پێت بڵێم دەبێ چبکەی!

– بەسەرچاو، فەرموو... بەدوعا کوڕینە ئێوەش ئامادەبن.

– خوات لەگەڵ.

– ئێمەش خۆمان ساز دەکەین.

– کوڕم ئێمە زۆرمان ڕەنج کێشاوە، زۆرمان برسیەتی و تینوویەتی دیوە و تاڵ و

سوێرمان زۆر چێشتووە تا ناوی ئێڵەکەی خۆمانمان بەرز کردۆتەوە، ئاه... کوڕم جاری وا بووە مانگێک لەسەر پشتی ئەسپ دانەبەزیوین و چەکی شەڕمان لەخۆمان نەکردۆتەوە، ئەزانی چییە کوڕم؟ تا دوژمن هەیە، تا کەسێک پەیدا ئەبێ کە لە پێی سەری هەژار و بێ دەسەڵات دەگەڕێ کە بیکاتە ژێر چەپۆکە، پیاو ئەبێ تەیارو وریابێ کوڕم.

– باوکی بەڕێزم، من تەنانەت ئێستاش لەشەڕ کردن بێزارم، شەڕ پەڵەیەکی ڕەشی مێژووی ئادەمیزادە، بەڵام بەداخەوە چارمان نییە، نەبی لەوانە نییە دەست هەڵگرێ.

– کوڕم تۆ دەبێ لەم شەڕەدا ڕووی من و ئێڵەکەت سپی کەیەوە. وەها سەری نەبی نەرم کەی هەتا هەتایە سەربزێوی نەکا. لام وایە تۆ لە شەڕدا تاقیکاریت کەمە، پێم خۆشە مەرادیش لەگەڵ خۆت بەری، ئەو لە هەموو شەڕێکا شان بە شانی من بە شەڕ هاتووە، دلێرو وریایە.

– بەسەرچاو گەورەم، کە وایە ماوە بفەرموو لەدایکیشم خوداحافیزی بکەم.

– زۆر باشە ڕۆڵەم، بەڵام کارێک مەکە– دایکت ناڕەحەت بێ، برۆ کوڕم برۆ– ئەسپاردەی خودابی.

***

– ئاه... تۆی کوڕم، وەرە کەمێ بەلای دایکتەوە دانیشە.

– دایەگیان حاڵت چۆنە!؟ کەمێک نارەحەت دیاری!؟

– لەو کاتەوە بیستوومە باوکت ئەیەوێ تۆ بنێرێ بۆ شەڕی نەبی، هیچ هۆشم لە خۆم نییە. نەبی کابرایەکی دز و بێ بەزەییە.

– ئە... ه دایەگیان، کوڕی تۆش هێندە دەستەوەستان و خۆێری نییە، من بە نەبی و هەموو ئەو کەسانەی لایان وایە خوێندەواری و زانست لەگەڵ ئازایەتی نایەتەوە نیشان ئەدەم بەهەڵە چوون، زانا و وێژەوان ڕاستە کە لاشەڕن، بەڵام کاتێ شەڕ بەری دەرگای پێی گرتن بەگیان و دڵ بەشەڕ دێن، چونکە ئەوان بەپێچەوانەی کەسێک کە بەشەڕ کردن خووی گرتووە، ئەزانن بۆچ بەشەڕ دێن و چ ئەپارێزن! من بۆ ناو بانگی خۆم و باوکم و ئێڵەکەم شەڕناکەم، بۆیە شەڕ دەکەم کە نامووسی خەڵک بپارێزم، بەرگری لە خوێن ڕژێن و چەپەڵی و زۆرداری بکەم، من بۆ پاراستنی



جوانی و خاوێنی دەچمە شەڕ.

– بەهیوام سەرکەوی ڕۆڵەی شیرینم.

–من سەرئەکەوم. پاکی بەسەر پیسیدا سەر ئەکەوێ، جایا بە دەستی من یا پاش مردنی من بەدەستی کەسێکی تر کە هاواڵی منە و لە سەر ڕێگای پیاوەتیا ئەڕوا، دڵنیا بە دایە گیان خۆمان ئەی بەینەوە.

–کوڕم ڕاستە تا ئادەمیزاد ئەجەلی نەهاتبێ نامرێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشا کەمێکت ئاگات لەخۆت بێ، پیاو دەبێ کاری خۆی باش بەڕێوە بەرێ جا ئەوجا پشت بەخودا ببەستێ.

– ئافەرین دایەگیان ئافەرین، سەعدی شاعیری گەورەی فارسی ئەڵێ: ڕاستە کەس بێ ئەجەل نامرێ بەڵام تۆ خۆت مەخە ناو گەرووی ئەژدیهاوە.

– شاعیرێکی تریش ئەڵێ: ئەمە ئیتر قسەی چارەنووس و شتی وانییە کەسێک خۆی لەسەر بانێکەوە هەڵدێرێ و بڵێ قەزاو قەدەر وا بوو.

– خۆا بتپارێزێ کوڕی زانا و دلێرم.

– دەی جا دایەگیان، من ئەڕۆم، چاوەڕێم بە زۆر زوو ئەگەڕێمەوە لات.

– بەخوات ئەسپێرم لاس.

– خودا حافیز دایەگیان.

– خودات دەگەڵ.

–ها... لاس ئەبینم کە بەرگی شەڕت پۆشیوە. زۆر سەیرە تۆ لەم حاڵەشدا کە سەراسەری لەشت ئاسن و پۆڵایە قەڵەمدان و کتێبت لە بیر نەچووە کوڕم!؟ پێم بڵێ بزانم ئەمانە لەم سەفەرە دا بەکاری چی دێن!؟ ها... ئەم کتێبە چییە کوڕم؟

ـــ کتێبی عەلی حەریرییە بابە، ئەمانە بۆ شەڕ نین، بۆ ئەوەن کە پیاو بزانێ بۆچی بەشەڕ دێ– دەی سەروەرم بەماوەتان من و مەراد لە پێشا ئەڕۆین، جارێ نیازم بە سپاوە نییە.

– خودات لەگەڵ کوڕم سەرکەوی.

– دەی جا مەراد بابڕۆین...

***

– مەراد، بالێرە دابەزین، کەمێک ئەسپەکان بحەسێنەوە ، بۆ خۆشمان کەمێک لەو کانییە ئاو بخۆینەوە.

– بەسەرچاو قوربان بادابەزین.

– ئەمڕۆ لەڕادەبەدەر گەرمە، بڕوانە ئەسپەکانمان لە ئارەقدا ڕەش بوون، ڕاستی ئادەمیزاد بۆ چی هێندە دڵ ڕەق و بێ بەزەییە!؟

–گەورەم هەموو گیاندارێک خودا بۆ ئەوەی دروست کردووە کە ئادەمیزاد کەڵکی لێ وەرگرێ.

– مەراد!

– بەڵێ

پێم بڵێ بزانم، تۆ بەرامبەر بەشەڕ و کوشتار بڕوات چییە!؟ لات وایە کە ئێمە ناچارین شەڕ بکەین!؟

– ه... ه... ها... قوربان من تەمەنم لە پەنجا تێپەڕیوە، هەرگیز بیرم لەو پرسیارە نەکردووە کە تۆ لێم دەکەی : تەنیا ئەوەندە ئەزانم باوکت فەرموویەتی ئەبێ شەڕ بکەین و منیش بەقسەم کردووە، ئێستا من ئەمەوێ لێت بپرسم کە تۆ چۆنە ئەم پرسیارە لەمن دەکەی؟ خۆت ئەزانی گەورەم کە شەڕکەر هەرگیز نابێ گوێ بداتە ئەمە کە بۆچ بەشەڕ دێ!؟ یان شەڕەکەی لەسەر چییە! ئێمەی نۆکەر و گیان فیدا کارمان چییە کە ئەم شەڕە لەسەر چی ئەکرێ!

– ه... ه... ها... ناء مەراد ناء پیاو چ فەرمانبەر و چ فەرماندەر ئەبێ بزانێ بۆچ بەشەڕ دێ!

بزانە لەم شەڕە دا ئەگەر سەرکەوێ چ بە دەست دێنێ و ئەگەر شکست بخوا چ بە لە دەست دەدا

– قوربان وانییە، بفەرموو ئێمە ئەوەندەش ئەزانین کە لە شەڕێکا ببەزین ماڵ و نامووس و ناو بانگمان تێدا دەچی و ئەگەر سەرکەوین ماڵ و گیانی دوژمن لە دەست ئێمە دا دەبێ.

– کەوایە ئێوە جیاوازیتان لەگەڵ ڕەوە بەراز چییە!؟

ئەوانیش پشتی یەک دەگرن و لەگەڵ دڕندەی تر و ئادەمیزادیش بەشەڕدێن،



ئێوەش نازانن بۆچی شەڕ دەکەن وە ئەوانیش هەروا .

– بێ قەزابی گەورەم، تۆ ئێمەت کردە ڕەوە بەراز. ڕاستەکەی ئەوەیە ئەمن لە هەموو شتێک ناشارەزام ئەزانم شەڕ خۆشە هەتا گەرمترو بەتینتر و بەترستربێ خۆشترە، من تەنیا ئەوە ئەزانم کە لە کۆڕی شەڕ لە پێشدا دەبێ گیانی ئاغام و پاشان گیانی خۆم و هاواڵەکانم بپارێزم.

–هەمیشە زانین لە نەزانین باشترە مەراد پیاو تەنانەت دەبێ بزانێ هەناسە کێشانیشی بۆ چییە!؟

– بەڵێ گەورەم. فەرمایشەکانت دروستە...

– ئەها... وریا بە مەراد، وریا بە مار ،مار... های... هۆی... ها چیی بوو مەراد پێیەوە دای!؟ ئەوەتا هەڵدەکشێ بۆ ژێر ئەو پەنجکە دڕووە! هەر ئێستا ئەیکوژم...

کوشتم، بڵێ بزانم بەکوێیەوە دای... ها

– بەپەنجەی پێمەوەی دا، ئاخ خودایە چەندە ژان ئەکا...

– ڕاوەستە، ڕاوەستە، بە شتێک برینەکەت بۆ ببەستم، با ژەهرەکەی هەڵ نەکێشێ و نەچێ بۆ سەرتر... بێنە با بیبەستم...

– عەجەب مارێکی ژەهردار بوو، باوەڕناکەم بە بەستن چاری بکرێ!؟

– ڕاوەستێ. ڕاوەستێ با بەخەنجەر جێ دەمەکەی هەڵدڕم... ژەهرەکەی دێتە خوارەوە... تۆ خۆت ڕابگرە... دەتوانی خۆت ڕاگری؟

–ئەی... ئەی بێ بەڵابی، من پێم ئەڵێن مەرادی پۆڵا خۆر، یانی لەبەر ئەم برینە بچووکە خۆم ڕانەگرم، هەرچی ئەتەوێ بیکە...

– باشە، باشە، کەوایە بەناوی خودا...

–ئەی... ها... ه... خەنجەرەکەت زۆر تیژە گەورەم هەر بەخۆم نەزانی، خوا بکا ئەو خەنجەرە بکەوێتە سەر گەردنی نەبی.

– ئاه... تۆ لەم حاڵەشدا هەر بیرت وا بە لای دوژمنەوەیە مەراد.

– من نەمدەویست بەم چەشنە بمرم، خۆم دانابوو لە مەیدانی شەڕا بکوژرێم

– نا مەراد تۆ نامری، دڵنیا بە چاک ئەبیتەوە جارێ دەبێ کەمێک ڕاکشێی، لاقت

بەردەیەوە خوارێ تا ژەهری مارەکە بێتە خوارەوە... ئا... باشە بەم چەشنە...

– ئاه وەی وەی وەی... سەروەرم من تازە کارم تەواوە، تۆخۆت مەخە مەترسییەوە ئایش... ئەگەر بتناسن، پارچە پارچەت ئەکەن سەروەرم، من ئەمانە باش ئەناسم، تۆزێ ڕەحم و بەزەییان لە دڵا نەماوە، تکایە من بە جێ بهێڵە تۆ کارێکی گەورەترت لەپێشە گەورەم.

– نا مەراد... ناهەرگیز من بەجێت ناهێڵم.

–... تکایە بەجێم بێڵە گەورەم، ژەهری، مارەکە بەتەواوی لە لەشمدا گەڕاوە، من ئەمرم گەورەم.

– ئاه... بەسیەتی ئیتر، پێم گوتی کە ناتوانم لەم حاڵەدا بەجێت بێڵم، ئەگەر کەمێک سەبرت هەبێ ئەتبەمە ناو لەشکری نەبی، کارێک ئەکەم دەرمانت کەن، بەڵام پێویستە لە سەرەخۆ بی.

– فەرمووت ناو لەشکری نەبی!؟ ئەمە زیاتر لەکاری شێتان دەچێ، ئەبوری کە بەم چەشنە ئەدوێم، بەڵام خان منی ناردووە ئاگام لە تۆبێ نەک ببمە هۆی تێدا چوونت نا... نا من هەرگیز نایەم.

– خان لای وایە من مناڵم،! تۆش هەروا بیر ئەکەیەوە! بەڵام هەردووکتان بە هەڵە چوون ئێستاش هەر ئەمەیە کە گوتم.

– من لەگەڵت نایەم... بەهیچ بارێک نایەم... مەرگ بۆ من باشترە لەمە کە تۆ بکەوییە بەردەستی دوژمن.

– من ئەتبەم، ئەگەر بەخۆشی نەییێ بە زۆر ئەتبەم!؟ گەرما و ئازار مێشکی تۆی لەکار خستووە نازانی ئەڵێی چی!؟ یاڵڵا هەستە وەرە لەگەڵم.

–من نایەم

– یاڵڵا هەستە وەرە.

– نایەم، من نایەم.

– ئێستا کە نایەی مەجبوورم بەزۆر دەتبەم... ها... بگرە... دەی.

– ئای... های.



– بەم چەشنە لەگەڵ خۆم دەتبەم، ببوورە مەراد من مەجبوور بووم بێ هۆشت کەم ئاه ئێستا دەبێ زووتر بتگەینمە ناو ئەو ئاواییەی کەوا سپای نەبی تێدا کۆ بۆتەوە... خوا بکا تا دەگاتێ و مەراد باش نەبووتەوە نەمان ناسن، بەڵام بەم سەر و بەرگەوە هەر ئەمناسن، باشترە جلو بەرگەکەم لەگەڵ شوانێ، سەپانێ کەسێکا بگۆڕمەوە، دەڵێم باوکمە و مار پێوەی داوە، با جارێ بیگرمە کوڵ و سواری ئەسپەکەی کەم.

– باش بوو با لیباسەکانم لەگەڵ ئەو پیاوە بگۆڕمەوە ... هۆی کاکە... برادەر... بۆ ڕەزای خودا یارمەتیم بدە، باوکم مار پێیوە داوە، حاڵی باش نییە.

– من حەکیم نیم، چ یارمەتێکم لەدەست دێت !؟

– ئەگەر حەکیمیش نەبی، خۆ موسوڵمانی، شارەزای ئەو ئاواییەی، ئەزانی کێ ماران گازی پێ چاک دەبێتەوە!؟ تکایە برادەر یارمەتیم بدە.

– کوڕە برۆ کاکە، من کارم بەسەر ئەو کارانەوە چییە کوڕە برۆ...

– سەلام گەورەم سەلام.

– چییە کوڕە، ئەم لاوە چی ئەوێ!؟

– وا دیارە ئێوە پیاوێکی گەورەن! تکایە یارمەتیم بدەن.

–بڵێی بزانم ئەم پیاوە بێ هۆشە کێیە؟ وادیارە مار پێوەی داوە!؟ پەنجەی پێی، ماسیوە وایە هەر وایە!؟

– قوربان باوکمە، ئەمڕۆ لەم دەشتە خەوتبووین مار پێیەوە داوە منیش غەریبم کەس لەو دەوروبەرە شک نابەم، بیستم نەبی خان لەو دێیە، گوتم بچم یارمەتی لێ وەرگرم، ئەمزانی پیاوێکی گەورە هەرگیز خاوەن نیاز بە ناهومێدی بەڕێ ناکا!

– من نەبیم ئافەرین کوڕی باش، تۆباش ئەدوێی بڵێ بزانم ناوت چییە؟

– قوربان... نا... ناوم... لا... لاسە، ببوورەکە لە پێشدا ئێوەم نەناسی.

–ئم– لاس!؟ ئەبێ ئەم ناوەت بەناوی لاسە شۆڕی باڵەکییەوە کرابێ... ها!؟

– من خۆم نازانم بۆچی ناویان ناوم لاس، ڕەنگە باوکم بزانی بەداخەوە ئەویش ئێستا بێ هۆشە!

– نەبی لەبن لێویەوە دەڵێ: « چەندە کوڕێکی قۆز و شۆخ و شەنگە»...

بڵێ بزانم کوڕی باش، ئەگەر من دەستوور بدەم باوکت ببەنە لای حەکیم و چاکی بکەنەوە ئەبی بە نۆکەری من!؟

لاس لەبن لێویەوە « ئەی سەگە چەپەڵ...» قوربان من ئێستاش هەر نۆکەرم.

– ئەزانم. بەڵام مەبەستم ئەمەیە کە– بتکەمە نۆکەری تایبەتی خۆم و هەمیشە لەلای خۆم بمێنیەوە!

– بە شانازییەوە گەورەم.

– زۆر باشە... پێم بڵێ بزانم تۆ هیچ سەرت لە شەڕ دەردەچێ!؟

– بەڵێ قوربان تا ڕادەیەک تیرئەندازی و شمشیربازی و زۆرانیگرتن ئەزانم.

– ئە زۆر باشە، کەوایە بگرە. ئەم شمشیرە، شمشیری تایبەتی خۆمە ئەگەر بەیەک جار ئەم چەنارە ساوایەت لەت کرد شمشیرەکە دەدەم بە خۆت.

– مەرحەمەتی کە سەروەرم « خودایە گیانی مەراد بەم کارەوە بەستراوەتەوە باسکم بە هێز کە»

– ئافەرین لاس، لەمە بەدوا تۆ نۆکەری ژێر دەستی خۆمی، ناویشت لاسە شۆڕە با ئەحمەدخان تێ بگا کە ئەگەر ئەو کوڕی ناوی لاسە شۆڕە من نۆکەرم ناوی لاسە شۆڕە.

– سپاست دەکەم قوربان کە وەهایە دەستوور بفەرموون باوکم بەرنە لای حەکیم

– زۆر باشە، ئەهای کوڕە!

– بەڵێ قوربان

– وەرە زوو ئەم پیاوە بەرە لای حەکیم، بڵێ زۆر باش دەرمانی بکا، هەتا چەند ڕۆژی تر دەبێ چاک ببێتەوە.

– بەسەر چاو گەورەم.

– خێراکە زووتر.

– نەبی خان دەستووری داوە، تا باوکت بەتەواوی چاک دەبێتەوە لە ماڵی من بێ و ئاگاداری  لێوەبکەم. لام وایە ئەمڕۆ کەمێک باشتر بێ.



– سپاست دەکەم دایە پیرە، هەڵبەت ئێمە باشی تۆمان لە بیر ناچێ و پاداشت دەدەینەوە.

– ئۆ کوڕم ئەم قسە چییە، من بۆ پاداش ئیش ناکەم تەنیا دەمەوێ خودا لێم ڕازی بێ.

– دیسانەوە سپاست دەکەم. خودا لەو کەسانە ڕازییە کە بەهاواری لێقەوماوانەوە دەگەڵ، لەگەڵ ئەوەشا پێم خۆشە ئەم دیارییە بێ بایەخە لە من وەرگری فەرموو.

–ئیتر ها... ئاخ خودایە ئەم هەموو ئەشرەفییە، بەڵام کوڕم من کارێکم بۆ ئێوە نەکردووە کە ئێوە پاداشم دەنێ.

– تکایە دایە پیرە شەرمسازمان مەکە هەڵی گرە.

– خودا تەمەنت درێژ کا کوڕم، من  قەبووڵم نەدەکرد، بەڵام تۆ هێندە میهرەبانی کە ناکرێ دەستت بدەمەوە دوا!

– هەڵبەت تۆ خۆت لە من باشتر دەزانی کە باوکم نیازی بە ئاگا لێ بوون هەیە پێویست نییە بەڕاسپێری من هەر کات پارەت ویست بەمن بڵێ.

– بەسەر چاو گەورەم، دەی ئێستا با بڕۆم خەریکی چێشت لێنان بم، باوکت دوو سێ ڕۆژە هیچی نەخواردووە.

– ئا بڕۆ دایە پیرە بەخودام هەسپاردی، تا تۆ دێیەوە من ئاگام لێدەبێ.

مەراد، مەراد،

– هـ... ما

– چۆنی؟ من لاسم، چاوت بکەوە.

– قوربان لە مێژە حاڵم باشە، پێم خۆش بوو بزانم تۆ چیت بەمانە گووتووە و چۆنت خۆت ناساندووە، هەتامنیش هەروا بڵێم، گوتم نەکا قسەی  من و تۆ یەکتر نەگرێتەوە و درۆکەمان ئاشکرا بێ.

– تۆ باوکی منی و مارپێیەوە داوی، منیش ناوم لاسە و لەو وڵاتەش غەریبین، پێت چۆنە؟

– ناوت لاسە، جا بۆچ لاس؟ مەگەر ناوی دیکە نەمابوو ناوی خۆت گوتووە؟

– بەســەر زارم داهات، بەهەڵکەوت، خـراش نەبوو، نەبی منی کـردۆتە نۆکـەری تایبەتی خـۆی بەشانازییەوە دەیگوت ئەگەر ئەحمەد خان کـوڕی هەیە ناوی لاسە، منیش نۆکەرم بەم ناوە هەیە لەمەش سەیرتر ناوی ناوم لاسە شۆڕ.

– خودا بتپارێزێ سەروەرم، دەستت داوەتە کارێکی پڕ مەترسی.

– ئا... نەت بیستووە ئەڵێن گۆم هەتا قووڵ بێ مەلەی خۆشترە.

– هـ... هە بەڵام ئەم گۆمە هێندە قووڵە لەوانەیە بمان خنکێنێ قوربان.

– کارێکە و کراوە، پیاو ئەبێ بیر لە داهاتوو بکاتـەوە، ئەگەر کەوتە مـەترسییـەوە بزانێ بە چ ڕێگایەکدا ئەکرێ خـۆی رزگار بکا!؟ دەنا بیرکردنەوە لە باری ئەمـەوە کە خۆم خستۆتە ئەم مەترسییەوە زیاتر سەر لە پیاو دەشێوێنێ.

– بەڕاستی ئەتۆ کـوڕی سـەرپشـتی شـێری من لەگـەڵ ئەم هەمـوو تـاقـیکاری و شەڕەدا کە دیومە ناچارم خۆم بدەمە دەست تۆ.

– ئاهـ... هـ ئەوە پیرەژنەکـەیە کـە هاتەوە دیسـانەوە تۆ باوکی مـن کـوڕ... دەی بابە گیان دیارە حاڵت باشترە!؟

– نەهارم بۆ هێناون هیوادارم بەدڵتان بێ!؟

– بابە ئەم دایە پیرە، لە ڕادەبەدەر میهرەبانە، لەم ماوەیەدا کە تۆ بێ هۆش بووی، هەر لە ژوور سەرت بووە و ئاگاداری لێوە کردووی.

– زۆر سپاست دەکەم، خودا پاداشتت بداتەوە.

– من ئەبێ سـپـاسـی ئێـوە بکەم برادەر، بە ئومـێـدی خـودا زوو چاک دەبیـەوە و ئەچیەوە لای ژن و منداڵەکەت ئەو دەمەی یادێکیش لەم دایە پیرە بکەن.

– هەڵبەت هەروایە ئێمە فەراموشت ناکەین.

– دەبی بابە گیان من ئەبێ بڕۆمەوە لای خان نەکا فەرمایشێکی هەبێ.

– بەخودات ئەسپێرم کوڕم، بەخودات ئەسپێرم.

– خودا حافیز دایەپیرە.

– خودات لەگەڵ کوڕم.

– لاس: باوکت چۆنە حاڵی باشترە!؟



– بە سـایەی ئێـوەوە قـوربان، لام وایە تا سێ چوار ڕۆژی تر بتـوانێ جێگاو بان بەجێ بێڵێ!؟

– بەڵام باشتێکت پێ بڵێم، ئێمە کارمـان زۆرە ناتوانین چاوەڕوانی باش بوونەوەی باوکت بین، چونکە ئەحـمـەدخـان زانیویە کـە ئێـمـە ئەمـانەوێ بچینە سـەری ئەگـەر بکەوێتە خۆیی و وریـابێتەوە چاری ناکەین. ئەبێ هـەرچی زووتر هێرشمان دەست پێ بکەین.

– بەڵام گەورەم من تا باوکم باش نەبێتەوە ناتوانم لە خزمەتتان دابێم.

– چی؟ نـاتوانم!؟ نـاتوانم یانـی چی؟ تۆ نۆکـەری منـی، هـەرچی من دەڵێم دەبێ وا بکەی

– لاس لەبن لێـویەوە:« ئەگـەر لـەبەر پاراسـتنی مـەراد نەبوایە. ئێسـتا حـاڵیم ئەکردی»

– با ئەوەشت پێ بڵێم لەمە بەدوا کاتێ من قسەت لەگەڵ دەکەم مافی ئەوەت نییە لەبەر خۆتەوە ورتەت بێ.

– بەسەرچاو قوربان، بەسەرچاو.

– دەی ئێستا بڕۆ خۆت سازکە ئەم شۆ دەبێ داژۆین.

– چیت کرد سەروەرم، وا دیارە، کەمێک نارەحەتی!؟

– ئەم چەپەڵە لێم توورە بوو، وە پێی گـوتم دەبێ خـۆم سـازکـەم بۆ شـەڕی باوکم دەیانەوێ ئەم شۆ هێرشیان دەست پێ بکەن.

– ئەی سـەگە چەپەڵ، ئەگەر ئێستا ئەمتوانی بەسـەر پێوە خۆم بگرم، بە شمشیر لەتم دەکـرد، ئەبێ هـەواڵ بدەین بە خـان، دڵنیـام ئەوان بیری ئەمـە ناکەنەوە کـە بەم زووانە هێرشی نەبی دەست پێ بکا، لەبەر ئەمە خۆیان ئامادە نەکردووە!

– ئاهـ... تۆ خۆت ئاڵۆز مەکە، من خۆم ئەزانم چبکەم.

– سـەلام کوڕم، ئەمڕۆ باوکت حاڵی باشترە شوکر هەرچی ویستوویە بۆم ئامادە کردووە، شەو و ڕۆژ بەسەریەوە دانیشتووم باوەشێنم کردووە.

– سپاست دەکەم دایەپیرە، ها... بگرە ئەمەش دەست خۆشانەت.

– ئەی خودا تەمەنت درێژکا کوڕم ، تۆ لە ڕادە بەدەر میهرەبانی.

– دەی جا دایەپیرە بچۆ بۆ لای کارەکانت، ئێمە ئیشێکمان نییە.

– بەسەرچاو کوڕم بەسەرچاو... ئەم لاوە ئەم هەموو پارەی لە کوێ بووە!؟ ئەبێ ڕازێک لە کاریان دا هەبێ، منی بەم چەشنە لە هۆدەکە دەرکرد ئەبێ وتووێژێکی نهێنییان هەبێ، ها... باشترە خۆمیان لێ بگرم بزانم ئەڵێ چی!؟ ها... ئێرە جێگایەکی باشە کە گوێم لە قسەکانیان بێ.

– گەورەم کارێکی باشت نەکرد ئەم ئەشرەفیانەت دا بەم پیرێژنە، ئەو لێمان ئەکەوێتە شکەوە ، ئەڵێ ئەم هەموو زێڕەیان لە کوێ بووە!؟

– قەیدی نییە مەراد ئەم ئافرەتە پیرە زۆری ئاگا لە تۆیە، دەبێ تۆڵەی زەحمەتەکەی بۆ بکەینەوە باوەڕ ناکەم بمانناسێ!؟

– بەه بەه کوڕەکە بوو بە گەورەم، وا دیارە ئەمەش باوکی نییە، چونکە پێی ئەڵێ مەراد، با ڕاوەستم دیسان...

– دەی سەروەرم، نەبی ئەیەوێ هێرش بکاتە سەر بابت! من زۆر نیگەرانم نازانم ئەنجامی ئەم شەڕە بە کوێ دەگات!؟

– ئەورۆ پێش لەوەی تاو ئاوابێ، ئەبێ بڕۆین، تۆ ئەتوانی خۆت بەسەر ئەسپەوە بگری!؟

– بەڵێ سەروەرم ئەتوانم، یانی ناچارم بتوانم.

– هەر ئەوەندە لێرە بتبەمە دەرەوە لە ئاواییەکی دیکە ئەتشارمەوە و خۆم هەواڵەکە ئەبەمەوە بۆ باوکم.

–ها... کەوایە ئەمە لاسە ، کوڕی ئەحمەد خانی مەزنە، هەلێکی باشم بۆ هەڵکەوتووە، ئەگەر ئەم هەواڵە بدەم بە نەبی کۆشم پڕدەکا لە ئەشرەفی بەڵێ... بەڵێ هات هەر جارێک دێتە پێش، نابێ لە دەستی بدەم، ئێستا بابچمە ژوورەوە لە کاتی خۆیدا ئەچمە لای نەبی

– هاتمەوە گوتم نەکا نیازێکتان بە شتێک هەبێ؟

–من ئەمڕۆ ئەڕۆمەوە خزمەت نەبی خان تۆ ئاگات لە باوکم بێ دایە پیرە



– ئەی بەسەر چاو شەنگە لاوی بەژن و باڵا جوان وەک گلێنەی چاوم ئاگام لێ دەبێ دڵنیا بە کوڕم دڵنیابە.

– خودا حافیز بابەگیان.

– بەخودام سپاردی کوڕم، خودات لەگەڵ.

– ئێستا کاتێکی باشە، ئەبێ بچم و هەواڵ بدەم بە نەبی زۆر باشە...

***

– ڕاوەستە بزانم کێی!؟

– کوڕم هەواڵێکی گرنگم بۆ نەبی خان هێناوە، ئەبێ هەر ئەمشۆ پێی بگەینم.

– بڕۆ پیرێژن بەیانی وەرەوە، خان ئێستا خەوتووە ناکرێ خەبەری کەینەوە.

– بەڵام کوڕم هەواڵەکە زۆر گرنکە، ئەترسم کات بەسەربچێ ئاخ.

– بەڵێ بزانم ئەم هەواڵە چییە!؟

– گوێت بێنە پێشەوە!... باپێت بڵێم...

– ئەها... زۆر باشە تۆ هەر لێرە ڕاوەستە تا من هەواڵ بدەم بە خان و ئەگەڕێمەوە.

– ئەم پیرێژنە بەم شەوە لێرە چی دەکرد!؟ وا دیار بوو شتێکی بە نیگابانەکە گوت... نەکا بەڕازی ئێمەی زانیبێ و بیەوێ بە نەبی خەبەر بدا. ئەگەر وا بێ من و مەراد تێدا دەچین... وا باشە بچمە ناو ئەو ماڵە کەوا نەبی تێدایە... ئاه... ئێرە زۆرباشە ئەوە پیرێژنەکە چووە ژوورەوە... ئاه... با ئەمنیش بچمە ناو داڵانەکە ڕاوەستم...

– دەی تۆ بڵێ بزانم تۆ دڵنیای کە ئەو کوڕە لاسی کوڕی ئەحمەد خانە!؟

– بەڵێ قوربان، ڕاستە کە من پیر بووم، بەڵام ئاوەزم باش کار دەکا، لە پشت دەرگا کە خۆم گرتبوو بەم گوێیانەی خۆم بیستم کە پیاوە نەخۆشەکە بە کوڕە لاوەکەی ئەگووت سەروەرم.

– ئەمە بەڵگە نییە پیرێژن، بزانم چی تریان گوت؟

– گەورەم، لاوەکە گوتی کە نەبی خان ئەیەوێ هێرش بکاتە سەر باوکم، باوکیشم خۆی ئامادە نەکردووە بڕیاریان دا کە پیاوە نەخۆشەکە بەرێتە ئاواییەکی تر وە

خۆشی بگەڕێتەوە لای ئەحمەد خان، وە ئەم هەواڵەی بداتێ. دەزانی قوربان من خۆم بەکەنیزی تۆ دەزانم، هەڵبەت نەمدە توانی ئەم هەواڵە بەتۆ ڕانەگەیەنم. بەڵێ گەورەم، من کەنیزم... کارکەرم...

– ئاه... تۆ لە ڕادەبەدەر زۆر بلێیی دەکەی، بەڵام ئەم هەواڵەشت بەکەڵک بوو، ئەبێ کارێک بکەم ئەحمەد خان لەسەر مەیتی کوڕەکەی دانیشێ، بەڵێ سەری لاس ئەبڕم و ئەینێرمەوە بەدیاری بۆ ئەحمەد خان. ئاخر من و ئەو دۆستی لە مێژینەین، هەر ئەبێ دیاریەکی وا باشی بۆ بنێرم... ها... ها... ها...

– قوربان کارێکت بەمن نییە!؟

– نە پیرێژنی فەرهادکوش کارێکم پێت نییە بگرە ئەمەش دەست خۆشانەت.

– سپاست دەکەم گەورەم، سپاست دەکەم.

***

– ئێرە... زۆر باش بوو، بەڕاستی زۆر باش بوو، ئەمجارە وا دیارە هاتمەوە، ئەحمەد خان بەدیتنی سەری بڕاوی کوڕەکەی سەری لێ ئەشێوێ منیش بەیەک هێرشی کوتوپڕلە ناوی ئەبەم... ها... ها... ه

– خان ئەتۆ زۆر زوو لە سەرکەوتنی خۆت دڵنیا ئەبی، ئەمە بۆ پیاوی شەڕانی باش نییە.

– تۆ!؟ تۆ لێرە چ دەکەی!؟

– مەگەر فەرامووشت کردووە من نۆکەری تایبەتی تۆم، هەرکاتێ بمەوێ ئەتۆانم بێمەلات.

–ها... کە وایە ئێستا دەستوور دەدەم بتگرن.

– ئەم... گەورەم ئاڵۆز مەبە، ئێرە جگە لە من و تۆ کەسی لێ نییە.

– ئە ئەمان نا ئەمن خۆم ئەتکوژم... ها بیگرە قوڕ وە سەر... ها... ه...

– ئەها ئەمجار بووی بەپیاو، وەرە پێشەوە وەرە پێشتر... نا... دیارە کەمێک لە شمشێر سەرت دەردەچێ... بەڵام ئیتر بەستە... ها... بگرە...

– مۆڵەتی مەدە گەورەم بیکوژە...

– نامەراد... نا... وەرە دەستی ببەستە بابیبەینە لای باوکم... دەی مەراد...



– نا گەورەم... ئەم مارە وا باشترە زوو سەری پان کرێتەوە، ماوە بفەرموو سەری لە لەشی جیا کەمەوە و جا سەرە بڕاوەکەی ئەبەینە لای خان...

– نا مەراد چۆنی پێم گوتی وا بکە... یاڵڵا زووکە.

– بەسەرچاو گەورەم، بەسەرچاو... دەست بێنە پێشەوە بەرازی پیس... دەست.

– بەئەدەب بە مەراد بە ئەدەب بە.

– دەست بێنە پیری لا مەسەب...

– بادابەزین مەراد نەبی خان زۆر ماندوو بووە.

– ئۆە قوربان گورگی باران دیتووە، بەمانە ماندوو نابێ.

– ئە مەراد، تۆ بەهیچ جۆرێ تەربیەت فێر نەبووی، چەند جار پێم گوتی زمانت بەقسەی ناشیرین پیس مەکە.

– ئە ببوورە گەورەم ببوورە.

– من زۆر ماندووم، زۆریشم تینووە.

– لەو نزیکانە چاوە کانییەک هەیە لەوێ دائەبەزین بەڵام بەمەرجێ، نەبی خان بیری هەڵاتن لە مێشکی خۆی دەرکا!

– من بەدەستی بەسراوەوە بۆ کوێ ڕادەکەم

– کە وایە لێ خوڕین

– زۆر باشە با لێ خوڕین...

ئەحمەد خان: نەبی، من زۆرم چاکە بۆ تۆ هەبوو، چەند جار لە مەرگ رزگارم کردی، بەڵام تۆ ئەمەک نەناس بووی، لەشکرت لێ کردم، پێم بڵێ نەبی لەبەر چی وات کرد!؟

– من پیاوم لەبەرامبەر پیاویشەوە قسە ئەکەم تۆ ئەتەوێ کە ئێستاکە ئەسیری تۆم، بۆ دڵۆپێ خوێن بپاڕێمەوە و داوای لێبوردن بکەم!؟ نا... نا خانی مەزن نا، نەبی ئەو نزمییە قەبووڵ ناکا، تۆش چۆنت پێ چاکە وا بکە؟

– ئافەرین نەبی ئافەرین سەد ئافەرین بەڕاستی نەترسی، کە وەهایە بۆ مەرگ ئامادە بە مەراد.

– بەڵێ قوربان!

– فـەرمـانـی من ئەوەیە کـە نەبی لە چینی دیوار بگرن، پیـاوی پیـاو مـەرگی پیاوانەشی دەوێ.

– بەسەرچاو گەورەم بەسەرچاو.

– دەستـوور بدە هەر کەس کە ئەیەوێ نەبی لەم حاڵەدا ببینێ ئازادە، با تێبگەن پیاوی وەک نەبی گاڵتە بەمردن دەکا.

– ئۆهـ سپاست دەکەم خان، پیاو قەدری پیاو ئەزانێ، منیش پێم خۆشە ڕواڵەتی پیاوانەی من لە سەرەمەرگیشا دەست و پێوەندەکانی تۆ بترسێنێ، وە بزانن دوژمنی گەورەیان چ پیاوێکە!؟

– سەروەرم ئەمجارەش ببەخشە، من هەست ئەکەم پەشیمان بوویبێتەوە.

– کوڕم پەشیمان بوونەوە لە کاتێ وەهادا یانی ترسان و خوێڕی بوون، نەبی ئەگەر پەشیمان بێتەوە ئەیکوژم، چونکە پێم شوورەییە دوژمنێکێ ترسەنۆکم هەبێ، ئەگەر پەشیمانیش نەبوویبێتەوە هەر ئەیکوژم، چونکە پیاو لە دوژمنی ئازا ئەبێ بترسێ، جا ئێستا لە خۆی بپرسین کوڕم، بڵێ بزانم نەبی تۆ کام لەم مەرگانە هەڵ دەبژێری!؟

– مەرگی پیاوانە خان.س

– بەڵام تۆ قوربان لە هەردوو حاڵدا ئەیکوژی ئەمە ڕەوانییە.

– بڕۆ دەرەوە لاس دوو شێری پیر باشتر لێک تێ ئەگەن مەعتەلی چی لاس؟ بڕۆ دەرەوە.

– بەسەرچاو، بەڵام تۆش لەگەڵ نەبی زۆر جیاوازیت نییە.

– ئاهـ لاس، لەبیرت نەچێ چیت گوت ئێستا بڕۆ دەرەوە.

– خودای گەورە ئەمانە چ جۆر ئادەمیزادێکن؟

بڕوانە چۆن بە هەڵپە سەرنجی نەبی ئەدەن. بێ چارە لەم بەر خۆرەتاوە، تا پشتێنی لە ناو دیوار دایە. نەبی ئێستا حاڵی چ بێ؟... نا ئەمن ناتوانم ئەم ڕوانگە ناحەزەم چاو لێ بێ،... بابچمە پێشەوە... تکایە گوێ بگرن! ئەگەرچی پیاو نابێ لەگەڵ



ئێوە کە بەجارێ بوون بەدڕندەی کێوی بە ئەدەب قسە بکا ئێوە بۆچ لێرە کۆ بوونەتەوە!؟ ها ئەمە چ شانازییەکی تێدایە کە دوژمنیکی ئەسیر لەم حاڵەدا سەیر ئەکەن؟ ئایا هیچ کامتان لە خۆتان ڕائەمینی دەست بداتە شمشیر و بچنە مەیدانی نەبی خان؟ نا...نا... ئێوەی ترسەنۆک هەر لەمە ئازان سەیری دوژمنی داماو بکەن و پێی پێبکەنن، شوورەییە، بەڕاستی شوورەییە ئێستا ئێوە گوم بن لەبەر چاوم.

– مەعتەلی چن؟ بلاوەی کەن یاڵڵا...

– نەبی خان، ئەم شۆ چاوەڕوانی من بە دێم ئازادت دەکەم.

– ئاهـ...هـ من نامەوێ بەدەست کوڕی دوژمنم ئازادبم، مردنم لا باشترە.

– من کوڕی شەرەف و ویژدانم، نەبی خان کوڕی دوژمن نیم، شەوێ چاوەڕێم بە ئێستا بەدوعا، تا شەوێ خۆت ڕابگرە.

– لەناو ئەو هەموو کێشکچی و نۆکەرە دا، لاوێکی ڕووبەند لە ڕووی چارە پۆشراو دێت و نەبی لە چینی دیوار دەربهێنێ و دەستی هەموو پیاوەکانی من ببەستێ! ئاهە سەرشۆڕیی لەمە زیاتر چۆن ئەبێ!؟ مەگەر ئێوە کەو بوون کەروێشک بوون، مەراد... مەراد...

– بەڵێ قوربان، بەڵێ سەروەرم فەرموو.

–مەگەر تۆ مردبووی؟ پێم بڵێ لەو کاتەدا لەکام جەهەنەم بووی مەراد!؟

– گەورەم ئەو پیاوە کە هاتبوو نەبی رزگار کردووە پیاوێکی ئاسایی نەبووە، وەک کێشکچییەکان ئەڵێن هەر لە ماوەیەکی کورتدا شمشێری هەموویانی لەدەست دەرهێناوە، ئەڵێن پیاوێکی باڵابەرزی بەهێز بوو، و هیچ دەنگیشی لێوە نەهاتووە قوربان.

– ئەمانە قسەی پووچن مەراد، من دەستوور ئەدەم هەموو ئەو کێشکچییانە بکوژن،... مەراد بڕۆ بزانە لەدەرێ چ باسە!؟... ها چبوو؟

– قوربان یەکێک لە کێشکچییەکان بوو، ئەم دەسرە هەورییەی هێناوەتە خزمەتت ئەی گوت کابرا بەم دەسرەیە دەستی ئەوی بەستووە.

– بێنە بزانم...

– فەرموو قوربان، فەرموو.

– ئە... ئەم دەسرەیە!؟... لاس!؟ ئەهای لاس؟...

– بەڵێ گەورەم.

– ئەم دەسرەیە دەناسی کورِم؟

– بەڵێ گەورەم هی منە. دەسرەی بەرخەنجەری منە.

– ئەکرێ پێم بڵێی چۆن بووە بە دەسرەی تۆ دەستی ئەو پیاوە بەسراوە؟

– ئەو پیاوە من بووم! ئەوی کە نەبی رزگار کرد من بووم.

– تۆ؟ بۆچی؟ تۆ وەڵامت نییە بیدەیەوە؟ ئۆهـ لاس، خۆم ئەزانم چونکە لات وایە من و نەبی جیاوازیمان نییە! هەردووکمان پیاوکوژ و خوێنمژین، بەڵام لاس هەرچی بێ من باوکی تۆم، مەراد... مەراد

– بەڵێ سەروەرم... بەڵێ

– دەستی ئەو بێ ئەمەکە ببەستەوە و بیبە دەرەوە.

– هەمووتان بچنە دەرەوە هەمووتان یاڵڵا گووم بن یاڵڵا برِۆن... ئۆهـ کڵۆڵی و چارەرِەشی چەندە بە ئاواتەوە بووم خودا کورِێکم بداتێ، کورِێک لە من و لە شەم لەسەر پشتی شێر و ئێستا ئەو کورِە لەگەڵ دوژمنی من بۆتە هاودەست،... بەڵام، بەڵام من ئەزانم ئەبێ چبکەم، خۆم ئەزانم ئەبێ چی بکەم.

– قوربان هەر دە کەسەکە ئامادەن، دەستوور چییە؟ لاسە شۆرِیشی لە مەیدانە.

– برِۆین مەراد، ئەمرِۆ گۆڵمەزێکی خۆشمان بەدەستەوەیە... برِۆین

– فەرمووبابرِۆین...

– گوێ بگرن، ئێوە دە کەس بوون و نەتان توانی ئەسیرێک بپارێزن، لاس کورِی من دوژمنی لە بەند رزگار کرد، کە وەهایە پێویستە ئێوە بە تێکرِایی دەگەڵ لاس بەشەرِبێن، ئەگەر بیکوژن لاس بەسزای خۆی گەیشتووە، ئەگەر ئەویش ئێوە بکوژێ، ئێوە ئاکامی خوێرِیەتی خۆتان وەرگرتۆتەوە... دەی جا ئێستا دەست پێ بکەن...

– ئەوانە برای منن شمشیر لە من ناکێشن و ئەمنیش خوێنی ئەوان نارِێژم.

– ئەمە دەستووری ئەحمەدخانە ، ئەبێ بەرِێوە بچێ، یاڵڵا... دەست پێ بکەن



– وەرنە پێشەوە بمکوژن، بەڵام من ناتانکوژم.

– تۆ ترساوی لاس، کورِی سەر پشتی شێران نابێ بترسێ.

– ناگەورەم من ناترسم بەڵام لە برا کوشتن بێزارم... گای ئێوە ترسەنۆک بۆ رزگار بوونی خۆتان خەریکن من ئەکوژن ها...؟ باشترە ئێمە شەرِ نەکەین، با خان هەموومان بکوژێ

–نا... دەستووری خانە ئەبێ بەرِێوەبچێ بگرە سەروەرم...

– ها کە وایە ناچارم بیکەم... جا... ها بیگرە...

– ئاه... هـ...

– هانێ ئەوەش بۆ تۆ...

– ها ئەوەش بەشی تۆ

– ئافەرین لاس، سەد ئافەرین

– هابگرە ئەوەش بۆ تۆ کە دواین کەسی.

– ئافەرین لاس... ئافەرین، لاس هەر دەیانی لە مەیدان دەرکرد، بەدەستووری من هەم لاس و هەم ئەم کێشکچییانەی ئازادن، من لە تاوانیان خۆش بووم.

– لێبوردن هی گەورەیە سەروەرم، کە وەهایە با بچم ئەم هەواڵە بدەم بەلاس و بیهێنمە خزمەت خانی مەزن.

– نا مەراد پێویست ناکا بێتە لام، ئەو ئێستا زۆر ئاڵۆزە لێی گەرِێ باتوورِەیی و پەژارەی دامرکێ، ئەوجار خۆم قسەی لەگەڵ دەکەم ئەوە من رِۆیشتم مەراد.

– فەرموو قوربان لاس لەو کاتەوە ئیتر کزو مات ببوو، لە گۆشەیەکا دائەنیشت و بیری ئەکردەوە، تەنانەت لە بارەی جوانی و هەڵبەست و زانستیشەوە قسەی نەدەکرد، لە هاودەنگەکانی کەنارەی گرتبوو، لەو ماوەیدا ئەحمەد خان هەرچی ویستی دڵی بهێنێتەوە جێ بۆی نەکرا، وردە وردە قاو داکەوت کە لاس چەشنە شێتییەکی بەسەراهاتووە، بەڵام لەرِاستیدا وەها نەبوو، لاس خەونی بەکچێکەوە دیبوو، و لە خەوەکەدا ئاشقی ببوو– لەبەر ئەمە پێی خۆش بوو بە تەنیا بێ و بیر لەو پەرییە بکاتەوە کە شەوێک هاتبووە خەوی و دەرگای بەهەشتی باوەشی خۆی بۆ

ئاواڵە کردبوو، پاشان لە کاتی ڕۆشتنیا پێی گووتبوو من لە کوێستانێکی سەرسەوز و بەهاراویدا ئەژیم بمدۆزەرەوە. لاس لەو کات دا نزیکەی ٢٠ساڵ تەمەنی بوو، و برایەکی چاردە ساڵەشی هەبوو کە زۆری خۆش دەویست.

– نا... هیچ سوودی نییە، ئیتر هیچ شتێک خۆشم ناکا... خودایە من بەجوانی پیرم، بەڵام نا، نابێ هیوابڕاو بم، ئەبێ بکەومە شوێنی، ئەبێ یەکجار جوان بێ، هەروەک لە خەوەکەما دیتم، باڵا بەرز، کەمەر باریکە، بەناز، دوو چاوی گەش، دوو پرچی ڕەشی ئاوریشمی، پێکەنینێک وەک بزەی مانگەشەو... ئاه کەسێک بەرەو ئێرە دێ! بۆ من تەنیا دیتنی خۆم بەسە هەر ئەتوانم دیتنی ئادەمیزادێک هەموار کەم، ئەویش خۆمم، بەڵام بریا تەنانەت خۆشم هەواڵی خۆم نەبوایە... چەندە ناخۆشە...

–ئاه کوڕم ئەمەوێ قسەت لەگەڵ بکەم.

– زۆر سەیرە کوڕ و باوکێک ئەوەندە لێک دوور بن، وا نییە گەورەم!؟

– ئۆ بۆچ کوڕم بۆچ، هەم سەیرە هەم ناخۆشە، بەڵام ڕۆڵەم، ئەوەی وا دووری ئەکا تۆی.

– وە ئەوەش کەوا هیچ گوێ ناداتە ویستی کەسێکی تر تۆی قوربان.

– تۆ خوێندەواری کوڕم، ماوەی چەند ساڵ سەرت بەم کتێبە پەرزەردە پەرپووتانەدا گرت، بەڵام ژیان کوڕم لەناو کتێبا نییە کوڕم لەدەرەوەیە، لەسەر ئەم سەر زەوییە بڕوانە کوڕم بڕوانە ئەم خۆرەتاوە هەست دەکەم، گوێم لە دەنگی ئەم مەلانەیە، تەنانەت شنەی ئەم شەماڵە لەسەر خۆیشە هەست دەکەم ئەمەیە ژیان، کە وەهایە من زیندووم، من زیندووم کوڕم، و زیندووش نیازی هەیە، بەمە کە فەرمانی ڕەوابێ.

– هەموو کەس لێ بترسێ، پڕ بەدڵ ناخۆشیان بۆی، بەڵام لە ترسان بەقسەی بکەن... ها؟ ئەمەیە مانای نیازی ژیان گەورەم!؟

– پیاوی پیاو ئەبێ دۆست و دوژمنی هەبێ کوڕم، دۆستەکانی خۆشیان بوێ و دوژمنەکانی لێی بترسێن، مەگەر نەتبیستووە دەڵێن گەورەیی پیاو بەژمارەی دۆست و دوژمنی ڕا دەردەکەوێ؟



– بەڵێ سەروەرم، بەڵام پیاو ئەتوانێ کارێ بکا کە دوژمنی نەبێ و هەموو کەس خۆشی بوێ.

– بە هەڵە چووی کوڕم، بە هەڵە چووی، لەو کاتەوە دونیا دروست کراوە ئادەمیزادێک نەهاتووە کە هیچ دوژمنی نەبووبێ، مەگەر خوێڕی و بەڕەڵڵا و پیاوی بێ بایەخ کە ئەوانیش خۆیان دوژمنی خۆیانن، دوژمنی ناو و پلە و پایەیی خۆیانن، ئێستا پێم بڵێ کوڕم، ئەتۆ ئەتەوێ چبکەی.

– ئەڕۆم بابە، ئەڕۆم بۆ جێگایەکی کە هیچ کەس نەمناسێ.

– ئۆ لاس، لاس مەگەر شێت بووی. بۆ کوێ ئەتەوێ بچی؟ ئاخر من تێناگەم تۆ چیت کەمە کوڕم.

– من ئەوەم کەمە هێشتا نازانم کێم؟ بۆچ ئەژیم، هێشتا نازانم ژیان یانی چی، ئەچم ژیان بدۆزمەوە.

– تۆ بەجارێ ئاوەزت تێکچووە کوڕم، بۆوەی نابی پیاو لەگەڵت بدوێ، خۆت دەزانی چۆنت پێ باشە وابکە.

– من نامەوێ ببمە هۆی نارەحەتی تۆ گەورەم، بەڵام ناچارم سەری خۆم هەڵگرم، ڕەنگە بەختەوەری لە هەرێمێکی تر چاوەڕێی من بێ.

– بۆ هەر جەهەنەمێک ئەچی بچۆ، بەڵام لەبیرت نەچێ لاس! ئەتۆ ترسەنۆکی، ناوی بەرزی خانەدانی خۆت پێ ناپارێزرێ بۆیە ڕادەکەی، ئیتر قسەیەکم نییە لاس من ڕۆیشتم.

– بەخێرچی گەورەم.

– ئەی هەر ئەو ڕاستی ئەکرد، پیاو ناتوانێ هەموو کەس لە خۆی ڕازی کا دەی ئێستا دەبێ چبکەم، تەنیا ڕێگام ئەمەیە کە بڕۆم بەرەو چارەنووس، ئەم هەموو چەپڵەڕێزانەی بۆیان دەکردم چەند پیاوی ورد و درشت ئافەرینیان بۆ ئەناردم بەشانازیمەوە هەڵپەڕکێیان دەکردە. هەموویان ئەمانە لە گوێمدا ئەزرینگێتەوە... ئاخ...

چی؟ هەرای پیاوانی شەڕانی، حیلەی ئەسپ و ناڵەی بریندارا ن دێتە بەر گوێم،

فەرمانی هێرشی باوکم. خودای گەورە وڵات یەک پارچە ئەبووە بەتەمومژ بە ئاگر و خوێن...

–ئاه.. ئەڤ... ئەڤ... ها...

– ئامانیان مەدەن... بیانکوژن... ها لەسەری منو کەوێ گەنجانی باڵەکی ڕۆژی پیاوەتییە...بیانکوژن...

– نا ئیتر ئێرە جێی من نییە، ئەبێ بڕۆم، هەرئەم شۆ.

***

لاس سەری هەڵگرت و ڕۆیی، ڕووی کردە هەرێمێکی کوێستان کە زۆر لە باڵەکایەتی دوور بوو، کاتێ گەیشتە وێ تەماشای کرد کە بێری خەریکی مەڕ دۆشین وە پیاوێک کە وا دەرئەکەوێ گەورەی خێڵەکە بێ لەگەڵ دەست و پێوەندەکانی ڕاوەستابوو.

– کوڕینە من ئەو لاوەم لێرە نەدیبوو!؟ لام وایە ئاپورە بێ، ئەبێ بانگی کەن بزانم کاری چییە، بانگی کەن!

– ئەهای کوڕە وەرە ئێرە خان کاری پێتە.

– سەلام قوربان

– سەلام کوڕم سەلام، بڵێ بزانم خەڵکی کوێی؟ کارت چییە لێرە؟

– قوربان گەنجێکی غەریبم، لە کار ئەگەڕێم، کەمێکیشم خوێندووە.

– ئەها... زۆر باشە کوڕم، ئەمن ڕاتدەگرم ئەتکەم بە میرزای خۆم.

– خودا ڕاوەستاوت کا گەورەم.

– کە وەهایە هەر ئێستا برۆ سەر کار برۆ... ڕاستی بڵێ بزانم ناوت چییە؟

–ناوم لاسە قوربان.

– لاس؟ زۆرباشە.

– بڵێ بزانم خەڵکی کوێی؟

– خەڵکی باڵەکایەتیم گەورەم.

–کە وەهایە ئەحمەد خانی مەزن ئەناسی!؟



لام وایە تۆش بەشانازی لاسی کوڕی ئەحمەد خانەوە ناویان ناوی لاس... بەڵێ؟

بەڵێ قوربان

– زۆرباشە، زۆرباشە، باشە هەر ئێستا بڕۆ سەر کارت، خەریکی کارت بە بڕۆ.

– بەسەرچاو گەورەم.

***

– دایە ئەتۆ ئەو کوڕەت دیوە کە تازە بۆتە میرزای باوکم!؟

– بەڵێ کچم دیومە، لاوێکی یەکجار جوان و باڵا بەرز و پێکەوتووە.

– من زۆر تاریفی لاسی باڵەکایەتم بیستووە بەڵام باوەڕ ناکەم ئەویش لە جوانییا بگاتە ئەم لاوە، بەهەڵکەوت ناویشی لاسە دایەگیان، و خەڵکی باڵەکایەتیشە.

– کچم تۆ خۆت ئەزانی من هەمیشە مەحرەمی نەهێنی تۆ بووم، تۆ لە باوەش مندا پەروەردە کراوی، جگە لەوەش من خزمەتکاری بنەماڵەی ئێوەم هەڵبەت نامەوێ تۆ نارەحەت بی بەڵام کچم وام هەست کردووە دڵت داوە بەم لاوە.

– مەگەر ئیرادێکی هەیە دایە!؟

– ئەرێ کچم، تۆ کیژی خانی، و ئەو کوڕێکی هەژار و بێخانەدانە، ئێوە بۆ یەک نابن، و باوکت هەرگیز رازی نابێ تۆ بدا بەو کوڕە.

– دایە دڵی ئەویندار کەی لەم شتانە دەفکرێ، باشتر نییە لە باتی ئەوەی ئامۆژگاریم کەی، کارێ بکەی لاس لە ئەوینی من ئاگادار بێ.

– ئاگات لە خۆت بێ کچم، تۆ خەریکی کارێک ئەکەی کە هەم سەری ئەو و هەم ئابڕووی بنەماڵەکەتی تێدا دەچێ.

– دایە گوتم کە من بە فەرمانی دڵم ئەجوڵێمەوە و لە هیچ کەسێکیش باکم نییە.

– زۆرباشە کچم بزانم چم لەدەست دێ.

***

–سەلام میرزا، ئەوە لێرە چی ئەکەی؟

– ئەه ئەوە تۆی دایە،؟ دە فەرموو دانیشە فەرموو، خەریکی خوێندنەوەی لەیل و مەجنون بووم.

– من ئەو بەسەرهاتەم بیستووە، و کاتێ کە خەزاڵ منداڵ بوو هەموو شەوێ ئەم داستانەم بۆ ئەگوت تا خەوی لێ دەکەوت.

– ئاخ... ە... خەزاڵ... خەزاڵ... شازادەی جوانی

–چییە میرزا وا دیارە ڕەنگت هەڵبزرکا؟

– ئۆە نا... نا دایە شتێک نییە، وەرە دانیشە با بۆت بگێڕمەوە کە لەیل و مەجنون چۆن ئاشقی یەکتر بوون.

–ها ئەوە دانیشتم دەی جا فەرمووا!

– کوڕێکی عەرەب بوو بە ناوی قەیس لە خێڵی عامر. زۆر بەدەسەڵات بوو لاو چاک بوو... لەو کاتەوە کە لاس ڕۆیی، ٥ ساڵ تێ ئەپەڕێ هەموو لە دۆزینەوەی لاس هیوا بڕاو بوون: برا چکۆلەکەی لاس کە ناوی هەباس بوو تێگەیشت خوورەوشتی تەواو وەک باوکی ئەحمەد خانە، بەهێزو بێ بەزەیی و پیاوی شەڕ و مەیدان لەو ماوەیدا شەمی خێزانی ئەحمەدخان نەخۆش کەوتووە کە خانی داوا کردوە پێش مەرگی زەماوەندێک بۆ هەباس ڕێک بخا.

ئەحمەد خان پیاوی بەهەموو لایەکا ناردووە، لە ئاکاما خەزاڵی کچی ئەو. خانەی پێ باش بووە کە لاس بە نۆکەریی لەلایەتی... خان و هەباس و دەست و پێوەندێکی زۆر ساز بوون بچن خەزاڵ دیاری کەن...

– زۆر بەخێر هاتن... سەر فەرازت کردم، من بچووکی تۆم قوربان، فەرمانت لەسەر سەرمە.

– تۆ برای منی خان، سپاست دەکەم ئەم چەند ڕۆژە میواندارێکی باشت کرد، بەڵام پێم خۆشە بزانی من بۆچ هاتووم!؟

– ماڵی بچووکی خۆتە گەورەم، ئەمر کە فەرموو.

– هەباسی کوڕم کاتی ژن هێنانیەتی ، کوڕێکی باشیشە ئەمەوێ بە بچووکی خۆتی قەبووڵ کەی و خەزاڵی کچتی بدەیەی.

– سەروەر زادەی منە قوربان، بۆ من شانازییە کە کوڕی خانی مەزن بەکچی من ڕازی بێ.



–زۆر مەبارەکە، زۆر مەبارەکە، کە وەهایە هەباس بڕۆ دەستی خەزوورت ماچ کە.

– بەسەرچاو قوربان...

– ها... پیرۆزبێ، پیرۆز بێ

–... تق... تق...

– لاس قەی ناکا وەرە ژوورێ.

– مەبارەکت بێ خەزاڵ.

– مەبەستت چییە لاس!؟ من شتێکی تازەم نەکڕیوە.

– نا شتێکی تازەت نەکڕیوە، بە مێردێکی تازە فرۆشراوی.

– ئەم قسانە چییە لاس!؟ مەگەر لە بیرت چۆتەوە من و تۆ پەیمانمان بەستووە!؟

– ئەمەوێ دڵنیابم گیانەکەم پێم بڵێ بزانم تۆ منی هەژاری نۆکەری باوکت هەڵئەبژێری یان کوڕی خانی مەزنی باوکت... ها!؟

– من کارم بەسەر ئەمەوە نییە کە ئەو کوڕە کێیە؟ و باوکیشم کێی پێ خۆشە، چونکە لە پێشا بەڵێنم داوە بە تۆ، مەگەر دڵ ئەکرێ بەچەند کوتەوە لاس؟

– با ڕاکەین خەزاڵ، لێرە بڕۆین، بچینە شوێنێک کەس نەمان ناسێ.

– ڕاکەین؟ ئاخر بۆ کوێ مەگەر ئەگونجێ؟

– ئۆە... نا... نا گیانەکەم، من نازانم ئەڵێم چی لێم ببوورە.

– ئەگەر تۆ پێت خۆشە، من قسێکم نییە، ئامادەم بۆ هەر کوێ بڵێی لەگەڵت بێم.

– نا خەزاڵ نا، باشترە چاوەڕێ بین بزانین چی پێش دێ جارێ بە دوعا گیانەکەم...

– بەدوعا لاس...

***

– ئاخ، تا ئێستا کێ گیری وای کردووە؟ براکەم بۆتە بەرهەڵستم، بەڵام ئەو چووزانێ، وا دیارە من بەهیچ بارێکا ڕاحەتیم نییە، ئەمەش نەهاتێکی تر... ئەھ... ئەو پیاوە منی دی، ئەگەر بزانێ لە هۆدەکەی خەزاڵ دێمە دەرێ کارەکە بەتەواوی خراپ دەبێ با خۆم بشارمەوە...

– ئەو پیاوە کێ بوو!؟ من بە چاوی خۆم دیم لە هۆدەکەی کچی خان هاتە دەرەوە... بۆ کوێ چوو ئەبێ بگەڕێم و بیدۆزمەوە...

–ئەی خۆ ئەوە پیاوەکەی باوکمە خەریکە بمدۆزێتەوە... باشترە بە مستێک بێ هۆشی کەم با کەمێکی تریش بێتە پێشەوە... ئاه ئەو جار چاکە.

... بمبوورە ناچاربووم... ئێستا چی بکەم!؟ باشترە بەکۆڵ خۆمی دادەم و بیبەمە هۆدەکەی خۆم هەتا دێتەوە سەرەخۆ...

– ئاخ... ئاخ من بۆ لەم هۆدەیەم!؟

– تۆ لەلای منی عەزیز.

– تۆ قوربان، تۆ!؟ تۆ لێرە چی ئەکەی؟ ئەی خودایە زۆر شوکر کە چاوم بەتۆ کەوتەوە.

– س س ست، هێواش تر عەزیز بەسەر هاتی من زۆرە، ئێستا هەمووت بۆ دەگێڕمەوە، گوێ ڕاگرە! کاتێ من لە باڵەکایەتی وەدەرکەوتم...

***

–بیستوومە لاوێک لە باڵەکایەتییەوە هاتۆتە لات و ناوی لاسە. ئەمە ڕاستە!؟

– بەڵێ سەروەرم، بەڵێ، کوڕێکی یەکجار باشە من ڕامگرتووە کردوومە بە میرزای خۆم.

– ئۆخ خودایە بڵێی ئەمە لاسی کوڕی من بێ.

– خان پێم خۆشە بیبینم، لام وایە ئەبێ لە دایک و باوکی تۆرابێ.

– قوربان بەچەشنی خۆی ئەڵێ، دایک و باوکی مردوون، هیچ کەسی تریشی نییە.

– ئەها......

– من دیومە گەورەم، لاوێکی لاواز و بێ دەنگە لام واش نییە خەڵکی ئەو باڵەکایەتییەش بێ، چونکە من نەمناسییەوە.

– ئاه ئەو هیوایەشم بەهیچ دەرچوو، زۆر باشە عەزیز کەوایە قەیدی نییە.

–« باش بوو بانگی نەکرد، دەنا لاس وای دەزانی من ڕاستیم پێ گوتووە».



– قوربان گەنجەکان ئەیانەوێ بچن بۆ ڕاو، هەباسیش ئامادەیە، ئایا ماوە ئەفەرموون!؟

– هەڵبەت هەڵبەت خان، بۆ لاوەکان هیچ شتێ لە هەڵپەڕکێ و ڕاو خۆشتر نییە.

– سپاس میرم کە وەهایە کوڕینە سواربن بابڕۆین.

***

– ئەهای کوڕینە ڕاو بەسە ئیتر بەرەو ماڵ ئەبینەوە ئەگەڕێینەوە بۆ ماڵ، بەڵام نا... نا ڕاوەستن بزانم ئەو کابرایە کێیە کە ئەو گوڵە کێوییانە ئەچنێ و چەپکە چەپکەیان ئەکا... ئەها کوڕە وەرە بزانم ئەو گوڵانەت بۆچییە؟ وەرە بزانم.

– خودایە هەباس چەند گەورە بووە، بۆتە پیاو، بڕوانە هەروەک باوکم فەرمان ئەدا، بەڵام خوا بکا بەم چەشنەی کە من خۆم گۆڕیوە نەمناسێتەوە.

– های لەگەڵ تۆمە کوڕە... وەرە ئێرە مەگەر کەڕی؟... بڵێ بزانم ناوت چییە؟

– ناوم لاسە گەورەم.

–ها... ه... بێ جات کرد کە ناوت لاسە، لاس تەنیا لاسە شۆڕی باڵەکییە، ئەویش برای منە.

– بۆ من شانازییە کە هاوناوی برای ئێوە بم.

– ئەم... ئەو گوڵانەت بۆ چییە؟

– گەورەم دەیبەمەوە بۆ دەزگیرانم.

– ها... ه؛ گوێتان لێیە کوڕینە، ئەمەش دەزگیرانی هەیە... ها... ها بڵێ بزانم دەزگیرانەکەت ناوی چییە!؟

–«ئەو کوڕە بۆ وا بێ ئەدەب بووە کاتێ من هاتم وانە بوو».

– بۆچ لاڵ بووی؟ پرسیم ناوی چییە؟

– ئۆ... ناوی خەزاڵە گەورەم.

– ئوە– خودایە کارەکە خەریکە خرا دەبێ.

–ە... گوتت ناوی خەزاڵ!؟ خەزاڵ ناوی دەزگیرانی منە.

– گەورەم ناو هەمووی ئی ئادەمیزادن، بە بەژنی کەسێکی تایبەت...

– ها... دەمت ببەستە چەپەڵ، های کوڕینە وەرن، وەرن خێراکەن لەبەر چاوم گومی کەن لێی بدەن کوڕینە.

***

– گەورەم، من ئامادەم ڕووبەندێک بەڕووما دادەم و دەچمە مەیدان.

– ڕووبەندت بۆچییە کوڕم؟

– قوربان نامەوێ بمناسن، ئەڵێم نەکا خانی مەزن پێی ناخۆش بێ نۆکەرێکی تۆ دەچێتە مەیدانی کوڕەکەی.

– بەڵام کوڕم ئاگات لە خۆت بێ، هەباس هەم پاڵەوانە هەم زۆر بێ بەزەییە، ڕاستە ئەمە بۆ تاقیکردنەوەیە، بەڵام ئەگەر رقی هەستێ لەوانەیە بتکوژێ.

– دڵنیابە گەورەم. ئاگام لە خۆمە، دەی جا ئەگەر ماوە بفەرمووی من بڕۆم.

– خوا ئاگادارت بێ بڕۆ

– ها کێ هەیە لەگەڵ من دەست و پەنجەیەک نەرم کا؟ کەس نییە؟

– من ئامادەم، ئەوەش شمشیرەکەم.

– ها... هە... ها... مەگەر تۆ دزی کە خۆت لە ژێر ئەم ڕووبەندەدا شاردۆتەوە؟ ها...

– دەمت ببەستە و باسکت بخەکار، هێندەش پێ مەکەنە ئەترسم لەدواییدا بگری!

– ئۆهـ زۆر بەخۆت دەنازی، بەم ڕووبەندەتەوە هاتوویەتە مەیدانی من! خۆت بگرە بۆ شمشیرەکەی من... ها... وەرە بزانم...

–ها... من نامەوێ بریندارت کەم...

– تۆ منت شکست دا، ها بمکوژە

–نا... تۆ برای منی هەستە... هەستە من ناتکوژم، ئەمە یارییەکی دۆستانە بوو، بەڵام ئامۆژگاریم ئەوەیە دەست لە خەزاڵ هەڵگری، ئەمەش شمشیرەکەی من بۆ تۆ...

***

– عەزیز، من دەنگی ئەو پیاوە چارە پۆشراوە کە هەباسی شکست دا زۆرم بەگوێ ئاشنا هات، خورپەی خستە دڵمەوە ، ئەتگووت دەنگی لاسە شۆڕی کورمە، دەست و بوردیشی هەر لەو ئەچوو.



–چیت عەرزکەم قوربان، لاس شەش ساڵ ئەبێ بێ سەرو شوێنە، باوەڕناکەم ئەو بێ، بەڵام...

– بەڵام چی عەزیز؟ تۆ شتێک لەمن ئەشاریەوە ئەو ڕۆژەش کە ئەو کوڕە لەگەڵ هەباس شەڕە شمشیریان بوو. تۆ زۆر ئاڵۆز بووی، من باشم ئەزانی کە بیرت بەلایەکی ترەوەیە، تکایە، تکایە عەزیز، ئەبینی کە من تکات لێ ئەکەم، باوکێکی دڵ سووتاو کە هەرگیز تەنانەت بۆ چارەنووس سەری دانەنواندووە تکات لێ ئەکا، عەزیز تکایە ئەگەر شتێک ئەزانی بەمنی بڵێ!؟

– قوربان تۆ سەروەری منی... نا... من ناتوانم لە تۆی بشارمەوە، ئەو گەنجە لاوە کوڕی تۆیە.

– ئاخ خودای گەورە، خودای گەورە سپاس بۆ تۆ، سپاس بۆ تۆ خودای گەورە، ئەدی عەزیز بۆچ ئەمەت زووتر بە من نەدەگوت؟ ئێستاش خێراکە بابڕۆین، ئەمەوێ لاس لە باوەش گرم پێی بڵێم کە دایکی لە رووی ئەوا چ ڕەنجێکی کێشاوە.

– بەڵام قوبارن شتێکی تریش هەیە کە ئەبێ پێت بڵێم.

– نا... نا... عەزیز نا... ئێستا کاتی هیچ قسەیەک نییە زووکە بابڕۆین.

***

دەستت خۆش گیانەکەم، باشت تەمبێ کرد من لە پەنجەرەوە ئاگام لێ بوو.

بەڵام پێم خۆش نەبوو. ئەو گەنجە، بریا ئەم کارە ڕووی نەدەدا.

–تۆ ئەڵێی چی لاس؟ مەگەر هەر ئەو لاوە بێ شەرمە نەبوو دەستووری دا نۆکەرەکانی دارکاریت کەن؟ تۆ بۆچ دڵت بۆی ئەسووتێ؟

– نازانم گیانەکەم، خۆشم نازانم...

–ها... تۆ... تۆ لەلای دەزگیرانی من چی ئەکەی!؟ پیاوی بێ شەرم ها...؟

– توورە مەبە هەباس، ئێمە هەردووکمان هەین لە خۆی ئەپرسین، لێی دەپرسین بزانین کاممان هەڵئەبژێرێ؟

– من لاس هەڵئەبژێرم

– هەی کچی پەست

– من بەدڵەوە ڕقم لە تۆیە
– بگرە ئەوەش سزای تۆ...
– پیـاوی پیـاو هـەرگـیـز خـۆی لـە ئافـرەتی بـێ هێـز ناگـەینێ بەڵام وادیـارە تۆ لە پیاوەتی هیچ بەشێکت نییە.
– ئێستا تێتئەگەینم کە کێ پیاوە
– ئەبینی کە من شمشیرم پێ نییە و لەگەڵ تۆش نامەوێ بەشەڕ بێم.
– بۆ من فەرقی نییە، هەر ئەتکوژم... ها بگرە
– شمشیرەکەت بەردە دەنا دەستت ورد دەکەم
– بەری نادەم هەر دەتکوژم
– جارێک بەس نەبوو ها!؟
–ها– های دەستم بەردە... ئاخ
– ئافەرین براکەم ئافەرین ئێستا بووی بەکوڕێکی باش.
– دەست ڕاگرن... دەست ڕاگرن... لاس دەست ڕاگرە.
–ئاخ خودایە باوکمە... عەزیزیشی لەگەڵە وادیارە هەموو شتێکی پێ گوتووە...
–کاتێکی باشە، ئێستا ئەبێ بەم شمشیرە بیکوژم ها، بگرە...
– ئاخ... ئاخ... ئاخ
– چیت کرد ماڵ وێران، لاسی برای خۆتت کوشت لەعنەت لە تۆ هەباس.
– لاس... لاس... لاسی برام... لاس... لاس براگیان...
– کـوڕەکـەم لاس... چاوت بکەوە من... مـنم باوکی کـڵـۆڵـت... لاس... هێـشـتـا تۆ زۆر گەنجی، تکایە لاس جێمـان مەهێڵـە... بڕوانە لاس... بڕوانە من باوکتـم... عەزیز... تەواو بووە
– لاس... لاس چاوت بکەوە...
– پرشنگی ژیان لە چارەیا نەمـاوە... ئۆف چەندە چارەنووسـێکی تـاڵ بوو مـەرگی برایەک بەدەستی برایەک...
–لاس– براکەم لاس... چاوت بکەوە... من تۆم کوشت لاس...
– عەزیز– دەستوور بدە بە گوڵاو مەیتەکەی بشۆن.

# چەکوش وەشێنی ڕۆڵە کوژراو

هۆزی کورد قارەمانی زۆری داوە بەمێژووی دونیا، وەکو: زەردەشت، کاوە، سەلاحەدینی ئەیوبی و بابەکی دین، ئەم داستانەم لە بابەت کاوەی ئاسنگەرەوە: وڵاتی ئێران شەوە زەنگە، داگیرکەری بێ بەزەیی کە وەک سێبەری شەیتان بەسەر هەموو وڵاتا مەینەتی کێشابوو، کۆمەڵ کڕوکەپ و بێ دەنگ ملیدانواندبوو بۆ زۆر و ستەم، بەڵان نا... گەل تەسلیم نەبووە چاوەڕێیە، چاوەڕوانی دەستێکی ئاڵا هەڵگر لەم حاڵانە گەلی ئێران وەک ئاوی سەر ئاور ئەجۆشێ، بەڵام هەڵنەچووە، چاوەڕوانی هەڵچوونە، چاوەڕوانی دەرفەتە. باپێکەوە سەرێک لە بارەگای ئەژدیهاکە بدەین.

– من ئەژدیهاکم بەهێزترین پیاوی سەر زەوی، خاوەنی تەیارترین سپاە و خاوەنی خوێن و ماڵ و ژیانی هەموو خەڵکی ئێران، من ئەمانەم هەموو هەیە، تەنیا شتێک کە نیمە دڵە، دڵ، من هەرگیز .نازانم بەزەیی چییە؟

تەنانەت باوکیشم هەر بەدەستی خۆم کوژرا بەخەنجەر زگیم هەڵدڕی، ... بێ دەنگ بن، بێ دەنگ بن، ئەزانن بۆچ باوکم کوشت؟ چونکە خەریک بوو ئامۆژگاری ئەکردم،



لە ڕقی خودا ئەی ترساندم، من لە هیچ شتێک نەترسام، و خۆشیم لە چارەی کەسێک نایە کە ئامۆژگاریم بکا... تێ گەیشتن چم گوت!؟

–بەڵێ– ...بەڵێ:

– نا... تێ نەگەیشتوون ئەگەر بتان زانیایە چی ئەڵێم هەرگیز ئەو کارە خراپانە کە لە کەناری کۆشکی منا بەشەودا ڕوو ئەدا. هەڵنەئەکەوت! دوێ شەو نیگابانی تایبەتی من کوژراوە – ئاخ چەندەم ڕق لە کوردۆکانەیە. شەرتم کردووە خوێنی هەموویان لە تەشت کەم، کوردۆک یانی سەر بەزێوی...

– ها تیرم تێ ئەگرن!؟ کێ بوو...؟

کوانی نیگاهبان...؟ دەرکی حەوشی کۆشک ببەستە مەهێڵە کەس لێرە بچێتە دەرەوە...

بۆ هەمووتان باشە ئەمە بزانن کە ئێوە گەورەیانی وڵات، ئەگەر تا سەعاتێکی تر بۆم دەرنەخەن کێ ئەم تیرەی گرتە من، هەمووتان لەسەر بۆرجێیەوە بەر دەدەمە خوارەوە – ئیتر من ئەڕۆم خۆتان بیری لێ بکەنەوە...

– بەڵێ بەسەرچاو

– بەڵێ بەڵێ بەسەرچاوان...

– هەموو تاوانی ئەو کوردۆکانەیە. هەمووومان بەکوژ ئەدا ئەیانەوێ لەگەڵ ئەژدیهاکە بمانکەنە دوژمن.

– وام پێ باشە فەرازی کوڕی کاوە بدەینە دەس ئەژدیهاکەوە. گیانی خۆمان لێ ڕزگار بکەین.

– بەڵێ وایە

– بەڵێ ناچارین وابکەین

***

– تۆ... کوردۆکی لەعنەتی ئاخر لەبەر چی خەریک بووی بمکوژی...؟

– چونکە داگیرکەری، خوێن مژی، بەداخەوەم کە تیرەکەم نەپێکای، ئەمەش نەهاتێکی ترە، سوێند بەئەهۆڕامۆزدا هەتا ئەوڕۆ هەرگیز تیرم هەڵەی نەکردووە...

– جەلاد... جەلاد...وەرە لە گەردەنی دە...

بەڵام نا – بەم جۆرە زوو گیانت دەرنەچێ، تۆ ئەبێ بەو ئێش و دەردە بمری... ئەهای جەلاد هەر ڕۆژێ کەمێک گۆشتی لەشی لێبکەوە، جێی برینەکەشی خوێی پێوە بکە. تا گیانی دەرئەچێ.

لە مەیدانی شارا برسی و تینوو بیبەستنەوە.

– من لە مردن باکم نییە سەگی چەپەڵ، دڵنیا بە گیانت بەرەو جەهەننەم بە زوویی بەڕێ ئەکرێ. داگیرکەری چەپەڵی ترسنۆک.

– لێیدە جەلاد بیکوژە... لێیدە یاڵڵا ... تۆ...

– ئاخ... ئاخ

– ئاخ... ئاخ ئەورامزدا...!؟... خۆت وڵاتەکەم بپارێزە... ئاخ: ئەی میهری گەورە... ئەی پارێزەری هۆزی ئاریا دڵی براکانم پڕکە لە تووڕەیی و تۆڵە... ئاخ

– فەراز، کوڕم ڕۆڵەی بەشەرەفم چۆنی!؟

– درووود بۆ کاوەی مەزن

– یەواشتر قسەبکە کوڕم یەواشتر

فەرازی کوڕت ماوە... ئاخ بەڵام ڕەنگە دوا هەناسەی بێ، زۆر تینوە بابە... دەخنکێم سەراسەری لەشم... ئاخ – برینە، کاتێ خۆرەتاو ئەکەوێتە سەر زامەکانم... ئاخ ئاواتی مەرگ ئەخوازم کاوەی مەزن.

– نا... نا ڕۆڵەی شیرینم نا... تۆ نابێ بمری، تۆ ئەبێ بژی هێشتا کارمان زۆر ماوە، من هاتووم ڕزگارت کەم.

– بابەگیان... کاری من لەوە تێپەڕیوە.

– ها بگرە... کەمێک ئاو بخۆوە، با هێزت بێتەوە بەرخۆت،

– ها... ئاخیش... ئاه... من خۆم بەسەر پێوە ناگرم، دەمارم خوێنی تێدا نەماوە، ئەگەر تۆش لە کۆڵم کەی نیگەبانەکان ئەمان بینن و دەرناچین. ها... نا... نا بەداخەوە کوڕم بێهێزی چاوی بێ نوور کردووی، دەنا ئەبوو بزانی ئەو نیگابانە باڵابەرزە کێیە!؟ ... جاری با دەست و پێت بکەمەوە کوڕم...



– یانی... نیگابانەکەتان کوشتووە!؟

– بەڵێ... بەڵێ کوڕم.

– ئاخ...

– بەڵێ کوڕم خوێن داری ئازاری ئاو دەدا... با یارمەتیت بدەم... ها... دەستت بخە سەرشانم... ئەها زۆرچاکە... های کاردۆ... وەرە، وەرە تۆش یارمەتیمان بدە...

– سەلام فەراز...

– ها... کاردۆ ئەوە تۆیی!؟... درووود کاردۆ درووود...

– ها ... پەلەکەن کوڕم ئەگونجێ لە نیوەشەوا نیگابانێکی بنێرن... خێراکەن...

– من فەراز لە کۆڵ دەکەم تۆش لە پێشەوە وریابە بابەگیان.

– زۆر باشە. زۆر باشە... دەی جا با بڕۆین...

***

– هەمووتان بێ عورزە و بێکارەن، نەتان توانی ئاگاتان لە لاوێکی دیلی بریندار بێ، لە دەست هەمووتان ڕای کرد، ئێوە ئەبێ بمرن.

– باشترین هەلە، ئێستا ئیتر ئەتوانم بەسەریا زاڵ بم، ئەبێ زیاتر تووڕەی کەم، من شەیتانم ئاگام لە هەموو شت هەیە، باپچمە لای...

– هەمووتان ئەدەمە دەست جەللاد، ئێوە بەکەڵکی هیچ شتێک نایەن.

– گەورەم، سەروەری شایانی سەرزەوی- غولامت ئەزانێ کێ یارمەتی فەرازی دا و و ڕزگاری کردووە.

– کێی ئەی پیرەپیاو!؟

– بڕوانە ئەو چاوانە ئەڵێی پۆلووی ئاگرە

من سام دایگرتووم... من یەکێکم لە نۆکەرانی ئەژدیهاک فەرمانڕەوای مەزن.

– بڵێ بزانم ئەتەوێ چی بڵێی!؟

– قوربان فەرمان بدە ئەم خەڵکە بچنە دەرەوە بەتەنیا عەرزت دەکەم.

–تق – تق – هەمووتان بڕۆنە دەرەوە.

– بەڵێ قوربان... بەڵێ بەسەر چاوان.

– ها... بڵێ بزانم تۆ کێی و و چ هەواڵێکت هەیە...

–ها... ها...ها... من شەیتانم ئەژدیهاک هاتووم بۆ یارمەتی تۆ بەڵام بەمەرجێ.

– شەیتان؟... بڵێ بزانم مەرجەکەت چییە؟

– ئەبێ ببیتە بەندەی من، هەرگیز لە فەرمانی من دەرنەچیت! ها...ها

– یانی ئەبێ چی بکەم.

– ئەزانی کە من هەموو کارێکم لەدەست دێ.

– بەڵێ ئەزانم تۆ خاوەنی تاریکی و خراپەی.

– ئافەرین بەندەی من، ئافەرین... ئەزانی ئەبێ چی بکەی!؟ ئەبێ بکوژی، بێ تاوان و تاوانبار. ئەبێ دژی ژیان و خۆشی و بەختیاری بەرەیب بەشەر بی، ڕووت لەهەر لایەک کرد ئەبێ گیانلەبەری تێدا نەهێڵی، ئاواییەیان چۆل کەی، پیاوەتی و چاکە لە بەین بەری.

– لەبەرامبەر ئەوە ئەتۆ چ یارمەتییەکت بۆ من لەدەست دێ!؟

– ها...ها...ها... من دەسەڵاتت ئەدەمێ بەهێزت ئەکەم، تەمەنت درێژ ئەکەم

– ئەبێ بەسەر دوژمنەکانمدا زاڵم کەی.

– ئەمە ئیتر شەڕە لە نێوان من و ئەهورامەزدا، تۆ بەندەی منی و دوژمنەکانت بەندەی ئەون، هیوادارم کە ئێمە سەرکەوین.

– تۆ نابێ بەجێم بهێڵی.

– ها...نا...نا ئەژدیهاک... نا...من لەسەر ڕواڵەتی نۆکەرێکی تایبەت هەمیشە لەلات ئەبم، وریا بە هەرگیز نابێ بەزەیت بەدڵتابێ هەرگیزا و هەرگیز.

–بەسەرچاو... بەسەرچاو فەرمان بەردارم.

–ها...ها...ها...

***

– هاونشتیمانی بەڕێز، ڕۆڵەی بەشەڕەفی ئاریا ئەزانن کە ساڵەهایە وڵاتی ئێمە داگیرکراوە، بێگانە بەسەرمانا زاڵ بووە، ساڵەهایە کە ئێمە بزەیەک نەهاتۆتە سەر



لێومان، هەمیشە ترساوین دەستە دەستە براوینە بەر تیغی سەربڕو خوێنی ئاڵی لاوەکانمان ڕژاوە، ئایا کاتی ئەمە نەهاتووە خۆمان لە ژێر دەسەڵاتی ئەهریمەن ڕزگارکەین!؟ براکانم مردن ئەوە نییە کە گیان لە لەش بچێتەدەر، ئەوە مردنە کە هەستی پیاوەتی و تۆڵە نەمێنێ، ئێمە ئەگەر مل بۆ زۆردار دانەوێنین مردووین ژیانی بێ سەربەستی وەک لەشی بێ گیان وایە.

– من... من بەرنە لای کاوە کارم پێیەتی من بەرنە لای کاوە...

– ها... لێی گەڕێن لێی گەڕێن با بێ بزانم کاری چییە؟... ها بڵێ بزانم کارت چییە... هۆ بە بەرگەکەتا دیارە تۆ کەنیزی کۆشکی ئەژدیهاکی...؟ وایە؟

– بەڵێ، من ناوم ڕامهۆیە، کارگەری کۆشکی ئەژدیهاکم، هەواڵێکم بۆتۆ هێناوە.

– تۆ لە کوێ من ئەناسی؟ وە چۆنت زانی من لێرەم...؟

– لە کاردۆی کوڕی تۆم بیست کە ئێوە لێرە کۆبوونەتەوە.

– کاردۆ... ئەهای کاردۆ...؟

– من لێرەم بابە، فەرمایشێکت هەبوو!؟

– تۆ ئەم ئافرەتە ئەناسی!؟

– ڕامهۆ...؟ ئۆ تۆ بۆچ هاتوویە ئێرە!؟ بەڵێ بابە ئەیناسم.

– کوڕم جارێکی تر هەڵەی وا نەکەی، نابێ کەس بەم، کۆڕە نهێنییانە کە ئێمە ئەیبەستین بزانێ.

– من ئاریایەکی خوێن پاکم، ڕاستە کە لە کۆشکی ئەژدیهاکدا کار ئەکەم، بەڵام هەرگیز براکانی خۆم لەبیرناچێتەوە، و ئێستاش هەواڵێکی خۆشم بۆ هێناون.

– کاردۆ قسەی ئەم کچە جێی بڕوایە؟

– بەڵێ بابە، لام وانییە خەیاڵێکی خراپی هەبێ.

– باشە بڵێ بزانم هەواڵەکەی چییە کچم ؟

– ئەژدیهاک یەکجار زۆر نەخۆشە، باوەڕ ناکەم بژیت.

– ها... زۆر باش بوو... چاکە... زۆر چاکە...

– تکایە بێ دەنگ بن. تکایە بێ دەنگ بن، گوێ بگرن مردنی دوژمن هەواڵێکی

خۆشە، بەڵام بۆ ئێمە سوودێکی نییە، ئێمە کە خۆشمان مردووین هەستی تۆڵەمان تێدا نەماوە، ئەگەر ئەژدیهاکیش نەمێنێ مل بۆ زۆردارێکی دیکە دادەنوێنین دوژمنی ئێمە لەناو هەناوی خۆماندا ئەژی دوژمنی ئێمە ترس و خۆ پارێزییە، ئەبێ هەوڵ بدەین لە پێشدا دوژمنی ناو دڵی خۆمان بکوژین هەروەک میهر خودای نورو پرشنگی لەگەڵ تاریکی شەڕیانە، ئێمەش ئەبێ لەگەڵ زۆردار و داگیرکاری بەرەنگاربین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشا مەرگی ئەژدیهاک دەرفەتێکە، تکایە هەموو بڵاوەی بکەن، هەرکەس بچێتەوە سەر ئیش و کاری خۆی، وریای دەوروبەرتان بن.

***

– قوربان! پزیشکێ هاتووە ئەڵێ ئەتوانم نەخۆشی ئەژدیهاکی مەزن چاک بکەمەوە... چی ئەفەرمووی!؟

– وادیارە هەواڵی نییە کە هەتا ئێستا چەند هەزار کەس هاتوون و منیان پێ تیمار نەکراوە و هەموویانم کوشتووە؟

– بۆچی گەورەم، هەموو ئەمانەم پێی گووت بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕازی بووە.

– باشە بڵێ بانگی کەنە ناو کۆشکەوە، وا دیارە لە ژیان تێر بووە.

– بەسەرچاو قوربان...

– سەلام لە فەرمانڕەوای مەزن ئەژدیهاک خاوەنی دەسەڵات و شکۆ!

– ها... تۆ ئەو پزیشکەی کە هاتووی چارەی دەردی من بکەی؟

– بەڵێ گەورەم بەڵێ.

– ئەزانی ئەگەر سەرنەکەوی چ چارەنووسێک دێتە ڕێت؟

– هەموو شتێکم بیستووە قوربان.

– باشە هەرچی ئەیکەی بیکە.

– ئەبێ بەتەنیا چاوم پێت بکەوێ قوربان دەستوور بفەرموون وەزیر بچێتە دەرەوە!

– ئاشام!؟

بەڵێ قوربان!

– بڕۆ دەرەوە.



– بەسەرچاو...

– خێراکە دەست پێ بکە، من حەوسەڵەی درۆ و دەلەسەم نییە.

– سەرت هەڵێنە ئەژدیهاک، سەرت هەڵێنە بزانە من کێم!؟

– ها... شەیتان فەرمانڕەوای من! لە مێژە دیار نیت، من چاوەڕوانی هاتنت بووم.

– من ئەو نەخۆشییەم بۆ ناردووی، تۆ بەدڵی من ناجوڵێیتەوە، دیسانیش ژیان هەر ماوە کاری باش هەر هەیە، وادیارە لایەنگرانی ئاورامزدا لە تۆ بەهێزترن، تۆ خەریکی شکست ئەخۆی، ئەم مەبەستە ئەزانی یانی چی ئەژدیهاک؟ یانی شکانی من، ئەگەر تۆ شکست بخۆی من شکست ئەخۆم.

–من لە خزمەت کردن بە شەیتانی مەزن خوای خراپە کۆتایم نەکردووە، بەڵام گەورەم من بەتەنیام، ئەوان گەلێکن، تۆش ماوەیەکە لێم بێ خەبەری.

– ها...ها...ها... نا...نا... ئەژدیهاک شەیتان بەندەکانی خۆی هەرگیز لەبیر ناکا، من لە دڵی تۆدا ئەژیم، دڵی تۆ تەنیا سەنگەرێکە کە لەوا من خوام شکست داوە، دە دڵی تۆدا فەرمان فەرمانی شەوە زەنگ و کینە و خوێن ڕشتنە، یانی فەرمانی من ئەژدیهاک، تێئەگەی چی ئەڵێم؟

– بەڵێ گەورەم تێ ئەگەم، بەڵام ئەم نەخۆشییە تەنگی پێ هەڵچنیوم.

– ها... ه... ها... هەستە ئەژدیهاک هەستە لە جێ و بانەکەت راستەوەبە، تۆ نەخۆش نی ، هەستە.

– ه... ئاه... خۆ من باش بوومەوە، ئیتر ئەندامی لەشم نایەشێ، سپاس بۆ شەیتانی گەورە.

– من ئەچمە دەرەوە، بە ڕواڵەتێکی تر دێمەوە لات، ئەبمە خزمەتکارێکی کۆشک، بەڵام دیسانەوە ئەیخەمەوە بیرت، تۆ بەندەی منی نابێ راسپێری خۆت لەبیرکەی، کوشتار، تاڵان، ئاگر تێ بەردان، وێران کردن، دڵڕەقی، چەپەڵی ئەمانەن راسپێری تۆ.

– فەرمانت لەسەر سەرم.

– چاوت بنێ سەریەک، من ئەڕۆم پاشان تۆش هەستە و بچۆ بەشوێن کارەکانتدا.

–... ئاه– لەبەر چاوم گوم بوو، دەرک و پەنجەرەی کۆشک بەستران، بەکوێدا

رۆیشت، من هیچ نەخۆشیم نەماوە، باشترە ئەم راستەقینەیە بە خەڵک راگەیەنم، با دوژمنانی من لەم هەلە کەڵک وەرنەگرن... ئەهای ئاشام... ئاشام؟

– بەڵێ قوربان بەڵێ.

– وەرە، وەرە.

– بەسەرچاو قوربان، بەڵێ.

– ئەبینیت کە من چاک بوومەتەوە، هەستە برۆ ئەم هەواڵە بدە بە خەڵک

– زۆر خۆشحاڵم قوربان... بەڵام... بەڵام... بەڵام کابرای پزیشک!؟

– لەم باسە مەکۆڵەوە ئاشام ... برۆ.

– بەسەرچاو، هەر ئێستا ئەڕۆم ئەم مژدە گەورەیە بە هەموو کەس رائەگەیەنم، هەر ئێستا ئەڕۆم قوربان.

***

– زووتر... برۆ زووتر.

– سەلام لە ئاشام وەزیری بەڕێز.

– سەلام رامهۆ

– ئێ... وا دیارە وەزیر لە شتێک ئەکەنەوە؟ ئایا ئاڵۆزی ئێوە هۆیەکی هەیە؟

– ئاه... رامهۆ، من شتێکی سەیرم چاو پێ کەوتووە لێم روونە بەلای هەر کەسێکەوە بیڵێم بروام پێ ناکا.

– ئەو شتە سەیرە چییە گەورەم، ئەکرێ منیش بزانم!؟

– شەیتان رامهۆ، شەیتان، من لەم کۆشکەدا سێبەری شەیتان ئەبینم.

– پەنا بۆ ئەورامەزدا، فەرمووت شەیتان؟

– بەڵێ رامهۆ، ئەزانی کە ئەژدیهاک چەند نەخۆش بوو، هیچ بیرت کردۆتەوە بزانی چۆن بوو لە پڕ چاک بۆوە!؟

– ئەهە... بەڵێ ئەم مەبەستە زۆر سەیر بوو، بەڵام پەیوەندی لەگەڵ شەیتان چییە؟

– بڵێ بزانم رامهۆ تۆ لەپێشدا ئەم نۆکەرەت دیبوو کە چەند مانگ لەمەو پێش هاتۆتە کۆشک؟



– نەخێر گەورەم، بەڵام ئەوەندە ئەزانم کە زۆر لە ئەژدیهاک نزیکە.

– ئەمە شەیتانە رامهۆ شەیتان، من لەم بارەوە هیچ گومانم بۆ نەماوەتەوە.

– تۆ دڵنیای قوربان؟

– ها... من وەها سەرم لێ شێواوە کە تەنانەت لە بوونی خۆشم ناتوانم بە تەواوی دڵنیا بم، بڕوانە رامهۆ بڕوانە شەیتان... خەریکە بەرەو ئێرە دی.

– ئوه......

***

– تۆ ئاخری ئەو کوڕانەی من بە کوشت دەدەی دەستت داوەتە کارێکی پڕ مەترسی، ئێوە بەو چەند سەد کەسە چۆن ئەتوانن ئەژدیهاک شکست بدەن، پیاوی چاک بە دەست لەم کارە هەڵگرە.

– خێزانی داوێن پاک و بە وەفام تۆ چەشنێک قسە ئەکەی ئەڵێی لە بیرت چۆتەوە کە ئێمە کاردۆکین، ئاریزانین گۆیا ئەم هەموو خوێنە ئاڵە کە ئەڕژێ، ئەم سەرە بێ تاوانانە کە ئەچنە ژێر تیغی جەللاد هەستی تۆڵە لەتۆدا هەڵناسەنگێنێ!؟ فەرا–مۆشت کردووە کە ئەم کوژراوانە برا و خوشکی ئێمە بوون، رۆڵەی شیرینمان بوون، ئەگەر هەموو کەس هەر پاسی ماڵی خۆی بکا و مناڵەکانی خۆی بپارێزێ، ئەی کێ هەستێ؟ چ کەسێ ئاڵای سەرنەوی جەمشید بەدەستەوەگرێ!؟... نا... نا خێزانی من کاردۆک چ ژن بێ و چ پیاو نابێ بەم چەشنە بدوێ.

– ه– ها– سەلام بابە.

– ها – دروود.

– دروود کوڕە خۆشەویستەکانم دروود.

– ئاه... رۆڵە شیرینەکانم، نیگەران بووم ئەوە لەکوێ بوون!؟

– ه...ها... دایە گیان ئەترسای لە کووچە و کۆڵانی شارا گوم بووین ها...؟

– نا کوڕی من دایکت لەوە ناترسێ! ئەزانێ کە ئێستا شاری ئێمە و وڵاتی ئێمە بۆنی خوێن دایگرتووە، لە هەموو لایەکی لوورەی چەقڵ و کەمتیار بەرزبۆتەوە. ئەم دڕندانە بۆنی خوێن شێتی کردوون

– شێر هەرگیز نابێتە نێچیری چەقڵ و ڕێوی بابەگیان.

– ئافەرین کوڕم ئافەرین، بەڵێ ئێوە شێرن، شێری چیای کالیدی، ئاهوڕامەزدا پشت و پەناتان بێ.

– ها... ه... دایکم هێندە ترسنۆکە کە ئەمن هەر کات دێمەوە ماڵێ ئەترسم و لە دڵی خۆما ئەڵێم ئەژدیهاک هەر خاوەنی دەسەڵات ئەبێ، بەڵام کاردۆ شتێکیتر ئەڵێ، ئەو لای وایە لە شەڕی دواییدا ڕۆژ بەسەر شەوا زاڵ ئەبێ.

– بەڵام تا ئەو کاتە هەزار دایک لەسەر تەرمی ڕۆڵەی خۆیان دائەنیشن، هەزار دەریا لە خوێن و ئەسرین پێک دێ، من نازانم شەڕی دوایی کەییە؟

– تا ئادەمیزاد هەیە، تا ئەهورای نەمر و ئەهریمەنی بێ دادگەر زیندوون ئەم شەڕەش درێژەی هەیە، ژیان بناغەی لەسەر شەڕی چاکە و خراپە دانراوە.

– ئاه... ئەمن ئەو قسەیەم لە موبیدی گەورەش بیستووە بابە گیان.

– ئەم وتارە بەرزە هی زەردەشتە، زەردەشتی کاردۆک.

– بابە من هەواڵێکم هێناوە، ئەگەر چی زۆریش جێگای بڕوانییە بەڵام گێڕانەوەی باشترە.

– بڵێ کوڕم بڵێ بزانم هەواڵەکەت چییە؟

– باشترە بەتەنیا بین بابەگیان.

– باشە کوڕم، بڕۆین ئەبێ سەرێک لە کارگەی ئاسنگەریەکەشم بدەم چەند ئەندامی تازەمان هاتوون کە ئەبێ چەکیان بۆ دروست کەم، بڕۆین.

– ئەمنیش لەلای دایکم ئەمێنمەوە و داوای لێ دەکەم کە چیرۆکێکی جوان و سەرنج ڕاکێشی دەورانی جەمشیدم بۆ بگێڕێتەوە.

– زۆر باشە کوڕم.

***

– دەی کوڕم ئێستا بەتەنیاین بڵێ بزانم هەواڵ چییە!؟

– ڕامهۆت لەبیر ماوە بابەگیان!؟

– ها–... بەڵێ بەڵێ ئەو کچە کە هەواڵی نەخۆشی ئەژدیهاکی هێنا... بەڵێ !؟



– بەڵێ گەورەم، ئەو لە کۆشکی ئەژدیهاکا کارئەکا، ئاگای لە هەموو هەواڵ و باسێک هەیە.

– بوونی ئەو لەوێ بۆ ئێمە زۆر گرنگە کوڕم، بەڵام...

– هەواڵی ئەمجارەی ڕامهۆ جێی باوەڕنییە ئەو ئەڵێ کە شەیتان لەناو کۆشکی ئەژدیهاکدا ئەژی! و هەر ئەویش بۆتە هۆی چاک بوونەوەی ئەژدیهاک، ئەڵێ کە ئەم قسەی لە ئاشام بیستووە، قوربان.

– ئاشام! ئاشام ئەو خۆی لە ئیبلیس خراپترە، شەیتان هەمیشە کاری خراپە کردنە بەڵام ئاشام ئێرانییە، خۆی بەئەژدیهاک فرۆشتووە، ئاخ ئەگەر بکەوێتە بەردەستم سوێند بەئەهوڕاموزدا بەبزەیی ئەیکوژم.

– ئاه ... ئەی هاوار...

– بابە... بابە چاوت لێیە ئەو پیاو کوژانە چی ئەکەن!؟

– ئاه– بەڵێ کوڕم چاوم لێیە.

– ئەمن خۆم پێ ڕاناگیرێ، ئەبێ تەمبێیان بکەم.

– لەسەرەخۆبە کوڕم، ئێمە کاری گەورەترمان لە پێشە.

– بۆنم ناکرێ بابە، ناکرێ ئەوە ئەمن ڕۆیشتم.

... ئەهای پیاو کوژینە ئێوە ناوێرن پێش بە پیاو بگرن. ڕێ بەم ئافرەتە بێ دەسەڵاتە ئەگرن! ها... ناپیاوینە؟

–... بەتۆ چی؟ ئەتۆ کێی...؟

– ئەگەر پیاون دەمتان ببەستن و، باسکتان بخەنە کار!؟... تق... شەق... ها

ئەمە بۆتۆ... بگرە ناپیاو ئەمەش ئی تۆ...

... کچی باش بڵێ بزانم ئازارێکت پێ نەگەیشتووە؟

– ئاخ... نا... باش بوو زوو گەیشتیە فریام ئەم پیاوکوژانە پاش ئەوەی ماڵە باوکمیان سووتاند دایکم و باوکمیان کوشت و منیشیان بەزۆر لەگەڵ خۆیان هێنا...ه...

– ئەی پەستی بێ شەرمانە، حەیف زۆریان کرد... بڵێ بزانم ناوت چییە؟

– ناوم میترایە، کچی ئابراداتاسم.

– ئابراداتاس؟ وەزیری جەمشید! ئاه ئەی ئەهۆرای مەزن، ئابراداتاس کوژرا.

– بەڵێ لاوی قارەمان باوکم بەدەست ئەم خوێن مژانە کوژرا، کاتێ دەمرد تەنیا ئامۆژگاری بۆ من ئەمە بوو کە بێمە لای کاوە و داوای لێ بکەم تۆڵەی خوێنی ئەو بکاتەوە.

– ئاه... حەیف بۆ ئابراداتاس، من ناوم کاردۆیە کوڕی کاوەم، باوکیشم لێرەیە، وەرە وەرە بابچینە لای دڵنیام وەک کچی خۆی ئاگای لێت دەبێ.

– سپاست دەکەم کاردۆ

***

– ئەم کاردۆکانە لە ڕادەبەدەر سەربزێو بوون ئێوەش بەم هەموو سپا و لەشکرەوە چارەیان ناکەن، ئەمن نازانم ئێوە بەکاری چی دێن!؟

ئەگەر ئەمڕۆ هەموویان لە بەین نەبەن هەمووتان ئەکوژم، بۆ من تەنیا خوێن ڕشتن گرنگە، چ خوێنی ئێوە بێ کە دەست و پێوەندی منن، چ خوێنی دوژمنەکانم بێ.

– قوربان ئێمە تاوانێکمان نییە، هەرچی پێویست بووە کردوومانە، بەڵام تا ئێستا بۆمان دەرنەکەوتووە ئەو کەسەی کە هێرشی بردۆتە سەر سەربازەکان و دووکەسی لێ کوشتوون و کچەکەی ئابراداتاسی ڕزگار کردووە کێ بووە؟

– تۆ خەرەفاوی ئاشام، بۆ مەگەر پێویستە هەر ئەو کەسە کە سەربازەکانی منی کوشتووە بەسزای خۆی بگا!؟ نا... بکوژن بێ جیاوازی، بێ ئەوە کە لە تاوانکار و بێ تاوان بپرسن، ئەگەر هەرچی کاردۆکە بکوژرێ ئەو کەسەشیان لەناو دایە، بۆ من تەنیا کوشتار گرنگە، ئەم سەری سەد جارەیە کە ئەڵێم دڵی من تەنیا بە خوێن ڕشتن فێنک ئەبێتەوە ئێستا ئیتر بڕۆن... بڕۆن... ئیتر...

***

– ه. بڕوانە میترا بە دەستی ڕاستت ژێی کەوانەکە بگرە، ها– تیرەکەش بگرە بڕوانە وەکو من، چاوت لێیە، ئەمجارە دەستی چەپت... ئاوا بیگرە دەی... ها... ئافەرین... ئەم جارە دەستی ڕاستت بەژێی کەوانەکەوە بکێشە هەتا ئەتوانی...ها... دەی ئافەرین...ئافەرین کچی ئابراداتاس... باش ئەچیتە پێشەوە...دڵنیام سینگی



پیاوانی ئەژدیهاک لەم دارە ڕەقتر نیە، بڕوانە پێکانی تیرەکەت لێی چووەتە خوارەوە.

– فەراز ئەمە تۆی کە مامۆستای چاکی و باشم فێر ئەکەی.

– ها... بڕوانە باوکم چ زەرێیەکی بۆ درو وست کردووە، پڕ بە بەری خۆیەتی... ڕاستی میترا تۆ تەنانەت لە بەرگی ئاسنیشا هەر جوانی!

– ها... فەراز بۆ ئێمە قسەکردن لە جوانی پووچە، ئێمە سەرتاسەری ژیانمان ناحەزی و تاڵییە.

– ه...ها...ه... نا میترا بەهەڵە چووی نا ئەهۆرامۆزدا هەیە جوانی و جوانیش هەیە بەڵام هەروەک ڕۆژ جاروبار ئەکەوێتە ژێر پەڵە هەورێکەوە، کاتێکی واش هەیە کە جوانی لە ژێر خاکا پەژارەدا و دائەپۆشرێ، ئایا لەو کاتەدا ئێمە ناتوانین بڵێین کە خۆرەتاو هەرماوە، ئایا ڕەوایە لە هاتنەدەری هەتاو ناهومێد بین–؟ ... نا میترا...نا دەسەڵاتی جوانی بۆ هەمیشە هەیە و ئەمینێ ڕاستە کە تۆ باوکت کوژراوە میترا، ڕاستە کە وڵاتەکەمان داگیرکراوە، بەڵام ئەهۆرامۆزدا هەرماوە، ئاگر لە ئاگردانەکانا هەر ئەگڕێ، خوا نەکا ئاگری کوا نووی سینگمان خامۆش بێ میترا.

– ئاخ فەراز تۆ چەند جوان قسە ئەکەی چەندە هیوا بزوێنە قسەکانت.

– ه...ها... ئەگەر هیوا لە دڵێکا بمرێ، چی بۆ ئەمێنێتەوە!؟ ژیانی بێ هیوای سەرکەوتن مەرگە، مەرگێکی تاڵ و دوورو درێژ.

– بەڵێ هەروایە، بەڵام جاری واش هەیە کە هەموو ڕوچن و ڕوچنێک لە دڵ ئەبەسترێ، و ئادەمیزاد هەر چەند کە بیر ئەکاتەوە لەو شەوە تاریکەدا دیمەنی بەیانێک بەدی ناکا

–ها...ه...ته–ها... تۆش وەکوو دایکم فێربووی، ئێوە ئافرەتان زۆر دڵ ناسکن، زۆر بێ ورەن، بەڵام لێرەشدا مەجبوورم بڵێم کە بەهەڵە چویی هیچ شەوێک نییە کە بەیانێکی لێ وەدەر نەکەوێ هەتا بووە هەر وابووە، وە هەر واش ئەبێ... ئاه– میترا ئیتر ئەمڕۆ مەشقی تیرت بەسە، ڕاستییەکەی من هیچم نەماوە کە فێری تۆی بکەم، تۆ خۆت شەڕ کردن لەمن فێربووی، بەڵام شتێک ماوە! ژیان... تۆ لەم مەبەستەدا تۆ هێشتا شاگردی منی بەهیوام ڕۆژێک ئەویش باش فێرببی.

– من تەنیا بۆ تۆڵە کردنەوە زیندووم فەراز ئەگەر تۆڵە وەرگرمەوە ئیتر هیچ ئاواتێکم نامێنێ.

–نا...نا... میترا ڕاسپێری ئادەمیزاد ڕووخاندنی باری نالەباری ژیانە و دامەزراندنی بناغەی جوانی، بەڵام تۆ لەم ڕاسپێرییە هەر بیر لە ڕووخانەکە ئەکەیەوە، پاش تۆڵە کردنەوە ژیانی بەختیارانەی تۆ دەست پێ ئەکا... ئاە... من چەندە قسە درێژم...؟

هەستە... هەستە بابڕۆینەوە ئێستا کاردۆ ناوچاوی تێکناو و لە گۆشەیەکا ماتی کردووە، دایکم ئەترسێ و باوکیشم خەریکی نەخشە کێشانە، هەستە بابڕۆین هەستە...

– بابڕۆین هەستە...

***

–... ئاە بڕوانە بابە ئەو هەموو سوارەی لەبەر دەرکی ماڵی ئێمە کۆ بوونەوە...؟ خەریکن دادەبەزن

– بە ورە بە کوڕم، خۆت ئاڵۆز مەکە، ئەهوراموزدا پشتیوانی ئێمەیە.

– ها... هاتوونە حەوشەکەمان، لێم ڕوونە کە بۆ سپاس کردن نەهاتوون ...ها...

– تۆ لە هیچ کاتێکدا دەست لە گاڵتە هەڵناگری فەراز.

– لێ گەڕێ، لێ گەڕێ باپێبکەنی کوڕم، تەنیا بەڵگەیەک کە لە جوانی و شادی ماوەتەوە پێکەنینی فەرازە.

– خێرا چارێک بدۆزنەوە، خۆتان بشارنەوە ئەو خوێن مژانە ئەتان کوژن.

– فەراز هەزار گیانی هەیە دایە، هەر یەکێکیان بکوژن ئەوی تر جێی ئەو ئەگرێتەوە، لام وایە دەبێ لە چەند جێگا خۆمان حەشاردەین، ئەگەر خەیاڵی خراپیان بوو بیانکوژین.

– کوڕم ئەوان نزیکەی سەد کەسن ئێمەش سێ پیاوین چۆن ئەتوانین بەگژیاندا بچین.

– ئەوان سەد ڕێوین و ئێمە شێرین بابە گیان.

– ئەه... ئەو پڵینگەتان لەبیر نەچێ. مەبەستم میترایە.



– کە وەهایە خۆتان حەشاردەن بزانین چۆن ئەبێ.

– خۆتان حەشاردەن ...زوو... زوو...

– ئەهای... خۆتان بدەن بەدەستەوە... خۆت و کوڕەکانت کاوە... ئەوەش بزانن ئەگەر خۆتان نەدەن بەدەستەوە با ئەمن لە پێشدا تەسلیم بم، من ئەترسم ئاخر ها...هـ...ها... هەر ئێستا ئەڕۆم و خۆم ئەدەم بەدەستەوە.

– کوڕە بۆ کوێ ترسنۆکی خوێڕی، ئەتەوێ ئابڕوومان بەری ها...

ها... هـ... من تەسلیمم، جگە لە منیش کەس لە ماڵێ دانیە، ڕاوەستن ئەوە هاتم بۆ لاتان... ئەتۆ ئەوانیتر لەگەڵ خۆت بەرە منیش ئەگەر خۆم پێ ڕزگارکرا ئەگەڕێمەوە لاتان.

– نا... نا من بەجێتان ناهێڵم.

بڕۆ کوڕم، بڕۆ، بڕۆ کاردۆ، دایکت و میترا لەگەڵ خۆت بەرە منیش دێم

– ئێمە باوەڕتان پێ ناکەین... وەرنە دەرەوە...

– بڕۆ کاردۆ، بڕۆ خێراکە، یەکێکیان بگرن، باشترە لە هەموومان... تکا دەکەم نیگەرانی من مەبە خێراکە.

– بڕۆن کوڕم... میترا تۆش لەگەڵ خێزانمدا وەرە خێراکە بابڕۆین...

– مەئموری ئەژدیهاک من چەکم پێ نییە، ئەوە هاتم تەسلیم دەبم...

– دەستی ببەستن، دەستی ببەستن یاڵلا... خێراکەن کوڕینە دەستی ببەستن... بابڕۆین...

***

– ئەی ئەهۆرامەزدا، ئەی خاوەنی ژیان و بوون گوێت لە من بێ، من کە بەندەی بچووکی تۆم، وڵات ئاگرو خوێن و ئەسرینە، ئیبلیس فەرمان ڕەوایە، ئەی ئەهۆرای مەزن، گوێت لە نەزان من بێ، یارمەتیمان بدە ئاورگا پاکەکان بپارێزین، تا ناوی پیرۆزت بکەینە نەخشی هەموو دڵێک، ئاناهیتا و میهر بنێرە یارمەتی شمشێر و هشێنەکانمان، بەسەرمانا ببارە ئەی هەوری بەزەیی کردگار، دڵمان بەتۆڵە تەیارکە و باهۆمان بەهێزکە بۆ بەرەنگاری دوژمنی ئەهۆرا...

***

– بلێ بزانم ئەی کاردۆکی چەپەڵ، تۆ ئەو سەربازانەی منت کوشتووە؟ مەگەر لە ڕقی من نەترسای؟ مەگەر نەتزانی چ چارەنووسێک چاوەڕێتە؟ بۆ چ بێ دەنگی؟... وادیارە زۆر ترساوی...؟ من بیستوومە ئەڵێن خێڵێ کاردۆک لە هیچ شتێک ناترسن، ئێستا بلێ بزانم چۆن وێرات دەست بدەیتە ئەم کارە؟ زمانت لە دەمتانییە!؟ بۆ جوابم نادەیتەوە؟

– تۆ... تۆ شیاوی ئەوە نی کە من وەڵامت دەمەوە.

– بەڕاست؟ هەرئێستا تێت دەگەیەنم... ئەها جەللاد...جەللاد...

– بەڵێ قوربان!

– وەرە سەری ئەم زمان درێژە ببڕە... یاڵلا

– نا ئەژدیهاک، پەلە مەکە لە پێشدا شکەنجەی بدە، تا هەموو هاواڵەکانی ڕاستی بلێ ئەمجار بەجەزرەبە بیکوژە...

–ئەه دەنگی شەیتانی مەزنە، بەسەرچاو گەورەم فەرمانت ڕەوایە... ئەهای جەللاد دەست ڕاگرە، ئەم لاوە هەرزە چەنەیە نابلێ هەروا سووک و ئاسان بمرێ، مەر کتوپڕ نارەحەتی نییە.

ئێستا بیبە ئەوەندەی شکەنجە بدە تا هەموو دۆستەکانی دەردەخا، بەڵام نابێ بمرێ تێگەیشتی!؟

– بەڵێ... بەسەرچاو بەسەرچاو.

– ناتەوێ چاوت لە شکەنجەی ئەو لاوە بێ!؟ ڕاوەستە با بە بەرچاوی خۆتەوە ئەزیەتی بدەن، ئەمە بۆ تۆ زۆر باشە.

– فەرمانت لە سەر سەرم، پێویست نییە بیبەیە دەرەوە، هەر لەبەر چاوی منەوە شکنجەی کە جاری لە تازیانەوە دەست پێ بکە... یاڵلا.

– بەسەرچاو...

لێی دە دەی... ها... دەی

– ئاخ... ها... ئو خ...

– ه...ها...ئە...ها...

***



– مەگری کچم مەگری، فەراز بوو بە قوربانی گەل و نیشتمان، گیانی لە مینوی پەروەردگار ئەفرێ فەراز جێی شانازی هەمووماننە.

– ه...ها...ئێ... چۆن نەگریم... مەگەر ئەکرێ پێش بەسێڵاوی ئەسرین بگرم...؟

–ها... تکا دەکەم میترا... تکادەکەم، ئەگەر دایکی فەراز بزانێ خۆی ئەکوژێ.

– من تۆڵەی دەکەمەوە، سوێند بەئەهۆرامۆزدا خوێنی فەرازی قارەمان بەفیڕۆ ناچێ من دەریایەک لە خوێنی ئەم داگیرکەرانە ساز دەکەم، دڵنیابە برای جوانە مەرگم دڵنیابە.

***

–ئەم کۆشکە بۆنی مەرگ و شەیتانی گرتووە، چەند شەوێکی تاریکە خودای گەورە ئەم لاوە بێ چارەیە ئێستا لە چ حاڵێکدایە؟ من ئەبێ کارێکی بۆ بکەم، ئەو برای کاردۆیە، ئاخ...ه کاردۆی خۆشەویستم...نا...نا من نابێ بێڵم ئەو لەو زیندانەدا بمرێ... بەڵام چۆن؟ من کە بەتەنیا کارێکم لە دەست نایە...؟... ئاه کەوتەوە بیرم بلێ وا باشە، هەستم... هەستم بڕۆم........

جا ئێستا بەم شەوە تاریکە کاردۆ چۆن بدۆزمەوە؟ باوەڕناکەم لەم شوێنانەدا بێ...!

ئەم پەنا ئاورگەیە جێی ژوانی من و ئەوبوو ها لێرە چاومان بەیەکتر کەوت...ئاخ... من کە بیرم بۆ هیچ لا برِ ناکا باشترە بچمە ناو ئاورگەکە، کەمێ لە ئەهۆرا موزدا بپاڕێمەوە... وا زۆرباشە...

– ئەوری مەزدا پەنام بۆ تۆ هێناوە، تۆی خاوێن تۆی خاوەنی گەرمایی پرشنگ، تاکەی ئەبێ دیل بین؟ تاکەی ژێر چەپۆکە بین؟ مەرگی فەراز خەمێک نییە لەبیر بچێتەوە... ئەی ئاهۆرامەزدا هەڵی نەگری...

– ئاه... کەسێک لەناو مزگەوتەکەدا خەریکی نەزایە، ئەبێ کێ بێ...

– ئەی میهری گەورە، یەزدانی شەڕ پارێزگاری هۆزی ئاریا یارمەتیم بدە، هەموو گیانم پڕکە لە تۆڵە، مەهێڵە خوێنی گەشی فەراز لەناو بچێ...

–ئاه... چی... ئەوە دەنگی کاردۆیە... سپاس بۆ تۆ خودایە... بابچینە ژوورەوە......

– تۆ کێی...؟ لە جێگای خۆت مەبزووە،... ئاه

ڕاستە ئێرە نیوە تاریکە بەڵام تروسکەی شمشێرەکەم نابینی؟

– منم ڕامهۆ! مەترسێ گیانەکەم، خۆمم.

– ئاه بۆچ هاتوویە ئێرە ڕامهۆ؟ مەگەر نازانی هەموو هەستێک لە دڵی مندا مردووە، من پاش مەرگی فەرازی برام تەنیا بۆئەوە زیندووم کە هەتا ئەتوانم بکوژم و پاشان پیاوانە بکوژرێم.

– تۆ بەهەڵە چووی کاردۆ، فەراز نەمردووە.

– گاڵتە مەکە ڕامهۆ، من مناڵ نیم کە بەم قسانە دڵخۆشیم دەیەوە

– بە ئەهۆڕاموزدا سوێند دەخۆم درۆ ناکەم، فەراز ماوە ئێستا لە زیندانە من هاتووم بە یارمەتی تۆ لە زیندان ڕزگاری کەین، ئەبێ پەلە بکەین فەراز لە حاڵێکی خراپ دایە.

– ها– ئەوە گەورەترین موژدە بوو ڕامهۆ بڕۆین با بڕۆین... سپاس بۆ ئەهۆڕای گەورە... دروود بۆ تۆ میهری پڕشنگدار.

– زووکە... بابڕۆین...

***

– بڕوانە کاردۆ... ئەم دەرکەی زیندانە، ئەبێ هەر چۆن بێ ئەم نیگابانە بکوژی وکلیلی زیندانی لێ وەرگری.

– ئاه... زۆر باشە، ئەبێ کارێک بکەم بەرەو ئەو تاریکاییە بێ... فووت... ئەم ئاخ ئەوەش ئەمە ئێستا ئەبێ کلیلەکان بدۆزمەوە.

– زووبە زووبە.

– ئەمەش کلیلەکەی زیندان.

– زۆر باشە، من دوو ئەسپم بۆ ئێوە لەبەر دەرگای زیندان بەستۆتەوە، سواریان بن و ڕاکەن ئیتر من دەڕۆم...

– سپاس ڕامهۆ... سپاس... ئاخ

ئەو زیندانە چەند تاریکە... ئاه فەراز برای خۆشەویستم... وادیارە بێ هۆشە.

– ه...ها... نەکاردۆ... نا... ئاخ... بێ هۆش نیم، نەمزانی تۆ دێی، سروش ئەم هەواڵەی بەمن دا...



– ئەتوانی بڕۆی؟

– من بەزەحمەت ئەتوانم هەناسە بکێشم... نا براکەم... نا ئەبێ کەمێک سواری سەر شانت بم.

– ئۆه چەشنی سەردەمی مناڵی کە فەرازم سواری شانم ئەکرد... باشە... باشە برای قارەمانم باشە... هەستە... دەی...ها

– بەه... بەه...بەه... چ جێگەیەکی خۆشم هەیە هێندە ئاسوودەم هەرگیز نامەوێ بێمە خوار.

– تۆ جێگات لەسەر چاو و دڵی مندایە براکەم بزانم؟ ئەتوانی خۆت بەسەر ئەسپەوە بگری؟

– ئەڵبەت ئەتوانم ئەڵبەت

– ها... کەوایە زۆرباشە. بابچینە دەرەوە لە زیندان... ها ئەوەتا ئەو دوو ئەسپە زین کراون و زامارن... ها... دەی بچۆ سەر زینەکەی...

***

– فەراز چی بەسەرهاتووە؟ ئایا کوشتوویانە یان؟ ئایا دایکێک تاکەی دەتوانێ ئەم دەردە هەموار بکا؟ تکایە کاوە پێم بڵێ فەراز ماوە یان کوژراوە؟

– لەسەرخۆبە ئافرەت، لەسەرخۆبە، مەگەر تەنیا فەرازی تۆیە بەدەست ئەم دڕندانە کوژراوە لە هەموو ئێرانا دایکان کۆس کەوتوون، هەموو کەس تازیە بارە.

– یانی کوڕەکەم کوژراوە... ئاخ فەراز... فەرازی جوانم... دایکت پاش مەرگی تۆ چۆن بژی...

– مەگری مەگری دایەگیان، ئەمە چارەنووسی ئێمەیە... بەڵام ئەمن بۆچی وائەڵێم......چۆن نەگری.

–ها... بەسیەتی ئیتر بەسیەتی... ئێوە بەم شیوەن و گریانە گیانی فەراز ئازار ئەدەن. فەراز نامرێ ئەو فیدایی ڕێگای ئازادییە هەرگیز نامرێ، ئەگەر ئەمڕۆ ڕواڵەتی لە پێش چاومان لاچووە لە نێو دڵماندا دەژی... ئاخ فەراز مەرگی تۆ چەند گرانە، بەڵام ڕووت سپی بێ کوڕم وەک ڕووی مرۆڤایەتیت سپی کردووە... دروود بۆ

گیانی نەمرت... فەرازی من ڕۆڵەی دلێرم، کوڵی دڵی باوکی پیرت پێشکەش بەگۆڕی ساردووسڕت ئێتر زایەڵەی پێکەنینت نایەتە بەر گوێم، باوکی کڵۆڵت بەمەرگی تۆ سۆمایی لە چاوی بڕا، تۆ بایی دارترین دیاری ئێمەی بۆ شۆڕش و ئازادی، لە گۆڕەکەتا بەئاسوودەیی بخەوە، مەرگی تۆ زۆر زۆر زۆر خەسار بوو کوڕم.

***

– ئاه... خودایە، فەراز؟

– دروود بۆ کاوەی مەزن.

– ئا... دروود کوڕم... ئای ئا... ئەمن چاوم دروست دەبینێ؟

–چاوی هەڵۆی چیای کالیدی هەرگیز بەهەڵە ناچێ.

– بەڵام کوڕم فەراز؟

– ئاخ فەراز ڕۆڵەی شیرینم...

– میترا تکایە تۆ خەریکی بەهۆشەوە هێنانی دایکی کاردۆ بە... فەراز چاوم بەدیتنت ڕووناک بۆوە... بڵێ... بڵێ بزانم کوڕم چۆن ڕزگاربووی.

– ئاخ بابە... زۆر شەکەتم، دەمەوێ بخەوم چەند شەو و ڕۆژە نەخەوتووم... هەرچی دەتەوێ لەکاردۆ بپرسە... تا ... دەمەوی بخەوم بابە...

– خەوی لێ کەوت، تەنیا ئەو بووە توانیویە خۆ لەبەر دەم هەموو شکنجە بگرێ... باشترە بخەوێ!

– دەی کوڕم تۆ بۆم بگێڕەوە فەراز چۆن ڕزگاربوو؟ من بەجارێ دڵنیا بووم ئەو کوژراوە.

– ڕامهۆ بوو بە هۆی ڕزگاری فەراز، ئەو هەواڵەی دا بەمن کە فەراز نەمردووە، منی ڕێنوێنی کرد بۆ زیندان و ڕزگارم کرد.

– ئافەرین کوڕم ئافەرین، بەڕاستی ناوی کاردۆت خەسار نەکردووە، نازانی دایکت لە چ حاڵێکدا بوو، من مەجبوور بووم کە پێی بڵێم فەراز کوژراوە– ئەو بێ چارە دیتت کە بەدیتنی فەراز بێ هۆش بوو.

ئەو خەریکە دێتەوە هۆش لام وایە باش نییە لەم حاڵەدا چاوی بەفەراز بکەوێ



– کچم؟

– بەڵێ!

– تۆ لە ڕادە بەدەر میهرەبانی، خوا بتپارێزێ کچم.

کاردۆ یارمەتی بدە، دایکت بەرنە هۆدەیەکی تر هادەی خێراکەن... دەی بیبەنە هۆدەیەکی دی.

***

– ئاخ فەراز نازانی دووری تۆ چەندە بۆ من گران بوو؟ بەتایبەت کاتێ قاوکرا کە تۆیان لە ژێر شکەنجەدا کوشتووە چەندە نارەحەت بووم، ئەمویست بمرم، ژیان بۆ من بێ مانابوو، تەنیا دڵخۆشی دانەوەی باوکت بوو کە بەرگری لە خۆکووشتنم دەکرد.

– ئا... تۆش خێرا باوەڕت کرد کە من مردووم؟ ها... ئاخر نەدەبوو بیر لەوەش بکەیەوە کە فەراز جارێ هیوای زۆری بەژیان هەیە و بەم زوانە نایەوێ بمرێ!

– نا ... هیچ کەس نایەوێ بمرێ فەراز، بەڵام مەرگ لەم قسانەناپرسێ فەراز

–ه...ه... میترا بەهەڵە چووی، مەرگ لەبەرامبەری ویستی پیاوانە پەست دەبێ، مەرگ هی ئەو کەسانەیە هیوای ژیانیان نامێنێ و مل بۆ مردن کەچ دەکەن. ئێمە بەهارێکی خۆشمان لەبەرە بەهارێکی پڕ ئاگرو گوڵ، پڕ ئاگر و گوڵ و شینایی بەهاری ئەوین و دڵداری و ڕزگاری... ئاخ خودایە... لە مێژە مەلی بزە لە هێلانەی لێوانمان تاراوە... بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو چارە ڕەشی و کڵۆڵیە دەنگی جریوەی مەلی نەورۆز ئەبیستم میترا

لە پشت دیواری هەرەس و بەفر و سەهۆڵ بەرەو چیایی کالیدی، بەرەو ئێران باڵ ئەگرێتەوە– من دڵنیام میترا، دڵنیام بەیانی بەهەموو پڕشنگ و شکۆیەوە هی ئێمەیە، ئەمە سروشی پاکە بەمنی گوتووە، کاتێ لە ژێر شکەنجەدا ئەمناڵاند ئەم دەنگە هاتە گوێم، دەنگی سروش بوو، هەر لە دەنگی کاوەی مەزن ئەچوو کە ئەی گوت:

– کوڕی دلێری کاردۆک، پتەوبە وەک چیایی بەرزی کالیدی، مەبەزە، گاڵتە بەمردن بکە، نەورۆزێکی ڕەنگینمان لە پێشە، مردن بۆ دوژمنانی تۆیە، پیاو بە فەراز پێبکەنە، دۆستت شاد و دوژمن کوێربە، قارەمانی شۆڕش پێبکەنە.

– ئەم دەنگە گیانێکی تازەی کرد بەلەشما لێ برِام خۆم ڕاگرم، وەدیت کە بەیارمەتی ئەهۆرای مەزن سەرکەوتم میترا.

– ئاه... فەراز تۆ سەراپای گیانت هیوایە، تۆ ئاگرێکی کە گەرمایت بۆ دۆستان و سووتاندنت بۆ دوژمنانە.

– ئاه... ه... ئێستا پێم بڵێ بزانم، تۆ لە تاقمی گەرمەوەبووەکانی یان سووتاوەکانی؟

– فەراز من دڵم بەقسەکانت گەرم ئەبێتەوە بەڵام هەناسەی ساردیشم هەر بەهۆی تۆوەیە.

– ئا... یانی چی؟ ئایا ئەمن بێ ئەدەبییێکم کردووە کە کچی ئابراداتاسی مەزن دڵی ڕەنجابێ؟

– نا فەراز ڕەنج و پەژارە لە دڵی خۆمدایە ئەوەی کە من ئەسووتێنێ تۆ نی، ئەوینی منە من ئەویندارم فەراز.

– ئێمە هەموومان ئەو ئەویندارین، مەگەر ئەوین بە ووڵات، ئەوین بەشۆڕش و ئاگاداری ناکرێ پێی بڵێی ئەوین ها!؟

– ئەمانە هەموو ئەوینێکی گەورە و پاکن، بەڵام گیانی من بەئاگری ئەوینێکی تایبەتی ئەسووتێم.

– یانی ئەتەوێ بڵێی ئاشقی پیاوێک بووی نەکا بڵێی کاردۆ ها؟

– ئەها – کاردۆ بەرزە، بەڵام وەک برایەک خۆشم دەوێ.

– ئەرێ من بزانم دڵدارەکەت کێیە؟

– فەراز تۆی، دڵداری من تۆی.

– چی ئەبیستم؟ ئایا بەڕاستیتە میترا تۆ منت خۆش دەوێ؟

– پڕ بەدڵ پڕ بەهەموو هەستم خۆشم دەوێی.

– ئاه خودای گەورە، خەو دەبینم؟ یان بێدارم، تکایە، جارێکی تر دووبارە بکەوە و دووبارەی کەوە.

– خۆشم دەوێی فەراز، زۆرم خۆش دەوێی.



– میترا ئەمنیش پێت بڵێم؟... لە مێژە تۆم خۆش دەوێ، بەڵام... بەڵام پێم باش نەبوو هیچ بڵێم، ئێستا کەوایە ئیجازە بدە دەستەکانت ماچ کەم... ئاه میترا...

– هم ... بێ مێشکی بێ کارە تۆ بەکەلکی هیچ شتێک نایەی، بەم هەموو سپا و پاسەوانانەوە بەم زیندانە بەرزو پۆڵایەوە، نەت توانی بەندێکی بێ دەسەڵات ڕابگری، ئەمە بۆ تۆو بۆ من شوورەییە.

– ببوورە شەیتانی مەزن من تاوانم نییە، پاسەوانەکان بێکارە و تەمبەڵن، ئەوێ شەوێ هەموویان لە دەرەوەی قەڵای زیندان خەویان لێ کەوتبوو بەیانی بەزۆری تازیانە خەبەرمان کردنەوە.

– ئەم... ئەمە کەڵاوی دوژمنی گەورەی من ئەورۆ موزدایە...ه... ئاخر من هەمیشە لە شەڕی ئەوا تێشکم. چی بکەم نەخۆشیەکەت لەبیر نەچۆتەوە؟ ها... ئەژدیهاک.

– ئەتەوێ چی بکەی؟... نا تکا ئەکەم من لە چاوی تۆ ئەترسم، بەم جۆرە پێدا مەڕوانە

– ها...ها...ها

– من بۆ فەرمانت ئامادەم... بۆ فەرمانت ئامادەم ئاخر شەیتانی مەزن.

– نا... ئەژدیهاک ئێرە ئێرە جێگای من نییە ئەهۆرامۆزدا هاتۆتە یارمەتی دوژمنەکانم، شار بۆنی پاکی و باشی لێوە دێ، من دەبێ ڕاکەم بەڵام لە پێشدا دەستووربدە هەموو کەس کۆبنەوە کۆڕێکی گەورە بگرن.

– لەبەر چی سەروەرم؟

– ها...ه... کارت بەسەر ئەوەوە نەبێت هەرچی گوتم وابکە ئەژدیهاک.

– بەسەرچاو قوربان فەرمان بەرم.

***

– بێ دەنگ بن، بێ دەنگ بن، هەمووتان دەزانن کە دوژمنانی من هەر ڕۆژی پیلانێک دەگێڕن، هێرش ئەکەنە سەر سەربازەکانم و ئەیانکوژن، لە بیرتان چۆتەوە کە من کێم؟ و چۆن سپای جەمشیدم تێکشکاند، فەرامۆشتان کردووە کە من لەگەڵ ڕەحم و بەزەیی بێگانەم؟ حەزم لە لاشەی بێ سەر و ئەندامی کون کون کراو و سەری بڕاوە، ئایا ئێوەی ڕەش و ڕووت و بێ دەسەڵات ئەتانەوێ بەرەنگاری من بوەستن!؟

بیر بکەنەوە لە هەموو ئێرانا، بنەماڵەیەک هەیە کوڕی نەکوژرابێ؟ یان تاڵان نەکرابێ و ماڵی نەسووتابێ!؟ من لە کوشتن و خوێن ڕشتن ماندوو نەبووم، ئەگەر ئێوەش لە مردن و بەندکردن نەوەستاون زۆرم پێ خۆشە دیسانەوە دەست پێ ئەکەینەوە، بزانن کامەمان سەر ئەکەوین!؟

– سەرکەوتن بۆ ئێمەیە و مردن بۆ تۆ .

– ئەمەش بەڵگەی سەرکەوتنمان... ها بگرە.

– ئەمە بەڵگەی شکستی ئێوەیە، بڕوانن ئەم نێزەیە چۆن لە حەواوە ماوەتەوە.

– زۆر سەیرە!؟

– ئەی خۆ لە حەوا ڕاوەستاوە؟

– سەیر...

– ئێستا زانیتان کە نێزەش ناوێرێ لە سنگی ئەژدیهاک نزیک بێتەوە...ها...ها...

– سەروەر ئەگەر ماوە بفەرموون من ئەڕۆم ئیتر ئێوەش بەتەواوی هاتوونەتەوە سەر خۆ و نەخۆشیتان نەماوە، منیش ئەمەوێ بگەمە فریای نەخۆشێکی تر، من پزیشکم کارم تیمارکردنی نەخۆشە، زۆر خۆم بەبەختیار ئەزانم کە توانیم ئەژدیهاکی مەزن لەو نەخۆشییە ڕزگارکەم، تکام ئەمەیە کە ماوە بفەرموون سەر شانەکانتان ماچ کەم.

– سپاست دەکەم پزیشکی زانا، شانی من بۆ ماچ کردن ئامادەیە.

– سەروەرم ئەمە شانازییە بۆ من با سەر شانت ماچ کەم تابتوانم لە هەندەران بڵێم لێوی ئەم پزیشکە پیرە سەرشانی شکۆداری ئەژدیهاکی ماچ کردووە قوربان ئیتر من لە خزمەت مەرەخەس دەبم...

– سەرکەوی پزیشکی پیر بەهیوای دیدار

– کاتێ من خەریک بووم لە دەرگا بچمە دەرەوە جێگاکەت بگۆڕە...دەنا ئەو نێزە کە بەئەفسوونی من ڕاوەستاوە سنگت کون ئەکا......

– ئاخ... نێزەکە باڵی گرتەوە بڕوانە ئەم کۆڵەکە بەردەی کون کرد... شەیتان شەیتان کاری شەیتانە.



– ئەمە کاری شەیتانە.

– ئیتر من کارێکم نییە، هێزی منتان چاو پێ کەوت، بڕۆن و ئارام بن.

***

– ها وەزیر دیسانەوە پەرۆشی؟ چی ڕووی داوە؟

– نازانم چی بڵێم!؟ نازانم بڵێم چی ڕامهۆ!؟ من ئێرانیم، بەڵام لەگەڵ هەموو کردەوە خەراپەکانی ئەژدیهاک هاوبەشم، بەشی هەرە گەورەی تاوان بە ئەستۆی منەوەیە، ئەژدیهاک بێگانەیە ئەگەر خراپەش دەکا لانی کەم لەگەڵ هۆزەکەی خۆی ناکا. بەڵام من چی؟ نازانم نازانم ئەتوانم هیواداربم کە ئەهۆراموزدا لە تاوانم ئەبووریٚ یان نا؟

– وەزیری بەڕێز تۆ هەرگیز ئەو قسانەت نەکردووە، چ ڕووی داوە کە ئەمڕۆ کەوتوویەتە بیری ئەم مەبەستەوە؟

– ئەزانم ڕامهۆ، ئەزانم ئەتەوێ بڵێی کە درەنگ بووە من ئیتر ڕووی گەڕانەوەم نییە، بەم هەموو تاوانەوە هەرگیز نابەخشرێم هەرگیز، دەمێ ساڵە خزمەت بەئەژدیهاک دەکەم، نەک لەبەر ئەوەیە کە خۆشم دەوێ چونکە لێی دەترسم نامەوێ کوڕەکەم بکوژی و کچەکەم بکەوێتە دەست سەربازەکانی ئەژدیهاک، خزمەتی من بۆ خۆپاراستنە، بەڵام لە کاتێکەوە بۆم دەرکەوتووە ئەژدیهاک بەندەی ئەهریمەنە شەرم و شوورەیی دای گرتووم... ئاخ... من چەندە چارە ڕەشم، من خزمەتکاری بەندەی شەیتانم.

– ئێستا کە بۆت دەرکەوتووە لەم ماوە درێژەدا بە هەڵە چووی ناتەوێ تۆڵەی ئەم خراپانە بکەیتەوە؟

– چۆن؟ مەگەر ئەتوانم؟

– سەروەرم ئەگەر بتەوێ دەتوانی ، ئەژدیهاک زۆری بڕوا بەتۆ هەیە، ئەتوانی لەم بڕوایە بەسوودی شۆڕشگێڕەکان کەڵک وەربگری.

– مەبەستت ئەمەیە کە یارمەتی شۆڕشگێڕەکان بدەم؟ نا... نا من لە ئەژدیهاک دەترسم.

– ئەی لە ئەهورامزدا ناترسی؟ لات وانییە کە پەشیمان بوونەوەت دەبێ بەکردەوە پیشان بدرێ؟ بەوتەی خۆتان هەتا ئێستا لەسەر ڕێگای تاوان بوون، ئەگەر پەشیمانن ئەبێ بکەونە سەر ڕێبازی خزمەت و تێکۆشان.

– ڕامهۆ تۆ ڕێگایەکت بەرچاو دەکەوێ؟ یان لات وایە من بتوانم من بەچەشنێ یارمەتی لاوە قارەمانەکانمان بدەم؟ خۆت دەزانی کە من پیاوی شەڕ و مەیدان نیم.

– قوربان بۆ شەڕکردن هەر تەنیا پیاوی شەڕکەر بەس نییە پیاوی ژیر پێویستی بەئاوەزیشە من دڵنیام تۆ ئەتوانی خزمەتێکی گرنگ بەوڵاتەکەمان بکەی.

– باشە بڵێ بزانم، من چی بکەم بڵێ؟

– دۆزینەوەی ڕێگا لەسەر من سەروەرم.

– من ئامادەم ڕامهۆ، هەرکات پێویست بوو هەواڵم پێ بدە.

– بەسەرچاو گەورەم ئێستا جارێ بەدوعا.

– خوات لەگەڵ کچی بەشەرەف خوات لەگەڵ.

***

– ئاه... من خەریکم دەمرم سەرشانم ئارامی لێ هەڵگرتووم، ئای ئاشام؟ ئاشام لە کوێی؟

– لێرەم گەورەم، فەرمایشتێکتان هەبوو؟

– سەرشانم ئارامی لێ هەڵگرتووم، ئەڵێیی گیانم دەردەچێ نازانم بۆچ ئەمڕۆ کت و پڕە وەژان وەستا؟ خۆم نایبینم وەرە بزانە بریندار نییە؟

– ماوە بفەرموو قوربان بابزانم...؟ ئاه خودای گەورە ما...مار...!؟ دوو... دوو ماری ڕەش قوربان.

– چییە ئاشام بۆچی ڕات کرد؟ ماری چی؟

– قوربان لەسەر هەرکام لە شانەکانت ما... مارێکی ڕەش هاتۆتەدەر

– چیی لێوی شەیتانە ماری لێ شین بووە ئێستا چار چییە وەزیر؟ مارە پێمەوە دەدەن وەرە وەزیر بەم خەنجەرە سەریان لە لەشیان جوێ کەوە.

– قوربان مە ... من ناوێرم.



– ها... ترسنۆک من خۆم ئەم کارە دەکەم.

– ها...ها ئەمە یەکێکیان... ئەمەش ئەوی تریان... ئاخ ئاسوودە بووم ئیتر شانم ژان ناکەن، من دوێنێ شەوێ خەو لە چاوم نەکەوتووە، وەزیر ئێستا ئەمەوێ کەمێک بخەوم، بڕۆ بەڵام زمانت گرێ دە، نەکا ئەم باسە بدرکێنی ها...

– بەسەرچاو قوربان بەسەرچاو.

***

– ئاه... ئاخ...هـ... من خەریکم لە پێ دەکەوم کاردۆ کەی دەگەینە لای کاوە؟ هـ... ها...

– منیش پێم بەشوێنما نایە، بەم کێوانەدا ڕێگا ڕۆیشتن بۆ منی پیرەمێرد زۆر سەختە.

– ها... هێندەمان نەماوە بگەینە غارەکە، بڕوانن فەراز لەبەر دەرگای غارەکە کێشک دەکێشێ!

– باشە... باش...

– هۆی تۆی کاردۆ؟ وەرنە پێشەوە وەرن.

– بەخێر بێی کاردۆ.

– سپاس فەراز... کاوە لە ژوورێیە؟

– بەڵێ بچۆ ژووری غارەکە.

– باشە دەچم با ئەو میوانانە لێرەبن...

گەورەم دوو میوانی تازەمان بۆ هاتووە، یەکیان ڕامهۆیە کە دەیناسی، بەڵام ئەوی تریان......

– چییە بۆ بێ دەنگ بووی؟ ئەوی تریان کێیە؟

– بابە گیان تا بەڵێن نەدەی وەک میوانێک ڕەفتاری لەگەڵ دەکەی ناوی نابەم.

– بڵێ کوڕم بڵێ، هۆزی کاردۆ میوان گر و دڵاوان، مەگەر وانییە کوڕم؟

– هەر لەبەر ئەمەیە کە کاکە کاردۆم داوای لێ کردی کە ڕێز لەم میوانە بگری.

– ئێستا بڵێ کوڕم میوانی تازەمان کێیە؟

– ئاشام وەزیری ئەژدیهاک.

– ها... گوتت ئاشام؟ تاوانکاری گەورە؟...نا...نا نا کوڕم، من سوێندم خواردووە بەدەستی خۆم بیکوژم ئەمن نامەوێ چاوم بەم خیانەتکارە بکەوێ.

– بابە... بابە... من لام وابوو ئەگەر شەیتانیش ببێتە میوانی تۆ، لە تاوانی دەبووری، بەڵام وا دیارە ژێر چەپۆکەیی چەن ساڵەی هۆزەکەمان ڕەوشتی بەرزی لەبیر بردوویەتەوە، کاردۆ میوانەکەت هەڵگرە و لێرە بڕۆ، سوێند بەیەزدانی مەزن هەرکەس بیەوێ پێشت پێ بگرێ... تەنانەت ئەگەر باوکیشم بێ بەم شمشێرە وەڵامی دەدەمەوە ئێمە شکستی ئەمەین کە پیاوەتیمان لەبیر چۆتەوە، هەستە برای پاڵەوانم هەستە، بەمیوانەکەت بڵێ کاردۆکیش پەست بوون مرۆڤایەتیان لانەماوە.

– بەدوعا بابە بەدوعا!

– ڕاوەستە کاردۆ ڕاوەستە، ببوورە کوڕم بە ئاشام بڵێ بێتە ئێرە، بێتە ژوورەوە

– سپاس کاوەی مەزن... ئاشامی بەڕێز وەرنە ژوورەوە...

– درووود بۆ کاوە شۆڕشگێڕی قارەمان.

– درووود ئاشام بەخێرهاتی.

– تۆ هەقت هەیە لە من تووڕەبی، هەقت هەیە سەرزەنشتم بکەی، ئەزانم من تاوانکارم ئێستا من هاتووم بەچەشنێ تاوانەکەم سووک کەم، هەرچی تۆ بڵێی وادەکەم تەنانەت ئەگەر فەرمان بدەی بەم پیرییە شمشێر بەدەستەوە دەگرم و لە ڕیزی لاوەکاندا دژی ئەژدیهاک شەڕ دەکەم.

– ئاشام، من و تۆ بەمنداڵی پێکەوە هاوەڵ بووین بەیەکەوە گەورەبووین، هەردووکمان لە سەردەمی شایەتی جەمشیدمان لەبیرە هەردووکمان ڕۆڵەی ئەم وڵاتەین، من چاوەڕوانی ئەمە نەبووم کە تۆ کردت، سوێندم خواردبوو کە بەدەستی خۆم بتکوژم. بەڵام تۆ میوانی ئێمەی و ئەڵێی کە پەشیمان بوویەتیەوە، هیوادارم ئەهورامۆزدا لە تاوانت خۆش بێ ئەم شەو میوان بە، ڕاستە کە ئەم غارە جێکای تۆ نییە و ناڕەحەت دەبی، بەڵام باشە شەوێکیش ئاگات لە ژیانی هەژاران بێ تا هەست بە دەردیان بکەی.

– بەڵێ کاوە، تۆ جێی شانازی وڵاتەکەمانی من بەبەختیاری دەزانم کە لە لاتان بم، بەڵام لام وایە لە کۆشکی ئەژدیهاکا باشتر دەتوانم یارمەتیتان بدەم، هەواڵێکیشم بۆ



هێناون ئەژدیهاک، ئەژدیهاک دوو ماری ڕەشی لەسەر شانی هاتۆتە دەر، هەموو ڕۆژێک جارێک سەریان دەبڕێ، بەڵام دیسانەوە هەروەک گیا شین دەبنەوە.

– نەمزانی ئەو پزیشکە شەیتان بوو، جێی دەمی شەیتان هەر دەبێ ماری لێ شین بێ.

– بابە شەو درەنگە، هاواڵەکان چاوەڕوانی ئێوەن تابزانن بەیانی چی بکەن قوربارن؟

– کوڕم من و ئاشام لە مێژە یەکتریمان نەدیوە، ماوە نادەی کەمێک باسی بیرەوەری لاوی خۆمان بکەین؟

– سەروەرم ئێوە دەستوور بەئێمە بدەن خۆمان بەوانی تر ڕادەگەیەنین.

– زۆرباشە کوڕم، تۆ بەسەرۆکایەتی ٥٠ کەس هێرش بکەنە سەر قەڵای خارخار، فەراز تۆش لەگەڵ چەند کەسێکا لەناو شار وریای جوڵانەوەی سپای ئەژدیهاک بن، منیش بەیانی دەچمە لای شاهەنشا فەریدون لەمێژە نەچوومە خزمەتی.

زۆر چاکە بابە

– بەچاوان بابە زۆر چاکە.

– سەرکەوتوو بن کوڕم.

***

– ماری لەسەر شانی شین بووە.

– ئا ئا دووماری ڕەش.

– مێترا گوێت لێیە لە هەموو لایەک باسی مارەکانی سەر شانی ئەژدیهاکە

– بەڵێ گوێم لێیە، فەراز بڕوانە ئەو سەربازە لە مێژە کەوتۆتە شوێن ئێمە چاومان لەسەر هەڵناگرێ.

– ئای تۆ ئەترسی؟ بۆ لات وایە کە هەموو کەس ئێمەی خستۆتە ژێر چاوەدێری، ئەم سەربازە سەری داخست و خەریکی شت کڕینە.

– نا فەراز من ماوەیەک ئاگاداریم، ئەو بێ گومان کەوتۆتە شوێن ئێمەوە و ڕەنگە لێمان بەگومان بووبێ باش سەرنج بدە جارجار لە ژێر چاویەوە بۆ ئێمە دەڕوانێ.

– ئەهـ... با ئێمە جێگاکەمان بگۆڕینەوە ئەچینە جێگایەکی تر بزانین بەشوێنمان دادێ ئەگەر هات دیارە کە مەبەستێکی هەیە،

– باشترە سەری لێ بشێوێنین، ئەگونجێ ئەو بەتەنێ نەبێ، من بەلایەکا دەڕۆم تۆش بەلایەکی ترا بڕۆ باشە!؟

– ئەگەر ئێمەی خستبێتە ژێر چاوەدێری ئەڵبەت سەربازی تریشی لەگەڵدایە، چونکە ئەم خوێڕیانە هەرگیز ناتوانن بەتەنیایی بەرەنگاری ئێمە بکەن، من بەم لایەدا دەڕۆم، تۆش لەو لاوە، لە ئاخری ئەم کۆڵانە یەکتری دەبینینەوە بەڵام ئەگەر من کەوتمە شەڕەوە تۆ ڕاکە.

– باشە بڕۆ بڕۆ...

– ڕاوەستە کچی جوان!

–چییە سەرباز، من خزمەتێکم بۆ ئێوە لە دەست دێ؟ ئێمە هەموو خزمەتکاری ئەژدیهاکی مەزنین.

– ئەژدیهاک کاری بەتۆ نییە، منم کە نیازم هەیە ماوەیە لە باوەشی تۆدا دنیا فەرامۆش کەم.

– ئاخ کەسێک دەیەوێ دنیا فەرامۆش کا کە بەمەیلی ئەو نەچەرخێ، یان شتێک بترسێ، من دڵنیام کە سەربازانی ئەژدیهاک لە هیچ شتێک ناترسن

– بۆچ کچی جوان، ئەم کاردۆکە چەپەڵانە وەک سندان لە بن دەستمان دەرهاتوون لە هەموو شوێنێک هەن، وەک شەیتان بەهەموو ڕواڵەتێک خۆیان دەنوێنن، خەو و خۆراکیان لێ هەڵگرتووین جا لەبەر ئەوە من دەمەوێ کەمێک لە باوەشی تۆدا بحەوێمەوە، یا ترس و لەرز لە بیر بەرمەوە

– زۆر باشە سەرباز، بەڵام من خۆم جێگایەکم هەیە دەچین بۆ ئەوێ پێت چۆنە؟

– زۆرم پێ خۆشە، بەڵام من فەرماندەی سەربازانی ئەم ناوەندەم ئەحواڵمان پێ گەیشتووە کە چەند کاردۆکێک بەسەرۆکایەتی فەرازی کوڕی کاوە هاتوونەتە شار، ڕاوەستە بابچم ئەوان بێدارکەم و ڕاسپێرێکیان پێ بڵێم و پاشان دێمەوە بۆلات

– زۆر باشە سەرباز من هەر لێرە چاوەڕێم...



...... ئەه چی بوو سەربازی فەرماندە زۆرت پێ چوو؟

– دەستووری پێویستم دا، ئاخر کوڕێکی گەنج لای تۆ بوو، لەلات وەستابوو، ڕواڵەتی زۆر لە فەرازی کوڕی کاوە ئەچوو، گوتم نەکا خۆی بێ، دەستوورم دا کە ئەو کوڕە بگرن دەستی کردەوە بیکوژن.

– ها...ها... فەرازی کوڕی کاوە!؟ ئاه ئەو چۆن دەوێرێ بێتە ناو شار، وادیارە فەرماندە زۆر لەو کوڕە ئەترسێ وانییە!؟

– نا من لە هیچ کەس ناترسم بەتایبەت ئێستا کە لەلای تۆم.

– ئەمە شانازییە بۆ من فەرماندە، فەرموو بابڕۆین......

– مێترا ئەو پیاوە چەپەڵە بۆ کوێ دەبا؟ ها ئاوڕی داوە، بەدەست خەریکە حاڵیم دەکا...ه تێگەیشتم بۆ کوێ دەچێ... بەڵام من گوێم لە قسەکانی فەرماندەی سەربازەکان بوو، وادیارە منیان ناسیوە بەم جلوبەرگە ناتوانم بکەومە شوێنیان لەهەر کوێ تووشم بن پێشم پێدەگرن ڕاستە کە هیچمان پێناکرێ بەڵام لانی کەم کاتم دەگرن... ها بیرێکی چاکم کردەوە... بابچمە لای ئەو سەربازە کە پاڵی داوە بەو دەرگایە........ دروود بۆ تۆ سەرباز.

– دروود.

من یەکێکم لە خزمەتکارەکانی ئەژدیهاک هەواڵێکی خۆشم هەیە، من دەزانم فەرازی کوڕی کاوە لە کوێیە، وەرە با نیشانت بدەم ئەو ئێستا لە ماڵێکا لێی خەوتووە پێویست نییە هەواڵێک بەکەسێک بدەی، خۆت بیکوژە با ئەم شانازییە ببێتە نسیبی تۆ، مەگەر تۆ ناتەوێ ببیتە فەرماندە! حەیف نییە هەر سەربازێکی ئاسایی ببی؟ مەترسێ منیش یارمەتیت دەدەم، خێراکە نەکا بەخەبەر بێتەوە، پەلە کە ها ئە لێرەوە کەمێک توندتر ......ئە ئەمە ماڵەکەیانە...... هەتا کەس چاوی لێمان نییە ...... تۆزێ لەو لاترەوە ها...... ئاشانا باش بوو، ئەمەش بۆ تۆ...... با لیباسەکانی داکەنم...... بابچم بزانم میترا چی کرد!؟...... چابوو ئەوجار ئیتر کەس نامناسێ بابڕۆم...

***

–چییە ئەتۆ زۆر بەپەلەی فەرماندە؟ من لەبەر دەستی تۆدام، نەکا لە منیش بترسی؟ ها ئەمن هەرگیز لام وانەبوو ئێوە هێندە لەم کاردۆکانە ئەترسن.

– من و ترس؟ هەرگیز، بریا ئەمڕۆ چاوم بەفەراز دەکەوت، دەستوورم دابوو هیچ کەس نەیەتە یارمەتیم، ئەمەویست بەدەستی خۆم بیکوژم، تا ئەم ئێرانییە سەر بزێوانە تێ بگەن کە بێ هوودە قارەمانێکیان لە فەراز ساز کردووە.

– ئافەرین فەرماندە، بڵێ بزانم ئێستا ئەگەر لەم کاتەدا فەراز بێتە ژوورەوە تۆ چ دەکەی؟

– فەراز؟ فەراز کاری بێرە چییە؟

– ها... ها... ە پرسیارێک بوو کردم مەبەستێکم نەبوو بۆچ ترسای؟

– هۆ هۆ لە باتی ئەم قسانە وەرە وەرە، وەرە باوەشمەوە، کچی جوان وەرە هەتا ئەوەندەت بکوشم بەخۆمەوە تادەنگی شکانی ئێسکەکانت بژنەوم.

– ئاخ فەرماندە مەگەر نازانی لەشی من زۆر ناسکە، وە باسکی تۆش زۆر بە هێزە، تکایە ئارامتر بە...

–– هۆ هۆ... فەرماندە... فەراز... فەراز...

– فەراز؟ فەرازی چی سەرباز؟

– قوربان فەراز هاتۆتە ناو ئەو ماڵەوە، ئێمە هەتا ئێرە بە شوێنیەوە بووین

– دەی جا دەڵێی چبکەین/ ئەی لەعنەتی عەیشەکەی لێ شێواندین، تۆ دڵنیای سەرباز؟ کە فەراز هاتۆتە ئێرە!؟

– بەڵام فەرماندە تۆ ماوەیەک لەمەو پێش ئەتگوت ناترسێی؟ چبوو کە بە بیستنی ناوی فەراز سەرت لێ شێوا؟

– تۆ کێی کە بەم چەشنە بێ ئەدەبانە لەگەڵ فەرماندەی خۆت قسان دەکەی؟

– فەرماندەی من؟ فەرماندەی من کاوەیە ترسەنۆکی چەپەڵ، ئەمەش شمشیرەکەم وەرە ها... ئەوەش بۆ تۆ... وەرە پێشێ...

– تۆ؟ تۆ...؟ تۆ؟

– بەڵێ من فەرازم، وەرە پێشێ، ئێستا کە شمشیرەکەت هەڵناگری... ها ئەمەش شمشیرەکەی من... من بەدەستی خاڵی لەگەڵت بەشەڕ دێم... ها...

– دەست خۆش فەراز



– میترا حاڵت چۆنە؟ هەستە هەستە بابڕۆین گیانەکەم.

– ئەم فەرماندە بەڕێزە بێ هۆش بووە با لە تۆڵەی باوکم... ئەگەر چی وەک ئەمە وایە کە لە باتی خوێنی تاووس خوێنی مار بڕێژی.

ها...ها... بابڕۆین مێترا... بابڕۆین...

***

– نازانم بەدەست ئەم مارانەوە چی بکەم؟ هەموو ڕۆژێ جارێک سەریان دەپەڕێنم، بۆ بەیانی دوو سەری تریان لێ دەڕوێتەوە، نازانم شەیتانی گەورە بۆچ منی لە بیر چۆتەوە؟ خۆ من هیچ نافەرمانێکم نەکردووە!

–ها... ها... ها... ها...

– ئەوە دەنگی پێکەنینی ئیبلیسی مەزنە، وا دیارە دەیەوێ یارمەتیم بدا... بەڵێ خۆیەتی... خۆیەتی  یا ئیبلیسی گەورە بگە فریام لەدەست ئەم مارانە شەو و ڕۆژم نەماوە یارمەتیم بدە تکا دەکەم شەیتانی مەزن تکا دەکەم.

– ئەژدیهاک، بڕوانە ئەم مارانە سەر دەهێنن بۆ ناو کونی گوێت، ئەمانە ماری ئاسایی نین مێشک خۆرن، بەمێشکی ئادەمیزاد دەبێ تێر کرێن دەنا مێشکی تۆ دەخۆن، هەموو ڕۆژێ دوو ئادەمیزاد سەر بڕە مێشکیان دەربهێنە و بیدە بەم مارانە ئیتر خەویان لێ دەکەوێ تادیسانەوە ڕۆژێکی تر برسیان بێتەوە لە خەو هەستن، ئەم تەنیا چارەی تۆیە ئەژدیهاک، ئیتر من دەڕۆم...

– سپاست دەکەم شەیتانی گەورە سپاس.

***

– ئاگات لێ بوو چیان کرد؟ چ ئاگرێکیان کردەوە ئەو ژن و منداڵانەیان چۆن ئەسیر کرد؟ هەر دێتو و دڕەندتر دەبن، جاران تەنیا پیاویان ئەسیر دەکرد، ئێستا لە ژن و منداڵ و پیرە پیاوەکانیشمان نابوورن.

– کوڕم سەگی هار هەتا کاتی تۆپین هەر دێت و دڕندەتر دەبێ، ئەمانە پەلەقاژەی مەرگیانە کوڕم، بەم کارانە مردنی خۆیان دەخەنە بەرەوە بەڵام تۆ کوڕم ئارام بە، ئارام و لەسەر خۆ بە هیچ خۆت شلوێ مەکە، تا مەرگ نەبێ ژیان نابێ تا شەڕ نەبێ هێمنی نابێ ئەمە ڕێ و شوێنی ژیانە هەموو شتێک دوو لانی هەیە لانی باش و

خراپ بەڵام کورِم تەنانەت باری دزێوو خراپی شتەکەش پێویستە، وەک شەوت بۆ هاتنی بەیان پێویستە وە هەر زستان بۆ بوونی بەهار.

– ببوورە بابە گیان، من جار جار رق و کینە سەرم لێ دەشێوێنێ، ئەڵێم بریارِ هەر کام لەم چەپەڵە ترسەنۆکانە هەزار گیانیان هەبوایە و هەموو گیانیان بەنووکی شمشێرەکانی لە لەشیان هاتبایە دەر ئاخ کەی ڕۆژی تۆڵە دەگا کەی؟

– نزیکە ڕۆڵەم نزیکە، زۆر نزیکە، ئەمڕۆ بۆیە تۆم هێنا ئێرە کە چاوت بەم روانگە ناشیرنە بکەوێ، وەبزانی کە ئەژدیهاک هەرگیز لە هەڵپەی خۆراک بۆ مارەکانی سەر شانی ناوەستێ، لە ڕاستییا ئەم مارانە بەری گیان و هەستی ئەژدیهاکن کە لە داری گەندەڵی لەشی شین بووە، ئەژدیهاک نەفسی ناپاکی و چەپەڵیە، ئەو بارێکی مەبەستە و ئێمەش بارێکی تر. ئێمە و ئەو لە شەرِ ناچارین، هەر وەک شەیتان و ئەهورامزدا ناچارن شەرِ بکەن.

– ئاه برِوانە بابە، ئەم دێیە چۆڵ بووە، هەموو کەسیان ئەسیر کردووە، ئێستا نیشانەیەک لە ژیان وەبەر چاو ناکەوێ، ئەڵێی هەرگیز ئاوایی نەبووە، تەنیا دووکەڵی سووتمان و چەند لاشەی بێ گیان...... ئاخ خودایە چەند تاڵە.

هەرچی زۆرو زوڵمی ئەژدیهاک زیاتر بێ، برِوای ئێمە و خەباتکارەکانمان بەو ئەندازە پتەوتر دەبێ ئەمانەش کە بەهاندان غیرەتیان نەبزووت زوڵم و زۆر ناچارن دەکا رابکەن و بێنە لای ئێمە چونکە هەمیشە چاوەڕوانن ڕۆژێک نۆرەی ئەوانیش بێ و بکرێنە خۆراکی ماری سەر شانی ئەژدیهاک، قسەم هەڵ گرە کورِم. ئەمەش بە سوودی ئێمەیە.

– من شاگردی تۆم، کورِی تۆم، سەربازی ژێر فەرمانی تۆم، هەر دەستوور و ئامۆژگارێکی بیفەرمووی لام رەوایە بابە گیان.

– سپاس کورِم سپاس، لێم روونە ئێستا کە گەرِاینەوە بۆ چیا هەزارەها کەس ئەندامی تازەمان بۆ هاتووە، فێر کردنی ئەمانە لە سەر تۆیە، دەبێ وەهایان باربهێنی کە بۆ شەرِ ئامادەبن.

– بە سەرچاو گەورەم.

– سوار بە کورِم با بگەرِێنیەوە سواربە.

***



– کارێکت بە من هەبوو قوربان؟

– بەڵێ رامهۆ بەڵێ، ئەزانی کە تا ئێستا هەزار کەسم لە مەرگ رزگار کردووە ناردوومنە لای کاوە، و ئێستاش لە کۆرِی شۆرِشدان.

– بەڵێ قوربان ئاگام لێیە، ئێوە لەو دوو کەسانە کە هەموو رۆژێ دەبێ بکوژرێن وشکیان بدرێتە دەرخواردی مارەکان. یەکێکیانت ئازاد کردووە و لە جێگای ئەو حەیوانێکی دیکەت سەربریوە و مێشکیت ئاوێتەی مێشکی ئادەمیزادەکەی تر کردووە، ئەمە خزمەتێکی گەورەیە کە تۆ بە ڕۆڵەکانی چیات کردووە، دڵنیام کە ئەهورامزدا تاوانی پێشووی ئێوەی بەخشیوە.

– بەڵێ من دەمەوێ خزمەتێکی تریش بکەم. ئەمە ئاخرین یارمەتی منە بە شۆرش.

– مەبەستتان لە ئاخرین یارمەتی چییە قوربان؟

– خۆت دەزانی کە تا ئێستا دە کورِی کاوە سەر برِاون و بوونەتە قوربانی و خۆراکی ئەو مارانە.

– بەڵێ دەزانم.

– ئێستاش فەراز گیراوە.

– ئاه... بەڵێ بەڵێ.

– ماوەیەکی لەمەوپێش بە چەند سەد کەس گەمارۆیان دا و گرتیان، من چاوم لە شەرِی پاڵەوانانەی بوو، لە بەر کۆشکی ئەژدیهاکدا شەرِیان دەکرد، بەداخەوە من هیچ کارێکم بۆی لە دەست نەهات، ئەمرِۆ نۆرەی ئەوە، نۆرەی ئەوە کە سەری ببرِن.

– ئاه– بەڵێ.

– من پێم حەیفە کە لاوێکی وەها بەکار لە نێو بچێ، ئەمەوێ رزگاری کەم.

– چۆن ئەتەوێ رزگاری کەی؟ فەراز کەسێک نییە کە نەناسرێ، وەک من بیستوومە ئەمرِۆ لە کۆشکا بەم بۆنەوە جێژنێک ئەگیرێ ئەژدیهاک دەستووری داوە فەراز بەرنە لای خۆی و لەبەر چاوی خۆیەوە سەری ببرِن، بەم حاڵەوە باوەرِناکەم.

– ئەو پەرِی ئەمەیە کە گیانم لە سەر ئەم کارە دابنێم، من وەزیری ئەژدیهاکم، ئەتوانم بچمە زیندان و فەراز بێنمە دەرەوە، و بڵێم کە دیبەمە لای ئەژدیهاک و پاشان خۆم دەزانم چی لێ بکەم، بەڵام لەبەر ئەمە تۆم بانگ کرد کە یارمەتیم بدەی.

– من ئامادەم بەڵام خۆتان بفەرموون دەبێ چبکەم؟

– کاتێ فەرازم هێنایە دەر ئەیدەمە دەست تۆ جا دەبێ هەر جۆرێک بێ لە کۆشک بیبەیتە دەرێ ئەسپێکی بۆ ئامادەکەی و سوار بێ و لە هەرێمی مەترسی دوورکەوێتەوە، تکایە سڵاوی گەرمی منیش بە کاوە بگەینە.

– بەسەرچاو قوربان بەسەرچاو.

–خوات لە گەڵ رامهۆ، خوات لەگەڵ بۆ هەمیشە، باوەڕناکەم چاومان بەیەکتر بکەوێتەوە رامهۆ.

– ئەهورامەزدا پشت و پەنات بێ وەزیری مەزن.

***

– سپاس زیندانەوان دەرگای زیندانەکە بکەوە. ئەمەوێ فەراز بەمە لای ئەژدیهاک. ئاخر ئەمڕۆ نۆرەی ئەوە.

– بەسەرچاو گەورەم...

– ها... شێری چیا، حاڵت چۆنە؟

– تۆی ئارشام؟ بۆچ بەتەوسەوە قسەم لە گەڵ دەکەی؟

– تۆ خەیانەتکاری تۆ چەپەڵی، دژی شایەتی ئەژدیهاک هەستاوی، ئەتەوێ شاهەنشایی ئێران زیندوو کە یەوە ها...؟ ئەمانە بەس نین بۆ ئەمە کە رقم لێت بێ؟

– یانی چی؟ تۆ زۆر گۆڕاوی وەزیر مەگەر.

– بێ دەنگ بە، بێ دەنگ بە نەفام... من نۆکەری ئەژدیهاکم. ئێستاش هاتووم بتبەم بۆ لای ئەو ئەمڕۆ نۆرەی تۆیە کە بمری.

– وا دیارە من و کاردۆ بە هەڵە چووین، بریا لێدەگەڕاین هەر لەوێ دەتی کوشت، تف لە تۆ خانی وڵات فرۆش.

– ئاگات لێیە زیندانەوان، ئاگات لێیە چی دەڵێ خێراکە لاقی بکەوە یاڵڵا، لاقی لە بەند رزگارکە ئەمەوێ کاتێ بەرەو مەرگ دەڕوا بیبینم بزانم لە ترسانە لە پێ ناکەوێ... یاڵڵا زووکە

– بەڵێ قوربان بەسەرچاو.

***



– ماوەیەکە منیان هێناوەتە نێو ئەم هۆدەیە کەس پرسیارم لێ ناکا، چاوم هەمیشە بڕیوەتە دەرگاکە کە کەی دەرگا بکرێتەوە و جەللاد بە بەرگی سوور و شمشێرەکەیەوە کە دڵۆپی خوێنی لێ دەتکێ بێتە ژوورەوە. تیژایی تیغی شمشیرەکەی بکەوێتە سەرەوە رەگی گەردنی من. ئاخ خودایە مردن چەندە تاڵە، بەڵام لەوەش تاڵتر ژیانە لەم حاڵەدا...... داخوا ئێستا باوکم چدەکا؟ کاردۆ خەریکی چییە؟ ئاخ میترا میترا... ئەی خودای گەورە ئەو کچە جوانە پاش مەرگی من دڵ بە کێ خۆش دەکا؟ ئاخ بڵێم خودا حافیز میترا، خودا حافیز چیاکانی کالیدی.

– سەلام فەراز، ئایا بۆ مردن ئامادەی؟

– ئەڵێی بۆ زەماوەندم بانگ دەکەی، کێ هەیە مردنی پێ خۆش بێ رامهۆ!؟ بەڵام مردن باشترە لە دیتنی روڵەتی پیسی ئێوەی کۆشک نشین. ئەم زەلامە کێیە؟ ئەم نیقابە چییە بە رووی داداوە؟ من کە ئەبێ هەر بمرم باشترە چاوم بە ڕواڵەتی کوژیاری خۆشم بکەوێ.

– تۆ نابێ لێرە بمری. لە دەرەوەی شار جێگایەکیان بۆ مردنی تۆ دیاری کردووە. ئەم پیاوە لە گەڵتا دێ، بەڵام باشترە تۆش بەرگی سەربازانی ئەژدیهاک لە بەرکەی، بگرە ئەمەش لیباس.

– ها... خەریکن ئەم شۆڕەش دێنە سەر شانم کە بەرگی سەربازانی ئەژدیهاکی چەپەڵ لە بەرکەم.

– زۆر قسان مەکە فەراز کەسێک کە لەسەرەمەرگدایە ئەبێ بیری بەلای ئەهورامزداوە بێ و هێندە زۆر بڵێیی نەکا، دەی خێرا سازبە ئەم نیگابانە دەتباتە ئەو جێگایە کە بۆت لە بەر چاو گیراوە.

– یانی ئەمن دەدەنە دەست ئەم تاقە نیگابانە؟ ناترسن لە ناو رێگادا بیکوژم و راکەم.

– نەچی بیری راکردن بکەوێتە سەرت ، ئەم نیگابانە لەوانە نییە بیرت لێ کردۆتەوە، ئەهای سەرباز هەرکەس ویستی رابکا بیکوژە تێگەیشتی!؟ دەی جا سازبن بڕۆن

– زۆر چاکە ئەمە رۆیشتین......

***

– ها نیگابان تۆ ماوەی سەعاتێکە لەگەڵ منی. لەو ماوەیدا هەتا ئێستا قسەیەکت نەکردووە، نەکا تۆ لاڵ بی؟ یان لە ترسان زمانت چۆتە بەست؟ ئەم هەر قسان ناکەی، رەنگە تۆ ناوبانگی منت بیستبێ، نازانی ئەگەر بمەوێ راکەم هەزاری وەک تۆ ناتوانێ پێشم پێ بگرێ، شمشێرم وەک ئاگری ناو پووش و پلاش ئەیان کاتە خۆڵەمێش، من ئەمەوێ راکەم بزانم تۆ چۆن پێشم پێ دەگری ها...؟ وەڵڵاهی زۆر سەیرە، هەر وەڵام ناداتەوە... با جارێ دابەزین من زۆر شەکەتم لە زیندانی ئەژدیهاک زووخاو دەدەنە دەرخواردی بەندییەکان،... زووخاو دەدەنە دەرخواردی بەندییەکان،... ئاخ بە ماوەی تۆ سەرباز... تۆش دابەزە پشوویەک بدە پاشان دەڕۆین... تەماشای ئەم نیگابانە چەندە بێ ترس لێی خەفت، ڕاستی من بۆچ ڕانەکەم...؟ ئەمەکەی ژێرییە کە من بە پێی خۆم بچمە بەر دەستی سەر بڕی؟ بەڵام ئەم نیگابانە... با لەمانە کە وەخە بەر نەیە ئەسڵەن...! بێ چارە ئەو لە من شەکەتترە، لە پیاوەتی بەدەرە ڕابکەم و خەبەری نەکەمەوە... ئەگەر ویستی پێشم پێ بگرێ دەیکوژم و بۆ خۆم بۆی دەردەچم...! کەوایە چاک وایە وەخەبەری بێنم! ئەهای کاکە... کاکە هەستە بزانم...؟ تۆ زۆر لە سەر هەست دەخەوی لام وا بوو بەم زووانە وەخەبەر نایەی، بەڵام با نەڵێی فەراز ناپیاوانە خەریک بوو راکا، هاتم خەبەرت کەمەوە و بڵێم دەڕۆم. ئەو کاتە کە ویستت پێشم پێ بگری دەتکوژم... دەی سەرباز دەڵێی چی؟ لێم دەگەڕێی بێ شەڕ بڕۆم ؟ یان شەڕەفی سەربازی ڕێت نادا؟ بڵێ بزانم وەڵامت چییە؟... ها شمشێر دەکێشی ... ها... ها تێگەیشتم... شمشێرەکەت هەڵ کێشا ئەتەوێ بڵێی ئەگەر بمەوێ بڕۆم بەم شمشێرە لەت و کوتم دەکەی ها... ها... زۆر باشە کە وایە ئامادەبە... کوتوویانە موویەک لە بەرازێک بکەیەوە خۆی شتێکە، تۆش یەکێکی لە سەربازەکانی ئەژدیهاک کوشتنی تۆش خۆی کارێکە... ئامادە بە سەرباز...... هاوار دیارە باش شمشێر دەوەشێنی... بەڵام هەر ئێستا کارەکەت تەواو دەکەم... ها بگرە... نەخێر زۆر گیان سەختە... تا ئێستا کەس نەیتوانیوە لە بەرامبەر مندا راوەستێ...... نەخێر فایدەی نییە... ئاخ بەزاتی خودای شمشێرەکەی لێ ستاندم پێم خۆشە بە دەستی سەربازێکی پاڵەوان دەکوژرێم، ئێستاکە لووتی شمشێرەکەت وا بەسەر دڵمەوە دەمەوێ تکایەکت لێ بکەم ... پێم خۆشە کوژیاری خۆم ببینم، بەڕاستی تۆ پاڵەوانی ...... منم فەراز کاردۆی برات.



– کاردۆ؟ کاردۆ تۆی؟ ها... ها تۆی کاردۆ!؟

– بەڵێ. بەڵێ منم، تۆ ئازاترین ڕۆڵەی چیایی لەم ماوەیەدا بۆم دەرکەوت مردن لای تۆ گاڵتەیە، تۆ لەهیچ شتێ ناترسی فەراز.

– منیش بۆم دەرکەوت کەتۆ دیسانیش هەر وەکو کاتی منداڵی لەمن بەهێزتر و پاڵەوانتری بەڵام بەگیانی تۆ کاکە زۆر شەکەتم، کەمێک سواری سەرشانی خۆتم ناکەی.

– ها... ها... بۆ چ براکەم، بەڵام با بچینەوە چیا، ئەو کاتە هەرچەند دەتەوێ سواری شانم بە.

– راستی کاردۆ، میترا حاڵی چۆنە؟

– بۆ زیاد لە هەموو کەس پرسیاری میترا دەکەی؟

– ئەی دەتەوێ حاڵی شێری پیری چیا بپرسم؟

لێم روونە کە پەژارە روو ناکاتە کاوەی نەبەز.

بۆنی چیا بەرەولووتم دێ، بۆنی بەهار، بۆنی نەورۆز... بابڕۆین دەی...

***

– وەڵامت چییە ئاشام، تۆ چوویە زیندان فەرازت هێنا کە بیهێنی بۆلای من پاشان فەرازت ڕاپەڕاندووە، ڕێگای هەڵاتنت نیشان داوە ئایا ئەمانە راستن؟

– بەڵێ راستن بەڵێ. هەموو ئەمانە راستن من ئیتر لە خوێن رشتن وەڕەز بووم. چیدی ناتوانم هاوکاری کارە چەپەڵەکانت بکەم.

– ئاگات لێیە چی دەڵێی وەزیر؟

– بەڵێ باش دەزانم، منی تاوانکار ماوەیەکی زۆر یارمەتی تۆم دەدا . خەڵکم دەکوشت، پیلانم دەکێشا بەڵام ئیتر بەسە، ئەمەش بزانە کە تۆ، تۆ بەم زووانە وەکو سەگ دەکوژرێی، کۆشکت خاپوور دەکرێ

– هەر ئێستا دەستوور دەدەم لەباتی فەراز تۆ بکوژن مێشکت دەکەمە خۆراکی مارەکان، بەڵام ئەم مارانە مێشکی لاویان پێ خۆشترە، بڕوا ناکەم مێشکی کۆن و ڕزیوی تۆیان بوێ.

– مەترسە ئەژدیهاک مەترسە، مارەکان مێشکی حەیوانیش دەخۆن، تا ئێستا هەر مێشکی حەیوانێک و ئادەمیزادێکیان خواردووە. یانی ئەمە کاری من بووە هەموو ئەو کەسانەی کە ئەبوو مێشکیان دەرخواردی ئەو مارانە بدرێ لە هەر دووانیان یەکێکیانم ئازاد کردووە، ئێستاش لە کۆڕی شۆڕشدان تێگەیشتی، هەر ئەمانەشن کە کۆشکی تۆ دەڕووخێنن.

– جەللاد...؟ جەللا؟

– بەڵێ قوربان

– وەرە لە گەردنی دە بێدەنگی کە.

– بۆ من مەرگ رزگارییە، ئازاد بوونە لە کاتێکا دەمرم کە دڵم پڕە لە یادی ئەهورامەزدا، و هیوام بەدوارۆژی شۆڕشی چیا بەتینە، ئێران ئەبێ سەرکەوێ، وەبێگانە ئەبێ ئەم وڵاتە ئەبێ بەگۆڕستانی.

– بێ دەنگ بە!! بیکوژن.

– بەڵێ بەسەرچاو قوربان... هگ...

***

– کاوەی مەزن، ئاشام پیاوانە مرد. ئەمەش نامەیەکە کە بۆ تۆی نووسیوە و داوای سەرکەوتنی بۆ کردووی و بەمنی گوت ئیتر نابێ لەکۆشکی ئەژدیهاکا بژیم.

منیش هاتمە ئێرە خزمەتت.

بەخێر هاتی کچم بەخێر هاتی، مەرگی ئاشام دەری خست کە **ئێرانی هەرگیز بۆ ئەبەد بەهەڵە ناچێ** و لەسەر خەیانەت ناڕوا. گیانی ئاشام میوانی کۆشکی مینو بێ، تۆش بچۆ لای میترا کچم.

– ە... ها... بەسەرچاو.

– ئاشام بۆ ڕزگار کردنی من خۆی بەکوشت دا، من هەرگیز ئەم فیداکاریە لەبیر ناچێتەوە، هەمیشە بەناوی پیاوێکی بەرز یادی دەکەم

– ئەمەش شەهیدێکی تر بوو، ئاخ کە **چەندەمان شەهید دا بەئێران**، چەندمان دەربەدەری و رۆژە ڕەشی چێشت!؟ خوا بکا خوێنی ئاڵی ئەم هەموو شەهیدانە



بەزەیی ئەهورامەزدامان بۆ هان بدا، دیسانەوە نەورۆز بگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەمان. نەورۆزێک کەلەمێژە لێمان تۆراوە.

– فەراز...! فەراز وەرە ئێرە کارم پێتە.

– بڕۆ کوڕم بڕۆ میترا چاوەڕێتە، ئەمڕۆ شەڕی دواییە، بەهاری ئەوساڵ هەر لەئێستاوە دەستی پێ کردووە. باشە ئێستا تۆ و میترا تەنیا نین، کاردۆ و رامهۆ شتان لەگەڵە.

– ئەی بۆ چ باسی خۆت و دایکت ناکەی؟

– ئێمە پیربووین کوڕم، تەنیا کاتێ من ئەبووژێمەوە و دەچمەوە تەمەنی لاوی کە ئەژدیهاک تێک بشکێنم، بێگانە و داگیرکەر لەوڵاتدا نەمێنێ، ئەو کات دەزانی کە باوکی پیرت چۆن وەک گوڵی ژاکاو ئاوی لەژێر کرێ دەبووژێتەوە، دەی... ئیتر متێرا چاوەڕوان مەکە. بڕۆ کوڕم بڕۆ خوات لەگەڵ بێ...... فەراز!؟

– بەڵێ بابە.

– لەبیرت نەچێ کە ئەمڕۆ شەڕی دواییە ئەبێ هەموو ئامادەبن.

– بەسەرچاو بابە بەسەرچاو......

– من لەوکاتەوە کاردۆم نەدیوە کە لێتان بپرسم بەسەرهاتی ئەو ڕۆژەتان چۆن بوو!؟

– ه... ه... ها... باشترە لە خۆی بپرسی.

– دەبێ شتێک هەبێ و من نەیزانم؟ چییە هەمووتان پێئەکەنن!؟ پێم وایە قسەیەکی خۆشە... فەراز بەمنیش ناڵێی!؟

– خوشکو برام تکاتان لێ دەکەم لەلای دەزگیرانەکەم ئابڕووم مەبەن!

– قەیدی نییە گیانەکەم منیش پێم خۆشە بزانم.

– بەخوا بڵێم چی؟ قارەمانی ئەم بەزم و بەسەرهاتە رامهۆ و کاردۆ بوون، ئەیان ویست من بترسێنن...ها...ها...راستییەکەی لەترساندنی منیشدا سەریش کەوتن

– گیانەکەم هەر لەئەوەڵەوە بۆم بگێڕەوە.

– حەیف نییە پیاو ئەم هەوا خۆشە و دیمەنە جوان و پاکە بەم قسانە خەسارکا!؟

– ها... ها... نەخێر سوودی نییە، ناچێتە ژێربار، خۆت بیگێڕەوە کاردۆ.

– ها... ها... بەڵێ داستانەکە بەم چەشنە بوو کە ئەمن رووبەندێکم ها... ها...

– ئەگەر زیاتر لەسەری بڕۆی سواری سەر شانت دەبم، خۆت دەزانی کە لە منداڵییەوە بەم کارە فێرم باشە خۆم دەیگێڕمەوە،...... وەزیر خوا لێ خۆش بوو هاتە زیندان. زۆر بەتوڕەییەوە قسەی لەگەڵ کردم و لەزیندانی هێنامە دەرەوە و دامیە دەستی ئەم خوشکە رامخانە ها...هـ... ئەویش پاش ماوەیەک لە هۆدەکە هێنامیە دەرەوە و لەگەڵ خۆی بردمی و دامیە دەستی ئەم کاک کاردۆیە... بەڵام کاردۆ بەرگی سەربازانی ئەژدیهاکی لەبەر کردبوو رووشی بەرووبەند داپۆشیبوو.

– دەی جا تۆ بەقسە کردن و ئەندامیرائەوت ناسییەوە!؟

– ئەندامی زۆرکەس هەیە وەکوو هی کاردۆ زەلام، بەقسە کردنیش مەگەر کاک کاردۆ قسەی دەکرد!؟ ماوەیەک بەسواری تێپەڕین ئەسڵەن یەک کەلیمەی لە دەمی دەرنەهات هەرچی پرسیارم دەکرد جوابی نەدەداوە، پاشان لە شوێنێک دابەزین

– ئەزانم بۆ ئەوە دابەزیبوون کە رابکەی؟

– نەخێر نەخێر، شەکەت بووم لە بەینی رێدا دابەزین، بەڵێ کاتێ کە دابەزین، من وام زانی کە کاردۆ یا واباشترە کە بڵێم کاکە نیگابان خەوی لێ کەوت و هەستام و چووم خەبەری بکەمەوە.

– نەخێر وانەبوو، بەئەسپایی هاتی بزانی خەوتووم یا نە!؟ ئەگەر خەوتبام رابکەی ها!؟

– ها...ها...

– نا... نا... نا میترا باوەڕیان پێ نەکەی ئەم دووانە ئەیانەوێ ئەمڕۆ بەجارێ لەلای تۆ ئابڕووم بەرن.

– ئاخر خۆ من نازانم چی بووە!؟ ها... ها...

– بەڵێ چوومە ژوور سەری کاک کاردۆ یان بڵێم سەربازەکەی ئەژدیهاکم خەبەر کردەوە کوتم من دەمەوێ رابکەم ئەویش شمشێرەکەی هەڵکێشاو لێمان بوو بە شەڕ ... بەگیانی میترا و بەگیانی هەموومان پاش ماوەکەی بەخۆم دەیگێڕمەوە، وە نەئێزنیش دەدەم کە کاک کاردۆ بیگێڕێتەوە ها. ها... ها... ها...



– باشە کاردۆ نارەحەتی مەکە بەسە.

– ئەمن قسەیەکم نییە، دەی جا هەستن وا باشە بچینەوە بۆ لای باوکم.

– زۆر چاکە هەستن با بڕۆین

***

– شۆڕشگێڕانی بەشەڕەفی ئێرانی و کاردۆکی براکانم، ئەمڕۆ هەوەڵ رۆژی نەورۆزە، خۆتان دەزانن کە لەمێژە بەهارمان نەدیوە، ئەمڕۆ ڕۆژێکە کە دەبێ بەگیان و دڵ تێکۆشن وڵات لەم کەمتیار و چەقەڵانە پاک کەینەوە، هەمووتان رۆڵەی کوژراو و برا سەربڕاو و ماڵ سووتاون، شەڕتان لەپێشە لەسەر پاراستنی وڵاتە و پاشان بۆ تۆڵەساندنەوەی خۆتان، سەرکەوتن بۆ تێکۆشەرە. ئەژدیهایەکی ترسنۆک وەک ڕێوی لەبەر هێرشی شێرانەتان رادەکا، ئەو تەنیا لە کوشتنی بێ دەسەڵات بەکارە، ئیتر بۆ پێشەوە ... بۆ سەربەستی و ئازادی بەرەو نەورۆز......

– براکانم هەر وەکو باوکم دەستووری دا ئێمە لە پەنای ئەم شاخانەدا خۆمان حەشاردەین و نابزوێین، سوارەکانمان هێرش دەکەنە سەر سوپای ئەژدیهاک، سەرۆکایەتی سوارەکانمان بەکاردۆی نەبەزە، پاش هێرش ئەوان دوژمن بەرەو لای خۆیان رادەکێشن. دوژمن لەشار دێتە دەرەوە، ئەمجار ئێمە تیرەبارانیان دەکەین، ئێستا ئیتر ئامادەبن........

– ئێمە هێرش دەکەین بەڵام لەگەڵ سوپای دوژمن تێکەڵ نابین، دەیان کێشین بەرەو چیا با وابزانن کە ئێمە لەبەریان رەویوین با بکەونە شوێنمان دەی جا بۆ پێشەوە...

– سەرکەوتن هی ئێمەیە... بیاندەنە بەر تیر بیانکوژن...... تیرە بارانیان کەن...... ئافەرین –.

– ئافەرین کاردۆ... بژی فەراز وەک گەلاڕێزان دوژمن لەسەر ئەسپ بەردەنەوە ...... دوژمن خەریکە دەشکێ، خەریکە رادەکا لەبەر هێرشی پیاوانەمان خۆ ناگرن ... ها... خەریکە رادەکەن...... لێیاندەن......

***

– ئیتر هەموو شتێک دوایی هات. ئەژدیهاک تێکشکا. ئەورۆز گەڕایەوە بۆ

وڵاتەکەمان. دەستوور بدەن لەهەموو سەر ئاسۆیەک ئاور بکەنەوە، ئاگری گەرمی پیرۆز، نیشانەی سەرکەوتنی ئەهورامزدایە بەسەر ئەهریمەندا منیش دەچم بۆ لای فەریدوون و پیرۆزبایی شایەنی پێ دەڵێم......

***

بەم جۆرە بێگانە **وڵاتی ئێرانی** لێ بوو بەگۆڕستان. ئێران وەک بەهەشتی جاویدان رازایەوە، ئێمە ئێستاش بەیادی ئەو ڕۆژە پیرۆزانە کاتی نەورۆز ئاگر دەکەینەوە. نەورۆزتان پیرۆز...

نەورۆزی ١٣٤٩

تەواو بوو

*کاک سوارەی رەحمەتی ئەم داستانەی لە زستانی ساڵی ١٣٤٨دا بۆ رادیۆ نووسیوە، و لە رۆژەکانی ٦ - ١ مانگی خاکە لیوەی ساڵی ١٣٤٩ لە رادیۆی کوردی کرماشان بڵاوکرایەوە.*

# خەوە بەردینە

## سەرجەمی شیعرەکانی

## "تێبینی"

زۆر لەمێژ بوو خوێنەرانی دڵسۆزی کورد، بەئاواتی دیتنی کۆمەڵە شیعری کاک سوارە بوون. زۆر نامەمان پێ دەگەیشت کە داوای بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی ئەم شاعیرە بەرزەیان دەکرد. من کە ماوەیەک لەگەڵ شیعرەکانی کاک سوارەدا ژیابووم، دوای ئاخاوتن لەگەڵ ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی، گەڵاڵەی کۆکردنەوەی ئەو بەرهەمانەم دارشت. سەرەنجام لە پاییزی ساڵی ١٣٧١ی هەتاویدا لە خزمەت کاک سەلمان موحەدیس حوسێنی و کاک جەلال مەلەکشادا بەرەو شارەکانی کوردستان وەڕێکەوتین. لە بۆکان چاومان بەدیداری کاک فەتاحی ئەمیری ڕوون بۆوە و بەیەکەوە چووینە ماڵە برا گەورەی کاک سوارە: کاک «عومەر ئێلخانی». کاک عومەر – کە یەکێک لە ئەدەبدۆستانی ئەم بنەماڵە بەڕێزەیە – زۆر بەگەرمی وەریگرتین و هەموو شیعرەکانی کاک سوارەی پێ داین. پاشان بەرەو شاری سنە ڕێگەمان بڕی و دوای دیتنەوەی موهەندیس «فاروق کەیخوسرەوی» چووینە ماڵە کاک «ئەحمەد شەریفی». کاک ئەحمەدیش بەوپەڕی دڵسۆزییەوە کتێبخانەکەی لە بەرهەمی کاک سوارە هەڵتەکاند و هەرچی بووی و نەیبوو لە ئیختیار ئێمەی نا. زۆربەی ئەم شیعرانەی لەم دیوانەدا هاتوون بەرهەمی ئەو دوو سەفەرەن.

لەم دیوانەدا یەکێک لە نوسخەکان بەئەسڵ گیراوە و جیاوازی نوسخەکان لە ژێرنووسدا هاتووە، بۆ ئەوەی مەیدانی لێکۆڵینەوە بۆ خوێنەران بەگشتی و ڕەخنەگران بەتایبەتی ئاوەڵا بێ.

ئەم دیوانە دوای ئەوەی تایپ کرا، لە لایەن کاک قازی ئەحمەد بەتەنیایی و بەڕێزان مەلا محەمەد عەبباسی، کاک ئەحمەد مەولانی، کاک فەتاح ئەمیری، کاک حوسێن موهتەدی، کاک هەمزە عەلیار، کاک سەلاح عەرەبی، کاک سەعید نەججاڕی، کاک سەعدوڵڵا مەحیدی و کاک عومەر ئێلخانییەوە بەکۆمەڵ خوێندراوە و ئەگەر دڵسۆزی و پێداهاتنەوەی وردبینانەی ئەو بەڕێزانە نەبوایە، دیوانەکە بەم شێوە دەرنەدەچوو.



هەروەها دەبێ سوپاسی ئەو کەسانەش بکرێ کە لە نوسخە شیعرییەکانیان کەڵک وەرگیراوە. بۆ ئەوەی لە دووپاتبوونەوەی ناوەکان خۆ ببوێرین لە ناو کتێبەکەدا تەنیا کورتەی ناوەکان هاتووە کە لە ژێرەوە یادیان لێ دەکرێ:

ئـ. ش (کاک ئەحمەد شەریفی)

ع. ئـ (کاک عومەر ئێلخانی)

س. پ (کاک سمایل پاکزاد)

س. ف (کاک سوارە فتووحی)

ع. ک (کاک عەزیز کەیخوسرەوی)

ف. ح (کاک فەرانسوا حەریری)

س. م. س (سەید محەمەد سەمەدی)

– جگە لەو شیعرانەی لەم دیوانەدا بڵاوکراونەوە شەش کورتە شیعریشمان لە لای کاک "ئەحمەد شەریفی" وەدەست کەوت کە گوایە کاک سوارە بۆ گۆرانی داینابوون. ئەم چەند کورتە شیعرە بەهیچ پێوانەیەک نەدەکەوتە دنیای شیعری کاک سوارەوە؛ شیعرەکان زۆر لاواز و سەرزارەکی بوون. لە ئاکامدا تەواوی ئەو بەڕێزانەی کە ناویان برا، هاتنە سەر ئەو بڕوایە کە ئەم شیعرانە دەرباوێژرێن. بۆ ئەوەی مەسەلەکە زیاتر بۆ خوێنەر بکرێتەوە، یەکێک لەم شیعرانە – وەک نموونە – لە ژێرەوە بڵاو دەکرێتەوە:

"کانیاوی تانەم"

ئاوی کانیاوی تۆ
ئارامی گیانی منی
شاگوڵی جوانی منی
مایەی شادیی ئەتۆ
گیانی جێژوانی
یاری دڵسۆزی منی
دەوەرە بمدوێنە

یاری پیرۆزی منی

سا دڵەکەی من مەشکێنە

وەرە هێزی دڵی منی

ئەی گوڵی من

لێت زیزم

وەرە لام تازە بەهار

تۆم نەبێ من پاییزم

شیعرەکانی دیکەش بریتی بوون لە "یادی منداڵی"، "ئاسۆ"، "پاییزە"، "ژوانی یار"، "گیانی گوڵان".

هیوادارم بەم زووانە خوێنەرانی بەڕێز چاویان بەدیتنی کۆمەڵە پەخشانی "تاپۆ و بوومەلێڵ"ی خوالێخۆشبوو کاک سوارە ڕوون بێتەوە.

بەسوپاسەوە مارف ئاغایی

١٣٧٢ی هەتاوی - ورمێ

# شیعری سوارە

## گۆژمی دووهەم

ڕەهبەر مەحموود زادە

### ١

لە بارەی چێژی"بژاردەبێژی"دا، ڕۆلان بارت لە شوێنێکدا دەڵێ: "ئەو هەموو بژاردەیە، ئەو هەموو سەرەتایە"[١] وەک ئەوەی گوتبێتی گرفتی دۆزینەوەی ڕاستییەکان، لە ڕاستیدا گرفتی دۆزینەوەی دەسپێکەکانە و لەبەرئەوەی بۆ دووان لەمەڕ بابەتێکەوە، دەکرێ چەندان دەسپێکی جۆراوجۆر دەسنیشان بکرێ، کەواتە هەر سەرەتایەک ڕێگا بەرەو حەقیقەتێکی جیا لەوەی تر دەردەبا. ئەگەر ئەم لێکدانەوەیە لە بارەی گوتەی بارتدا ڕاست بێ، بۆمان هەیە بۆچوونەکەی بەم شێوەیە ڕاڤە بکەین: "ئەو هەموو سەرەتایە، ئەو هەموو حەقیقەتە".

ئەم گوتەیەی بارت، خزمایەتییەکی نزیکی لەگەڵ پرێسپێکتیوسمی (ڕوانگە باوەڕی) نیچەدا هەیە کە دەڵێ: "ئەوەی من بۆ لای نیچە کێش دەکا، فلانە یان فیسارە کتێبەی نییە بگرە بژاردەبێژییەکەیەتی واتە ئەو مێتۆدەی بۆ نووسین ڕەچاوی دەکا. "بارت دواجار بەم ئەنجامە دەگا کە" لە هەرچی شوێنە بۆت هەیە دەفتەری یادداشتەکانت هەڵگری و نە ئەندێشەیەک، بگرە تەکانێک بنووسیوە."[٢] و بەم جۆرە لە ڕوانگەی بارتەوە سات و سەودای مرۆڤ هەر بەتەنێ لەگەڵ وردەکارییەکاندا دەبێ نەک لەگەڵ گشتایەتییەکان و لەم ڕێگەوە زەینییەتی نیزامسازیی مرۆڤ دەچێتە ژێر پرسیارەوە.

بەڵام مەبەستی من لە هێنانەوەی ئەم گوتەیەی بارت ئەوە نییە کە ڕێگە بۆ نووسینێکی تەواو بژاردەبێژانە لەسەر شیعری سوارەی ئێلخانی زادە خۆش بکەم، بگرە مەبەستم ئەوەیە نەهێڵین ئەو گوتەیە بەبێ پرسیار لێکران و ڕەخنەکاری لە چنگی سەرنجمان قوتار ببێ یان هەر نەبێ وابکەین سەلماندنی ئەم بۆچوونە لە لایەن ئێمەوە دوای خۆڕاگرتنی لە بەرامبەر پرسیارەکان و ڕەخنەکانمان، ڕوو بدا. ڕاستە سەرەتاکانی دووان لەمەڕ بابەتێکی دیارەوە، دەکرێ فرەجۆر بن. بەڵام ئایا هەموو سەرەتاکان وەکو یەک شیاون بۆ خستنە سەرپشتی دەرگای باس و خواسێکی ڕەوشتمەند و مەنتیقی لەسەر بابەتێکی دیاریکراو؟ من پێم وایە دەتوانین ئەو شیمانەیە لە بەرچاو بگرین کە هەندێک جار، هەڵبژاردنی هەندێک لە سەرەتاکان بۆ چوونە ناو جیهانی باسێکی تایبەتی شیاوتر و پتر جێگای متمانەیە.

ئەگەر ئەم گوتەیە ڕاست بێ، بەڕاستی چ سەرەتایەک بۆ هێنانە بەرباسی بابەتی "شیعری سوارە" شیاوترە و ئەگەریش نەمانهەوێ بە داسەپاندنی ئەم بۆچوونە کە تاقە سەرەتایەکی باشتر، بۆ ئەم بابەتە لە گۆڕێدایە، باسەکە مۆنۆپۆل بکەین – بێ گومان ناشمانهەوێ ئاوا بکەین – وا باشترە پرسیار بکەین ئەو چەند سەرەتایەی وەکو یەک شیاوی بوون بە نوختەی دەسپێکن بۆ قسەکردن لە سەر شیعری سوارە کامانەن؟ فۆرمی شیعرەکانی یان ڕاڤەیان؟ سەمبولیزمی شیعری سوارە، یان ڕۆمانتیزمی؟ چۆنیەتیی تێپەڕاندن لە ئەزموونی گۆران یان چۆنیەتیی پێوەندی لەگەڵ شیعری فارسی؟ لەوانەی ئەو سەرەتایانە هەموویان بۆ مەبەستی ئێمە لەبار بن، بەڵام من لەم وتارەمدا، بەدوای دەستەمۆکردنی دەسپێکێکی ترم. ئەو دەسپێکە، "شار"ە. شار وەکو چەمک و وەکو مۆتیڤ. چەمک و مۆتیڤی شار لە ناو شیعری سوارەدا چ ڕۆڵێکی لە ئەستۆ دایە و وەکو پاژێک چۆن لە گشتایەتی شیعری سوارەدا جێی پێدەدرێ و بەچ شێوەیەک سات و سەودای لەگەڵدا دەکرێ؟

### ٢

مۆتیڤی شار یەکێک لە مۆتیڤە سەرەکییەکانی شیعری سوارەیە و لە ڕاستیدا سوارە یەکەم شاعیر و (تا ئێستا تاقە شاعیرێکە کە) لە چوارچێوەی ئەدەبی کوردیدا، چەمکی شاری کردبێتە مۆتیڤی شیعرەکانی. سەرنج بدەنە دووپاتبوونەوەی ئەم وشەیە لەم بەندانەی خوارەوەدا:

تۆ دەشتی ئەوپەڕ نادیاری
بۆ چۆڵ بڕی لە پێ کەوتوو
تاپۆی شاری

کچی نوور قەتیسی دەسی دێوی کێوە
لە ئەنگوستەچاوی دڵی خێوی کێوا
بەرەو دەر، بەرەو شاری دەریا بەڕێوە

وەهایە
کە کانی بەهیوا
بەهارانە لووزەو ئەبەستن بەرەو شاری دەریا

ئەڵێی دەنگی شمشاڵە ڕەشماڵی دۆڵی دڕیوە
شەماڵی دەرەی دوورە شاری

زمستان بەپۆی باڕن هەرەسی تانی
شەوەزەنگی تەنی
هەرچی هەیە بەرز و نەوی
شار و دەری لێم گرتە بەس

ئێوە کێن؟ خێڵی درۆ
گەلی دەم پڕ لە هەرا
نیشتەجێی شاری بەگرمە و دووکەڵ

دەبێ شیعری "شار"یش بەنموونەکانی سەرەوە زیاد بکەین کە ئەم مۆتیڤە پازدە جار تێیدا دووپات دەبێتەوە.

لە قەسیدەی خەوەبەردینەدا، لەبەر ئەوەی "شار" وەکو (مشبە بە)ی "دەریا" کەڵکی لێ وەرگیراوە، بەشێوەیەکی سروشتی هەموو ئەو وەسفانەی بۆ دەریا کراون،



پێوەندییان بەشاریشەوە دەبێ، لە خەوە بەردینەدا، دەریا بەم شێوەی خوارەوە وێنا کراوە:

هەتا چاو هەتەرکا، شەپۆلە شەپۆلە/ لە بوونا لە چوونا/ بەئاهەنگی
سەربەندی بزوێنی خۆشی/ لە بەر خۆرەتاوا ئەڵێی سینگی ژینە
ئەهاژێ/ ئەڵێی هانی هەستانە دەنگی خرۆشی

لەم قەسیدەیەدا، "شار" و "دەریا" دوو مۆتیڤی لێک جیانەکراوەن. ئەگەر بەحوکمی مانای سەمبۆلێکی ئەم قەسیدەیە بمانهەوێ لە گوزارەی" کانی بڕوای بەرینی بەدەریا گەیشتنی لە دڵدایە"، چەمکێکی تر جێنشینی چەمکی "کانی" بکەین (بۆ نموونە مرۆڤی خەباتکار) ئەودەم دەبێ چ چەمکێک جێنشینی "دەریا" بکەین؟ بێ گومان یەکێک لەم چەمکە ڕێ تێچووانە چەمکی شارە. کەواتە ئەوە شارە کە دەنگی خرۆشی وەکو هانی هەستان وایە و دەڵێی سینگی ژین ئەهاژێ و گەیشتن بەم شارە بڕوای بەرینی زۆر لە تاکەکان و کۆمەڵگاکانە. بەم شێوەیە چەمکی شار لە چەمکی بەربڵاوتری مۆدێرنیتە گرێ دەدرێ، چونکە هەر لە جێدا بیچم گرتنی سووژەی مۆدێرن و هەروەها هەموو گۆڕانکارییەکانی ئەم سووژەیە، لە شوێنێکی (تێکەڵاوی واقیعی و مەجازی) بەناوی "شار"دا ڕوو دەدەن.

بەڵام لە دووهەمین شیعری بەناوبانگی سوارە دوای شیعری "خەوە بەردینە"، واتە لە شیعری "شار"دا، ڕوانگەیەکی تەواو جیاواز لەم ڕوانگەیە بۆ چەمکی "شار" ڕەچاو کراوە. لەم شیعرەدا. شار و هارە هاڕی ئەو، گیانی منی شیعری وەڕەز دەکەن. لەم شارەدا کە ڕەمزی ئاسن و منارەیە (یان ڕەمزەکەی ئاسن و منارەیە)، مەلی ئەوین نامۆیە و لە هەر شەقام و کوچەیەکیەوە شەپۆڕی شین بەرز دەبێتەوە. لەم شارەدا شێر زەلیلە و ڕێوی باویەتی و...

ئەوە جێگای سەرنجە کە لە هەردوو شیعری "خەوە بەردینە"و "شار"دا کە بەناوبانگترین شیعرەکانی شاعیرن، چەمکی شار بەشێوەیەکی بەرچاو، بەرجەستە دەبێتەوە و لە هەردووکیاندا، دەورێکی سەرەکی دەگێڕێ و جگە لەمە، لە چەند ڕوانگەی جیاوازیشەوە بۆی دەڕوانرێ. هەر لێرەوە بەشێوەیەکی مەنتیقی بەم ئامانجە دەگەین کە چەمکی "شار" لە شیعری سوارەدا، لە ئاستی مۆتیڤیش بەرزتر

دەبێتەوە و دەبێ بەپرس و بەپرۆمبلی ناو شیعری سوارە. کەواتە من گوتەیەکی پێشتری ناو ئەم وتارە کە باسی مۆتیڤی شاری لە شیعری سوارەدا دەرکرد، بەشێوەیەکی تێروتەسەلتر دووبارە دادەڕێژمەوە و دەڵێم سوارە یەکەم شاعیر و تا ئێستا تاقە شاعیرێکە  کە لە چوارچێوەی ئەدەبی کوردیدا، چەمکی شاری کردبێتە پرۆبملی شیعرەکان و من پێم وایە هەر لە سۆنگەی ئەو بە پرۆبلماتیک کردنەی چەمکی شارە کە شاعیر توانیویەتی حەقی ئەم چەمکە بدا. چونکە مانای شار بەم کۆپێوەندییانە کە لەگەڵ چەمکەکانی مۆدێرنێتەوە و سووژەی مۆدێرندا هەیەتی، لە زاتی خۆیدا چەمکێکی تێکچنراو و کۆمپلێکسە و ڕوانگەیەکی تاک ڕەهەند ناتوانێ حەقی ئەم چەمکە بدا. هەڵسەنگاندنێکی ساکار و سەرپێیی مۆتیڤی "شار" لەگەڵ چەند مۆتیڤی تری شیعری سوارە، واتە چەمکەکانی "تاپۆ/ تراوکە"پەنجەرە"، "داری چاکی" و "ئەسپ/ کەحێل/ جانوو"، ڕاستی بۆچوونی  سەرەوەمان پێ دەسەلمێنێ.

هەندێک لەم مۆتیڤانە، لە شیعری سوارەدا، دەورێکی نەگۆڕی ناسراویان هەیە و لە هەموو ئەو شیعرانەی دەوریان تێدا دەگێڕن، کەسایەتییەکی زۆر و کەم پێناسە بۆ کراویان هەیە. لەمانە دەکرێ ئاماژە بەمۆتیڤەکانی "ئەسپ/ کەحێل/  جانوو"، "تاپۆ/ تراوکە" و هەروەها مۆتیڤی "پەنجەرە" بکەین.

مۆتیڤی ئەسپ، لەگەڵ چەمکی سەربەستی و لەگەڵ کەسایەتی سەربەستیخواز، پێوەندییەکی نەپساوەی هەیە و بەم شێوەیە شوێنێکی دیاریکراوی لە ناو شیعری سوارەدا هەیە.

کوا شەنگەسوار
کە درەوشانەوەی پەڕی سەری ئەسپی
چاوێک بخاتە بیری تلووعێ

دڵ وەک دوو تەپلەی
سوارەی کوردی
جوانووی نەگیراو
مەیل ئەخاتە باڵ



تەنانەت ئەو کاتەش کە دەڵێ (**وەها گەی لەشی بەو گە بەردینە گاوی دراوە/ کەحێلێکە کوڕژن و حیلەی نەماوە**) کۆنتراست و دژوەستانێکی بەرچاو لە نێوان دۆخی ئایدیاڵ و چاوەڕوانکراوی نەوەستان و سەربەستی لە لایەک و دۆخی نەخوازراوی دامان و بێ دەربەستی لە لایەکی تر، ساز دەدرێ. مۆتیڤی "تاپۆ/ تراوکە"ش ئەگەرچی وەکو وێنە، کارکردەکەی سازکردنی تەمومژێکی ئەوتۆیە کە ناهێڵێ دیاردەکان بەشێوەیەکی بەرچاو خۆیان بنوێنن، بەڵام هەر ئەو وێنە و ئەو کارکردە، وەکو وێنە و ڕۆڵێکی پێناسە بۆکراو، بۆ ئەو مۆتیڤە چەسپاون:

ئەڵێی پێکەنینی کچی سەرگورشتەی قەدیمی
لە ئەندامی تاپۆی وەکو بوومەلێڵی
– سنووری شەوی دوێنێ، ئەوڕۆ بەیانی –
پەچەی قورسی نیسیانی ئینسانی لادا.
تۆ تراوکەی جارێ دیار گاهێ نادیاری
هیوای تینوێتی ڕێبواری

بەڵام لە پرۆسەی وەگەڕخستنی مۆتیڤەکاندا، لەم دۆخە ئاماژە پێکراوە – کە تێیدا مۆتیڤەکان، بەشێوەیەکی نەگۆڕ دەبن بەخاوەنی ڕۆڵێکی دەستنیشانکراو – حەرەکەتێکی بەرچاو بۆ لای شێوە بەکارهێنانێکی تێکچنراوتر و کۆمپلێکستر وەبەرچاو دەکەوێ. مۆتیڤی (داری چاکی) خاوەنی ئەم شێوەیە ڕۆڵە فرە لایەنەیە.

لە هەندێک شوێندا "داری چاکی بێ نەشە و شنە" سەمبولی پەککەوتەیی و لە کار وەستانە. لە هەندێک شوێنی تردا وەک (**بەهەر بۆمبای سووتێنەرێک پیشمەرگەیەک/ داری چاکێک دائەقرچێ**) داری چاکی، سەرەڕای بەتاق کەوتنی، دیاردەیەکی هەڵکەوتەیە و بەشێوەیەکی ئیجابی بۆی دەڕوانرێ. هەر لەم کاتەشدا چییەتی "داری چاکی" بۆی هەیە بۆ ماهییەتی "شۆڕەبی" – و بەپێچەوانەشەوە – بگۆڕدرێ و ئەم دوو مۆتیڤە لە بووتیقای شیعری سوارەدا، دەبن بەدیاردەیەک بەدوو سیمای جیاوازەوە. لە هەندێک شوێندا، شۆڕەبی جێگە و پێگەی خۆی لەگەڵ لایەنی سەلبی داری چاک دەگۆڕێتەوە (**شۆڕەبی کە بۆتە داری چاکی بێ نەشە و شنە/ زەلکە گەر تەیاری تیر و قۆشەنە/ خۆشەویستەکەم لە پەنجەرەی نیوەتاکی بوومەلێڵەوە/ چاوی**

**من له دیمەنی کچی بەیانییە**) بەڵام ئەگەر داری چاکی بە ودمی هەناسەیەکی پیرۆزەوە ببووژێتەوە، تەنانەت ئەگەر لە ناو شۆرەکاتێکیشدا بەتاق کەوتبێ، نەخشی بووژێنەرەوە دەگێڕێ. (**تۆ شۆڕەبی ناو شۆڕەکاتێکی گەرمی/ لەبەر نیگای تاسەباری ئەویندارا/ خۆ داپۆشیو بەلک و پۆی کەزیەی نەرمی**).

کاتێک لە مۆتیڤی وەک ئەسپ و تاپۆوە دەست پێ بکەین و بەئاراستەی تێکچنراویدا بگەینە "داری چاکی/ شۆڕەبی"، بۆمان هەیە ئەم ڕێڕەوە کۆمپلێکسە بەرەو پێشتریش ببرین. لە ناو سەرجەمی شیعری سوارەدا، مۆتیڤی شار لەوپەڕی تێکچنراویی خۆیدا، لە لووتکەی بەپرۆبلماتیک کردندا ڕاوەستاوە. لە جیهانی شیعری سوارەدا ئەم چەمکە لە سێگۆشە نیگای جیاوازەوە بۆی ڕوانراوە. ئەم ڕوانگانە بریتین لە:

– أ) گۆشەنیگای ئیجابی: (**تۆ دەشتی ئەوپەڕ نادیاری/ بۆ چۆڵ بڕی لە پێ کەوتوو/ تاپۆی شاری**) و (**کچی نووری قەتیس دەسی دێوی کێوە/ لە ئەنگوستەچاوی دڵی خێوی کێوا/ بەرەو دەر، بەرەو شاری دەریا بەڕێوە**)

– ب) گۆشەنیگای سەلبی: (**وەڕەز بوو گیانی من لە شار و هاڕە هاڕی ئەو/ لە ڕۆژی چڵکنی نەخۆش و تاو و یاوی شەو/ ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت/ لە شاری چاو لەبەر چرای نیئۆن شەوارەکەت**) و (**ئێوە کێن؟ خێڵی درۆ/ گەلی دەم پڕ لە هەرا/ نیشتەجێی شاری بەگرمە و دووکەڵ**)

– پ) گۆشەنیگای بێ لایەن: (**ئەڵێی دەنگی شمشاڵە ڕەشماڵی دۆڵی دریوە/ شەماڵی دەرەی دوورە شاری**) و (**زمسان بەپۆی باڕن هەرەسی تانی/ شەوەزەنگی تەنی/ هەرچی هەیە بەرز و نەوی/ شار و دەری لێم گرتە بەس**)

هەر لەبەر ئەو تێکچنراوبوونەی چەمکی شار لە شیعری سوارەدایە کە نیسبەتدانی ڕوانگەیەکی تاک ڕەهەندانە بۆ ئەم چەمکە، وەلای دەقی ئەم شیعرانە هەوڵێکی تەژی لە پەلەپرووزێ و ناواقیع بینانەیە.



٣

ئەو ناواقیع بینییە، جگە لە پشتگوێ خستنی ڕوانینی تێکچنراوی سووژەی شیعری یان منی شیعری بۆ چەمکی شار لە خوێندنەوەی شیعری سوارەدا، لە ئاراستەیەکی گشتی دیکەشەوە سەرچاوە دەگرێ، کە ئەم ئاراستە لەنگ و لۆرە تا ئێستا کاریگەرێتییەکی سەلبی لەسەر خوێندنەوەی مێژووی ئەدەبی کوردی داناوە. ئەم ئاراستەیە بریتییە لە بەرتەسک کردنەوەی ڕەخنەی ئەدەبی بارتەقای شیکاری نێوەڕۆکی ڕووت. ئەو کاتەی دەقی ئەدەبی بەشێوەیەکی تاک ڕەهەندانە هەر بەتەنیا وەکو مەخزەنێکی مانایی چاوی لێ دەکرێ و "چی گوتن" دەبێتە تاقە پرسیارێک کە ئاراستەی دەق دەکرێ و "چۆن گوتن" بەئاشکرا هەڵدەپەسێردرێ و ناڕەوشتمەندانە بن گۆم و بێ شوێن دەکرێ، ئەو کات "دانەر"ی دەقی ئەدەبیش، ئیتر نەک وەکو نووسەر، بگرە وەکو نووسیارێک چاوی لێ دەکرێ و کە کەڵکەڵەی نەک زمان و قوڵایییەکانی بگرە هەندێک بابەت لە دەرەوەی زمانە، وەکو بابەتەکانی کۆمەڵناسانە یا سیاسی یا فەلسەفی و... هتد.

هەر لەسەر ئەم بنەمایە کە بۆ نموونە لە خوێندنەوەی مێژووی شیعری کوردیدا، شیعری حاجی قادری کۆیی وەکو نوختە گۆڕانێکی بەرچاو قسەی لەسەر کراوە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە ئەگەر وەکو ئافراندنێکی هونەری چاو لە شیعر بکەین، دەبینین شیعری حاجی لە شێعری شاعیرانی وەکو نالی و کوردی و سالم تێی نەپەڕاندووە و بگرە لە باری هونەرییەوە لە ئاستی شێعری ئەم شاعیرانە، ژێراترە. هۆی دەربڕین و وەرگێڕانی ئەم بۆچوونە ناڕاستە، هەر ئەو ئاراستەیە کە داکۆکیی سەرەکی لەسەر شیکاری نێوەڕۆکی ڕووتە و شێعر نەک وەکو ئافراندنێکی هونەری زمانی، بگرە وەکو وتارێکی کۆمەڵناسانە یان سیاسی لە بەرچاو دەگرێ. حاشا لەوە ناکرێ کە شێعری حاجی لە باری ناوەڕۆکەوە، شیعری کوردی بەرەو ئاراستەیەکی نەتەوەخوازانە برد. من پێم وایە ئەگەر بڵێین بیری حاجی نوختە گۆڕانێکی لە مێژووی بیری مرۆڤی هزرڤانی کورد پێک هێنا، بۆچوونێکی ڕاست و واقیع بینانەمان ڕەچاو کردووە، بەڵام پێم وانییە شیعری حاجی لە باری هونەرییەوە وەرچەرخانێکی لە شیعری کوردیدا پێک هێنابێ.

هەر ئەو ڕوانینە نارەوشتمەندانەیە کە شیعری حاجی زیاتر لەوەی هەیە سەرخستووە، هەوڵی ژێرخستنی شێعری سوارەی داوە. هەڵبەت هاوبەشییەکە لە بەپێوانەکردنی بیری نەتەوەخوازیدا نییە، بگرە لە بەکێشانەکردنی شیکاری نێوەڕۆکی ڕووتدایە. هەندێک لە ڕەخنەگران کاتێک ڕوانیویانەتە شیعری سوارە – هەڵبەت ڕوانینەکەشیان هەر بەتەنێ شیعری "شار"ی گرتووەتەوە – سوارەیان وەکو کۆمەڵناسێک لە بەرچاو گرتووە کە خەریکە بۆچوونی کۆمەڵناسانەی خۆی فۆرموولە دەکا. ڕاستە سوارە لە نووسینی شیعرەکانیدا کەڵکەڵەی فیکری جۆراوجۆری هەبووە و لە نووسراوەکانی سوارە لە "تاپۆ و بوومەلێڵ"دا دەردەکەوێ کە ئەو بڕوای بەئەدەبی دەروەست هەبووە، بەڵام لە بیرمان نەچێ سوارە لە پلەی یەکەمدا شاعیر بووە و هەر نەبێ ئەوەندەی کەڵکەڵەی نێوەڕۆکی هەبووە، کەڵکەڵەی فۆرمیشی هەبووە. ئەو لە شیعرەکانیدا ویستوویەتی قاڵبی تازە و داڕشتنی نوێ و سیستەمی جیاوازی ڕۆنانی وێنە و ڕێکخستنی پەیڤ بەتاقی بکاتەوە.

ئەم باسانە لەوانەیە بەرەو ڕووی پرسیارێکی مێتۆدۆلۆژیکمان بکەنەوە: لێکدانەوەی نێوەڕۆکی دەقی ئەدەبی چ جێگە و پێگەیەکی لە ڕەخنەی ئەدەبیدا هەیە و هەتا چ ئاستێک دەتوانێ پەل باوێژێ؟ من پێم وایە لێکدانەوەی ناوەڕۆکی دەق بەدوو مەرج دەتوانێ جێگە و پێگەیەکی شیاو لە ڕەخنەیەکی ڕێکوپێک و بەرنامە بۆ داڕێژراودا بدۆزێتەوە. ئەم مەرجانە بریتین لە:

– لە ڕەوتی لێکدانەوەی دەقدا بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە کە "ئەم دەقە لە بارەی چیدایە" ئەو خاڵە دەبێ لە بەرچاو بگرین کە ئەگەر وەڵامی ئەم پرسیارە بەڵگەنەویست بێ، ئێمە لە کایەی ڕاڤەدا خیچاوین و کایەکەمان داناوە.

– ڕاڤەی هێرمینۆتیکی دەبێ ببێتە بنەمایەک بۆ تەتڵەکردنی بووتیقایی (لە تەتڵەکردنی بووتیقاییدا، ڕەخنەگر مانایەک یان کارکردێکی دەق وەکو مانا و کارکردێکی فیکس لە بەرچاو دەگرێ و ئەو پرسیارە دێنێتە گۆڕێ کە چ تەمهیدگەلێکی فۆڕمیک بوونەتە هۆی وەدی هاتنی دەق وەکو مانا و کارکردانە و دوا جار هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەدا.)

مەرجی یەکەم لەسەر بناغەی بۆچوونێکی جاناتان کالێر دامەزراوە. کالێر بۆ



ڕوونکردنەوەی بۆچوونەکەی نموونەیەک دێنێتەوە. ئەو دەڵێ: ئەگەر لە وەڵامی پرسیاری "دەقی هاملێت لە بارەی چیدایە؟" بڵێین "دەقی هاملێت لە بارەی شازادەیەکی دانیمارکیدایە" لێکدانەوەکەمان نەگەیشتووەتە ئاستی ڕاڤەیەکی سەرکەوتوو. بەڵام ئەگەر بۆ نموونە بڵێین دەقی هاملێت لە بارەی ترسی پیاوان لە هەوەسی جینسیی ژناندایە "توانیومانە پێشەکییەک بۆ ڕاڤەی ئەم دەقە دابڕێژین"[3]. من هەر لەسەر بنەمای بۆچوونەکەی کالێر، لە ڕوانگەیەکی تازەوە چاو لەم بابەتە دەکەم و دەڵێم وەڵامی پرسیاری "ئەم دەقە لە بارەی چیدایە". نابێ لە قاڵبی گوزارەیەکی شیکراو (تەحلیلی – analytic)دا بدرێتەوە. (گوزارەی شیکراو، گوزارەیەکە کە بکرێ مانای مەحموولەکەی لە مانای مەوزووعەکەیەوە دەربکەوێ، وەکو "پیاوی سەڵت بێ ژنە." یان "پیاوی سەڵت، سەڵتە.")

بۆ نموونە کاتێک ڕۆمانی "باڵندەکانی دەم با"ی عەتای نەهایی دەخوێنینەوە، هەمووومان دەتوانین زۆر ساکار بەجارێک خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە، لەسەر ئەمە ڕێک کەوین کە ئەم ڕۆمانە باسی دوو کەسایەتیی سەرەکی دەکا کە دوای دۆڕاندنی تەمەنیان پەی بەتراویلکەبوونی ئاواتەکانیان دەبەن و تووشی خەمۆکی دەبن. بەڵام لەو ڕستەیەدا کە ئێمە لە وەڵامی پرسیاری "ئەم ڕۆمانە لە بارەی چیدایە؟" دروستی دەکەین، ئەم کورتە شەرحەی سەرەوە لە حوکمی مەوزووعی ڕستەکەماندایە و ئەگەر ئێمە هەر بەوەندە شەرحەوە بوەستین (یان بکرێ هەموو لێکدانەوەکانمان لەو ڕستەیەدا کورت بکرێتەوە) لە ڕاستیدا هیچ ڕاڤەیەکمان لەو ڕۆمانە بەدەستەوە نەداوە. لەبەرئەوەی وەڵامی ئێمە بەم شێوەیە بووە:

"ئەو دەقە کە لەمەڕ دۆڕانی ژیانی دوو کەسایەتی لە پێناوی ئاواتێکی تراویلکەییە، لە بارەی بەئاوات نەگەیشتن و تێداچوونی تەمەنی ئەو دوو کەسە دایە."

دەبینین لەم ڕستەیەی سەرەوەدا، مانای مەحموولەکە، لە ڕاستیدا هەر بریتییە لە مانای مەوزووعەکە. لە بەرامبەر ئەم وەڵامەدا دەتوانین وەڵامێکی دیکە بەشێوەیەکی تر ڕێک بخەین:

"ئەو دەقە کە لەمەڕ دۆڕانی ژیانی دوو کەسایەتی لە پێناوی ئاواتێکی تراویلکەییە، لە بارەی سەردەمێک دەدوێ کە لەم سەردەمەدا، پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی و

شارستانیی ئەوتۆ زاڵە کە هەرەس بەئایدۆلۆژییەکان و ڕیوایەتە هەراوەکان دێنێ."

ئەم دەربڕینە تا ئاستی ڕاڤەیەکی سەرکەوتوو بەرز دەبێتەوە. بەڵام هەر ئەو کاتەی بەو سەرکەوتووییە گەیشتین، دەبێ بەگوێرەی مەرجی دووهەم، ئەم سەرکەوتووییە بکەین بەپێشەکی هەڵێنانەوەی هەنگاوێکی دیکە و ڕاڤەکەمان بکەین بەبنەمای تەتڵەکردنێکی بووتیقایی.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ باسی شیعری سوارە و بمانهەوێ وەدی هاتن یان وەدی نەهاتنی ئەو دوو مەرجانە لە شەرحی شیعرەکانی کە لەلایەن هەندێک ڕەخنەگرەوە کراوە، بەتاقی بکەینەوە، دەبینین هیچ کام لەم مەرجانە لەو لێکدانەوانەدا ڕەچاو نەکراون.

شیعری "شار" بەپێی دیارترین چینی مانایی خۆی باسی سووژەیەک دەکا کە دەیهەوێ شار بەجێ بێڵێ و بچێ بۆ دێ. لەبەرئەوەی ڕۆژەکانی شار، چڵکن و نەخۆشن و شەوەکانیش تاو و یاوین. بەڵام بناری پڕ بەهاری دێ، ڕەنگی سوور و شین لە شیعر و عاتیفەی گەشی دەدا. ئەو سووژەیە پەروەردەکراوی ژێر دەواری عەشیرەتە. هەر لێکدانەوەیەکی وا ئەو مەبەستانەی سەرەوە کە لە دیارترین چینی مانایی دەقدا خۆیان دەنوێنن، دووپات کاتەوە، ناتوانێ بگا بەئاستی ڕاڤەیەکی شیاو.

هەندێک لەو لێکدانەوانەی لە بارەی ئەم شیعرەدا کراون، کەم و زۆری دەکرێ لە قالبی گوزارەیەکی شیکراودا بەرهەم بێنەوە بۆ نموونە:

"ئەو سووژەیەی لەبەر چڵکن بوونی شار دەیهەوێ شار بەجێ بێڵێ و بچێتەوە ناو ژیانی پاقژی دێ، لە شار تووڕەیە و پەروەردەکراوی ژێردەواری عەشیرەتە". هەر ئەو کاتەی لە زمانی سووژەی گۆرینەوە باسی چڵکن بوونی شار دەکەین، دەتوانین پەی بەتووڕەیی ئەم سووژەیەش ببەین. ئەوە لە حاڵێکدایە کە مەرجی دووهەمی ڕاڤەش وەدی نەهاتووە و ئەو لێکدانەوانە بۆ هیچ چەشنە تەتڵەکردنێکی بووتیقایی کەڵکیان لێ وەرنەگیراوە.

هەر لەسەر ئەو بنەمایەیە کە لێکدانەوەی مەرجداری نێوەڕۆکی دەقی ئەدەبی دەتوانێ بۆ ڕەخنەکارییەکی یەکانگیر و ڕەوشتمەند ڕێگا خۆشکەر بێ، هەوڵ دەدەین





لەم بەشەی وتارەکەماندا، ڕاڤەیەک لە شیعری شار بخەینە ڕوو و هەر لەم ڕێگەوە ڕوانینێکی دروست لە پرس و پرۆبلمی "شار" لە شێعری سوارەدا دەستەبەر بکەین، هەتا بتوانین لە بەشەکانی تری ئەم وتارە، بپەرژێینە سەر هەندێک لایەنی بووتیقاییی شیعری سوارە.

من ئەو ڕاڤەیە بەهێنانە بەر باسی دوو خاڵ کە بەبڕوای خۆم دەتوانم لەم بارەیەدا بەکەڵک بن، پەروەردە دەکەم:

ئەلف – ئەو تێڕوانین و تێفکرینەی سووژەی ناسکاری ناو شیعری شار ڕەچاوی دەکا – و واش نییە کە ئەم سووژە ناسکارە، ناچارەکی خودی سوارە بێ – بەشێکە لە چنراوەی (بافت) ئەو تێڕوانین و تێفکرینانەی وەختی خۆی باو بووە. لەو سەردەمیدا، شۆڕشی چەپی مائۆ لە وڵاتی چین، بووبووە هۆی ئەوەی ڕووناکبیرانی چەپ، لەو پارادایمە مارکسیتییەی لە ناویاندا باو بوو بکەنە گومان و دڕدۆنگی و هەوڵی خوێندنەوەیەکی نوێ لە مارکسیزم بدەن. لەم خوێندنەوە نوێیەدا، دێ وەکو نوختە دەستپێکی شۆڕش دادەنرێ نەک شار. چونکە لە وڵاتێکی وەک ئێران و بەتایبەتی لە کوردستاندا پرۆلتاریایەک کە بەو ڕادەیە لە هێز گەیشتبێ بتوانێ ببێتە داینەمۆیەک بۆ وەدیهێنانی گۆڕانکاری بەرچاوی کۆمەڵایەتی و سیاسی، بوونی نییە و لە بەرامبەر ئەو پرۆلتاریا وەهمییەدا، ئەوە وەرزێرەکانی گوندین کە دەتوانن هێزێکی خۆ ڕێکخەر و بزوێنەر بن.

ئەم تێڕوانینە، بەچاوپۆشی کردن لە ڕادەی مەنتقی بوونی، کاتی خۆی کاریگەریەتی لەسەر شیعری نیمایووشیجیش هەبووە و ناشێ سوارە ئاگاداری بۆچوونی ئەو ڕەخنەگرانە نەبێ کە باسی هەندێک ئاماژە لە شیعری (برف)ی نیما، بۆ شۆڕشی چین دەکەن. نیما لەم شیعرەدا، باسی شۆڕشی "سوور"ی وڵاتی "زەرد"ی چین دەکا و ئێرانی شێواوی زەمانی ڕەزا شا لەگەڵ وڵاتی چین کە خۆری شۆڕشی لێ هەڵاتووە بەراورد دەکا. وشەی دیوار لەم شیعرەدا هێمایەکە بۆ دیواری چین.

زردها بی خود قرمز نشدەاند
قرمزی رنگ نیانداختە است
بی خودی بر دیوار

صبح پیدا شده آن طرف کوه "ازاکو"اما
"وازنا" پیدا نیست
گرته‌ی روشنی مرده‌ی برفی همه کارش آشوب
برسر شیشه‌ی هر پنجره بگرفته قرار

وازنا پیدا نیست
من دلم سخت گرفته است از این
میهمانخانه‌ی مهمان کش روزش تاریک
که به جان هم نشناخته انداخته است
چند تن خواب آلود
چند تن ناهموار
چند تن ناهشیار

هەر لێرەدا دەبینین وشەی "سوور" لە مەنزوومەی شیعرەکانی سوارەدا، وەکو سەمبول، خزمایەتی لەگەڵ وشەی "قرمز"ی شیعری نیمادا هەیە. ئەو کاتەی دەڵێ:

ئێوە
حاشارگری ڕووبەندی وشە
بووکی بن تارای سوور

یەکێک لە دەلالەتە ڕێتێچووەکانی ئەم شیعرە دەتوانێ ئەوە بێ کە "خەڵک ڕەنگی سوور دەکا بەئالا و هەڵی دەدا، ئێوە کردووتانە بەتارا و بەسەری خۆتان داداوە بۆ خۆدزینەوە".(٤)

زۆر بەڵگەی ئەوتۆ بەدەستەوەیە کە نیشان دەدەن سوارە وێڕای باڵی ڕادیکاڵی بزووتنەوەی کوردستان لەو سەردەمیدا، ئەو خوێندنەوە نوێیەی لە تێفکرینی چەپ، قبووڵ کردبوو.

لەسەر بنەمای ئەم ڕاڤەیە، بەم ڕاستییە دەگەین کە جارِ ڕاهێڵانی سووژەی ناسکاری شیعری، لە شیعری شاردا بۆ ڕوونکردن لە دێ، دوا جار گەڕانەوە بۆ شاری بەدواوەیە. بەڵام ئەو شارە کە سووژە بۆی دەگەڕێتەوە، ئیتر هەر ئەو شارە



چڵکن و نەخۆشە نییە کە لە شیعری گۆڕیندا لە ڕوانگەیەکی سەلبییەوە بۆی ڕۆانراوە، بگرە ئەو شارەیە لە شیعری خەوە بەردینەدا بەشێوەیەکی ئیجابی چاوی لێ کراوە. کەواتە بۆ شیکاری مانایی شیعری سوارە، شیعرەکانی "شار" و "خەوە بەردینە"، دەبێ وەکو ئاواڵ دووانە چاویان لێ بکرێ. سووژەی ناسکاریی شیعری لە "شار"دا بەرەو دێ ڕێگە دەگرێتە بەر و لە "خەوە بەردینە"دا بەڕێکخستنی تەکووز و لەسەر بنەمای هەندێک بۆچوونی ئامانیدا دیسان دەگەڕێتەوە بۆ شار، ئەو بۆچوونە تەتڵەکردنێکی شیاومان لە بارەی تێکچنراوبوونی مۆتیڤی شار لە شیعری سوارەدا بۆ دەستەبەر دەکا.

ب- "وۆلفگانگ فۆن گۆتە" لە بەرهەمی خۆیدا، "فاوست" دەبێتە گێڕەرەوەی گۆڕانکارییەکانی سووژەی مۆدێرن لە کاتی دابڕانییەوە لە سوننەت هەتا گەیشتنی بەسووژەیەکی بەتوانای گەشە پێدەر. گۆتە باسی گۆڕانکارییەکانی سووژەی مۆدێرن لە سێ قۆناغ یان لە سێ سەفەردا دەکا(٥). ئەوەی پێوەندی بەباسی ئێمەوە هەیە، هەر بەتەنیا قۆناخی یەکەمی گۆڕانکارییەکانی سووژەی مۆدێرنە. لەم قۆناخەدا، سووژە لەسەر بناغەی هەندێک خەون و خەیاڵی تازەوە، ئاسۆی ڕوانینەکانی زۆر هەراوتر دەکا. ئەو خەون و خەیاڵانە دەبن بەپێشەکی ئاڵوگۆڕێکی زۆر بەربڵاو لە ڕەوتی بەرەو پێش چوونی سووژەی مۆدێرندا و هەرچی ناوەڕۆکیان دەوڵەمەندتر بێ، سووژە لە ڕۆیشتنی بەرەو مۆدێرنیتە بە هەشتاو و تاودانێکی پترەوە ڕێگای نوێبوونەوە دەگرێتەوە. بەڵام بەرەو ڕووبوونەوەی ئەم سووژە خەون دیتووە لەگەڵ واقیعی دەوروپشتی دوو دژکردەوەی جیاوازی تێدا بەدی دێنێ:

- دژوازی جیهانی ناو خەونەکانی سووژەی مۆدێرن لەگەڵ جیهانی ڕاوەستاو و داوەستاوی دەوروپشتی لە قاڵبی هەندێک دەنگ هەڵبڕین و شۆڕش و یاخیبووندا وەدیار دەکەوێ. سووژەی مۆدێرن ئیتر ئەو هاوسەنگییەی کە پێشتر لەگەڵ جیهانی دەوروبەری خۆی هەیبوو، لە کیس داوە و ناتوانێ وەکو پێشوو ئارام و ڕەزامەندانە تەعامولی لەگەڵدا بکا.

- ئەو هەستە شۆڕشگێڕانەیە، هەر ئاوا خالیس و ڕووت بیچم ناگرێ و هەر بەتەنیا ڕووی لە داهاتوو نییە، بگرە بەئاگایانە یان نابەئاگایانە لەگەڵ هەستێکی

نۆستالژیکیش ئاوێته دەبێ. "ڕابردوویەکی جوانی لە دەست چوو، دەبێتە بابەتی خەون بینین و شەپۆلی سۆزی لە کیس دراو و ئەوین و ئاوات و دلۆڤانیەکان، لە زەیندا وەگەڕ دەکەون و لەم ڕێگەیەوە سووژە، خۆی بەکانگای وزەی ئەوتۆ دەبەستێتەوە کە دەتوانن بیبووژێننەوە... کاتێک فاوست تووشی ئەم حاڵەتە دەبێ، هەڕەتی منداڵی دێتەوە بیر. ئەو پێودانە، هەمان پڕۆژەی ڕۆمانتیکی ڕزگاری ڕۆحی و دەروونییە کە لە پڕۆسەی مێژوویی مۆدێرنیزاسیۆن و لە پانتاییی شارسازی مۆدێرندا ساڵانی زۆر دوای نووسراوەکەی گۆتە، لە سەرەتادا بەڕوانینێکی نۆستالژیک بۆ ڕابردوو و دوایەش بەڕوانینێکی ژیان بەخش بۆ چنراوە کۆنەکان وەدی هات.(٦)"

حەز دەکەم سەرنج بدەنە ڕستەی دواییی پەیڤی سەرەوە و لەگەڵ دوو ئاراستەی جیاواز لە شیعرەکانی شار و خەوە بەردینە، بەراوردی بکەن. سووژەی شیعری "شار" هەردوو ئاراستەی سەرەوەی گرتووەتە بەر. یاخیبوون و مل ڕانەکێشان بەدژی نۆرمەکانی "شاری مەوجوود" لە لایەک و هەستێکی نۆستالژیکیش بۆ گەڕانەوەی فاوستی بەرەو هەڕەتی منداڵی – کە لەم شیعرەدا لە قالبی گەڕانەوە بۆ دێ خۆیا دەبێ – هەردووکیان وەک یەک لە "شار"ی سوارەدا وەبەرچاو دەکەون.

من پێم وایە ئەگەر ئەو سووژەیە، بەشێوەیەکی بەئاگایانە ڕوانینە مەیلە و مائۆئیستییەکە ڕەچاو دەکا، ئەمجارە بەشێوەیەکی نابەئاگایانە وەبەر شەپۆلی ئەو ڕەوت و گۆڕانکاریانە دەکەوێ کە هەموو سووژە مۆدێرنەکان، کەم و زۆر دەگرێتەوە و گۆتە لە قاڵبی گێڕانەوەی سەربووردەی فاوستدا، تاوتوێیان دەکا.

ئەم دوو خاڵە ئاماژە پێ کراوە، لەم شوێنەدا یەک دەگرنەوە کە لە هەردووکیاندا سووژەی شیعری دەیهەوێ لەسەر بنەمای پڕۆژەیەکی ڕزگاریی کە هاوکات خاوەنی لایەنی شۆڕشگێڕانە و لایەنی ڕۆمانتیکە، بگەڕێتەوە بۆ دێ و بەمەشەوە نەوێستێ و جارێکی دیکە بەپڕۆژەیەکی تازەوە ڕوو لە شار بکاتەوە. بەڵام ئەم شارە، هەمان شاری مەوجوود نییە، بگرە شاری مۆدێرنە کە سووژە لە خەونەکانیدا دیویەتی. بڕواننە ئەم ڕۆیشتن و گەڕانەوەیە لەم دوو پاژەی خوارەوەدا:



ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت
گوڵم هەرێمی زۆنگ و زەل
چلۆن دەبێتە جاڕە گوڵ

وەهایە
کە کانی بەهیوا
بەهارانە لووزەو ئەبەستن بەرەو شاری دەریا

لە کۆتایی ئەم شیکارییە ماناییەدا کە تێیدا باسێکیشمان لە پێوەندی شیعری سوارە لەگەڵ شیعرێکی نیمادا کرد، لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوەی زیاتر لەسەر ئەو پێوەندییە نێوان دەقییانە و هەر لە چوارچێوەی ئەو مەنتقە ناوەڕۆکییەدا کە لەو بەشەی وتارەکەماندا ڕەچاومان کردووە، هەوڵی دەسنیشانکردنی هەندێک لە پێوەندییەکانی تری شیعری سوارە لەگەڵ شیعری شاعیرانی دیکە دەدەین.

تا ئێستا، لەسەر بنەمای پێوەندییەکانی نێوان دەقی، تەنانەت لە تاقە لێکۆڵینەوەیەکیشدا، هەوڵی دەسنیشانکردنی هەندێک لەو پێوەندییانەی شیعری شار لەگەڵ تێکستە ناسراوەکانی بەر لە شیعری سوارە لە ناو ئەدەبی گەلانی هاوسێدا نەدراوە. لە حاڵێکدا یەکێک لە بەرچاوترین وێنەکانی شیعری شار– کە تەعبیر لە دژوەستانی نێوان تیشکی دەسکردی چرای نێئۆن و تیشکی سرووشتیی مانگەشەو دەکا، لە چامەیەکی بەناوبانگی سۆهراب سپێهری واتە لە چامەی "خشپەی پێی ئاو"ەوە وەرگیراوە سۆهراب دوای ئەوەی باسی داڕووشان و خەوشداربوونی سەفای سروشت بەهۆی سەرهەڵدانی هەندەسی دیاردەکانی ناو شار دەکا، دوای باسکردنی شەڕەکان و هێرشەکان و دەستبەسەر داگرتنەکان، دەگاتە باسی قەتڵەکان و لەم باسەشدا دوای:

قتل یک جغجغه روی تشک بعد ازظهر
قتل یک قصه سر کوچەی خواب
قتل یک غصه به دستور سرود

دەگاتە ئەم وێنە باسکراوەی ئێمە:

قتل مهتاب به فرمان نئون

شاعیری شیعری شار ئەم وێنەیەی داڕشتۆتەوە و گۆڕانکاری بەسەردا هێناوە:

دەڵێم بڕۆم لە شارەکەت
لە شاری چاو لەبەر چرای نیئۆن شەوارەکەت
بڕۆمە دێ کە مانگەشەو بزێتە ناو بزەم
چلۆن بژیم لە شارەکەت
کە پڕ بەدڵ دژی گزەم

بەڵام سەرکەوتوویی بەرچاوی شیعری سوارە، لەوەدایە کە لەو کەڵک وەرگرتنەی لە ئەدەبی گەلانی تر، وێنەکانی زۆر ساویلکانە وەرنەگێڕاوەتە سەر زمان و شیعری کوردی، بگرە بەدووبارە داڕشتنێکی هونەرییەوە لە ناو ئەزموونی تایبەتی خۆیدا قاڵی کردوونەتەوە. حەز دەکەم ئەم سەرکەوتوویەی سوارە لەگەڵ ئەو وەرگێڕانە وشە بەوشەیەی شیعری فارسی هەڵسەنگینم کە هەندێک شاعیری کورد، سی ساڵ دوای سوارە ئەم وەرگێڕانانە، بەناوی تەجرەبەی شاعیرانە خۆیان بڵاو دەکەنەوە. هەروەها ئەو چەشنە سەرکەوتوویانە بەسانایی ئەو بۆچوونە ڕەت دەکەنەوە کە دەڵێ سوارە هەر بەتەنیا کەڵکی لە شیعری نیما وەرگرتووە و کاریگەرێتی شەپۆلە تازەکانی شیعری فارسی زەمانی خۆی بەشیعرەکانییەوە دیار نییە و ئەو شەپۆلانەی نەناسیوە.

هەر لە سۆنگەی ئەم سەرکەوتوویەوەیە کاتێک دەنگی سۆهراب دەبیستین کە دەڵێ:

شهر پیدا بود:
رویش هندسی سیمان، اهن، سنگ
سقف بی کفتر صدها اتوبوس
گل فروشی گلهایش رامی کرد حراج



و هەست بەوە دەکەین، بەر لە خوڵقانی شیعری شار، لەم شیعرەشدا لە بەرامبەر هەندێک دیاردەی ژیانی شارنشینی، دەنگ هەڵبڕدراوە و هەروەها هەست بەوە دەکەین ئەم شیعرە لە بارەی ناوەڕۆکەوە لە هەندێک بارەوە لەگەڵ "شار"ی سوارەدا هاوبەشی هەیە، دۆزینەوەی ئەو هاوبەشیانە، بەهیچ کلۆجێک بەم ئاکامەمان ناگەیەنێ کە "شار" لەبەر هەڵگرتنەوەیەکی سووک و چرووک و بێ تاو لەم وێنانەیە، بگرە بەپێچەوانە بەم ئاکامە دەگەین کە ئەزموونی سوارە کەڵک وەرگرتنی لە هەندێک سەرچاوەی جیاواز – کە چامەی "خشپەی پێی ئاو" بەتەنێ یەکێک لەو سەرچاوانەیە – ئەزموونێکی تایبەت بەخۆیەتی و مۆرکی دیاری پەیڤی سوارەی پێوەیە و ناسینەوەی وێنە وێکچووەکان و تەعبیرە هاوبەشەکانی لەگەڵ هی شاعیرانی تر، ئێجگار دژوارە:

لە شارەکەت کە ڕەمزی ئاسن و منارەیە
مەلی ئەوین غەوارەیە
ئەڵێی لە دەوری دەست و پێم
ئەوەی کە تێل و تان ڕایەڵە کەلەبچەیە
ئەوەی کە پەیکەرە میسالی داوەڵە
ئەوەی کە دارەتێلە مەزهەری قەنارەیە
لە شارەکەت کەمەندی دووکەڵە
کە دێتە دەر لە ماڵی دەوڵەمەند
وە تیشکی بێ گوناهی خۆر ئەخاتە بەند

٤

بڕیار وابوو خوێندنەوەی تێماتیکی شیعری سوارە، بکەین بەبنەما و بیانووی شیکاریی بووتیقایی ئەم شیعرانە. ئەگەر ئەم ڕاڤەیە کە لە بەشی پێشووی ئەم وتارەدا خستمانە ڕوو ڕاست بێ، دەتوانین بەم ئەنجامە مەنتیقیە بگەین کە لە شیعری سوارەدا بەگشتی ڕوانینی سووژەی شیعریی بۆ بابەتەکان و دیاردەکان، ڕوانینێکی تێکچنراو و کۆمپلێکسە. ئەم ڕوانینە تێکچنراوە، هەندێک جار هەتا ئەو

ڕادەیە دەچێتە پێش کە هەروەکو پێشتر باسمان کرد، بەشێک لەو بابەتە بەرناسانە، بەشێوەی پرس و پرۆبلم بەرهەم دێنێتەوە. پرسیار لێرەدایە کە ئایا ئەم بەپرس کردنە هەر بەتەنێ لە ئاستی نێوەڕۆکی شیعردا ماوەتەوە یان لە ئاستی فۆڕمێک و پێکهاتەیی شیعرەکانیشدا پرۆسەی بەپرۆبلماتیک کردن، لە گۆڕێدا هەبووە. بەدەربڕینێکی دیکە ئایا هەر ئێمە بەتەنیا لە ئاستی نێوەڕۆکی شیعری سوارەدا لەگەڵ تێکچڕاویی بەرەو ڕووین یان لە ئاستی فۆڕمیکیشدا تووشی کۆمپلێکس دەبینەوە؟

بەسووکە سەرنجێک بۆمان دەردەکەوێ کە هاوڕێژەیی (تناسب) و پێکەوە گونجانێکی زۆر لە نێوان فۆڕم و نێوەرۆکی شیعری سوارەدا بەدی دەکرێ. هەروەک چۆن لە خوێندنەوەی یەکەمی سەرجەمی شیعرەکانی سوارەدا لەوانەیە تێکچڕاویی نێوەرۆکیی شیعرەکانی سەرنجمان بۆ لای خۆی ڕاکێشێ، هەر ئاواش دەکرێ تێکچڕاویی فۆڕمیی و پێکهاتەییشیان هەر لەم خوێندنەوەیەدا، لە لایەن خوێنەرەوە پشت ڕاست بکرێ. نێوەڕۆکی کۆمپلێکسی شیعری سوارە، لە چوارچێوەی فۆڕمێکی کۆمپلێکسدا بیچم دەکرێ.

سیستمی تێکچڕاوی ڕۆنانی پەیڤ و خوڵقاندنی ئیماژ لە لایەن سوارەوە، هەر لە یەکەم بەندی چامەی خەوە بەردینەدا، وەدیارە دەکەوێ. لەم بەندە سەرەتاییەدا، تێکچڕاوکردنی فۆڕم لە دوو لایەنەوە کاری بۆ کراوە. لە پلەی یەکەمدا بۆ وێناکردنی ناوێک کە بەتاسە و تامەزرۆییەوە دەیهەوێ ڕکەی بەردین بەجێ بێڵێ و بەدەریا بگا، چوار وێنەی جیاواز لە پاڵ یەک دانراون و بەشێوەیەکی (عرضی) وێنە تێکچڕاوەکەی دواییان پێک هێناوە:

لە چەشنی گەرووی کەو
کەوی دۆمی یەخسیری زیندانی داری
پڕی سەوزە بەستەی خرۆشانی باڕی
تەرەی باوەشی تاسەباری بناری

شەپۆلی لە گوێن خوێنی شەرمی کچانە
لە سەر ڕوومەتی بووکی ڕەزا سووک



بەتینی بتاوێنی ڕوانینی زاوا
گەرمتر لە پڕشنگی تاوی بەهاری

وەکو نەرمی هەنگاوی لاوی بەرەو ژوان
لە جێژوانی زیندوو بەگیانی کچی جوان

وەکو گەرمە یاوی قەشەی دەستی تاراو
لە بژوێنی دەریای بلوورینی بەروێ
لەگەڵ گاشەبەردا سەر ئەسوێ، سەر ئەسوێ

"ئەم ئاوە وەک گەرووی کەوەکە، وەک شەپۆڵی خوێنەکە، وەک نەرمە هەنگاوی لاوەکە و وەک دەستە تاراوەکە، خۆ بەدیواری ئەو کێوەدا دەدا کە تێیدا یەخسیرە.[٧]" بەڵام ڕەوتی ئەم تێکچنینە، هەر بە لە پاڵ یەک دانانی وێنە عەرزییەکان کۆتاییان پێ نایە، بگرە لە پلەی دووهەمدا هەندێک لە وێنەکان، جیا لەوانی تر بەشێوەکی (طولی) و بەسازکردنی وێنەی بەناویەکداچوو، بەرەو تێکچنراویی زیاتر دەڕۆن. بۆ نموونە لەو جێگایەدا کە تامەزرۆیی ئاو بۆ گەیشتنی بەدەریا بەتامەزرۆیی دەستی تاراو لە سنگ و بەرۆکی خۆشەویستێک شوبهێنراوە، تامەزرۆیی دەستی تاراویش جارێکی دیکە بەتاسەی ماسییەکی لە ئاو دەرهاوێژراو شوبهێنراوە. بەم شێوەیە، لە دوو تەشبیهی بەناو یەکداچوودا، سێ ماکەی جیاوازی: ئاوی دوورکەوتە لە دەریا، دەستی تاراو لە بەرۆک و ماسی دەرهاوێژراو لە ئاو لەسەر بنەمای مەنتقی شیعریی، پێوەندییەکی گونجاویان لە نێواندا ساز کراوە.

لە چەشنی ئەم وێنە بەناویەکداچووانە، نموونەی تریش، هەر لەم چامەیەدا دەدۆزرێتەوە. بڕواننە ئەم برگەیە:

هەتا جۆگە ئاوێ بەوشکی دەبینم
ئەڵێی مێرگی ڕوخساری کیژێکی کاڵ و مناڵە
بەکووزی تەمەن جاڕە جوانێکی پڕ خەوش و خاڵە
تەشەنداره جەرگی برینم

لەم بڕگەیەدا، جۆگە ئاو شوبهێنراوە بەڕوخساری کیژێکی کاڵ و مناڵ و ڕوخساری کیژەکەش شوبهێنراوە بەمێرگێک. "چۆن مێرگ دێنی... جووتی بەناودا دەکەی و کووزی بەسەر داێنی (و) دەیڕووشێنی، ڕوخساری ئەم کیژە کاڵ و مناڵەش ئێستاکە بۆتە (ڕوخساری) ژنێکی پیر (کە) بەکووزی تەمەن، شوێن شوێن کراوە"[^(٨)]

هەر ئەم تێک تەنران و بەناویەکداچوونی پەیڤ و وشەی وێنەیەیە کە لە ساکارترین شێوەی خۆیدا بەچەشنی (تتابع اضافات) بەرهەم دێتەوە:

**منێ کە گۆچی تاوی گەرمی بەر دەوارەکەی عەشیرەتم** (٥ ئیزافە بەدوای یەکدا)
**بەدارەتەرمی کووچە تەنگەکانی شارەکەت** (٣ ئیزافە بەدوای یەکدا)
**ڕانەهاتووە لەشم**

**بەو دەمەت کە بۆنی سەد بەهاری لێوە دێ**
**بۆنی دەشتی بەختیاری باوەشی چیای بەدەشتی با**
**بەگوڵ چناوی لێوە دێ** (٧ ئیزافە بەدوای یەکدا – لەگەڵ دێڕی پێشوودا)
**بۆنی سەر سەکۆی بەکاگڵی بەئاو پژاوی لێوەدەی** (٣ ئیزافە بەدوای یەکدا)
**پێم مەڵێ کە داکەوم**

جگە لە تەنەوەپێدانی وێنە بەدوو ئاڕاستەی جیاوازدا، هەر لە بنەڕەتدا سیستمی وێنەسازی لە بووتیقای شیعری سوارەدا، سیستمێکی جیاواز لەو شێوەیە وێنەسازییانەی بەر لە شیعری سوارە تەجرەبە کراون.

دەزانین لە ئەدەبدا وشەکان "بە شت دەکرێن". لە دۆزەخێکی ئارامدا، وشەی ناو دەقێکی ئەدەبی، نەک وەکو نیشانەی شتێکی تر، بگرە وەکو شت یان چشتێکی (عین) سەربەخۆ چاوی لێ دەکرێ. ئەم گوتەیە بەم مانایەیە لە ناو دەقی ئەدەبیدا، وەک دیاردەیەک دەور دەگێڕێ کە بەر لەوەی پێویست بێ فام بکرێ، گەرەکە – بەگشتیترین مانای هەست پێکردنەوە – هەستی پێ بکرێ. بیرۆکەی بەچشت بوون یان کریستاڵیزەبوونی وشەی ناو دەقی ئەدەبی، دەکرێ تەنەوەی پێ بدرێ و دەقی ئەدەبی لە گشتایەتی خۆیدا، وەکو شتێک کە دەکرێ ڕاستەوخۆ بەبێ نێونج هەستی پێ بکرێ، لە بەرچاو بگیرێ. بەم شێوەیە نووسەر دەتوانێ بەستراتێژییەکی تازەوە،



وێنەیەکی تەواو زەینی لە دیاردەیەک ساز بکا کە ئەم وێنە زەینییە بتوانێ، هەمان ئەو شوێندانانە وەدی بێنێ کە ڕووداوە واقیعییەکان لە سەر زەینی دادەنێن. لێرەدا دەڵێین ئەم وێنەیە بە شت کراوە.

بەر لەوەی قسە لەم شێوە تازەیەی وێنەسازی بکەین، با چەند نموونەیەک لە شێوەی کۆنی وێنەسازی بێنینەوە. پێکەوە هەردوو بڕگە شیعری خوارەوە دەخوێنینەوە:

هێمن:

وەنەوشەی جوانی خۆش بۆ
هاتە دەر لە لێوی جۆ
دار دەری کردووە چرۆ
کەروێشکەی کرد گەنم و جۆ

گۆران:

قژ کاڵی لێو ئاڵی، پڕشنگی نیگا کاڵ
ئەی کچە جوانەکەی سەر گۆنا نەختێ ئاڵ

لەم دوو شیعرەدا دوو وێنەی جیاواز خوڵقاون. بەڵام لە هەردووکیاندا کەڵک لە شێوەیەکی هاوبەشی وێنەسازی وەرگیراوە. لەم شیعرانەدا، ڕاستە کە دوو چشتی کریستالیزە کراوە زمانیان لە بەردەست دایە، ئەمما لەوانەیە هەمان ئەو شوێندانانەی خۆێندنەوەی ئەم وێنە شیعرییانە لە سەر زەینمانیان دەبێ بەبینینی دوو دیمەن واقیعیش وەدی بێن.بەڵام ئەم وێنەیەی خوارەوە دەخوێنینەوە، پەی بەم ڕاستیە دەبەین کە گەرچی ئەم وێنەیە تا ڕادەیەکی زۆر زەینییە و ئێمە لەسەر بناغەی تێگەیشتنی هاوبەشمان (common sense) ناتوانین لە جیهانی واقیعدا تووشی وێنەیەکی ئاوا بین، بەڵام ئەم وێنە شیعرییە زەینییە، هەر ئەو شوێندانانە لەسەر زەینمان بەجێ دێڵی کە دیمەنێکی واقیعی دەیبێ.

گەلێ گۆلە لەو چۆمە یەخسیری خاکن
بەڕوویا گەڵا وەک چەمۆڵەی کلۆڵی وەریون

گەمارۆی زەلی نێزە وا تەنگی پێ هەڵچنیون
که بێ دەرفەتی پێکەنین بەسەد بەرزگی بەردە ماسی

لەم شـیـعـرەدا، دیمەنـی ئەو زەردەمـاسـیـانەمـان پێـشـان دەدرێ کـه لـه بن ئاوی گۆلێکدا، خۆیان وەردەگێڕن و ئـەگەر ڕوون بێ، بـەم کارەیان بەرزگی سپـیـان وەدیار دەکەوێ. (لـه زمـانـی کـوردیدا بەم خـۆ وەرگـێڕانەی مـاسـی دەڵێن سـپـیـاو کردن[٩]) شاعیر ئەو بەرزگە سپییانە بەددانی مرۆڤێک دادەنێ که له کاتی پێکەنیندا وەدیار دەکەون و دەیهەوێ بڵێ ئەم گۆلانە که گەلای وەریویان وەک چەمۆڵە لێنراوە، دەرفەتی پێکەنینیان لێ سەندراوەتەوە. بەئاشکرا دەبینین که لێرەدا سیستمی وێنەسازی، سیستمێکی جیاوازە. لێرەدا، وێنەیەکی ناواقیعی، ڕێک وەک دیمەنێکی واقعی ئۆبژەکتیڤ کراوە و قەبارەی پێ دراوە. نموونەی ئەم چەشنە قەبارە و بارستانە بەدیارەیەکی زەینی، لەم وێنەیەی خوارەوەشدا بەدی دەکرێ:

کوا شەنگە سوار
که درەوشانەوەی پەڕی سەری ئەسپی
چاوێک بخاتە بیری تلووعێ

هەر لەسەر بنەمای ئەم ڕوونکردنەوەیە، دەتوانین پەی بەچۆنیەتی تێپەڕاندنی شاعیر له شێوەی ڕۆنانی پەیڤ بەر له خۆی ببەین. کاتێک سوارە دەڵێ:

له پەنجەرەی نیوەتاکی بوومەڵێلەوە
چاوی من له دیمەنی کچی بەیانییە
له حەنجەرەی زەمانەوە
گوێم له زەمزەمەی زوڵاڵی خیزە وردەکانی کانییە

زۆر ڕێگای تێ دەچێ بۆ وەسفی خیزە وردەکانی کانی، کەڵکی لەم شیعرەی گۆران وەرگرتبێ:

کانیەکی ڕوونی بەر تریفەی مانگەشەو
له بنیا بلەرزی مرواری، زیخ و چەو
جوانترە له لای من له دەریا بێ سنوور
شەپۆلی باتە بەر تیشکی ڕۆژ، شڵپ و هووڕ



ئەوە له حاڵێکدایە دیمەنی خیزی وردی بن کانییەکی بەر تریفەی مانگەشەو، له شیعری گۆراندا، هەر له ئاستی وێنەیەکی ڕۆمانتیکی ساکاردا دەمێنێتەوە. کەچی سوارە ئەم وێنەیەی وەکو مادەیەکی خاو، بۆ دروستکردنی وێنەیەکی تێکچنراوتر بەکارهێناوە. ئەم وێنە تێکچنراوە، بەپاڵدانی دەنگی "زەمزەمەیەکی زوڵاڵ" وەلای ئەم خیزە وردانە که "له حەنجەرەی زەمان"ەوە دەگاتە گوێی منێکی شیعری، که ئەو منە شیعرییەش له "پەنجەرەی بوومەڵێلەوە" دەڕوانێتە "دیمەنی کچی بەیان"، بیچم دەگرێ.

هەر تێکچنراوبوونی فۆڕمی ئەو شیعرانەیە که شیعری سوارەی – تا کاتی خۆی – کردووە بەشاریترین شیعری کوردی. له پێکهاتەخوازی ڕسکانەییدا (ساختارگرایی تکوینی genetic structuralism) باسی ئەوە دەکرێ که له پرۆسەی پێکهاتنی دەقدا، فۆڕماسیۆنی کۆمەڵایەتی پێوەندی لەگەڵ داڕشت و پێکهاتەی دەقی بەرهەم هاتوو لەو کۆمەڵگایەدا دەبێ. ئەگەر ئەو گریمانەیە قبووڵ بکەین که "شار" وەک چەمک و وەک چشت، بابەتێکی تێکچنراوە، دوا جار دەتوانین هاوشێوەی ئەم تێکچنراوییە، هەم له ناوەرۆک و هەم له فۆڕمی شیعری سوارەدا بدۆزینەوە. – هەروەک چۆن ئەگەر لێک ترازان و لەبەر هەڵوەشانەوەی پێوەندییەکان لەو کۆمەڵگایەی "وێرانە خاک"ی ت. س ئەلیۆتی تێدا بەرهەم هاتووە قبووڵ بکەین، هاوشێوەی ئەم لێک ترازانە له فۆڕم و پێکهاتەی ئەو قەسیدەیەشدا بەجوانی بەدی دەکرێ.–

من پێم وایە چەواشەترین ئاراستە که لەم بارەیەدا دەکرێ بەنیسبەتی شیعری سوارە ڕەچاو بکرێ، ئەوەیە که هەر بەبەڵگە هێنانەوە له موفرەداتی شیعری سوارە و لەسەر بنەمای لێکدانەوەیەکی مانایی پەتی، بمانهەوێ بەدوای ڕوونکردنەوەی سروشتی ئەو شیعرانەدا بین. ڕاستە له گەڕان بەدوای ئەم موفرەداتەدا، زۆر جار لەگەڵ مۆتیڤی ئەوتۆ بەرەو ڕوو دەبینەوە که باری ڕۆمانتیک یان ناتوورالیستیان هەیە، بەڵام لەم بارەیەدا نابێ دوو خاڵمان له بیر بچێ:

– ڕۆمانتیزمی شێعری سوارە، گونجاو لەگەڵ سەمبولیزمەکەیەتی و سەمبولیزمەکەش گونجاو لەگەڵ ڕۆمانتیزمەکەیەتی. هەر ئەم تێکەڵاوبوونەیە که سروشتێکی تایبەتی داوە بەشێعرەکانی سوارە.

– ئاراستەی ڕێشاندەتر ئەوەیە که بۆ دۆزینەوەی سروشتی شێعرەی سوارە، نەک

له موفرەداتی شیعرەکان، بگرە لە پلەی یەکەمدا لە سینتاکس و هەروەها لە پێکهاتەی شیعرەکان ورد ببینەوە و لە دووهەمدا، ڕادەی هەرابوونی جیهانی ئەو مانایانەی شێعر دەیانخولقێنێ بکەینە پێوانەی ڕادەربڕینمان.

ئەگەر ئەو ئاڕاستە ناڕاستەی باسی لێوە کرا ڕەچاو بکەین، دەبێ بڵێین لە زەمانی نیمادا، شیعری نیما نموونەی گوندیترین شێعری کاتی خۆی بووە. چونکە موفرەداتی شیعری نیما زۆربەیان دەلالەت دەکەن بۆ ژیانی ناو سروشتێکی دەست لێ نەدراوی دوورە شار، بڕوانن لەم نموونە شیعرەی خوارەوەی نیمادا، چۆن سینتاکس کۆمپلێکسی شیعرەکە، موفرەداتی گوندیی هەندێک جار ڕۆمانتیک و هەندێک جار ناتۆرالیستی شیعرەکەیان لە ڕایەڵەیەکی تۆکمەی ئەوتۆدا ڕێک خستووە کە وات لێ دەکەن هەست بکەی ئەم سیستمی پەیڤە، نەک لە زەینێکی ساکارەوە بگرە بەپێچەوانە لە زەینێکی سیستماتێکی تێکچنراوەوە، سەرچاوەی گرتووە:

ترا من چشم در راهم شباهنگام
که می گیرند در شاخ "تلاجن"سایه‌ها رنگ سیاهی
وزان دلخستگانت راست اندوهی فراهم،
ترا من چشم در راهم
شباهنگام، در آندم که برجا دره‌ها چون مرده ماران خفتگانند؛
در آن نوبت که بندد دست نیلوفر به پای سرو کوهی دام
گرم یادآوری یانه، من از یادت نمی کاهم
ترا من چشم در راهم

هەر بەم شێوەیە، تەنیا بۆ ساتێکیش ناتوانین بیر لەوە بکەینەوە کە ئەو سیستمە داڕشتەی لەو بڕگەیەی خوارەوەی شێعری سوارەدا بەدی دەکرێ، لە سیستمێکی تێکچنراوی بەرهەم هێنانی پەیڤ کە تایبەت بەزەینییەتێکی کۆمپلێکسە بەرهەم نەهاتبێ:

هەتا بیری تاڵی گڕاوێ
بەدڵما گەڕاوە



هەتا یاد ئەکەم ئاوە بەو ورمە بەردینە کاری کراوە
ئەڵێم سەد مەخابن
وەجاخێ کە ڕووگەی هەزاران نزای شینە باهۆی بەتاسەن
وە بۆژینەوەی هەست و هان و هەناسەن
چلۆنە کە بیژووی گڕاوان ئەبین
لە نێو چاوی ئەو خانەدانە
لە هی چۆنە پیتی بڕاوە

٥

قسە کردن لە بابەتی تێکچنراویی یان ساکاریی فۆڕمی شیعر، دەرفەتێکی لەبارە بۆ هەڵسەنگاندنێکی شیکارانەی شیعری سوارە لەگەڵ شیعری گۆران. لەوانەیە یەکەمین جیاوازی و دژ وەستان کە لە خوێندنەوەیەکی بەراوردکارانەی سەرپێیی بەرهەمی هەردوو شاعیری سەرەوە، سەرنجمان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ، ساکاربوونی چنراوەی شیعری گۆران لە بەرامبەر تێکچنراوی شیعری سوارەدا بێ. ئەم ساکاربوونە وای کردووە دەرەتانی ئەوە هەبێ شیعری نوێی گۆران – جگە لە چەند نموونەیەکی دەگمەن – لە لایەن زەینی خوێنەرێکی نائاشنا بەشیعریش بەسانایی هەڵتاوێندرێ.

کوڕ:

بڕوانە شاییە چۆپییە لەو ماڵە
گوێ بگرە زوڕنایە دەهۆڵە شمشاڵە
زەرد و سوور تێکەڵ بوون، ژن و پیاو هەرایە
لەو ناوە هەر هاڕەی هەیاسەی تۆ نایە

کچ:

گوڵ نەبێ بۆ سەرم، ئاڵ چەپکێ زەرد چەپکێ
نایەم بۆ زەماوەن نایەم بۆ هەڵپەڕکێ

لە بیرمان نەچێ کە ساکاریی یان تێکچنراویی نابێ وەکو فاکتەرێک لە لای فاکتەرەکانی دیکە چاویان لێ بکرێ. لە ڕاستیدا ساکاریی یان تێکچنراویی لە ئەنجامی تەرکیبی چەندین فاکتەری ورد و هەراوی فۆڕمیی و مانایی، بیچم دەگرێ. بەدەربڕینێکی تر، دەق بەر لەوەی لەسەر ساکاربوون یان تێکچنراو بوون ساغ بێتەوە، لەسەر هەندێک فاکتەری دیکە ساغ دەبێتەوە کە کۆی ئەم فاکتەرانە دەبنە هۆی ساکاربوون یان تێکچنراویی دەق.

خاڵی شیاوی سەرنج لەمەڕ شیعری گۆران ئەوەیە کە لە شیعرە کلاسیک و عەروزییەکانیدا – لە چاو شیعرە نوێیەکانی – تێکچنراوییەکی قووڵتر و بەرفراوانتر بەدی دەکرێ. لە ڕاستیدا هەڵگەڕانەوەی گۆران لە ڕێساکانی شێعری عەرووزی، هەڵگەڕانەوە لە فۆڕمی گران ڕۆیشتنی بەرەو جۆرە پەیڤێکی ساکاریش بوو. هەر بۆیە تێکچنراوترین و فۆڕمیکترین شێعری گۆران، کاتێک دەنووسێ کە شاعیر دیسان سیلەچاوێکی کردووەتەوە ڕێساکانی شیعری عەرووزی. بەبڕوای من "جیلوەی شانۆ" تێکچنراوترین و پێکهاتەمەندترین شیعری نوێی گۆرانە:

لە جەرگی پەردەوە تک تک دڵۆپێ عوود ئەڕژا
بەنووکی تەئسیری
تەرەب ئەهاتە خرۆش، تالعی سروور ئەپژا
بەئاهی دڵگیری
کەمان – شەهیق و زەفیری فرشتەیی ئەلحان–
ئەکەوتە ناو دڵی مردوویش هەناسەی هەیەجان

دەزانین ئەم یەکەم پلەبوونە لە بارەی پێکهاتەمەندییەوە لە شیعری سوارەدا، بەباڵای "خەوە بەردینە" دەبڕێ. هەر لەسەر ئەو بڕوایەم کلیلی سەرکەوتوویی بۆ پێکەوە هەڵسەنگاندنی شیعری گۆران و شیعری سوارە، بەراوردی نێوان ئەم دوو شیعرانەیە. خاڵی شیاوی سەرنج ئەوەیە کە خودی سوارە لە شیعری "خەوە بەردینە"دا ئاماژەیەکی زۆر زیرەکانەمان بۆ ئەو بەراوردکارییە دەداتێ.

ئەڵێی پێکەنینی کچی سەرگورشتەی قەدیمی
لە ئەندامی تاپۆی وەکو بوومەلێڵی



– سنووری شەوی دوێنێ، ئەورۆ بەیانی –
پەچەی قورسی نیسیانی ئینسانی لادا

سەرنج بدەنە تەعبیری نیسیانی لەم بڕگەیەدا. هەردوو وشەی ناو ئەم دەستەواژەیە بەجیا لە ناو شیعری "جیلوەی شانۆ"ی گۆراندا هەن و لەم شیعرەدا بوونەتە وشەی سەروا:

مەتاعیبی گوزەران
هێواش هێواش ئەتکێتە دەروونی نیسیانێک
کە ڕەمزی لەززەتە، میفتاحە بۆ تەلیسمی ژیان
ژیانی ئینسانێک

جگە لەم چەمک خواستنە هەندەکییە، هیچ چەشنە وێکچوونێکی پێکهاتەیی و مانایی دیکە لە نێوان ئەم دوو شیعرەدا بوونی نییە. بەبەراوردکردنی ئەم دوو شیعرە، بەسانایی دەیسەلمێنین کە سوارە شیعری نوێی کوردی بەرەو جۆگرافیایەکی دیکە و کەشوهەوایەکی دیکە گواستۆتەوە.

حەز دەکەم بۆ ساتێک بیر لە وەڵامی ئەم پرسیارە بکەنەوە کە درێژەی مەنتقی شیعری گۆران و شیعری سوارە، هەر کامەیان بەجیا بۆیان هەیە بەرەو چ ئاقارێک ڕێگە ببڕن؟

ڕەخنەگرانی ئێرانی پێیان وایە کە شێعری نیما وەکو ڕووبارێک وایە کە شاعیرانی دواتری لە هەر شوێنێکی ئەو ڕووبارە کە ویستوویانە، ئاویان هەڵگرتۆتەوە. مەبەستی ئەو ڕەخنەگرانە ئەوەیە کە بۆ نموونە شێعری ساکاری شاعیرێکی وەکو فەرەیدوونی موشیری و شێعری تێکچنراوی شاعیرێکی وەکو یەدوڵڵا ڕوئیایی هەردووک وەکو یەک، ڕیشەیان دەگەڕێتەوە سەر شیعری نیما. شێعری نیما درەتانی هەردوو شێوە بەرهەم هێنانی شیعریی هەیە.

داوەرییەکی لەم چەشنە لە بارەی شیعری گۆراندا وەڕاست ناگەرێ. هەر لەم سۆنگەیەوەیە کە لە شێعری شاعیرانی نەوەی پاش گۆران واتە لە شیعری شاعیرانێکی وەک کاکەی فەللاح و ع. ح. ب و کامەران موکریدا، دۆزینەوەی

بەلێشاوی شیعری ساکار و سست و ناهونەری، کارێکی دژوار نییە. ئەو مەنتیقە بنەمای نووسینی شیعرێکی وەک ئەم شیعرەی خوارەوەی کاکەی فەللاحی پێک هێناوە، مەنتقی باوی زۆر شیعری شاعیرانی دوای گۆرانە:

خوا پەرست بم، لە خوا زیاتر
خۆم خۆش ئەوێ
ئەگەر دنیا پەرستیش بم
زۆر زۆر لەم دنیایە زیاتر
خۆم خۆش ئەوێ
ئەوەندە من خۆم خۆش ئەوێ
لەبەر تۆیە، تۆم خۆش ئەوێ

هیچ کام لە شاعیرانی دوای گۆران – لەگەڵ ئەوەی کە هەندێ جار جیاوازییەکی زۆر لە نێوانیاندا بەدی دەکرێ و بۆ نموونە شیعری ئەحمەد هەردی لە شیعری هاوالآنی بەرچاوترە – لە گۆرانیان تێنەپەڕاندووە. من پێم وایە ئەم تێپەڕاندنە لە کوردستانی باشووردا، هەتا سەرهەڵدانی گەڕیانێکی ئەدەبیی وەک ڕوانگە یان سەرهەڵدانی شاعیرانێکی وەک ڕەفیق سابیر لە دەرەوەی جەغزی ڕوانگەدا، دوا دەکەوێ. بەشێک لە هۆیەکانی ئەم دواکەوتنە دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی شیعری گۆران.

ئەوە تێزێکی ناڕاستە بڵێین وەک چۆن شێعری نیما بەگوژمێک، شێعری فارسی نوێ کردەوە، هەر ئاواش گۆران بەتەکانێک شیعری کوردی نوێ کردەوە. بەڵام تێزی ناڕاستتر ئەوەیە بڵێین شیعری گۆران لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا دەورێکی کەمی هەبووە. من پێم وایە لە نێوان ئەم دوو بۆچوونە ناڕاستەدا، دەتوانین تێزێک ڕەچاو بکەین کە لەگەڵ واقیعی مێژووی ئەدەبی کوردیدا، زۆر باشتر ڕێک دەکەوێ: شیعری کوردی نەک بەگوژمێک و لەسەر دەستی تاقە کەسێکدا، بگرە بەشێوەی پرۆسەیەکی بەر درێژتر وەکو گەڕیانێکی مێژوویی نوێ بووە. یەکەمین گوژم سەرکەوتووانە لە لایەن گۆرانەوە وەدی هات، لە شیعری گۆراندا جگە لە تێکدانی ڕێساکانی وەزنی عەرووزی، لەگەڵ هەندێک تایبەتمەندی وەک پێکهاتنی



جوانیناسییەکی پاژبینانەی ماددی، لە بەرامبەر جوانیناسی گشتبینانە و لاهووتیی شیعری کلاسیک و هەروەها پێکهاتنی کەشوهەوایەکی دراماتیکی زیندوو، لە زۆربەی شیعرەکاندا بەرەو ڕووین. ئەم گوژمە بەراییە تەکانێکی لە گوێن گوژمی شیعری سوارەی پێویست بوو هەتا پێکەوە، لانی خوارووی مەرجەکانی تازەکردنەوەی شیعر پێک بێنن.

نکۆڵی لەوە ناکرێ کە بەهۆی بارودۆخی تایبەتی و لێک دابڕانی بەشەکانی کوردستان، مێژووی ئەدەبی کوردی لە دەیەکانی ڕابردوو، لە کات و شوێنێکدا نووسراوەتەوە کە نووسەرەکانی ئاگاداری هەموو گەڕیانە ئەدەبییەکان نەبوونە. حەق نییە کە توێژەران و ڕەخنەگرانی ئەمڕۆ کە ئاسۆیەکی بەرفراوانتریان لە بەرچاوە و زانیاری زۆرتریان لە بەردەست دایە، بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانە ڕەوتی نووسرانی مێژووی ئەدەبی گەلەکەیان تاوتوێ نەکەن.

من پێم وایە لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا، شیعری سوارە، گوژمی دووهەم بوو؛ گوژمێک کە قەرەبووی هەندێک لە کەموکووڕییەکانی شیعری گۆرانی کردەوە.

## ٦

سەمبولیزمی شێعری سوارە، سەمبولیزمێکی کۆمەڵایەتییە. واتە مانای شاراوەی ناو شیعرەکانی، زۆر جار ئاراستەیان بەرەو بابەتگەلی کۆمەڵایەتی و سیاسییە. هەر ئەم تایبەتمەندییە وای کردووە، هەندێک جار شیعری سوارە لەجیاتی کەڵک وەرگرتن لە سەمبۆلی فرەمانای ئەوتۆ کە بۆ مانایەکی دەسنیشانکراو دانابەزێندرێن، لەو چەشنە کۆدانە وەربگرێ کە بەپێی هەندێک گرێبەستی دیاریکراو، ماناکانیان ڕوون و ئاشکرایە. هەندێک جار شیعرەکان لەم دۆخەش دەترازێن و مەبەستەکان تێیاندا دەرووتێنەوە. ئەمە لایەنی بێ هێزی شێعری سوارەیە. ئەگەر بەم پێوانەیە بڕوانینە شیعری سوارە، لەگەڵ دوو جەمسەری دژ بەیەک بەرەو ڕوو دەبینەوە:

جەمسەرێک کە تێیدا سەمبولیزمێکی هونەریی فرەمانا وەبەرچاو دەکەوێ و لە نموونەی وەک (**کوا شەنگەسوار/ کە درەوشانەوەی پەڕی سەری ئەسپی/ چاوێک بخاتە بیری تلووعێ**) وەدیار دەکەوێ و جەمسەرێکیش کە تێیدا، ئاماژەکان ئاشکرا

دەبن و "تاپۆ" لە کەشوهەوای کاتی "بوومەلێڵ" دەردەکەوێ زەق و زۆپ لە چاوتدا خۆی دەنوێنێ وەک:

(بەڵام ئەمڕۆ/ کە هەر ساتێ دڵی دایکێ/ لە کوردستان هەڵئەقرچێ/
بەهەر بۆمبای سووتێنەرێک، پێشمەرگەیەک/ داری چاکێک
دائەقرچێ/ نەتکوتبایە لایەکی بیرم لای تۆیە)

ئەم ململانێیە بەئاشکرا لە شیعری سوارەدا وەدیار دەکەوێ. سوارە، لە لایەکەوە خەریکی گواستنەوەی تازەترین تەجرەبە هونەری و تەکنیکییەکان بۆ پانتایی شیعری کوردی دەبێ و بۆ نموونە لە شیعری "بانگەوازی پەنجەرە"دا، سەرکەوتووانە هاوشێوەی ئەو ئەزموونەی فرووغی فەڕوخزاد بەکەڵک وەرگرتن لە ڕاوێژ و زمانی ئاخافتنی ڕۆژانە تێیپەڕاند، بەتاقی دەکاتەوە. بەچەشنێک کە زمانی ئەم شیعرە لەگەڵ زمانی "خەوە بەردینە" تەعبیر لە دوو تەجرەبەی زمانیی سەرکەوتووی تەواو لێک جیاواز دەکەن:

تەوژم و تین ئەگەڕا
ئەگەڕا نوتفەدانی پەنجەرەکان
وەماڵی بێ زگ و زا
پڕ ئەبوو لە تۆوی بەهار
شنە هەمیشە وەکو
وێردی زاری پەنجەرە
ئەبوو بەسەر بەندێ
لە قاپی سەوزی زەمەندا
دووپات ئەکراوە
منیش دڵم پشکووت
بەڵێنی دەعوەتی ڕەنگینی پەنجەرەی تاکی
بەرەو بەهارمدا

لە لایەکی دیکەشەوە کاتێک سوارە بۆ هەرێمی شیعری فارسی دەڕوانێ، دەبینێ تەنانەت "پێشمەرگە" وەکو مۆتیڤێک چۆتە ناو شێعری سیاسی فارسیشەوە. ئیتر



لەم پێودانەدا، شاعیر نەیتوانیوە خۆی لە ختووکەی ڕووتاندنەوەی مەبەست ببوێرێ. شاعیرێک بەناوی "میرزا اقا عسکری"دەڵێ:

ای نبرد افزارت همه
مهربانی و انتظار
بنگر
از کوه به زیر می آورند پیشمرگه را
پیچیده در شولای بلند مرگ
نامش شهابی است سوزان

هەر لەم سۆنگەیەوە دەبینین شیعرێکی وەک "کچی بەیان" کە خاوەنی دەسپێکێکی بەرز و هونەرییە، کاتێک دەگاتە ئەم دێڕانەی خوارەوە، لەباری هونەرییەوە ئیتر بەرەو لێژایی دەچێ:

ئێمە نوێنەری خەباتی ڕۆژهەڵات
ڕۆژهەڵاتی سووری ئاگرین
فێر نەبووین بەزین و دابەزین
ڕانەهاتووە چاوی قارەمانی کورد
بە شەونمی گرین

بەڵام ئەوانە "ئەسکوند و چاڵی" شیعری سوارەن. تۆ ناتوانی ئەسکوندەکانی شیعری سوارە بناسی هەتا چاڵەکانیشی نەناسی. ئەزموونی شیعری سوارە بەگشتی، ئەزموونێکی سەرکەوتوو بوو. هەموو ئەو ئەزموونە سەرکەوتووانە، ئەزموونە سەرەتاییەکانی سوارە بوون. لەوانەیە بەرزترین شیعرەکانی سوارە، ئەو شیعرانە بووبن کە قەدەر نەیهێشت هەرگیز لە گەرووی پڕی سەوزە بەستەی، بەلووزەو بڕژێنە دەرێ و چاویان بەدنیای ڕوونی ئەدەب هەڵبێ.

### مانای هەندێک وشە و زاراوەی ناو ئەم وتارە:

گوژم: (تەکانی توند)

بژاردە بێژی: گزین گویە، قطعە نویسی

تێکچنراو: پیچیدە

تێکچنراوی: پیچیدگی

دژوەستان: تقابل

خیچان: سوختن در بازی

تەتڵە کردن: تبیین (explanation)

یەکانگیر: منسجم

ناچارەکی: ناگزیر

چنراوە: بافت

گوندی: (خەڵکی دێ)

ڕێتێچوو: محتمل

شیمانە: احتمال

گۆرین: مذکور

تەکووز: منظم

هەشتاو: شتاب

هەوار: ١- وسیع ٢- کلان

دەنگ هەڵبڕین: اعتراض

داوەستاو: (مەییو)

هاوسەنگیی: تعادل

پێودان: ١- (ڕێ و شوێن) ٢- حالت

ئاراستە: ١- جهت ٢- جهت گیری

خۆیا بوون: ظهور کردن

لەبەرهەڵگرتنەوە: کپی (copy)

هاوڕێژەیی: تناسب

هاوڕێژە: متناسب



بەناویەکداچوو: متداخل

تەنەوە پێدان: بسط دادن

چشت: (تشت)- عین

ڕسکانە: ژن (gene)

ڕسکانەیی: ژنتیک، تکوینی

هەڵتاواندن: هضم کردن

هەڵتاوێندران: هضم شدن

هەندەکی: جزئی

هەمەکی: کلی

گرێبەست: قرارداد

### سەرچاوەکان:

١- بابک احمدی، ساختار و تاویل متن، نشر مرکز، تهران، ١٣٨٠، ص ٢١٣

٢- همان، ص ٢١٣

**٣-** جاناتان کالر، نظریەی ادبی، ترجمەی فرزانە طاهری، نشر مرکز، تهران، ١٣٨٢، ص ٨٧

٤- ئەم لێکدانەوەیە هی سەلاحەددینی موهتەدییە. بڕوانە ئەم سەرچاوەیە:

- محەمەد بەهرەوەر، سوارە و پەخشانی کوردی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٢٦٣

**٥-** بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

- یوهان ولفگانگ فون گوتە، فاوست، ترجمەی م. ا. بەآدین، انتشارات نیلوفر، تهران، ١٣٨٢

- مرتضی هادی مقدم، شهر و مدرنیتە، سازمان چاپ و انتشارات وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامی، تهران، ١٣٧٩

- مارشال برمن، تجربەی مدرنیتە، ترجمەی مراد فرهادپور، انتشارات طرح نو، تهران ١٣٧٩

٦- مرتضی هادی جابری مقدم، شهر و مدرنیتە، سازمان چاپ و انتشارات وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامی، تهران، ١٣٧٩، ص ١١١

**٧-** ئەم لێکدانەوەیە هی مارف ئاغاییە. بڕوانە سەرچاوەی ژمارە ٤ ل ١٦٨

٨- ئەم لێکدانەوەیە هی سەلاحەددین موهتەدییە. بڕوانە سەرچاوەی ژمارە ٤ ل ٢٨٣

٩- ئەم لێکدانەوەیە هی ئەحمەد قازییە. بڕوانە سەرچاوەی ژمارە ٤ ل ٢٠٤

## بەنێوی خودای گەورە

تامی دەچێ واتە کە دەیجووری بەزار
جوانە لە ڕێی دیدەوە بتکێتە خوار
بۆ وتە و هەستی دەروون چاوەڕێم
بەستەڵەکە گیانە هەرێمی وتار

محەمەد نوری

من ئێستاش هەر کاتێک سوارەم دێتەوە بیر، یا لە نووسراوەیەکا یادنامەیەکی دەخوێنمەوە، یا گاهێ دۆست و ڕەفیقێکی باسێکی ئەوم بۆ دەگێڕنەوە دڵم پڕ دەبێ لە دەرد و کوڵ.

ویستم بۆ پێشەکی ئەم دیوانە بەوەزن سووک و بەقیمەت گرانە، چەند فرمێسکێکی گەرم و گەش لە دیدە هەڵوەرێنم و بیکەم بەدیاری بۆ خوێنەری خۆشەویست و هەستیار؛ بەڵام بەقەولی مامۆستای نەمر هێمن کە لە پێشەکی تاریک و ڕوونە جوانەکەیدا دەفەرمووێ «کێ من لە خۆم باشتر دەناسێ» لە لایەکەوە و لە لایەکی کەشەوە بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەی چەند نووسەرێکی بەڕێز کە هەر کامێکیان لە نووسراوەکانیاندا بەچەشنێک هەڵەیان لەسەر ژیانی «سوارە» هەیە، قەولم دا ئەو بێدەنگییە بشکێنم و هەرێمی سپی و بێگەردی خامۆشی بەتیخی تیژی وشە هەڵبڕم و بەوتارێک ژیاننامەی سوارە بگێڕمەوە و لە چاوانیش داوا دەکەم بۆ بەیانی ئەو هەستە دەروونییە بەئاهەنگی دڵۆپەی ئەسرین یارمەتیم بدەن. ئەم نووسراوەیە نایەوێ سوارە لە باری هونەری و هۆنەرییەوە بناسێنێ؛ چونکە «سوارە» ئەستێرەیەکی پڕشنگداری عاسمانی ئەدەبی کوردی و فارسییە و ناوەخۆش و لەسەر زمانان سووک و لە دڵان چەسپەکەی سوارە بەتایبەت بەناوبانگی کاک سوارە زۆر



ناسراوتر و بەرزترە لەوەی کە نیازی بەناساندنی من هەبێ. ناوی سوارە وەک پەڕی سەری ئەسپی «شەنگەسوار»[1] ئەدرەوشێتەوە و بیری تلووعی شێوازێکی ئەدەبی نوێ و تایبەت ئەخاتە ناو مێشکی هەموو ئەو کەسانە کە بەجۆرێک دڵ بەستەگییان بەفەرهەنگ و ئەدەبی کوردییەوە هەیە؛ هەروەها ویست و مەبەستیش ئەوە نییە کە بیروباوەڕی سوارە بۆ خوێنەر ڕوون بکاتەوە. کەوا بوو، ئەو پێشەکییە هەوڵ ئەدا ژیاننامەیەکی کورت لە ژیانی کورتی سوارە بخاتە بەرچاوی خوێنەرە بەڕێزەکان و بەس.

جا ئێستا من وێڕای سپاسێکی گەرموگوڕ و ڕێز و ئیحتیرام بۆ هەموو ئەو مامۆستا و نووسەرانەی چ لەودیوی سنوورەوە و چ لە ژوورەوەی وڵات و چ لە دەرەوە لەسەر "سوارە"یان نووسیوە و شینیان بۆ گێڕاوە و تەنانەت ئەوانەش کە ڕەخنەیان لە شیعرەکانی گرتووە و بەتایبەت ئەوانە کە جوابی ڕەخنەکانیان داوەتەوە؛ دەمەوێ بەو مەرجە کە لێم دڵ مەند نەبن هەڵەکانیان باس بکەم.

١- کاک عەبدوڵڵا مەردوخ کە یەکێک لە دۆست و هاوکارەکانی نزیکی سوارە بوو لە گۆڤاری ژومارە ٤٨ی «قاصدک» ساڵی ١٣٥٤ی هەتاویدا (ساڵی کۆچی دوایی سوارە) سەر وەدەنگ و ڕەنگی میللی ئێران لە ژێر سەردێڕی «سر سلامتی» دەنووسێ: سوارە لە ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی لە شاری سەقز هاتۆتەوە دنیاوە و پۆلی سەرەتایی و ناوەندی لە بۆکان و سەقز خوێندووە.

٢- «گروه لهجەهای اطلاعات و اخبار سازمان رادیو تلویزیون ملی ایران»: کە من لام وایە هەر کاک عەبدوڵڵا مەردوخ نووسیویەتی لە ژێر سەردێڕی «درسوگ دوستی ازدست رفته، انسانی پاک اندیش و شاعری حساس» لە گۆڤاری «تەماشا» لە ساڵی ١٣٥٤ی هەتاوی دەنووسێ: سوارە لە ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی لە شاری سەقز لە دایک بووە و خوێندنی سەرەتایی و چەند ساڵێکی لە پۆلی ناوەندیش لە سەقز بووە و دوایی بۆ تەواوکردن چۆتە تاران.

٣- کاک ئەحمەدی شەریفی لە گۆڤاری هیوای ژمارە ٣ شوباتی ١٩٨٥ سەر وەئەنستیتوی کورددا دەڵێ سوارە لە شاری سەقز لە دایک بووە و خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە سەقز و بۆکان تەواو کردووە و کاک ئەحمەدی شەریفی

له گۆڤاری ژماره ٤/٥ی مامۆستای کوردا له ساڵی ١٣٦٦ هەتاوی له ژێر سەردێڕی «سواره لەبەر تیشکی نووسراوەکانیدا» تەنیا دەڵێ سواره له ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی له دایک بووه و زیاتر لەسەر ئەم باسه نارۆا.

٤- کاک عەزیزی کەیخوسرەوی له گۆڤاری ژماره ٤ی سروه - سەر وەئینتشاراتی سەلاحەددین له ورمێ - دەنووسێ سواره له تەمەنی سێزده و چارده ساڵەییدا تووشی فەلەجی قاچی بووه و خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی له بۆکان و تاران تەواو کردووه و له لای مامۆستا مەلا حەمەدەمینی ئەشعەری خوێندوویەتی.

٥- کاک ح. بەفرین له گۆڤاری سروەی ژماره ١٢ له ژێر سەردێڕی «ئاوڕێک وەسەر سواره»دا دەنووسێ سەبارەت بەوه کە سوارەی ئێلخانی بەجێیه یا سوارەی ئێلخانی زاده و من پێم وایه سوارەی ئێلخانی دروستە و زۆر له نووسەر و شاعیرانی کوردی ئێران کە من دیومن «ئێلخانی» بەڕاست دەزانن. ئەبێ بنەماڵەی شاعیر ڕایان بەرامبەر بەو شتە چی بێ؟ کاک بەفرین ئەڵێ: «ڕوونبوونەوەی ئەمەش زۆر پێویستە له مەسەلەی ئەدەبدا و، هەروەها شتێکی سەرپێیی نییه».

٦- کاک "نیازی" له ڕانیەی عێراقەوه له گۆڤاری ژماره... ی تەمووزی ساڵی ١٩٨٤ له ژێر سەردێڕی «با سواره باشتر بناسرێ»دا دەڵێ: له گۆڤاری بەیانی ژماره ٩٠، ئەیلوولی ١٩٨٣ له لاپەڕەی ٥٧ - ٦١دا مامۆستا ئەسعەد نەقشبەندی وتارێکی له ژێر سەردێڕی «سواره بناسن»دا بڵاوکردۆتەوه و خوێنەر هەست بەوه دەکا کە مامۆستا ئەسعەد لەگەڵ سوارەی شاعیردا نزیکی هەبووه و هەروەها کاک نیازی ئەم حەقە ئەدا بەخۆی کە پرسیار بکا ئەی بۆ لەگەڵ ئەو دۆستایەتییەشدا مامۆستا ئەسعەد نەیتوانیوه بزانێ چ ساڵێک و له چ شوێنێک له دایک بووه و بەچ نەخۆشییەک و له ساڵی چەند کۆچی دوایی کردووه. کاک نیازی دەڵێ: «بەتایبەت کە مامۆستا ئەسعەد ئارەزوویەکی فراوانی ئەدەبی هەیه و ئەم شتانەش زانینیان بایەخێکی گرنگیان هەیه بۆ ئەمڕۆ کە ویستوویەتی ئەو بابەتانه له فەوتان ڕزگار بکات». کاک نیازی دەڵێ: «مامۆستا نەقشبەندی له لاپەڕەی ٥٧دا نووسیویه: نازانم چ ساڵێ هاته دونیا؛ بەڵام ئەزانم کە نەخۆشی



زەردوویی بووه بەزەردی و خەزانی عومری له ساڵی (١٣٥٣)دا». جا ئەمجا مامۆستا نیازی باسەکەی خۆی درێژه پێ دەدا و دەڵێ سواره له ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی (١٩٤١ زایینی) له شاره خۆڕاگرەکەی سەقز له دایک بووه.

٧- کاک عەبدولقادری دەباغی لەسەر سنوورەوه له ژێر سەردێڕی «بەڵێ با سواره باشتر بناسین»، دەڵێ من له گۆڤاری کارواندا نووسراوەکەی کاک نیازیم چاوپێکەوت و تەنیا دەڵێ مامۆستا ئەسعەد بەهەڵه چووه؛ شیعری کاک سواره «قەل و هەڵۆ نییه» و «پیره هەڵۆیه» و له بارەی ژیانی ئەوەوه نەینووسیوه و بۆچی نەینووسیوه سەیره و ئەگەر کاک قادری دەباغی ئاوا دوورەپارێزی له مەسەلەکە کردووه ئەی بۆچی دەڵێ «با سواره باشتر بناسین»؛ چونکە کاک عەبدولقادر زۆر له ماڵی بابی شاعیر بووه و دەگەڵ بنەماڵەی سواره دۆستایەتی و هاتوچۆی گەرموگوڕی هەبووه و لەگەڵ ئەو شارەزاییەش بەپێچەوانەی سەردێڕی نووسراوەکەی نه کەم و نه زۆر و نه باشتر و نه خراپتر نەیناساندووه.

٨- بەڕێزێکی تریش له ژێر سەردێڕی «ناوبژی له نێوانی برایان نیازی و نەقشبەندیدا» کە بەنێوی - نووسینی ئاشنا - له گۆڤارێکی ترا دەنووسێ: سوارەی ئێلخانی له بنەماڵەی ئێلخانی شاری بۆکانه؛ باوکی سواره سەرهەنگی بازنشستە (عەقید، موتەقاعید) بوو ناویم له بیر نییه، وابزانم "عەبدوڵڵا" بوو. سواره له ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی له شاری سەقزی نەبەرد له دایک بووه. ئەو برا ئاشنایه کە له نووسراوەکەیدا وا دەردەکەوێ زۆر ئاگای له حاڵ و باڵی سواره و دۆستەکانی سواره بووه و زۆر قسەیان لێ دەگێڕێتەوه و ئەو سەردێڕه جوانەی هەڵبژاردووه بۆ نووسراوەکەی، بەڕاستی ناوبژییەکی باشی کردووه و بەقەولی خۆی" کاک نیازی و کاک ئەسعەد ڕاستییەکەیان بۆ دەرکەوت.

٩- بەڕێز کاک سەلاحی موهتەدی له ژێر سەردێڕی «ده ساڵ دوای کاک سواره» له مامۆستای کوردی ژمارەی ٣دا دەڵێ «سواره له گوندی قەرەگوێز له دایک بووه».

هەڵبەت خوێنەری بەڕێز و خۆشەویست! مەبەستی ئێمە لەو بەشەدا تەحلیل و لێکۆڵینەوه و یا ناساندنی سواره له باری ڕێبازی ئەدەبی و فەرهەنگی و هونەرییەوه نییه کە ئەو مامۆستایانه لێی دواون؛ ئەو بەشە، بۆچوون و

بۆنەچوونەکە بۆ خۆیان. ئەم نووسراوەیە ڕەخنە ئەگرێ و دەڵێ ئەم مامۆستا بەڕێزانە کە بەدڵێکی پڕ لە خۆشەویستی "سوارە"وە، ویستوویانە لەسەر ژیانی سوارە تەحقیق بکەن و کاتێ خۆیان دەڵێن «شتەکە هەروا سەرپێیی نییە و لە مەسەلەی ئەدەبدا گرنگە» و «ناویژی ئەکەن و شەڕ ئەکوژێننەوە» و ئیراد لە یەکتر ئەگرن بۆ نەزانینی ساڵی لە دایکبوون و کۆچی دوایی، دەس لە بەڵەدی ئەکوتن و ئیزهاری ئاشنایی و هاوکاربوون ئەکەن و لایان وایە شارەزایی ئەم زانیارییانە پێویستییەکی بایەخی بۆ ئەمرۆ هەیە و دەڵێن بەڵێ با سوارە باشتر بناسین و کەچی لەو بابەتەوە مۆری بێ دەنگی لە لێویان ئەدەن. ئەبوایە لە ئەم و ئەو باشتر و ڕوونتر و بەربلاوتر پرسیاریان بکردایە جا ئەمجا دەستیان دابایە قەڵەم؛ دەنا هەر بەباسی بەشە ئەدەبی و لێکدانەوەی شیعرەکان ڕازی ببوایەن.

بەڵام دیسانەوەش من بەبەشی خۆم لە هەموو ئەو بەڕێزانە گەلێک مەمنوونم و هیوام وایە ئەو باسانەی من گەردێک ناوێتە سەر دڵی ناسک و بێ گەردیان و ئێستا دێینە سەر ژیاننامەکە بەکورتی.

ساڵی هەزار و سێسەد و شازدەی هەتاوی تازە گزنگ لە سەرانی دابوو، زاقە و دەنگی مناڵێکی ئێسک سووک لە ئەندەروونی ماڵەوە پێکەنین و خۆشی خستە ناو تالاری دیوەخانێکی گەورە لە گوندی تورجان.

کوڕێک چاوی لەسەر دنیای ڕوون هەڵێنا و بەشیری دایکێکی بنەماڵ گەورە لە تایفەی بداغ سوڵتان ڕۆژووی کراوە. لەگەڵ ئەوەشا کە ئەو کوڕە دووهەم کوڕی ئەو ماڵەیە، بەڵام بەگوێرەی یاسای سەردەم خەڵکی ئاواییەکە و دەوروبەر و خزم و قەوم دەستە دەستە دەهاتنە پیرۆزبایی باوکی ئەم کوڕە. کۆڕی گوێزەبانە لە دیوەخانا هەر گەرمتر و گەورەتر دەبوو. ئەو کوڕەیان ناو نا «سوارە» و بانگیان بەگوێی دادا.

سوارە کوڕی ئەحمەد ئاغای ئێلخانی زادە کوڕی حاجی بایز ئاغای حاجی ئێلخانی لە عەشیرەتی «دێبوکرییە» باب و باپیرانی سەرۆک عێل بوون.

ژیانی شیرەخۆری سوارە، بەشنە با فێنک و خۆشەکانی کوێستان یەک ڕۆژەی دوو ڕۆژە بوو و ئەتکوت بەگوێیانی هەڵدەکێشی گەورە ئەبوو. سوارە ئەوەندە لە مناڵیدا قەڵەو و گۆشتن بوو زۆر کەس لایان وابوو دەستی گۆجە و بۆ پشتەوە چۆتەوە. دایکی



زۆری خەم پێوە دەخوارد. سوارە هێشتا یەک ساڵانە بوو باوکی گوندی تورجانی گۆڕییەوە بەئاوایی قەرەگوێز لەسەر چۆمی «تەتەهوهو» چۆمە زێوینە و ماڵی چوو بۆ ئەوێ. سوارە لەو دێیە پێی هەڵگرت و بەدابی ئەو دەم، بۆ بەخێوکردن درایە دەس "دایەن" و لە ماڵی دایەن ڕەفیقەکایەی پەیدا کرد و هەموو ڕۆژێ لە ناو خاک و خۆڵ عەینی بێ خەیاڵی[۲] تەپوتۆزاوی دەیانبردەوە لای دایکی. سوارە هەر لە کاتی زۆر مناڵیدا فێری مەلە بوو. ڕۆژ هەتا ئێوارە لەگەڵ مناڵی ناو دێ لە چۆم و کێو و سەحرا بوو. سوارە ڕاوە ماری لە هەموو شتێکی تر لە کاتی منداڵی و لاویدا پێ خۆشتر بوو؛ لە ناو زەمەند و کەژ و کێو لە قرچە قرچە گەرمای هاویندا دەگەڕا و ماری سوجەی سوور و شینی گایەنگێوی ئەدیەوە و بەزیندوویی دەیگرت و دەیهێناوە ناو دێ و هاوڕییەکانی پێ دەترساند. سوارە زۆر خەسڵەتی تایبەتمەندی عێلی و دێ نشینی وەرگرت و لەگەڵ خۆشی بردنیە ناو گۆڕەوە.

ئەم کوڕە خوێن شیرین و چاوشین و سپیلکەلانەیە کە تازە هاتبوو تێبگا و خۆشەویستی دایک بزانێ، باوەشی ئاواڵە و گەرمی دایک لێ سارد بۆوە و ئەو هەموو ئاوات و ئومێد و خۆشەویستییە ڕۆهێژرا ناو گۆڕی تەنگ و تاریکەوە. ئەم «پەپوولە باڵ سەوز[۳] و سوورە فڕی» و زەردەی مەرگ کەوتە سەر لێوی ناسک و کوڕێکی لە سوارە گەورەتر و کچێکی لە سوارە بچووکتری دڵ بریان و چاو بەگریان لە ناو دەریای خەیاڵات و خەمان بەجێ هێشت؛ بەڵام فرشتەیەکی ڕەحمەت باوەشی گەرم و پڕ لە خۆشەویستی دایکانەی بۆ کردنەوە.

ئەم ئامێزە هی باوەژنێکیان بوو کە بۆنی زڕدایکی لێ نەدەهات. ژنی مامێکی خۆیان بوو کە باوکیان پاش بەڕەحمەت چوونی ئەو مارەی کردبۆوە و سوارە لەو باوەشە گەرمەدا پەروەردە بوو، سوارەیان زۆر زوو لە قەرەگوێز لە مەکتەبخانەی تایبەت لە لای مامۆستایەکی دڵسۆز و زانا بەناوی مامۆستا «شێخ ئەحمەدی کەسنەزانی» وەبەر خوێندن نا. «سوارە» زۆر زیرەک بوو و هەرچی مامۆستاکەی بەدەرس پێی دەکوت زۆر زوو ڕەوانی دەکرد و ئەهاتە بەری. لەگەڵ ئەوەشا لەبەر بزۆزی و بێعاری خۆی زۆری لێدان ئەخوارد، سوارە زۆری لە لای ئەم مامۆستا گەورە و پیاوچاکە نەخوێند و وەک کوڕی عەشیرەت ڕۆیە ناو هاوتەمەنەکانی خۆی لە

ئاواییەکە، کە هەر لە منداڵییەوە زۆر خوو و ئولفەتی پێوە گرتبوون.

سوارە شاخ و داخ و هەرد و بەرد و چۆم و دەشتی «سەر سەوزی بەهاران» و سوورەبووی هاوین و بەگێژەڵۆکەی پاییزان مانگەشەوی خەم ڕەوێن و تاریکە شەوی خەفەت هێن، کێوەوانانی پڕ تەجرەبە و چروساوی بەر گەرمای هاوین و سڕماوی بەر سەرمای زستان، شۆڕەسوارانی تەقڵەباز و ڕاوچی عەشیرەت، پیرە پیاوانی بەیتبێژ و حەکایەتخوێن، گەنج و لاوانی دروێنەوان و ماندوو، فەقێی حوجرە و مامۆستای ئایینی لادێ و گوندی کوردە زانکۆ و مامۆستای خۆی و دەرسی پیاوەتی و جوانمێری، ئازایەتی و نەبەزی، ڕاستی و پاکی و ڕق و تووڕەیی، بەڕەحم و مێهرەبانیان لێ فێر بوو و ئامادە کرا بۆ سازان لەگەڵ هەموو بارودۆخێکی جوان و ناحەزی ژیان کە چاوەڕوانی لێ ئەکرا.

هەوای گیانپەروەری کوێستانەکانی پڕ بەفر و گەردن کەشی وەستا مستەفای[٤] تورجان، خوڕە و قەڵبەزەی چۆمی بەهاران و دەشتی پڕ داهاتی قەرەگوێز، لەشی سوارەی گەورە کردبوو. چوونە مەڕی شەنگەبێرییان، شیو و کوڵی کچان و چاوبڕکێنەی ڕێگای کانی، مەڕوماڵات، خانووی لار و کۆم، بۆنی سەر سەکۆی بەکاگڵ ئاوپژاو، هەڵپەڕکێ و زەماوەند، جۆرابێن و پشکیلان، گورزی کوێری و پشکۆ بەفوو، شەڕەکەڵ و کەڵەباب، ڕاوە تاژی و ئەسپ سواری و ڕمبازی، زۆرانبازی و چنگەپڵماسە، قاری فەقێیان و شەڕە تۆپی بەفر و قۆچەقانی بەن، گەڕان لە ناو هۆز و عەشیرەت، ئەوانە و زۆر شتی تریش بوونە هەوێن و ئەوین و ڕێگا و شوێن لە تەمەنی کورتی سوارەدا. سوارە هەر بۆیە لە شاریش ئەو بیرەوەرییانەی گوند و ژیانی عەشیرەتی هەرگیز فەرامۆش نەکرد و لە هەموو شوێنەوارەکانی بەجوانی دەردەکەوێ کە هەر لە بیری سورشت و خۆشەویستی کاتی منداڵی و لاویدا نوقم بوو و هەر بۆیەش گوڵەکەی لە شاری[٥] قاتڵی هەژار بەجێ دەهێڵێ و دەڕواتەوە بەر دەواری عەشیرەتەکەی. سوارە هەر لە منداڵییەوە تووشی شیعر و نووسینی لە دیوەخانی ئەدەبپەروەر و پڕ لە زانست و ئەدەبی بنەماڵەی خۆی وەرگرتبوو. زۆر کاتی شەو و ڕۆژانی لەگەڵ مامۆستاکانی حوجرەی فەقێیان دەکەوتە جەدەل و باسەوە لەسەر مانای شیعر؛ بەتایبەت شیعرەکانی "حافزی شیرازی". سوارە هەر



لەو دەمەوە مایەی تەسەلی دوایی وەرگرت و جار جار وەک شایەری باش شیعرێکی جەفەنگی دەگوت.

باوکی سوارە لە هاوینی ساڵی ١٣٣٣ی هەتاوی ماڵی لە قەرەگوێزەوە چووە بۆکان و سوارە دڵی تاسەباری لەو دێیە بەجێ هێشت.

بای پاییزی تووش و بێ فەڕ وەک لوورەی گورگێکی بێچوو خوراو بەگوێ ئەگەیی؛ سەروگوێلاکی دار و گیای تێک دەکردەوە. دەنگ و ڕەنگی ئەو پاییزە بەڕاستی دزێو و ناخۆش ئەهاتنە بەرچاو و گوێیان.

کزەی ساردی پاییزی ١٣٣٣ بۆ ژینی تاڵ و دژواری"سوارە «کات بوو بۆ گریان»[٦] ئەو پاییزە سەرەتای ڕۆژە ڕەشی و کلۆڵی لاوێکی تازە پێگەیشتوو، جوانچاک و خاوەن هەست بوو. لاوێک کە تازە ئەهات شیرنایی ژیان بچێژێ و دڵی کانگای خۆشەویستی و هیواداری بوو، لەو پاییزە شوومەدا تێک هەڵگلا و کەوتە دەریای بێ بن و تاڵ و سوێری نەگبەتییەوە.

سوارە – کە نەیئەزانی چارەنووس چ خەونێکی بۆ دیوە – ڕۆژێک لەو ڕۆژە ساردانەی پاییزدا دەچێتە مەڕ شووتنی کاک سەعدی مامی لە چۆمی بۆ کانێ. لەبەر شەرم و عەیبە، بەجلەوە دەڕواتە ناو ئاو و دوای مەڕ شووتنیش هەر لە ڕووی هەڵنایە جلە تەڕەکانی داکەنێ و بەبەرگە تەڕەکەوە دێتەوە ماڵی مامی. شەوێ دەنیوەشەودا چریکەیەک لە ڕانی دەوەستێ و ناتوانێ قاچی ببزێوێ و نۆبەتێ دایدەگرێ.

ئەو نەخۆشییە کوتوپڕ و دەرداوییە بەقەولی دوکتۆرە ئاڵمانییەکە میکرۆبێکی پەراوازەی ئورووپایی بوو کە بەهەموو ئێش و ئۆفە بێ سنوور و میزانەکەیەوە بۆ سوارەی خۆشی نەدیو بەدیاری هات.

سوارەی ڕانەوەستاو، قەت دانەنیشتوو، زۆر زەرد و زەعیف و لێو بەبار لەسەر دۆشەکی هەرزن و لەسەر گازەرای پشت هەر ئەبوو چاو ببڕێتە بنمیچی خانووەکە و خەفەت بۆ لەشی ساغ و لاوچاکی خۆی بخوا و بۆ ئەو هەموو ئێش و دەردە گرانەش ددان بەجەرگی داگرێ.

سوارە لە هەڕەتی لاوی و دڵ بەدنیاییدا چەرخی چەپگەرد لەگەڵی کەوتە دژایەتی و ژینی لێ تاڵ کرد و بەدبەختی و نەهاتی سەرەتاکەی ئاوا و بەو چەشنە ناحەزە

دامەزراند. زۆر کات خۆی ئەم شیعرەی بەسۆز و بەدەنگە خۆشەکەی خۆی ئەخوێندەوە.

پەژارە و مەینەت و دەرد و نەهاتی
هەموو هاتن ئەجەل هەر تۆ نەهاتی

بەڕاستی شکۆی ژیان بۆ هەموو زانایەک و هونەرمەندێک هەر دەبێ ئەمە بێ؛ دەنا پێچەوانەی سورشت وەدی دێ. سوارەش وەک ئەو هەموو شاعیرە بەرز و پیاوە گەورە و بلیمەتانەی دنیای زانست دێوی دزێوی نەهاتی ڕووپەڕەی ڕەشی ژیانی بۆ لێک کردەوە و نیشانی دا. سوارە دوای ماوەیەک لەسەر قسەی دوکتۆرە ئاڵمانییەکە بۆ دەوا و دەرمان لە نەخۆشخانەی ئەمریکاییەکان لە تەورێز خستیان و دەرمان ئەکرا. سوارە زۆربەی لەشی لە ناو گەچدا بوو؛ بەهیچ لایەکا جووڵانەوەی نەبوو. بێ خەوی و ئێش و ژانی بێ وچان، نەخواردنی هیچ چەشنە بژیوێک، نەگەڕان و خەم و خەفەت وای جاڕز کردبوو تا ڕادەی بێزاری لە ژین. ئەو سوارەی کە ئەتکوت کاسەیەکی جوانی لە هیوا لێوانە، مەرگی بەئاوات دەخواست. سوارە کەوتبۆ ناو تاوێری نەهاتی و کلۆڵی و تلار ئەبۆوە. لەو کاتەدا کیسەی سەفراشی چڵکی کرد و ئەبوو هەڵبدڕێ و عەمەل بکرێ. ئەو لەشە زامار و بێ تینە ئایا چەقۆی دکتۆری جەڕڕاح هەڵدەگرێ؟ دوکتۆر بڕوای وابوو ئاوا بمێنێتەوە دەمرێ و تابشتی بێ هۆش کردنیشی نییە؛ ئەی چی بکرێ؟ وەڵامی ئەو پرسیارە حاجی ڕەحمان ئاغای موهتەدی – مامی سوارە – دایەوە و فەرمووی لەسەر خودا عەمەل بکرێ، عەمەل کرا و لە ژێر کێردی تیژی جەڕڕاح هاتە دەرێ و پاش چوار مانگ لە تەورێز مانەوە، ئەندامی بریندار و ژان تێ وەستا و بێ حەڕەکە و توانی "سوارە" گەڕایەوە بۆکان، دوای سێ ساڵ لە جێ داکەوتن وەک منداڵی تازە پێ گرتوو وەدارە دارە کەوت و هەستایەوە؛ بەڵام گۆچانێک بەدەستەوە و تەنیا ئێسک و پێست. سوارە سێ کەلاسی هەوەڵی ناوەندی لە ساڵی ١٣٣٦ – ١٣٣٧ – ١٣٣٨ واتە سیکلی هەر لە بۆکان وەرگرت و بۆ تەواوکردنی ناوەندی چوو بۆ تەورێز و لە ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی دیپلۆمی لە دەبیرستانی لوقمانی تەورێز وەرگرت هەر لەو ساڵەدا "سوارە" لە تاقیکردنەوەی زانستگەی تاران بەشداری کرد و وەرگیرا و لە زانکۆی حقووق بەشی



قەزایی، دەستی بەدەرس خوێندن کرد.

سوارە هەر لە ساڵی ١٣٤١ی هەتاویدا بەداوی بسکی کچێکی ئازەرییەوە بوو. ئەو سوارەی عاشقی بەرموور و خشڵ و مێخەکبەندی کچی کورد، وا بەتەڵەوە بوو کە ڕەسم و یاسای عەشیرەتی تێک شکاند و بێ ئیجازەی کەسوکار بەدزی و بەپەلە زەماوەندی لەگەڵا کرد و بردیە تاران و دڵی پڕ لە ئەوینی کچی لەباری لادێیی دا بەو کیژە نامۆ و شارستانییە.

حکوومەتی شا لەو ساڵانەدا لەبەر ئەو هەموو زوڵم و ستەمەی کە لە خەڵکی ئەکرد، تەنانەت سێبەری خۆشی لێ ببوو بەدوژمن و لە دار و بەرد ئەترسا. لە ساڵی ١٣٤٣ی هەتاوی پەلامارێکی دڕندانە بۆ خەڵک گرتن و کوشتن کرایە سەر خەڵکی ئێران، بەتایبەت ڕووناکبیران و سوارەش کەوتە بەر ئەم هرووژمە و لە بەندیخانەی «قزل قلعە»ی تاران بۆ ماوەی شەش مانگ لە ژێر بێ ڕەحمانەترین ئەشکەنجە و ئازاری ساواکدا خۆی پاڵەوانانە ڕاگرت و شیعرە مەشهوورەکەی «سوورە قەڵا دایکی بەڵای» گوت، کە بەداخەوە! من تا ئێستا کە خەریکی کۆکردنەوەی ئاساری سوارەم وەدەستم نەکەوتووە؛ لە لای هەر خۆشەویستێک هەبێ و بۆم بنێرێ مەمنوونی ئەبم. سوارە لە هەموو بەندییەکانی ئەو بەندیخانەیە زیاتر ئەشکەنجە و زەجری لەسەر بوو؛ بەمشاری بەرقی داغیان دەکرد و تا سەر ئێسکی گۆشت و پێستی ئەسووتا و ئەقرچا. وای لێ هاتبوو بەهەر هۆیەکەوە بانگیان ئەکرد ئەڕشایەوە و خودا عالمە ئەو نەخۆشییەی مەعدەی لەو دەمەوە پێوە نووسا و ناوبانگی خۆڕاگری و ئازایەتی دەرکرد.

"سوارە" لە زیندان هاتە دەرێ و زەرد و لاواز و بێ واز خوێندنی دانشگای درێژە پێدا و لە ساڵی ١٣٤٧ی هەتاوی خوێندنی زانسگەی تەواو کرد؛ بەڵام هەروەک هەموو کارەکانی تری بۆ وەرگرتنی «دانشنامە» کە ئەبوایە شتێک بەناوی «تێز» بنووسێ، کەمتەرخەمی لێ کرد و پاش چەند ساڵ وەریگرت.

سوارە سەرەڕای ئەو هەموو نالەبارییانەی کە ڕوویان لە ژیانی ئەو کردبوو، دەسکورتی و نەبوونیش لەوێ بوێستێ، باوکی سوارە کەماڵی هاتە بۆکان بەهۆی نەمانی ماڵ و سامانەوە بوو؛ لەبەرئەوەش کە خۆی زۆر پڕ خێزان بوو نەیدەتوانی

یارمەتی پێویست بەسوارە بکا. مامەکانی بەتایبەت خوداڵیخۆشبوو حاجی ڕەحمان ئاغای موهتەدی و کاک سەعدی موهتەدی یارمەتییان دەدا و ئامۆزایەکی لە خۆی گەورەتری هەبوو بەناوی حەسەن کە یەکێک لە پیاوە باش و بەکەڵکەکانی بنەماڵەی شاعیر بوو و بەداخەوە لە ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی لە شاری کەرەج کۆچی دوایی کرد، زۆرتر لە هەمووان یارمەتی ئەدا و جێگای خۆیەتی یادێکی لێ بکەین و ڕەحمەتی بۆ بنێرین. کاک حەسەن ڕووبەڕووی سوارە ئەیگوت: سوارە هەر کات نامەم بۆ بنووسێ. ئەگەر دەنووسێ «برادر محترم کاکە حسن» ئەوە دەزانم هێشتا پووڵی ماوە؛ بەڵام ئەگەر بنووسێ «کاکە حەسەن بسیار عزیزم» تێ ئەگەم بێ پووڵە و دەبێ بۆی بنێرم. سوارەش بەپێکەنین ئەم قسەیەی تەسدیق دەکرد.

سوارە لە ماڵی دۆست و ئاشنا و خزم زۆر بێ تەعاروف و خۆماڵی بوو، ماڵی خۆشی بێ موزایەقە هی ئەوان بوو.

سوارە لە ساڵی ١٣٤٦ی هەتاوی لە ڕادیۆ بەشی کوردی دەستی بەکار کرد و بوو بەمووچەخۆری حکوومەت.

سوارە تەواوی ژیانی بەناخۆشی و تاڵی بردە سەر. زۆر جار کە دەڕشایەوە خوێن بوو و خۆی بەشۆخییەوە دەیکوت لە داخی ئەم ژینە تاڵە خوێن دەڕشێمەوە. تەنگ و چەڵەمە لە ژیانی ئەودا ببووە ڕەفیقی گیانی گیانی و ساتێک بەجێی نەدەهێشت.

سوارە لە پەخشانی «زولاڵترین پێکەنینی جیهان»دا دەڵێ: من پەروەردەی چیا و کەژم و هەروەها لەو پەخشانەدا دەڵێ: «دڵم پارچەیەکە لە بەیانی پڕ زەردەخەنەی ئاواییە بچووکەکەمان کە لە باوەشی چیایەکی بەرزا ئارامی گرتووە». سوارە لە یەکێکی تر لە پەخشانەکانیدا دەڵێ: «بێدەنگی باوەشی چیا بیر بزوێنە هەموو ئەو بیرەوەرییانەی کاتی منداڵی و دەورانی ژیانی لە لادێ لەگەڵ هەموو کوێرەوەرییەکانی زەمانی نەخۆشی و گاڵتەی گەردوون لە دوای نەخۆشییەکەشی، لەش بەباری و تاڵ و سوێری ژیان و گۆچان بەدەستی و شەلی، هیوا و ئاواتی خنکاوی دڵی بەکوڵی، هەموو هەموو ئەبوونە ئیلهام بۆ شیعر و شوێنەوارەکانی. سوارە وەک پۆلووی ئاگری ناو ژیلەمۆ جار بەجارێک بەکوتنی شیعرێک ئەگەشایەوە و نالەبارییەکی ژیان دایدەمرکاندەوە. نەدامەتی ئەتگوت بەبەژنی ئەو بڕاوە. لە دەورانی کارمەندیشیدا



هەر تووشی تووشی و نەیاری بوو. سوارە بۆ پلە و پایەی کارمەندی نەیدەویست نزم و نەوی بژی[٧] و بۆ مەبەست سەر دانەوێنێ[٨] تەنانەت بۆ تاوێکیش و ئەو لای وابوو ژینی بێ فیز[٩] یانی نەمان. هەر بۆیەش بوو کە تەعزیم و کوڕنووشی لەبەر ئەم و ئەو نەدەکرد و لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی و بەرپرسی ڕادیۆ بەشی کوردی ملە بەملە ڕائەوەستا و قسەی ناڕەوای لێ قوبووڵ نەدەکرد و لەو کاتانەدا پاشەڕۆژی نەدەدی. سوارە لە دووری لە ناو خەڵک و گۆشەگیری ڕەنجی ئەبرد و بەهۆی کەم تاقەت و توانی، کەمتر لە ئەملا و ئەولا ئەبینرا؛ بەڵام ڕۆح و ڕەوانی سوارە نەئەسرەوتن و ناو گەل و جەماوەریان دەویست. جا بۆیە سوارە شیعر و نووسراوەکانی بەنوێنەری خۆی ناردە ناو خەڵک و بەم چەشنە هەم لەشی بیماری ڕازی کرد و هەم گیانی نەسرەوتووی ئارام کردەوە.

زستانێکی سارد و بەفراوی لە شاری بۆکان، خەبەری نەخۆشی سوارە وەک برێشکەی سەر ساج هەڵی بەزاندم. دوایی خەبەر خەماویتر گەیشت و هەموو بەرەو تاران وەڕێ کەوتین. لە تەورێز خەبەر بەهەموو قورسایی و دزێوی خۆی ئامبازم بوو و نەمانی سوارەی پێ کوتین. چاوم تارمایی بەسەر کشا و لاقم یارمەتی ڕۆینی نەدەدام. ڕۆح لە جێیەکی سەختە و نایەتە دەرێ. ڕێگای تاران درێژ و درێژتر بوو لە جاران. لام وابوو چەند ڕۆژێکە بەڕێوەم، گاهێک پەلەم بوو بۆ گەیشتن؛ چونکە دڵم مەرگی سوارەی بۆ وەرنەدەگیرا. گاهێکیش پێم خۆش بوو ئەو ڕێگایە هەرگیز نەبڕێتەوە و ڕاستی ڕووداوەکە هەر ڕوون نەبێتەوە. نەخۆشخانەی «میساقیەی» تاران – کە لەبەر کوردەکانی دانیشتووی تاران مۆنجی ئەدایەوە – وەک دێوەزمە و هەیولایەکی بترسێن ئەهاتە بەرچاوم. لەبەر خۆمەوە کوتم هەیاران! ڕاستە ڕووداو بڕست بڕە و سەرلێشێوێنە بەڵام مەگەر من برای سوارە نیم. ئەبێ لە بەرامبەر ئەو ڕووداوە تاڵ و دڵتەزێنە و ئەو هەموو جەماعەتەدا خۆڕاگری نیشان بدەم بەشوکر و یادێکی خولقێنەری زەمین و زەمان سکنایی و هێزم دا بەدڵی سووتاوم.

ڕۆحی بەرزەفڕی[١٠] بەرزەمژی سوارە جێی گرت لە توێی[١١] شیعر و لە لەشی زاماری ماڵئاوایی خواست و ڕۆیە ناو شیعر و نووسراوەکانییەوە و گیانێکی تازەی پێ دان. تەرمی سوارە کە هەڵی ئەگرت هەڵیگرن بەشانان، هاتەوە گۆڕستانی

پیرۆزی بنەماڵەی خۆمان لە ئاوایی حەمامیان ناوچەی بۆکان و لەشی بێ تینی کە خۆی ئەپرسێ «تۆ بڵێی بۆ لەشی ساردەوەبوو[١٢] تینێ بێ» ڕۆیشتە ئەو دنیای نەمان کە تۆ بڵێی پاشی نەمان[١٣] ژینێ بێ دڵێک لە تەپین کەوت و هەزاران دڵ خورپەی کەوتێ.

ئەتگوت سروشت و خیلقەت لە ژیانی سوارەدا هەرگیز نەیتوانیبوو گەرمایی و تین بخولقێنێ؛ هەر ساردوسڕی بوو. لە سەرمایەکی پاییزیدا لەشی بوو بەئاماجی نەخۆشییەک کە هەموو خێر و خۆشی ژیانی لێ ستاندەوە و لە زستانێکی سارد و سەهۆڵبەندان مۆتەی مەرگ سواری بوو و هیچ بەزەیی بەگەنجی و لاوی ئەودا نەهات و گیانی لێ ساند. ڕۆژێک لە ڕۆژە ساردەکانی هەوەڵ مانگی زستانی ١٣٥٤ی هەتاوی، سوارە کاتێ بەرەو ماڵ ئەگەڕێتەوە وەبەر ماشێنی یەکێک لە هاوکارەکانی خۆی دەکەوێ و ئەیبەنەوە بۆ ماڵێ، قاچی بەقەولی خۆی کە لە نامەیەکدا[١٤] بۆ بەرپرسی «زاراوەکانی ئێرانی» ڕادیۆ دەنووسێ: «پایم به اندازهء یک متکا ورم کرده» ئەستوور بوو و ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا و بەواتەی خۆی کە هەر دەونامەیەدا نووسیویەتی «در خانهء مور شبنمی طوفان است» ئەوەندە بەس بوو بۆ کولانەوەی برین و بووژانەوەی کڵۆڵی ئەو.

سوارە پاش دوو ڕۆژان دەبەنە نەخۆشخانەی «میساقیە»ی تاران و زەردوویی ئەگرێ. دوکتۆرەکان دەڵێن سەرەتانە و عەمەلی دەکەن و مەعلووم بوو کە ئەو سەرەتانە کەم کار و بێ دەنگ بووە و بەو تەسادوفی ماشێنە وەجووڵە کەوت و مەرگی پێوە بوو. مامۆستا ڕۆژبەیانی زانای بلیمەت و ئاگا کە یەکێک لە دۆستە باشەکانی سوارە بوو و زۆر شۆخی و گاڵتەی ناسکی لەگەڵ ئەکرد، گۆیا دەڵێ هەر ئەو ڕۆژە کە سوارەی لاو و خۆشەویست کۆچی کرد، من لە لای بووم. کچە پەرستارێکی جوانکیلەی خشپیلانە هاتە لای. بەکوردی کە پەرستارەکە تێ نەدەگەیشت کوتم، کوڕە خۆ تۆ دەتگوت من عەشیرەتم و قەت ناترسێم. نەتزانی ئەوە عیسا مەسیح بوو، مردوو زیندوو ئەکاتەوە. سوارەی بەش بڕاو لە ژین و دەس داشتوولەمان تەنیا بەبزەیەکی خەفەتهێن و مەرگاوی دەم و لێوی جوانی کە لە گۆ کەوتبوون ڕازاندەوە و وەڵامی دامەوە.



شاعیری پایە بەرزی کورد مامۆستا حەقیقی لە شینی "سوارە"دا دەفەرمووێ:

لە دڵی باب و برا غەم بارە          لە هەموو شوێنەوە جێی تۆ دیارە
چییە ئەو شین و هەرا و هاوارە          کۆچی بێ وادەی "کاکە سوارە"

بەڵێ "سوارە"ی سەحەت سووک و دەنگ خۆش بەکۆچی بێ وادەی خۆی خەم و پەژارەیەکی زۆری لەسەر دڵی باب و برا و کەسوکار بار کرد.

مامۆستا کە بەدوو هۆی خزمایەتی و شاعیری سوارەوە مەرگی شاعیر، ڕۆژی ڕوونی لێ کردۆتە شەوی دەیجوور دەڵێ:

ڕۆژی ڕوونم بەشەوی دەیجوورە          سوارە دیداری قیامەت دوورە
چیمەنی تافی جوانیت شین بوو          هەڕەتی ژین بوو، چ وادەی شین بوو

زانا و مامۆستایەکی دیکەش بەڕێز «کاک یوسفی کورد نەژاد» بەپارچە شیعرێکی فارسی مەرگی سوارە ماتەم و شین ئەگێڕێ و دەڵێ:

سوارە نو گل خندان باغ کردستان          بەدست جور فلک پژمردید و پر پر شد
عقاب اوج شهامت بەخاک در غلطید          ولی عقاب بیانش به آسمان بر شد
ادیب و شاعر درد آشنای ملت را          دردا کەزیر خاک تیره بستر شد
تو ای کە خاک سیەروی دل پر از گنجی          تو ای کە ظاهرت هردم برنگ دیگر شد
کنون کە گنج هنر را گرفتەای دربر          عزیزوار بنوازش کە این مقدر شد:

ئەگەر بمەوێ داخی مەرگی سوارە لە زمان خۆم و دۆست و ئاشنا و ڕێبوارانی ڕێگای ئەوەوە بڵێم، نووسینەکە لە پێشەکی دەردەچێ و دەبێتە کتێبێکی ئەستوور و منیش نە دەمەوێ و نە دەتوانم کتێبنووس بم؛ کەوا بوو لێرەدا دەیبڕمەوە و دەڵێم ئەمە بوو ژیاننامەیەکی کورت لە ژینی بێ تینی «سوارەی ئێلخانی زادە».

خوێنەری خۆشەویست ئەم دیوانە کە ئێستا بەناوی «خەوە بەردینە» بەدەس هەستیارانی تامەزرۆ ئەگا، سەرجەمی بەرهەمەکانی شاعیر نین. جا چونکە دەمانەوێ هەموو ئەسەرەکانی بڵاو ببنەوە و وەک گەنجینەیەک کتێبخانەکانی کوردەواری جوان بکا و بڕازێنێتەوە و فەرهەنگ و ئەدەبی کوردیش گەشەدارتر بکا، لە هەموو ئەو بەڕێزانە داوا دەکەم هەرچی لە شیعر و پەخشان لە لایانە بیکەنە

دیاری و دەستە گوڵێکی بۆن خۆش و بۆم بنێرن کە لانی کەم لە چاپەکانی دواییدا چاپیان بکەین؛ بەسپاسەوە.

ئەرکی سەر شانی خۆمی دەزانم لە کاک ئەحمەدی شەریفی زۆر سپاس بکەم. لە سەفەرێکدا کە من لە بەهاری ساڵی ۱۳۷۱ی هەتاوی بۆ شاری سنەم کرد و بەخزمەتی ئەوان گەیشتم، زۆر شتی بەکەڵک و بەئەرزشی دامێ کە تەنیا هەر لە لای ئەو دەس دەکەوتن.

هەروەها بەدڵ تەشەکوری بەڕێوەبەرایەتی بەڕێزی ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەیوبی ئەکەم کە ئەم ئەرکە گرنگەی وە ئەستۆی خۆی گرت و دەورێکی پڕ بایەخ و برایانە ئەگێڕی بۆ بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی و دەستی ئەو برا عەزیز و زانا و ئەدیبانەمان بەگەرمی ئەگوشین کە لە تەسحیح و هەڵە ڕاستکردنەوەکانی نەوعی نووسینی کوردی و نەزارەت بەسەر چاپ و هەموو شتێکی ئەم نووسراوە و شیعرانەدا زەحمەتیان کێشاوە و بۆ ڕێکوپێک و هەرچی جوانتر هاتنە دەری دیوان و کتێبەکانی دیکەش خۆیان پێوە ماندوو کردووە.

من بەپێویستم زانی ئەوەش بڵێم کە چونکە لێکدانەوەی بەشە ئەدەبییەکەم ئەرکی سەر شان نییە و من تەنیا کۆم کردۆتەوە و زۆرم لەو شیعرانە لە برایانی تر وەرگرتووە، ئەگەر لە ناو دیوانەکەدا شیعرێک هی سوارە نییە و هاتۆتە ناو ئەم بەرهەمانەوە بەرپرس من نیم.

زۆر کەس کە ئەو دیوانە بخوێنێتەوە بۆ ناسینی پێشەکی نووسەکە دائەمێنێ؛ جا بۆیە من خۆم ئاوا دەناسێنم ناوم عومەرە و کوڕی ئەحمەد ئاغام. لەگەڵ سوارەی شاعیردا برای دایک و باوکین. من دوو ساڵ لەو گەورەترم و تەنیا لە ناو هەموو بنەماڵەکەدا من شۆرەتم «ئێلخانی»یە و ئەوانی تر یا «ئێلخانی زادە»ن یا «موهتەدی»ن یا «عەلیار»ن.

هەوەڵ مانگی هاوینی ساڵی ۱۳۷۱ی هەتاوی "۱۳۷۱/٤/۱۰"

عومەر ئێلخانی

(۱) ئیشارە بەشیعری "شەنگە سواری" سوارە.

(۲) یادی منالّی – شیعری سوارە.



(۳) کچی بەیان – شیعری سوارە.

(٤) "وەستا مستەفا" کێوێکی بەرزە کە گوندی تورجانی لە ئامێز گرتووە.

(٥) شیعری شاری "سوارە".

(٦) شیعری هەڵۆ "سوارە".

(۷) و (۸) و (۹) شیعری مامۆستا و زانای نەمری کورد هەژار "هەڵۆ".

(۱۰) تا.

(۱۳) شیعری هەڵۆ و تۆ دەریامی "سوارە".

(١٤) ئەو نامەیە ئێستا لە لای منە.

# بەشی یەکەم

شیعرە کوردییەکان

## خەوە بەردینە

لە چەشنی گەرووی کەو
کەوی دۆمی یەخسیری زیندانی داری
پڕی سەوزە بەستەی خرۆشانی باڕی
تەڕەی باوەشی تاسەباری بناری
شەپۆلی لە گوێن خوێنی شەرمی کچانە
لەسەر ڕوومەتی ماتی بووکی ڕەزا سووک
بەتینی بتاوێنی ڕوانینی زاوا
گەرمتر لە پرشنگی تاوی بەهاری
وەکو نەرمە هەنگاوی[١] لاوی بەرەو ژوان
لە جێ ژوانی زیندوو بەگیانی کچی جوان
وەکو گەرمەیاوی قەشەی دەستی تاراو
لە بژوێنی دەریای بلوورینی بەروێ
بەخوڕ خۆ بەدیواری کێوا ئەدا ئاو
لەگەڵ گاشەبەردا سەر ئەسوێ سەر ئەسوێ

***

کچی نوور قەتیسی دەسی دێوی کێوە
لە ئەنگوستە چاوی دڵی خێوی کێوا
بەرەو دەر، بەرەو شاری دەریا بەڕێوە
گەرووی ویشک و چاوی سپی چاوەکانی
دەرووی ڕوونی ئاوە
بەفانۆسی ئەستێرە بەرچاوی ڕوونە



لە بەرپێی[٢] حەریری کەوەی سێوەڕە
بەپۆی مانگەشەو چندراوە.
ئەڵێی بورجی خاپووری مێژووی لەمێژین
لە درزی هەزار خشتی ڕۆژ و شەوانی
دڵۆپەی چپەی پۆلی پەریانی دادا
ئەڵێی پێکەنینی کچی سەرگورشتەی قەدیمی
لە ئەندامی تاپۆی وەکو بوومەلێڵی
– سنووری شەوی دوێنێ ئەورۆی[٣] بەیانی –
پەچەی قورسی نسیانی ئینسانی لادا

***

ئەڵێی دەنگی شمشاڵە ڕەشماڵی دۆڵی دڕیوە
شەماڵی دەرەی دوورە شاری
پشووی[٤] پڕ لە عەتری بەهاری کچی کورد
بەبلوێری شووشی گەرووی زەرد و زۆڵی
لە زەنوێری زێوی ئاژنی سای زرینگانەوەی شەو
بەخوڕ زەمزەمەی هەڵبڕیوە
بەئیعجازی ئەنگوستی پاکی موحەممەد
شەتی نوور بەڕووی مانگی عەرزا کشاوە
ترووسکەی برووسکەی شەوی دەم بەهاری بەهەورە
لەسەر عاسمانی زەوی ڕاخوشاوە.
لە هەر گاز و ڕێبازێ وا گازی[٥] ئاوی ئەگاتێ
نیازی هەزاران گەزیزەی بەنازی وەدی دێ
ئەبووژێتەوە داری چاکی بەودمی هەناسەی
شنەی[٦] نەرمە لاوێنی دەم بای ئەخاتێ.

***

ئەڵێن تاجی زمرووتی دورگەی لەسەر ناوە دەریا

هەتا چاو هەتەرکا، شەپۆلە، شەپۆلە
لە بوونا لە چوونا
بەئاهەنگە سەربەندی بزوێنی خۆشی
لەبەر خۆرەتاوا ئەڵێی سینگی ژینە ئەهاژێ
ئەڵێی: هانی هەستانە دەنگی خرۆشی
سروودی خوناوەی بەهارە لە گوێما
لە هەر شیوە جۆبارێ هەر دەشتە چۆمێ
لە دڵمایە بڕوای بەرینی بەدەریا گەیشتن[٧]
لە تاریکە تاراوگەکەم وا بەسەرچوو[٨]
زەمانی تەریکیم
ئیتر خێر و خۆشی لە ڕێما.

***

وەهایە:
کە کانی بەهیوا
بەهارانە لووزەو ئەبەستن بەرەو شاری دەریا
بەڵام داخی جەرگم لەگەڵ هەر بەهارێ[٩]
کە ڕائەچڵەکن سەوزەڵانی
لە خاکینە خەونی گرانا
لە دڵما خەم و داخی ئەم دەردە سەوزە:
کە دەردی گرانی هەموو ڕێبوارێ وەنەوزە.

***

لەبەر نووری خۆرا
گەلێ کوێرەکانی شەوارەن
زنەی دەم بەهاواری هاری[١٠] درۆزن هەزارن
کە تەسلیمی سیحر و تەلیسمی بنارن



بەبێ هەوڵی هەڵدان و چارانی چارن
بەهیوان بگرمێنێ هەوری بەهاری
ڕەها بن
لە زیندانی بەردینی غارا.
کەچی، وا کەوی و دەستەمۆی دەستەڵاتی ڕکەی دۆڵ و شیون
لەبەر سامی ڕێ وا بەزیو و تەزیون
لەگەڵ گۆچی کردن گزنگێ،
چەواشەن لە پێچی نزارا.

***

هەتا بیری تاڵی گڕاوێ
بەدڵما گەڕاوە
هەتا یاد ئەکەم ئاوە بەو ورمە بەردینە کاری کراوە
ئەڵێم سەد مەخابن
وەجاخێ کە ڕووگەی هەزاران نزای شینە باهۆی بەتاسەن[١١]
وەبووژێنەوەی هەست و هان و هەناسەن
چلۆنە کە بیژووی گڕاوان ئەبینن
لە نێو چاوی ئەو خانەدانە
لەهی چۆنە پیتی بڕاوە؟
نە سۆزەی بلاوێنی میری[١٢]، خوناوەی بەهاری
نە تووکی برای ڕێبواری
لە کاسی خەوا، فێری ڕاسانی ناکەن
لە مانا، بەئامان و بریا
پەشیمانی هەرمانی ناکەن
وەهاگەی لەشی بەوگە[١٣] بەردینە گاوی دراوە
کە حێلێکە، کۆڕژن و حیلەی نەماوە

وەهایە کە هەر گیایە لەو دەشتە شینن
لەسەر ماتەمی ئاوە بەردینە، سەرشین و سەرگەرمی شینن[١٤].

***

گەلێ گۆلە لەو چۆلە یەخسیری خاکن
بەڕوویا گەڵا وەک چەمۆڵەی کلۆڵی وەریون
گەمارۆی زەلی نێزە، وا تەنگی پێ هەڵچنیون،
کە بێ دەرفەتی پێکەنینن بەسەد بەرزگی زەردە ماسی
لق و پۆپ و هەشگەڵ
وەها دەوروپشتی تەنیون
کە بێ فرسەتی چاوەبڕکێ
لەگەڵ عەرشی پاکن.

***

هەتا جۆگە ئاوێ بە وشکی دەبینم
ئەڵێی مێرگی ڕوخساری کیژێکی کاڵ و مناڵە
بەکووزی تەمەن جاڕە جوانێکی پڕ خەوش و خاڵە،
تەشەندارە جەرگی برینم.
بەڵێ: دوورە گەرمێنی دەریا
بەڵێ: وایە کانی هەژارن
ئەزانم
ئەوانەی کە پاراوی ئاون بژارن.
ئەزانم لە ڕێگا،
مەترسی گەلێ ژەنگ و ژارن.
بەڵام کاکە ئەو گشتە عەقڵی خەسارن
لە ناو ئەو هەموو ئاوە هەر چاوەیەک
باوی هەنگاوی خۆشە



بەتەنیا ئەوە شارەزای کۆسپ و کەندالّی ڕێیە
هەوەڵ مەنزڵی زێیە، ئاواتی بەرزی زرێیە[١٥]
ئەزانێ لە هەڵدێرە هانی بەهێزی[١٦]
لە ئەسکوند و چاڵایە هەڵدان و گێژی
پەڕۆی شینی سەرشانی دەریایە ژینی کەرێزی
ئەزانێ لە پێ ناکەوێ پێیە پێڵاوی تاسەی پیاسەی لە پێ بێ
نەوەستان ئەوەستێ بەدەستێ
کە خاراوی ئیش و سواوی سوێ بێ
لە هەر شوێنێ ڕاماوە، داماوە، کاری تەواوە
ئەزانێ ئەبێ هەر بژێ و باژوێ، تا بژی تا بمێنێ
هەناوی بەهەنگاوە، نەسرەوتنە کوولەکەی ڕووحی ئاوە.

---

(١) گەرمە هەنگاوی (سروەی ژ. ٤٥).
(٢) پی (ع. ئـ).
(٣) ئەورۆ بەیانی (س. ف) و سروە.
(٤) پشوو – (سروەی ژمارە ٤٥ لاپەڕەی ٥٤).
(٥) کازی (سروە).
(٦) شنە ونشەی نەرمە لاوێنی (س. ف).
(٧) لە دڵمایە بڕوای بەرینی بەدەریا گەیشتن
لە هەر شیوە جۆبارێ لە هەر دەشتە چۆمێ. (سروەی ٤٥).
(٨) تاراوگەکەمدا (سروەی ٤٥).
(٩) ئەم پێنج دێڕەی خوارەوە لە سروەدا بڵاو نەکرابۆوە:
بەڵام داخی جەرگم لەگەڵ هەر بەهارێ
کە دائەچڵەکن سەوزەڵانی
لە خاکینە خەونی گرانا
لە دڵما خەم و داخی ئەم دەردە سەوزە
کە دەردی گرانی هەموو ڕێبوارێ وەنەوزە
(١٠) ئەم دێڕە تەنیا لە نوسخەی (س. ف)دا هەبوو.
(١١) وەجاخێ کە ڕووگەی شینە باهۆی بەتاسەن (ع. ئـ).

(١٢) مێرگی (س. ف).

(١٣) بەو گەوە بەردینە (سروەی ٤٥).

(١٤) سەرشین و سەرگەرمی شین

هەتا جۆگە ئاوێ بەوشکی ئەبینم
ئەڵێی مێرگی ڕوخساری کیژێکی کاڵ و مناڵە
بەکووزی تەمەن جارە جوانێکی پڕ خەوش و خاڵە
تەشەنداره جەرگی برینم
چەنێ گۆلە لەو چۆلە یەخسیری خاکن
بەڕوویا گەڵا وەک چەمۆڵەی کلۆڵی وەریون... (س. ف).

(١٥) لە (سروەی ٤٥)دا ئەم بەشە بەم تەرتیبە بڵاو کرابۆوە:

هەوەڵ مەنزڵی زێیە، ئاواتی بەرزی زرێیە
ئەزانێ لە پێ ناکەوێ
پێیە پێڵاوی تاسەی پیاسەی لە پێ بێ.
نەوەستان ئەوەستێ بەدەستێ
کە خاراوی ئیش و سواوی سوێ بێ.
ئەزانێ لە هەڵدێرە هانی بەهێزی
لە ئەسکوند و چاڵایە، هەڵدان و گێژی
پەڕۆی شینی سەرشانی دەریایە ژینی کەرێزی
لە هەر شوێنێ ڕاماوە، داماوە، کاری تەواوە
ئەزانێ ئەبێ هەر بژێ و باژوێ...

(١٦) ئەم چەند دێڕە لە نوسخەی کاک (ع. ئـ)دا نەهاتبوو:

ئەزانێ لە پێ ناکەوێ
پێیە پێڵاوی تاسەی پیاسەی لە پێ بێ
نەوەستان ئەوەستێ بەدەستێ
کە خاراوی ئیش و سواوی سوێ بێ
لە هەر شوێنێ ڕاماوە، داماوە، کاری تەواوە.



# کۆرپەی لێو بەبار

لە شەوقی ڕووی مانگ
لە بژوێنی ئاو
گوڵی سێوەرە بەزێو تەندراو،
هەناسەی ساردی
کۆرپەی لێو بەبار
کە تاسە باری ڕووی مانگی دایکێ
دیلی دەستی شەو –
هاوار ئەکا: مانگ
لە هەوری ڕەشی زوڵم و دزێوی
گەر خۆنەبوێری
ڕۆژی ڕووناکی ئاوێتەی دیدار
ڕەشایی شەو و ترووسکەی ستێر
نابێ لە ئاسۆ.

"گۆواری هیوا – ژمارە ٣
دیاری کاک ئەحمەد شەریفی"

## شار

گوڵم!
دڵم پڕە لە دەرد و کوڵ
ئەڵێم[١] بڕۆم لە شارەکەت
ئەڵێم بەجامێ ئاوی کانیاوی دێیەکەم
عیلاجی کەم کوڵی دڵی پڕم، لە دەردی ئینتزارەکەت
وەڕەز بوو گیانی من لە شار و هارە هاڕی ئەو
لە ڕۆژی چڵکنی نەخۆش و تاوویاوی شەو
ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت
لە شاری چاو لەبەر چرای نێئۆن شەوارەکەت[٢]
بڕۆمە دێ کە مانگەشەو بزێتە ناو بزەم
چلۆن بژیم لە شارەکەت
کە پڕ بەدڵ دژی گزەم؟
لە شارەکەت، کە ڕەمزی ئاسن و منارەیە
مەلی ئەوین غەوارەیە
ئەڵێی لە دەوری دەست و پێم
ئەوەی کە تێل و تان و رایەڵە، کەلەبچەیە
ئەوەی کە پەیکەرە میسالی داوەڵە
ئەوەی کە دارە تێلە، مەزهەری قەنارەیە
لە شارەکەت کەمەندی دووکەڵە
کە دێتە دەر لە ماڵی دەوڵەمەند
وە تیشکی بێ گوناهی خۆرەتاو ئەخاتە بەند



لە هەر شەقام و کووچەیەک شەپۆڕی شینە[٣]
دێ بەرەو دڵم
دەستی گەرمی ئاشنا نییە کە ئەیگوشم
دەستی چێوییە
لە شارەکەت زەلیلە شێر[٤]،
باوی ڕێوییە
بەهەر نیگایەک و پەتایەکە[٥]
ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت
گوڵم! هەرێمی زۆنگ و زەل
چلۆن[٦] ئەبێتە جاڕەگوڵ
لە شاری تۆ، لە بانی عەرشە قۆندەرەی دراو
شارەکەت
ئاسکە جوانەکەم!
تەسکە بۆ ئەوین و بۆ خەفەت هەراو
کێ لە شاری تۆ، لە شاری[٧] قاتڵی هەژار
گوێ ئەداتە ئایەتی پەڕاوی دڵ؟
منێ کە گۆچی تاوی گەرمی بەردەوارەکەی عەشیرەتم
بەدارەتەرمی کووچە تەنگەکانی شارەکەت
ڕانەهاتووە لەشم
بناری پڕ بەهاری دێ
ڕەنگی سوور و شین ئەدا
لە شیعر و عاتیفەی گەشم
ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت، گوڵم!

---

(١) لە نوسخەی کاک (ئ. ش) و کاک (س. ف)دا تەواوی «ئەڵێم»ەکان بە«دەڵێم» نووسرا بوون.

(٢) لە نوسخەی کاک (س. ف) ئەم دێڕە نەبوو.

(٣) شەپۆلی شینە (ئـ. ش) – شەپۆڕ و شینە (س. ف).

(٤) لە شارەکەت زەلیلە شێر، گوڵم:

سروەی ژمارە (٤) لاپەڕەی ٤٧

(٥) بەهەر نیگایەک و پەتایەکا (جگە لە نوسخەی "ئـ. ش" هەموو نوسخەکان بەم شێوەیە نووسرا بوون).

(٦) چون (ئـ. ش).

(٧) کێ لە شاری تۆ، شاری قاتڵی هەژار (س. ف) و (ئـ. ش) (کێ لە شاری تۆ لە شاری قاتڵی هەژار (س. پ).



## کچی بەیان

من ئەڵێم:
پەپوولەیەک فڕی بەباڵی سەوز و سوورەوە
من ئەڵێم:
گوڵێ بەدەم شنەی شەماڵەوە بزەی بزووت
تۆ ئەڵێی:
چ بوو پەپوولەیەک فڕی
یانە سوورەگوڵ، زەردە کەوتە لێوی ناسکی
من ئەڵێم:
هەتا هەتایە دەوری جوانییە
ئەمڕۆ گەر[١] هەتاو کەسیرەیە نەماوە ئاگر و گڕی
مێرگی ئاسمان بەسووتمانی هەوری لۆکەیی نەزۆک
پڕ لە خاڵ و قۆپەنە
جەنگەڵێ کە جێژوانی پۆلە پۆڕی باڕییە[٢]
جێگە مۆڵی[٣] کەمتیار و گورگ و ڕێوییە
شۆڕەبی کە بۆتە داری چاکی بێ نەشە و شنە
زەلکە گەر تەیاری تیر و قۆشەنە
خۆشەویستەکەم!
لە پەنجەرەی نیوە تاکی بوومەلێڵەوە
چاوی من لە دیمەنی کچی بەیانییە[٤]
لە حەنجەرەی زەمانەوە
گوێم لە زەمزەمەی زوڵاڵی خیزە وردەکانی کانییە.

باسی شەو مەکە نەشایەری شەوم
باسی خەو مەکە لە لای هومێدی فێرە سەر ڕەوم
بەو دەمەت کە بۆنی سەد بەهاری لێوە دێ[٥]
بۆنی دەشتی بەختیاری باوەشی چیای، بەدەستی با
بەگوڵ چناوی، لێوە دێ
بۆنی سەر سەکۆی بەگاگڵی، بەئاوپڕژاوی، لێوە دێ
پێم مەڵێ کە داکەوم
پێم مەڵێ کە ئاڵی زاڵی شەو، چاوی بێ خەوی چرە
پێم مەڵێ نەهاتنەوە ئەوەی کە چوون
مەگری بۆ خەساری بێ گەڕانەوە[٦]
ڕێگەمان دوور و سەخت و قاقڕە
خۆشەویستەکەم!
ئێمە نوێنەری خەباتی ڕۆژهەڵات
ڕۆژهەڵاتی سووری ئاگرین
فێر نەبووین بەزین و دابەزین
ڕانەهاتووە
چاوی قارەمانی کورد
بەشەونمی گرین
خۆشەویستەکەم!
لە پەنجەرەی نیوە تاکی بوومەلێڵەوە
چاوی من لە دیمەنی کچی بەیانییە
لە حەنجەرەی زەمانەوە
گوێم لە زەمزەمەی زوڵاڵی خیزە وردەکانی کانییە.

(١) گەر (هەموو نوسخەکان) – ئەگەر "ع. ئـ".



(٢) باڕییە (هەموو نوسخەکان) باڕە – (ع. ئـ).
(٣) جێگە مۆڵە (گۆواری هیوا – ژمارە ٣).
(٤) بەیانە (ئـ. ش).
(٥) سەد بەهاری پێوەیە (ع. ک).
(٦) لێرە بەدواوە لە نوسخەی (ع. ک)دا ئاوا هاتووە:

مەگری بۆ خەساری بێ گەڕانەوە
پێم مەڵێ کوا گەڕانەوە ئەوەی کە چوون
خۆشەویستەکەم!
ئێمە نوێنەری خەباتی ڕۆژهەڵات
ڕۆژهەڵاتی سووری ئاگرین
فێر نەبووین بەزین و دابەزین
ڕانەهاتووە چاوی قارەمانی مە
بەشەونمی گرین
خۆشەویستەکەم!
پێم مەڵێ کە شەوکرە، چیا چرە
گیانەکەم! ڕاستە ڕێگەمان دوور و سەخت و قاقڕە.

"١٣٤٨"

## خێڵی درۆ

ئێوە کێن؟ خێڵی درۆ
گەلی دەم پڕ لە هەرا
نیشتەجێی شاری بەگرمە و دووکەڵ
پـێم بڵێن:
ئێوە چ کارەن؟
چ کەسن؟
ئێوە ئەی کرمی کتێب
یاری غاری هۆدە
بەگەرووی قاسپەکەری کەوتارێن[١]
جاڕی[٢] کام گوم بوو ئەدەن وا بەهەڵپە و بەدەهۆ؟
ئێوە:
میراتگری کام جێ لەوەڕن؟
ئێوە،
حاشارگری[٣] ڕووبەندی وشە
بووکی بن تارای سوور
خوا نەکا بای بەتەوژمی کوێستان
لابەرێ پەردە لەسەر بالآتان
دەرکەوێ هەر دەکوژن دوورا دوور.
ئێوە:
کەی شێری چیان؟
بەردەماوخۆری تولّە و گورگی گەڕن[٤]



قاقڕە گیانە هەوای بەرپشتێن
شۆڕەکاتێکە کوژەی خەڵفی دەست
زەلکەیە کۆڕەکەتان ئێوە زەلن
هەر بەبایەک ئەگەڕێن بێ دەربەست[٥]
کام بەیان بەربوو لە بەندی شەوەزەنگ؟
کام کولەی شۆڕ بەنەفەستان لاچوو؟
مل بەبەرمووری وشەی ڕەنگاوڕەنگ!
کامە پێ کەوتە پیاسەی ڕێتان؟
ئێستە وا گرمە لە کێوان بەرزە
مێش ئەخاتە لەشی گا بوولەرزە
ئێوەن و ئێوەن و لۆکەی گوێتان
بەسیەتی،...... بەسیەتی
وا هات................ وا چوو.

"١٣٤٧"

(١) قاسپەکەوی (ع. ک).
(٢) دیاری کام گوم بۆ ئەدەن (س. ف).
(٣) حاشارگەیی (س. ف).
(٤) دڕن (س. ف).
(٥) ئەگرین (س. ف).

## بانگەوازی پەنجەرە

تەوژم و تین ئەگەڕا
ئەگەڕا نوتفەدانی پەنجەرەکان
وەماڵی بێ زگ و زا
پڕ ئەبوو
لە تۆوی بەهار
شنە هەمیشە وەکو
ویردی زاری پەنجەرە بوو
ئەبوو بەسەربەندێ
لە قاپی سەوزی زەمەندا
دووپات ئەکراوە[١]
منیش دڵم پشکووت
بەڵێنی دەعوەتی ڕەنگینی پەنجەرەی تاکی
بەرەو بەهارم دا
لەبەر بەیانی وەها
خۆشەویست و متفەڕکا
کە کۆلکەزێڕینە
ئەبوو بەمەقتەعی شیعری
درێژی بارانە
وەپڕ بەپێستی لەشم
حولوولی گیانی
تەبیعەت بوو



دەسم
لە چەشنی شینکە لە خاکی
بەهاری پاک ئەڕوا
وە عەتری زاری کچی پێوە
خاکی ماجوومی
منیش بەسەجع و هەوای
شەپۆلی چۆمە ئەڵێم
شیعر و باوو باڵۆرەم
وە بابە سۆزە بەنەرمی
خەریکە لاوژە ئەگێڕێ
بەشیعری پاراوم
وەئیمانم
پتەو ئەبێ بەسەفای
گەورە ماڵی پەنجەرەکان[٢]
لە هەرچی ئینسانە
ئەگێڕمەوە
بەهەموو بانگەوازی دەستی بڵاوم
دەمێکی بوو دڵی من
پڕ بەپێستی تەنیایی
شەپۆڕ و شینی ئەگێڕا
دەمێکی وا دادێ
بەهەرچی وا لەوزەی سەوزی پەنجەرەدا[٣]
دڵی بەتاسەی من
خەریکە پێئەکەنێ.

"١٣٤٧"

**تێبینی:**

ئەم شیعرە لە ساڵی ٤٨ – ١٣٤٧ لە گۆواری (خووشە)دا کە – لە لایەن شاعیری مەزنی ئێرانی، ئەحمەد شاملووەوە دەردەچوو – چاپ کراوە، لەگەڵ دەقی فارسییەکەیدا. هەروا سوارە بەناوی «پ. ئەهوورا» وە شیعری هەڵۆشی لەو گۆڤارەدا بەچاپ گەیاندووە. (ئەحمەد شەریفی)

* ئەم شیعرە لە سروەی ژمارە ٣١دا بڵاوکراوەتەوە.

.................................

(١) دووپاتە ئەکراوە.

(٢) لە دەسخەتی کاک سوارەدا ئاوا هاتبوو: «هەنجەرەکان» بەڵام لە تەرجەمە فارسییەکەشدا هەر پەنجەرە هاتووە.

(٣) بەهەرچی وا لەوزە و زاری سەوزی پەنجەرەدا (سروەی ٣١).



## تۆ دەریامی

تۆ دەریامی
بەڕوانینی دوو چاوی شینی بێ بنت
بەخاوێنیت بەئارامیت
تۆ دەریامی
بەشەپۆلی لەنجەولارت
بەتووڕەیی جار بەجارت[١]
بەشەنگەژنیت[٢]
بەسامیت
تۆ دەشتی ئەوپەڕ نادیاری
بۆ چۆل بڕی لە پێ کەوتوو
تاپۆی شاری[٣]
تۆ ڕوح سووکی وەک خەونی خۆش
وەک هەناسە
جێ ناگری
لە توێی شیعرا چەشنی تاسە[٤]
تۆ تراوکەی جارێ دیار، گاهێ نەدیاری[٥]
هیوای تینووێتی ڕێبواری
تۆ شۆڕەبی ناو شۆڕەکاتێکی گەرمی[٦]
